


# خودا

سەعید حەووا
نووسیویەتی

سۆران
کردوویە بە کوردی

چاپی دووەم - ٢٠١٣ز

# الله

جل جلاله

# خودا

بسم الله الرحمن الرحيم

ناوی پەڕتوك: الله - ﷻ- خودا-

ناوی نووسەر: سەعید حەووا

ناوی وەرگێڕ: سۆران

نۆبەتی چاپ: چاپی دووەم ٢٠١٣ز

ژمارەی سپاردن: (٣٠٦) ساڵی ٢٠٠٠

**مافی لە چاپدانەوە پارێزراوە**

لێکۆڵینەوەی بەرنامەیی ئامانجدار لەمەڕ سێ بنەمای:
**خودا - پێغەمبەر - ئیسلام**

# الله

جل جلاله

# خودا

**سەعید حەووا**
نووسیویەتی

**سۆران**
کردوویە بە کوردی

# دەستپێك

نزیکەی پانزە ساڵ پێش ئێستا کە بارودۆخ بە جۆرێکی تر بوو، بە پەرۆشەوە لە وەرگێڕانی چاپی یەکەمی ئەم پەڕتووکەی بەردەستان بوومەوە کە ئەوکات هێندە سەرچاوەی کوردی دەربارەی ئەم بابەتە لە ئارادا نەبوو؛ بە هەردوو شێوەی زانستی و ئاینی ڕاستیەکی گەورەی ژیان بسەلمێنێت، و ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە هەر یەکێك لە ئێمەی مرۆڤەوە بێت، وەڵامی پرسیاری دەسەوسانکاری هەندێك لە فەیلەسوفان و ئەوانەی بێ زانستی تەواو لە بابەتگەلێکی وا هەستیارەوە دەدوێن بداتەوە، وەڵامەکەش وتوێژێکی بەڵگەداری ڕاستەوخۆ بێت لەگەڵ ژیری ئێمەی مرۆڤ و جگە لەمەش مرۆڤ لە خوێندنەوەی ئەم پەڕتوکەوە هزری بە ڕووی زانستەکان والاتر دەبێت و هاندانێکی باشە بۆ کردنەوەی دەرگاکانی بیرو ژیریی بە ڕووی گەردوون و بوونەوەراندا. بۆیە لەکۆتایی خوێندنەوەی ئەم پەڕتووکەدا گومانەکان دەپوکێنەوەو لە کەناری ئارامیی بڕوادا خۆمان دەبینینەوە - گەر مەبەست گەشتنە ڕاستی بێت- ئیدی ئا لێرەوە مرۆڤ قەناعەت و دیدو تێڕوانین و ئاکارەکانی بە جۆرێکی ئامانجدارو ئیجابی ئاراستە وەردەگرێت.

دوای وەفاتی نووسەری ئەم پەڕتوکە- خوای گەورە بە بەهەشت ئاسوودەی بکات- دیارە خانەی السلام بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە بە شێوەیەکی ڕەسمی یان لە لایەن خودی نووسەرەوە کاتێك لە ژیاندا بووە یاخود لەلایەن بنەماڵەی نووسەرەوە دوای کۆچکردنی، سەرپشك کراون بۆ بڵاوکردنەوەو تەنانەت دەسکاریکردنی پێویستیش لە پەڕتووکەکانیدا بە پێی پێداویستی سەردەم و پێشکەوتن و چاوخشاندنەوە بە هەڵەدا گەر تیایاندا بووبێت، ، بۆیە من شادمان بووم کاتێك چاپی نوێی ئەم پەڕتووکەم پێشچاوکەوت کە لە ساڵی ٢٠٠٩ز-١٤٣٠ك بە چاپی نۆهەم کەوتە بەردیدی خوێنەران. ئەوەی سەرنجمدا لە بەراوردکردنی بەو نووسخەیەی من وەرگێڕانی چاپی یەکەمی کوردیەکەم بۆ کردبوو، بینیم بە شێوەیەکی

هاوچەرخ دارێژراوەتەوەو هەندێك پەرەگرافی بۆزیادکراوەو هەندێکی لێکەمکراوە، ژێدەرەکان لە هەرلاپەڕەیەکدا نووسراون و ئاماژە بەوسەرچاوانە کراوە کە وتەکانی لێوەرگیراوە، ئەوکاتە من دڵنیا بووم کە ناوەڕۆکی ئەم پەرتووکە وشە بە وشە وژمارە بە ژمارە پێداچوونەوەی بۆکراوەو لە دڵەوە دەستخۆشی ئەم کارەم کرد، ئەمە زیاتر گوژمو گوڕیدا بە من تا خۆم تەرخانبکەم بە -کۆمەکی پەروەردگار- بۆبەراوردکردنی چاپی یەکەمی وەرگێڕانەکەی من لەگەڵ چاپە نوێیەکەی خانەی السلام دا، بە ئەمانەتەوە وزۆربە وردیی تەنانەت خاڵبەندیشم فەرامۆش نەکردو هەوڵمدا بەوەی لە توانامدابێت وبەو ئەزموونەی لە چەند ساڵی ڕابردوودا کۆم کردبوەوە ئەم چاپە لە ڕووی وەرگێڕان وزمانەوانی وئەگەری بوونی هەڵەوکەموکوڕی وبواری ڕێنووس وداڕشتن وتەنانەت خاڵبەندیشەوە پێیدا بچمەوەو خوازیارم لە پەروەردگار بۆهەمووانی بکاتە پاداشت وتوێشووی چاکەی ڕۆژی دوایی وهیوادارم توانیبێتم ئەمانەتی وەرگێڕانەکەم وەك خۆی بە کوردی کردبێت و خوێنەری ئازیزی کوردزوبانیش ئاشنابێت بە شێوازی وەرگێڕانەکەوکارئاسانی تێگەیشتنی بۆ بکات، چونکە بەوەی لە توانامدا بێت هەوڵمداوە لە ئاڵوزیی دووربکەومەوەو بە زمانێکی سادە ماناکان بگەیەنم، هەرچەندە شوێنگەلێکی وا لەم پەرتووکەدا هەن پێویستیان بەوردبوونەوەو بیرفراوانی هەیە بۆلێتەگەشتنیان، بەڵام دڵنیام هەرخوێنەرێك کەم تا زۆر بە پێی ئاستی تێگەشتن سوودی خۆی لێدەبینێت. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا نابێت ئەوە لەیادبکەین کە بێ خەوشیی وتەواوەتی ڕەها بۆپەروەردگاری تاك وتەنیای خاوەنی گەردوونەو هەمووشمان کۆمەکی وئومێد لەوەوە وەردەگرین.

وەرگێڕ

# پێشەکی زنجیرەی سێ بنەماکە

لەم زنجیرەیەدا- زنجیرەی سێ بنەماکە- هەوڵمداوە لە سێ بنەمای سەرەکی بدوێم کە بە بێ زانینیان و بڕوابوون پێیان موسڵمانبوونی مرۆڤ نایەتەدی، زیاتر تیایدا بە ڕێکخستن و کۆکردنەوەی زانیاریەکانی ناوی هەستاوم، نەك وەك دانەر، هەروەك چۆن تێبینی ئەوەشم کردووە زۆر لەسەر ئەم سێ بنەمایە نووسراوە، بەڵکو لەهەر بەشێك لەبەشەکانیان زۆر نووسراوە، بێ ئەوەی لێکۆڵینەوەیەکی سەراپاگیر هەبووبێت بۆ ئەم بنەمایانە. بۆیە هەوڵمداوە بە هەموو توانایەکمەوە ئەم کەلێنە پڕ بکەمەوە، لەهەر جێیەکیشدا کەسێکم بینیبێتەوە لەمن باشتر لەو بوارەدا دوابێت ئەوا هیچ ڕێگرێکم لەبەردەم خۆمدا دانەناوە بەوەی سوودی بۆمان هەبێت و هەندێکی لێ وەربگرم، جا خوێنەری بەڕێز لات سەیر نەبێت هەست بە زۆریی گواستنەوەی زانیاری بکەیت لە سەرچاوەی ترەوە، چونکە سووربوون و خەمی من زیاتر لە دەرخستنی بیرۆکەی پەرتووکەکە بووە ، نەك ستایشکردنی ئەوەی ڕاستی گوتووە، یاخود لەترسانم لەوکەسەی بیەوێت ئاگر هەڵگیرسێنێت و خراپ بدوێ.

***

پێغەمبەری پێشەوامان محەمەد (ﷺ) فەرموویەتی: ((من قال: رضيت بالله ربا و بالاسلام دينا و بمحمد (ﷺ) نبيا وجبت له الجنة))[1].مانای: ئەوەی ڕازی بێت بە خودا وەك پەروەردگار و بەئاینی ئیسلام و بە پێغەمبەرێتی محەمەد ئەوا بەهەشتی بۆ دەبێت.
وفەرموویەتی:
(( ذاق طعم الإيمان من رضي بالله ربا ، وبالإسلام دينا ، وبمحمد رسولا ))[2] مانای: چێژی باوەڕی چەشتووە ئەوەی بە پەروەردگارێتی خودا ڕازی بێت و بە ئیسلام وەك ئاین و بە نێردراوێتی محەمەد بڕوای هەبێت.

.................................................

(١)رواه الإمام مسلم" في " صحيحه " (رقم/١٨٨٤) والنسائي في " السنن الكبرى"و ابوداود.
(٢)اخرجه مسلم و الترمذي.

ئەم زنجیرەیەش (الاصول الثلاثة) بە جۆرێك دەربارەی زاتی خودا دەدوێت کە بە پشتیوانی خودا هیچ گومانێك ناهێڵێتەوە و هەموو گومانێك ڕادەماڵێت، و بواری هیچ درۆیەك ناهێڵێتەوە، واش لە مرۆڤ دەکات ڕازی بێت بە پەروەردگاریتی خوای گەورە.

بە جۆرێکیش دەربارەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەدوێت، کەسایەتی ئەو پێغەمبەرە بۆ هەموو کەسێك بەوپەڕی قەناعەت و بەڵگەوە دەربکەوێت، ئەم دوو سیفەتەش وا لە مرۆڤ دەکەن ڕاستییەکانی وەك خۆر لا ڕوون بێت: ئەو ڕاستیەی کە محەمەد (ﷺ) مەزنترین ڕووخسارەکانی مرۆڤایەتیە لە هەموو بوارێکەوە، هەروەك چۆن بەڵگەی پەیامەکەی بەجۆرێکە هیچ دەرفەتێك لەبەردەم ژیریدا ناهێڵێتەوە جگە لە باوەڕبوون نەبێت پێی.

لەبەشی سێهەمیشدا لەبابەت ئیسلامەوە ئەدوێین؛ وەك عەقیدەو بەندایەتیکردن و بەرنامەی ژیان و هێنانەوەی پشگیریەکان بەبەڵگەی ڕوونەوە، بە شێوەیەك هەمەکی ئیسلام ڕوون دەکاتەوە لەگەڵ هەندێك لە پشك و بەشەکانیشی، بنەماو لقەکانی بە جۆرێك دەردەخات بەڵگە لەسەر ئادەمیزاد دێنێتەوە.

وبواری پێنادات دەسبەرداری ئەم ڕاستیە بێت و بەشتێکی ترەوە بنیشێتەوە (وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ الْإِسْلَامِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ*) آل عمران-٨٥. واتە: جائەوەی بێجگە لە ئاینی ئیسلام پەیرەوی هەر ئاینێکی تر بکات لێی وەرناگیرێت.

مرۆڤ کاتێك لە خوێندنەوەی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەبێتەوە دڵنیا دەبێت لە کاتێکدا خۆی بیەوێت حەق بناسێت و خوداش ڕێی نیشانبدات ئەوا بە ڤێنکایی یەقین دڵی ئاسوودە و دڵنیا دەبێت، ئەگەر نا ئەوا هەندێك عەقڵ هەن هەق دەبینن و بەڵام خۆیانی لێ لائەدەن.

ئەم پەڕتووکە خاڵی سەرەتایە بۆ لەدایکبوونەوەیەکی نوێی مرۆڤ کە دەیەوێت لە تاریکایی گومان و دوودڵی و فەوتان و لێکترازان و گێرەشێوێنی خۆی ڕزگار بکات.

***

خوێنەر لە خوێندنەوەی ئەم پەڕتووکەدا تێبینی ئەوە دەکات من زۆر وەستاوم لەسەر یەکەم بنەما کە (الله)یە بنەمای دووەمیش (الرسول) بە شێوەی شیکردنەوەو گفتوگۆکردن و بەڵگەهێنانەوەی قەناعەتپێکەر دواوم، بە پشتبەستن بە گوتاری ژیری بە ئارام و خۆگرتنەوەو گرتنی هەموو دەروازەیەکی گومان و شوبهە؛ بەڵام لە بنەمای سێیەمدا (الاسلام) زیاتر ڕاستیەکانم خستووەتەڕوو وەك لە شێوازی گفتوگۆکردن؛ هۆی ئەمەش

ئەوەیە کە مرۆڤ دوای ئەوەی بڕوادێنێت بە خوایەتی (الله) و پێغەمبەرێتی محەمەد (ﷺ) هیچی تری لەبەردەمدا نامێنێتەوە جگە لە تەسلیمبوون نەبێت بە ئاین و شەریعەتەکەی، باسەکە ئەوە نیە بەڵگە لەسەر هەموو بەشێکی ئیسلام بهێنینەوە - هەرچەندە بەڵگەش هەن - بەڵکو باسەکە لێرەدا پێناسەکردنە، لۆژیکی ژیریش دەڵێت مرۆڤ هیچی لەبەردەمدا نامێنێت جگە لە تەسلیم بوون بە خوا لە شەریعەتەکەیدا نەبێت، خودا پەورەردگارەو دروستکراوەکانیش بەندەن، ئەو پەروەردگارە زانایەی مرۆڤی فێرکردووە لەو شتانەی نەیدەزانی.

***

هۆیەکی تری لێکردین زۆر لەسەر باسی خوداو پێغەمبەر بدوێین، ئەوەیە کە ماددیەتی بێباوەڕ هەردەم بە هەموو تواناکانیەوە لە هەوڵدایە تا مرۆڤ خودا لە بیر بکات و لە بوون و دڵەوە پێغەمبەرانی خودا بچوك بکاتەوە، لەمەشدا نەخشەی خاوەن ئاینە پووچەکان لە ناشیرینکردنی وێنەی ڕاستەقینەی پێغەمبەری خوا محەمەد (ﷺ) ڕۆڵیان بینیوە، بۆیە پێویست بوو ئەم لێکۆڵینەوەیە مافی خۆی بدرێتێ، چونکە ئەمجۆرە شاڵاوانە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە زیادبووندان، ڕەنگدانەوەشی لەسەر دەروونی مرۆڤ سات دوای سات پتر دەبێت، تەنانەت موسڵمانانیش – کە بە تەنیا ئەوان خاوەنی ڕێگای ڕاستن – تووشی هەمان بەدبینی ناڕەوا دەبن، هەندێك ئێستا وان لە لێواری هەڵگەڕانەوەیەکی سامناکی گەورەدا، بۆیە زۆر ئاتاجی ڕوونکردنەوەی ئەم دوو بنەمایە دەبین لەگەڵ سێیەم بنەمادا وەك ئەوانی دی، تەنیا ئەو کەسانە نەبێت خودای پارێزەر دەیانپارێزێت.

***

جگە لەمانەش لەم پەڕتووکەدا مەبەستێکی ترم هەبووە، ئەویش ئەوەیە کە ئەوانەی خەریکی کاری پەروەردەی ئیسلامیین گرنگترین لایەنیان لەبیرکردووە، ئەو لایەنەی کە ئیبن عومەر لەم فەرمایشتەدا ئاماژەی پێدەکات:

" ئێمە سەردەمانێك ژیاین، هەر یەکێك لە ئێمە ئیمانی پێش قورئان وەردەگرت، سورەتەکان لەسەر محەمەد(ﷺ) دەهاتنە خوارێ، حەڵاڵ و حەرام فێر دەبووین و پێویستی بە وەستان نەدەکرد تیایاندا وەك ئێوە قورئان فێر دەبن، کەچی من کەسانێکم بینی قورئانیان پێش ئیمان وەرگرت، قورئانیان لە فاتیحەوە دەخوێنن تا کۆتایی کەچی

نەیانـدەزانی چ فرمـانێکی پێکـردوون و لەچی دووری خسـتوونەتەوەو پێویسـتە گرنگی بە چی بدەن و ئەوەی خراپە وەکو خورمای خراپ (الدقل) لێیدووركەونەوە"[1]

مەرگەساتی موسڵمانان لەوەدا چڕ دەبێتەوە کە زانیاری ئیمان و ڕێگەکەیان پشتگوێخست، کە ئەمەش پێشـەکیەکی فیتـری پەڕتـووکەکەی خـودایە: *قُلْ هُوَ لِلَّذِينَ آمَنُوا هُدًى وَشِفَاءٌ وَالَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ فِي آذَانِهِمْ وَقْرٌ وَهُوَ عَلَيْهِمْ عَمًى * فصلت/٤٤ واتە: *پێیان بڵێ: ئەم قورئانە بۆ ئەوانـەی باوەڕیـان هێنـاوە هیدایـەت و ڕێنمـوویی و شـیفایە و چارەسـەری هـەموو دەرد و نەخۆشیەکان دەکات، جا ئەوانەی کە باوەڕ ناهێنن گوێچکەیان کەڕە و بەشتی تر ئاخنراوە، هەروەها کوێرن لە ئاستیدا.

ئەم زنجیـرەیە لەگەڵ چەنـد پەڕتـووکێکی ترمانـدا هەوڵـدانێکە بـۆ گەڕانەوەی شـتەکان بـۆ شوێنەکانی خۆیان لە بابەت ئیمانەوە.

جا ڕەنگە ئەم پەڕتـووکە هێزێکی بەڵگەدار بە موسڵمان ببەخشـێت و بەو هـۆیەوە بتوانێت هەموو کەسێکی ئاوارە و شەپرێوی بەردەرگای خودای میهرەبان بانگەواز لێبکات، هەروەهـا ڕەنگە بەڵگەش لەسـەر هەمـوو دوژمنێکی خـودا بهێنێتەوە کە نکوڵی لە نیشـانەو ئایەتەکانی خودا دەکەن، هەرچەندە لە دەروونەوە پەسەندیان کردووە بەڵام بەهۆی سـتەم و خۆبەزلزانینەوە نکوڵی دەکەن.

لەکۆتایدا پێویستە ئەم باسەش بخەمە ڕوو کە:

لە پەڕتـووکی بێبـاوەڕان و لادراوانیشـەوە زانیـاریم وەرگرتـووە، چـونکە حیکمـەت چەکی بـزری بڕواداره، هەمـوو ئەو پەڕتووکانەش سـوودم لێوەرگرتـوون ئاماژەم پێیـان نەداوە، مەرج نیە هەمـوو پەڕتووکێـك وتەم لێوەرگرتـوون شـایستەی خوێنـدنەوە بـن، هەر شـتێکم وەرگرتبێـت بەبێ ڕوونکردنەوە بازم بەسەریاندا نەداوە ، پەروەردگاریش ئاگاداری مەبەستەو پشت وپەناو خاوەنە لە دنیاو دوارۆژدا باشترین پشتیوانە.

---

(١) أخرجه الطبراني في الاوسط، ورجاله الصحيح، كذا في مجمع الزوائد١/١٦٥ الطبعة الثانية.

## پەڕتووکی یەکەم لە زنجیرەی سێ بنەڕەتەکە

### دەربارەی

### (اللّٰه) ﷻ (خـودا)

((گەر ئەم لێکـۆڵینەوەت خوێنـدەوە، دەبینیـت گەورەتـرین ڕاسـتی کە زانسـت و ژیریـی چەسپاندوویانەو هـیچ دەمەقـاڵێ هەڵنـاگرێ بـریتیە لە بـوونی خـودای پـاك و بە شـكۆ، و بـریتیە لەو ڕاسـتیەی هـیچ كەسێك لەم گەردوونەدا جگە لە موسڵمان خـودا بە تەواوی نـاناسێت)).

# پێشەکی

لە بازاڕدا پەرتووکی زۆر هەن بەڵگەی بوونی خودات پێدەدەن، بەڵام زۆر لەوانەی دەنووسن لەم بابەتەدا، بینایەکی ڕاست و دروست پێکناهێنن دەربارەی داخوازیەکانی بڕوابوون بە خودا لە بڕوابوون بە پێغەمبەرەکانی (علیهم الصلاة و السلام) و بڕوابوون بە سروش(وحي) و ئاین و شەریعەتی خودا، لەبەرئەوەیە کە ئەم پەرتووکە ئەم کەلێنە پڕدەکاتەوە و بە جۆرێك بەڵگەهێنانەوەی تیایەو شوێنگای بڕواهێنان بە خودا لە شوێنی خۆیدا دادەنێت لە ژیانی مرۆڤایەتیدا.

زۆر لەوانەی لە بابەت خودایەتییەوە نووسیویانە، تەنیا کورتیانهەڵهێناوە لەسەر بەڵگەی بوون ونەگەشتوونەتە ناسینی سیفات و ناوەکان، ویان دەربارەی سیفات و ناوەکان دواون وبەڵگەیان لەسەر بوون نەهێناوەتەوە، بۆیە لەهەردوو ئەم کارانە کەلێنی تێکەوتووە، و ئەم پەرتووکەش هەوڵئەدات پڕیان بکاتەوە.

زۆر لەوانەی لە بەڵگەکان دواون، یان نەیانتوانیوە سوود لە دەرهاویشتەکانی سەردەم ببینن، یاخود لە سۆنگەی بەخشینی زانستەکانی سەردەمەکەمان دواون بۆ پەیوەستکردنی ئەمە بە بەخشینی هەموو سەردەمەکان، ئەمەش کەلێنێکە ئەم پەرتووکە پڕی کردووەتەوە.

زۆریش لەوانەی لەم بابەتگەلەوە دواون بەڵگەی زانستییان فەرامۆشکردووە یاخود وردەکاری لە دەربڕین، بۆیە پێنووس بە هەڵەیدا بردوون بە بەکارهێنانی چەند وشەیەك کە ناگونجێن دروست نین یان ئەو وشانەی بێباوەڕی و تاوانی لەخۆگرتبێت، و هەندێکجار ناتەباییش لە ناوەڕۆکیاندا هەیە، بۆیە کاتێك مرۆڤ بۆ وەدیهێنانی باوەڕ دەیەوێت بخوێنێتەوە ئەکەوێتە ناو کوفرەوە، جا بە پشتیوانی خوا ئەم پەرتووکە لەمە بەدەرە.

ئەم پەڕتـووکە هەرچەنـدە کەمێـك تـازەیە، بەڵام ئەو جیاکاریـانەی لەخۆیـدەگرێت خـاوەنی تیشکێکی مەزنە لای کەسانی بەویژدان، و درکیش بە خستنە ڕووی بابەتی بڕوای ژیریی بە خودا لە سەرەتاوە تا کۆتاییەکەی دەکەین.

سـەرەتاکەی کە ڕێگە دەستنیشـان دەکات بـۆ مەعـریفەی ژیریی، پاشـان بوونیاتنـانی ئەم زانینیە لە ڕێگەی بەڵگەوە، پاشـانیش گەشتنە ئەوەی کە ژیریی دەیگاتێ لە ئاشنا بوون بە سیفات و ناوەکانی اللە ی بەدیهێنەر، پاشـان بەڵگەی ئەوە دەهێنـرێتەوە کە ئەوەی عەقڵ گەیشتوێتـێ، هەمـان ئەوەیە کە سروشـی(وحي) ڕاسـت گەیشتوێتـێ، پاشـان ئەو هەڵانە ڕوونـدەکاتەوە کە مـرۆڤ لەمبـوارەوە تێیـانکەوتووە، جـا پەڕتووکێـك بە هەمـوو ئەمـانە هەستێت ڕەنگە کارێکی دەگمەن بێت، ئەمەش جیاکاریەکی ئەم پەڕتووکەیە.

دیسـان ئەم پەڕتـووکە تەنیـا لە دیـدگای ئیسلامی ڕوونەوە ئەم مەسـەلەی خستـووەتە ڕوو، هەروەهـا بە خـامەی کەسـێکی ئیسـلامی، بەمەش کـۆت و بەنـدی پێنووسـە هەڵەو لادەرو بێباوەڕەکانی لەسـەر موسـڵمان هەڵگرتـووە بـۆ کەسـێك بیەوێت لەمبـابەتەوە بخـوێنێتەوە، ئەمەش جیاکاریەکی تری ئەم پەڕتووکەیە.

***

زۆر لە دانەرەکان ئامانجیـان خسـتنە ڕووی بـابەتێکی بەشـکراوی پەیوەندیـدار بەم باسـەوە بووە لە پەڕتووکەکانیانـدا، ئێمەش مەبەستمانە لەم پەڕتووکەدا لێکۆڵینەوە بکەین لە کۆی ئەوانەی ئەو نووسـەرانە مەبەستیان بـووە، ئەمەش جیاکاریەکی تـری ئەم پەڕتووکە کورتەی بەردەستە.

هەوڵیشمانداوە بە پێی توانا هەموو ئەو پەڕتووکانە بخوێنینەوە لە هەرلایەنێکی ئەم بوارەوە دوابن، زۆریش سـوودمان لە هەنـدێکیان بینیـوە، سـوودمان لە پەڕتووکی (قصة الایمان)ی نـدیم الجسـر بینیـوە، و پەڕتـووکی (اللە)ی العقـاد، و پەڕتـووکی (العلـم یـدعو الی الایمـان)ی کریسی مۆریسـۆن، و پەڕتووکی(اللە یتجلی في عصر العلم) ی کۆمەڵێك زانـا، ولە پەڕتـووکی (اللە والعلم الحدیث)ی عبدالرزاق نوفل، وپەڕتووکی (مصیر البشریة)ی لیکۆنت دی نۆی، وپەڕتووکی (مع اللە في السماء)ی ئەحمەد زەکی، ولە پەڕتووکی (العقائد)ی مامۆستا بەننـا، وپەڕتووکی(وجـود الحـق) ی دکتـۆر حەسـەن هوێـدی، و لەزۆر پەڕتـووك و نـامیلکەی تـر، چ کۆن و چ نوێ...

بە جۆرێـك بەم پەڕتـووكەدا هـاتووین جەختـی لەسـەر عەقیـدەی ڕاسـت كـردووەتەوە كە موسڵمانان لەسـەری كۆبـوونەتەوەو لەو باسـانەش خۆمـان هەڵاوردووە كە جیـاوازی نێـوان كۆمەڵە ئیسلامیەكانی تیادا بووە، چونكە ئەو باسانەو هەوڵدان بۆ یەكلاكردنەوەی بابەتی جێی ناكۆكی لەسەر، شوێنێكی تری دەوێت بۆ لێدوان. سروشتی ئەم زنجیرەیەش بە جۆرێكە جێـی ئەم لێكـۆڵینەوانەی تیـا نـابێتەوە، بەڵام بە پشـتیوانی خـوا ئـێمەش قسـەمان هەیە لەمباسانەداو بۆ زنجیرەكانی تری هەڵدەگرین.

***

لەم لێكۆڵینەوەیەدا بە جۆرێـك دواویـن ڕێگاكـانی ناسـینی خودامـان دەستنیشـانكردووە، ئەمـــانەش شـــوێنەوارەكانی خـــودان كە دەمانگەیەنێتـــێ، و ڕوونمـــان كـــردووەتەوە ئەو شـوێنەوارانە: (گەردوون، قورئـان، موعجیزەكان، كەراماتەكـان)ن، لەمباسەشـدا ئەوەمـان ڕوونكـردووەتەوە و ویسـتوومانە تەنیـا دیـاردە گەردوونیەكـان بخەیـنە ڕوو، و چـۆن ئەمـانە بەڵگەی خودامان(الله) پێدەبەخشن، و لە باسی دووەمدا لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) هەستاوین بە خسـتنە ڕووی قورئـان و موعجیزەكـان، بەمجـۆرەش وتەكـان تەواوكـاریی لەخـۆ دەگـرن دەربـارەی دیاردەكـان كە بەڵـگەی بـوونی خـودا دەگەیەنـن. لەم باسـەدا تەنیـا لە بەڵـگە گەردوونیەكان دواویـن، بـۆئەوەی ناچـار نەبـین جـارێكی تـر قسـەكانمان دووبـارە بكەیـنەوە، چـونكە وەك چـۆن موعجیزەكانی قورئان بەڵـگەن لەسـەر خـودا، ئاوهـاش بەڵـگەن لەسـەر ئەوەی محەمەد گیان(ﷺ) نێردراوی خودایە، و هەروەها وەك چۆن موعجیزەو كەراماتەكان بەڵـگەن لەسـەر بـوونی خـودا، ئاوهـاش بەڵـگەن لەسـەر پێغەمبەرێتی محەمەد (ﷺ). جـا لەمباسـەدا دەبینـین دیـاردە گەردوونیەكان بەسـن بـۆ بەڵگەهێنـانەوە بـۆ الله (ﷻ)، چ جـای دیـاردەو شـتگەلێكی زۆری تـری بێـتە سـەر؟ لە سـۆنگەی ئەم بـابەتەوە درك بەوە دەكەیـن موسڵمان بە تەنیا خاوەنی لێكدانەوەی سەراپاگیرو ڕاستە بۆ هەموو شتێك، بە پێچەوانەی كەسـانی تـرەوە كە توانـای لێكـدانەوەی هەنـدێك شـتیان هەیەو دەسەوسـانن سـەبارەت هەنـدێكی تـر، لەگەڵئەمەشـدا لەخۆبـایی دەبـن بە زانینـی چەنـد یاسـایەكی كەمـی ئەم گەردوونە.

پاش پێشەكی كە تیایدا دەستنیشانی ڕێگای ناسینی خوامان كردووە و تیایدا باسی تێڕوانینە هەڵەكان و ئەو مانایانەمـان كـردووەكە دەبـنە لەمپـەر بەرانـبەر بـڕواو ئـێمەش نـۆ دیـاردەی

گەردوونیمان وەك دیاردە زۆرەكانی گەردوون باسكردووە، كە دەبنە هۆی دەستگیرۆییمان بەرەو اللە (ﷻ)، بەجۆرێك هیچ بواری دەمەدەمێ ناهێڵێتەوە لای كەسانی خاوەن ئینسافو ویژدان، پاشان ئەوەمان ڕوونكردووەتەوە دیاردە گەردوونیەكان دەمانگەیەننە ناوە پیرۆزەكانی خودا، و ناوەكانیش دەمانگەیەننە زاتی خودا، هەر بەمجۆرەو لەسۆنگەی تێڕامان لە دیاردە گەردوونیەكان: خودای پاكو بێهامتا دەناسین، پاش ئەمەش ئەو بەڵگانەمان ڕوونكردوەتەوە ئەوەی گەیشتوینێتێ بە تێڕامانی ژیربی لە گەردوون سەبارەت سیفات و ناوەكانی خودا هەر ئەوەیە قورئان جەختی لەسەركردووە، ئەمەش ناو و سیفەتەكانی كردگارمان اللە (ﷻ) پێدەناسێنێت، ئەمە بە تەنیا بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئاینی ئیسلام ئاینی خودا- اللە- یە (ﷻ)، كاتێك گەیشتینە ئەم خاڵە حەزمان كرد بەراوردكاری لە نێوان عەقیدەی ئیسلام لە بارەی بابەتی خودایەتی لەگەڵ ئاینەكانی تر پێشكەش بكەین، لەمەشدا شكۆو سەرفرازی عەقیدەكەمان دەردەكەوێت كە ناكرێت بەراورد بكرێت لەگەڵ/ و بە ئەوانی دی لە بیروباوەڕە هەبووەكان و پاشماوەكان و ناسراوەكان لە جیهانی ئاینەكاندا – وەك بۆمان گواستراوەتەوە – یان لە بۆچوونی فەیلەسوفەكان، وامان پێباشبوو ئەم بەراوردكاریە لە وتەكانی (العقاد)ەوە بگوێزینەوە، وەك شایەتیەك لە مرۆڤێكی تێگەشتوو لە ڕۆشنبیری هەنوكەیی و كۆن، هەرواش وەك مرۆڤێك ناوبانگی هەیە لە دنیای هزرو فەلسەفەو وێژە، چونكە وامان هەستكرد ئاوها بەهێزترە بۆ دووان لەگەڵ ڕۆشنبیری هاوچەرخ لە دۆخ و سەردەمی دەركردنی ئەم پەڕتووكەدا. دانەری ئەم پەڕتووكە لەو كاتەدا زۆر ناسراو نەبوو، بۆیە وتەكانی العقاد لە كێشەیەكدا كە مۆركی بەراوردكاریی سەراپاگیریی تیایە زۆر بەهێزترە بۆ بەدیهێنانی مەبەستەكانی دانەر، ئەمەش بریتیە لە قەناعەتپێكردن لە بانگەواز بۆ باوەڕهێنان، ئەمە بە تەنیا بەسە بۆ هەنگاونان بەسەر هەندێك باردا، گواستنەوەمان بۆ وتەكانی العقاد لە پەڕتووكی (حقائق الاسلام و أباطيل خصومه) بوو لە بەراوردكاریی بیروباوەڕی ئیسلام لە باسی خودایەتی لەگەڵ بیروباوەڕەكانی تردا، دەریدەخات تەنیا بیروباوەڕی ئیسلام حەقەو جگە لەمەش پووچە، بەمجۆرە پەڕتووكەكە تەواو دەبێت لە نێوان سەرەتاو خستنەڕووی دیاردەكان، وباسكردنی بەڵگەی دیاردەكان و بەراوردكاریەكان، دوای ئەمە پەڕتووكەكە تەواوكاریی بەخۆوە دەگرێت لەو واتایانەدا كە جیاوازیی دەكات لەگەڵ ئەوانی تردا.

***

جا گەر یاسای هۆکارێتی (السببية) گرنگترین بنەمای ژیریی بێت، وگەر ئەم بنەمایە بریتی بێت لەو بناغەیەی بڕواو ناسینی ژیریی بۆ خودای پێ بێتە دی، ئەوا ئێمەش بەشێکی تایبەتمان بۆ تەرخانکردووە، لە نێوان دیاردەکان و بەڵگەی دیاردەکان، وگەر یەکتاپەرستی گرنگترین شت بێت کە ئارەزووەکانی مرۆڤ لادانی تیا کردووە لەمەڕ ناسینی خودا، ئەوا بەشێکمان بۆ تەرخانکردووەو دوابەدوای دیاردەی یەکێتی دێت، لە کاتێکیشدا وەهمی سروشت زاڵ بووبێت بەسەر زۆر لە عەقڵە کورتبینەکاندا ئەوا وتەی بەجێمان بۆ تەرخانکردووە لە هەمان جێگەی ئەم پەڕتووکەدا، پاشان لەو جێیەی وتەکانمان گواستووەتەوە لە نێوان دیاردەکان و بەڵگەکانیان لە وتەکانی دکتۆر حەسەن هوێدی و زانا شێخ سەعید نوورسی، تێیدا بۆچوونی نەفامانەی بنەمای هۆکارێتی ژیریی پوچەڵدەکەینەوە، وبابەتی یەکتاپەرستی یەکلادەکەینەوە، تیایدا وەهم و خەیاڵی سروشت دەپوکێنینەوە. وتەکانی ئەم دوو بلیمەتە لەم بوارەدا زۆر بەجێن، بۆیە ئێمەش گواستمانەوە لەسەر ئەو بنەمایەی کە هەر چاکەیەك لەکەسێکەوە ببینین باشتر وایە بەکاریبهێنین لەم پەرتووکەدا تا سوود بە زنجیرەی ئەم لێکۆڵینەوەیە بگەیەنێت، یاخود سوود بە بابەتەکانی بگەیەنێت و ئەوکات پێویست بە لێدوانی ئێمە ناکات.

دەڵێین: ئەم باسە بەسە بۆ بەدیهێنانی مەبەستەکە لە بابەت ناسینی خودای بەشکۆو پاك و دامەزراندنی باوەڕی عەقڵیی، بەڵام بابەتی خوایەتی پێویستی بە زۆر لێکۆڵینەوەو نوسین هەیە دەربارەی، گەر ژیریەکی ئیجابی و ئەرێنی بگەڕێت لە مێژوودا و بە درێژیی وپانییەوە، هەموو ئەو پاشماوە بەردبووانە لێبکۆڵێتەوە کە دەرکەوتوون، چ لە ڕووی کات یان شوێنەوە تا بەڵگە بدات سەبارەت ئەوەی یەکتاپەرستی بنەچەو ڕەسەنە، بەڵام بەهۆی هاتنەکایەی ئارەزوو و لادانەوە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.

وەك چۆن پێویستە ئێمە خاڵ بخەینە سەر پیتەکان لە کرداری هێنانەوەی بەڵگەو چەسپاندنی حوجەت لەسەر هەموو بیرێکی بێباوەڕ لەم جیهانەداو لە هەموو لایەنەکانیەوە لە ڕێگەی وتوێژێکی بەرفراوان و هەمەك: دەڵێین و دەڵێین.

ئەمە- و ئەوە باسدەکەین وەك دوو نموونە دەربارەی هەندێك لە ئاتاجمان لەم بابەتەدا و بۆ بەڵگەهێنانەوە لەسەرئەوەی ئەم پەڕتووکە شوێنی دەگرێتەوە، بەڵام ئەمە

ئەوەناگەیەنێت ئەوانی تر وەلانێت و پێویستمان نەبێت لەم زەمەنەدا کە پێویستمانە بۆ وتوێژکردنی بەرفراوان لەگەڵ کەسانی جگە لە خۆمان.

لە کۆتایدا دەڵێین: ئەم پەڕتووکەو دوو پەڕتووکەکەی تر کە لەم زنجیرەدا دوابەدوا هاتوون، کاریگەرن لەسەر هەستکردن بە پێداویستیەکانی موسڵمان، ئەمەش وای لە ئێمە کرد سووربین لە خێراکردنمان لە بەدیهێنانیدا، بە سوود وەرگرتن لەوانەی کەسانی تر نووسیویانە، ئەمە پەسەندتر بوو وەك لەوەی لە خەونی نووسیندا بژین بێ ئەوەی توێشوویەك بە موسڵمانان ببەخشین کە بە پەلە پێویستیانە. و جار دوای جار عوزرخواهی خۆمان گەیاندووە سەبارەت بابەتی زۆریی گواستنەوە لەم زنجیرەدا، چونکە دەزانین وتە دەگوترێت لەمبارەیەوە؛ پێمانخۆشبوو خەڵك لە عوزرخواهیمان بگات، جا یان بەخشندەیەو چاوپۆشی دەکات، ویان ڕەخنەگری بەویژدانەو ئەوە دەڵێت بە پۆزشەوە، ئێدی با بچینە ناو باسەکە.

# دەروازەی ناسینی زاتی خودا

ناسینی خوا ئەو کۆڵەکە سەرەکیەیە تەواوی ئیسلامی لەسەر دادەمەزرێت، بە بێ ئەم ناسینەش هەر کارێك لە ئیسلام و بۆ ئیسلام ئەنجامبدرێت بێ سوودێکی ڕاستەقینە دەمێنێتەوە، چونکە لەمحاڵەتەدا گیانی ئیسلام فەرامۆش ئەبێت، ئێدی نرخی کارێك چیە گیانی لەبەردا نەبێت؟

بەلام ئایا چۆن (الله) خودا بناسین؟ ئەی ڕێگای ئەم ناسینە چیە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە زۆر پێویست و گرنگە، چونکە ئێمە گەر ڕێگەکە نەناسین ناتوانین بگەینە ئەو مەبەستەی دەمانەوێت پێیبگەین.

**١- تێڕوانینی بێباوەڕان بۆ ئەم ڕێگایە:**

هەندێك مرۆڤ لە کۆن و نوێدا نکوڵی بوونی خوایان کردووە، چونکە بە هۆی هەستەکانیانەوە درکیان پێنەکردووە، وایانزانیوە ڕێگەی گەیشتن بە خوا بەمجۆرە دەبێت، لەگەڵ ئەمەشدا بڕوادارانیان بە تۆمەتی تێوەگلانی خەیاڵات و گومڕاو ئەفسانەیی و نازانستی تاوانبار کردووە، و چەندان جوێن و بە سوکتەماشاکردن و گاڵتەپێکردن و ڕقەبەرایەتی لە لایەن بێباوەڕانەوە ئاراستەی بڕواداران کراوە تەنیا چونکە جگە لە ڕێی هەستەکان لە ڕێگەی تریشەوە بڕوایان بە خودای تەنیاو بەدیهێنەر هێناوە.

نمونەی ئەوانەی تەنیا بڕوا بەو شتانە دەهێنن بەر هەستەکانیان بکەوێت ، ئەوا ئەو واقیعە مادیەی تێیدا دەژین بە درۆیان دەخاتەوە. بۆ نمونە بڕوایان بە هێزی کێشندە(قوة الجاذبیة) و یاساکانی هەیە کەچی نەشیانبینیوە بەڵکو بەرەنجامەکەیان بینیوە، هەروەها بڕوایان بە ژیری هێناوە هەرچەندە نەشیانبینیوە، بەڵام کاریگەریەکانیان بینیوە، هەروەها

بڕوایان بە هێزی موگناتیسی هەیە ، کەچی تەنیا ڕاکێشانی ئاسن بۆ ئاسنیان بینیوە، بێئەوەی هێزی کێشندەکە ببینن، بڕوایان بە بوونی ئەلیکترۆن و نیوترۆن هەیە کەچی هیچیشیان بە چاوی سەر نەبینیوە، جا ڕاستی ژیانی ئەو جۆرە کەسانە ئەوە دەردەخات کە بڕوایان بە هەندێك شت هێناوەو هەستەکانیان پەی پێنەبردوون، بەڵام شوێنەوارەکان نیشانیداون و ئەوانیش گەشتونەتە یەقینی گومانبڕ، ئەمەش ئەو ڕاستیانەمان بۆ دەرئەخات ئەو کەسانە بڕوایان بە زۆر لە ڕاستیەکانی بوون هێناوە  بە هەستکردن بە شوێنەواری شتەکان نەك بە خودی شتەکان.

بۆ ئەم بڕوابوونەش ژیریی پێی ناساندن نەك هەستەکان، هەرچەندە هەستەکان ئەو ئامێرانەن کەرەستەکانی حوکمدانی بە ژیریی بەخشیوە بۆ دەرککردنی حوکمەکەی، بەڵام گەر ژیریی نەبێت ئەوا هیچ حوکمێك نادرێت و هیچ ناساندنێك نایەتەدی، بەڵکو هەستەکان زۆرجاران هەستی خەیاڵیمان پێدەبەخشن، بەڵام تەنیا بەهۆی ژیریەوە ڕاستیەکانمان بۆ دەردەکەوێت؛ ئەو دارەی لەناو ئاودا دەیبینین بە شێوەی شکاو دەردەکەوێ و ئەو هێڵە هاوتایانەی کە هێڵی تر جیایکردوونەتەوە لە دوورەوە بە شێوەی ناهاوتا دەردەکەون، یاخود ژمارە سپیەکان لە ژمارە ڕەشەکان زیاتر دەردەکەون، هەمیشەش هەستمان وایە کە بە ڕێگادا دەڕۆین سەرمان بۆ سەرەوەیە، جا گەر لە تەوەرەی باکور یاخود باشووری گۆی زەوی یا لە هێڵی ئیستیوا بین! ئەم وێنانە بە ڕوونی ئەوەمان نیشان ئەدەن گەر ژیریی نەبێت ئەوا هەستەکان توشی هەڵەمان دەکەن، بۆیە گەر ژیریی نەبوایە هیچ ناساندنێکمان لە شوێنی خۆیاندا نەدەبوو.

جا ئایا ئەو کەسانە ڕاست دەکەن کە مەعریفەیان تەنیا لە هەستەکانیاندا کورتکردووەتەوە؟ ئایا لەگەڵ دەروونی خۆیاندا ژیربێژن کاتێك ڕەفزی بڕوابوون بەخوای گەورە دەکەن چونکە بە هەستەکانیان پەی پێنابەن؟ لەگەڵ ئەمەشدا تەنیا بە شوێنەوارو کاریگەریی شتەکان بڕوایان بە هەموو ڕاستیەکان هێنا کە نەیانبینیون و گەورەترین ڕاستیش پێکدێنن مرۆڤ ناسیبێتی.

پێش دۆزینەوەی ئەو ئامێرانەی ڕاستیەکان دەدۆزێتەوە، ئایا ڕاستی بوونی نەبوو؟ جا ئایا نکۆڵیکردنیان پێش داهێنانی ئامێرەکە بە زانستی دادەنرێت؟ پاشان ئایا هەموو ڕاستیەکی زانستی هەستەکان و ئامێر دەیدۆزێتەوە؟ ئایا ڕاستیە ماتماتیکیەکان و زۆر لە ڕاستیە

گەردوونیەکـان تەنیـا بە هـۆی ژیریـی و بیرکـردنەوەو پەیوەسـتکردنی بەرەنجامەکـان بە سەرەتاکانەوە نایەتەدی؟ پاشان ئایا هەموو بابەتێك پێویستی بە ئامێری تایبەت بەخۆی نیە پێی گونجاو بێت؟ ئایا ئامێری ژیریی بەس نیە بۆ گەشتن بە الله؟ جاگەر ئەو جۆرە کەسانە خاوەنی دڵ بوونایە ئەوا دەربارەی ئەو دڵە پێمان دەگوتن، کە چۆن خاوەن دڵەکان ئامێریان هەیە و بەهۆیەوە بەڕاستی خودا دەناسن، مەعریفەی سەلیقە کە هیچ مەعریفەیەکی تـر نایگاتێ! بەڵام دڵی ئەو جۆرە کەسانە مردووە، بۆیە ئێمە چاوەڕوان ناکەین لەم وتەیەمان لەم بوارەدا تێبگەن، و مەبەستمان لە دڵ لێرەدا ئەوە نیە ئەوان دەیزانن، بەڵکو مەبەست لە دڵی تره چەقەکەی دڵی سنەوبەرییە، بەڵام هی ترە.

ئەم بۆچوونە هەڵەیەی ڕێگای ناسینی خوای گەورە (چ لە کۆنو نوێدا) گەورەترین هۆکاری دوورکەوتنەوەی زۆربەی خەڵکیە لە ڕێگای ڕاستی بڕوابوون بە خوا، لەگەڵ ئەمەشدا ئەم بۆچوونـانە بە پێی پێـوانەی زیرەکی و ژیریی هەڵەیە، چـونکە ژیریی بەهـۆی زیـرەکیەکەیەوە حـوکم ئەدات (الله)بەدیهێـنەری مـادەیە نەك مـادەکە خـۆی، چـونکە مـادە ناتوانێـت مـادە دروستبکات، جا گەر کۆتایی درکی هەستەکان تەنیا بۆ مادە هەستپێکراوەکان بێت، ئەوا ئەو کاتە (الله) درکی پێناکرێت، ئەوەی ڕوون و ئاشکراشە هیچ نەتەوەیەك لە نەتەوەکان نەبووەو هـیچ بێباوەڕێـك لە بێبـاوەڕان نەبـووە گەر ئەوگومانەیـان بـۆ دروسـت نەبووبێـت لەمەڕ تێڕوانینی هەسـتەکی بۆ ڕێگەی ناسـینی زاتی خـوا، وەك چۆن لەم ڕۆژگارەدا چەنـدان کەس دەبینینەوە: نەبینینیان دەبێتە هۆی بێباوەڕیی، وەك چۆن بیستوومانە هەندێك لە دەوڵەتان نەبینین دەکەنە پاساو بۆ بێباوەڕییان، وەك دەزگاکانی پێشووی ڕاگەیاندنی یەکێتی سۆڤیەت کە پاش ناردنی یەکەم مانگی دەستکرد بۆ ئاسمان ئەوەیان ڕاگەیاند.

لەبەسەرهاتە خۆشەکانی وەڵامی فیطرە بۆ ئەم مەسەلەیە ئەوبەسەرهاتە نوکتەئامێزەیە کە دەڵـێن لە قوتابخـانەیەکی سـەرەتایدا ڕوویـداوە، لەکاتێکـدا مامۆسـتایەکی پـۆلی شەشـی سـەرەتایی بە قوتابیەکان دەڵێت: ئایا مـن دەبیـنن؟ گوتیـان: بەڵێ. ئەویش گـوتی کەواتە مـن هەم، پاشـان پرسی ئایا ئەو تەختە ڕەشـە دەبینن؟ ئەوانیش وتیان بەڵێ. ئەویش وتی کەواتە تەختەکە بوونی هەیە، ئەنجا پرسی ئەی مێزەکە دەبینن؟ وتیان بەڵێ. ئەویش وتی کەواتە مێزەکە بوونی هەیە، پاشان پرسی ئایا خوا دەبینن؟وتیان نەخێر. مامۆستاکەش وتی کەواتە

خوا بوونی نیه، لەم کاتەدا یەکێك لە قوتابیە زیرەکەکان هەستاو وتی: ئەی ئایا عەقڵی مامۆستا ئەبینن؟ وتیان نەخێر. ئەویش وتی کەواتە مامۆستا عەقڵی نیە.

ئەو خەیاڵەی کە زۆر لە بێباوەڕان هەر لەکۆنەوە دەستیان پێوەگرتووە زۆر کۆنە، ئەمە هەرچەندە شوێنەواری بیرێکی رێك و ژیریەکی راست و ویژدانداری نیە لە لێکۆڵینەوەدا.

قورئانی پیرۆز بۆمان دەگێرێتەوە بێباوەڕان لە هەموو سەردەمێکدا مەرج دادەنێن بۆ بڕوابوونیان، ئەویش دەبێت هەست بە بوونی خوا بکەن بەهۆی بیستن یا بینینەوە، قورئانی پیرۆزیش ئاماژەیداوە بە هۆکارەکانی ئەو مەرجدانانە، کە خۆی لە خۆیدا نەخۆشیە و لە ئەنجامدا بۆچوونی خراپ و لێدوانی هەڵەی لێدەکەوێتەوە، قورئانی پیرۆز هۆکانی ئەم داوایە بەم خاڵانە لێکئەداتەوە: نەفامی، خۆبەزلزانین، لادان، ستەم.

١- **نەفامی:** خوای گەورە دەفەرمێت:* وَقَالَ الَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ لَوْلَا يُكَلِّمُنَا اللَّهُ أَوْ تَأْتِينَا آيَةٌ كَذَٰلِكَ قَالَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِم مِّثْلَ قَوْلِهِمْ ۘ تَشَابَهَتْ قُلُوبُهُمْ قَدْ بَيَّنَّا الْآيَاتِ لِقَوْمٍ يُوقِنُونَ *البقرة/١١٨. واتە: جا ئەوانەی نەفام و نەزانن دەیانگوت: بۆ خوا لەگەڵ ئێمە گفتوگۆ ناکات؟! یان موعجیزەو نیشانەیەکمان بۆ نایەت؟!! کەسانی تریش پێش ئەمان هەمان شتیان دەوت، ئەمانە دڵەکانیان چوون یەکەو لەیەك دەچێت، بێگومان ئێمە چەندەها بەڵگەو نیشانەی ئاشکراو روونمان دیاری کردووە بۆ ئەو کەسانەی کە راستیخوازن و بە شوێن حەقیقەتدا دەگەڕێن.

ئەم ئایەتە ئاماژەی ئەوە دەکات ئەم گوتنە وتەی زاناکان نیە بەڵکو وتەی نەفامانە، وئەم وتەیە نوێ نیە بەڵکو لۆژیکی بێباوەڕانە لە کۆنو نوێدا، هۆکەشی ئاکامی وێکچوونی دڵەکانە، لە کۆتایشدا ئەوە رووندەکاتەوە کە رێگای گەشتنە پەروەردگار نیشانەو بەڵگەو ئایەتەکانیەتی، واتە شوێنەوارەکانی کە دەلالەتی بوونی خوا دەچەسپێنن.

٢- **خۆبەزلزانین:** خوای گەورە دەفەرمێت * وَقَالَ الَّذِينَ لَا يَرْجُونَ لِقَاءَنَا لَوْلَا أُنزِلَ عَلَيْنَا الْمَلَائِكَةُ أَوْ نَرَىٰ رَبَّنَا لَقَدِ اسْتَكْبَرُوا فِي أَنفُسِهِمْ وَعَتَوْا عُتُوًّا كَبِيرًا . يَوْمَ يَرَوْنَ الْمَلَائِكَةَ لَا بُشْرَىٰ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُجْرِمِينَ * الفرقان/ ٢١-٢٢. واتە: ئەوانەی بە ئومێدی دیداری ئێمە نین وتیان: ئەوە بۆ فریشە دانەبەزێنرا بۆ لامان یاخود پەروەردگارمان بە چاوی خۆمان ببینین، سوێند بە خوا بێگومان ئەوانە لە دەروونی خۆیاندا خۆیان بەگەورە دەزانن، لە سنوور ترازاون و

سەرکەشییان بێ ئەندازەیە. ئەو ڕۆژەی کە فریشتەکان دەبینن هیچ جۆرە مژدەیەك بۆ تاوانباران نیە.

وەك چۆن لەیەکەم ئایەتدا ئەوەمانزانی بێباوەڕان دەیانەوێت لە خوا ببیستن، ئا لەم ئایەتەشدا باس لەوەدەکات دەیانەوێت خودا ببینن، بەڵام ئایا ئەوانە کێن کە دەیانەوێت پەروەردگار ببینن؟ ئەوان وا دەزانن ژیانی دنیا هەموو شتێکەو ئێدی لە پشتیەوە هیچ شتێك نیە جگە لە عەدەم، وەك چۆن ئایەتی یەکەم بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ وەڵامیان دەداتەوە، هەر بەمجۆرەش لەم ئایەتەدا ئەوە ڕووندەکاتەوە کە لە جیهانێکی تری جگە لەم جیهانەو لە یاسایەکی تری جگە لەم یاسایانەدا بێباوەڕان فریشتەکانی پەروەردگار دەبینن، بەڵام لە یاساکانی ئەم جیهانە ئاساییەدا هەستەکان پەی بە جیهانی نەزانراو (غیب) نابەن، هەر بە پێی یاسا ئاساییەکەی ئەم جیهانە، گەر فریشتەکان نەبینرێن ئەوا زاتی خوا زۆر لەپێشترە لەم مەسەلەیەدا کە نەبینرێت، هەروەك چۆن ئایەتەکەش ئەمەی ڕوونکردوەتەوە؛ خۆبەزلزانین تاکە هۆیەکە وایلێکردون ببنە خاوەنی ئەم ڕوانگەیە، بەڵام ئەو مرۆڤەی حەز لە حەق دەکات و ڕاستەڕێ دەگرێت ئەوا ڕێگای ڕاستی بەرەو خواچوون دەدۆزێتەوە.

**٣- لادانو لاڕێبوون:** لە ئایەتێکی تردا دەربارەی یەکێك لە فیرعەونەکانی میسر خوای گەورە دەفەرمێت* وَقَالَ فِرْعَوْنُ يَا هَامَانُ ابْنِ لِي صَرْحًا لَّعَلِّي أَبْلُغُ الْأَسْبَابَ. أَسْبَابَ السَّمَاوَاتِ فَأَطَّلِعَ إِلَىٰ إِلَٰهِ مُوسَىٰ وَإِنِّي لَأَظُنُّهُ كَاذِبًا ۚ وَكَذَٰلِكَ زُيِّنَ لِفِرْعَوْنَ سُوءُ عَمَلِهِ وَصُدَّ عَنِ السَّبِيلِ* غافر/٣٦-٣٧. واتە: وفیرعەون بە هامانی وت: ئەی هامان بورجێکی بەرزم بۆ دروست بکە، بۆ ئەوەی هەندێک هۆکارم دەست بکەوێت!!... هۆکاری بەرزبوونەوە بۆ ئاسمانەکان، تا لەوێوە سەرکەوم و نهێنیەکان شارەزا ببم تا سەردانێکی خوای موسا بکەم و ببینم!! هەرچەندە من دڵنیام کە درۆزنە!!، ئابەو شێوەیە کاروکردەوە ناشیرینەکان لای فیرعەون جوانکراو، لە ڕێبازی ڕاست و دروست لادرا.

لەم ئایەتەدا وەك دەبینین وەڵامی ئەو جۆرە کەسانەی لەخۆگرتووە کە دەفەرموێت ( وصد عن السبيل)، جا ئەوەی کە فیرعەون لە تێڕوانینیدا بوو، ئەو ڕێگە ڕاستە نەبوو خوای پێ بناسرێتەوە، بەڵکو ڕێگەیەکی هەڵە بوو.

٤- ستەم: لە ئایەتێکی پیرۆزی تردا پەروەردگار بۆمان ڕووندەکاتەوە کە جولەکەکان ئەم داوایەیان بەهۆی زوڵم و ستەمەوە بەرزکردبووەوە، کە دەفەرمێ * وَإِذْ قُلْتُمْ يَا مُوسَىٰ لَن نُّؤْمِنَ لَكَ حَتَّىٰ نَرَى اللَّهَ جَهْرَةً فَأَخَذَتْكُمُ الصَّاعِقَةُ وَأَنتُمْ تَنظُرُونَ.البقرة/٥٥*واتە: یادی ئەو نیعمەتە بکەنەوە کە وتتان: ئەی موسا هەرگیز باوەڕت پێناهێنین تاوەکو بە ئاشکراو بە چاوی خۆمان خوا نەبینین، ئیتر یەکسەر هەورەبروسکەکە لێیدان، لە کاتێکدا کە تەماشاتان دەکرد و بەدەورو بەری خۆتاندا دەتانڕوانی.

یان لە جێیەکی تردا دەفەرمێ: * فَقَدْ سَأَلُوا مُوسَىٰ أَكْبَرَ مِن ذَٰلِكَ فَقَالُوا أَرِنَا اللَّهَ جَهْرَةً فَأَخَذَتْهُمُ الصَّاعِقَةُ بِظُلْمِهِمْ. النساء/١٥٣* واتە: جا ئەوانە بەڕاستی داوای لەوە گەورەتریان لە موسا کرد، وتیان: دەمانەوێت خوامان بەئاشکرا نیشان بدەیت، ئەوسا هەورە بروسکەیەک لێیدان لە سەرئەنجامی ئەو ستەمە ناڕەوایە.

وەك چۆن ئایەتی یەکەم بە شێوەی ناواخندارو نائاشکرا وەڵامی نموونەی ئەو جۆرە کەسانەی دایەوە، ئا لێرەشدا هوشیارمان دەکاتەوە بە وەڵامدانەوەیان بە وشەی (بظلمهم) چونکە دادو ڕاستی وای لێنەکردبون ئەو داوایە دەربڕن، بەڵکو ستەمکردنیان ئەو داوایەی هێنابووە گۆڕێ، ستەمی دەروونەکان بۆ حەق کە ڕاستی دەزانن و نکوڵی لێدەکەن، وەك چۆن ئەمڕۆش قسەی بێباوەڕان لەم حاڵەدا یەکانگیر دەبێت، ئاوهاش هێرشکردنیان لەمڕۆدا هاوتای هێرشەکانیان دەبێتەوە لە ڕابردوودا، قورئانی پیرۆز باسی بەشەرهاتی هێرشەکانیان دەکات و دەفەرمێ : * قَالَ رَبِّي يَعْلَمُ الْقَوْلَ فِي السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ وَهُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ. بَلْ قَالُوا أَضْغَاثُ أَحْلَامٍ بَلِ افْتَرَاهُ بَلْ هُوَ شَاعِرٌ.الانبياء/ ٤-٥ * .واتە: وتی: پەروەردگارم ئاگاداری هەموو قسە و گوفتارێکە لە ئاسمان و زەویدا و ئەو زاتە بیسەرو زانایە. بەڵکو (شتی تریشیان) دەوت: (وەك ئەوەی کە گوایە ئەم قورئانە): خەوو خەیاڵی بێ سەرو بنە، یاخود خۆی هەڵی بەستووە، بەڵکو ئەو کەسێکی شاعیرە.

ئەوانە بڕوادارانیان بەوە تاوانبار دەکرد کە شوێن خەیاڵاتکەوتوون و درۆزنن و سادەو عاتیفین.. هەرچی بێباوەڕەکانی ئەمڕۆشە بڕواداران بەوە تاوانبار دەکەن کە؛ دژە زانستن و ڕاستناکەن و سەرلێشێواوی خەڵەتاون.

جا گەر کەسانێکی زۆر لەسەر ئەو ڕێیە بن، ئەوا موسڵمانی خاوەن دڵی مەزن نابێت شوێن ئەو گومڕایانە بکەوێت، تا توشی ئەوە نەبێت کە پەروەردگار ئاگاداری کردوینەتەوە سەبارەتی:

* أَمْ تُرِيدُونَ أَن تَسْأَلُوا رَسُولَكُمْ كَمَا سُئِلَ مُوسَىٰ مِن قَبْلُ وَمَن يَتَبَدَّلِ الْكُفْرَ بِالْإِيمَانِ فَقَدْ ضَلَّ سَوَاءَ السَّبِيلِ* البقرة/١٠٨*واته: ئاخۆ ئێوەش دەتانەوێت داخوازی (گەورەو ناقۆلا) لە پێغەمبەرەکەتان (محمد ﷺ) بکەن، هەروەك کاتی خۆی داخوازی لە موسا کرا، جا هەر کەسێك ئیمان و باوەڕ بگۆڕێتەوە بە کوفر، ئەوە بێگومان ڕێبازی ڕاست و دروستی ون کردووە.

***

## ٢- ڕێگای بەرەو خوا چوون ئایەت و نیشانەکانیەتی:

کەواتە ئەو ڕێگایانەی باسمانکردن نامانگەیەننە مەبەستەکانمان لەبابەت ناسینی زاتی پەروەردگارەوە، چونکە دەستنیشانکردنی ڕێگەو زانینی، بنەمایەکی گرنگە بۆ گەیشتنە ئامانج.. گەیشتن بە پەروەردگار جێدەستەکانیەتی کە ئاماژەی پێدەدات و تاکە ڕێگاشە، جا بۆ کەسێك بیەوێت ئەم ڕێگایە بگرێت ئەوا بوونی مەرجەکانی ژیریی و بیرو زانست زۆر سەرەکی و گرنگن.
چونکە بە بێ ژیریی ناتوانین نیشانەو ئایەتەکان بناسینەوە، بەبێ بیرکردنەوەش خاوەنەکەی ناناسریت، بێ زانیاریش ناتوانین ئایەتەکان تێبگەین و خاوەنەکەی بناسین، ڕەنگە ئەم ئاخاوتنە لای بێباوەڕان نامۆ بێت، چونکە هەمیشە نازناوی عیلمانی و عەقلانی و ئازادیخواهان و هزرمەندان دەدەنە پاڵ خۆیان، بەلام بانگەوازی بێ بەڵگە، هیچ نرخ و بەهایەکی زانستی نیە.
جا ئەوەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا دەیخەینە ڕوو- بەویست و کۆمەکی پەروەردگار – بەڵگەدارو دروست دەبێت و ڕووخانی بانگهێشتی بێباوەڕان دەبێت: * وَالَّذِينَ يُحَاجُّونَ فِي اللَّهِ مِن بَعْدِ مَا اسْتُجِيبَ لَهُ حُجَّتُهُمْ دَاحِضَةٌ* الشوری/١٦* واتە: ئەوانەی ڕەخنە دەگرن و قسەدەکەن دەربارەی ئاینی خوا، دوای ئەوەی کە وەلام دراوەتەوە و خەڵکی ڕوویان تێکردووە، ئەوانە بەڵگەو ڕەخنەکانیان پووچەڵە و بەسەریاندا دەدرێتەوە.
بەرەو دوا لەم باسەدا ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتانەت پێشکەش دەکرێت.
بەلام ئێستا پێویستە ئەوە بڵێین: کەسێك کەمێك لە قورئان ڕابمێنێت، ئەوا بۆی دەردەکەوێت کە چۆن سەرنجی مرۆڤ بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا ڕادەکێشێت، بە

شێوەیەکی بەرچاو فراوانی بە بیرو ژیری و زانست و جێماوەکان (الآثار) دەبەخشێت، ئەمەش مەرجێکی سەرەکیە بۆ ناسینی خودای مەزن : * قُلْ أَرَأَيْتُم مَّا تَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِ أَرُونِي مَاذَا خَلَقُوا مِنَ الْأَرْضِ أَمْ لَهُمْ شِرْكٌ فِي السَّمَاوَاتِ ائْتُونِي بِكِتَابٍ مِّن قَبْلِ هَٰذَا أَوْ أَثَارَةٍ مِّنْ عِلْمٍ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ* الاحقاف/٤. واتە: هەواڵم بدەنێ: ئایا سەرنجتان داوە لەو شتانەی کەلەجیاتی خوا دەیانپەرستن و، هاناو هاواریان بۆ دەبەن؟ باشە ئاخر ئەوانە چ شتێکیان لەزەویدا بەدیهێناوە، با پێشانم بدەن!... یاخود ئەوانە لەهەڵسوڕانی ئاسمانەکاندا هیچ هاوبەشی وهاوکاریەکیان هەیە؟!.. ( ئەگەر دەڵێن: بەڵێ ) دەکەواتە کتێبێکی ئاسمانیم نیشان بدەن کەپێش ئەم قورئانە بۆتان هاتبێت، یان دیاردەیەکی زانستی لەو ڕووەوە بیسەلمێنێت ئەگەر ئێوە ڕاست دەکەن!

بەواتایەکی تر ئایا هیچ گەردێك لە زانست و زانیاری گەواهی لەسەر ئەوە ئەدات کە هیچ بەدیهێنەرێکی تر هەبێت جگە لە (الله)؟، جا کاتێك خەڵکی نکوڵی پەروەردگاریان بکەن ئەوا ئەمە بەڵگە نیە لەسەر بوونی زانست لەسەر ئەو نکوڵیکردنە، بەڵکو بەڵگەی نەزانینە: * وَمِنَ النَّاسِ مَن يُجَادِلُ فِي اللَّهِ بِغَيْرِ عِلْمٍ وَلَا هُدًى وَلَا كِتَابٍ مُّنِيرٍ *الحج/٨*واتە: هەندێك خەڵکی هەن موجادەلە دەربارەی زاتی خوا دەکەن دوور لە هەموو زانست و زانیاری بۆچوون و کتێب و سەرچاوەیەکی ڕوون و ئاشکرا.

ئەمەش نەزانینێکی ڕەهای داماڵراو نیە لە هیچ مەعریفەتێك، بەڵکو نەزانینێکە لە جۆرێکی تایبەت ، پەروەردگار بەمجۆرە باسی دەکات: * يَعْلَمُونَ ظَاهِرًا مِّنَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَهُمْ عَنِ الْآخِرَةِ هُمْ غَافِلُونَ *الروم/٧ واتە: ئەوانە ڕواڵەت لە ژیانی دنیا تێدەگەن و دەزانن، لە بەرامبەر قیامەتیشەوە بێ ئاگان.

*فَأَعْرِضْ عَن مَّن تَوَلَّىٰ عَن ذِكْرِنَا وَلَمْ يُرِدْ إِلَّا الْحَيَاةَ الدُّنْيَا ذَٰلِكَ مَبْلَغُهُم مِّنَ الْعِلْمِ *النجم/٢٩-٣٠ واتە: گوێ مەدە بەو کەسەی کەیاخی بووە لەیادو بەرنامەی ئێمە مەبەستیشی نەبووە تەنها ژیانی دنیا نەبێت. ئەوانە، هەر ئەوەندەی لێ دەزانن و عەقڵیان هەر ئەوەندە دەبڕێت.

دووبارەکردنەوەی وشەکانی زانیاری و بیرو ژیری لە قورئانی پیرۆزدا دیاردەیەکی سەرنجڕاکێش و ئاشکرایە: * إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ*الرعد/٤، واتە: بەڕاستی ئا لەو شتانەشدا بەڵگە و نیشانەی زۆر هەن بۆ کەسانێك عەقڵ و ژیری خۆیان بخەنەکار.

* إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَةً لِّقَوْمٍ يَعْلَمُونَ*النمل/٥٢ واته: بەڕاستی ئا لەو بەسەرهاتەدا بەڵگەو نیشانەی تەواو هەیە بۆ کەسانێك لەشت تێبگەن و بزانن.
*إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَةً لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ* النحل/١١. واتە: بەڕاستی ئا لەوەدا بەڵگەو نیشانەی تەواو هەیە بۆ کەسانێك کە بیربکەنەوە. * إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّلْعَالِمِينَ*الروم/٢٢. واتە: بەڕاستی ئا لەو دیاردەیەشدا بەڵگەو نیشانەی زۆر هەیە بۆزانایان و شارەزایان. * قُلِ انظُرُوا مَاذَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ*یونس/١٠١. واتە: پێیان بڵێ: تەماشا بکەن و سەرنج بدەن: خوا چی دروست کردووە لە ئاسمانەکان و زەویدا.
کەسێك بە وردی لەقورئان ڕابمێنێت بۆی دەردەکەوێت ئاینی پیرۆزی ئیسلام لەسەر موسڵمانانی فەرزکردووە بیر بکەنەوەو فێربن، چونکە زانست و بیرکردنەوە دوو بەشی سەرەکین لە پێکهێنانی کەسایەتی موسڵمان، لەکاتێکدا ئەم دوو شتە لای خەڵکانی تری جگە لە موسڵمان حەزێکە بۆ چێژو خۆخەریکردن بەکاردێت.. یا وەك دەروازەیەك بۆ گوزەران پەیداکردن، یاخود لای هەندێکی تر ئارەزووە، بەڵام ئیسلام زانست فەرز دەکات چونکە بەهۆی زانستەوە بۆمان دەردەکەوێت ئیسلام ڕاستە * وَيَرَى الَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ الَّذِي أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ هُوَ الْحَقَّ* سبأ/٦. واتە: ئەوانەی کە زانستی و زانیاریان هەیە چاك دەزانن ئەوەی لەلایەن پەروەردگارتەوە بۆت ڕەوانەکراوە حەق و ڕاستەقینەیە.
لە لاپەڕەکانی داهاتوودا بە پشتیوانی خوا لە بەڵگەو نیشانەکانی پەروەردگار دەکۆڵینەوە تا ڕاستیە ڕوون و دیارەکانمان بۆ ئاشکرا بێت، ئەو ڕاستیەی دەفەرمێ بێباوەران بە خوای گەورە دڵیان گومڕایە ئەگەر ڕێی پەروەردگاریان نەگرنەبەر، و بڕواداران دڵیان ڕێنوما بووەو ڕێی هیدایەتی پەروەردگاریان گرتووەتە بەر* وَمَن يُؤْمِن بِاللَّهِ يَهْدِ قَلْبَهُ* التغابن/١١. واتە: جا ئەوەی باوەڕی تەواو بهێنێت، خوا دڵی ڕێنموویی دەکات.
نموونەی بێباوەڕێك کە بە ژیریی بڕوای بە خوای تاکو تەنیای بەدیهێنەر نەهێنابێت دوای ئەوەی نیشانەو بەڵگەکانی بینیوە، وەك نموونەی ئەو کەسە وایە بارە کتێبێکی هەڵگرتبێت و نرخیان نازانێت و دانەرەکەشیان ناناسێت و بۆیە دەیانداتە پاڵ نەناسراوی نەبوو..هەروەها بە پشتیوانی خوا ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە نە کەمی ئایەتەکان و نە ئاڵۆزیان هۆنین بۆ بێباوەڕبوونی خەڵك، بەڵکو ئایەتەکانی خوا هێندە زۆرن نایەنە هەژماردن، هێندەش ڕوونن لای کەس ناشاردرێنەوە، بەڵام نهێنیەکە لە خودی مرۆڤدایە، نهێنیەکە لە پشتهەڵکردنی

مرۆڤدایە لە نیشانەکانی خوای گەورە، لە خۆبەزلزانیندایە لە دان نەنان بە ڕاستیدا، لە نەناسینی حەقیقەتدایە، لەلادانیدایە لە فیطرەی ڕێکی مرۆڤایەتی و خوورەوشتی پەسەند، لە داخستن و کوێربوونی دڵەکاندایە، تەنانەت ئەوکەسانە بەجۆرێکن گەر دەستی قودرەتی خوا بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەریش بیانجوڵێنێ هەر لە نکۆڵیکردنی خۆیان سووردەبن.

قورئانی پیرۆز سەبارەت ئەوانە بۆمان دەدوێت* وَلَوْ فَتَحْنَا عَلَيْهِم بَابًا مِّنَ السَّمَاءِ فَظَلُّوا فِيهِ يَعْرُجُونَ. لَقَالُوا إِنَّمَا سُكِّرَتْ أَبْصَارُنَا بَلْ نَحْنُ قَوْمٌ مَّسْحُورُونَ* الحجر/ ١٤-١٥. واتە: ئەگەر دەروازەیەکمان لە ئاسمانەوە بۆ بکردنایەتەوە تا پیادا سەربکەون و تێپەر ببن. ئەوە دەیانوت: بێگومان چاوبەستمان لێکراوە، یاخود ئێمە کەسانێکی جادوو لێکراوین!!

*وَإِن يَرَوْا آيَةً يُعْرِضُوا وَيَقُولُوا سِحْرٌ مُّسْتَمِرٌّ* القمر/٢. واتە: خۆ ئەگەر ئەوانە هەر موعجیزە و بەڵگەیەك ببینن پشت هەڵدەکەن و دەڵێن: ئەمەجادوویەکی بەردەوامە.

* وَكَأَيِّن مِّنْ آيَةٍ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ يَمُرُّونَ عَلَيْهَا وَهُمْ عَنْهَا مُعْرِضُونَ* یوسف/١٠٥. واتە: چەندەها بەڵگەو نیشانە لە ئاسمانەکان و زەویدا هەن کەچی زۆربەی خەڵکی بەلایدا تێدەپەڕن و تێنافکرن و پشتی تێدەکەن.

**جێی خۆیەتی لێرەدا بپرسین:**

ئایا پەروەردگار پێویستی بە ئێمەیە تا بەندایەتی بکەین و بڕوای پێبهێنین؟ یان ئێمە ئاتاجی ئەوەین بڕوای پێبهێنین لە پێناو خۆماندا؟ * إِنَّ اللَّهَ لَغَنِيٌّ عَنِ الْعَالَمِينَ* العنکبوت/٦. واتە: بەڕاستی خوا بێ نیازە لە هەموو خەڵکی.

کەواتە با دەروونمان ئازاد بکەین، تا شایستەی بینینی نیشانەو ئایەتەکانی خوای گەورە بین:

**١- لە خۆبەزلزانین:** پەروەردگار نیشانەکانی خۆی نیشانی دڵێکی خۆبەزلزان نادات * سَأَصْرِفُ عَنْ آيَاتِيَ الَّذِينَ يَتَكَبَّرُونَ فِي الْأَرْضِ بِغَيْرِ الْحَقِّ وَإِن يَرَوْا كُلَّ آيَةٍ لَّا يُؤْمِنُوا بِهَا وَإِن يَرَوْا سَبِيلَ الرُّشْدِ لَا يَتَّخِذُوهُ سَبِيلًا وَإِن يَرَوْا سَبِيلَ الْغَيِّ يَتَّخِذُوهُ سَبِيلًا ۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا وَكَانُوا عَنْهَا غَافِلِينَ. الاعراف/١٤٦. واتە: ئەوکەسانەی کە بەناحەق فیز دەکەن لە زەویداو خۆیان بەگەورەتر دەنوێنن ، لەمەودوا ڕووی دڵیان وەردەچەرخێنم لە تێگەیشتنی ئایەت و فەرمانەکانم، خۆ ئەوانە ئەگەر هەر بەڵگە و نیشانەیەك ببینن ئەوە باوەڕی

پێناکەن، ئەگەر ڕێبازی بەرژەوەندی دنیاو قیامەت ببینن ئەوە نایگرنەبەر، خۆ ئەگەر ڕێبازی ئارەزوو پەرستی و گومڕایی ببینن، ئەوە دەیگرنە بەرو پەیڕەوی دەکەن، ئەوە لەبەر ئەوەیە چونکە بەڕاستی ئەوان بڕوایان بەئایەت و فەرمانەکانی ئێمە نەبوو لێی بێئاگا بوون.

**٢- دەبا دەروونیشمان لە ستەم و درۆ قوتار بکەین** * وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ* الصف/٧. واتە: خوایش هیدایەت و ڕێنموویی قەومی ستەمکار ناکات. * إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي مَنْ هُوَ كَاذِبٌ كَفَّارٌ* الزمر/٣. واتە: خوا هیدایەت و ڕێنموویی ئەو کەسانە ناکات کە درۆزن و بێ باوەڕن.

**٣- و با خۆمان لە خراپەکاری لەسەر زەوی و پەیمانشکاندن و پەیوەندیپچڕاندن ڕزگار بکەین کە پێویستە نەیپچڕێنین و بهێڵینەوە** * وما يضل به الا الفاسقين. الَّذِينَ يَنقُضُونَ عَهْدَ اللَّهِ مِن بَعْدِ مِيثَاقِهِ وَيَقْطَعُونَ مَا أَمَرَ اللَّهُ بِهِ أَن يُوصَلَ وَيُفْسِدُونَ فِي الْأَرْضِ ۚ أُولَٰئِكَ هُمُ الْخَاسِرُونَ* البقرة/٢٦-٢٧. واتە: بەڵام دیارە جگە لە لارو وێرو یاخی و تاوانباران کەسی تر گومڕا ناکات... ئەوانەی پەیمانی خوا هەڵدەوەشێننەوە و پەیڕەوی ناکەن لەدوای بەهێزو پتەو بوونی، ئەو پەیوەندییانەش دەپسێنن کە خوا فەرمانی گەیاندنی داوە، لەزەویشدا تاوان و خراپە دەچێنن، ئا ئەوانە خۆیان زەرەرمەند و خەسارەتمەندن.

**٤- و با خۆمان لە بێئاگایی و غەفڵەت دەربازبکەین:** گەر بمانەوێت هەموو ئایەتەکانی پەروەردگارمان بۆ ئاشکرا بێت؛ ئەوا هەندێك لە ئایەتەکان تەنیا بە هزرو فیکر بۆمان ڕووندەبنەوە گەر ڕێگریان لەبەردەمدا دانەنێین، وهەندێکی تریان تەنیا بە هۆی ژیریەوە بۆمان دەردەکەون: نموونەی ئەمانەش ئایەتەکانی پەروەردگارن کە قورئان سەبارەتیان دەفەرمێ *إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ* الرعد/٣. واتە: بەڕاستی ئا لەو شتانەدا بەڵگە و نیشانەی زۆر هەن بۆ کەسانێك بیربکەنەوە. *إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ * الرعد/٤. واتە: بەڕاستی ئا لەو شتانەشدا بەڵگە و نیشانەی زۆر هەن بۆ کەسانێك عەقڵ و ژیری خۆیان بخەنەکار.

کەواتە سەرجەم ئایەتەکانی کردگار بۆ دڵانێك دەرناکەوێت گەر لە خاوەنەکەیدا بیرکردنەوەو یادی خوای تیا کۆنەبووبێتەوە *إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ لَآيَاتٍ لِّأُولِي الْأَلْبَابِ. الَّذِينَ يَذْكُرُونَ اللَّهَ قِيَامًا وَقُعُودًا وَعَلَىٰ جُنُوبِهِمْ وَيَتَفَكَّرُونَ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ* آل عمران/١٩٠-١٩١. واتە: بەڕاستی لە دروستکردنی ئاسمانەکان و زەویدا و لە

ئاڵوگۆڕی شەو و ڕۆژدا بەڵگە و نیشانەی زۆر هەن بۆ کەسانی ژیر و هۆشمەند... ئەوانەی یادی خوا دەکەن لەکاتێکدا کە بەپێوەن یان دانیشتوون یان ڕاکشاوون هەمیشە بیردەکەنەوە لە دروست بوونی ئاسمانەکان و زەوی.
بەربەست لە نێوان کردگارو هیچ بەندەیەکدا دروست نەبووە بەهۆی غەفڵەتو بێئاگاییەوە نەبێت، هەموو غەفڵەتێکیش لە گەمەو ئارەزووەوە بەرپادەبێت، ژیانی دنیاش هەمووی گەمەو ئارەزووە *إِنَّمَا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا لَعِبٌ وَلَهْوٌ* محمد/٣٦. واتە: بەڕاستی ژیانی دنیا تەنها بریتیە لەیاری و گەمەیەکی تەمەن کۆتا. *اقْتَرَبَ لِلنَّاسِ حِسَابُهُمْ وَهُمْ فِي غَفْلَةٍ مُّعْرِضُونَ .مَا يَأْتِيهِم مِّن ذِكْرٍ مِّن رَّبِّهِم مُّحْدَثٍ إِلَّا اسْتَمَعُوهُ وَهُمْ يَلْعَبُونَ . لَاهِيَةً قُلُوبُهُمْ* الانبياء/١-٣. واتە: موحاسەبەو لێ پرسینەوەی خەڵکی نزیك بۆتەوە، لە کاتێکدا ئەوان بێ ئاگا وغافڵن وپشتیان لە ئاینی خوا کردووە و ڕووو وەرگێڕن. هیچ یادەوەریەکی تازەیان لەلایەن پەروەردگاریەنەوە بۆ نایەت کە ئەوان گوێ بیستی نەبووبن و لەوکاتەدا یاری و گەمەی پێنەکەن... دڵەکانیان بێ ئاگاو سەرگەردانە.

**٥- دەبا خۆشمان لە تاوانکاری دوورخەینەوە** *كَلَّا بَلْ رَانَ عَلَىٰ قُلُوبِهِم مَّا كَانُوا يَكْسِبُونَ* .المطففین/١٤. واتە: نەخێر، وانیە بەڵکو دڵیان ژەنگی هێناوەو چڵکی گوناه دایپۆشیوە لە سەرەنجامی ئەوکاروکردەوانەی کە دەیانکرد. *كَذَٰلِكَ نَسْلُكُهُ فِي قُلُوبِ الْمُجْرِمِينَ . لَا يُؤْمِنُونَ بِهِ وَقَدْ خَلَتْ سُنَّةُ الْأَوَّلِينَ* الحجر ١٢-١٣. واتە: ئا بەوشێوەیە ئێمە قورئان دەدەین بە گوێ و دڵی تاوانباران. لە کاتێکدا باوەڕی پێ ناهێنن و هەرلەسەر بەرنامەی پێشینان دەڕۆن.

**٦- وبا دڵمان لە ڕاڕایی لە وەرگرتنی حەق دوورخەینەوە گەر بە ڕاشکاوی بۆمان دەرکەوت** * وَنُقَلِّبُ أَفْئِدَتَهُمْ وَأَبْصَارَهُمْ كَمَا لَمْ يُؤْمِنُوا بِهِ أَوَّلَ مَرَّةٍ وَنَذَرُهُمْ فِي طُغْيَانِهِمْ يَعْمَهُونَ. الانعام/١١٠*واتە: ئەوکاتە دڵ و چاوەکانیان هەڵدەگێڕینەوە هەروەکو چۆن یەکەمجار لە سەرەتاوە باوەڕیان نەهێنابوو ئێمە جارێ وازیان لێ دەهێنین تا لە ستەم و سەرکەشی خۆیاندا سەرگەردان بن و ڕۆبچن.

ئیتر لێرەوە ئایەتەکانی خودای دلۆڤان لە پرشنگدان وهەڵهاتندا دەبن و سەرانسەری دڵ ئەتەنن، دوای ئەمەش ئامادەیی دەبێت بۆ وەرگرتنی نوورو ڕووناکی، بەڵام هەرگیز دڵێکی شەیتانی شایستەی وەرگرتنی هیدایەتی پەروەردگار نابێت. چونکە تەم و گومان ڕێگر دەبن لە پەخشی ڕووناکی، هەروەك ناتەواویش لەچاودا ڕێگر دەبێت بۆ بینین.. وبوونی نەخۆشی لە گوێدا ڕێگر دەبێت لە بیستن، ئاوی فوراتیش هیچ تاوان و خەتایەکی نیەگەر لەدەمی مرۆڤی نەخۆشدا تاڵ بێت. * يَا أَيُّهَا الرَّسُولُ لَا يَحْزُنكَ الَّذِينَ يُسَارِعُونَ فِي الْكُفْرِ مِنَ الَّذِينَ قَالُوا آمَنَّا بِأَفْوَاهِهِمْ وَلَمْ تُؤْمِن قُلُوبُهُمْ ۛ وَمِنَ الَّذِينَ هَادُوا ۛ سَمَّاعُونَ لِلْكَذِبِ سَمَّاعُونَ لِقَوْمٍ آخَرِينَ لَمْ يَأْتُوكَ يُحَرِّفُونَ الْكَلِمَ مِن بَعْدِ مَوَاضِعِهِ يَقُولُونَ إِنْ أُوتِيتُمْ هَٰذَا فَخُذُوهُ وَإِن لَّمْ تُؤْتَوْهُ فَاحْذَرُوا ۚ وَمَن يُرِدِ اللَّهُ فِتْنَتَهُ فَلَن تَمْلِكَ لَهُ مِنَ اللَّهِ شَيْئًا ۚ أُولَٰئِكَ الَّذِينَ لَمْ يُرِدِ اللَّهُ أَن يُطَهِّرَ قُلُوبَهُمْ ۚ لَهُمْ فِي الدُّنْيَا خِزْيٌ ۖ وَلَهُمْ فِي الْآخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ. المائدة/٤١* واتە: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) با غەمبارت نەکات ئەوانەی کە بەپەلە بەدەم بێ باوەڕی و بێ دینیەوە دەچن، لەوانەی کە بەدەم و زار دەڵێن: باوەڕمان هێناوە، بەڵام دڵیان باوەڕی نەهێناوە، هەروەها لەوانەش کە بوونەتە جولەکە و زۆر گوێگرن بۆ درۆو دەلەسە، زۆر گوێبیستن بۆ خەڵکی تریش نەهاتوون بۆ لات، قسە دەگۆڕن و قسە وەکو خۆی ناگێڕنەوە، یاخود ئاوەژووی دەکەن، دوای ئەوەی جێی خۆی گرتبوو دەڵێن: ئەگەر ئاوا بڕیاریدا لێی وەربگرن، ئەگەر وانەبوو هوشیار بن، جا ئەوەی خوای گەورە بیەوێت تووشی تاقیکردنەوە و سزای بکات، ئەوە هەرگیز تۆ خاوەنی هیچ شتێك نابێت لەلایەن خواوە بۆ ڕزگار بوونی ئەو، ئا ئەوانە ئەو کەسانەن خوا نەیویستووە دڵیان پاك و خاوێن بکاتەوە ئەوانە لە دنیادا سەرشۆڕیی و شەرمەزاریی بەشیانە، لە قیامەتیشدا سزای سەخت و گەورە چاوەڕێیانە.

کەواتە هەمیشە نهێنیەکە لە خودی مرۆڤدایە *فَلَمَّا زَاغُوا أَزَاغَ اللَّهُ قُلُوبَهُمْ . الصف/٥*
واتە: وکاتێك لەحەق لایاندا، خواش دڵەکانیانی لەخشتە بردو مۆری پێدا نا.
و ئایەتەکانی پەروەردگار ڕوون و ئاشکران *وَكَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ الْآيَاتِ وَلِتَسْتَبِينَ سَبِيلُ الْمُجْرِمِينَ* الانعام/٥٥. واتە: هەر بەو شێوەیە کەباسکرا بەدرێژیی ڕوون دەکەینەوە تا بەجوانی و ئاشکرا، حەق ڕوون بێتەوە و ڕێبازی تاوانبار و خوانەناسان دەربکەوێت و بناسرێت.
ئایەتەکانی خوداش لە سێ شێوەدا دەبینرێن:

١- گەردوون ٢- قورئان ٣- موعجیزەو کەرامات. قورئانی پیرۆزیش باسی ئەم سێ هۆکارەی کردووە وەك نیشانەی ڕێپیشاندان:

**گەردوون:*** وَفِي الْأَرْضِ آيَاتٌ لِّلْمُوقِنِينَ. وَفِي أَنفُسِكُمْ ۚ أَفَلَا تُبْصِرُونَ* الذاریات/٢٠-٢١. واتە: بێگومان لەسەر گۆی زەویدا بەڵگە و نیشانەی زۆر هەیە بۆ کەسانێك کە بەشوێن دڵنیاییدا دەگەڕێن. هەروەها لەخودی خۆشتاندا ئایا ئەوەبۆ بینایتان ناخەنەکار. *وَكَأَيِّن مِّنْ آيَةٍ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ يَمُرُّونَ عَلَيْهَا وَهُمْ عَنْهَا مُعْرِضُونَ. یوسف/١٠٥* واتە: چەندەها بەڵگەو نیشانە لە ئاسمانەکان و زەویدا هەن کەچی زۆربەی خەڵکی بەلایدا تێدەپەڕن و تێنافکرن و پشتی تێدەکەن. *وَآيَةٌ لَّهُمُ اللَّيْلُ نَسْلَخُ مِنْهُ النَّهَارَ فَإِذَا هُم مُّظْلِمُونَ . وَالشَّمْسُ تَجْرِي لِمُسْتَقَرٍّ لَّهَا ۚ ذَٰلِكَ تَقْدِيرُ الْعَزِيزِ الْعَلِيمِ . وَالْقَمَرَ قَدَّرْنَاهُ مَنَازِلَ حَتَّىٰ عَادَ كَالْعُرْجُونِ الْقَدِيمِ. یس/٣٧-٣٩*واتە: هەروەها بەڵگەو نیشانەیەکی ئاشکرای تر بۆیان، شەوە، کە پۆشاکی ڕووناکی ڕۆژی لەبەر دادەماڵین، بەو هۆیەوە دنیایان لێ تاریك دەبێت. خۆریش لە گەردش و سوڕانەوەی خۆیدا بەردەوامە و بەرەو سرەوت دەچێت، یاخود بە دەوری چەقی خۆیدا دەسوڕێتەوە، بێگومان ئەوە توانای زاتێکی باڵادەست و زانا دەردەخات. هەروەها کات و شوێنی هەڵهاتنی مانگیشمان دیاری کردووە وەك چیلکەیەکی وشکی باریك دەنوێنێت. * وَمِنْ آيَاتِهِ خَلْقُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافُ أَلْسِنَتِكُمْ وَأَلْوَانِكُمْ ۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّلْعَالِمِينَ .وَمِنْ آيَاتِهِ مَنَامُكُم بِاللَّيْلِ وَالنَّهَارِ وَابْتِغَاؤُكُم مِّن فَضْلِهِ* الروم/٢٢-٢٣. واتە: لە نیشانەو بەڵگەکانی، دروستکردنی ئاسمانەکان و زەویە و جیاوازی زمان و ڕەنگتانە بەڕاستی ئا لەو دیاردەیەشدا بەڵگەو نیشانەی زۆر هەیە بۆ زانایان و شارەزایان. یەکێکی تر لە نیشانەو بەڵگەکانی خەوتنتانە لە شەوو لە کاتی بێداریشدا هەوڵ و کۆششتانە بۆ بەهرە وەرگرتن لە بەخششەکانی خوا.

**قورئان:** *وَقَالُوا لَوْلَا أُنزِلَ عَلَيْهِ آيَاتٌ مِّن رَّبِّهِ قُلْ إِنَّمَا الْآيَاتُ عِندَ اللَّهِ وَإِنَّمَا أَنَا نَذِيرٌ مُّبِينٌ . أَوَلَمْ يَكْفِهِمْ أَنَّا أَنزَلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ يُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ. العنكبوت/٥٠-٥١* واتە: کافران دەڵێن: باشە چی دەبوو: ئەگەر نیشانە و بەڵگەی لەلایەن پەروەردگاریەوە بۆ ڕەوانە بکرایە، تۆش ئەی پێغەمبەری لە وەڵامیاندا بڵێ: موعجیزە و نیشانە و بەڵگە ماددیەکان بە دەست خوا خۆیەتی و من تەنها ئاگادارکەرەوە و بێدارکەرەوەیەکی ئاشکرام بۆتان. ئایا بەس نیە بۆیان کە

بەڕاستی ئێمە قورئانمان دابەزاندووە بۆت و بەسەریاندا دەخوێنرێتەوە، بێگومان ئا لەو قورئانە دا ڕەحمەت و یادەوەری ئاشکرا هەیە بۆ ئەو کەسانەی کە ئیمان دەهێنن. * بَلْ هُوَ آيَاتٌ بَيِّنَاتٌ فِي صُدُورِ الَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ .العنكبوت/٤٩*واتە: بەڵکو قورئان چەند ئایەتێکی ڕوون و ئاشکران لە سینەو دڵ و دەروونی ئەو کەسانەدا عیلم و زانستیان پێبەخشراوە. * وَكَيْفَ تَكْفُرُونَ وَأَنتُمْ تُتْلَىٰ عَلَيْكُمْ آيَاتُ اللَّهِ* آل عمران/١٠١. واتە: جا ئێوە چۆن کافر دەبن لە کاتێکدا کە ئایەتەکانی خواتان بەسەردا دەخوێنرێتەوە و پێغەمبەرەکەی لەناوتاندایە.

**٣- موعجیزەکان:** *وفيكم رسوله* آل عمران/١٠١ واتە: وپێغەمبەری ئەو لە نێو ئێوەدایە. * اقْتَرَبَتِ السَّاعَةُ وَانشَقَّ الْقَمَرُ. وَإِن يَرَوْا آيَةً يُعْرِضُوا وَيَقُولُوا سِحْرٌ مُّسْتَمِرٌّ.القمر/١-٢* واتە: ڕۆژی قیامەت نزیك بۆتەوە و مانگیش لەت بوو، خۆ ئەگەر ئەوانە هەر موعجیزە و بەڵگەیەك ببینن پشت هەڵدەکەن و دەڵێن: ئەمەجادوویەکی بەردەوامە . * وَيَا قَوْمِ هَٰذِهِ نَاقَةُ اللَّهِ لَكُمْ آيَةً .هود/٦٤* واتە: ئەی خزمەکانم ئەمە وشترەکەیە کە لەلایەن خواوە کراوە بە موعجیزە و نیشانەیەکی تایبەت. * وَرَسُولًا إِلَىٰ بَنِي إِسْرَائِيلَ أَنِّي قَدْ جِئْتُكُم بِآيَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ أَنِّي أَخْلُقُ لَكُم مِّنَ الطِّينِ كَهَيْئَةِ الطَّيْرِ فَأَنفُخُ فِيهِ فَيَكُونُ طَيْرًا بِإِذْنِ اللَّهِ وَأُبْرِئُ الْأَكْمَهَ وَالْأَبْرَصَ وَأُحْيِي الْمَوْتَىٰ بِإِذْنِ اللَّهِ وَأُنَبِّئُكُم بِمَا تَأْكُلُونَ وَمَا تَدَّخِرُونَ فِي بُيُوتِكُمْ ۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَةً لَّكُمْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ .آل عمران/٤٩* واتە: بۆنەوەی ئیسرائیل کە من پێغەمبەرێکم، بۆ لای ئێوە ڕەوانەکراوم، بەڵگە و نیشانەیەکیشم پێیە لە لایەن پەروەردگارتانەوە، من لە قوڕ شێوەی باڵندەتان بۆ دروست دەکەم، ئینجا فووی پێدا دەکەم، بەفرمانی خوا یەکسەر، دەبێتە باڵندەیەکی زیندوو و کوێری زگماك و نەخۆشی بەڵەکی چاك دەکەمەوە بەویستی خوا و مردووانیش زیندوو دەکەمەوە بەفرمانی خوا و هەواڵی ئەو شتانەی کە دەیخۆن و هەڵی دەگرن لە ماڵەکانتاندا پێتان ڕادەگەیەنم، بەڕاستی لەو شتانەدا بەڵگەو نیشانە هەیە بۆتان ئەگەر ئیماندارن.

دەقەکانی قورئان ڕوونی دەکەنەوە کە لە گەردووندا چەندەها ئایەتی تێدایە نەك بە تەنیا ئایەتێك، هەروەها لە قورئانیشدا چەندەها نیشانەو بەڵگەی تێدان نەك بە تەنیا یەکێك، و موعجیزەکانیش ئایەت و بەڵگەن.

دەیان دیاردە لە گەردووندا هەن و هەریەکەیان ئاماژەی ناسینی خوامان بۆ دەکەن، دەیان دیاردەش لە قورئانی پیرۆزدا هەن کە هەر ئایەتێک بەسە بۆ بەڵگەهێنان بۆ (الله) ﷻ، موعجیزەکانیش کە دیاردەی مێژوویین، هەر دیاردەیەکیان بەسە بۆ ئەوەی خوای پێبدۆزینەوە، لەهەر دیاردەیەکیشدا هەزاران ئاماژەی تێدایەکە دەمانگەیەننە (الله) جل جلالە، خوا بەڵگەی تەواوی لەسەر ئادەمیزاد هێناوەتەوە * رُسُلًا مُبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى اللَّهِ حُجَّةٌ بَعْدَ الرُّسُلِ* النساء/١٦٥ واتە: پێغەمبەرانمان کە مژدەدەرن و ترسێنەرن تا خەڵکی هیچ بەڵگەیەکیان بەدەستەوە نەمێنێت دوای ئەوەی خوا پێغەمبەرانی بۆ رەوانە کردوون. * قَالُوا أَوَلَمْ تَكُ تَأْتِيكُمْ رُسُلُكُم بِالْبَيِّنَاتِ قَالُوا بَلَىٰ قَالُوا فَادْعُوا وَمَا دُعَاءُ الْكَافِرِينَ إِلَّا فِي ضَلَالٍ. غافر/٥٠* واتە: ئەوانیش لە وەڵامی داخوازیەکەیاندا دەڵێن: باشە، مەگەر پێغەمبەرەکانتان بە بەڵگەو نیشانەی روون و ئاشکراوە رەوانە نەکرابوون بۆتان؟ هەمووان بەیەکدەنگ دەڵێن: بەڵێ، راستە، ئینجا فریشتەکان دەڵێن: دەی کەوابوو هەر داوابکەن وبپاڕێنەوە، بێگومان داخوازی و پاڕانەوەی کافران بەهیچ ناچێت، تازە هیچ نرخێکی نیەو گیرا نابێت.

جا لەم دەرفەتەدا نیشانەو بەڵگەو ئایەتەکانی پەروەردگار لە گەردووندا دەخەینە روو، بە جۆرێك تیایاندا بەڵگە لەسەر هەموو بێباوەرو موچیرو کەللەرەقێك دەهێنێتەوە، بەوەی پەروەردگار ئامادەیە و بوونی هەیە و خاوەنی هەموو سیفاتی تەواوەتی و شکۆو جوانیەکە.

لە دووەم پەرتووکیشماندا بە ناونیشانی (الرسول) ئایەتەکانی پەروەردگارمان لە قورئان و موعجیزەی پێغەمبەراندا بۆ دەردەکەوێت، هەروەك چۆن قورئان خۆی لەخۆیدا ئایەتێکەو ئەمانگەیەنێتە پەروەردگار، یا هەروەك چۆن موعجیزە بە شێوەیەکی رەها ئایەتێکە ئەمانگەیەنێتە پەروەردگار، لەهەمان کاتداو هەرواش قورئان شایەتیە لەسەر ئەوەی کە محەمەد (ﷺ) پێغەمبەری خودایە، هەروەها لە موعجیزەکانیشدا ئەو گەواهیە هەن، بۆیە ئێمەش ئەم دووانەمان دواخست بۆ نامەکانی داهاتوو کە تێیدا راستێتی پەیامی محەمەد (ﷺ) بەبەڵگەوە دەسەلمێنین بە پشتیوانی خوای گەورە.

هێشتاش کەرامەت لەم نەتەوەیەدا بەردەوامە. وهەر کەرامەتێك لەم نەتەوەیەدا موعجیزەیە بۆ پێغەمبەر (ﷺ). جا هەر کەرامەتێك لە خودی خۆیدا بەڵگەیە لەسەر راستێتی پەیامی

پێغەمبەرەکەمـان و بەڵـگەی بـوونی اللە یە، چـونکە کەرامەت وەك مـوعجیزە وایە بەهـۆی تێپەڕاندنی جیهانی هۆکارێتی. ئەوکەسـەش بیـر لەم دیاردانە بکاتەوە لەم زنجیـرەدا باسـیان دەکەین - کە دڵۆپێکن لە دەریایەك – هیچ لە بەردەمیا نامێنێتەوە جگە لە موسڵمانبوون نەبێت، تەسلیم بوون بە خواو پێغەمبەرەکەی.

جا دوای ئەوەی کە چۆنیەتی ڕێگای گەیشتنە ناسـینی خـوداو بڕواهێنـان پێی ڕوونبـووەوە، ودوای ئەوەی هەڵەی بۆچـوونی لادراوان لە ڕێگاکەمـان بـۆ دەرکەوت و پاش ئەوەی زانیمـان چۆن بەڵگەکان ڕێکدەخەین لەم زنجیرەیەدا، و جۆری بەڵگەی دەیخەینە ڕوو لەم باسانەدا چـین ، ئێسـتاش بـا ئەوانە بخەیـنە ڕوو پەیوەنـدی هەیە بەم باسـەوە لە خسـتنەڕووی دیاردەکانی گەردوون کە بەڵگەی خودای بەدیهێنەری گەردوونمان پێدەدات.

# دیاردەی یەکەم
# دیاردەی بەرپابوونی گەردوون

**دیاردەی بەرپابوونی گەردوون، یان پەیدابوون دوای ئەوەی کە نەبووە!**

یەکەم دیاردە کە ئەمانگەیەنێتە پەروەردگارو بەڵگەیە لەسەر پەروەردگارێتی (الله) ﷻ، بریتیە لە ڕوودان و بەرپابوونی ئەم گەردوونەی پێمان دەڵێت بەدیهێنەرێکی هەیە، هەرچەندە زانستیش پێشبکەوێت ئەوا بە شێوەیەکی وردترو قوڵترو زیاتر بەڵگەمان ئەدات بەدەستەوە تا زیاتر قەناعەت بەم دیاردەیە بکەین، بەڵکو بەهۆی بەڵگەی زۆری زانستی کە لەم ڕووەوە پێشکەشی کردووین بووەتە حوکمێکی بەڵگەنەویست، چونکە ڕوونی و تێکڕایی بەڵگەکان گومانمان لا ناهێڵێتەوە، بۆ نموونە یاساکانی گەرمی و یاساکانی ئەلەکترۆن و وزەی خۆر، هەریەکەو بەڵگەی ئاشکرای خۆی لەمڕووەوە خستووەتە ڕوو،جا بە یەکانگیربوونی ئەم بەڵگانە، بە جۆرێك مەبەستەکە ڕوون دەبێتەوە کە بواری گومان نەمێنێتەوە، ئەمە جگە لە بەڵگە فیطری و عەقڵی و بڕاوە(قطعی)یەکان، کە خواناسەکان هەریەکەو لەسەردەمی خۆیاندا لێی دواون. ئێمەش هەوڵئەدەین یەك لەدوای یەك ئەم لایەنانە بخەینە ڕوو، تا بزانین چۆن هەریەکەو بەڵگەی خۆی دەخاتە ڕوو لەسەر ئەوەی کە ئەم گەردوونە لەدروستکردنی بەدیهێنەرێکی خاوەن توانایە!

**١- یاساکانی گەرمی:**

لیکۆنت دی نۆی سەرۆکی بەشی فیزیای پەیمانگای باستۆر، وسەرۆکی بەشی فەلسەفە لە زانکۆی سۆربۆن لە پەڕتووکی ( چارەنووسی مرۆڤایەتی) دا دەڵێ:

(( ڕوویەك لەو ڕووانەی زانستی نوێ سەرکەوتنێکی گەورەی تیا بەدەستهێنا، گرێدانی یاسای (کارنۆت- کلۆزیۆس)ـە، هەروەها یاسای دووەمی تەرمۆدینامیکیشی پێدەگوترێت، کە

دائەنرێت بە کلیلی تێگەشتنمان بۆ مادەی زیندوو، - بەهۆی ئەگەرەکانەوە- زانای فیزیایی بەناوبانگ بۆلتزمان سەلماندی کە پەرەسەندنی نازیندوو شایستەی پێچەوانەبوونەوە (انعکاس) نیە کە ئەم یاسایە فەرزی دەکات، لەگەڵ گەشەسەندنێکدا یەکدەگرێتەوە بەرەو ئەو حاڵەتانەی کە زیاترو زیاتر ئەگەری زیادبوونی وێکچوون و هاوکێشەی توانای هەبێت، بەم جۆرە گەردوون مەیلی هاوکێشبوونی هەیە، بە جۆرێك کە هەموو ناوێکچوو(عدم التناظرات)ە هەبووەکان لەم کاتەدا دەپوکێنەوەو هەموو جوڵەکان دەوەستن و تاریکایی تەواو بەرپادەبێت))[1]

بەمجۆرە ئەدوارد لۆزکیل دەربارەی ئەم یاسایە بە جۆرێك دەدوێت کە دەیچەسپێنێ ئەم گەردوونە سەرەتایەکی هەیە بەمجۆرە:

(( هەندێك وا گومان دەبەن گەردوون بەدیهێنەری خۆیەتی، بەڵام هەندێکی تر وای دەبینن بڕوا بوون بە ئەزەلییەتی گەردوون ئاسانترە لە بڕوابوون بە بوونی خوایەکی ئەزەلی، بەڵام یاسای دووەمی دینامیکی گەرمی ئەو ڕایە بەحەق دانانێت(واتە هەتاهەتایی گەردوون)، زانستیش بە ڕوون و ئاشکرایی سەلماندوویەتی کە ڕێی تێناچێت ئەم گەردوونە هەتاهەتایی بێت، چونکە گواستنەوەی گەرمی بەردەوامە لە تەنە گەرمەکانەوە بۆ تەنە ساردەکان، پێچەوانەی ئەمەش بە هێزێکی زاتی نایەتەدی، بە مانایەکی دی گەردوون دەگاتە ڕادەیەك کە گەرمایی هەموو تەنەکان بگاتە ڕێژەیەکی یەکسان بەیەك، ئەو کاتەش دەبێتە سەرچاوەی وزە، ئێدی کارلێکی کیمیاوی و سروشتی ڕوونادات، وهیچ شوینەوارێکی ژیانیش لەم گەردوونەدا نامێنێت، بۆیە دەگەینە ئەو بەرەنجامەی ڕێی تێناچێت ئەم گەردوونە هەتاهەتایی بێت، گەرنا لە مێژ بوو وزەکەی لەدەستدەداو هەموو چالاکیەکی بوون دەوەستا، بەمجۆرەو بێمەبەست زانست گەیشتە ئەو باوەڕەی گەردوون سەرەتایەکی هەیە، بەمپێیەش بوونی خوا دەسەلمێت، چونکە شتێك سەرەتای هەبێت ڕێی تێناچێت خودی خۆی هێنابێتە بوون، بەڵکو دەبێت سەرەتاسازێکی هەبێت، یان جوڵێنەری یەکەم، یاخود ئەو بەدیهێنەرەی کە خودایە))[2]

---

(١)مصير البشرية. ليكونت دی نوی. (٢) الله يتجلى في عصر العلم.

هەروەها فرانك ئالانی زانای سروشتی بایۆلۆجی بەڵگەی لەسەر ئەوە هێناوەتەوە گەردوون هەتاهەتایی نیە بە پێی ئەم یاسایە، ئەو دەڵێت: زۆر دەگوترێت ئەم گەردوونە مادەیەو پێویستی بە بەدیهێنەر نیە، بەڵام گەر ئێمە بڕوا بەوە بهێنین کە ئەم گەردوونە بوونی هەیە ئەوا دەپرسین بوون و گەشەی گەردوون چۆن بووە؟

لێرەدا چوار ئەگەرمان بۆ دروست دەبێت بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە: یان ئەم گەردوونە وەهم و خەیاڵە، ئەمەش پێچەوانەی هۆ دەوەستێت کە لەسەرەتاوە بڕوامان بە بوونی هێناوە، یان گەردوون لەخۆڕا لە نەبوونەوە هاتووەتە دی، یا گەردوون هەتاهەتاییەو دروستبوونی سەرەتای بۆ نیە، یاخود ئەم گەردوونە بەدیهێنەرێکی هەیە.

سەبارەت ئەگەری یەکەم هیچ گرفتێکمان پێشناخات جگە لە گرفتی هەست و شعور، ئەمەش ئەوەیە کە هەستکردنمان بەم گەردوونەو ئەو شتانەی تێیدا ڕوودەدەن، ناکرێت خەیاڵ و وەهم بن و سێبەری ڕاستەقینەی نەبێت، کەواتە ئەو ڕایەی دەڵێت ئەم گەردوونە بوونێکی کردەیی نیە و تەنیا وێنەیە لە ناخ و بیرماندا وئێمە لە جیهانی خەیاڵدا دەژین، ئەمە پێویست بە گفتوگۆ ناکات.

سەبارەت ڕای دووەمیش کە دەڵێت ئەم جیهانە بە مادەو وزەی ناویەوە لە خۆڕا لە نەبوون دروستبووە، ئەمە لە ڕای یەکەم بێبایەخترو سوکترە، کە شایستەی گفتوگۆو تێڕوانین نیە.

ڕای سێیەمیش کە دەڵێت ئەم گەردوونە هەتاهەتاییە و سەرەتای نیە، لەگەڵ ئەو ڕایەدا یەکانگیر دەبێت کە دەڵێت ئەم گەردوونە پەروەردگارێکی هەیە، خاڵی هاوبەشیشیان ڕەگەزی هەتاهەتاییەکەیەتی، جا ئێمە یان دەبێت سیفەتی ئەزەلی بدەینە پاڵ جیهانی مردووی بێگیان، یان دەبێت بیدەینە پاڵ پەروەردگارێکی زیندووی بەدیهێنەر، لێرەدا هیچ گرانیەك لەسەر بیرمان دروستنابێت گەر هەریەکێك لەم دوو ئەگەرە هەڵبژێرین، بەڵام یاسای دینامیکی گەرمی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ڕەگەزەکانی پێکهاتووی ئەم گەردوونە هێدی هێدی گەرمایەکەی لەدەستدەدات.. و بەرەو ئەو ڕۆژە دەچێت پلەی گەرما بگاتە سفری ڕەهاو، ئالەو ڕۆژەشدا وزە نامێنێت وژیان دەوەستێت، ئەوکاتەش هیچ شتێك دادمان نادات، کاتێك کە وزە نەمێنێت و بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار پلەی گەرمای تەنەکان بگاتە سفری ڕەها.. بەڵام خۆری گڕگرتوو، ئەستێرە پرشنگدارەکان، زەمینی دەوڵەمەند بە جۆرەها ژیانی جیاواز، هەموو بەڵگەیەکی ڕوونن لەسەر ئەوەی بنەڕەتی گەردوون و بناغەکەی پەیوەستە

به کاتێکی دەستنیشانکراوەوە کە لە ساتێکی دیاریکراوەوە دەستی پێکردبێت. کەواتە لە ڕووداوەکانەوە ڕوویداوە، مانای ئەمەش ئەوەیە کە دەبێت ڕەسەنایەتی و بنەمای گەردوون بەدیهێنەرێکی هەتاهەتایی هەبێت، بێ سەرەتا بێت، زانا و ئاگادار بێت بەهەموو شتێك، بە تواناو بەهێز بێت بە شێوەیەکی بێ سنوور، دەشبێت ئەم گەردوونە لە دروستکراوی دەستی ئەو بێت))[1]

کەواتە یاسا دەیسەلمێنێت مادام لە گەردوون گەرمایی هەیە کەواتە ڕێی تێناچێت هەتاهەتایی بێت، چونکە گەرما بۆخۆی نایەتەدی دوای ساردبوونەوەی، و گەر هەتاهەتایی بووایە سارد ئەبوو نەك گەرم.

٢ -یاساکانی جوڵەی ئەلەکترۆن:

شایەدی تر لەسەر ئەوەی گەردوون ڕووداوەو بەرپابووە، ئەوا لە هەموو گەردێکی بوونەوەردا دەیدۆزینەوە، چونکە گەردەکانی بوونەوەر لە پارچەپارچەو بەشی کارەبایی سالب و موجەب پێکهاتووە، بە بارگە موجەبەکان دەگوترێت پرۆتۆن، و بە بارگەی سالب دەگوترێت ئەلەکترۆن - و ناوکی گەردەکان تەنیا هیدرۆجین نەبێت تەوژمێکی مامناوەندی زیاتری تیایەو پێی دەگوترێت نیترۆن، هەرچی نیترۆن و پرۆتۆنە ناوکی گەرد پێکدەهێنن، بەڵام ئەلکترۆن هەسارە گەڕۆکەکانی گەرد پێکدەهێنێت و بەتیژیەکی خێراو بەجوڵانەوەیەکی بازنەیی ئیهلیلجی دەخولێتەوە، جا بە هۆی ئەم خێراییە تیژەی لە ئەلکترۆندا هەیە ئەوا ئەلکترۆن بە بەردەوامی بەم پێیە دەجولێت، چونکە گەر ئەو خولانەوەیە نەبووایە ئەوا پارچەی ناوکەکە پارچەی ئەلکترۆنەکانی ڕادەکێشا، ئالێرەوە سەرسامی بەم کارلێکردنە دێتە دی، چونکە لەم حاڵەتەدا هەسارەیەکی وەك گۆی زەوی لە قاڵب و قەبارەی هێلکەیەکدا دەردەکەوت و خۆی دەنواند، چونکە بۆشایی لە جیهانی گەرد دا زۆر بەرفراوانە، ولەتی پارچەکان زۆر شوێنێکی بچوك داگیردەکەن لە بۆشایی وبڵاویی گەرد(الذرة)دا، چونکە

---

(١) الله يتجلى في عصر العلم.

دووریی نێوان ناوك و ئەلکترۆنەکانی خولخواردوو بە دەوریا، وەك دووری نێوان خۆرو هەسارە گەڕۆکەکان وایە بە شێوەیەکی ڕێژەیی...

لەم کورتە لێکۆڵینەوەی گەرد ئەم ڕاستیانەمان بۆ ئاشکرا دەبێت:

١- ئەلەکترۆن لە زۆربەی گەردەکانی بووندا – گەر لە هەمووشیدا نەبێت – لە جوڵەیەکی بازنەیی بەردەوامدایە.

٢- هیچ بەڵگەیەك نیە لە بوونەوەردا ئەوە بسەلمێنێت ئەلکترۆنەکان شێوەو حاڵەتی تریان هەبووبێت پاشان بەمجۆرەی لێهاتبێت، ئەگەر حوکمیش نەدەین بەسەر مەحاڵی تێڕوانینێکی کۆنی تری ئەمبارەدا، چونکە گەر وابووایە ئەوا پێویستمان بە کارلێکەرێك دەبوو ئەلەکترۆنەکانی بوون دوای سستی و وەستانیان بیجوڵاندنایەو بەم پێیەش گەردوون دوای تەسکیەکەی بەرفراوانتر دەبوو.

٣- ئەم گەردوونە هەمووی لەو گەردانە پێکهاتووە، کە ئێستا لەمەڕ تایبەتمەندیەکانیان دوایین، بەڵکو لەهەمان ڕەگەزیش پێکهاتوون، ئەو جوڵەیەش کە لە ئەلەکترۆندا دەیبینینەوە لەتەنە ئاسمانیە گەورەکانیشدا هەیەو هەر هەمان شتە.

دوای ئەم ڕاستیانە دەڵێین:

ئەو شتەی دەخولێتەوە دەبێت خاڵی سەرەتای (کاتی و شوێنی) هەبێت، کە خولانەوەکەی لێوە دەستپێکردووە، جا گەر ئەلکترۆن و تەنەکان هەموویان لە جوڵانەوەیەکی بازنەییدابن، وەك دەردەکەوێت ئەم جوڵەیە دەستپێکردوو نەبووە، کەواتە دەبێت سەرەتایەکی زەمەنی و شوێنیی هەبێت بۆ جوڵەی ئەلکترۆن، ئەم سەرەتایەش لە ڕاستیدا سەرەتای بوونی خودی گەردەکان بووە، ئالێرەشدا دەگەینە ئەو بەرەنجامەی ئەم گەردوونە سەرەتاو سەرهەڵدانێکی هەبووەو بەدیهێنەرێکیشی هەیە کە لەنەبوونەوە هێناویەتە بوون، چونکە نەبوون بوونی لێناکەوێتەوە.

**٣- وزەی خۆر:**

پێمان خۆشە سەرەتا لەبابەت مانای وشەی (ئەزەل: هەربووی بێسەرەتاوکۆتا) ڕوونکردنەوەیەك بدەین، ئەمیش ئەوەیە گەر ژمارە (١) دابنێین و لە بەردەمیەوە هێندە ژمارە سفر دابنێین تا دەگاتە قەراغی گۆی زەوی، وئەو ژمارە گەورەیە گەر بکەین بە ساڵ ئەوا نزیکە وەك سفر تەماشابکرێت سەبارەت بە کۆتایی نەهاتن و سەرەتا نەبوون، هەر بە

هەمان شێوە گەرژمارە (١) هێندە سفری لەبەردەمەوە دابنێین لەسەرەتای گەردوونەوە تا کۆتایی، ئەوا ئەم ژمارەیەش تەنیا بەشێکی کۆتایی نەهاتن دەنوێنێ کە وەکو سفر وایە، ئابەم جۆرەیە مانای هەربوو (الأزل) دەکرێت.

جا ئەوانەی کە دەڵێن مادە هەر بووە ئەوا ئەم مانایەی پێدەبەخشن، لە ڕاستیشدا سەرجەم دیاردەکانی گەردوون پێچەوانەو ناڕاستی ئەم ڕایە دەسەلمێنن، ئەم دیاردەیەش کە لێی دەدوێین بە یەکێك لەو دیاردانە دادەنرێت.

ئایا خۆر ئەو وزەیەی لە کوێ دەهێنێت؟ وچۆن پارێزگاری گەرمایيەکەی دەکات؟ کاتێکیش دەڵێین خۆر ئەوا مەبەستیشمان هەموو ئەستێرەکانی ئەم گەردوونەیە ، چونکە ئەستێرەکانی ئەم گەردوونە هەموو خۆرن و بە هۆی دووریيان لێمانەوە بچوك دیارن، ئەم خۆرەی ئێمەش نموونەیەکە لەوە.

ئەو دوو پرسیارەی دەرمانبڕین زۆرگرنگن، چونکە خۆرەکەمان و هەموو خۆرەکان لە بەخشینێکی بەردەوامدان، هەردەم تیشکی گەرمایی دەبەخشن کە وزەی لەخۆ گرتووە.

(( ساڵی١٩٣٣ پێشانگای شیکاگۆ بە تەواوی ڕووناك بووەوە بە هۆی کلیلێکی گەورەوە کە بە هۆی تیشکێکی کەمی ئەستێرەی (السمك الرامح) دەرچوو پێش چل ساڵ)[1]

((کەواتە ئایا هۆی ئەووزانە چین لە خۆرەکاندا؛ زیاد لە وەڵامێك بۆ ئەم پرسیارە دراوەتەوە، بەڵام هیچیان جێی متمانە نین گەردوا وەڵام نەدەینەوە کە دەڵێت: گەردەکانی ئەم خۆرانە لە ناوەوە تێکدەشکێن کە گەرمایيەکی لە ڕادەبەدەریان لە هەناودایە، جا بەهۆی ئەم تێکشکانە گەورەو بەرفراوان و بەردەوامانە ئەوا وزەی گەرمی بێهاوتاو بێنموونە پێکدێت، وئاشکراشە کاتێك گەرد تێکدەشکێت بەشێك لە پێکهاتەکەی بزردەکات و ئەم بەشە دەبێتە وزە، واتە هەر ڕۆژێك بەسەر خۆرێکدا تێپەڕێت بەشێك لە پێکهاتەکەیان بزر دەکەن گەرچی کەمیش بێت، بۆ نموونە خۆر هەر ڕۆژەی هێندە کیلۆگرام کەم دەکات، هەر بەمجۆرەش سەرجەم ئەستێرەکانی تریش))[2]

---

(١) مصير البشرية.

(٢) مع الله في السماء. أحمد زكي.

جا گەر ئەم خۆرانە کۆن و هەر بووبن ئایا ڕێی تێدەچێت بەم جۆرەی ئێستا بوونایە؟ یاخود بە یەکجاریی تەواو ئەبوون و کۆتاییان پێدەهات؟ جاوەك چۆن بۆمان دەرکەوت ئەزەل مانای هەتاهەتایی دەبەخشێت، نابێت ئەوەمان لە بیر بچێت بەشێك لەو وزەیەی خۆر سەرفی دەکات دەبێتە مادە، بەڵام ڕێژەی ئەم گۆرانە بۆ ڕێژەی نەگۆڕان زۆر کەمە، وەك ڕێژەی ئەستێرەکان وان سەبارەت ئاسمان، ئەم وتەیەش ئەوە ناگەیەنێت بەشێکی لەگەردووندا لەدەست بدات و دواتر وەربیگرێتەوە، بەڵکو زۆرجار ئەم هاوتاییە دەبینرێت، بەڵام قسەی ئێمە سەبارەت گەردوونە بە گشتی، چونکە مادام ئاسمان هێندە بەرفراوان و مەزنە، بێگومان بەشێکی زۆر لەو وزەیە بزردەبێت و نابێتە مادە، و مادام تاکە تیشکێك هەبێت وای دابنێین بەر هیچ مادەیەك ناکەوێت، هەتا دووبارە دروستبوونەوەی بنیات بنرێت بەشێوەیەکی نوێ، ئەوا تێڕوانینی ئەزەلیەت بۆ گەردوون شتێکی مەحاڵە، چونکە تاکە تیشکێك بە درێژایی بوون و ئەزەل بەسە بۆ تەواوکردن و بەپایانگەیاندنی وزەی هەموو گەردوون.

بەڵام سەبارەت ئەوەی بگوترێت گەردوون هەمووی لە بنەڕەتدا وزە بووە، و پاشان بووەتە مادە، و ئێستاش مادەیەو دەبێتە وزە، پاشان دەبێتەوە مادەو بەمجۆرە.. ئەوا هەڵەی ئەم تێڕوانینە زۆر ئاشکرایە، چونکە کاتێك وزە بوونی دەبێت کە مادەیەك هەبێت و پێکهێنابێت، چونکە مادە پێویستی بە زاتەو بێ ئەو وەك (نەبوو) وایە، یا بە پێی دەربڕینی زانا کۆنەکان: مادە نیشانەیەکە پێویستی بە ناوەڕۆکێکە کە تیایدا دەربکەوێت، بۆ نموونە خۆر کاتێك تیشك دەداتە زەوی، گەردەکانی زەوی گەرمایەکەی وەردەگرن، ئەوسا گەردەکانی زەوی بە وزەی گەرما بارگاوی دەبن، بەڵام لە کاتێکدا ئەم تیشکە بەرمادە نەکەوێت، ئایا بۆ خۆی دەبێتە گەردی مادە؟ بەلایەنی کەمەوە تائێستا کەس ئەمەی نەدرکاندووە، بێگومان بەمجۆرە بۆمان دەردەکەوێت ئەم گەردوونە کۆن نیەو سەرەتایەکی هەیە، بوونی گەردوونیش ڕێی تێناچێت گەر بەدیهێنەرێکی نەبێت، ئەو بەدیهێنەرەی لەسەرەتادا دروستیکردووە دوای ئەوەی گەردوون بوونی نەبووە.

٤- زاناکانی یەکتاپەرستی پێشین لە کۆندا بەم جۆرە بەرپابوونی گەردوونیان لە نەبوونەوە بە توانای (الله) ﷻ لێکداوەتەوە: کاتێك تەماشای گەردوونیان کرد، پێکهاتەکانی بەسەر دوو جۆردا دابەشبوون، بەشێکیان بۆ خۆیان بەکارن، جۆرێکیشیان بێ زات پێکنایەن، بۆ

نموونە لەش بۆ خۆی پێکدێت، بەڵام تەخۆشی بێ بوونی لەش دروستنابێت، ئەتۆمیش بە زاتی خۆی کارا دەبێت بەڵام گەرمی بە بێ زات نایەتە دی، ئەوەش کە هەڵدەستێت بە پێکهێنانی خۆی پێیدەگوترێت ناوەڕۆك (جوهر)، ئەوەش بێ بوونی ناوەڕۆك نایەتەدی پێی دەگوترێت نیشانە و کاریگەری. کەواتە گەرد جەوهەرەو گەرمیەکەی بەرەنجامە، لەش ناوەڕۆکەو لەشساغی رووکەشەکەیەتی.

هەروەها گوتویانە ناوەڕۆکەکان لە نیشانە جیاناکرێنەوە، هیچ ناوەڕۆکێکیشمان بێ کاریگەری نەبینیوە، هەموو نیشانە(عرض)ێکیش رووداوە، بۆنموونە تاریکایی رووداو و بەرپابووە چونکە پێش ماوەیەك رۆژ بووە، هەروەها رۆژیش بەرپابووە، پێش ماوەیەك شەو بووە، گەرمایی گەردەکانیش هەرچۆنێك بێت سەرەتای هەیە، هەرواش ساردیەکەی سەرەتایەکی هەبووە، کەواتە هەموو کارلێکراوێك سەرەتایەکی هەیە، جا کەوابێت هەر ناوەڕۆکێك بێ بەرەنجام نەیەتەدی، ئەوا هەموو ناوەڕۆکێك بێ سەرەتا نابێت، ناوەڕۆکەکان و بەرەنجامەکانی گەردوونیش هەر هەموو بەرپابوون و ئەزەلی نین.[1]

**گفتوگۆی پرسیارێك:**

خەڵك کە دەگاتە ئەم ڕاستیە پرسیارێکی دووبارەو کۆنی لا دروست دەبێت، ئەویش ئەوەیە: ئایا کێ خوای بەدیهێناوە، کە هەموو شتێکی هێناوەتە بوون؟ جا لە ناوەڕۆکی پرسیارەکەدا وەڵامەکەشمان چنگ دەکەوێت، کەواتە (الله) بەدیهێنەرەو پەروەردگاریش بەو جۆرە بێت ئەوا ئەمە وامان لێدەکات نەیەت بە بیرماندا کە پەروەردگار بەدیهاتووبێت، چونکە گەر بەدیهاتووبووایە ئەوا نەیدەتوانی بەدیهێنەر بێت! ئیدی چۆن ئەو بۆچوونەمان لا دروست بێت کە بەدیهێنەری ئەم گەردوونە بەدیهاتووە؟ هەر بۆ نموونە مرۆڤ لەگەڵ ئەوەی کە ئەم هەموو توانایەی پێبەخشراوە ناتوانێت شتێك لە نەبوونەوە بخولقێنێت، جا چۆن بە خەیاڵماندا بێت بەدیهێنەری ئەم گەردوونە خۆی بەدیهێنرابێت؟

پێشەوا حسن البنا (ڕەحمەتی خوای لێبێت) بەم جۆرە وەڵامی ئەوانە دەداتەوە: (( گەر پەرتووکێکت لە کتێبخانەکەدا داناو پاشان ژوورەکەت جێهێشت و پاش کەمێك گەڕایتەوە ناو ژوورەکە، پاشان کتێبەکەت بینی لەناو چەکمەجە دانرابوو، ئەوا بە تەواوی باوەڕت دێتە سەر ئەوەی کەسێك خستبێتیە ئەو جێگەیە، چونکە دەزانیت لە سیفەتەکانی ئەو پەرتووکە.

(١) سەیری (شروح جوهرة التوحید) بکە

ئەوە نیە بۆخۆی خۆی بگوازێتەوە..ئەم خاڵە بزانە و با لەیادت بێت و بچینە سەر خاڵێکی تر: گەر لە ژووری کتێبخانەکەتدا کەسێکت بینی لەسەر کورسیەك دانیشتبوو، پاشان چویتە دەرەوەو هاتیەوە ژورێ، بۆ نموونە بینیت لەسەر ڕایەخێك دانیشتوە، ئەوا ئەو کاتە لە هۆی گواستنەوەکەی ناپرسیت و بەبیرتا نایەت کەسێك لەو جێگەیەدا گواستبێتیەوە، چونکە لات ڕوونە لە سیفەتەکانی ئەو کەسە ئەوەیە بۆخۆی دەگەڕێت نەك کەسێك هەبێت بیگوێزێتەوە، ئەم خاڵەشت لەیاد بێت ئەنجا بزانە کاتێك سەرجەم بەدیهاتووەکان ڕووداو و بەرپابوو بن، بشزانین سیفات و سروشتیان بە جۆرێکە بۆ خۆیان نایەنە دی، بەڵکو دەبێت بەدیهێنەرێکیان هەبێت، زانیشمان بەدیهێنەرەکەی خوای بەرزو بەشکۆیە، وکاتێك تەواوێتی خودا پێویستی بکات خودا پێویستی بە جگە لەخۆی نەبێت، چونکە لە سیفاتەکانی ئەوەیە کە بۆ خۆی بووەو وەستاوە(قیام بنفسه)، ئەوکات بۆمان دەردەکەوێت زاتی خۆی هەربووەو پێویستی بەکەس نەبووە بهێنێتە بوون، جا گەر دوو خاڵەکەی پێشین بخەینە پاڵ ئەم وتەیە، ئەوا ئەگەینە ئەم پلەیە لە ڕاستی، عەقڵی مرۆڤیش کورتی هێناوە پەی بەزیاتر لەمە بەرێت))[1]

زاناکانی یەکتاپەرستیش وایدەبینن کە ئەم پرسیارە هیچ واتایەکی نیەو بۆیە دەڵێن: ((گەر لەگەڵ ئەو کەسانەدا بڕۆین کە دەڵێن کێ خوای دروستکردووە؟ گەر پێیان بگوترێت یەکێکی تر ئەوی بەدیهێناوە، دەڵێن ئەی کێ ئەوی تری بەدیهێناوە؟ و پاشان ئەوی سێیەم و هەر بەمجۆرە..... ئەی لە کۆتایدا چی دێت؟ بێگومان دەبێت لە کۆتایدا بگەینە زاتێکی بێ سەرەتا هیچ بەدیهێنەرێکی نەبێت، ئەم زاتەش بێ سەرەتایەو هیچ خوایەکی نیە کە ئەویش زاتی خودای تاکوتەنیایە، هەچ پرسیارێکیش لەم نێوەندەدا بکرێت لە کۆتایدا بێمانا دەمێنێتەوە، چونکە تەنیا بەدیهێنەرو بەدیهاتووان هەن، ڕێشی تێناچێت بەدیهێنەر بەدیهێنەرێکی تری هەبێت))[2]

لە ڕاستیدا کەسێك ئەم پرسیارە دەکات یان گاڵتەپێکەرە، لەوەڵامدا دەبێت پشتی تێبکەین. یاخود خەیاڵاتی بۆ دروست بووەو دەبێت هۆکاری ئەو خەیاڵاتە بڕەوێنینەوە، هۆی خەیاڵاتەکەشی ئەوەیە دروستکراوانی بینیوە پێویستیان بە بەدیهێنەرە، جا گەر بییستین ئەم لێکدانەوەیە بەسەر بەدیهێنەری گەردووندا بهێنرێتە دی، ئەمە هەڵەیە، مەرج نیە ئەو

(١)العقائد. حسن البنا. (٢) پێداچوونەوەی ( کبری الیقینیات) بکە.

یاسایانەی بەسەر دروستکراواندا دێتە دی بەسەر دروستکاریشدا بێتە دی، چونکە دروستکراوان و ئەو یاسایانەی ڕامی دەبن لە بەدیهێنانی دروستکارێکە، لە سنووری هەموو جیهانیشدا دەبینین ئەوەی کە مرۆڤ دروستی دەکات ئەو حاڵەتانەیان بەسەردا دووبارە نابێتەوە کەبەسەر مرۆڤدا دێن، بۆ نموونە مرۆڤ لە خۆڕا دەڕوات و ویستی هەیە وفێردەبیت و بیردەکاتەوەو دەخوات و دەخواتەوەو دەنوێت ودەستلێئەدات و ئیشتیها دەکات، ئەمانە شتانێکن و ئەوەش دروستی دەکات شتانێکی ترن، هەریەکەشیان تایبەتمەندی خۆیان هەیە، ئەم گەردوونەش شتێکەو پەروەردگارەکەشی شتێکی ترە، گەردوونیش تایبەتمەندی خۆی هەیە و زاتی خوداش سیفاتی خۆی هەیە.

زۆربەی جار خاوەن پرسیار لەوجۆرە کەسانەیە بڕوای بە خودا نیە، وەڵامی ئەوانەش ئەمەیە: ئێمە هەموو لەسەر ئەوە ڕێککەوتووین شتێکی کۆن هەیە بێ سەرەتاو بێ دروستکارە، ڕەنگە کەسێك بڵێت ئەو شتە دێرینە مادەیە، ئێمەش دەڵێین ئەو شتە کۆنە (اللە)یە، زانستی نوێش سەلماندویەتی مادە کۆن نیەو ئا لێرەوە هیچمان لەبەردەمدا نامێنێتەوە جگە لەوەی تەنیا پەروەردگارو بەدیهێنەرمان بە کۆن بمێنێتەوە. لە لاپەڕەکانی ڕابردوودا هەندێك لەو بارەیەوە دواین لەوەی زانست چ دەڵێت، ئالێرەشدا هەندێك لە وتەی زاناکانی سروشت دەگوێزینەوە سەبارەت بەهەمان بابەت و کۆتایی ئەم دیاردەیەی پێدەهێنین:

جۆن کۆشران دەڵێت: (( زانستی کیمیا پێماندەڵێت هەندێك مادە بەرەو لەناوچوون و تەواوبوون دەچن. بەڵام هەندێکیان زۆر بە خێرایی بەرەو لەناوچوون دەچن، هەندێکی تریشیان بە هێواشی، کەواتە لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت مادە ئەزەلی و هەتاهەتایی نیە، واتای ئەمەش ئەوەیە ئەزەلی نیە و بەڵکو سەرەتایەکی هەیە، بەرەنجامەکانی کیمیاو زانستەکانی تریش ئەوەمان بۆ ڕووندەکەنەوە سەرەتای مادە هێواش و لەسەرخۆ نەبووە، بەڵکو لەپڕێکدا هاتووەتە دی، تەنانەت زانیاری نوێ دەتوانێت ئەوەمان پێ بڵێت: چ کاتێك ئەو مادانە دروستبوون و پێکهاتوون))[1]

هەروەها ئیرفنج ولیام دەڵێت ((...زانستی گەردووناسی ئاماژەی ئەوە دەکات ئەم گەردوونە سەرەتایەکی دێرینی هەیە، گەردوونیش بەرەو کۆتایهاتنێکی حەتمی دەچێت، هەرگیز ئەوەش

.........................................

(١) الله يتجلى في عصر العلم. لا ٢٧

لەگەڵ زانستدا یەکانگیر نابێت بڵێین ئەم گەردوونە ئەزەلیەو هیچ سەرەتای نیە، یان هەتاهەتاییەو کۆتایی نیە، بەڵکو لەسەر بنەمای گۆڕان دروست بووە))[1]

ئەمە وتەی ئەو کەسانەیە لەسەر بێباوەڕبوونیشیانەوە، چونکە بڕوابوون بە خودا پێداویستی خۆی هەیەو ئەو کەسانە پێی هەڵنەستاون، بەڵام بەهۆی بوونی زانیاریان بە یاساکانی گەردوون گەشتوونەتە ئەو ڕاستیە نەمرو هەبووەی کە لەسروشتی هەموو مرۆڤێکدا هەیە، ولای هەموو خاوەن ژیریەکی ڕێکوپێك ڕاستیەکی بێبەڵگەیە. پەروەردگاریش دەفەرمێ * أَمْ خُلِقُوا مِنْ غَيْرِ شَيْءٍ أَمْ هُمُ الْخَالِقُونَ . أَمْ خَلَقُوا السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ الطور/٣٥-٣٦*واتە: ئایا ئەوانە بەبێ هیچ شتێك، هیچ هۆیەك، هاتوونەتەکایەوە؟! یان هەر خۆیان دروستکارن؟ یان ئەو بێ باوەڕانە ئاسمانەکان و زەویان دروستکردووە؟

.................................

(٢)الله يتجلى في عصر العلم. لا٥٥

# دیاردەی دووەم

# دیاردەی ویست (الارادة)

## -١-

سێ ئەگەر هەیە پێویستە لە کاتی ئاخاوتنماندا لەمەڕ گەردوون و ئەوەی تیایدایە لێیبدوێین تا وەك خۆی ڕوونی بکەینەوە:

**یەکەم:** ئەوەیە کە لە دروستکردنی (الله) خوای گەورە بێت.

**دووەم:** یا لە دروستکردنی گەردەکانی مادە بێت، یان بەش و ڕەگەزەکانی و بەبوونی مەبەست وتواناو گرنگیپێدانەوە بێت لای ئەمانەوە، بەواتایەکی تر: ڕەگەزەکانی مادەی سەرەکی بیرکردنەوەو کاریان بە ئەنجامگەیاندووەو ڕێکەوتووە لەسەر دروستکردنی هەمەچەشنەیی دنیا بەمجۆرو شێوەی دەیبینین.

**سێیەم:** ئەوەیە گەردوون و ئەوەی ناویشی بە ڕێکەوت هاتبنە دی، یان ئەو پشکە کارەبایانەی گەردی ئەم گەردوونەی لێپێکهاتووە بەڕێگەی ڕێکەوت بەدیهاتبن، کە هەندێك سالبە و هەندێکی تر موجەب و بەشەکەی تر مام ناوەندە، ئەمانە بە ڕێکەوت بووبن و هەموو بەشە سالبێك لەگەڵ بەشە موجەبەکەیدا بە ڕێگەی ڕێکەوت پێکهاتبن، یاخود لە ١ تا ٢٣٨ بەدوای یەکدا لە بەشەکانی موجەبی مادە لەگەڵ یەك ناوکدا بەڕێکەوت پێکهاتبن، پشکە سالبەکانیش لەدەوری ئەم ناوکانە بە ڕێکەوت دەسوڕێنەوە! لە نێوان ناوك و تەوژمە کارەباییەکاندا ئەو بۆشاییەی هەیە ئەگەر نەبووایە ئەوا تەنی وەك ئەم زەمینە بە قەبارەی هێلکەیەك دەبوو، ئەوەش بە ڕێکەوت دەبوو. هەموو خولگە جێگیرەکانی هەر هەشت کارەبایەك بە ڕێکەوت بووە! یاخود توانای یەکگرتنی نێوان ڕەگەزەکان بۆ پێکهێنانی پێکهاتەی نوێ کە بەهۆی کەمی ئەلکترۆنەکانەوە دەبێت لە هەشت کەمتر بن، کە لەبەرگی هەندێك گەردا هەن هەر بە ڕێکەوت بوون؟ یان یەکگرتنی ئەم ڕەگەزانەو کۆبونەوەیان بۆ پێکهێنانی ئەم تەنە مەزنانە لە کۆمەڵەی خۆرەکان هەوا بە ڕێکەوت بووە، یان ڕێکخستنی

خۆرەکـــان لە خولگەکانیانـــدا و هەســـارەکانیش لە خولگەکانیانـــدا ، هەروەك چـــۆن ئەلەکترۆنەکـانیش ڕێکخـراون هەروا بە ڕێـکەوت بـووە، یـان ئەوگەرمـایەی لە خۆرەکانـدا هەیە و تیشـك و ڕێکخسـتنیان بە ڕێکەوت بووە، پاشـان ئەم زەمینەی شایسـتەی ژیـانە بە: بەرگەکەی، هەوای، ئاوی، شاخ، قەبارەی... هەمووی بەڕێکەوت بووە، هەروەها ژیانیش بە هەموو هەماهەنگی و پێکهاتنی و ئامێرە ئاڵۆزەکانیەوە لە خۆڕا بە ڕێکەوت هاتوونەتە بوون. پاشـان مرۆڤ بە ژیری و بیـر و پێکهـاتەوگیـان و ڕەوشـت و ئامادەگی ئەندێشـەو تێـڕوانین و زانست و سەرجەم تواناکانیەوە بۆ ڕامکردن، ئەمانە هەموو بە ڕێکەوت بوون!

لەم سێ ئەگەرە زیـاتر ئەگەرێکی تـر نیە بـۆ لێکـدانەوەی بـوونی گەردوون، هەرچـی ئەگەری یەکەمە بڕواداران لێی دەدوێن، ئەگەری دووەمیش کەس بـاسی ناکات، و سێیەم ئەگەریش مرۆڤە مادیەکان دەیڵێن.

کەواتە ئێمە واین لەبەردەم دوو ئەگەردا: یان دەبێت ئەم گەردوونە بە هەموو جۆرەکانیەوە لە دروستکراوەکان لە لایەن دروستکارێکی خـاوەن ویسـت بێت بە پێی پرەنسیپی هۆکارێتی، یان لە ئاکامی ڕێکەوتەوەیە!

-٢-

ئەرکی گرنگی ئێمە ئەوەیە بزانین کام لەم دوو ئەگەرە لەسـەر بەڵگە بنیاتنراون، وکامیـان هیچ بەڵگەو نیشـانەیەکی نیە، بەڵکو زۆرجار ڕێی تێدەچێت ڕێکەوت بێتەدی و زۆرجاریش لە حوکمـی مەحـاڵی ژیربـدایە، ئێسـتاش نمـوونەیەك دێنینـەوە شایسـتەیی حـاڵەتی بـوون و مەحاڵیەتی بوونی ڕووندەکاتەوە:

((لەسـەر لەوحێك دەرزیەك بچەقێنەو لە کونی ئەو دەرزیەش دەرزیەکی تری پێوەبکە، پێم بڵێ گەر مرۆڤ ئەم دوو دەرزیە ببینێت و بپرسێت چۆن ئەو دەرزی دوەمە چـووە نـاو کونی دەرزی یەکەمەوە؟ ئەوا مرۆڤێکـی ناسـراو بە ڕاسـتگۆیی وەڵامـدەداتەوەو دەڵـێ: کەسـێك بەدەستی خۆی نوکی دەرزی یەکەمی خستە ناو کونی دەرزی دووەمەوە، هەروەها مرۆڤێکی تریش هەر بە ڕاستگۆیی ناسرابێت بڵێت ئەوەی بەمکارە هەستاوە منداڵێکی بچوك بووە کە هەر بە کوێری لەدایك بووە و بە ڕێکەوت تێیکردووە.

جائایا تۆ بڕوا بە کامیان دەکەیت؟ بێگومان باوەڕ بە هەواڵی یەکەم دەکەیت، بەڵام بەهۆی ڕاسـتگۆیی کەسـانی بێـژەرەوە ڕەنـگە بـڕوا بە ڕێـکەوت بکەیـت لەو ڕووداوەداو ئەوسـا هـیچ

هەواڵێکیـان بەسـەر ئەویتـردا زاڵناکەیـت، بەڵام گەر هەر ئەم کەسـە دەرزی سـێیەمی بینـی خرابووە نـاو کونی دەرزی دووەمەوە، ئایا لەم بـارەدا هەردوو حـاڵەتەکە وەك یەك تەماشـا دەکرێت؟ نەخێر. ئالێرەوە خاڵی مەبەستدارێتی ئەدرێت بەسـەر ڕێکەوتدا، بەڵام ئێستاش هەر بواری ڕێکەوت دەمێنێتەوە گەر کەمیش بێت، بەڵام گەر هەمان کەس دە دەرزی بینی، هەر دەرزیەك بەکونی ئەویتردا کرابوو، ئایا بواری مەبەستدارێتی هەر وەك ئەوەی پێشـو تەماشا دەکرێت؟ نەخێـر. بەجۆرێك بیـرۆکەی مەبەسـتدارێتی لەم کارەدا بەرەنـدە دەبێـت و بـواری ڕێکەوت نامێنیتەوە.

هەرچەنــدە ئەم کــرداره بەرەو ئـاڵۆزیی بچێـت کەمتــر بــواری ڕێـکەوت لەبەردەممانــدا دەمێنێتەوە، بۆ نموونە گەر بڵێین هەر دە دەرزیەکە ژمارەی لێدرابوو بەڕیز لە یەکەوە تا دە، پاشان پێیان گوتین منداڵە کوێرەکە ئەم دەرزیانەی بەدوای یەکدا بە ڕێکەوت لەناو کیسێك دەرهێنا، بێئەوەی بیانبینێ و پاشان یەکبەدوای یەك دەرزیەکانی فڕێدەدا لە خۆڕا دەچوونە نـاو یەکەوەو تـا هەر دەیـان تەواو بـوون بە دوای یەکـداو بە ڕێـکەوت. پاشـان گەر ئەم باسـە ئاڵوۆزتر لێکبدەینەوەو لە بری منداڵەکە هەوا یان ئاو یا نەبوون دابنێین، ئایا بواری ڕێکەوت لەم کارەدا زۆرتر مەحاڵ نابێت؟

ئایا هەڵوێستی مرۆڤ چی دەبێت لەم کارەدا؟ ئایا هێشتا بواری ڕێکەوت دەمێنێتەوە؟ یان دەگوترێت کەسێکی خاوەن ویست و بینین بەم کارە هەستا؟ بێگومان مرۆڤی ژیر یەکسەر کەمی دووەم بە ڕاستگۆ دادەنێت))[1]

هۆی ئەم بڕیاردانەش ئەوەیە کە ڕێکەوت یاسایەکی بیرکاری عەقڵی ڕاڤەی دەکات و ناتوانین خۆمانی لێ لابدەین، یاساکەش ئەوەیە: (بواری ڕێکەوت لە پێشچاوخستن، زیادوکەم دەبێت، بە شێوەیەکی پێچەوانە لەگەڵ ژمارەی ڕێتێچووەکان و ئەستەمگەریی). هەرچەنـدە ژمـارەی شـتە ئەسـتەمەکان کەمتـر بێـتەوە زیـاتر بـواری هـاتنەدی ڕێـکەوت دەگونجێـت، بەڵام گەر ژمارەکە زیاتر بوو ئەوا گومانی حاڵەتی ڕێکەوت کەمتر دەبێتەوە. جاگەر دوو شتی هاوتا شانی دا لە شـانی یەکتـر ئەوا ڕێژەی ڕێکەوت (١بەرانبەر٢) دەبێت، بەڵام گەر شـان لەشـانەکە لە نێوان ١٠ شتدا بوو، ئەوا ڕێژەی ڕێکەوت ١بەرانبەر١٠ دەبێت، چونکە هەر یەکەیان هــەلی

---

(١) قصة الايمان.

بەرەندە بوونی وەك ئەویتر وایە، بێ پێشخستنی هیچیان بەسەر ئەویتردا، ئالێرەوە رێژەی سەرخستنی نێوان شتەکان هاوتایە، تەنانەت گەر سەد یان هەزاریش بوون، بەڵام چەندێك رێژەی ژمارەکان زۆرتر بێت، ئەوا رێژەی هاتنەدی رێکەوت دەچێتە سنووری حوکمی مەحاڵ و نەبوونەوە، جا بۆ تێگەشتن لەمباسە ئەم نموونە دێنینەوە:

(( وای دابنێ چاپخانەیەکت هەیە و نیو ملیۆن پیتی تێکەڵی تێدایە لە نێوان سندوقە جیاجیاکاندا، گەر لەمکاتەدا بومەلەرزەیەك لەسەر زەوی رویداو سەرجەم سندوقی پیتەکانی خستو سەرەوژێری کردن، پاشان رێکخەری پیتەکانی چاپخانەکە پێت رابگەیەنێت لەئاکامی ئەم تێکەڵاوبوونە ١٠ وشەی جیا لە واتا پێکهاتووە، بێئەوەی واتاکانیان پەیوەندی پێکەوە هەبێت، رەنگە ئەمە رێی بڕواپێکردنی تیا بێت، بەڵام گەر پێتبڵێت ئەو ١٠ وشەیە رستەیەکی تەواوی پێکهێناوە، کەمتر جێی بڕوا دەبێت بەڵام مەحاڵیش نابینرێت.

بەڵام گەر پێتبڵێت هەموو پیتەکانی چاپخانەکە دوای تێکەڵاوبوونیان بە شێوەی رێکەوت یەك پەڕتووکی تەواوی ٥٠٠ لاپەڕەیی پێکهێنا کە یەك هۆنراوەی تەواوی پڕ واتاو کێشداری لێدەرچووە، ئەوا تۆ لەمحاڵەتەدا بێگومان ئەم هاتنەدیەت لا مەحاڵ دەبێت))[1]

هۆی تێڕوانینی مەحاڵیتیش دەگەڕێتەوە بۆ خودی یاسای رێکەوت.

جا گەر زانیمان رێژەی دەرکردنی ١٠ ژمارە بەدوا یەکەکەی دەرزیەکان ١ حاڵەت بەرانبەر ١٠ ملیار بێت، ئەوا گریمانی دەرچوونی یەکبەدوای یەکی ١٠ ژمارەکە ئەگەر ١٢ دەرزی بێت ١ بەرانبەر ١٠٠٠ ملیار دەبێت. بەڵام گەر ٢١ دەرزی بێت ئەوا رێژەی هاتنەدی رێکەوتی هەر ٢١ دەرزیەکە یەك بەدوای یەك ١ بەرانبەر ١٠٠٠ ملیار ملیار دەبێت.

ئەی دەبێت هەڵوێستمان چی بێت سەبارەت تێکەڵاوبوونی ٥٠٠ هەزار پیت بۆ پێکهێنانی نزیکەی ١٢٥ هەزار وشە؟ بە شێوەو رێگەی وا هەرگیز نەیەتە ژماردن؟ بەجۆرێك ئەم ئەگەرە رێی تێدەچێت کە ژمارە پەی پێنابات بۆ ژماردنی لە پێکهێنانی پەڕتووکێکی لەمجۆرە.

جا بۆ ئەوەی مانای ٥٠٠ هەزار پیت و ١٢٥ هەزار وشەو ٢٨ پیتی هیجائی بزانین، با لەم گواستراوە زانستیە بکۆڵینەوە (( پرۆتین لە پێکهاتەی سەرەکی هەموو خانەیەکی زیندو لە ٥ رەگەز پێکدێت: کاربۆن، هایدرۆجین، نایترۆجین، ئۆکسجین، کبریت. ژمارەی گەردەکانی هەر

---

(١) قصة الایمان. بەشی – بواری رێکەوت -

پرۆتۆنێك ٤٠،٠٠٠ گەردە، لەكاتێكدا ڕەگەزە كیمیاویەكانی سروشت ژمارەیان ٩٢[1] ڕەگەزی دابەشبوویێت بەشێوەیەكی ڕەمەكی، جا ئەگەری كۆبوونەوەی ئەم ٥ ڕەگەزە بۆ پێكهێنانی بەشێك لە بەشەكانی پرۆتین، دەتوانین بە جۆرێك حسابی بكەین بە پێی ڕێژەی ئەو مادەیەی كە پێویستە تێكەڵاو ببێت بەردەوام بۆ پێكهێنانی ئەو بەشە، پاشان بۆ زانینی درێژی ئەو ماوەیەی پێویستە بۆ كۆبوونەوەی بەرپابوونی ئەم كۆبوونەوەیەی نێوان گەردەكانی یەك بەش.

زانای ماتماتیكی سویسری (چارلس یوجین جای) هەستا بە هەژماركردنی هەموو ئەو هۆكارانە، بۆی دەركەوت هەلی پێكهینانی پرۆتین بە ڕێگەی ڕێكەوت بە ڕێژەی ١ بۆ (١٠)[١٦٠]یە، واتا بە ڕێژەی ١ بۆ ١٠ و ١٦٠ جاریش جاران بكرێتەوە، ئەمە ژمارەیەكە ناتوانین بیدركێنین و بەوشە پەی پێ بەرین، ڕێژەی ئەو مادانەش كە پێویستە بۆ بەدیهێنانی ئەو كارلێكە بە ڕێگەی ڕێكەوت بۆ پێكهێنانی یەك بەش، ئەوا ئەو مەودایە دەبێت زۆر لە قەوارەی ئەم گەردوونە بەرفراوانتر بێت بە ملیۆنەها جار))[2]

لیكۆنت دی نوی دەڵێت (( پێویستە قەبارەیەكی زۆر گەورەتر لە گەردوونی ئەنیشتاینی بخەملێت بە سكستیلیۆن سكستیلیۆن جار)) جا پێكێنانی تەنیا ئەم بەشە لەسەر ڕووی زەوی لە ڕێی ڕێكەوتەوە ملیارەها ساڵی نەژمێردراوی دەوێت، زانا سویسریەكە بەوە لێكیداوەتەوە كە ٢٤٣ جار ژمارە ١٠ جارانی خۆی بكەیت. ئەوەتدە ساڵەی (١٠)[٢٤٣] ی دەوێت. پرۆتینەكان لە زنجیرەی درێژی ترشەلۆكی ئەمینی پێكدێن، ئەدی چۆن گەردەكانی ئەم بەشانە هاوتاو تەبا دەبن؟ گەر بە هەر ڕێگەیەكی تر یەكانگیر ببن جگە لەوەی هەیە، ئەوا مەرجی ژیان و زیندەگیان تیا نایەتەدی، بەڵكو لە هەندێك حاڵەتدا كوشندەو ژەهراویش دەبن.

(( زانای ئنگلیزی "ج. ب. لیتز" ئەو ڕێگایانەی ژماردووە كە ڕێی تێدەچێت، گەردەكانی یەك بەشی سادەی پرۆتینەكان یەكانگیر بێت، بۆی دەركەوت ژمارەیان دەگاتە ملیۆنەها(١٠)[٤٨] بۆیە بە پێوانەی ژیریی مەحاڵە بە ڕێكەوت ئەم هەموو بەشە یەكانگیر ببن

---

(١) ئەم ژمارەیە بە پێی ڕێژە كۆنەكەیە پێش ئەوەی هەندێك مادەی كیمیاوی نوێ بدۆزرێتەوە، ئێستا ١٠٥ ڕەگەز دەبێت

(٢) الله یتجلی في عصر العلم.

بۆ پێکهێنانی یەك بەشی پرۆتینی))[1]

جا ئەم پەرەگرافەمان بۆ ئەوە باسکرد تا ببێتە وەڵامی ئەو کەسانەی دەڵێن ئەوەی لەیەك بومەلەرزەدا دروست نابێت ڕەنگە لە یەکێك لە ملیۆنەها لەرینەوەدا بێتە دی، تا بۆمان روونببێتەوە کە چ زەمەنێکی درێژی دەوێت بۆ پێکهێنانی یەك بەش کە هەر ٥ ڕەگەزەکەی تیا بێت، دەبێت ئەو تێبینیەشمان لە پێشچاو بێت کە کۆنترین ماوەی تەمەنی گەردوون بە ٥ ملیار ساڵ خەمڵێنراوە.

٥ ڕەگەز لە یەك بەشدا ڕێی تێدەچێت پێکهاتەکەی (١٠)[48] جۆر بێت، ئەی سەبارەت ٢٨ پیتی هیجائی دەبێ هەڵوێستمان چی بێت کە هۆنراوەیەك پێکبهێنن لە ١٢٥ هەزار وشە پێکهاتبێ و سەرجەم پیتەکانی ٥٠٠ هەزار پیت بێت، بە شێوازی بەدواهاتنی دیاریکراو و بیری روون و ڕێکخستنی تەواو.

## -٣-

لە ژێر ڕۆشنایی ئەوەی باسمان کرد وا لێرەدا وتەی زاناکانی یەکتاپەرستی لە ئیسلامدا دەخەینە روو، چونکە پەیوەندیەکی پتەوی هەیە بە بیردۆزی ئەگەرەکان تا لە کۆتاییدا بە مەبەستەکەمان بگەین:

زانایانی یەکتاپەرستی دەربارەی گەردوون بە جۆرێك دەدوێن وەك باسکردنیان بۆ هەموو بووەکان کە شایستەی بوونن، ئەم ڕێتێچووانەش بەم جۆرە لێکئەدەنەوە:

المكنات المتقابلات وجودنا و العدم الصفات
أزمنة، أمكنة، جهات كـذا المقادير روى الثقات

مانای:

ڕێتێچووە بەرانبەرەکـــان بوونمـــان و نەبوون ســیفـــات
کات، شـــوێن، رووگـــە هەروا پێوانەکان، گێــڕانەوەی متمانــە

جا ئەگەر ئەم گەردوونە یەکێك بێت لە ڕێتێچووەکان، ئەوا هەموو ڕێتێچوویەك شایستەی

---

(١)سەرچاوەی پێشوو.

هاتنەدی و بوونە، ورێشی تێدەچێت نەبێت و عەدەم بێت، ڕێشی تێدەچێت لەسەر شێوەی سیفەت بێت، دەشبێت لەسەر چەند جۆرە سیفاتێك بێت نەیەتە هەژماردن، ڕێی تێدەچێت لە زەمەنێکدا بێت، یاخود لە زەمانی تردا، ڕێی تێدەچوو لە شوێندا بێت، یان لە جێگایانی تردا، ڕێی تێدەچێت بە پێوانەیەك بێت یان بە پێوانانی دی بێت، هەر بەمجۆرە هەر بەشێك لە بەشەکانی ئەم گەردوونە ئەم واتایانەی بەسەردا دێتەدی.

جا گەر لەم هەموو ڕێتێچووانەدا هەمیشە یەکێکیان هەڵبژێرین، ئەوەیانە کە لە هەموویان پتەوترو باشترو بە یاساترە، ئەگەر هەر یەکێکی تریان بووایە ئەوا دەبووە نارێکی و گەڕەلاوژە، کەواتە دەبێت ئیرادەو توانایەکی مەزن هەبێت کە یەکێك لەو ئەگەرانەی بەرەندە کردووە.

## -٤-

پاش ئەم ڕاستیانەو پێش ئەوەی لە شێوەی کۆتایدا باسەکەمان دابڕێژین ئەوا دەڵێین:

کێشەی باسکردن لە گەردوون زۆر ئاڵۆزترە لە باسکردنی دوو نموونەکەی پێشوو: نموونەی منداڵ ودەرزیەکان و چاپخانەو پیتەکان. دەرزیەکان بە کونکراوی ئامادەبوون بە ڕێتێچوونی پێداکردنیان و گەردەکانیان لەگەڵ یەکدا یەکانگیر بوون بە شێوەیەکی دیاریکراو، لەکانزایەکی دیاریکراو، منداڵەکەش بوونی هەیەو توانای هاویشتنی هەیە،تواناشی هەیە بۆ ئاراستەکردنی هاویشتنەکەی، تەنانەت گەر کوێریش بێت، هەروەها پیتەکانی چاپخانەکە بوونیان هەبوو، ئەوە فلان پیتەو ئەویتریان فلان پیت... گەردەکانیشیان کۆبوونەتەوە لە پێکهێنانی ئەو پیتەدا، بە تەنیشت یەکەوە ڕیز بوون و لە سندوقدا دانراون، پاشان بوومەلەرزە لە ئارادایە کە یاسای تایبەت بە خۆی هەیە.

بەڵام سەبارەت بابەتی گەردوون؛ هێندە بابەتەکە ئاڵۆزە، بەشێوەیەك ژیریی و هۆشی هەموو مرۆڤ پەی پێنابات، ئەمەش وامان لێدەکات ئەگەری هاتنەدی ڕێکەوت لە تێڕوانینمان بسرینەوە و مەحاڵی هاتنەدی بێت.

## -٥-

ئێستاش با لە دارشتنی بابەتەکە بدوێین:

ئەم گەردوونە لە جۆری ڕەگەزی دیاریکراو پێکهاتووە، هەر لە ئەستێرەو خۆرو مەجەڕڕەو زەویەوە..... ئەم ڕەگەزانە ژمارەیان دەگاتە زیاد لە ١٠٠ توخم، ئەم توخمانەش بۆخۆیان

بریتین لە هێزو وزەی کارەبا، هەندێك موجەب و هەندێکی تریش سالب، هەندێکی تریشیان مامناوەندی، بە موجەبەکە دەگوترێت پرۆتۆن، سالبەکەش ئەلەکترۆن، مامناوەندیەکەش نیوترۆن.

((ژمارەی ئەلەکترۆنەکان لەهەر خولگەیەکی دەرەکی گەردێکدا یەکسانە بە ژمارەی پرۆتۆنەکانی ناوکەکەی، وگەر لە ناوکەکەیدا یەك پرۆتۆنی تێدا بێت، ئەوا لە خولگەکەیشیدا یەك ئەلەکترۆنی تێدا دەبێت، هەروەك لە هایدرۆجیندا هەیە، وگەر لە ناوکەکەیدا دوو پرۆتۆنی تێدا بوو، ئەوا لە خولگەکەیشیدا دوو ئەلەکترۆنی تێدا ئەبێت، بەم جۆرە ژمارەکان پلەپلەیی وەردەگرن، لەیەکەوە دەستپێدەکات کە سووکترین ڕەگەزە لە کێشدا تا قورسترینی کە یۆرانیۆمە، بەم یەکسانیە گرنگەی نێوان ئەلکترۆنە سالبەکان و پرۆتۆنە موجەبەکان کارەبای گەردەکان هاوتاو بەرانبەر دەبن، بەڵام نیوترۆنە بێلایەنەکان ئەوا ژمارەیان لە ناوکی گەردا-کەم بێت یان زۆر- یەکسان نیە بە ژمارەی ئەلکترۆنەکان.

جیاوازی لە ڕەگەزەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی لە ژمارەی پرۆتۆن و ئەلەکترۆنەکانی هەر گەردێك، بۆ نموونە جیاوازی نێوان هایدرۆجین و یۆرانیۆم ئەوەیە کە یەکەمیان یەك پرۆتۆن و ئەلەکترۆنی تیایە، بەڵام یۆرانیۆم ٢٣٨ پرۆتۆن و ٢٣٨ ئەلەکترۆنی تیایە))[(١)]

جا گەردوونیش هەر لەمڕەگەزانە پێکهاتووە، هەر ئەوڕەگەزانەشن لە هەموو تەنە ئاسمانیەکاندا هەن، هەمان ڕەگەزی پێکهاتەی زەمین لە خۆریشدا هەیە، هەروا لە هەموو ئەستێرەیەکی ئەم ئاسمانە بەرینەشدا.

کەواتە بۆ پێکهێنانی ئەم تەنانە سەرجەم ئەم ڕەگەزانە کۆدەبنەوە، هەموو تەنێکی گەردوونیش هەمان یاسای تەنەکانی تری هەیە، هەموو ئەوتەنانەش خولگەی ڕێکوپێکی خۆیان هەیە، هەریەکەو لە خولگەی خۆیدایەو بەر تەنەکانی تر ناکەوێت، هەرچەندە بە خێراییەکی زۆریش دەڕۆن،تەنانەت ئەگەری لێکدانی دوو ئەستێرە وەك ئەگەری لێکدانی دوو کەشتی وایە، یەکێکیان لە ئۆقیانوسی هندی بێت و ئەوی تریان لە ئۆقیانوسی ئەتڵەسی.

ئەم خۆرەی ئێمەش یەکێکە لەوتەنانەی هەمان تایبەتمەندی و یاسای هەیە، جا ئەم خۆرەی ئێمە چەندان هەسارەی گەڕۆکی لەدەور دەسوڕێتەوە، کە یەکێکیان ئەم زەویەیە ئێمەی لەسەر دەژین و ژیانی تێدایە.

---

(١)قصة الایمان. ندیم الجسر- لا ٣٥١

پاشان:

١- گەر توێکڵی زەوی بە ڕێژەی چەند پێیەك لەمەی ئێستا ئەستورتر بووایە، ئەوا دووەمئۆکسیدی کاربۆن و ئۆکسجینی هەڵدەمژی و ژیان بەرپا نەدەبوو.

٢- گەر بەرزایی هەوا لەمەی ئێستا کەمتر بووایە، ئەوا ئەو هەموو نەیزەکانەی کە لە بەرگی دەرەوەدا بە ملیۆنەهایان لێدەسوتێت، بەر زەوی دەکەوتن و هەموو شتێکی دەسوتاند کە ئاگر بیگرتنایەتەوە.

٣- گەر خۆر نیوەی ئەم تیشکەی ئێستای بدایە، ئەوا لەسەرما ڕەق دەبووینەوەو دەمانبەست، گەر بەڕێژەی نیوەشی زیاتر بووایە، ئەوا لە مێژە دەبووینە خۆڵەمێش.

٤- گەر مانگ ٢٠،٠٠٠ میل لێمان دووربووایە لەبری ئەم دووریەی ئێستای- ئەی بۆ نا، خۆ مانگی مەریخ ٦٠،٠٠٠ میل لێوەی دوورە، ئەوا ئەوکاتە کرداری هەڵکشانی ئاو بەهۆی مانگەوە بەڕادەیەك دەبوو سەرزەوی لە ڕۆژێکدا دووجار ئاو دایدەپۆشی و تا سەر شاخەکانیش دەچوو.

٥- گەر شەومان دە هێندەی ئێستا درێژبووایە، ئەوا خۆری گەرمی هاوین هەموو ڕووەکەکانی دەسووتاند لە ڕۆژدا، لەشەویشدا هەموو شت دەیبەست.

٦- گەر ڕێژەی ئۆکسجین ٥٠% بووایە لە هەوادا، لە بری ٢١%، ئەوا هەموو ئەو شتانەی سیفاتی سوتاندنیان تێدایە لە جیهاندا دەسوتان، بەجۆرێك یەکەم پریشك لە بروسکەوە بەرپابووایە بەر دارێك بکەوتایە لە دارستانێکدا ئەوە هەمووی ئەتەنیەوە، گەر ڕێژەی ئۆکسجینیش ١٠% بووایە ئەوا شارستانێتی سەرزەوی بەمجۆرەی ئێستا نەدەبوو.

٧- گەر باران نەبووایە؛ ئەوا زەوی دەبووە بیابانێکی بێ ژیان، گەر باو دەریاو ئۆقیانوسەکانیش نەبوونایە ژیان نەدەهاتەدی، یاخود گەر بەهەڵم بوونی ئاو بە جۆرێکی جیاواز لە بەهەڵم بوونی خوێ بووایە دووبارە ژیان مەحاڵ دەبوو، یان گەر هەڵم لە هەوا سوکتر بووایە ژیان بەدی نەدەهات.

٨- گەر ئاوی ئۆقیانوسەکان؛ شیرین بوونایە ئەوا بۆگەن دەبوون وژیان لەسەرزەوی مەحاڵ دەبوو، چونکە خوێ ئۆقیانوسەکان لە تێکچون و بۆگەن بوون دەپارێزێ، گەر کلۆریش لەگەڵ سۆدیۆمدا یەکی نەگرتایە، خوێ پێك نەدەهات و هەر بەهەمان جۆر ژیان نەدەبوو.

٩- گەر ناوەندی زەوی مامناوەندی بووایە لەبری ئەم لاریەی ئێستا هەیەتی بە پلەی °٢٣ لەگەڵ وەستاوی زەویدا؛ ئەوا تنۆکی ئاوە بەهەڵمبووەکان کە لە ئۆقیانوس و دەریاکان بەرزدەبنەوە کۆدەبوونەوەو لە دوو جێی جیاوازی تەوەرەی باکورو باشوری گۆی زەوی دادەبارین، ئەوساش کیشوەری بەستەڵەکیان پێکدەهێناو هاوین بە هەتاهەتایی و زستانیش بە هەتاهەتایی دەمایەوە، ئەوساش خەڵك وژیان و زیندەوەران لەناودەچوون.

١٠- یان گەر زەوی وەك عطارد بووایە تەنیا بەیەك لادا بەدەوری خۆردا بسوڕایەتەوە، و تەنیا یەکجار بەدەوری چەقەکەیدا بسوڕایەتەوە، لەکاتی سوڕانەوەیەکی تەواوی خۆردا. یان بە واتایەکی تر گەر بەشێکی زەوی هەمیشە شەو بێت و بەشەکەی تریشی هەمیشە ڕۆژ بێت، کەس نەیدەتوانی لەکاتی شەوی بەردەوام یان ڕۆژی بەردەوامدا بژی، ئەو کاتەش ژیان نەدەبوو.

١١- گەر ئەو یاسای کێشندەی ئێستا هەیە نەبووایە، چۆن گەردەکان و بەشەکانی گەردەکان بەیەکدەگەشتن، ئەو کاتە چۆن خۆر دەبووە ئەم خۆرەو زەویش بەم زەویە؟ گەر وا نەبووایە زەوی لەم جێگەیەیدا نەدەبوو، گەر بشوەستایە ئەوسا ژیان چۆن دەبوو و مرۆڤ چۆن دەڕۆشت؟

١٣- یان گەر ئەلکترۆنەکانی ناو گەردەکان بە پرۆتۆنەکانەوە بنوسانایە، گەردەکانیش پێکەوە بنوسانایەو بۆشاییان لە نێواندا نەبوایە، ئەوسا گۆی زەوی وەك هێلکەیەکی لێدەهات و مرۆڤ و گیانەوەرانی تر چۆن دەبوون؟ گەر ئاوهاش بووایە هەموو ئەو شتانەی ئێستا دەمانبینین لەو شێوەیەوە دەگۆڕان کە هەن، گەر گەردەکانی تەنێك بە قەوارەی گۆی زەوی بێ بۆشایی بووایە.

١٤- یان گەر ڕەگەزەکان لەگەڵیەکدا یەکیاننەگرتایە، ئەوسا بوونی خاك نەدەبوو، ئاو و درەخت و ئاژەڵ و ڕووەك نەدەبوون، شوێنگەی ئەلکترۆنەکان لە بەرگی گەرد واتە لە خولگەی دەرەوە، ڕێکخراوە بە ڕێزبەندی دیاریکراو، زیاتر نیە لە هەشت ئەلەکترۆن- تەنیا لە خولگەی یەکەم نەبێت کە جێی زیاتر لە دوو ئەلەکترۆن نابێتەوە – جا گەر ئەلەکترۆنەکان لە خولگەی دوایندا بوونە هەشت، ئەوا خولگەیەکی تری دەکردەوە، بۆ نموونە گەر بۆ توخمێك ١١ ئەلەکترۆن هەبێت، ئەوا دوویان خولگەی یەکەمیان دەگرت، و خولگەی دووەم تەنیا جێی ٨ دەبووەوە، لەمکاتەدا ئەلەکترۆنە ماوەکەی تر خولگەی

سێیەمی دەگرێت، و هەر بەم جۆرە، بە جۆرێك ئەلەكترۆنەكانی خولگەی دەرەوە زیاد لە ۸ نەبن، لەگەڵ زانینی ئەوەی هەندێك لە خولگە ناوەكیەكان جێی زیاد لە ۸ دەبێتەوە.
یەككگرتنی ڕەگەزەكان لەگەڵ یەكتر لەگەڵ ئەم ڕێكخستنەدا دەڕوات، بەجۆرێك كە یەككگرتنی ڕەگەزەكان بە هۆی یەكێتی نێوان ئەلەكترۆنەكانەوەیە. جا گەر ئەلەكترۆنەكانی خولگەی دەرەوەی ڕەگەزێك كەمتر بێت لە ۸ ئەوا دەتوانێت لەگەڵ ڕەگەزێكی تردا یەكبگرێت، جا ئەوەی لە خولگەی دەرەوەیدا ۷ هەبێت، ئەوا یەكدەگرێ لەگەڵ ئەوەی لە خولگەی دەرەوەیدا (۱) هەیە، و ئەوەی لە خولگەی دەرەكی ٦ هەبێت یەكدەگرێ لەگەڵ ڕەگەزێك لە خولگەی دەرەوەی ۲ ئەلەكترۆن هەبێت، بەڵام ئەوەی لە خولگەی دەرەوەیدا ۸ هەبێت ئەوە تەممەڵەو یەك ئەلەكترۆن پێشوازی ناكات.
١٥- وگەر یاساكانی گەرمی نەبوونایە؛ ئەوا سەرزەوی سارد نەدەبووەوەو بەكەڵكی ژیان نەدەهات.
١٦- گەر شاخەكان نەبوونایە؛ زەمین پەرت دەبوو، ئەوسا ئەو بەرگەی ئێستای نەدەبوو كە بەكەڵكی ژیان بێت.
١٧- یاخود گەر لەسەرزەویدا ڕزقو ڕۆزیی پێویستی تیا نەبووایە، ئەوا ژیانی تیا بەردەوام نەدەبوو.[۱]

-٧-

ئەمانە هەموو پێشەكین بۆ ژیان، ئەو سەرەتایانەی دەمانگەیەننە ئەنجام، هەر پێشەكیەكیش لەم پێشەكیانە ڕێی تێناچێت بە ڕێكەوت بێت، مەگەر بە ڕێژەی ۱ بۆ ژمارەیەكی زۆر خەیاڵی نەبێت! دەشبینین هەموو سەرەتایەك لەسەرەتاكانی ژیان لەم گەردوونەدا، ڕێی تێدەچوو لەسەر ملیۆنەها شێوەی تر بووایە، بەڵام تەنیا یەك لەو ڕێتێچوانەمان هەڵبژاردووە، هەرواش دووەم پێشەكی ڕێی تێدەچوو لەسەر ملیۆنەها ئەگەری تر بووایە، بەڵام تەنیا یەك دانە هەڵبژێردراوە، جا بە بەرەندە بوونی ئەو هەڵبژێردراوانە، لە نێوان ئەو هەموو ڕێتێچوانەدا، كەشی گونجاوی ژیانی پێهاتووەتە دی، پاشان ژیان بەرپابوو بە هەموو جۆرو ڕەگەزەكان و ئاڵۆزیەكانەوە، ئایا دەكرێت شرۆڤەی ئەو هەمووە بە بێ ویستو ئیرادە بكرێت؟ ئەو ئیرادەیەی بوونێكی مومكن بەسەر بوونێكی مومكینی تردا ئەدات.

............................................

(۱)لەسەرچاوەكانی ئەم برگەیە: العلم یدعو الی الایمان.

-٨-

**ئەمە بە تەنیا ویستە.**

جا با جارێکی تر بگەڕێینەوە سەر وتەی زانایانی پێشینمان: هەموو شتێك لەم بوونەدا دەگونجێت لەسەر سیفەتێك بێت و دەشگونجێت لەسەر سیفاتی تر بێت، ڕێی تێدەچێت لە شوێنێك بێت، ڕێشی تێدەچوو لە جێگەی تر، یان ڕێی تێدەچێت لە رووگەیەکەوە بێت، یاخود لە رووگەی ترەوە، دەشگونجێت بە ڕێژەیەك بێت و دەشگونجا بە ڕێژەی تر بێت، تەنیا ویستی خودا ئەتوانێت شیتەڵی بەرەندەکردنی یەکێك لەو ئەگەرانە بکات، بەجۆرێك گەردوون یەکپارچە بە تەواوترین ڕێسا ڕێکخراوەو هەموو شتێك تیایدا لەسەر قەشەنگترین و ڕازاوەترین شێوەیە.

-٩-

**لە کۆتاییدا:**

ئەوانەی دەڵێن بەرپابووەکانی ئەم گەردوونە هەمووی لەدایکبووی ڕێکەوتە، ئەوا زانیاریەکی تەواو دەبەخشن بەو ڕێکەوتەو ویستی تەواو و هێزی ڕەهای دەدەنێ، بە جۆرێك بزانێت، بیەوێت، پێوانەساز بێت، ئا لەمەشدا دەبێت لە ژیریی هەموو مرۆڤایەتی زیاتر بەکارلەجێی ئیشبکات، بە شێوەی زیرەکییەکی بێسنوور.

ژیریی خاوەن زیرەکی، هەرزوو بڕیار لەسەر ئەوە دەدات لەکوێ حوکم هەبێت، ئا لەوێش زانست و ویست و هێزو ژیان دەبێت، کەی ئەم سیفاتانەش هەبوون؛ ئەوا زاتێك دەبێت بەم سیفاتانە هەستابێت.

ئەو پێنووسەی پێی دەنووسین وا هەستدەکەیت بۆ مەبەستی نووسین ئامادەکراوە، هەروەها عەمباری مرەکەبیش بە مەبەست تێیدا سازێندراوە، هەروا بەرگی پاندان و ئەو کونەی تێیدایە ئەرکی خۆیان هەیە و بەمەبەست دروستکراون، و ئەو دەسکەش کە بە گیرفانتەوە توندی دەکەیت، و وشکبوونەوەی دەرزی و ئەو پارچە ڕەقە خەتخەتە سوودی خۆیان هەیە، ئەو پێنووسەی هەموو ئەو شتانەی تێدایە؛ ئەگەر یەکێك بیەوێت قەناعەتت پێبکات لەخۆیەوە بەڕێکەوت دروست بووە نەك بەهۆی زانستی مرۆڤ و تواناو هێزو ژیان و زاتی مرۆڤەوە، ئەوا بێگومان تۆ ئەو کەسە بە نەفام و گێژ دادەنێیت، جا چۆن دێت بە خەیاڵتدا کە مرۆڤ: ئەم ئامێرە گەورەو کارگە گرانەو خاوەنی ئەندامی هەرس و ئەندامی سوور

بەڕێکەوت بێتەدی؟ یان دارودرەختی خاوەن ڕەگ و ڕیشەو لق و پۆپ و خاوەنی قەدو باڵای بەرزو تزم، کە هەناسە دەدات و کارلێکەری تێدا ڕوودەدات، شێوەی جۆراوجۆرو بەروبوم وگوڵ دەگرێت، هەر لەخۆڕا بە ڕێکەوت بێتە دی؟ (( کارگەیەك لەهەموو دروستکراوەکانی دەستی مرۆڤ ئاڵۆزتر بێت)) هەروەها جهانی گەردیش کە وزەو جوڵەو پێکهاتە لەخۆ دەگرێت و ئەو کارلێکانەی لێوە دروستدەبێت، و هەزاران نموونەی دی لەمبارەوە، ئایا هەموو ئەمانە کاری ڕێکەوتن؟! ئایا ژیریەك ئەم بیرکردنەوەیەی هەبێت شایستەی ئەوەیە بە زانستپەروەر - عیلماتی- ناوی بێنین؟ لەکاتێکدا بەرەنگاری هەموو ڕێسایەکی زانست دەوەستێت.

* قتل الانسان ما أكفره * عبس/١٧

واتا: بەکوشت چێت ئادەمیزاد چی وای لێکردووە کە کافر بێت؟

* أَوَلَمْ يَرَ الْإِنسَانُ أَنَّا خَلَقْنَاهُ مِن نُّطْفَةٍ فَإِذَا هُوَ خَصِيمٌ مُّبِينٌ. يس/٧٧* واتە: ئایا ئادەمیزاد سەرنجی نەداوە کە: ئێمە بێگومان دروستمان کردووە لە نوتفەیەك، کەچی خێرا بووەتە دوژمنێکی ئاشکراو دژایەتیمان دەکات؟!

***

# دیاردەی سێیەم

# دیاردەی ژیان

-١-

مەبەست لە لێکۆڵینەوەی ئەم دیاردانە  بڕواهێنانە بە الله ی پەروەردگارو دەسخستنی زانیاریە دەربارەی چەسپاندنی بنەماکانی عەقڵ، کاتێك لە دیاردەیەك دەکۆڵینەوە ئەوا دەمانەوێت لێکۆڵینەوەی بابەتە گرنگەکان بکەین کە ئاماژەی پەروەردگارمان بۆ دەکەن، چونکە لە هەموو دیاردەیەکدا چەندان بوارولایەن هەن نایەنە هەژماردن، ئیسپاتی بوونی اللهی بەدیهێنەر دەکەن.

لەسەرەتای ئەم دیاردەیەدا دەڵێین: هەندێك کەس وا گوماندەبەن بیرکردنەوە لە گەردوون و لێکۆڵینەوەی دیاردەکانی بە قوڵی و ڕێکخستنی پێشەکیەکان لەسەر بەرەنجامەکان و گەیشتن بە ڕاستیەکان و فڕێدانی ئەفسانەو خەیاڵ و زاڵبوون بەسەریانداو دەستگرتن بەو یاسایەی کە تەجروبەو ئەزمون بۆی سەلماندوین.. دەڵێن کە ئەمانە لەگەڵ بیرکردنەوەی ئاینیدا ناگونجێن.

جا گەر ئەمە لەناو ئاینە هەڵەو ڕێچکە پوچەکاندا والێکبدرێتەوە کە ناگونجێت، ئەوا لە ناو ئاینی ڕاستیدا جێی نابێتەوە، وهەرگیز ناشبێت، چونکە ڕاستی لەگەڵ ڕاستیدا بەرەنگار نابێت. جا گەر ئاین حەق بێت، کەواتە دەبێت هەموو ڕەسەنایەتیەکی تیا بێت، وهەموو لقێك لە لقەکانی تیا بێت، تەواو لەگەڵ ئەو ڕاستیانەدا یەکانگیر ببێت کە بەڵگە سەلماندونی، وگەر ناتەواویەك هەبێت یاخود دەقێك لەدەقەکانی ئاین لەگەڵ ڕاستی تەواودا یەکنەگرێتەوە، بەسە تا بڕوا بەو ئاینە لەق بێت.

-٢-

کاتێك لەمەڕ هەندێك بواری دیاردەی ژیان، وەرگرتن و بەرپەچی زۆر ڕوودەدات، ئەوا پێویستە لەمەڕ هەندێك یاسا بدوێین کە سەبارەت ڕاستی ئیسلامە، تا تووشی

تێکەڵوپێکەڵی نەبین، لەگەڵ تێبینیکردنی ئەوەی ئەم لایەنانە هیچ پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بە بابەتی بەڵگەی دیاردەی ژیانەوە نیە لەسەر خوای گەورە، ئەوا دەڵێین:

١- ئیسلام بیرکردنەوەو لێکۆڵینەوەی لەسەر مرۆڤ پێویستکردووە، ئایەتەکانی قورئانیش لەم واتایەدا زۆرن:

* أَوَلَمْ يَنظُرُوا فِي مَلَكُوتِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَمَا خَلَقَ اللَّهُ مِن شَيْءٍ .الاعراف/١٨٥* واتە: ئایا بۆ سەرنجیان نەداوە لەو هەموو دەسەڵاتە گەورەیەی خوا لە ئاسمانەکان و زەویداو ئەو هەموو شتانەی کە خوا بەدی هێناون؟

* قُلِ انظُرُوا مَاذَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ. یونس/١٠١* واتە: پێیان بڵێ: تەماشا بکەن و سەرنج بدەن: خوا چی دروست کردووە لە ئاسمانەکان و زەویدا.

* أَوَلَمْ يَتَفَكَّرُوا فِي أَنفُسِهِم مَّا خَلَقَ اللَّهُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا إِلَّا بِالْحَقِّ وَأَجَلٍ مُّسَمًّى. الروم/٨* واتە: ئایا ئەوە لە ناخی خۆیاندا بیرێکیان نەکردۆتەوە، کە خوا ئاسمانەکان و زەوی و هەرچی لە نێوانیاندا هەیە تەنها بە حەق و سنووردار نەبێت دروستی نەکردوون؟

٢- ئیسلام زانست لەسەر مرۆڤ پێویستدەکات، نموونەی دەقە بەردەستەکان لە هاندان بۆ زانست زۆرن، ئایەتیش هەیە ئاماژە بەوە دەکات کە زانایانی گەردوون زیاتر خوا دەناسن

* وَمِنْ آيَاتِهِ خَلْقُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافُ أَلْسِنَتِكُمْ وَأَلْوَانِكُمْ ۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّلْعَالِمِينَ. الروم/٢٢* واتە: لە نیشانەو بەڵگەکانی، دروستکردنی ئاسمانەکان و زەویە و جیاوازی زمان و ڕەنگتانە بەڕاستی ئا لەو دیاردەیەشدا بەڵگەو نیشانەی زۆر هەیە بۆ زانایان و شارەزایان.

* أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ أَنزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَخْرَجْنَا بِهِ ثَمَرَاتٍ مُّخْتَلِفًا أَلْوَانُهَا ۚ وَمِنَ الْجِبَالِ جُدَدٌ بِيضٌ وَحُمْرٌ مُّخْتَلِفٌ أَلْوَانُهَا وَغَرَابِيبُ سُودٌ .وَمِنَ النَّاسِ وَالدَّوَابِّ وَالْأَنْعَامِ مُخْتَلِفٌ أَلْوَانُهُ كَذَٰلِكَ إِنَّمَا يَخْشَى اللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ الْعُلَمَاءُ. فاطر/٢٧-٢٨* واتە: ئایا سەرنجت نەداوە کە بەڕاستی خوا لە ئاسمانەوە بارانی باراندووە، جا ئێمە بەو بارانە جۆرەها بەروبوومی جیاوازمان دەرهێنا کە جیاوازن... هەروەها هەندێ لەکەژو کێوەکانمان بەزنجیرە کێشاوە، هەیانە چین و هێڵ و نەخشی سپی و سوورە و ئەوانیش ڕەنگیان جیاوازە، هەشیانە ڕەشێکی تاریك و تۆخە... هەروەها بەو شێوەیە لە خەڵکیش، لە گیانداران و ماڵاتیش، جۆرەها ڕەنگ و شێوە و قەبارەی جیاواز هەیە. بەڕاستی هەر زاناکان پەی بەو نهێنییانە دەبەن و لەناو بەندەکانی خوادا بەدڵنیاییەوە ئەوان زیاتر لەخوا دەترسن.

٣- لێرەوە ئاشکرا دەبێت ئەوەی فیکرو زانست گەیشتوێتێ، لەسەر موسڵمانی پێویستی دەکات دانی پیا بنێت و پێچەوانەکەی نەڵێت، ڕەنگە هەندێك موسڵمانی نەفام، تەنانەت ئەوانەی خۆیان بە زانستخواز لەقەڵەم ئەدەن بەرەنگاری هەندێك ڕاستی زانستی بکەن، بەڵام لەمحاڵەتەدا تەنیا ڕای تایبەتیان دەردەبڕن و تیایشیدا هەڵەن و لەمەشدا زۆربەی موسڵمانان و زاناکان ڕاستیەکان هەست پێدەکەن، پێشەوا غەزالی لە پەڕتووکی (تهافت الفلسفة)دا سەبارەت زانایانی ئاین لەوانەی نکۆڵی ڕاستیە زانستیەکان دەکەن، وەك زانینی کاتی خۆرگیران و مانگ گیران و ...هتد پێیان دەڵێت:

( ئەوەی واتێدەگات مونازەرە بکات لە ئایندا بەوەی کە ئەمانە لە ئایندا نین و پوچن، ئەوە ناحاڵیە لە ئاین و لاوازی دەکات، چونکە ئەم شتانە بەڵگەی ئەندازەیی و ماتماتیکی لەسەر هەیەو هیچ گومانێك ناهێڵنەوە، ئەوەی پێیان بزانێت و لە ڕاستی بەڵگەکان بکۆڵێتەوە، پاشان پێی بگوترێت: ئەمە بە پێچەوانەی شەرعەوەیە ، ئەوا گومان لە زانست پەیداناکات، بەڵکو لەشەرع پەیدای یدەکات، زیان دەگەیەنێت بە شەرع لەبری ئەوەی سوودمەند بێت بۆی، بەم بۆچوونە هەڵانە، زیاد لەوکەسەش زیاندەگەیەنێت کە تانەو تەشەر لە ئیسلام دەدات، ئەمە وەك ئەوکەسە وایە سەبارەتی دەڵێن: ( دوژمنی زانا لە دۆستی نەزان باشترە).

ئەوە خەیاڵاتەو جێی بڕوا نیە کە خوای گەورە فرمانمان بە گەڕان و بینین و مەعریفەو زانست پێبکات، پاشان بەرەنجامی ئەم زانست و لێکۆڵینەوەیەو مەعریفەیەمان لێ حەرام و قەدەغە بکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە گەر فرمانمان بە بیرکردنەوە پێبکات ئەوە ئیمانمان بە وەرگرتن و ڕازیبوونی ئەنجامی ئەو بیرکردنەوەیە پێدەکات.

٤- گەر موسڵمان بیرکردنەوەو ئاراستەکانی زانستیانە بێت و ئامانجی ئەوە بێت بگاتە ڕاستیە زانستیەکان، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە بە گومانیش ڕازی بێت و ڕەتی نەکاتەوە، یان گریمان و بیردۆزەکان بە ڕاستی زانستی تێبگات. موسڵمان پێویستە لەسەر زەمینەیەکی بەردینی جیهانی بیرکردنەوەدا بوەستێت، خوای گەورە کە حەرامی کردووە لەسەرمان بەرپەچی ڕاستی بدەینەوە، ڕازیش نیە هیچ شتێك بێ بەڵگە وەرگرین، یاخود گریمان و بیردۆزیش بە ڕاستی وەرگرین، وەك شتێکی بێ بەڵگە.

* وَلَا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ ۚ إِنَّ السَّمْعَ وَالْبَصَرَ وَالْفُؤَادَ كُلُّ أُولَٰئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْئُولًا. الاسراء/٣٦* واتە: لە شتێك مەدوێ و شوێنی شتێك مەکەوە کە زانست و زانیاریت دەربارەی

نیە، چونکە بەڕاستی دەزگاکانی بیستن و بینین و تێگەیشتن هەر هەمووی، بەر پرسیارە لە بەرامبەریەوە.
* وَمَا لَهُم بِهِ مِنْ عِلْمٍ إِن يَتَّبِعُونَ إِلَّا الظَّنَّ وَإِنَّ الظَّنَّ لَا يُغْنِي مِنَ الْحَقِّ شَيْئًا. النجم/٢٨*واتە: ئەوانە لەو بارەیەوە هیچ جۆرە زانستی و زانیاریەکیان نیە، بەڵکو هەر شوێنی گومانی بێ سەرو بن دەکەون، لەکاتێکدا گومان بەهیچ شێوەیەك جێگەی حەق و ڕاستی ناگرێتەوە.
* قُلْ هَاتُوا بُرْهَانَكُمْ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ النمل/٦٤ * واتە: بڵێ: ئادەی بەڵگەتان چییە بیهێننە مەیدان ئەگەر ئێوە ڕاستگۆن.
* ائْتُونِي بِكِتَابٍ مِّن قَبْلِ هَٰذَا أَوْ أَثَارَةٍ مِّنْ عِلْمٍ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ. الاحقاف/٤* واتە: کتێبێکی ئاسمانیم نیشان بدەن کەپێش ئەم قورئانە بۆتان هاتبێت، یان دیاردەیەکی زانستی لەو ڕووەوە بیسەلمێنێت ئەگەر ئێوە ڕاست دەکەن.
* إِن يَتَّبِعُونَ إِلَّا الظَّنَّ وَمَا تَهْوَى الْأَنفُسُ وَلَقَدْ جَاءَهُم مِّن رَّبِّهِمُ الْهُدَىٰ. النجم/٢٣*واتە: ئەوانە تەنها شوێنی گومان و ئارەزوی دەروونە نەخۆشەکانیان دەکەون، لەکاتێکدا کەبەڕاستی لەلایەن پەروەردگاریانەوە هیدایەت و ڕێنموویان پێ گەیشتووە!
ئەمە ئەو جیاوازیە گەورەیە لە نێوان عەقڵیەتی ئیسلامی و عەقڵیەتەکانی تردا.. عەقڵیەتی ئیسلامی عەقڵیەتێکی زانستی جێگیرە، هیچ شتێك بێ بەڵگە وەرناگرێت، هیچ شتێکیش ناخاتە ڕیزی ڕاستیەکانەوە گەر بەڵگەی یەکلاکەرەوەی لەسەر نەبێت، بە پێچەوانەی عەقڵیەتەکانی ترەوە کە زۆر جار گومڕاکەر دەبن، شتێك زانستی نەبێت بە زانستی دادەنێن وبڕوای پێدەکەن وەك شتێکی یەکلابووەوە تەماشای دەکەن، هەرچەندە بەڵگەکانیش لاوازو هەڵە بن، عەقڵیەتی موسڵمان وەك چۆن ڕەفزی ئەوە دەکات دژی زانست بێت، هەرواش ڕەفزی ئەوە دەکات کە بەهرەیی و گوماناوی و خەیاڵاویی بیر بکاتەوە.

**-٣-**

لەو کاتەوەی ئاینی ئیسلام هاتووە داوای فراوانبوونی عەقڵی موسڵمان دەکات بە ڕووی زانست و ژیان و تەجروبەدا، دەستیکرد بە شیکارکردنی گرێکانی گەردوون بە عەقڵیەتێك کە بیەوێت هەموو شتێك بزانێت و گەردوونیش هەمووی بخاتە ژێرهەوڵی ئەزمونکاریەوە، ئەوسا یاساکانی لێ هەڵدەهێنجێ کە تیایدا هەیە، ئێدی شارستانی ئیسلامی سەریهەڵدا، کە

بە گەشاوەترین شارستانی دادەنرێت، هەمیشە لەهەوڵی زیاتردایە بۆ زانست و پشکنینی زیاتر، ئەوەش کە گومانی تێدا نیە ئەوەیە لوقاحی بیری ئیسلامی ئەزمونکاریی بووە هۆی لەدایك بوونی عەقڵیەتی ڕۆژاوایی ئەزمونکاریی، کە لە بەرەنجامیدا – وەك بەروبومێکی- ژیاری زانست و پیشەسازی ڕۆژاوایی لێوە بەرپابوو، جا گەر لێکدانی نێوان ئەزموون و ئاین لە جیهانی ڕۆژاوادا ڕوویدا بێت، ئەوا تاوانی ئاینێکی هەڵگەڕاوەو شێواوە، کە بەرانبەر ڕاستیەکان خۆی ناگرێت.

بەڵام ئەو شتەی لەوێ ڕوویدابوو، نە لەکۆن و نە لە نوێدا لای ئێمە ڕووی نەداوە، جێی هاتنەدیش نیە، چونکە ڕاستی بەرەنگاری ڕاستیەکی تر نابێتەوە، بەڵکو پشتیوانی دەکات، ڕاسترین ئاینیش ئاینی پەروەردگارە، گەردوونیش بەدیهێنراوی خودایە، کەواتە ڕێی تێناچێت ئەوەی خوا دروستی کردووە، بەرهەڵستی ئەو شتە بکات لەبارەیەوە هەواڵی پێداوین.

بۆیە سەیرترین دیاردە کە جیهان بەخۆیەوە بینیوە، ئەوەیە کە ئایەتێکی قورئان باس لە شتێك دەکات هەموو ڕاستیە زانستیەکانی لەو بابەتەدا دەرخستووە، هەرچەندێکیش ڕاستیەکان زیاتر ڕوون ببنەوە ئەوا لەو ئایەتانەدا دەبینرێنەوە، لە کشگێڕەکانی(اعجاز)ی قورئانیش کە دێینە سەر باسکردنی، ئەو واتایە بە ڕون و ئاشکرایی دەخرێتە ڕوو، لامان دەچەسپێت چۆن حەق بەرەنگاری حەق نابێتەوە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنیت هەر کاتێك مرۆڤ هەستێت و شتێك بڵێت، مەرج نیە لە قورئاندا هەبێت و بمانەوێت بیخەینە ناویەوە، یان قورئان لەبەرژەوەندی ئەو قسەیە لێکبدەینەوە، قورئان زۆر دوورە لەوەوە کە شوێنکەوتوو بێت، بەڵکو خوای میهرەبان ناردوویەتی شوێنی بکەوین، نەك ئەو شوێنکەوتە بێت، قورئان و ڕاستیە زانستیەکان پێچەوانەی یەکدی نین، بەڵکو کاتێك ڕاستیەکی زانستی بە شێوەیەکی تەواو چەسپا، ئەوا دەقی قورئان کە پەیوەندی بەو ڕاستیەوە هەبێت بە پێی ئەو تێیدەگەین، بەڵکو لەم حاڵەتانەدا دەقی قورئان پێش ئەو ئاماژانە دێت، هەرچەندە بەدرێژایی چەندان سەدە مرۆڤەکان لەمانا ڕاستەکەی بێئاگا بوون؛ بەهۆی کەمی زانستیانەوە بە گەردوون.

-٤-

بۆیە ئەم پێشەکیانەمان باسکرد چونکە لیکۆڵینەوەی دیاردەی ژیان داوای ئەم ڕوونکردنەوەیەمان لێدەکات سەبارەت بیردۆزی گەشەکردن، وەك بیردۆزی شیتەڵکردنی

جۆراوجۆربوونی زیندەوەران، وسەرهەڵدانی مرۆڤ، سەبارەت ئەم بابەتەش ئەم خاڵانە پێویستە باسبکەین:

١-ئەو ڕایەی دەڵێت مرۆڤی ئێستا کە لەدایك و باوکێك بووە لە بنەڕەتدا مەیمون بووە، ئەمە هەڵەیەو هیچ گومانێکی تێدا نیە.ئەمە بە هەردوو زمانی زانست و قورئانیش دەڵێین:

سەرەتا، خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرمویت: * إِنَّ مَثَلَ عِيسَىٰ عِندَ اللَّهِ كَمَثَلِ آدَمَ خَلَقَهُ مِن تُرَابٍ ثُمَّ قَالَ لَهُ كُن فَيَكُونُ. آل عمران/٥٩*واتە: بەڕاستی نموونەی دروست بوونی عیسا لەلایەن خواوە؛ وەك نموونەی ئادەم وایە کە لە خاك دروستی کرد و لەوەودوا فەرمانیداو پێی وت: ببە ئەویش بوو.

هەروەها دەفەرموێ * الَّذِي أَحْسَنَ كُلَّ شَيْءٍ خَلَقَهُ وَبَدَأَ خَلْقَ الْإِنسَانِ مِن طِينٍ .السجدة/٧*واتە: ئەو خوایە زاتێکە هەموو شتێکی بەچاکی و ڕێکوپێکی بەدیهێناوە، لەسەرەتاوە ئادەمیزادی لە قوڕ دروست کردووە.

پێغەمبەریش (ﷺ) دەفەرموێ ((ان الله عزوجل خلق آدم من قبضة قبضها من جميع الأرض، فجاء بنو آدم على قدر الأرض، فجاء منهم الأبيض، والأحمر، والأسود، وبين ذلك، والخبيث، والطيب، والسهل، والحزن))[١]

مانای: خوای بە شکۆو پاك ئادەمی دروستکرد لە مستێ خۆڵی سەرجەم زەوی، نەوەی ئادەمیش لەسەر پێوانەی زەوی هاتن، تیایانە: سوورو ڕەش و لە نێوان ئەمانەشدا.. ئاسان و دڵتەنگ و باش و خراپ.

هەروەها دەفەرموێ ((لما خلق الله آدم ونفخ فيه الروح؛ عطس، فقال: الحمد لله، فحمد الله بإذنه. فقال له ربه: يرحمك الله يا آدم! اذهب إلى أولئك الملائكة إلى ملأ منهم جلوس، فقل: السلام عليكم. قالوا: وعليك السلام ورحمة الله، ثم رجع إلى ربه فقال: إن هذه تحيتك وتحية بنيك بينهم))[٢]

مانای: کاتێك - الله – خواگیان، ئادەمی دروستکردو فوی کرد بە گیانیا، پژمی، گوتی سوپاس بۆ خوا، بە مۆڵەتی خودا سوپاسی کرد، خودا پێی فەرموو: خودا ڕەحمت پێبکات ئەی ئادەم! -

........................

(١)رواه الترمذي وقال حديث حسن صحيح.

(٢)أخرجه الترمذي والحاكم و هو صحيح.

برۆ بۆ لای ئەو فریشتانە- بۆلای کۆمەڵێکیان کە دانیشتبوون- بڵێ السلام علیکم.. ئەوانیش گوتیان وعلیك السلام و رحمة الله وبرکاته، پاشان گەڕایەوە بۆ لای کردگار و پێی فەرموو ئەمە سڵاوی تۆو نەوەکەتە لە نێوانیاندا.

بەڵام بە زمانی زانست:

١- سەرجەم مێژوو لە هەموو تۆمار و گەشت و بەسەرهاتەکانیدا، و هەموو شوێنەوارێك لە شوێنەوارەکانی، هەموو گێڕانەوەکانیش کە نەوەکان لە باووباپیرانەوە دەیگێڕنەوە، ناوی ئادەم دێنن وەك باوکی مرۆڤایەتی.

٢- ئەو جیاوازیە زۆرانەی لە نێوان مرۆڤ و مەیمون و ئاژەڵەکانی تردا هەیە، دەریدەخات هیچ پەیوەندیەکی لەدایکبوون نیە لە نێوان مرۆڤی ئێستا و هیچ جۆرە ئاژەڵێك، ئەو جیاکاریانەی لە بواری لەشەوە دەست پێدەکات و لە ڕەوشتدا دوایی دێت، ولەو نێوانەشدا بیرو زانست و توانا هەیە. هتد...

هەر ئەم کێشەیە وای لە هەندێك لایەنگرانی داروین کردووە وەك (دلاس) کە بڵێت: ((گەشەو پێشکەوتنی هەڵبژاردنی سروشتی جێی باوەڕ نیە لای مرۆڤ، هەر دەبێت یەکسەر بگوترێت بەدیهاتووە، هەروەها (فرخۆ) دەڵێت لەباری واقیعەوە جیاوازی نێوان مرۆڤ و مەیمون زۆر گەورەیەو ڕێی تێناچێت بڵێین مرۆڤ لە ڕەچەڵەکی مەیمون و ئاژەڵانی ترە، باشیش نیە ئەوە بدرکێنین))(١)

٢- دۆزینەوەی کرۆمۆسۆمەکان (الصبغیات) کە هۆکاری گواستنەوەی سیفاتە ڕەچەڵەکیەکانە، وای لە زانایان کردووە تانە لەو گوتەیە بدەن کە دەڵێت مرۆڤ لە پشتی مەیمونە، لە کاتێکدا کرۆمۆسۆمەکان لە شەمپازیدا ٤٨ و لە مرۆڤدا ٤٦ن، جا ئەم ڕەگەزو ڕیشاڵە ڕەنگاوڕەنگانە (العری الملونة) ژمارەیەکی چەسپاوی هەیە لە هەموو جۆرێکی مرۆڤ و ئاژەڵدا، کە بەهۆیەوە جۆرو ڕەگەزەکان جیا دەکرێنەوە.

کەواتە گەر قورئان و زانست ئەمە بدرکێنن کە گوتمان، ئەوا هیچ گوتەیەکی تر نامێنێتەوە، بەڵکو گەر زانست بەگومان بێت و قورئان بیدرکێنێت ئەوا هەموو مرۆڤێکی ژیر لەگەڵ قورئاندا دەبێت، چونکە ئەو پەروەردگارەی مرۆڤی بەدیهێناوە باشتر دەزانێت چۆن دروستی کردووە.

---

(١)مصیر البشریة.

*ما أشهدتهم خلق السموات والارض ولا خلق أنفسهم. الكهف/٥١*واته: وەنەبێت من لەکاتی دروستکردنی ئاسمانەکان و زەویدا ئەوانم ئامادە کردبێت. بگرە هەتا لە دروست بوونی خۆشیان ئاگادارنین.

بەڵام جۆرەکانی تری ژیان، ئەوا ڕەنگە ئەو زانایانەی پشتی داروینیان گرتووە زیاتر نەبن لەو زانایانەی بەرپەچیانداوەتەوە، جامادام باسەکە بووە جێی مشتومڕو بەرپەچدانەوە لە نێوان زاناکان، ئەوا ئەو شتە تەنیا لە بواری بیردۆزدا دەمینێتەوە و ناگاتە ئاستی زانستیی بەهێز.

ئێستاش هەندێك لە وتەی زانایان لەم بارەوە دەخەینەڕوو، بۆ نموونە ( وڵتەر ئێدوارد لامبرتس) تایبەتمەندی زانستی ڕەچەڵەك دەڵێت: (( زۆر لە ڕاستیەکانم بۆ ئاشکرابوون، لەوانە بۆ نموونە زانستی ڕەچەڵەکناسی هیچ بەڵگەیەکی پێشکەش نەکردووین لەسەر ئەو دوو ئەگەرەی کە چارلس داروین بیردۆزەکەی لەسەر بنیاتناوە لەگەشەی جۆرەکاندا، ئەو دووانەش:

١-ئەندامە بچوکەکانی هەر نەوەیەك لە نەوەکان بەلای ئەوەدا ئەچن کە هەندێك جیاوازی کەمی لەگەڵ باووباپیرانیدا هەبێت لە هەموو ڕووگە ڕێتێچووەکانەوە.

٢- گۆڕانکاریە باش و سوودمەندەکان لە نەوەکانی داهاتوو دەگوێزرێتەوە، بەرەنجامەکەشی کەڵەکە دەبێت، تادەگاتە ئەوەی گۆڕانکاری لاشەیی بەرپا بکات.

لە واقیعدا گەورەترین گۆڕانکاری بەسەر گیانەوەران و ڕووەکدا دێت، ڕێی تێدەچێت خێرا بێتەدی بەهۆی هەڵبژاردن وپەروەردەوە، کوتانی خودییش (التلقيح الذاتي) لە ڕووەك و زاوزێی نزیکان لە گیانەوەراندا بەڕادەیەکی زۆر ئەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی تاکی لاواز، بەڵام ناگۆڕدرێن لە هەموو ڕووەکانەوە، وەك داروین دەڵێت، تەنیا مەگەر هەندێك بازدان دروست بێت، ئەمەش زۆر کەم ڕوودەدات))[١]

ئەم بازدانانە وێڕای کەمی ڕوودانیان، کەچی زاناکانی گەشەکردن ڕاڤەی دیاردەی گەشەسەندنی لەسەر بنیات دەنێن، بەڵام ئایا ئەم بازدانانە دادەنرێت بە ڕاستی هۆکاری پێشکەوتن؟ (( لە لێکۆڵینەوە درێژەکاندا کە پەیوەندی بە بازدانەوە هەیە لە زۆربەی بەدیهاتووەکاندا؛بە تایبەتی لە مێشوولەی میوە کە ناودەبرێت بە (درۆسۆفیلا.

........................................

(١)الله يتجلى في عصر العلم.

میلانۆجیستەر)، ئەوە دەگەیەنێت کە زۆرینەی ئەو بازدانانە، بە شێوەی مرێنەر دواییان دێت، بەڵام لە جۆرە نامرێنەکان ئەو گۆڕانکاریەی بەرپادەبێت ئەوەیە کە دەبێتە هۆی تێکچوون و ناقۆڵا (تشویە) بوون، یان بەلایەنی کەمەوە ئەو جۆرە یەکسانەیە کە کارتێکەری فیسیۆلۆجی جێدێڵێت و لە هێزی تاك کەم دەکاتەوە، کەواتە زۆر گرانە کۆبوونەوەی ئەم بازدانە ڕەچەڵەکیانە ببێتە هۆی بەرپابوونی گۆڕانکاری پێویست بۆ بەدیهاتنی جۆری نوێ، کە زۆر پێشکەوتووترو پەرەدارتر بێت لە پێشینەکەی، بازدان لە هەندێك حاڵەتی تایبەت و شازدا دەبێتە هۆی چاککردنی سیفاتێك لە سیفاتەکان، وەك چۆن لە باڵی (درۆسۆفیلا) ڕوودەدات، بەڵام کۆبوونەوەی ئەم سیفەتە لەگەڵ هەندێك سیفەتی تردا، کە بەسەر باڵەکەدا دێت دەبێتە هۆی پێکهاتنی زیندەوەری تەمەن کورت و کەم توانا بۆ ژیان.

با بۆ جەدەل دان بنێین بەوەدا کە بازدانی دەگمەن ڕوودەدات و لەگەڵ خۆیدا ١% گۆڕانکاری چاك بەرپادەکات، جا ئەم بازدانە چەند نەوە دەخایەنێت، تا کۆبێتەوەو بەرەنجامەکەی دەرکەوێت و ببێتە هۆی بەدیهاتنی جۆرێکی نوێ!

(باتو) لە پەرتووکی (التحليل الرياضي لنظرية التطور) ڕوونی کردووەتەوە: گشتگیرکردنی سیفەتێك لە سیفەتەکان، لە ڕێگەی بازدانەوە لە پشتێ لە پشتەکان، لە یەك ملیۆن نەوەی بەدوایەکهاتووی کەمتر ناوێت بۆ ئەم مەبەستە، تەنانەت ئەگەر گۆڕینی کایە جیۆلۆجیەکانیش لەپێشچاو بگرین، وەك جیۆلۆجیناسەکان دەیخەملێنن، هێشتا گرانە ئەو بۆچوونە تەوەقوع بکەین (بۆنموونە): ئاژەڵێکی نوێی وەك هێستر لە ئاژەڵی پێش خۆیەوە دروست بووبێت، کە ژمارەی پەنجەکانی پێی ٥ پەنجە بوون، لەماوەی چاخی بەردینەوە تاکو ئێستا))[١]

لیکۆنت دی نوی دەڵێت: ((وشەی ئەڵقە وشەیەکە زۆر گرنگی هەیە لە مێژووی بوونەوەرە زیندووەکاندا، چونکە ناتوانرێت ئەوە بسەلمێنرێت کە شێوەیەك لە شێوەی بوونەوەران ئەڵقەیەکی ڕاستەقینەی پێکهێنابێت، ئەمە ڕەنگە لە هەندێك حاڵەتدا ڕێی تێبچێت، بەڵام جەختی لەسەر نەکراوە، هەرچۆنێك بێت دەتوانین بڵێین: هیچ شێوەیەك نیە ئێستا بژی و

(١)الله يتجلى في عصر العلم.

پاشماوەی ڕاستەوخۆی شێوەیەکی تر بێت، مرۆڤ لە مەیمون دروستنەبووە، بەڵام لە نێوان پاشـماوەی گیانەوەرانـدا( المسـتحاثات) ئەوا زۆربەی شـێوەکان کە بە شـێوەی مامناوەنـدی ناوزەد دەکرێن، چەند هەوڵێکی ناسەرکەوتوون بۆ گونجاندن، ڕەنگە هاوچەرخ یان پێشین یان دوای شێوە گوێزراوە حەقیقیەکان بێت.

گرنگترین ئەڵقەش وەك ئەڵقەیەکی تەواوی ئەڵقەکانی گەشەکردن، کە هەندێك وایدەبینن ئەڵـقەی پێکەوەبەسـتنی زنجیـرەییە لای هێسـتر، کە بـۆ ئەمەش ٦ شـێوەی مامناوەنـدییان پێشکەشکردووە،، لە ( الهیـرا کـوثیر یـوم و الایوهیبوس)ـەوە دەستپێدەکات لە سـەردەمی (الایوسیني)ـەوە کە نزیکەی پێش ٥٠ ملیۆن ساڵ دەکات و بەمشێوە هێسترەی ئەمڕۆ دوایی پێـدێت، بەڵام ئەم شـێوە مامناوەنـدیە وادەردەکەوێـت لەپڕێکـدا دەرکەوتبێـت، تـا ئێسـتاش پـردی پەیوەنـدی نێـوان ئەم شـێوە مامناوەنـدیانە نەدۆزراوەتەوە بەهـۆی کەمـی (پاشـماوەی گیانەوەرەکـانەوە)، بەڵام تەنـانەت لەکـاتی چەسـپاندن و هـاتنەدی ئەمەشـدا، ئەوا هـیچ بەڵگەیەکی تیا نیە بۆ بۆچوونەکەی داروین، چونکە هێستر هەر بە هێستری ماوەتەوە، ئەگەر نا، با بەڵگەی ئەوەمان بداتێ کە هێسترێك بووبێت بە حوشتر))[١]

هەروەهـا لیکۆنت دی نـوی دەڵێـت (هەر لەسـەرەتاوە تێبینی پەیوەنـدی و جیـاوازی بنەڕەتی نێـوان ئاژەڵان و ڕووەکـدا کـراوە، بـۆ نمـوونە شـلەی خۆراکـدەر لە ئاژەڵانـدا خـوێنە، خـوێنی ئاژەڵە پێشـکەوتووەکانیش لە مـادەیەکی بنەڕەتی پێکدێت کە بـریتیە لە بۆیەیەکی سـوورو بە هیمۆگلۆبین دەناسرێت، زۆر گرنگ و ئاڵۆزە، پێکهاتەی ئەمەش لە ئاژەڵێکەوە بۆ ئاژەڵێکی تر جیاوازە، کەمترین کێشی گەردیی (٦٩٠٠٠)ـە، پێکهاتەی کیمیاوی هیمۆگلۆبین نزیکە لەوەی کە لە ڕووەك و قەوزەکانـدا (الاشـنیات) هەیە، کە بە سـەوزەپێکهاتن دەناسـرێت، کێشـی گەردیشـی (٩٠٤)ـە، بەڵام هیمۆگلـۆبین بەوە دەناسـرێت کە ئاسـن لەگەردەکەیـدا هەیە؛ لەکاتێکـدا سـەوزەپێکهاتن لە کرۆکی مەگنیسـیۆمی تێـدایە، ئەوەی کێشـەکە زیـاتر ئـاڵۆز دەکات ئەوەیە خـوێنی هەندێك لە جومگەکانی پێ و کرتێنەو زیندەوەرە خاوەکان (الرخویات) و ئاژەڵانی نرم لە بۆیەیەك پێکدێت کە کێشی گەردییان تێدا جیاوازە بە پێی جۆرەکان، لە نێـوان ٤٠٠،٠٠٠ و ٦،٧٠٠،٠٠٠ دا، هەروەهـا لە کرۆکـی مـس پێکهـاتووە لە جیـاتی ئاسـن و مەگنیسیۆم (وەك هەندێك لەجۆری لولپێچەکان – الحلزون-) کەواتە چۆن

.............................................................

(١)مصیر البشریة.

گواستنەوەی کیمیاوی لە بۆیەکارێکەوە بۆ یەکێکی تر ڕوویدا؟ دەبێت بە ڕاشکاوی ئەوە بڵێین مەحاڵە بتوانرێت ئەمە ڕوون بکرێتەوە)).

( هەندێك لەقەوزە شینباوەکان لە عەنبکوسبانین(العنبکوسبانين) پێکدێت، کەچی قەوزەسەوزەکان لە کلۆرۆفیل پێکدێت، هیچ کەسیش ناتوانێت ئەوە بسەلمێنێت کە قەوزە سەوزەکان لە قەوزە شینباوەکان پێکهاتوون، چونکە جیاوازی نێوان ئەم دووانە زۆر گەورەیە، هیچ شتێکیش نیە کە بتوانێت ئەم ڕاگواستنە لێکبداتەوە، چونکە ئەو ژینگەیەی ئەم دووانەی تێدایە هاوبەشە، کەواتە شیتەڵکردن بە گۆڕانکاری ژینگە لێکنادرێتەوە).

(( با ئەو لە خۆبایبوونە بخەینە لاوە کە دەڵێت شتێکی زۆر لەماوەی ١٠٠ ملیۆن ساڵدا ڕوودەدات. جا گەر شتێك لەماوەی ١ ساڵدا ڕووی نەدا، ئەوا هیچ شتێك نیە وا پێویست بکات بە جاران و زەرب کردنێك کە بە ملیۆن یان بە ١٠٠ ملیۆنجار ڕوویدات، بۆ ئەوەی بڵێین شتێك لە کۆتایی ئەم زەمانەدا ڕوودەدات، جا پێویستە هەمیشە خاڵێك یان چەند خاڵێکی دەست پێکردن هەبێت هەرچەندە بچوکیش بن، بۆ ئەوەی باسەکە جێی بڕواو هاتنەدی بێت))[1]

بۆیە ئەم وتانەمان هێنایەوە: تا بەڵگە لەسەر بیردۆزی گەشەکردن بهێنینەوە، چونکە لە ڕاستیدا تەنیا گریمانەو هیچ بەڵگەیەکی تەواو و یەکلاکەرەوەی لەسەر نەهێنراوەتەوە، ئەگەر سەهیۆنیەتی جیهانی و شیوعیەتی جیهانی پروپاگەندەیان بۆ نەکردایە هەر زوو لە زەمەنەکەی خۆیدا دەپوکایەوە، لە ئەنجامی ئەم هەموو شالاوە زانستیە چرو پڕەی کە هەزاران زانا کردیانە سەری، لە پرۆتۆکۆڵەکانی حاکمەکانی جولەکەدا هاتووە کە ئەوان یارمەتی سەرکەوتنی داروینیان داوە، مەبەستیشیان لەمە شکاندنی هەموو ئاینێکە لە دەروونی مرۆڤایەتیدا جگە لە ئاینی جولەکە نەبێت.

هەروەها شیوعیش پەنا بەم بیردۆزە دەگرێت ئەگەر بشزانێت چەوتە، بۆ چەسپاندنی بیردۆزی مادیەتی جەدەلی، بەڵام هەڵوێستی ئیمەی موسڵمان لەمبابەتەدا هەر ئەو هەڵوێستەیە لەمەوپێش باسمانکرد وەکو هەڵوێستمان بەرانبەر هەموو شتەکان: شتێك

.........................................

(١)مصير البشرية.

بەڵگەی لەسەر هەبێت وەریدەگرین، وگەرنا لەسەری ڕادەوەستین ئەگەر هاتوو دەقی قورئان ئیحتیمالی بۆ دابنێت، بەڵام گەر دەقی قورئانی لەسەر هەبوو زانستیش لێی بە گومان بوو ئەوا ئێمە هەمیشە لەگەڵ دەقەکەدا دەبین.
خوای گەورە فرمانی پێکردووین بەدوای سەرەتاو دروستبوونی ژیاندا بگەڕێین * قُلْ سِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَانظُرُوا كَيْفَ بَدَأَ الْخَلْقَ. العنكبوت/٢٠* واتە: پێیان بڵێ: با بگەڕێن بە زەویدا، تەماشا بکەن و سەرنج بدەن چۆن ئەوزاتە دروستکراوانی بەدیهێناوە.
* أَوَلَمْ يَرَوْا كَيْفَ يُبْدِئُ اللَّهُ الْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُ. العنكبوت/١٩*واتە: ئایا ئەوە سەرنجیان نەداوە چۆن خوا لە سەرەتاوە دروستکراوان بەدی دەهێنێت و پاشان دووبارەی دەکاتەوە.
هەروەها فرمانیشمان پێدەکات تەماشا بکەین چۆن گیانەوەران هاتوونەتە بوون * أَفَلَا يَنظُرُونَ إِلَى الْإِبِلِ كَيْفَ خُلِقَتْ. الغاشية/١٧*واتە: ئایا ئەوە سەرنجی وشتر نادەن چۆن دروستکراوە؟
تەواوی زانستی بەقینیش لای پەروەردگارە * قَالَ فَمَا بَالُ الْقُرُونِ الْأُولَىٰ . قَالَ عِلْمُهَا عِندَ رَبِّي فِي كِتَابٍ لَّا يَضِلُّ رَبِّي وَلَا يَنسَى. طه/٥١-٥٢*واتە: فیرعەون وتی: ئەی ئەو هەموو خەڵکەی کە لەوەو پێش تیاچوون، چیان لێهات و سەرەنجامیان چۆنە؟! موسا وتی: زانیاری ئەوانە، لای پەروەردگارمەو لە دۆسیەکانی پارێزراوە، پەروەردگاری من هیچی لێ ون نابێت، هیچ شتێکیش فەرامۆش ناکات.
جا ئەوەی پەروەردگار هەواڵی پێداوین، ئەوا ئەنجامەکان جگە لەوە ڕاستر دەرناچن، و زانستیش جگە لەوە شتێکی تر نادۆزێتەوە، ئەوەی لەم بابەتەدا باسکراوەو گرنگ بوو باسمان کردن، ئێستاش کاتی ئەوەیە دەستبکەین بە لێکۆڵینەوەی دیاردەی ژیان، تا توانای پەروەردگاری تیا ببینینەوە و مەبەستیش لەم لێکۆڵینەوەیە هەر ئەمەیە.. ئێدی دەڵێین:
دیاردەی ژیان لە ٤ لایەنەوە دەبێتە بەڵگەی پەروەردگارێتی خوای گەورە، بەمجۆرە:
١-دروستبوونی.
٢-هەمەرەنگی و جۆراوجۆریی.
٣-مرۆڤ.
٤-ڕەوشت وئاکار.

هەر لایەنێك لە لایەنەکانی ئەم واتایانە تەواو بەڵگەن لەسەر خوای گەورە، هەرچەندە زۆریش هەوڵیانداوە ئەم واتایانە ئەوە دەربخات کە خوا بەدیهێنەر نیە، لەگەڵ ئەمەشدا ڕاستی هەردەم شەکاوەیە کە (الله) بەدیهێنەرە.

-٢-١-

دروستبوونی ژیان و جۆراوجۆریتی:

بێباوەڕان دەڵێن: ژیان لە خانەیەکی سادەوە دەستی پێکردووە، یان لە چەند خانەیەکەوە، ئێدی زۆربوون و گەشەکردن کاری لەسەرکردووە تا ژیان بەم قۆناغەی ئێستا گەیشتووە، بەڵام ئایا بۆ ئەم وتەیە هیچ بەڵگەیەکیان هەیە؟ گەورەترین بەڵگە –ئەگەر هەبێت- ئەوەیە کە بتوانن ژیان دروستبکەن؛ بەتایبەتی ئەو ڕەگەزانەی کە زیندەوەرە ناسراوەکانی لێپێکدێت زانراون و ڕەچەڵەکیان زانراوە، هەروەها ئامێرو ئەندامەکانیان، هەموو شتێك تیایاندا زانراوە، هەموو مەرجەکانیش ژیان پێویستی بێت دەتوانرێت لە کارگەدا بەرهەم بهێنرێت، جا هەر ئەو باوردۆخە یەکەمەی کە ژیانی تیا بەرپابوو، ئەگەر بتوانین پێوانەی بکەین و بارودۆخی هاوتای بڕەخسێنین، ئەوا گەر ئەمەش ڕووبدات، ئایا ئەوەی دروستی کردووە دەڵێت: بەبێ هیچ شتێك و لە خۆڕا هاتووەتە بوون؟ یان دەڵێت بەهۆی زانست و توانا و هێزو ویستی مرۆڤەوە هاتووەتە بوون؟

پەروەردگاری مەزن و دلۆڤان بەرەنگاری ئەوانە دەبێتەوە کە خوایەکی تر دەپەرستن و دەسەوسانیان دەکات، ئێدی جۆری ئەو خوایە هەر شتێك بێت، گەر سروشت بێت یا مرۆڤ یاخود بت بێت، گەر ڕاست دەکەن با ئەو خوا درۆزنانە مێشێك دروست بکەن.

* يَا أَيُّهَا النَّاسُ ضُرِبَ مَثَلٌ فَاسْتَمِعُوا لَهُ ۚ إِنَّ الَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِ لَن يَخْلُقُوا ذُبَابًا وَلَوِ اجْتَمَعُوا لَهُ ۖ وَإِن يَسْلُبْهُمُ الذُّبَابُ شَيْئًا لَّا يَسْتَنقِذُوهُ مِنْهُ ۚ ضَعُفَ الطَّالِبُ وَالْمَطْلُوبُ . مَا قَدَرُوا اللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِ. الحج ٧٣-٧٤*واتە: ئەی خەڵکینە: نموونەیەك هێنراوەتەوە چاك گوێی بۆ بگرن؛ بەڕاستی ئەوانەی کە هاناو هاواریان لێدەکەن لەجیاتی خوا، هەرگیز ناتوانن تاکە مێشێك دروست بکەن، هەرچەندە بۆ ئەو کارە کۆببنەوە و ئەگەر مێشەکە شتێکیان لێ بفڕێنێت، ناتوانن لێی بسەننەوە، داواکارو داوالێکراو هەردووکیان لاواز و بێ دەسەڵاتن. قەدری خودایان بەچاکی نەزانی.

مرۆڤ لەم ئاقارەدا هەوڵی داوە لەم بەرەنگاربوونەوەدا ڕۆڵی هەبێت، نەوەك تەنیا مێشێك دروستبكات بەڵكو زۆر لە مێش بچوكتر، بەڵام ئایا ئاکامی چۆن بووە، بەڵێ بەمجۆرە بووە:

(( ڕوسیا هەوڵیدا بەڵگە بۆ ئەوە بهێنێتەوە ژیان بەهۆی کارلێکی کیمیاویەوە ڕوویداوە- بە پێی بانگەوازی خۆیان- بۆ بەڵگەهێنانەوە لەسەر ڕێچکەی بێباوەڕیان، بۆ ئەمەش سەرۆکی پەیمانگای کیمیاوی ڕوسی(ئۆبارین) یان ڕاسپارد، داواشیان لێکرد کە تەنیا بۆ یەك لێکۆڵینەوە دەستبەتاڵ بێت، ئەویش ئەوەیە کە تا چ ڕادەیەك ڕێی تێدەچێت ژیان لە ڕێگەی کارلێکردنی کیمیاویەوە بەرپا بێت، دوای نزیکەی ٢٠ ساڵ هەوڵ و ماندووبوون ، لەساڵی ١٩٥٩ ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەی ئاشکراکرد، لە ڕاپۆرتێکی ڕەسمیدا کە ئەوکاتە هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندنی جیهان بڵاویان کردەوە، ئەویش ئەوەبوو کە زانستی کیمیا دەسەوسانە لە دروستکردنی ژیان لە تاقیگەدا، زانستیش هیچ توانستێکی نیە تەنیا لە بواری مادی هەستپێکراودا نەبێت))[1]

لەبری ئەوەی کە دان بنێت بەوەدا کە (الله) بەدیهێنەری ژیانە، بەمجۆرە وەڵامی ئەو پرسیارەی دایەوە:

- ئایا کارلێکردنی کیمیاوی لەسەر مادە ئەبێتە هۆی بەرپا بوونی ژیان؟ وەك چۆن یەکەم ژیان پێش ملیۆنەها ساڵ سەریهەڵداو بەو جۆرەی ئەرنست هیگڵ بانگەوازی بۆ کرد؟

* ئەمە ڕێی تێدەچێت بەڵام لەسەر ئەستێرەکەی ئێمە نا، بەڵکو لەسەر ئەستێرەکانی تر.

ئەمە هەڵهاتنێکی ئاشکرایە لە پرسیارەکە تاکو توشی تەنگەتاوی نەبێت، گەرنا بۆ نەتوانراوە ژیان بەدیبهێنن و لەکاتێکدا هەموو شتێکیش لەبەردەستا بوونی هەنبووە؟

لەڕاستیدا زۆربەی ئەوانەی باوەڕ بە خوا ناهێنن، لەم بابەتە هەڵدێن بەم بیانووانە.

ژیان لە هەندێك ئەستێرەی ترەوە لە شێوەی بەکتریایەکدا پەڕیوە بێئەوەی لەناوبچێت، پاش ئەوەی ماوەیەکی نادیار لەئاسمان ماوەتەوە کەوتۆتە سەر زەوی، لەئەنجامدا لەسەر زەوی جێگیر بووە، پاشان ژیان لەو بەکتریایەوە زنجیرەی بەست و شتەکانی لێپیکهات، یاخود دەڵێن: لەڕێی کلدارێك(نەیزەك)ەوە ژیانمان بۆ هاتووە کە کاتی خۆی بەر زەوی کەوتووە.

ئەم قسانە جگە لەوەی هیچ ڕاڤەیەکی زانستییان نیە – بەپێی یاسای بۆماوەیی- لە هیچ

(١)الله والعلم الحديث. لا ١٦٤

بوونەوەرێکیشدا نایبینینەوە، کەواتە ئەمەش ناماقوڵە، ئەگەر نا چۆن ئەم بەکتریایە توانی لە پلەی خواروی سفردا لە ئاسمان بمێنێتەوە؟ گەر توانیبێتیشی بمێنیتەوە چۆن لەو تیشکە چرانە رزگاری بووە کە بە شەپۆلی کورت دەردەچن و هەموو هاونموونەکانی دەکوژێت، گەر لەگەڵ ئەمانەشدا هەر بە زیندوویی مایەوە چۆن جێگەی شیاو و گونجاوی خۆی دۆزیەوە؟ ئەی چۆن ئەم رێکەوتنە سەیرەی دۆزیەوە لەو دۆخەدا؟ تا لەدایك بوو و ژیان دەستی پێکرد، ئایا ئەم گەشتە چەند ساڵی خایاند تا گەیشت؟ لەحاڵەتی دووەمیشدا - ئەگەر بە هۆی کلکدارەوە بوویێت- چۆن بەساغ و سەلامەتی گەیشتۆتە سەر زەوی؟ دوای ئەوەی کلکدارەکان توشی سووتان دەبن لە بەرگە هەوادا.

گەر بڕواشمان بە هەموو ئەمانە کرد، ئەوا پرسیارەکەمان بێ وەڵام دەمێنێتەوە، چۆن ژیان لەسەر یەکەم ئەستێرە دەستی پێکرد؟))(١)

یەکخانە هەرچەندە ساکار بێت، دەبێت بە هەموو ئەرکەکانی ژیان هەستێت: هەر لە خواردنەوە تا هەناسەدان و دەردان و گەرمایی دیاریکراو و گەشەو زۆربوون و دابەشبوون و جوڵەو کاریگەریی و ڕژانی ڕژێنەکان و گونجان لەگەڵ ژینگەدا، کەواتە خانەش ئاڵۆزەو هەرگیز لە زیندەوەرانی تر کەمتر نیە، لەدانپیانانە دەگمەنەکانی زانستیش وتەکەی (بخنز)ە کە دائەنرێت بە دیارترین پاڵپشتی بیردۆزی گەشەکردن، و یەکێکە لەهەرە مادیە ڕۆچووەکان و داروینی تاوانبار کردووە بەوەی هۆی دروستبوونی پیاوانی ئاینی بووە.، دەڵێت: ( لەدایکبوونی خودیی، یەکەم خرۆکە کە یەکەم ڕەگەزی لێوە دروست بووە شتێکی ئاسان نیە، چونکە لەباریی بۆ دروستبوونی یەکەم خرۆکە بە دروستبوونێکی خودیی نەزانراوە، خرۆکەش هەرچەندە سادەو ساکار بێت بنیادو پێکهاتەکەی بە جۆرێکە ڕێگا نادات بەوەی ڕاستەوخۆ لە شتی بێگیانەوە هاتبێتە دی، بەڵکو دروستبوونی لە بێ گیانەوە لە تێڕوانینی زانستدا دائەنرێت بە موعجیزە، کە سەبارەت بە ژیریی وەکو ئەوە وایە زیندەوەرە باڵاکانیش ڕاستەوخۆ لە شتی بێ گیانەوە یەکسەر بەدیهاتبن)(٢)

---

(١)العلم يدعو الى الايمان.

(٢)الاسلام و نظرية داروين. باشميل.

هەندێك جار تروسكەی هیوا لای زاناكان دەردەكەوێت، كە زۆربەیان خەیاڵ كۆیاندەكاتەوە، كاتێك دەڵێن وا خەریكە ئێمە ژیان دروستبكەین، كەچی لەپاشدا جگە لە تراویلكە (سراب) هیچ شتێكی تر نادۆزنەوە، دواترین شت لەمبارەوە بیستمان ئەو وتەیەیان بوو كاتێك ترشەڵۆكی (D.N.A)یان دۆزیەوە، گوتیان ئێدی نهێنی ژیان بەدەستمانەوەیە،كەچی دوای ژاوەژاو و گاڵەگاڵێكی زۆر، گەیشتنە ئەو وەڵامە یەكلاكەرەوەیەی ژیان لە بەدیهێنانی (الله)یە، ئەمەش درێژەی باسەكەیە:

(( هەندێك نەخۆشی توتن بەهۆی (حماتی ئاوێتەوە) دروست دەبن، لە هیۆلیناتی ناوكی، بەرەنگاری دژە بەكتریا دەبنەوە، وهەندێك سیفاتی تایبەتی زیندەگیشی هەیە كە ڕێی زۆربوون و هاوشێوەییەتی دەدات، بەڵام لەم چەند ساڵەی دوایدا ڕاستیەكی تر ئاشكرا بوو، ئەویش ئەوەبوو كە ئەم حومەیاتە تەنیا ترشەڵۆكی ناوكیی پاڵفتەیەو مادەی هیۆلینی دەوریداوە، ترشەڵۆكی ناوكیش كە پێكهێناوە یەكێكە لەم دوو جۆرە: یان(D.N.A)یە، یاخود (R.N.A)یە، بەڵام ئێستا بوونیادی ئەم دوو ترشەڵۆكە زانراوە بە شێوەیەكی تەواو، هەرچەندە دوو پێكهاتەی زۆر ئاڵۆزن، ئەمەش بە هۆی بەكارهێنانی تیشكی ژوور وەنەوشەیی و زەرەبینی ئەلەكترۆنیەوە بوو، و زۆر هۆكاری كیمیاوی تریش.

دەركەوتووە ئەم ترشەڵۆكە لە ٣ ڕەگەزی سەرەكی پێكدێت و یەك پارچەی بچوك پێكدێنێت لە شێوەی بەدوایەكدا هاتن و دووبارەبوونەوەی زنجیرێكی درێژدایەو ئەم زنجیرەش زنجیرێكی تر بەرانبەری دەوەستێ، ڕیز دەبێت و یەكێكیان خۆی لەویتر دەئاڵێنێت لە شێوەی لولپێچدا، ماوەی یەكسانی دووریی نێوان ئەم دوو زنجیرەش پێكەوە دەبەستێتەوە، پێوەندی گرێدانی هیدرۆجینی وادەكات، دوا شێوەی بە جۆری پەیژەی لولخواردوو (لولبی) بێت، یاخود پەیژەی دوانگە(مأذنـة)، هەروەها هەردوو زانا (واتسۆن و گریك)ئەوەیان ڕوونكردووەتەوە كە ژمارەی خولانەوەی هەردوو شریتە لولپێچەكە لە ترشەڵۆكەكەدا لە ١٠٠٠ خول و سووڕان زیاترە، درێژی هەردوو شریتەكە، یان درێژی ترشەڵۆكەكەش لە ٣٠ ئەنگستڕۆم تێناپەڕێت. یەك لەزاناكان وایدەخەملێنێت گەر بێتو هەردوو شریتەكە درێژ بكەینەوە و كۆتایی یەكێكیان بكەین بە كۆتایی ئەوی ترەوە، ئەوا درێژیەكەیان لەدەرەوەی ناوكەكەدا ٥ر١ مەتر دەبێت، جا بۆئەوەی درك بە ئاڵۆزی ئەو ترشەڵۆكە بكەین، ئەوا پێویستە بزانین كێشی گەردیی (الذري) جۆرێك كە (R.N.A) یە: ١٫٥X ١٠^٦ـە، لەگەڵ

ئەمەشـــدا ئەم ترشـــەڵۆكە دۆزراوەتەوە، (ئۆشـــوا)ی زانـــاش تـــوانی ئەمە پێكبهێنێـــت و لە ئەنجامیشدا پاداشتی نۆبڵی لەسەر وەرگرت.

ئەم ترشـەڵۆك و بلـورە بە جۆرێـك دارێـژراوە، كە ترشـەڵۆكەكە نەتوانێـت زۆر ببێـت وەك ترشـەڵۆكی (D.N.A) كە لەتوتن و حوماتدا هەیە، دارشتەی هەردوو ترشـەڵۆكەكە هەر یەك بـوو، لەگەڵ ئەمەشـدا جیـاوازی نێوانیـان زۆر گەورەیە، وەك جیـاوازی نێـوان ژیـان و مـردن وایە، ئەمەش وەك جیاوازی نێوان بتی بێ گیان ولەشی زیندووی خاوەن گیان وایە))[1]

كەواتە دوای ئەمە دەگەینە ئەم ئەنجامە:

مـادە هـیچ لەیاسـا تێناگـات، تەنـانەت ئەوانەش كە خـۆی جێبەجێـی دەكـات و لەسـەری دەڕوات، گەردیش ملكەچی یاسـاكانی یەكگـرتنە كیمیاویەكانەو یاسـای كێشـندەو كاریگەریی پـلەی گەرمـایە، بەڵام ژیـان ئەو نهێنـیە سـەیرەیە كە لەبـنەچەو ڕەسـەنەكەی هـیچ شـتێك نازانین تەنیا شوێنەوارەكانی نەبێت.

* وَيَسْـأَلُونَكَ عَـنِ الـرُّوحِ قُـلِ الـرُّوحُ مِـنْ أَمْـرِ رَبِّـي وَمَـا أُوتِيـتُم مِّـنَ الْعِلْـمِ إِلَّا قَلِـيلًا. الاسـراء/٨٥*واتە: پرسـیارت لـێ دەكـەن دەربـارەی ڕۆح .بـڵێ: ڕۆح بەشـێكە لەفـەرمانی پەروەردگارم و بەدەست ئەوە و هیچتان پێنەبەخشراوە لە عیلم و زانست تەنها شتێكی كەم نەبێت.

***

لیتـز دەڵێـت(( هەر خـانەیەكی پـرۆتین لە زنجیـرەیەك پێكـدێت كە چەندسـەد ئەڵقەیەكی تێـدایە، هەر ئەڵقەیەكـیش تێـدا لە پێكهـاتە گەردیەكـان پێكـدێت، كە سـەرچاوەكەشـیان ترشـێكە لە ترشـە نەشـاردیەكان(الاحماض النشـاردية)، ئەم ترشـەڵۆكانەش نـزیكەی ٢٠ جۆریان لێزانراوە، شوێنی هەریەكەشیان بە پێی جیاوازی ڕێژەو ڕێكخستنیان دیاریدەكرێت، بەڵام لە هەنـدێك شانەدا(نسـيج) تەنیـا لەسـەر یەك ڕێكخسـتن و بە یەك ڕێـژە دەیـانبینین، بەبێ هـیچ شـازی و جیاوازیەك،ئێـدی ئایـا دەتـوانین پـلەی وردەكـارێتی پێكانـدنی ئەگەرە هەڵەكان پەی پێبەرین و بێت بەخەیاڵماندا كە ژمارە ئاساییەكانی ئێمە ناتوانن بیانژمێرن؟

(١)من مذكرات الدكتور جميل الشطي.

بـۆ نزیککـردنەوەی ئەم وردەکـاریە لە ئەندێشـەوە، پێویسـتە باسـی ئەوە بکەیـن پیـتە ئەبجەدیەکـانی نـاو هەمـوو زمانەکانی مرۆڤـایەتی دەوروبەری ٣٠ پیـتن، کەچی لە لێکـدانە جیاوازەکانی ئەم پیتـانەوە هەمـوو زاراوە جیاجیاکـانی وشـە و ڕسـتەی ئاخـاوتنی نەتەوەکانی لێپێکـدێت، جـا گەر خـانەی پـرۆتین لە قەبـارە شـاراوەکەیدا ڕێـی تێبچێـت و شایسـتەی چەندجارکردنی ئەم دووبارەبوونەوەیە بێت، پاشان هیچ شتێکی تیا نەبینینەوە جگە لە یەك وشـە نەبێت، لە یەك ڕێکخستنی نەگۆڕدا، ئەوا بە شێوەیەکی نزیککراوە مانای ئەو پێکاندنە دەزانـین لە پێکانـدن و دارشـتندا. بـۆ نزیکـردنەوەی ئەم خەیـاڵە دەڵێـین: خـۆر لە ٣٠٠،٠٠٠ سـاڵدا تیشـکەکەی لە لایەکی مەجەڕەوە دەگاتە لاکەی تـر، جـا گەر بمانەوێـت پێکانـدنی خانەکـان (اصـابة الخلیـة) لە پێکهاتنیـدا بەم نمـوونەیە بچـوێنین، ئەوا ئەم پێکانـدنە وەك پێکانـدنی گولـلەیەك وایە کە لەسـەر زەویەوە بتەقێنرێت بەرەو ڕووی ئامانجێك لە ڕووبارێك لە مەجەرەیەکی تردا بە قەبارەی چاوی مانگایەك، وهیچ جارێکیش هەڵە دەرنەچێت، ئەمە لەگەڵ ئەگەری ئەوەدا کە ئەڵقەی خانەکان تەنیا ٥٠ دانە بن، نەك بەسەدان دانە))[1]

لەگەڵ ئەمەشدا پرۆتین هەموو شتێک نیە، بەڵکو بەشێکە لە خانەیەك، خانەش بەشێکە لە ئەنـدامێك، ئەنـدامێکیش بەشـێکە لە ئامێـرێك، ئامێـرێکیش بەشـێکە لە لەش و لەشـیش هەمووی هەر لە پرۆتۆنەکانەوە تا خانەکان و ئەندام و ئامێرەکان لەناویەکدا تێهەڵکێشن، زۆر بە تەواوی لەگەڵ یەکدا هاوکاری وکارلێکیان هەیە.

(( جا لەشی زینـدوو کە هەمـوو سـاتێك ئەم موعجیـزانەی تیا دووبارە دەبێتەوە، هێشـتا زۆر سەراسیمەی تێدایە، کە لەهەمـوو ئەمـانەی باسـمانکرد زیـاتر جـێی سەرسـوڕمانە، ئەویـش ئەوەیە کە ئەو گەردە شـاراو ونـانە، بە شـێوەیەك یەکـدەگرن و جیـادەبنەوە: ئەگـونجێن و پەرت دەبـن کە نوێبوونەوەیـان مسـۆگەر بێـت، یـاخود بەردەوامی بـۆ ژیـان دەسـتەبەربکات، هەمـــوو بەشـــێکی زینـــدوو لە دووانەیەك پێکـــدێت، لەهەردووکیشـــیانەوە یەك خـــانە دەردەچێت، کە دانەیەکی تری زیندووی لێبەرهەم دێت، ئەم دوو خانەش هەندێك جار بە شێوەی دووانەن و هەندێك جاریش بەشێوەی تاك، بە پێی باروقۆناغی دیاریکراو، ژمارەشیان

(١)الله . للعقاد. لا ٢٠٥. چاپی الهلال.

لەهەر جۆرێك لە جۆرە زیندووەکاندا بە بێ کەم و زیاد ئەگونجێت، هەموو دانەیەکی زیندووش خو و غەریزەی تایبەتی بە جۆرێك هەیە کە لە کاتی دیاریکراودا ڕێی جوتبوونی نیشاندەدات، جا گەر باڵندەبوو ئەوا پێویستە پوش پێکەوە بنێن پێش جووتبوون،گەر ماسی دەریاکان بوو ئەوا دەبێت ئاوی سوێری دەریا جێبهێڵن بۆ ڕێڕەوی ڕووبارەکان یان تەنکاوەکان پێشئەوەی زاووزێ بکەن، بەوپەڕی شەوقەوە پێش زاوزێکردن دەڕوانن یەکدی هەرچەندە جۆرەکەشیان جیاواز بێت))[١]

ئاڵۆزبوونی گەورەی دیاردەی ژیان هاوتاییەکی مەزنی تێدایە، ودانانی هەموو شتێك لە شوێنی خۆیاندایە، ئەمانەش بەڵگەی ئاشکراو ڕوونن لەسەر بوونی زانست و ویست و توانا لە پشتیانەوە، بە شێوەیەکی نامۆ لای مرۆڤی نەخوێندەوارو لای مرۆڤی زاناش بە شێوەی زانستی بڕوا پێهێنەرە.

دروستکردنی مادە و بەخشینی خۆی بۆ گوێکان و چاوان و دڵان لە حاڵەتەکانی مادە نیە و مرۆڤ ناتوانێت بێڕاڤەکردن بڕوای پێبکات، نەفیکردنی سەرسوڕمانیش لە پێکهێنانی لەشی زیندودا وتەیەکی ڕاست نیە، چونکە ئێمە ئامێری مادی دەبینین بە ڕێکوپێکی ئیش دەکات و کارەکانی بە شێوەی مەبەستداری زانراو دابەش دەکات، ئامانجی زانراویش بریتیە لە خاڵی سەرسامبوون، جا سەرسامی لە لێکچوونی ئامێرو لەشە زیندووەکاندا ئەوەیە کە ئامێر بە بێ بوونی دروستکار ساز نابێت، و شیتەڵ کردنی کارەکانیان بە پێی یاسای گەرمی و جوڵە هیچ سوودێکمان پێناگەیەنێت، لە جێهێشتنی یاساکانەوە بۆ توانستی ئەندازیارێك کە ڕامی ئەو یاسایانە بێت.

ئادەمیزاد بە چاوێکی ڕووتەوە تەماشای ئەندامەکانی لەشە زیندووەکان دەکات؛ سەرسام دەبێت لە وردەکاری توانا و کاریان و پاڵپشتی ئەندامەکان بۆ یەکتری و هاوکاری نێوان ئیشەکانیان، و تێپەڕبوونی هۆکارەکانی گەشەکردن تیایاندا بە پێی پێوانەی پێویست، بە گوێرەی تەمەن و جۆرو پۆل، ئێدی ئەگەر لە لەشی ئادەمیزاد یان ئاژەڵ یا زیندەوەری بچوك یا ڕووەکدا بێت، دەبێت زۆر سەرسام بین دوای ئەوەی بە زەڕەبین و میکرۆسکۆپ و کارە شیتەڵکاریەکان دەردەکەوێت ئەو ئەندامانە لە چی پێکدێن؟

..............................

(١)هەمان سەرچاوەی پێشو.

و چۆن کۆمەکی لەو ئەرکانەدا ئەکەن؟بۆمان دەردەکەوێت ئەو ئەندامە دیارانە بریتین لە چەندان گەردی ورد کە هەزارانیان بە چاوی ئاسایی نابیندرێن، هەر گەردێکیش دەکەوێتە شوێنیکی لەشەوە و سەرجەم گەردەکانی تر تێیدا هاوکار دەبن، وەک ئەوەی ئاگایان لێبێت و بزانن چی دەوێت، هەریەکێکیشیان بەهۆی نەخۆشی و کەمتوانایییەوە دەستبەرداری کارەکەیان نابن مەگەر یەکسەر ئەوانی تر هەڵدەستن بە چاکردنەوەو کۆمەکیکردنی.

***

لەسەر زەویدا ملیارەها ملیار زیندەوەر هەن، لەهەر یەکێکیشیاندا هێندە سەرسوڕمانی تێدایە دواییان نایەت، ئەمەش نموونەیەکە ئەو زۆریەمان بۆ دەستنیشان دەکات: (لێستەر جۆن زمرمان) تایبەتمەندی خاك دەڵێت:

(خاکی بەرهەمهێنی پیتدار دائەنرێت بە خاکی زیندوو، لەژمارە بەدەر زیندەوەری وردی لەسەر دەژی، لە ئاژەڵ و ڕووەك، ڕێژەی ئەو زیندەوەرانەی لەسەری دەژین تەنیا نزیکەی لە ٢٠%ی مادەی زیندەگی پێکدەهێنن تیایدا، لەکاتێکدا ژمارەی ئەو زیندەوەرانە دەگاتە چەند ملیارێك تەنیا لە یەك گرامی خاکدا)[1]

جا ئەم ملیارە مەزنە لە زیندەوەران دابەشدەکرێن بۆ هەزاران جۆرو ڕەگەز، هەر جۆرو ڕەگەزێکیش جۆرە تایبەتمەندی و سیفەت و شێوە و وێنەو ڕێگەی خۆراك و ڕێگای ژیانی جیاوازیان هەیە و هەر دانەیەك لەدانەکانی ڕەگەزێك، جۆرە تایبەتمەندیەکی ئەو ڕەگەزە لەخۆ دەگرێت لەهەموو ڕووە ئاڵۆزەکانی ژیانەوە.

* وَمَا مِن دَابَّةٍ فِي الْأَرْضِ وَلَا طَائِرٍ يَطِيرُ بِجَنَاحَيْهِ إِلَّا أُمَمٌ أَمْثَالُكُم . الانعام/٣٨* واتە: هیچ زیندەوەرو گیانلەبەرێك نیە بەسەر زەویدا بڕوات و هیچ باڵندەیەك بەباڵەکانی بفرێت و ئەوانیش ئوممەت و گەلێك نەبن وەك ئێوە.

هەریەکەیان ڕزق و ڕۆزی و خواردنی تایبەتی خۆی هەیە و جۆرە غەریزەیەکی هەیە وای لێدەکات بە دوای ڕزق و ڕۆزیدا بگەڕێ، کۆئەندامەکانیشیان کە خواردن هەرس دەکات لە یەکتری جیاوازە.

.........................................

(١)الله يتجلى في عصر العلم.

* وَمَا مِن دَابَّةٍ فِي الْأَرْضِ إِلَّا عَلَى اللَّهِ رِزْقُهَا وَيَعْلَمُ مُسْتَقَرَّهَا وَمُسْتَوْدَعَهَا ۚ كُلٌّ فِي كِتَابٍ مُّبِينٍ هود/٦* واته: هیچ زیندەوەرێك نیە لەم زەویەدا رزق و رۆزیەكەی لەسەر خوا نەبێت و ئاگادارە بەشوێنی حەوانەوە و شوێنی دەرچوونیان، هەموو شتێك تۆمارە لە دۆسیەی ئاشكرادا.

* مَّا مِن دَابَّةٍ إِلَّا هُوَ آخِذٌ بِنَاصِيَتِهَا. هود/٥٦* واته: هیچ گیانلەبەرێك نیە جڵەوی بەدەست خوای گەورەوە نەبێت.

* وَاللَّهُ خَلَقَ كُلَّ دَابَّةٍ مِّن مَّاءٍ فَمِنْهُم مَّن يَمْشِي عَلَىٰ بَطْنِهِ وَمِنْهُم مَّن يَمْشِي عَلَىٰ رِجْلَيْنِ وَمِنْهُم مَّن يَمْشِي عَلَىٰ أَرْبَعٍ ۚ يَخْلُقُ اللَّهُ مَا يَشَاءُ. النور/٤٥* واته: خوا هەموو زیندەوەرێكی لە ئاوێكی تایبەت دروست كردووە، جا هەیانە لەسەر سكی دەڕوات، هەیشە لەسەردوو قاچ دەڕوات، هەیشە لەسەر چوار پێ دەڕوات، خوا هەرچی بوێت دروستی دەكات.

* وَبَثَّ فِيهَا مِن كُلِّ دَابَّةٍ .البقرة/١٦٤* واته: وجۆرەها گیانلەبەری لەسەر ڕووكاری زەویدا بڵاو كردۆتەوە.

تاكە لۆژیكێكی ماقوڵ ئەوەیە كە الله ﷻ، خودای زیندووی تاك و تەنیا بەدیهێنەری ژیانە * وَالَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِ لَا يَخْلُقُونَ شَيْئًا وَهُمْ يُخْلَقُونَ.أَمْوَاتٌ غَيْرُ أَحْيَاءٍ وَمَا يَشْعُرُونَ أَيَّانَ يُبْعَثُونَ. النحل/٢٠-٢١* واته: ئەوانەی هاواریان لێ دەكەن و دەیانپەرستن جگە لە خوا، هیچیان پێ دروست ناكرێت، لە كاتێكدا كە خۆیان دروست دەكرێن. ئەوانە مردوون و زیندوو نین، هەستیش ناكەن كەی خۆیان و خەڵكی زیندوو دەكرێنەوە.

هەروەك چۆن بە پێی ژیری و لۆژیك ئەو دوو شتە وەك یەك نابن ( كە پەروەردگار توانای بەدیهێنانی هەیە و كەچی ئەو هاوەڵدانانەی لەلایەن بێباوەڕانەوە بۆی دادەنێن توانای بەدیهێنانیان نیە كەچی وەك یەك تەماشا بكرێن) * أَفَمَن يَخْلُقُ كَمَن لَّا يَخْلُقُ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ. النحل/١٧*واته: ئایا ئەو زاتەی ئەم هەموو دروستكراوە سەرسوڕهێنەرانەی بەدیهێناوە، وەكو ئەو كەسە وایە كە ناتوانێت هیچ بەدی بهێنێت، ئایا ئەوە بۆ لێكی نادەنەوەو یادەوەری وەرناگرن؟

هەروا ئەو دوو كەسەش بە پێی پێوانەی ژیریی وەك یەك نابن، یەكێكیان ژیان بداتە پاڵ رێكەوت و ئەوی تریان بیداتە پاڵ پەروەردگاری تاك و تەنیا.

* وَلَقَدْ ذَرَأْنَا لِجَهَنَّمَ كَثِيرًا مِّنَ الْجِنِّ وَالْإِنسِ لَهُمْ قُلُوبٌ لَّا يَفْقَهُونَ بِهَا وَلَهُمْ أَعْيُنٌ لَّا يُبْصِرُونَ بِهَا وَلَهُمْ آذَانٌ لَّا يَسْمَعُونَ بِهَا ۚ أُولَٰئِكَ كَالْأَنْعَامِ بَلْ هُمْ أَضَلُّ ۚ أُولَٰئِكَ هُمُ الْغَافِلُونَ.

الاعراف/١٧٩*واتە: سوێند بە خوا بێگومان ئێمە زۆر لە پەری و ئادەمیزادمان بۆ دۆزەخ دروست کردوە، ئەوانە دڵیان هەیە وکەچی حەق پێ تێناگەن، چاویشیان هەیە کەچی حەق پێ نابینن، گوێیان هەیە کەچی حەق پێ نابیستن، ئا ئەوانە وەکو ئاژەڵ وان بەڵکو ئەوانە وێڵ تریشن، ئا ئەوانە هەر غافڵ و بێ ئاگان لە حەق.

ئەنجا لەم چیرۆکە ڕابمێنە، چیرۆکی بچوکترین بەدیهاتوو وساکارترین بوونەوەر، تا بۆت دەربکەوێت لە پشت نهێنی ژیانەوە (الله) هەیە، لەسەرەتاو کۆتاییەوە.. چ دروستکردن بێت یاخود جۆراوجۆریی.. ئەو بوونەوەرەش (ئەمیبا)یە (( گەر بچینە کارگەیەك و یەك دڵۆپ ئاوی گۆلاو –زۆنگاو- لە ژێر زەرەبینی تایبەتدا بپشکنین، تا گیانەوەرانی ناو دڵۆپەکە ببینین، ئەوا یەکێك لە سەرسوڕهێنەرەکانی ئەم گەردوونەمان بۆ ئاشکرا دەبێت: ئەوە ئەمیبایە زۆر بە هێواشی دەجوڵێت، ڕووەو زیندەوەرێکی بچوك دەچێت و دەوری دەدات بە لەشی، هێندەی پێناچێت دەچێتە ناو لەشیەوەو هەرسی دەکات و لەناو لەشیدا خۆی دەنوێنێت، بەڵکو دەشتوانین پاشەڕۆکی ببینین کە لە لەشی ئەمیباکەوە دەردەچێت پێشئەوەی چاومان لەسەر زەرەبینەکە هەڵگرین.

جا گەر بۆ ماوەیەکی درێژ تێبینی ئەم گیانەوەرە بکەین ئەوا دەبینین چۆن لەشی دەبێت بە دوو پارچەوە، پاشان هەریەك لەم دوو بەشە گەشەدەکات و سەرلەنوێ دەبێتەوە بە گیانەوەرێکی نوێی تەواو ( هەروەها دەڵێن: هیچ خانەیەك دابەش نابێت گەر بێت و خانەیەکی تری بەرنەکەوێت؛ کەواتە کرداری جووتبوون هەیە لە نێوان نێرو مێدا) ئەوە تەنیا یەك خانەیەو هەڵدەستێت بە هەموو ئەرکەکانی ژیان کە بوونەوەرە گەورەکانی تر لە جێبەجێکردنیدا پێویستیان بە هەزارەهاو ملیۆنەها خانە هەیە. بێگومان دروستکردنی ئەم گیانەوەرە سەیرە کە لەبچوکیدا دوا پلەی وەرگرتووە زۆر لە توانای ڕێکەوت بەدەرە، لەگەڵ تێبینیکردنی ئەوەی لە هەموو جێیەکی جیهانیشدابوونیان هەیە، ئێستاش هەروەکو ئەو کاتە وایە لەسەری دروستکراوە.

گەر وردبینەوە لەو گیانەوەرە سادەیە، لەناو پێکهاتەکەیدا (پرۆتۆپلازما)ی پێکهاتەی ئاویی دەبینین، کە زیندووەو لەجوڵەی بەردەوامدایە،مەڵبەندو چەقی جوڵەی ژیانە لەهەموو

بوونەوەرێکی زیندوودا، بەشێوەیەکی زۆر سەیر دەجوڵێت. ئەمیبا لەناو ئاودا مەلە ناکات و ناشچێتە سەر رووی دڵۆپە ئاوێك و ناو قوڵایەوە، بەڵکو بەجۆرێك دەجوڵێت وەك ئەوەی بڕژێت یان لەبەری بڕوات، بەڵام سەبارەت لەشی ئەمیبا بریتیە لە یەك پارچەی ڕوت لە (پرۆتۆپلازم)، و جیاوازی هەیە لە خانەی ڕووەکی، بەوەی لە دیواری دەرەوەیدا هیچ بەرگێکی ڕەق نیە، بەڵکو تەنیا دیوارێکی ناسکە لەشی دەستنیشان دەکات، هەرچەندێکیش ئەو بوونەوەرە (پرۆتۆپلازم)بەرەو ڕوگەیەك لە ڕوگەکان بجوڵێت، ئەو بەرگە گوێڕایەڵی دەکات و لەگەڵیدا بەهەمان ئاراستە دەجوڵێت.

ئابەمجۆرە شێوەی گیانەوەرەکە دەگۆڕدرێت، هەندێك زیادەی بۆ پێکدێت، پاش کەمێك شێوەکەی دەگۆڕدرێت،ئابەمجۆرە گیانلەبەرەکە دەجوڵێت، پشت بەو زیادانە دەبەستێت وەکو شێوەی پێ وان، هەر بۆیە بە گەندەپێ (الاقدام الكاذبة: پێ درۆزنە) ناسراون، ڕێشی تێدەچێت گەر ئەوپەڕی هێزی مەزنکردنی زەرەبینەکە بەکاربێت بتوانرێت زیادەی (سایتۆپلازم)ەکە ببینرێت لە کاتی پاڵنانی گەندەپێکان، تا بزانین لەشی زیندەوەرەکە لە دوو چینی پێکهاتەی (پرۆتۆپلازما)ی جیاواز لە چڕیدا پێکدێت، یەکێکیان پارچەیەکی تەنکی ئاویە و هەمیشە لە جوڵەدایە، بەڵام ئەویتریان شێوەو پارچەیەکی هولامی نادەستنیشانکراوە، نیوە ڕەقەکە دەوری چینەکەی پێشووی داوە بەشێوەیەکی تەواو.

ئەمیبا چۆن دەجوڵێت؟ ئەو هۆکارانە چین دەبنە هۆی خۆراکپێدانی؟ هەرچەندە وەڵامبدەینەوە هێشتا هەر دەیمێنێت بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان، زۆر هۆکار دەبنە هۆی کارلێکردن لەسەر جوڵەی پێکهاتووەکانی ناو خانە، بەڵام هەموویان کارلێکی رووکەشی سادەن، کە ناتوانن ئەوەمان بۆ دەستنیشانبکەن بۆچی جوڵەی بەردەوامی زیندەوەرەکە کۆتایی پێنایەت؟ تەنانەت کاتێکیش کارلێکەری ئەم کارتێکردنانەش نامێنن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت بەلایەنی کەمەوە هەندێك لە هۆکارەکانی ئەم دیاردەیە دەگەڕێتەوە بۆ خودی زیندەوەرەکە، کەواتە مەحاڵە ڕاڤەی دیاردەی ژیان وابکەین تەنیا وەڵامدانەوەی هەندێك لە کارلێکە دەرەکیەکان بێت.

بەم بۆنەیەوە بۆمان دەردەکەوێت کاتێك خانەیەکی زیندوو دەبێت بە دوو بەشەوە، بەڕێگەی پاڵاوتنی پەروەردەکاری، بەجۆرێکی وا کە ناوکەکە دەکەوێتە بەشێکیانەوە، نەك هەردوو بەش. جا ئەو بەشەی ناوکەکەی تیا نیە پاش کەمێك دەمرێت، گەر هەرچەندیش

هەوڵبدات بۆ لەناونەچوونی، کەواتە دەردەکەوێت ناوکەکەیە هەڵدەستێت بە ڕێکخستنی کرداره زیندەگیەکان لە خانەکانداو زاڵدەبێت بەسەریاندا، جا گەر ئەم سەرپەرشتیە نەما ئەوا ژیان ڕادەوەستێت.

هەر بەمجۆرەش لە خانەیەکدا کە ساکارترین زیندەوەر لەخۆ دەگرێت، هێزو توانای پەروەردگار دەبینینەوە، وەك چۆن لەئاڵۆزترین زیندەوەریشدا دەیبینینەوە))[1]

* أَيُشْرِكُونَ مَا لَا يَخْلُقُ شَيْئًا وَهُمْ يُخْلَقُونَ. الاعراف/١٩١*واتە: ئایا کەسێك یان شتێك دەکەنە شەریك و هاوبەش کە ناتوانێت هیچ شتێك دروست بکات، لەکاتێکدا خۆشیان دروستکراون.

بە دڵنیاییەوە گەردوون بەدیهێنراوە نەك بەدیهێنەر، جاهەرکەسێك سیفاتی بەدیهێنان بداتە پاڵ گەردوون یان سروشت، ئەوا بە شێوەی کاڵفام وگەوجانە هاوەڵ بۆ پەروەردگاری تاکوتەنیا دادەنێت.

دروستبوونی ژیان تەنیا بە پەروەردگار لێکدەدرێتەوە، بوونی جۆرەکان و ڕەگەزەکانیش هەر بە پەروەردگار لێکدەدرێتەوە، هەموو سەرسوڕهێنەرەکانی گیانەوەرانیش بۆ پەروەردگار دەگەڕێتەوە، هەر بەشێکیش لەمانە بەڵگەن لەسەر بوونی (الله).

-٣-٤-

مرۆڤ و ڕەوشت

مرۆڤ تەواوترین دروستکراوی (الله)یە، بۆیە بە قەشەنگترین بەدیهاتووەکانی دادەنرێت، جا مرۆڤ هەر بەو ڕێژەیەی خودا دەناسێت هەر بەو ڕێژەیەش خۆی دەناسێت؛ چەندێکیش لەخۆی بێئاگا بێت ئەوەندەش لەخوا بێئاگا دەبێت، بۆیە لە داناپەروەریدا هاتووە ( ئەوەی خۆی بناسێت خواش دەناسێت) ئەمەش لە ڕاسترین وتەکانە مرۆڤ دایڕشتوون.

گرنگترین شت لە مرۆڤدا بریتیە لە سیفاتە سەرەکیەکانی، کە ناتوانین بە تەواوی لێکیانبدەینەوە، تەنیا بەوە نەبێت بڵێین بەشێکن لە فرمانی خودا، وەك خووڕەوشتی مرۆڤ، سیفەتە سەرەکیەکانی مرۆڤ وەك زانست، ویست، تواناو هێز.

مادە خۆی ناناسێت و یاساکانیشی تێناگات،مادە هیچ هەڵبژاردنێکی لەبەردەمدا نیە، توانا و

..............................................

(١)الله يتجلى في عصر العلم.

هێزیشی سنووردراوە، بەڵام مرۆڤ تێدەگات و ویستی هەیە بە پێی زانستەکەی خۆی، هێزەکەشی بە پێی ئەو توانایەی هەیەتی جێبەجێیدەکات، جا ئامادەگی مرۆڤ بۆ زانست دیاردەیەکە لە گەورەترین دیاردەکانی بوون، چونکە مرۆڤ بە تەنیا لە نێوان ئەو بەدیهاتووانەی دەیانبینێت ئامادەگی ئەوەی هەیە هەموو شتێك بزانێت، هەروەها کاری شیتەڵکاری و لێکدان و پێوانەکردن و هۆکارێتی دەکات، کاری ڕەفزکردن و وەرگرتن ئەنجامدەدات، توانای وێناندن(تصور)ی هەیە، دەتوانێت بیر بکاتەوەو تەنانەت شتە نەزانراوەکانیش لە ژێر ڕۆشنایی شتە زانراوەکاندا بناسێتەوە، هەروەها ڕێگاش بۆ ژیانی دەکێشێت و دەتوانێت شارستانی بنیاتبنێت یان تێکیبشکێنێت.

لەگەڵ دیاردەی زانستدا دیاردەی دەربڕین دێت، کاتێك مرۆڤ لەهەموو ئەمشتانە دەدوێت؛ هەندێکجار بە ڕەوشت و ئەدەبەوە، هەندێکجاریش بە وشە یان بە فەلسەفە،جارانێکیش بە لۆژیك،بە بێدەنگی یا بەتووڕەیی،بەسۆز یا بە هزر.

زانست و ڕوونبێژی مرۆڤ بەڵگەی ڕاستەوخۆن لەسەر بوونی (الله) * الرَّحْمَنُ عَلَّمَ الْقُرْآنَ خَلَقَ الإِنسَانَ عَلَّمَهُ الْبَيَانَ. الرحمن١-٤*واتە: خوای میهرەبان، کانگای سۆزو ڕەحمەت. قورئانی فێری ئادەمیزاد کردووە. خوا ئادەمیزادی دروست کردووە. ئەویش فێری گوفتارو ئاخاوتنی کردووە.

* اقْرَأْ وَرَبُّكَ الأَكْرَمُ الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ عَلَّمَ الإِنسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ العلق/٣-٥*واتە: بخوێنە، لەکاتێکدا هەر پەروەردگاری تۆ بەخشندەیە. ئەو زاتەیە کە بەهۆی قەڵەمەوە زانستی و زانیاری فێر کردووە. ئادەمیزادی فێری ئەو شتانە کردووە کە نەیزانیوون.

بەڵام مادە ویستی نیە، بەڵکو گەردنکەچی توانایە، ڕێوشوێنی ئەو توانایەش گۆڕانی بەسەردا نایەت و جێگۆڕکێ ناکات، گەر ئاژەڵ ویستی هەبێت ئەوا ویستەکەی بە شێوەی غەریزەیە لەسنوورێکی دیاریکراودا، سنووری ژیان و مردن، سنووری ڕزق و کرداری زۆربوون (السفاد)، جگە لەمانە ئەوانی تر لە ئاژەڵدا تەمومژاویە، تەنانەت واتای توانستیش نازانێت لەو شتانەی دەیەوێت.

بەڵام مرۆڤ وزەی ویستی هەیە، لە نێوان دوو شتی بەرانبەردا هەڵبژاردنی پێدەکات، لە نێوان دوو شتی دژیەکدا بەکرداری هەڵبژاردن هەڵدەستێت، قسەکردنی بە توانستی خۆیەتی، جوڵاندنی بە توانا دەبێت، هەروەها کارکردنیشی، تەنیا مرۆڤە سەربەستی

هەڵبژاردنی هەیە. بەجۆرێکی بێ وێنە لەناو هەموو بەشەکانی جهانی هەستپێکراواندا. گەر بیەوێت درۆبکات درۆ دەکات، گەرڕاستییش هەڵبژێرێت ڕاست دەڵێت، وێرانکاریی هەڵبژێرێت بەکاری وێرانکاری هەڵدەستێت، ئاوەدانیش هەڵبژێرێت بەکاری ئاوەدانی هەڵدەستێت، هێزێکی گەورەی لە ویست تێدایە هاوشانی وزەیەکی زۆرلە توانا.

چەندێك مرۆڤ وزەی ویستی پێدراوە ئەمەندەش هێزێکی گەورەی پێدراوە، لە ڕووەکانی ئەم هێزەش ئەوەیە: ئەتوانێت شتەکان بۆخۆی ڕامبکات و سوود لەهەموو شتێك وەرگرێت، دەتوانێت زەوی بچێنێت گەرهیچیشی لێنەڕوابێت، وبەرهەم بدورێتەوە گەرزەوی چاندبێت، ودەتوانێت لە دووتوێی ئاو و بادا بڕوات و گۆشتی باڵندەو ماسی بخوات، لەهەموو شتێك ئەوی سوودی بۆی هەیە دەریانبێنێت، لەهەرشتەش چی زیانی پێدەگەیەنێت لێیان دووربکەوێتەوە.

زانستی مرۆڤ و ویست و تواناکەی بە شێوەیەکی بەرچاو لەمادە جیای کردووەتەوە، چونکە مادە ناتوانێت زانست و درککردن و هێزو ویستی پێببەخشێت، بەڵکو تەنیا پەروەردگار دەتوانێت ئەمانە بە مرۆڤ ببەخشێت:

* وَعَلَّمَ آدَمَ الأَسْمَاءَ كُلَّهَا .البقرة/٣١* واتە: ناوی هەرچی پێویستی دەوروبەر هەیە فێری ئادەمی کرد،

* هُوَ الَّذِي خَلَقَ لَكُم مَّا فِي الأَرْضِ جَمِيعًا.البقرة/٢٩* واتە: هەرئەوزاتە هەموو شتێکی لە زەویدا بۆ ئێوە دروست کردووە.

*هو أنشأكم من الارض وآستعمركم فيها. هود/٦١* واتە: ئەو بەرپای کردوون لە زەویداو داوای لێکردوون کە ئاوەدانی بکەنەوە.

* وَجَعَلَ لَكُمُ السَّمْعَ وَالأَبْصَارَ وَالأَفْئِدَةَ قَلِيلًا مَّا تَشْكُرُونَ. الملك/٢٣* واتە: هەرخوایە، کە ئێوەی دروستکردووەو دەزگای بینین و بیستن و تێگەیشتنی پێ بەخشیون، کەچی کەمتان شوکرانە بژێرو سوپاسگوزارن.

* أَلَمْ نَجْعَل لَّهُ عَيْنَيْنِ وَلِسَانًا وَشَفَتَيْنِ وَهَدَيْنَاهُ النَّجْدَيْنِ .البلد/٨-١٠* واتە: ئایا جووتێك چاومان پێنەبەخشیووە؟ هەروەها زمان و دوو لێوەش. ئایا بە منداڵی ڕێنموویمان نەکردووە بۆ ئەوەی شیرلە مەمکەکانی دایکی بخوات؟، لە گەورەیشدا بۆ ئەوەی سەرپشك بێت لە شوێنکەوتنی ڕێبازی ڕاست، یان چەوت؟!

بەڵام ڕەوشت ئەو هەستەیە کە ڕەفتاری لێ بەرهەمدێت، مەڵبەندو جێگای ئەم هەستانەش جیهانی دەروونە لای مرۆڤ، ئەو جیهانە تەواوەیە تەنیا شوێنەوارەکەی دەزانین کە لەناخەوە هەستی پێدەکەین، هەندێك جاریش لەسەر ڕووپەڕی ڕوخسارمان خۆی دەنوێنیت، یاخود لەسەر دەست و زوبانمان وەدەردەکەوێت.

هەستەکانی بەزەیی ودڵڕەقی، لێبوردن و تۆڵەسەندنەوە، زەلیلی و عیزەت، دادو ستەم، دڵنیایی و ترس، جەنگ وئاشتی، تووڕەیی وئارام، ترسنۆکی و ئازایەتی، خۆبەزلزانین و تەوازع، توندی و نەرمی، ڕێپیشاندان و گومڕایی، گرتنەوەو بەخشین، نزمبوونەوەو بڵندبوون، کۆبوونەوەو پەرتوبڵاوی، ڕق و خۆشەویستی، بوغزو کینە، کورهاندن و ئیرەیی(حەسەد)، هەستی جوانی و دڵسۆزیی، هەروەها ئەو هەستانەی تر کە شەپۆلئەدەن بەسەر دەرووندا وەکو شەپۆلەکانی دەریا.

گەر خراپەمان توشبێت دەگرین، شادمان بین پێدەکەنین، شەیداو بوغزێنەری خوشەویستان دەبین، تکامان دەبێت و بێهیوا دەبین.

ئەمانە کاری دەروونن کە ئاڵۆزترین بەشن لە مرۆڤدا، لە کاتێکدا کۆبوونەوەی پرۆتۆنەکان یان ئەلەکترۆنەکان هەست دروست ناکەن.

* وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الرُّوحِ قُلِ الرُّوحُ مِنْ أَمْرِ رَبِّي. الاسراء/٨٥* واتە: پرسیارت لێ دەکەن دەربارەی ڕۆح بڵێ: ڕۆح بەشێکە لەفەرمانی پەروەردگارم و بەدەست ئەوە.

* وَنَفْسٍ وَمَا سَوَّاهَا. فَأَلْهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقْوَاهَا. الشمس/٧-٨* واتە: سوێند بە دەروون و ئەو زاتەی کە بە ڕێکو پێکی بەدیهێناوە. جا توانای خراپە و چاکە و خوانەناسی و خواناسی تێدا دایین کردووە.

لەسەر مرۆڤە خۆی هەڵنەخەڵەتێنێت و گەر بە قوڵی بیربکاتەوە، بەویژدانەوە تەماشای دەروونی خۆی بکات- گەر زانا بێت یاخود نەفام- چی دەبینێت؟ خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا مرۆڤ ئەدوێنێت:

* وَفِي الْأَرْضِ آيَاتٌ لِّلْمُوقِنِينَ وَفِي أَنفُسِكُمْ ۚ أَفَلَا تُبْصِرُونَ .الذاريات ٢٠-٢١* واتە: بێگومان لەسەر گۆی زەویدا بەڵگە و نیشانەی زۆر هەیە بۆ کەسانێك بەشوێن دڵنیاییدا دەگەڕێن. هەروەها لەخودی خۆشتاندا. ئایا ئەوەبۆ بینایتان ناخەنەکار.

کەواتە لە دەروونـدا زۆر نیشـانەو بەڵـگە هەن هەموویـان ئامـاژەی ئەوەمـان بـۆ دەکەن کە پەروەردگارو بەدیهێنەرەکەی (الله)یە.
بـوونی دەروون خـۆی لەخۆیـدا نیشـانەیە، هەمـوو سـیفەتێکی خێـرو شـەڕیش تێیـدا هەر نیشـانەن، جـگەلەمەش لەدەروونـدا ئایەتـانێکی تـری تێـدان بەڵـگەن لەسـەر ئەوەی لەم گەردوونەدا چەنـدان شـتی سەرسـوڕهێنەری نامـادی تێـدایە، مرۆڤ زۆر نزیکـدەکاتەوە لە جیهانی ئەودیوماده. خەواندنی موگناتیسی و دەرکردنی گیان وزانینی شت پێش ڕوودانیان، هەروەهـا ڕووداوە وەرزشـیەکانی گیـان کە خاوەنەکانیـان بـێ چـاو و تەماشـاکردن شـت دەبیـنن... ئەمـانە هەمـوو ئەوە دەردەخەن شـتانێك لەم گەردوونەدا هەبـن نـا مـادی بـن، هەروەها ڕوودانی خوێنـدنەوەی بیـری مرۆڤ و ئەوەی خولیـایەتی بە قـوڵی ئەوە دەردەخـات مرۆڤ تەنیا مادە نیە، بەڵکو کاتێك مرۆڤ دەمرێت نەك تەنیا بەشێك لە بەشە مادیەکانی پەکیدەکەوێت، بەڵکو لەگەڵ ئەمەشدا مرۆڤ شتێکی تری لەدەست دەردەچێت، ئەو شتە بزرەش بریتیە لە خودی مرۆڤەکە، وخاکەکە بۆ خاك دەگەڕێتەوە.
لە کۆتایـدا؛ دروسـتبوونی ژیـان بەڵـگەیە لەسـەر بـوونی خـودا، هەروەهـا ئاڵۆسـکاویەکانی ژیانیش بەڵگەن لەسەر بوونی (الله)، جۆراوجۆرێتی زیندەوەران بەڵگەن لەسەر بوونی خوا، هەروا شوێن و مەڵبەندی مرۆڤ لەم گەردوونەدا بە هەمـوو سیفەتە بەرزەکانیەوە بەڵگەن لەسـەر (الله)، لە دەروونـی مرۆڤیشـدا- چ ڕەوشـت بێـت یـان کشـگێڕەکانی(معجزە) بێـت- بەڵگەن لەسەر بوونی خودا، ئەمانە بەسن بۆ ئەوەی پەروەردگار بناسین، ئەی چۆن دەبێت گەر ئەوانەی لە ڕابردوو باسـمان کـردن و لەداهاتووشـدا باسـیان دەکەیـن هەمـوو پێکەوە کۆببنەوە؟! ئەی چیدەبێت گەر لەگەڵ ئەمانەشدا وەحی لەگەڵدا بێت کە لەلایەن خوداوە نێـردراوەو مـوعجیزەی وای تێـدایە لە توانـای کەسـدا نـیە، ئەی چی دەبێـت گەر لەگەڵ ئەمانەشدا پێغەمبەرانی ڕاستگۆو باشخوازو پارێزگارانی زیرەك و چاکەکار هەبن؟.
ئایـا لەدوای هەمـوو ئەمـانە بێبـاوەڕان هـیچ بەڵگەیەکیـان بەدەسـتەوە دەمێنێـت؟ تەنیـا بەڵگەی نەفامی و ڕێگای شوێن ئارەزووکەوتن نەبێت؟ کە ئەبێتە هۆی بەدبەختی و پاشان دۆزەخ، نەفرەتی پەروەردگار لەسەر بێباوەڕان بێت.

***

# دیاردەی چوارەم
# دیاردەی وەڵامدانەوە

لەم دیاردەیەدا هەریەك لە ئێمە ئەزموونی تایبەتی خۆی دەربارەی هەیە، هیچ یەکێك لە ئێمە نیە بە باوەڕدارو بێباوەڕەوە لەژیانیدا ماوەیەکی بەسەردا تێپەڕنەبوویێت لە ناڕەحەتی و ئازارو دوودڵیی، ئەوساش بە دڵێکی شکاو و تکاو هیواوە رووی کردووەتە خودا، پاشان دەبینێت خەمەکەی دەڕەوێتەوەو ناڕەحەتیەکەی تەواو دەبێت، خوای گەورەش لەدوای تەنگانە فراوانی بۆ دەڕەخسێنیت، خۆشی دوای ناخۆشی دێنێت، بەڵام دڵانێك دەمێننەوە بە سوپاسگوزاری و یادکاری پەروەردگارو توێشووی باوەڕ، بەڵام هەندێکی تریان بە بێئاگایی و لە یادچوو دەمێننەوە سەبارەتی.

ئەوەی ئاشکراو روونە هەموو دەروونێك لەکاتی ناڕەحەتیەکانیان پەنادەبەنە بەر خوای بەدیهێنەر، قورئانی پیرۆزیش لەزۆر جێگادا ئاماژەی بەم واتایە داوە: بۆ نموونە:

* قُلْ أَرَأَيْتَكُمْ إِنْ أَتَاكُمْ عَذَابُ اللَّهِ أَوْ أَتَتْكُمُ السَّاعَةُ أَغَيْرَ اللَّهِ تَدْعُونَ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ بَلْ إِيَّاهُ تَدْعُونَ فَيَكْشِفُ مَا تَدْعُونَ إِلَيْهِ إِن شَاءَ وَتَنسَوْنَ مَا تُشْرِكُونَ الانعام/ ٤٠-٤١* واتە: بڵێ: هەواڵم بدەنێ ئەگەر سزاو تۆڵەی خوا یەخەتان پێبگرێت، یان قیامەت یەخەتان پێ بگرێت، هاناو هاوار بۆ کەسێك دەبەن جگە لە خوا؟ ئەگەر ئێوە ڕاستگۆن کە غەیری خوا فریاتان دەکەوێت؟! هەر هاناو هاوار بۆ ئەو زاتە دەبەن بەڵاو ناخۆشیەکانتان لەسەر لادەبات ئەگەر بیەوێت، جا لەوکاتەدا هەرشتێك کە بە هاوەڵ شەریکی ئەو زاتەی دادەنێن، فەرامۆشی دەکەن.

* وَإِذَا مَسَّ الْإِنسَانَ الضُّرُّ دَعَانَا لِجَنبِهِ أَوْ قَاعِدًا أَوْ قَائِمًا فَلَمَّا كَشَفْنَا عَنْهُ ضُرَّهُ مَرَّ كَأَن لَّمْ يَدْعُنَا إِلَىٰ ضُرٍّ مَّسَّهُ ۚ كَذَٰلِكَ زُيِّنَ لِلْمُسْرِفِينَ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ. یونس/١٢* کاتێکیش ئادەمیزاد

زیان و ناخۆشیەکی تووش بێت، ئەوە هاناو هاوار بۆ ئێمە دەهێنێت بۆ لابردنی، لەکاتی ڕاکشاندا، یان بەدانیشتنەوە، یان بەپێوەبێت، جا کاتێك زەرەر و زیانەکەی لێ دوور دەخەینەوەو دەکەوێتەوە باری ئاسایی، هەروا دەڕوات بەڕێدا و بارودۆخی ئەوسای فەرامۆش دەکات، هەروەك ڕۆژێ لەڕۆژان هاواری لە ئێمە نەکردبێت و لە ئێمە نەپاڕابێتەوە تا ناخۆشی و زیانێك کەتووشیبووە لێی دوور بخەینەوە، ئا بەو شێوەیە بۆ لەسنوور دەرچووان ئەو کارو کردەوانەی کەدەیانکرد ڕازێنراوەتەوە.

* وَإِذَا مَسَّكُمُ الضُّرُّ فِي الْبَحْرِ ضَلَّ مَن تَدْعُونَ إِلَّا إِيَّاهُ فَلَمَّا نَجَّاكُمْ إِلَى الْبَرِّ أَعْرَضْتُمْ ۚ وَكَانَ الْإِنسَانُ كَفُورًا .الاسراء/٦٧*واتە: کاتێك لە دەریادا ناخۆشی و تەنگانە تووشتان دەبێت، ئەوە هەرچی پەرستراو هەیە لە بیرو هۆش و باوەڕتاندا نامێنێت و ون دەبێت جگە لەو زاتە بەڵام کاتێك ڕزگارتان دەکات و دەتانخاتە وشکانیەوە، ئێوە پشت لە بەرنامەکەی دەکەن و ڕوو وەردەگێڕن و نایناسن، بەڵکو زۆربەی ئینسانەکان ناشوکرو سپڵەن.

* هُوَ الَّذِي يُسَيِّرُكُمْ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ حَتَّىٰ إِذَا كُنتُمْ فِي الْفُلْكِ وَجَرَيْنَ بِهِم بِرِيحٍ طَيِّبَةٍ وَفَرِحُوا بِهَا جَاءَتْهَا رِيحٌ عَاصِفٌ وَجَاءَهُمُ الْمَوْجُ مِن كُلِّ مَكَانٍ وَظَنُّوا أَنَّهُمْ أُحِيطَ بِهِمْ ۙ دَعَوُا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ لَئِنْ أَنجَيْتَنَا مِنْ هَٰذِهِ لَنَكُونَنَّ مِنَ الشَّاكِرِينَ فَلَمَّا أَنجَاهُمْ إِذَا هُمْ يَبْغُونَ فِي الْأَرْضِ بِغَيْرِ الْحَقِّ. یونس/٢٢-٢٣* واتە: خوا ئەو زاتەیە کە لەوشکانی و دەریادا هاتو چۆتان پێدەکات، هەتا ئەو کاتەی کە لەکەشتیەکاندا دەبن و دەیانگوێزنەوە بەهۆی باو شەماڵێکی پاك و ئارامەوەو هەمووان دڵخۆشن پێی، ئەوە بایەکی توندو بەهێزو سەخت بەرەو کەشتیەکە بێت و هەڵبکات، لەهەموو لایەکەوە شەپۆل بۆیان بێت، ئیتر وابزانن کە دەورەدراون و هاناو هاوار بۆ خوا دەبەن، دڵنیان خوا نەبێت کەس ناتوانێت فریایان بکەوێت، لەکاتێکدا بیرو باوەڕو ئاینیان بەتەواوی پاك و پوخت و یەکلایی دەکەنەوە بۆ خوا، بۆیە بەسۆزەوە دەڵێن: سوێند بەخوا ئەگەر لەم بەڵایە، لەم تەنگانەیە، ڕزگارمان بکەیت، ئەوە بەڕاستی دەچینە ڕیزی سوپاسگوزارانتەوە. جاکاتێك خوا ڕزگاری کردن، خێرا ئەوان بەناحەق دەست دەکەنەوە بەستەمکاری لەزەویدا.

* قُلْ مَن يُنَجِّيكُم مِّن ظُلُمَاتِ الْبَرِّ وَالْبَحْرِ تَدْعُونَهُ تَضَرُّعًا وَخُفْيَةً لَّئِنْ أَنجَانَا مِنْ هَٰذِهِ لَنَكُونَنَّ مِنَ الشَّاكِرِينَ قُلِ اللَّهُ يُنَجِّيكُم مِّنْهَا وَمِن كُلِّ كَرْبٍ ثُمَّ أَنتُمْ تُشْرِكُونَ. الانعام/٦٣-٦٤*واتە: پێیان بڵێ: کێ فریاتان دەکەوێت و ڕزگارتان دەکات لە تاریکیەکانی وشکانی و

دەریادا،و بە کەساسی لێی دەپاڕێنەوە، بەهێنی هانای بۆ دەبەن، سوێند بێت بە خوا ئەگەر لەم تەنگانەیە ڕزگارمان بکەیت، ئەوە بەدڵنیاییەوە دەچینە ڕیزی سوپاسگوزارانەوە. جا لە وەڵامیاندا بڵێ: خوا لەو تاریکیانە و لە هەموو کۆسپێك ڕزگارتان دەکات، کەچی پاشان هاوەڵ و شەریکی بۆ بڕیار دەدەن.

سوننەتی پەروەردگاریش بەجۆرێکە وەڵامی ناڕەحەتان و پەرێشانان دەداتەوە، گەر هەرچیەك بن! تەنانەت بێباوەڕیش بن بە مانای زاراوەی بێباوەڕی، مادام ڕوویکردووەتە پەروەردگار.

* أَمَّن يُجِيبُ الْمُضْطَرَّ إِذَا دَعَاهُ وَيَكْشِفُ السُّوءَ .النمل/٦٢*واتە: کێیە جگە لە زاتی پەروەردگار کە بێت بە هانا و هاواری لێقەوماو و بێ دەرەتان و بێ داڵدەوە، کاتێك نزا دەکات و لێی دەپاڕێتەوە، ئەوسا بەڵاو ناخۆشیەکان لادەبات.

ئەو کەسانەی لەمبارەوە بەسەرهاتی خۆیان گێڕاوەتەوە نایەنە هەژمار، هیچ مرۆڤێك نیە لەمبارەوە چیرۆك و بەسەرهاتی نەبێت، من و تۆو ئەو و...

وا لێرەدا چەند نموونەیەك دەخەینە ڕوو لەو هەزاران نموونانەی ڕوویانداوەو بەڵگەن لەسەر ئەوەی و مرۆڤ لەم گەردوونەدا بە تەنیا نیەو خودا سەرپەرشتی دەکات، گەر مرۆڤەکە شایستە بێت بۆ سەرپەرشتیکردن، یان دەگاتە فریای گەر بە دڵێکی پەرۆش داوای لێبکات، یان دەیداتەوە دەستی دەروونی خۆی، چەند ئەوەش زیاندمەندە گەر خوا بیداتەوە دەست خۆی؟ لەهەموو حاڵەتێکیشدا سەرپەرشتی چاوەڕوان نەکراو دەبینینەوە یان وەڵامدانەوەی نائاسایی، مرۆڤیش لەمحاڵەتانەدا ئاماژەی شوێنەواری هێزو توانای (الله) و وەڵامدانەوە هەست پێدەکات، لە هەموو ڕوداوێکی لەمجۆرانە بەڵگەمان لەسەر بوونی خوا زیاتر لا گەلاڵە دەبێت، ئەوانەی باسیشیان دەکەین پەیوەندی بەم باسەوە هەیە:

١-گۆڤاری هەڵبژاردەی (ڕیدەر دایجێست) لە ژمارەی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٤٤دا لە ژێر ناونیشانی (ئایا بروات بە نوێژو پاڕانەوە هەیە) ئەم ڕووداوەی گێڕاوەتەوە:

( ئەمڕۆ لێشاوی ئەو بەڵگانە بەڕووماندا دێن کە لەهەموو بوارەکانەوە پلەو توانای پاڕانەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات، شتێکی سەیریش نیە مرۆڤ لەکاتی تەنگانەو پێویستیدا پەنا بۆ هێزێکی دەرەکی بەرێت، بەڵام تاکە شتێکی سەرنجڕاکێش ئەوەیە بزانین چۆن سەربازو

دەریاوان و فڕۆکەوانەکان دەپاڕێنەوە، وەك ئەوەی (لینکۆڵن) لە تاڵترین ڕۆژەکانی جەنگدا بەسەری هاتووە و دەڵێت " بەبێ کۆمەکی پەروەردگار کە هەمیشە لەگەڵمدایە ناتوانم سەربکەوم، بەو کۆمەکیەش مەحاڵە ژێربکەوم".

هیچ بوونەوەرێك لەسەر زەوی نیە گەر لەژێر سایەی تاسەی گیانیدا، یاخود هەستێکی ناوەکی شاراوەدا نەژی، بەوەی دەزانێت هێزێك هەیە و ئەمیش بە سروشتی ڕووی تێدەکات و پەنای بۆ دەبات.

ئەمە لەو بەسەرهاتەدا دەبینینەوە کاتێك پلەدار (ئەلان لیندبرج) کە خەڵکی ویلایەتی نیوجرسی و شاری وێستفیلد بوو لێی ڕوویدا، کاتێك پێشەوایەتی لایەکی فڕۆکەکەی دەکرد لە دابەزین بۆ ناو ئاودا کاتێك بەرەو ئوستورالیا دەچوون، وا لێکدرایەوە ئەو و نۆ نەفەرەکەی هاوەڵی بزر بوون، لەمبارەوە خۆی دەڵێت:

" توانیمان بە دوو چوپی بەلەمی پلاستیکی ڕزگار بین و هێندەی نەمابوو لەناوبچین، تەنانەت لەتێك نان و دڵۆپێك ئاویشمان پێنەبوو، سەرنشینەکان هەموو لەدڵەڕاوکێدابوون، تەنیا (ئێلبێرت هێرناندز) ی سەرباز نەبێت، کە تۆپەوانی بەشی دواوەی فڕۆکەکە بوو، یەکسەر دەستی کرد بە دوعاو پاڕانەوەو دڵی ئێمەی دایەوە وەك ئەوەی بزانێت خوای گەورە پاڕانەوەکەی بیستووەو دێتە هانامان، لەژێر ئەو خۆرە بە تینەدا مابینەوەو لێوەکانمان وشك ببوو، زمانمان دەرهاتبوو، بۆیە دەسەوسان بووین لە هاوکاریکردنەکەی هێرناندز لە زیکرو پاڕانەوە، دوای سێ ڕۆژو پێش هاتنی شەو، شێوەی دوورگەیەکی بچووکمان هاتە پێشچاو، پاش کەمێك شتێکمان بینی کە نەدەهات بە خەیاڵدا، ئەویش ٣ بەلەم بوون کە سەرنشینەکانی مرۆڤی ڕووتو قووت بوون، پاشان بۆمان دەرکەوت ئەم ڕزگارکەرانە خەڵکی ڕاستەقینەی ئوستورالیا بوون، ڕاوچی ڕەشپێستی قژ بژو ئاڵۆسکاوبوون، لە شارەکەیانەوە سەدان میلیان بڕیبوو، وتیان بە پاڵنەرێکی زۆر سەیر ڕێڕەوی خۆیان گۆڕیوە، و بەلەمەکانی خۆیان بردبوو بۆ ئەو کەنارە مەرجانیانەی هیچ دانیشتوانی تێدا نەبوو، لەوێ لیندبریج و هاوڕێکانیان بینیەوە".

٢- ڕادیۆی دیمەشق لە ١٩٦٥/١/١٠ کاتژمێر ٢،٤٥ خولەکی پاشنیوەڕۆ، هەواڵێکی خوێندەوە لە گۆڤاری (پشکنینی پزیشکی) ی ئینگلیزیەوە بڵاوکرابووەوە، ئەم ڕووداوە بە ئیمزای ئەو پزیشکەی ڕووداوەکەی بینیبوو بڵاوکرابووەوە، بەسەرهاتەکەش ئەوەیە:

گەنجێك بە درێژایی ١٣ ساڵ بە نەخۆشیەکی کوشندەوە دەینالاند، ولای هیچ پزیشکێك چارەسەری دەست نەدەکەوت، دوا پزیشك چووە لای ئەم پزیشکەیە بەسەرهاتەکە دەگێڕێتەوە، دوای ئەوەی پشکنینی بۆکرد هیچ هیوایەکی لەچارەسەرکردندا بۆ نەبینیەوە، لەمکاتەدا نەخۆشەکە بە شێوەزاری بێهیوایی لێیپرسی: هیچ هیوایەکم لەبەردەمدا نیە دکتۆر؟

پزیشکەکە گوتی: تەنیا یەك هیوا هەیە ئەویش لەئاسمانە، هەوڵبدە تاقیبکەرەوە، ئایا دەزانیت نوێژ بکەیت؟

یەکەمجار بوو ئەم نەخۆشە بپاڕێتەوە دوای ئەوەی بە درێژایی ١٣ ساڵ دەینالاند، دوای هەفتەیەك پزیشکەکە سەردانی کرد، بینی نەخۆشەکە چاك بوەتەوە لەکاتێکدا هیچ پزیشکێك نەیتوانی چارەسەری بکات.

٣- لاوێکی میسری بۆی گێڕاینەوە، لەوانەی بەشداری بەرەنگاربوونەوەی نهێنی کەناڵی سوێسی کردبوو لە سالانی ١٩٥١-١٩٥٤دا: سێ کەس بوون ویستیان بچن هێڵێکی ئاسنی دوژمن لە شوێنێکی بەرچاودا بتەقێننەوە، شەوێکی مانگەشەو بوو، ئاسمان سایەقە بوو، زەویەکەش بیابان بوو، لە دوورەوە هەموو جوڵەیەك دەردەکەوت، ئەمەش ئەبووە هۆی تیرباران کردن و شوێنکەوتنیان لە لایەن دوژمنەوە، یەکێك لەو ٣ کەسە لەکاتی ڕۆشتنندا وتی: پەروەردگارا...هیچ هەورێك بە ڕووی ئاسمانەوە نیە!.. هێندەی پێنەچوو پەڵەهەورێکیان بینی بەری مانگی گرت، دنیا تاریك بوو، ئەمەش بووە هۆی ئاسانکاری و یارمەتیدان بۆ ئەنجامگەیاندنی کارەکەیان.

ڕەنگە زۆرمان ئەوەمان بیستبێت، کاتێك هێرشە ٣ قۆڵیەکە بۆ سەر میسر دەستی پێکرد، ئاگر لە پۆرسەعید کەوتەوە و خەڵك زۆر نیگەران بوون، بە دڵسۆزیەوە لە خوا پاڕانەوە، ئێدی باران باری و هەر لەو ڕۆژەدا ئاگرەکانی کوژاندەوە.

٤- خەڵکی لە هەموو لایەکەوە دەدوێن، هیچ موسڵمانێکیش نیە ئەزموونی تایبەتی لەمبوارەدا نەبێت. کاتێك ڕێگا لەبەردەمدا تەسکدەبێتەوە بە شێوەیەکی پەرێشان پەنا دەبرێتە بەر پەروەردگار، ئێدی وەڵام وەردەگیردێتەوەو ڕزگاربوون دێتە دی. دیارترین ڕووەکانی ئەم مانایە بەسەرهاتی باران نەبارینە، کاتێك موسڵمانان دووچاری وشکەساڵی دێن. لەم بارەشدا ئادابی تایبەتی هەیە، لەوانە: تەوبەکردن، نوێژکردن، پاڕانەوە.

لەسەردەمی پێغەمبەریشەوە (ﷺ) موسڵمانان لەو سەراسیمەیە دەدوێن ڕوویانداوە، هەروەها لەبارەی کەسانێکەوە پاڕانەوەکانیان وەڵامدراوەتەوە، کەسێکیش بەدواداچوونی ئەم باسەی هەبێت بۆی دەردەکەوێت شتێکی ڕاستە و بەرەنگاری وردترین پێوانەی ڕەخنەیی مێژووش دەبێتەوە.

دیاردەی وەڵامدانەوە دیاردەیەکە هەمیشە دووبارە دەبێتەوە، هەچ کاتێك مەرجەکانی بێنەدی، ئەمەش بە شێوەی بڕاوەو یەکلاکەرەوە بەڵگەیە لەسەر بوونی زاتێکی پایەبەرزو بڵند، کە هاوارو دادو ناڵەی بانگخوازان دەبیستێت، گەر خواگیان ویستی بێت وەڵامی پەرێشانان دەداتەوە، هەرچۆنێك بێت و لەهەر کوێیەك بن، گەر موسڵمان بن یان بێباوەڕ. هەموو کاتێك پەروەردگار وەڵامی موسڵمان دەداتەوە گەر مەرجەکانی پاڕانەوەی تیا بێتەدی، وەڵامدانەوەش نیشانەی خێرە بۆ موسڵمان، هیچ شتێکیش لەمە باشتر نیە بۆی.

* وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ فَلْيَسْتَجِيبُوا لِي وَلْيُؤْمِنُوا بِي لَعَلَّهُمْ يَرْشُدُونَ. البقرة/١٨٦*واتە: ئەگەر بەندەکانم پرسیارت لێبکەن دەربارەم، ئەوە من نزیکم لێیانەوە، بە هاناو هاواری دوعا گۆیانەوە دەچم هەر کاتێك لێم بپاڕێنەوەو نزا بکەن، دەبا ئەوانیش بەدەم بانگەوازی منەوە بێن و باوەڕی دامەزراو بە من بهێنن، بۆ ئەوەی ڕێگای هۆشیاری و ئاگایی بگرنەبەر.

* وَقَالَ رَبُّكُمُ ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ. غافر/٦٠* واتە: وپەروەردگار فەرموویەتی: ئێوە هاناو هاوار بۆمن بهێنن؛ ئەوە من دوعاو نزاتان گیرا دەکەم.

گوێڕایەڵی پەروەردگار بە، پەروەردگاریش وەڵامی پاڕانەوەکانت دەداتەوە.

کەسێك بیەوێت ئەم باسە تاووتوێ بکات ئەوا با پەرتووکی (الفرج بعد الشدة)ی قاضي التنوخي بخوێنێتەوە. هێندەی تیایە بەس بێت لەمبارەوە. لێرەدا بەکورتی بڕاندوومانەتەوە بە هۆی زۆری ڕووداو و دەرکەوتنیانەوە تیایدا، هەروەها چونکە لە دووەم بەشی ئەم زنجیرەیەدا (الرسول) (ﷺ) نموونەی تری تێدایە.

***

# دیاردەی پێنجەم
# دیاردەی ڕێپیشاندان

ئـێمە کاتێـك لە گەردوون دەکـۆڵینەوە هەسـت بە ڕێپیشـاندانێکی تەواو دەکەیـن، لە بچوکترین گەردەوە تا گەورەترین تەنەکان، لە ساکارتین شێوەیەوە تا ئاڵۆزترین، ئەی چۆن شیتەڵی ئەم ڕێپیشـاندانانە بکەیـن و لێکیـان بـدەینەوە؟ چۆن بەرپابوون؟ چۆن بەردەوام بـوون؟ چـۆن چەسـپاون؟ لە وەڵامی ئەم پرسـیارانەدا ژیریی یەك وەڵامی هەیە بیـداتەوە، ئەویش بوونی زاتێکی ڕێپیشاندەرە.

١- هەچ کاتێـك مـاری ئـاوی گەشـەی خـۆی تەواوکـرد، لەهەمـوو کانی و ڕووبارەکانەوە بـۆ مـاوەی هەزاران میـل ڕێ دەبـڕن بەرەو ئۆقیانووسـەکان، بەمەبەسـتی گەشـتن بە قـوڵاییە سـەختەکانی بەرمـۆدا، چـونکە لەو شـوێنە سـەرجەم مـارە ئاویەکـانی جیهـان کـۆدەبنەوە، لەوێـش هـێلکە دەکەن و دەمـرن، بەڵام مـارە گچکەکـان کە هـیچ هۆکارێـك نـابیننەوە تـا شتەکانی پێبناسنەوە، تەنیا ئەوە نەبێت وان لەناو ئاوێکی بەرین، ئەوانیش بەدوای خۆیاندا دەگەڕێـنەوە، تـا ڕێگەی ئەو کەنـارانە دەدۆزنەوە دایکەکانی لێـوە هـاتوون، لەوێشـەوە بـۆ دەریـاو ڕووبـارو کـانیە بچوکەکـان. بـۆیە هەمـوو جێیەکی ئاوەکان مارمامـی تێـدان، کەچی هەرگیـز ئەوە ڕووینـەداوە بـۆ نمـوونە مارمامـی ئەمریکی لە ئـاوی ئەوروپـادا ڕاو بکرێـت و بە پێچەوانەشـەوە.(١)

٢- زەردەواڵە ڕاوی وشـــتراڵوك (کوللـــەی گەورە) دەکـــات، بەدەرزیەکەی لە شـــوێنێکی لەشـی دەدات تـا بێهـۆش بێـت بەس بە زینـدوویەتی بمێنێـتەوە، وەك جـۆرە گۆشـتێکی پارێزراو، بەڕادەیەکیش ژەهری تێناکات بیکوژێت، یاخود ببێتە هۆی ژەهراویبـوونی

---

(١)الله والعلم الحديث. لا ١٣٥. العلم يدعو الى الايمان

گۆشتی بێچووەکانی کاتێك لە گۆشتەکەی دەخۆن، هێندەش کەم ژەهری تێناکات بێهۆش نەبێت و کاری تێنەکات و هەڵبێت، پاشان چاڵێکی لە زەوی بۆ هەڵدەکەنێت، ئێدی مێینەی زەردەواڵە دێت و گەراکانی خۆی لە شوێنێکی گونجاودا دادەنێت، پاشان چاڵەکە دادەپۆشێتەوەو ئیدی بێباك جێی دێڵێت، دوای ئەوەی دڵنیا بوو هۆکاری ژیانی بۆ بێچووەکانی فەراهەم هێناوە بۆ خۆی دەمرێت، بێچووەکانیش بچوکن ناتوانن بجوڵێن. بێگومان زەردەواڵە هەر لە سەرەتای یەکەم رۆژی دروستبوونیەوە بەمکارە هەستاوەو ئێستاش لەسەری بەردەوامە، گەر وا نەبووایە هیچ زەردەواڵەیەك لەسەر رووی زەوی نەدەمایەوە.(١)

٣- لە ویلایەتی نیوئینگلاند جۆرە کوللەیەکی لێیە تەمەنی دەگاتە ١٧ ساڵ، پاش ئەم ماوەیە ژێر زەوی جێدێڵێت، لەکاتێکدا لە قوڵایی تاریکیەکاندا ژیاوە، لەگەڵ گۆڕانێکی کەم لە پلەی گەرمادا، وبە ملیۆنەهایان لێدەردەکەوێت دوای ٢٤ی مایس/مایۆی ساڵی حەڤدەمین، ئەم دەرکەوتنەش بەم وردەکاریە لەو رۆژە دیاریکراوەدا لە کاری رێپیشاندانێکە مرۆڤ لێی حاڵی نابێت، مەگەر رۆژژمێر بەکاربێنێت.(٢)

٤- زانایەکی ئەمریکی ویستی هێلکە بتروکێنێت بێ پەروەردەی مریشکەکەی، بە شێوەیەك هێلکەکە لەهەمان پلەی گەرمادا دابنێت کە مریشکەکە دەیبەخشێت بە هێلکە بۆ هەڵهێنان، کاتێك هێلکەکانی کۆکردەوە بۆ خستنە ناو ئامێری هەڵهێنانەوە، جوتیارێك ئامۆژگاری کرد تا هێلکەکان ئەمدیو و ئەودیو پێبکات چونکە مریشك وا دەکات، زاناکە لەسەرەتادا گاڵتەی بەم قسەیە هات، بۆشی روونکردەوە مەبەستی مریشك لەمەدا ئەوەیە گەرمایی ببەخشێ بە بەشی ژێرەوەی هێلکەکە، کە لەگەرمایی لەشی مریشکەکە بێبەش بووە، بەڵام زاناکە سووربوو لەسەر ئەوەی هێلکەکە بەشێوەیەکی چەسپاو دابنێت و گەرماییەکە بەشێوەیەکی چەسپاو بە هەموو بەشەکانی هێلکەکە ببەخشێت.

........................................

(١)الله و العلم الحديث. لا ١٣١. العلم يدعو الى الايمان.

(٢)العلم يدعو الى الايمان. لا ١٦٨

زانــاکە بەم کــارەوە خەریــك بــوو تــا کــاتی هەڵهێنــان تێــپەڕی و هــیچ هــێلکەیەك هەڵنەهــات، بــۆ جــارێکی تــر تــاقیکردنەوەکەی ئەنجامــدایەوەو ئەمجــارە بە قســەی جوتیــارەکەی کــرد، یــان بــا بڵێــین لاســایی مریشــکەکەی کــردەوە، بــۆیە لەکــاتی هەڵهێنانــدا هێلکەکــانی ئەمــدیوو ئەودیــو پێکــرد بەمجــۆرە لە کــاتی هــاتنی کــاتی دیــاریکراودا جوجکەکــان ســەریان دەرهێنــا، دوا لێکــدانەوەو شــیکاری زانســتیانەش بــۆ هەڵگێــڕانەوەی هێلکەکــان ئەوەیە کاتێــك جوجــك لە هــێلکەدا دەخولقێــت، مــادە خۆراکیەکــانی لەبەشــی خــواروی لەشــیدا دەمێنێــتەوە گەر گەدەی نەجوڵێنرێــت، بــۆیە دەبینــین مریشــك تەنیــا لەیەکەم ڕۆژو دوا ڕۆژدا هــێلکەکە ئەمــدیو و ئەودیــو پێناکات.[(١)]

بەمجــۆرەو ئــابەم ڕێپیشــاندانە تەواوە بــۆ کــرداری مــانەوەی ڕەگەز، تــۆوی مریشــك لە جیهانــدا دەمێنێــتەوە، چــونکە بە تەواوی دەزانێــت چــی بکــات،ئەمەش بێگومــان؛ دەبێــت یەکەم مریشــك بەم کــارە هەســتابێت تــا ڕەگەزی مریشــك گەیشــتووەتە ئەم ڕۆژەی ئەمڕۆ.

٥- ئــاژەڵی ( ئیکســیلۆکۆپ) بە تەنیــا لە وەرزی بەهــاردا دەژی و کــاتێکیش هــێلکە دائەنێــت بــۆ خــۆی دەمرێــت، ئێــدی دایکەکــان بێچووەکانیــان نــابینن، تــا لە خۆراکپێــدان یــا بەرگریلێکردنیــان یارمەتیــان بــدەن، بێچووەکــانیش بــۆ مــاوەی یەك ســاڵ نــاتوانن خــواردن دەســتخەن، بــۆیە دایــکەکە پەنــا دەبــاتە بەر پــارچە تەختــەیەك و چــاڵێکی لاکێشــەیی تیــا دروســتدەکات، پاشــان هەنــدێك لقــی گــوڵ و گەڵای شــەکری دەهێنێــت و چــاڵەکەی پێــدەگرێت، پاشــان هــێلکە دەکــات و تــۆزی تەخــتە دەهێنێــت و دەیکــاتە هەویــرو دەیــدا لە ســەقفی چــاڵەکەو پاشــان چــاڵێکی تــر دروســت دەکــات، بــۆیە کاتێــك هــێلکەکە دەتروکێــت و ئەوکرمــانەی دەردێــن بــۆ مــاوەی یەك ســاڵ تێریــان دەکات.[(٢)]

---

(١)الله والعلم الحدیث. لا ١٣٨.

(٢)الله والعلم الحدیث. لا١٣١.

٦- ڕەگی دارخورما ڕەگەزە خۆراکیەکان بە هۆی مولولەی ڕیشەییەوە لەناو خاکدا دەمژن، ئیدی خۆراکاوەکان بە پاڵەپەستۆی مولولەیی (ئەزمۆزیی) بەرەو سەرەوە دەچێت، ڕەگی دارخورماکە بەمە خۆراك وەردەگرێت و پتەو دەبێت، و پاڵفتەکە بۆ بەشەکانی سەرەوە دەچێت تا لەوێ خۆراکیان پێبدات، خۆراکە شلە پوختەکە بەروبومی لێپێکدێت، (قمع البلحة)ش ئەو جێیەیە لە خورمادا بە ئەرکی پاڵفتەکردن هەڵدەستێت و ڕێ بەمادە خۆراکیەکان ئەدات تەنیا بچنە بەشەکانی ناوەوە و بەمەش بەشی شیرینی خورماو ناوکە تاڵەکەی پێکدێت، ئا بەمجۆرە لەو خۆراکە پارچەی نەرمی خورماو شێوەی ڕەقی ناوکەکەی دەخولقێت، لە نێوان پارچە شیرین و تاڵ و ڕەق و نەرمەکانیشدا بەرگێکی تەنك هەیە کە بەچاو نابینرێت، هەرگیز ئەو حاڵەتەش ڕووی نەداوە دارخورمایەك ئەو ڕێیەی لێ تێکبچێت، بە جۆرێك ناوکی خورماکە لە دەرەوە پێکبهێنێت و بەشی دەرەوەشی لە ناوەوە، یاخود دەرەوەی ڕەق بێت و ناوەوەشی نەرم..[1]

٧- ئاژەڵی مەنەوی لە جوڵەدا بە تۆپارە دەچێت، سەرێکی ڕووتی هەیە و ملێکی کورت وکلکێکی درێژ، بە هۆی چەماوەیی کلکیەوە دەجوڵێت، بەجۆرێك هێزی بەرگری پێدراوە، لە کەش وشوێنی ناگونجاودا ژیانی تێدا دەوەستێت و دیاردەی چالاکی نابینرێت، کاتێکیش دەوروبەرێکی گونجاو هەست پێبکات، زیندەگی و چالاکیەکانی بۆ دەگەڕێتەوە و چەند ڕۆژێك بەردەوام ئەبێت لە ژیان و لە چاوەڕوانی ئەو هێلکەیەدا دەبێت کە هێلکەدانی مێینە دەریدەکات – کە ئامێری زاوزێیە لای ئەو- تا بیپیتێنێت، ئەمەش بە ڕێپیشاندانێکی کەم وێنە دێتەدی، چونکە هیچ توانایەکی – کیمیاوی و زیندەگی و ژیریی و ئیدراکی- تێدا نیە تا ڕێ پیشانی ئاژەڵی مەنەوی بدات بۆ هێلکەی مێینە.[2]

٨- لە کرداری شیرپیداندا هەموو شتێك بە ڕێپیشاندان دێتە دی.

ئەو ڕژێنانەی شیر دروستدەکەن لەکاتی سکپڕیدا بە جۆرێك گەشەدەکەن بەهۆی

---

(١) الله والعلم الحديث. لا١٣٧

(٢) الله والعلم الحديث. لا٧١

ئەو مـادانەوە دەبێـت هەردوو هـێلکەدان دەریـدەدەن لە کۆتـایی سـکپڕی و سـەرەتای منداڵبوونـدا، ئەم ڕژێنـانە لە ڕژێنـی (الرخامیـة) فرمـان وەردەگـرن کە لە بنەڕەتـی جومجـومەدایەو فرمـان بە دروسـتکردنی شـیر دەکـات، کـاتێکیش منـداڵ لەدایـك دەبێـت بە شـێوەی ڕێپیشـاندانێکی بێسـنوور بە شـوێن مەمکـی دایکیـدا دەگەڕێـت، کـرداری شـیرخواردنیش زۆر گـرانە، پێویسـتی بە کشـانی یەك لەدوای یەکـی ماسـولکەکانی دەم و چـاو و زمـان و گەرووی کـۆرپە هەیە، وجـوڵەی بەردەوامـی شـەویلگەی خـوارەوە، وهەناسـەدان بە لـوت، زارۆك بە هـۆی ڕێپیشـاندانەوە بە هەمـوو ئەم کـارانە هەڵدەسـتێت لەیەکەم کـاژمێری شـیرخواردنیەوە تاکـاتی دەرچـوونی لە شـیر خـواردن، تەنـانەت گـوتراوە: پیـاوانیش نـاتوانن بەو جـۆرە شـیر بخـۆن و لاسـایی کۆرپەلە بکەنەوە، کە تەمەنی لە چەند سەعاتێك تێپەڕی نەکردووە.(١)

مەبەسـت لەم نموونـانە سەرنجڕاکێشـان بـوو بـۆ دیـاردەی ڕێپیشـاندان، کـاتێکیش ژیریـی هوشـیار بێـتەوەو بە قـوڵی لە بـوون بکـۆڵێتەوە، ئەوا ئەم دیـاردەیە لە هەمـوو شـتێکدا دەبینێـتەوە، ئەم دیـاردەیەش هەڵدەسـتێت بە ڕێکخسـتنی کاروبـاری گەردوون هەر لە ئەلەکترۆنـی نـاوگەردەوە تـا گەردەکەو سـەرجەم ڕەگەزەکـانی پێکهـاتەی ژیـان و زەوی و خۆرەکـان و مەجەڕەکـان، بەهەمـوو گۆڕانکـاری و ڕووداوەکانیـانەوە، لەهەمـوو شـانەیەکی لەشـی گیـانەوەرانەوە تـا هەمـوو ئەنـدامەکانی لەشی و، لەهەموو گیانەوەرێکی یەك شانەوە تا دەگاتە هەنگ و مرۆڤ..

* قَـالَ رَبُّنَـا الَّـذِي أَعْطَـىٰ كُـلَّ شَـيْءٍ خَلْقَـهُ ثُـمَّ هَـدَىٰ. طـه/٥٠. *واتە: (موسـا) وتـی: پـەروەردگارمان ئـەوزاتـەیـە کـە هـەموو شـتێکی بەتایبـەتی و ڕێکـو پێکـی دروسـت کردووە، پاشان ڕێنموویی کردووە، تا بەچاکی دەوری خۆی ببینێت.

ئەمە وتەی قورئـانەو ئەوەش وتەی ژیریـی، و ئەوەش وتەی زانسـت، ڕێپیشـاندان بـێ بوونی ڕێپیشاندەر نە ژیریی و نە زانست دانی پیانانێت.

---

(١)الله والعلم الحديث. لا ١٣٥

ناوی ڕێپیشاندەر (الهادي)ی پەروەردگار لە هەموو شتێکدا ڕەنگی داوەتەوە، لەگەڵ ئەمەشدا بێباوەڕان گومڕابوون و دڵی خۆشیان گومڕاکردووە، ئەوانیش لەناو گومڕایدا ڕێپیشاندراون بۆ ڕێگەی گومڕایی و لاڕێبوون، چونکە مرۆڤ بەو ویست و هەڵبژاردنەی پێدراوە، هەروەها بەو تاقیکردنەوانەی لەم ژیانەدا هاتوونەتە ڕێی کە لە شوینەواری ئەم ویستەوە سەرچاوەی گرتووە، بە شێوەیەك پێکهاتووە: ناوی (الهادي) پەروەردگاربە جۆرێك تیایدا ڕەنگی داوەتەوە لەگەڵ ئەم سەربەستی ویستەیدا بگونجێت و هەروەها بۆ ئەم تاقیکردنەوانەش.

* وَنَفْسٍ وَمَا سَوَّاهَا فَأَلْهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقْوَاهَا قَدْ أَفْلَحَ مَن زَكَّاهَا وَقَدْ خَابَ مَن دَسَّاهَا. الشمس/٧-١٠*واتە: سوێند بە دەروون و ئەو زاتەی کە بە ڕێك و پێکی بەدیهێناوە. جا توانای خراپە و چاکە و خوانەناسی و خواناسی تێدا دابین کردووە. بەڕاستی ئەو کەسە سەرفرازە کە نەفسی پاك و پوختە کردووە و ئیمان و ترسی خوای تیادا ڕواندووە. بێگومان نائومێد بوو ئەو کەسەی نەفسی خۆی ناپوخت کرد و ئاڵودەی گوناهو تاوان و خراپەی کرد.

* وَأَمَّا مَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِ وَنَهَى النَّفْسَ عَنِ الْهَوَىٰ فَإِنَّ الْجَنَّةَ هِيَ الْمَأْوَىٰ. النازعات/٤٠-٤١*واتە: بەڵام ئەوەی لە پایەو شکۆی پەروەردگاری ترسابێت و حیسابی بۆ کردبێت و جڵەوی نەفسی گرتبێتەوە لە هەموو هەواو هەوەس و ئارەزوویەکی نادروست... بێگومان هەر بەهەشت جێگەی مانەوە و حەوانەوە و گوزەرانیەتی.

بێباوەڕان لە مێژە بانگەوازکردن بۆ لای (الله)ی پەروەردگار و گێڕانەوەی هەموو شتێك بۆلای ئەو بە درۆو فیشاڵ و ئەفسانە لێکئەدەنەوە،* قَالَ رَبِّي يَعْلَمُ الْقَوْلَ فِي السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ وَهُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ بَلْ قَالُوا أَضْغَاثُ أَحْلَامٍ بَلِ افْتَرَاهُ بَلْ هُوَ شَاعِرٌ. الانبياء/٤-٥*واتە: وتی: پەروەردگارم ئاگاداری هەموو قسە و گوفتارێکە لە ئاسمان و زەویدا و ئەو زاتە بیسەرو زانایە. بەڵکو وتیان خەوو خەیاڵی بێ سەرو بنە، یاخود خۆی هەڵی بەستووە، بەڵکو ئەو کەسێکی شاعیرە.

بەڵام بێباوەڕانی ئەمڕۆ: هەموو وتەیەکی جگەلەخۆیان بە نازانستی دادەنێن کە بۆنی ئەفسانەو خەیاڵاتی لێبێت، لێکچوونی تەواوی نێوان ئەم دوو هەڵوێستە لە

کـۆن و نوێـدا بەڵـگەیە لەسـەر یەکێتـی دەروونـی مرۆڤـایەتی، هەرچەنـدە بێبـاوەڕە نوێکـان زیـاتر فەلسـەفە لێـدەدەن و ڕازاوەتـری دەکەن، وەك ئەوەی بەڵـگە بێـت لەسـەر جۆرێـك لە ڕێپیشـاندان بـۆ گـومڕایی، هەروەك چـۆن چـاکەخوازانیش ڕێپیشـاندراون بـۆ ڕێـگەی هیـدایەت، ئەمەش دەرکەوتنـی نـاوی (الهـادي) خـودایە لە جیهـانی ئـادەمیزادا *وهـديناه النجـدين* البلـد/١٠ واتە: و ئەوم بـۆ (دوو ڕێگـای) چـاکەو خـراپە ڕێنـوێنی کـرد. * إِنَّـا هَـدَيْنَاهُ السَّـبِيلَ إِمَّـا شَـاكِرًا وَإِمَّـا كَفُـورًا.الانسـان/٣. واتە: بـەڕاسـتی ئێمـە ڕێنموویمـان کـرد بـۆ ڕێگـەی ڕاسـت، بـە ئـازادی دەتوانێـت ببێتـە کەسایەتیەکی ئیماندارو سوپاسگوزار، یان بێ باوەڕو خوانەناس.

بێبـاوەڕان وایـدادەنێن دەتـوانن هەمـوو دیاردەکـانی ئەم گەردوونە بـێ خـوا ڕاڤە بـکەن، ئەوەشـیان ئەمـڕۆ ناتوانێـت لێکـی بـداتەوە وای دەبینـێ لە پاشـەڕۆژدا دەیگـاتێ، جـا لەگەڵ ئەوەی ئەم شـیکردنەوانە زانسـتی و ژیـرانە بێـت، یـاخود گومانـاوی و حەدەسـی بێـت، بڕوایەکی تەواوی پێیەتـی و هـیچ ڕاڤەیەکـی تـریش وەرنـاگرێ، هەرچەنـدە زانسـتی و ژیرخـوازیش بێـت، چـونکە بەلای ئەمجـۆرە کەسـانەوە زۆریـی ئەگەرەکـان دەرکەوتنـی یەك ڕێتێچـوو پـوچ ناکـاتەوە، و زۆریـی و جۆراوجـۆریی دیاردەکـانی بـوون بە لای ئەوەو بە ڕاڤەی دەروونـی خـۆی دادەنێـت، وەك شـوێنەواری هەسـتکردنی بە خـودی خـۆی، وەك زاتێکـی خـاوەن سـیفاتەکانی زانسـت و هێـزو ویسـت و ژیـان، جـا ئەو جـۆرە کەسـانە ئەم واتـایە لە گەردوون دادەمـاڵن، لە بیریـانچووە سـەرتاپای سروشـت خـاوەنی زانسـت و ویسـت و هێـزو ژیـان نـیە، ئەوا سـەبارەت هەر شـتێك ببیـنن دەڵـێن: ڕێـی تێـدەچێت، گەر ئـێمەش نەڵێـین ڕێـی تێـدەچێت ئەوا بێبـاوەڕ دەبـین و (لەئیسـلام دەردەچـین) بەڵام ئـێمە ئەمە دەڵێـین، بە زانسـت و ویسـت و هـێزی پەروەردگـار دەبێت، بەڵام گەر زانست و ویست لە ئارادا نەبووایە ئێمەش ئەمەمان نەدەگوت.

خـوای گەورە شـتی زۆر دەرخسـتووەو زۆریشـی شـاردووەتەوە، لەو شـتە زۆرانەی دەریخسـتووە وای لەموسـڵمان کـردووە بڵـێن: " گەر پەردەکـانی بینینـی پەروەرگـاریش لابچێـت یەقیـنم زیـاتر نابێـت" ، لەو شـتە زۆرانەش کە شـاردونیەتیەوە وای لە بێبـاوەڕان کـردووە وا بـزانن و یەقینیـان هەبێـت بەوەی پێشـینەکان لە خەیاڵاتـدا دەژیـان، حـوکمی ژیـریش بە جـۆرێکە پەروەردگـار لە یەك کاتـدا ئاشـکراو شـاراوەش

بێت، بۆ دڵان ئاشکرا بێت بەڵام بۆ چاوان شاراوە بێت، چونکە بینینی بەدیهێنانی دروستکراوەکانی خودا لەپێشچاومانە، دڵیشمان گەواهی بۆ ئەدات، بۆیە پەروەردگار فەرمویەتی: * وَمَن يُؤْمِن بِاللَّهِ يَهْدِ قَلْبَهُ. التغابن/١١*واتە: جا ئەوەی باوەڕی تەواو بهێنێت، خوا دڵی ڕێنموویی دەکات بۆ لای خۆی.

لە نەبینینی پەروەردگاردا بەڵگەی بێباوەڕبوون بەدەست بێباوەڕانەوە نییە، ئەمەشمان لەسەرەتای باسەکەماندا خستە ڕوو، بەڵام لەدەرکەوتنیدا بەڵگەیەکی تەواو هەیە لەسەر بڕوابوون پێی، جا گەر لە گومڕایی گومڕایاندا نیشانەو جۆرێك لە ڕێپیشاندان هەبێت بۆ گومڕایی، چونکە خۆیان بێبەشکردووە لە بینینی ڕوون، و شتەکان بە پێچەوانەوە دەبینن، ئەوا لە ڕێپیشاندانی ڕێپیشاندراواندا دیاردەیەکی تەواومان بۆ دەردەکەوێت لەسەر ڕێپیشاندانێکی تەواو. بەڵام هەروەك چۆن لە ڕێپیشاندانی ڕێپیشاندراواندا بەڵگە هەیە لەسەر دیاردەی ڕێپیشاندان، ئەوا لە ڕێپیشاندانی گومڕایانیش بۆ ڕێگەکانی گومڕایی بەڵگە هەیە لەسەری، وەك لەمەودوا ڕوونی دەکەینەوە، هەموو ئەمانەش بەڵگەن لەسەر ئەوەی زاتێکی ڕێپیشاندەر هەیە.

***

نیشانەو ئایەتەکانی پەروەردگار زۆر ڕوون و ئاشکران و لەهەموو شتێکدا دەردەکەون، بەڵام گەیشتنە ئەم ئایەت و نیشانانە پێویستی زیاتری بە مرۆیی بوونە، پێویستی بە ڕەوشتی بەرزە * سَأَصْرِفُ عَنْ آيَاتِيَ الَّذِينَ يَتَكَبَّرُونَ فِي الْأَرْضِ بِغَيْرِ الْحَقِّ وَإِن يَرَوْا كُلَّ آيَةٍ لَّا يُؤْمِنُوا بِهَا وَإِن يَرَوْا سَبِيلَ الرُّشْدِ لَا يَتَّخِذُوهُ سَبِيلًا وَإِن يَرَوْا سَبِيلَ الْغَيِّ يَتَّخِذُوهُ سَبِيلًا ۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا وَكَانُوا عَنْهَا غَافِلِينَ الاعراف/١٤٦*واتە: ئەو کەسانەی کە بەناحەق فیز دەکەن لە زەویداو خۆیان بەگەورەتر دەنوێنن ، لەمەودوا ڕووی دڵیان وەردەچەرخێنم لە تێگەیشتنی ئایەت و فەرمانەکانم، خۆ ئەوانە ئەگەر هەر بەڵگە و نیشانەیەك ببینن ئەوە باوەڕی پێناکەن، ئەگەر ڕێبازی بەرژەوەندی دنیاو قیامەت ببینن ئەوە نایگرنەبەر، خۆ ئەگەر ڕێبازی ئارەزووپەرستی و گومڕایی ببینن، ئەوە دەیگرنە بەرو پەیڕەوی

دەکەن، ئەوە لەبەر ئەوەیە چونکە بەڕاستی ئەوان بڕوایان بەئایەت و فەرمانەکانی ئێمە نەبوو لێیان بێئاگا بوون.

ئەمە ڕاستییەکە بەرپەچ نادرێتەوە،خۆبەزلزانین و بێئاگایی لە ئایەتەکانی پەروەردگار دوو ڕێگای بێباوەڕین، هەروەها گەردنکەچی بۆحەق و ڕازیبوون پێی و بێداری سەبارەت ئایەتەکانی پەروەردگار ڕێگای باوەڕبوونە، چونکە بە زیاتر جوان بوونی ئاکاری مرۆڤ و زیاتر بە هیوابوون و داخوازی هەق ، مرۆڤ لە پەروەردگار نزیکتر دەبێتەوە، گەر گوتیشیان سەرچاوەی ڕێپیشاندان ویستی خوای گەورەیە * وَلَوْ شِئْنَا لَآتَيْنَا كُلَّ نَفْسٍ هُدَاهَا .السجدة/١٣*واتە: وگەر بمانوویستایە هەموو کەسێکمان هیدایەت و ڕێنموویی دەکرد.

ئەوا دەڵێین: سەرچاوەی هەموو شتێك ویستی خودایە، ئەمەش هیچ بیانویەك بۆ بیانوگران و شرۆڤەکاران و هەڵهاتووان لە بەرپرسیاریەتی ناهێڵێتەوە، خوای گەورە فەرمویەتی * إِنْ هُوَ إِلَّا ذِكْرٌ لِّلْعَالَمِينَ لِمَن شَاءَ مِنكُمْ أَن يَسْتَقِيمَ. التكوير/٢٧-٢٨*واتە: ئەم قورئانە تەنها یادخەرەوەیە بۆ سەرجەم دانیشتووانی زەوی. بۆ ئەوانەتان کە دەیانەوێت ڕێبازی ڕاست و دروست بگرنەبەر.

ئەبو جەهلیش گوتی: ئەوە بۆ ئێمەیە گەر ویستمان، خوای گەورەش تەواوکاری ئایەتەکەی دابەزاند * وَمَا تَشَاءُونَ إِلَّا أَن يَشَاءَ اللَّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ. التكوير/٢٩* ویستی ئێوەش نایەتە دێتە دی مەگەر کاتێك خوای پەروەردگاری جیهانیان بیەوێت.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ویستی پەروەردگار بەسەر هەموو شتێکدا زاڵە، کە ڕۆڵی هەڵبژاردنی مرۆڤ وەلاناخات... * يَهْدِي بِهِ اللَّهُ مَنِ اتَّبَعَ رِضْوَانَهُ سُبُلَ السَّلَامِ. المائدة/١٦*واتە: خوا بەو قورئانە پیرۆزە هیدایەت و ڕێنموویی ئەوکەسانە دەکات کە: شوێن ڕەزامەندی خوا کەوتوون، بەرەو ڕێبازەکانی ئاشتی و ئاسودەیی.

* يُضِلُّ بِهِ كَثِيرًا وَيَهْدِي بِهِ كَثِيرًا ۚ وَمَا يُضِلُّ بِهِ إِلَّا الْفَاسِقِينَ .البقرة/٢٦*واتە: زۆرێکی پێ گومڕا دەکات و زۆرێکی تریشی پێ هیدایەت و ڕێنمووی دەکات، بەڵام دیارە جگە لە لارو وێرو یاخی و تاوانباران کەسی تر گومڕا ناکات...

پەروەردگار گەر بیەوێت کەسێك گومڕابکات لەم بوونەوەرەدا بە ناوی گومڕاوە ئاشکرای دەکات، تەنانەت لە هیچ ئایەتێکی پەروەردگار لە دروستکراوەکانیدا

جێدەستی پەروەردگار نابینێتەوە، هەروەها لە ئایەتەکانی قورئانیش، تەنانەت هیچ نیشانەیەك نابینێتەوە بیگەیەنێتە پەروەردگار، ئەمەش بە زۆرلێکردنی خودا نیە، بەڵکو بە هۆی ئەوەوەیە ئەو مرۆڤە بۆ خۆی ڕێگەکەی تری هەڵبژاردووە بە هۆی خۆبەزلزانین و ستەمەوە، بۆیە بەڵگەو ئایەتەکان بە پێچەوانەوە دەبینێت، ئەوەی بەڵگەبێت بۆ بڕوابوون ئەو بە بەڵگەی بێباوەڕی تێدەگات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە وەك گوتمان شوێنەواری پێزانینی ڕێپیشاندانی پەروەردگارە بۆ هەردوو ڕێگاکە، مرۆڤیش بە تەنیا ئەرکی بەرپرسیارێتی هەڵدەگرێت.

گەورەیی و مەزنی بۆ ئەو پەروەردگارەیە داواناکرێت سونەتێك لە سونەتەکانی بگۆڕدرێت، ئەوەی لەسەر مرۆڤیش پێویستە ئەوەیە ئەو ئەرکەی لە سنووری ئەو سوننەتانەدا پێی سپێردراوە جێبەجێیان بکات.

بێباوەڕان دەڵێن: خودا بە توانایە لەسەر ڕێپیشاندانی سەرجەم ئادەمیزاد لەوەی پێی خۆشە؛ ئەی بۆچی ڕێیان پیشان نادات؟

پەروەردگار دەتوانێت گێتی لەشەڕ پاك بکاتەوە، ئەی بۆچی واناکات؟ ئەمانە وا دەڵێن تا ئەم کۆتا وشەیە بدرکێنن: ( بەو پێیەی لە جیهاندا گومڕایی و خراپە هەیە، ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەم جیهانە لە دروستکردنی پەروەردگار نیە) - پەنا بە خوا دەگرین لەم وتانە- .

پاشان بە بڕوادارانیش دەڵێن؛ مادام بڕواتان بە قەزاو قەدەر هەیە، ئەوا ئەو لادانەی ئێمە توشی بووین خوا بۆی بڕیوینەتەوەو ڕزگاربوونمان نیە لێی، ئەوا ئەو کاتە پەروەردگار بەرپرسیار دەبێت لێی. نەك ئێمە، و هیچ جارێك لۆمەی ئێمە مەکەن، ئایا خودا نەیفەرمووە: * يُضِلُّ اللَّهُ مَن يَشَاءُ وَيَهْدِي مَن يَشَاءُ. المدثر/٣١*واتە: خوا هەرکەسێکی بوێت گومڕای دەکات، هەرکەسێکیشی بوێت ڕێنموویی دەکات.

ئێمەش دەڵێین: بێباوەڕە پێشینەکانیشیان ئەم وتانەیان درکاندووە، قورئانیش وەڵامی داونەتەوە بەڵام چۆن وەڵامدانەوەیەك؟ * وَقَالَ الَّذِينَ أَشْرَكُوا لَوْ شَاءَ اللَّهُ مَا عَبَدْنَا مِن دُونِهِ مِن شَيْءٍ نَّحْنُ وَلَا آبَاؤُنَا وَلَا حَرَّمْنَا مِن دُونِهِ مِن شَيْءٍ ۚ كَذَٰلِكَ فَعَلَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ۚ فَهَلْ عَلَى الرُّسُلِ إِلَّا الْبَلَاغُ الْمُبِينُ وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ

رَسُولًا أَنِ اعْبُدُوا اللَّـهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ فَمِنْهُم مَّنْ هَدَى اللَّـهُ وَمِنْهُم مَّنْ حَقَّتْ عَلَيْهِ الضَّلَالَةُ. النحل/٣٥-٣٦* واتە: ئەوانەی هاوەڵیان داناوە بۆ خوا دەڵێن: ئەگەر خوا ویستی لەسەر بوایە هیچ شتێکمان لە جیاتی ئەو نەدەپەرست، نە ئێمەو نە باوو باپیرانمان، هیچ شتێکیشمان لە خۆمان حەرام نەدەکرد بە بێ ئەو، خوا نەناساتی پێش ئەمانیش هەروایان دەکردو هەروایان دەوت، مەگەر ئەرکی سەرشانی پێغەمبەران هەر ئەوە نیە کە ئایینی خوا بە ڕوونی ڕابگەیەنن؟ سوێند بە خوا بێگومان ئێمە لەناو هەر گەل و نەتەوەیەکدا پێغەمبەرێکمان ڕەوانەکردووەو پێمان ڕاگەیاندووە کە پێیان بڵێت: تەنها خوا بپەرستن، خۆتان دوورە پەرێز بگرن لە هەموو پەرستراوێکی تر، جا هەبوو لەو خەڵکە، خوداش هیدایەتی دەدا، هەشیان بوو خۆی شایستەی گومڕایی دەکردو بەسەریدا دەچەسپا.

بێباوەڕانی سەردەمە پێشین وسەرەتاکانیش هەر بەهەمان زار دەدوان و بێباوەڕانی ئەمڕۆش بەکاری دێننەوە: * سَيَقُولُ الَّذِينَ أَشْرَكُوا لَوْ شَاءَ اللَّـهُ مَا أَشْرَكْنَا وَلَا آبَاؤُنَا وَلَا حَرَّمْنَا مِن شَيْءٍ ۚ كَذَٰلِكَ كَذَّبَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ حَتَّىٰ ذَاقُوا بَأْسَنَا قُلْ هَلْ عِندَكُم مِّنْ عِلْمٍ فَتُخْرِجُوهُ لَنَا إِن تَتَّبِعُونَ إِلَّا الظَّنَّ وَإِنْ أَنتُمْ إِلَّا تَخْرُصُونَ. الانعام/١٤٨*واتە: لەمەودوا موشریك و هاوەڵگەران دەڵێن: ئەگەر خوا بیویستایە هاوەڵمان بۆ بڕیار نەدەدا!! باوو باپیرانیشمان موشریك نەدەبوون!! هیچ شتێکیشمان لە خۆمان حەرام نەدەکرد!! هەر بەو شێوەیە ئەوانەی پێش ئەمانیش درۆ و بوختانیان هەڵدەبەست، هەتا تووشی بەڵای ئێمە بوون و سزای ئێمەیان چەشت، پێیان بڵێ: ئایا هیچ زانیاری و زانستیەکی خوایتان لەلایە، تا نیشانمان بدەن و بۆمان دەربخەن؟ ئێوە شوێنی هیچ شتێکی تر ناکەون جگە لەگومان و ئێوە هیچ شتێکی تر ناکەن مەگەر ئەوە نەبێت کە درۆ دەکەن.

کەواتە ئایا نرخی بەڵگەی کافران چیە؟ گەر تێبینی وەڵامە قورئانیەکان بکەین ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە ئەوانە پێغەمبەرانی خودایان (علیهم الصلاة والسلام) بە درۆ زانیوە، هەروەها بە نەفام ناویانبردوون، لەکاتێکدا پەیامی پێغەمبەرانیش بەڵگە بووە لەسەر ئەوان.

ئەوانە سەیری گشتگیری ویستی پەروەردگار دەکەن و سەیری ویستی خۆیان نەکردووە، بۆیە ویستویانە بەڵگە لەسەر پەروەردگار بهێننەوە بە تەواویەتیەکەی(الکمال)، خوای گەورەش بەڵگەیان لەسەر دێنێتەوە بەو ویستەیان کە لەرێ و شوێنی ڕاستی خۆیدا بەکایان نەهێناوە.

ئەوەی خوا نووسیویەتی و زانستی پێیەو ویستی لێیە، ڕێی هەڵبژاردن لە مرۆڤ ناگرێت، هەردووکیان هەڵەیەکی گەورەن، گەروا گومان بەرین پەروەردگار نازانێت چی ڕوودەدات، یاخود وابزانرێت بوونی زانستی پەروەردگار لەوانەی ڕوودەدەن توانای هەڵبژاردنی لە مرۆڤ زەوتکردووە، زانستی پەروەردگار دەرخەرو ئاشکراکەرە نەك سەپێنەر، جا گەر زانستی پەروەردگار هەڵبژاردنمان لێ زەوت نەکات، ئەوا ویست و هێزیشی هەر بەهەمان جۆرە، هێز ئەوە ئاشکرا دەکات کە ئیرادەو ویست تایبەتمەندی کردووە، ئیرادەش ئەوە تایبەت دەکات کە زانست بەسەریا تێپەڕیوە.

ئەوە هەڵەیە وا تێبگەین ئەم ئایەتە * يُضِلُّ مَن يَشَاءُ وَيَهْدِي مَن يَشَاءُ. النحل/٩٣* واتە: ئەوەی خوا بیەوێت گومڕای دەکات و ئەوەی بیەوێت ڕێنموویی دەکات .. ئەوە دەردەخات کە ئادەمیزاد ڕامە لەسەر هیدایەت و لەسەر گومڕایش، بەڵکو خوای گەورە فەرمویەتی: * فَلَمَّا زَاغُوا أَزَاغَ اللَّهُ قُلُوبَهُمْ. الصف/٥* واتە: کاتێك ئەوان گوێیان بۆ ڕاستی نەگرت و لەحەق لایاندا، خوداش دڵەکانیانی لەخشتە بردو مۆری پێدا نا.

* قَدْ أَفْلَحَ مَن زَكَّاهَا وَقَدْ خَابَ مَن دَسَّاهَا الشمس/٩-١٠* واتە: بەڕاستی ئەو کەسە سەرفرازە کە نەفسی پاك و پوختە کردووە و ئیمان و ترسی خوای تیادا ڕواندووە. بێگومان نائومێد بوو ئەوکەسەی نەفسی خۆی ناپوخت کرد و ئاڵودەی گوناهو تاوان و خراپەی کرد.

* إِنْ هُوَ إِلَّا ذِكْرٌ لِّلْعَالَمِينَ . لِمَن شَاءَ مِنكُمْ أَن يَسْتَقِيمَ . وَمَا تَشَاءُونَ إِلَّا أَن يَشَاءَ اللَّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ. التكوير/٢٧-٢٩* واتە: ئەم قورئانە تەنها یادخەرەوەیە بۆ سەرجەم دانیشتووانی زەوی. بۆ ئەوانەتان کە دەیانەوێت ڕێبازی ڕاست و دروست بگرنەبەر. ویستی ئێوەش نایەتە دێتە دی مەگەر کاتێك خوای پەروەردگاری جیهانیان بیەوێت.

بەڵێ مرۆڤ خاوەنی ویست و ئیرادەیە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت شتێك هەیێت لەدەرەوەی ویستی خوای گەورە، سەرجەم ویستی پەروەردگار ڕاستە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت سەربەستی و هەڵبژاردنی مرۆڤ زەوت بکرێت.

لە کۆتاییدا؛ خوای گەورە هەموو شتێکی بەدیهێناوە، بەرجەستە بێت یاخود مەعنەوی، هەر لە ئاکاری باشەوە تاکو هی خراپ، تا ئادەمیزادو سەرجەم بوونەوەر، هیدایەتی هەموو شتێکی داوە، تەنانەت خۆبەزلزانینیش ڕێپیشاندانی ڕێگاکەی پێویستە، هەروەها حەسوودی و گومرایی و هەموو جۆرێك لە جۆرەکانی گومرایی، بەهەمان شێوەش هیدایەت.. بۆ نموونە؛ لقەکانی درەختی مێوگەر بگاتە هەر شتێك خۆی تێوە دەئاڵێنێت، هەروەها خۆرومانگ ڕێنمونیکراون، سەبارەت مرۆڤیش (بەتایبەتی) ئەوا: زات و دەروون و لەش و هەموو شتێك تێیدا ڕێپیشاندراوە بۆ ڕێگاکانی، گەروازی لێهێنرێت لەسەر خوو سیفەتەکەی خۆی، بەڵام مرۆڤ سەبارەت ئەو بەهرانەی پێدراوە شیاوی بەرپرسیاریەتی بووە، وای لێکردووە خێرو شەڕ بۆ ئەو تاقیکردنەوە بێت * وَنَبْلُوكُم بِالشَّرِّ وَالْخَيْرِ فِتْنَةً. الانبیاء/٣٥* واتە: ئێمە ئێوە تاقی دەکەینەوە بەشەڕو ناخۆشی و بەڵاو بەخێرو خۆشی و دارایی و توانایی.

لەم ئاکامەشدا بووەتە ئەرك لەسەر مرۆڤ هەوڵی زاڵبوون بدات بەسەرزۆربەی ویست و ئارەزوو و شەهوەت و حەزەکانیدا، بەڵکو بوونی خۆی بە پێی ڕێپیشاندانێکی دیاریکراو بگونجێنێت، کە سروشتی خودایی بۆی دەستنیشان کردووە؛ تا لەسەرزەویدا بەڕۆڵی خۆی هەستێت بەپێی ڕێگەیەی تایبەت و دیاریکراوی خۆی.

بەم پێیە لادانی مرۆڤ لەم ڕێگایە دەبێتە هۆی گومرایی، هەرچەندە لقەکانی ئەم گومراییەش لە ڕێپیشاندانەوە سەرچاوەی گرتووە، کە بە هەموو شتێك بەخشراوە لە بابەتەکەی خۆیدا * وهديناه النجدين* البلد/١٠ واتە: و ئەوم بۆ (دوو ڕێگای) چاکەو خراپە ڕێنوێنی کرد.

بەڵام سەبارەت مرۆڤ کە ئایا دەسەڵاتی وازهێنانی هەیە لە ڕێگای گومرایی – هەرچەندە لەسەر حسابی چێژو ئارەزووەکانی بێت- ئەوا پێویستە لەسەری

هەوڵبدات واتای تاقیکردنەوە بەرجەستە ببێت، هەر لەبەرئەمەشە کە (حفت الجنة بالمكاره، وحفت النار بالشهوات: بەهەشت دەورەدراوە بە ناخۆشیەکان و دۆزەخ دەورەدراوە بە شەهوات)[1]. بە پشتیوانی خودا لە دیاردەی حەوتەمدا زیاتر روونی دەکەینەوە.
بەڵام مەبەستی سەرەکیمان لێرەدا ئەوەیە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین هیدایەتی تەواو بۆ هەموو شتێك – بەدیهاتووی بەرهەستی و مەعنەوی- ئاماژەی زاتێکی رێپیشاندەرمان بۆ دەکەن * أَعْطَىٰ كُلَّ شَيْءٍ خَلْقَهُ ثُمَّ هَدَىٰ. طه/٥٠* واتە: هەموو شتێکی بەتایبەتی و رێکو پێکی دروست کردووە، پاشان رێنموویی کردووە.
هیچ شتێك لەم گەردوونەدا نیە هیدایەت : جۆرە هیدایەتیەکی گشتی پێنەدرابێت، تەنانەت شتە مەعنەوی و نابەرجەستەکانیش! چ خێر بن یان شەڕ، بەڵام مرۆڤ ئەرکی هیدایەتێکی تایبەتی پێبەخشراوە، بۆیە پێویستە لەسەریشی هەوڵی هێنانەدی بدات. لە کۆتایدا ئەوەی گرنگە ئەوەیە بۆمان روونبێتەوە کە رێنمونی و هیدایەت لە هەموو شتێکدا بە بێ (الله)ی پەروەردگاری رێپیشاندەر نایەتەدی.

---

(١)أخرجه مسلم و الترمذي.

# دیاردەی شەشەم

## دیاردەی داهێنان و قەشەنگی (١)

ئایا سەرنجی تابلۆی وێنەکێشێکت نەداوە کە خەڵکان سەبارەتی بڵێن بەرهەمێکی مەزنە؟ داخۆ بۆچی ئەم بڕیارە دەدەن؟ لەوەڵامدا دەڵێین: لەبەر ئەو داهێنان و نوێخوازی و وێنانەدن و دەربڕینەیە لەکەش و سێبەرو گونجان و مەعریفەدا هەیەتی، کە دەبێتە هۆی دروست بوونی سەرسوڕمان لە لایەن بینەرانەوە، ڕەنگە تۆ بەسەرسامیەوە بڵێیت: ئەم تابلۆیە فڵان هونەرمەند نەخشاندویەتی، ئەی ئایا کاتێك وای لەبەردەم تابلۆیەکی ڕازاوەو قەشەنگی مەزنی ئەم گەردوونە، ئایا نایەت بە خەیاڵتدا بیر لە نەخشێنەرو سازێنەری مەزنی گەردوون بکەیتەوە؟ یاخود ڕاهاتنت لەسەر بینینی دیمەنەکان بەرچاوی گرتوویت بۆ ئەم جۆرە لە بیرکردنەوە! گەر باش بیر بکەیتەوە ئەوا بۆت دەردەکەوێت:

جوانی و قەشەنگیی پەیوەستە بە هەموو شتێکەوە لەم گەردوونەدا: هەورەکان، پەلکە زێڕینە، ئاسمانی شین، ئەستێرەی ڕەنگاورەنگ و پەرتوبڵاوەکان کە بەڕێك وپێکی دەجوڵێن و ئەندازەیەکی سەیریان هەیە، مانگ لە کاتی هەڵهاتنیدا یان لەکاتی چواردەیی وکەوانەییدا، یاخود لە کاتێکدا لە ناوەندی ئاسمانە، خۆر لە کاتی هەڵهاتن و ئاوابوونیدا، سپێدەو ئێواران، قەشەنگی نیوەڕوان، هەموو ئەمانە شوێنەواری داهێنانی مەزنن، گەورەترین هونەرمەند ئەوەیە بتوانێت ساتێك لە ساتەکانی گەردوون بە ئەمانەتەوە بە پەڕەموچەکەی بکێشێت، بەڵام گەردوون و هەموو دیاردەکانی کە دووبارە دەبنەوە، یاخود بەدوایەك هاتنیان، یان گۆڕینی دیمەنی جوانیان بە جۆرێك کار لە دەروون دەکات کە هەموو ساتێك جوانی نەخشاندنەکان دەنەخشێنن.

---

(١)لەسەرچاوەکانی ئەم دیاردەیە: العلم یدعو الی الایمان.

هەرگەڵایەکی درەختەکان بەوپەڕی یاسا و قەشەنگیەوە داڕێژراوە، بە جوانترین نەخشە، نەخشەوسازداتێك چ کەسێك توانای نیە دایهێنێت، مەگەر لاساییکردنەوە نەبێت، بە جوانترین شێوە لە گوڵەکاندا دەیبینینەوە، لە باڵای باریکوجوان و دارشتنە قەشەنگ و ڕەنگە دابەشبووەکانیدا، بە جۆرێك هەرگوڵێك پارێزگاری بە جوانی و گونجان و ڕەنگە تایبەتیەکانی خۆیەوە دەکات، لەهەرگوڵێکی نوێ هەستێکی نوێ دەبینینەوە، کاتێك قەشەنگتر دەبێت یەك ڕەگەزی کۆی تیا ببینینەوە، هەروەها قەشەنگیشە کە لە جۆرەها ڕەنگ و ڕەگەز پێکهاتبێت، هەریەك لە گەڵاو گوڵ و لق وپۆپ و بەروبومەکەی داهێنانی سەیری لەخۆ گرتووە، گەر بە تەنیا بن یا پێکەوە، لێکرابنەوە یاخود پێوەی بن.

هەروەها دۆڵی سەوزو ڕووبارو درەختی سەربڵند، تاوێرو شاخەکان کە بەفر لوتکەی داپۆشیون، یان ئەوانەی هەرلە دوورەوە ئاسمان شینایی خۆی پێبەخشیون، یاخود دانە کۆبووەکانی لمی بیابانە بەرینەکان، یا شەپۆلە ڕێکوپێکە بەدوایەکدا هاتووەکانی ئۆقیانووسەکان وگێرسانەوەیان لە کەنارەکاندا، هەروەها دەنگ و هاژەو زیقەو خوڕەو خوێندن و هەموو دەنگە جۆراوجۆرەکان، ودەنگی بروسکەو تیشکدانەوەی بروسکەکەی، ئایا ئەمانە هەموو جوان و قەشەنگ و سەرنجڕاکێش نین بە ڕادەیەك مرۆڤ سەرسام دەکەن و دەترسێنن؟ یاخود ئەو باڵندانەی لەسەر دەریاکان دەگەڕێن یان لە دارستانەکان، یا لەسەرزەویدا کە دەفرن و لێت هەڵدێن، یان کە لە بەردەستا گەردن کەچن، ڕەنگی تەباو گونجاوی پەڕەکانیان، نەخش و نیگارە دڵڕفێنەکانیان، لەهەرپەڕێکدا ڕەونەقێکی تێدایە، هەروەها لە باڵەکانیاندا ساتێك دەیکەنەوەو ساتێکی تر دایدەخەنەوە و بەرز دەبنەوەو نزم دەبنەوە، وا لە دڵان دەکات پڕبن لە هەستی خۆشەویستی و گوشادی.

تەرزەو کلۆ بەفرە شێوە ئەندازەیی و جیاوازەکان، یان هێڵە بلوریەکانی ڕەگەزو تاك و ئاویتەکان، پێکهاتەی بەش و پارچەکانیان، شێوەی هێلکەیی گۆی زەوی، تەمەکانی سەرڕووی مەریخ و ڕووی مانگ و هەروەها لۆچەکانی ئەوڕووانە، هەموو ئەمانە زۆر جوان و قەشەنگن، بەشێوەیەکی زۆر سەیرو سەرنجڕاکێش... کاتێك بیانخەینە ژێر زەڕەبینەوە یان بە بینینی چاوی ئاسایی، هەروەها لە حوشتردا جوانی

هەیە، و لەمەڕو بەرخ و مانگاو بزن و سەگ و پشیلەو هەموو ئەو شتانەی خوا بەدیهێناون جوانییان تیا دەبینرێت، لە خۆشی و ناخۆشی و هەموو هەڵسوکەوت و وەستان و جوڵەیان، لە جوڵەی ماسی و شەپۆلدانی گیای قوڵایی دەریاکان، یاخود شەپۆلدانی گژوگیای سەرزەمین کاتێک شەماڵ لێی هەڵدەکات، لە ئێسکە شکاوەکان کاتێک چاکدەبنەوە، لەو برینانەی یەکدەگرنەوە دوای ئەوەی گۆشت و پێستەکانیان دەمی کردووەتەوە، لە سووری خوێندا، و ئەو دڵە شکاوانەی شادییان بۆ دەگەڕێتەوە، لە کوتانی تۆوی ڕووەکەکان، لەو هەنگانەی شیلەی گوڵان دەمژن، لەماچکردنی پەپولان بۆ لێوی گوڵان، لە گواستنەوەیەوە بۆ هەڵاڵەیەکی تر.. لەگواستنەوەی هەڵاڵەکان بۆ یەکدی، پاشان کوتانیان و زۆربوونیان و ڕاکێشانی دووانەکان بۆ لای یەکدی.. لەهەموو شتێکدا جێدەستی قەشەنگیی و ڕەونەق و نەخشانی پەروەردگار بەدیار دەکەوێت.

ئەو تەبایی و گونجانانەی لە نێوان هەر بوونەوەرێکدا دەیبینین، تەبایی نێوان ئەندامەکان، تەبایی نێوان ڕەنگەکان و ئەندامەکان، وایانکردووە هەموو شتێك لەشوێنی خۆیاندا بن، هەموو ئەمانە داهێنانن و ئاماژەی داهێنەر دەکەن.

* الَّذِي أَحْسَنَ كُلَّ شَيْءٍ خَلَقَهُ. السجدة/٧* واتە: ئەو خوایە زاتێکە هەموو شتێکی بەچاکی و ڕێکوپێکی بەدیهێناوە.

* بَدِيعُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ. البقرة/١١٧* واتە: بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەویە بەجوانترین شێوە.

* ذَٰلِكُمُ اللَّهُ رَبُّكُمْ لَهُ الْمُلْكُ. فاطر/١٣* واتە: ئا ئەو خوایە پەروەردگارتانە خاوەنی هەموو موڵك و بەدیهاتووەکانە.

ئەم قەشەنگی و داهێنانە لە پێناوی تۆدان ئەی مرۆڤ * أَلَمْ تَرَوْا أَنَّ اللَّهَ سَخَّرَ لَكُم مَّا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَأَسْبَغَ عَلَيْكُمْ نِعَمَهُ ظَاهِرَةً وَبَاطِنَةً. لقمان/٢٠* واتە: ئایا سەرنجتان نەداوە کە بەڕاستی هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە هەر هەمووی خوا بۆ خزمەتی ئێوەی دروست کردووە و ملکەچی کردووە، هەروەها بەفراوانی نازو نیعمەتی ئاشکراو پەنهانی بەسەردا ڕژاندون.

* وَإِن تَعُدُّوا نِعْمَتَ اللَّهِ لَا تُحْصُوهَا . ابراهيم/٣٤* واته: گەر نازو نیعمەت و بەخششەکانی خوا ئاماژە بکەن، ناتوانن بیانژمێرن.
ئەمانە لە پێناوی تۆدان تاکو پەروەردگار بە هەموو ناوەکانی بناسین، سوپاسی گەورەیی و بەخشندەیی بکەین و بەخۆشەویستی و عیشقەوە بیپەرستین، بۆیە هەست و داهێنان و حەزی جوانی تێدا خولقاندووین، ئەمانە لەوپەڕی داهێنان و قەشەنگیدان گەر مرۆڤ ژیریی بەکاربێنێت و تێبگات.
مرۆڤ هێزی بیرو چوواندن(التصور) و زیرەکی هەستەکی پێبەخشراوە، بۆیە لەزەت لە جوانی دەبینێت، ومەلی خەیاڵی لەسەرەتاوە تا کۆتایی دەگێڕێت، لە خێرایی بروسکەیەکدا هەزاران تابلۆی بوون یاد دەکاتەوە، بە خەیاڵی پەردەی زەوی و ئاسمانەکان دەبڕێت، لەگەڵ ئەو درککردنەیدا وای لێدەکات لەگەڵ بوونەوەردا کارلێکردن بکات، حەزو ئارەزوو و ڕق و خۆشەویستی دەبێت، جارانێك هەوڵی بنیاتنان و ئاوەدانکردنەوە دەدات، و جارانێکیش ڕووخاندن، بۆیە ژیان وەك هونەرێك دەبینێت و ماناش وەك ئامێرێك، لەهەموو ئەمانەدا قەشەنگی و داهێنان هەن، جا چ جای لە ناوەڕۆك یاخود لە ڕووکەشی مرۆڤدا بێت یان لە دەوروبەریدا، ڕەنگە وێنەکێشێك وێنەیەکی جوان بکێشێت و داهێنان بەدیبهێنێت، وێنەیەکی ناشیرینیش بکێشێت هەر داهێنان بکات، لەهەردوو حاڵەتەکەشدا داهێنان هەر داهێنانەو بەکارێکی باش هەستاوە، لە گەردووندا جوان و جوانتر هەیە، ناشرین و ناشرینتر هەیە، بەڵام لەهەموو ئەمانەشدا داهێنان هەیە، بەڵکو داهێنان زیاد لەمانە دیاردەکەون، تەنانەت جوانی بەهۆی ناشرینیەوە دەردەکەوێت و جوانتریش بە هۆی جوانەوە، زیاتر چەندێتی وێنەکان ئاماژە ئەدەن، هەردەم لە نوێبوونەوەدا ئەمێننەوە، زیاتر گەواهی لەسەر توانای داهێنان ئەدەن.
جا ئەی مرۆڤی هوشیار هەرگیز توشی ئەوە نەبیت قەشەنگی و داهێنان ببینیت و داهێنەرەکەی نەناسیت، یا هەست بە باشە بکەیت و چاکساز لەیاد بکەیت، یان شەیدای جوانی بیت و دڵت پڕ نەبێت لە خۆشەویستی بۆ بەدیهێنەری جوانی، تۆش لەگەڵ ئەم شاعیرەدا بڵێ:

عذابه فيك عذب     وبعده فيك قرب

وانت عندي كروحي     بل أنت منها أحب

حسبي من الحب اني     لما تحب احب

ماناى:

سزاکەی لە تۆدا زولاڵە     دووریشی لە تۆ نێزیکی

تۆلای من هەروەکو گیانمی     بەڵکو تۆ خۆشەویستری

هێندە خۆشەویستیم بەسە     ئەوی تۆ پێت خۆش بێ منیش

***

# دیاردەی حەوتەم

# دیاردەی کارلەجێیی

* قُلِ انظُرُوا مَاذَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ ۚ وَمَا تُغْنِي الْآيَاتُ وَالنُّذُرُ عَن قَوْمٍ لَّا يُؤْمِنُونَ. یونس/١٠١* واتە: بڵێ: تەماشا بکەن و سەرنج بدەن: خوا چی دروست کردووە لە ئاسمانەکان و زەویدا، کەچی بەڵگە و نیشانەو ئاگاداریەکان سوودیان نیە بۆ ئەو کەسانەی کە باوەڕ ناهێنن.

* أَوَلَمْ يَنظُرُوا فِي مَلَكُوتِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَمَا خَلَقَ اللَّهُ مِن شَيْءٍ وَأَنْ عَسَىٰ أَن يَكُونَ قَدِ اقْتَرَبَ أَجَلُهُمْ فَبِأَيِّ حَدِيثٍ بَعْدَهُ يُؤْمِنُونَ. الاعراف/١٨٥* واتە: ئایا بۆ سەرنجیان نەداوە لەو هەموو دەسەڵاتە گەورەیەی خوا لە ئاسمانەکان و زەویداو ئەو هەموو شتانەی کە خوا بەدی هێناون؟ خۆ بەڕاستی نزیک بۆتەوە ئاکامیان، جا بە چ گوفتارێکی تر لە دوای قورئان باوەڕ دەهێنن؟

* وَكَأَيِّن مِّنْ آيَةٍ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ يَمُرُّونَ عَلَيْهَا وَهُمْ عَنْهَا مُعْرِضُونَ. یوسف/١٠٥* واتە: چەندەها بەڵگەو نیشانە لە ئاسمانەکان و زەویدا هەن کەچی زۆربەی خەڵکی بەلایدا تێدەپەڕن و تێنافکرن و پشتی تێدەکەن.

* وَلَقَدْ ذَرَأْنَا لِجَهَنَّمَ كَثِيرًا مِّنَ الْجِنِّ وَالْإِنسِ لَهُمْ قُلُوبٌ لَّا يَفْقَهُونَ بِهَا وَلَهُمْ أَعْيُنٌ لَّا يُبْصِرُونَ بِهَا وَلَهُمْ آذَانٌ لَّا يَسْمَعُونَ بِهَا ۚ أُولَٰئِكَ كَالْأَنْعَامِ بَلْ هُمْ أَضَلُّ ۚ أُولَٰئِكَ هُمُ الْغَافِلُونَ. الاعراف/١٧٩* واتە: سوێند بە خوا بێگومان ئێمە زۆر لە پەری و ئادەمیزادمان بۆ دۆزەخ دروست کردوە، ئەوانە دڵیان هەیە وکەچی حەقی پێ تێناگەن، چاویشیان هەیە کەچی حەقی پێ نابینن، گوێیان هەیە کەچی حەقی پێ نابیستن، ئا ئەوانە وەکو ئاژەڵ وان بەڵکو ئەوانە وێڵ تریشن، ئا ئەوانە هەر غافڵ و بێ ئاگان لە حەق.

خـــواى گەورە ئەوەى لە موســـڵمان دەوێـــت لە هەمـــوو شـــتێكدا ئـــايەت و نيشـــانە ببينێــت، تــا زيــاتر بــاوەڕى نيشــان بــدات، هەســتكردن بەمەش: بەكــارێكى باشــمان بــۆ دادەنرێــت، جــاگەر موســڵمان نەگــاتە ئەو ئاســتە بەرزە ئەوا پێويســتى بە هوشــياريەكى زياترو بيركردنەوەيەكى زياتر و يادكردنەوەيەكى زياترە.

دەســـتى پەروەردگـــار كە بەديهيـــنەرە، خـــۆى لە بەديهاتووەكانيـــدا دەرخســـتووە، هەروەهـــا ويســـتى پەروەردگـــار تايبەتمەنـــدى كـــردووە خـــۆى لەدروســـتكراوە جـــوان و قەشەنگەكانيا دەرخات، حيكمەتەكانى پەروەردگار ئاشكران و نەشاردراونەتەوە.

دڵێكـيش شـــوێنەوارى پەروەردگـــار لە هەمـــوو شـــتێكدا نەبينێـــتەوە ئەوا دڵێكـى كـــوێرە: * فَإِنَّهَـا لَا تَعْمَـى الْأَبْصَـارُ وَلَـٰكِن تَعْمَـى الْقُلُـوبُ الَّتِـي فِي الصُّدُورِ. الحـج/٤٦*واتە: جـا وەنەبێت چاوان كوێر بووبێت، بەڵكو ئەو دڵانە كوێر دەبن كە وان لە سينەكاندا.

ڕەنـگە جێـى بەزەيـى ومیهـرِيش بێـت. * فَلَعَلَّـكَ بَـاخِعٌ نَّفْسَـكَ عَلَىٰ آثَـارِهِمْ إِن لَّـمْ يُؤْمِنُـوا بِهَـٰذَا الْحَـدِيثِ أَسَـفًا الكهـف/٦*واتە: جـا تـۆ لەوانـەيـە لـە خـەم و پـەژارەدا لـە سـەرەنجامى ڕەشـى ئەوانـەى كـە بـاوەڕ بـەم قورئـان و فـەرموودەيـە نـاهێنن خـۆت لەناوبەريت و لە داخ و خەفەتدا بمريت.

خـــواى گەورە فرمـــانى پێكـــردوين لە نيشـــانەو ئايەتەكـــانى لە گەردوونـــدا بكـــۆڵينەوە، گەردوونـيش بـۆ خـۆى جێـى سـەرنجە. جـا لەم بـارەيەوە بـڕواداران و بێبـاوەڕان وەك يەك لێيــان كۆڵيــوەتەوە، كەم تازۆرێــك هــيچ جيــاوازيەك نــيە لە نێــوان زانســتى ئەم دوو لايەنەدا، بەڵام جيـــاوازى نێـــوان ڕادەى بەكارهێنـــانى ژيـــرى و ياســـاكانيەتى بـــۆ گەشـــتن بەوديـــوى سروشـــت، يـــان بە مەيـــن و وەســـتان لە تێڕوانينـــدا تەنيـــا بـــۆ بەرهەســـتەكان و بەكارنەهێنـــانى ژيريـــى و پابەســـتبوون بە تەنـــى خـــاكەوە ( بەواتـــاى مانەوە تەنيا لەبەرهەستەكاندا).

بـۆيە قورئـان زۆر باسـى ئەوەى كـردووە: لەگەردوونـدا نيشـانەو ئـايەت و بەڵـگە هەن بـۆ كۆمەڵێـك تێبـگەن و بيـر بـكەنەوە، هەروەهـا زۆر باسـى ئەوەشـى كـردووە كە لەمەدا نيشـانە هەيە بـۆ كۆمەڵێـك ژيـر بـن * إِنَّ فِي ذَٰلِـكَ لَآيَـاتٍ لِّقَـوْمٍ يَعْقِلُـونَ .النحـل/١٢*واتە: بـە ڕاسـتى لـەو انـەدا بـەڵگـەو نيشـانەى زۆر هـەن بـۆ كەسـانێك كـە عەقڵ و ژيريان بخەنەكار.

ئەمەش بەڵـگەیە لەسـەر ئەوەی کە حـوکمی یاسـاکانی ژیریـی مەرجـێکە بـۆ ناسـاندنی ئایەتەکانی پەروەردگار.

بەم پێـیەش هەر دیـاردەیەك لە گەردوونـدا لێـی دەدوێـین نـاڵێین ئـێمە بە تەنیـا پەی پێـدەبەین ودەیــزانین، بەڵکــو ئـێمەو بێبـاوەڕان لەم زانیـنەدا هاوبەشـین. بەڵام جیاوازیمـان ئەوەیە ئـێمە شـیتەڵی بـونی ئەو دیـاردانە بە پەیوەسـتیەکی ژیریـی دەکەیـن کە دەبێـت لەگەڵیـدا بێـت، بەڵام ئەوان بێـبەڵگە ڕەفـزی ئەم شـیتەڵە ژیـریە دەکەن، وەك ئەو دوو ئەنـــدازیارەی لەبەردەم بینـــایەکی زۆر قەشـــەنگدا ڕاوەســـتاون و بە یەکسـانی دەزانـن بینـاکە لە چی پێکهـاتووە، و بە شـێوەو جـۆری ڕێکخسـتن و چـۆنیەتی داڕشـتنی ئاشـنان، بەڵام یەکێکیـان سـورە لەسـەر ئەوەی بـوونی ئەو بینـایە بێ بـوونی هـیچ شـارەزایی و زانسـت و ویسـت و توانـاو هێـزو داهێنـان و حیکمەتێـك دروسـتبووە، چ کەسـێك بەم شـتانە هەڵنەسـتاوە، بەڵام ئەویتریـان ژیریـی بڕیـاری لەسـەر ئەوە پێـدەدات کە ئەنـدازیارێکی زانـاو دانـاپەروەر بەکـاری ئەنجامـدانی ئەم بینـایە هەسـتاوە، ئەم کێشـەیە بەوپەڕی سـادەیی ئەوە دەگەیەنێـت کاتێـك کەسـی یەکەم بە شـێوەی ژیریـی لەو حـوکمەی دەریکردبـوو وتـوێژ دەکـات، دەڵێـت مـن لە ڕۆژانـی داهـاتوودا دەریـدەخەم کە چـۆن ئەم بینـایە بـۆ خـۆی دروسـتبووە، لەگەڵ ئەمەشـدا ژیریـی بە هـۆی زرنگـیەوە زیـاتر بە هـاتنی ڕۆژگـار زانیـاری بەرفرەترمـان پێـدەدات لەمەڕ کـاری بینـاکە، کە زیـاتر و وردتـر خاوەنەکەیمـان پێدەناسـێنێت، هەرگیـز حوکمـی زرنگی وەلا ناخرێت.

گەردوونـیش هەر بە هەمـان شـێوەیە، چەنـدێك زیـاتر وەدەرکەوێـت ئەوا زیـاتر دەبێـتە بەڵـگە لەسـەر (الله)ی بەدیهێـنەر، دیـاردەی حـیکمەت و کـارلەجێیش کە ئێسـتا باسـی دەکەیـن باشـترین گەواهیـدەرە بـۆ ئەمەی دەیڵێـین، مرۆڤـی ئاسـایی لە گەردوونـدا دەبینێـت چ حیکمەتێـك هەیە، ئێـدی بەو حـیکمەتە پەروەردگـاری حەکـیم و دانـا و کـارلەجێ دەناسـێت، چەنـدێکیش زانیـاری فـراوان بێـت زیـاتر زانیـاری بەو حـیکمەتە بەرفراوانتر دەبێت، هەمیشە زانستیش دەرخەری حیکمەت بووە.

گەورەتـرین نـاهەمواری کە توشـی بـڕواداران بـووە لەم ڕۆژە نـاهەموارەدا ئەوەیە کە بێبـاوەڕان بـانگەوازی زانسـت دەکەن کاتێـك بێبـاوەڕیی خۆیـان دەردەخەن، کەچـی

بــڕواداران نــازانن؛ ئەوەی بــووەتە پاڵپشــتیان لەم گــوتەیەدا ئەوەیە زۆربەی بــڕواداران لە ڕۆژگــاری ئەمــڕۆدا کەمتــر زانســتیان بە ڕووکەشــی ژیــانی دنیــا هەیە وەك لەکەســانی تــــر، بەڵام وا ئەو ســــەردەمەش لەســــەرهەڵداندایە کە بــــڕواداریش زیــــاتر زانســــتی بەرفراوانتــــر ببێــــت بە ڕووکەشــــەکانی ژیــــانی دنیــــا و وا خەریــــکە ئەوە دەســــەلمێت کە بوونی زانستی زیاتر ئەبێتە هۆی وەدەستخستنی بڕوای زیاتر.

***

لەمەڕ حــــیکمەتەوە گوتویــــانە: دانــــانی شــــتەکانە لە شــــوێنی خۆیانــــدا، ســــەبارەت گەردوونــیش ئەوا بە شــێوەیەکی ڕەهــا ئەوە دەگەیەنێــت کە ڕێــی تێناچێــت هــیچ شــتێك جــگە لەم شــوێنانەی ئێســتایان کە هەن گەر دابنــرێن باشــتر بــن. ئەمەش واقیعــی گەردوونە، هەمــوو شــتێك تێیــدا بە پێــی مەبەســتە لە حــیکمەت و دانــا پەروەریــی، بــۆیە هەرگیــز ژیریــی ناتوانێــت لەمەی ئێســتا بەدەر بۆچــونێکی پتەوتــری لا دروســت بێــت، بە پێــی لێکــۆڵینەوە لە هەمــوو شــتەکان بە هەنــدەکی و هەمەکــیەوە... ڕاســتیەکی ڕاشــکاو دروســتدەبێت و بەزمــانی حــاڵ دەڵێــت: ئەوەی مــن ئێســتا لەســەریم کرۆکــی حیکمەتە، ئەمەش چەند نموونەیەکن لەوبارەوە:

١- گەر مــردن نەبــووایە چــی ڕوویــدەدا؟ گوتویــانە گەر دوو مــێش زاوزێ بــکەن و نەمــرن، ئەوا پــاش ٥ ســاڵ بە بەرزیــی ٥ ســم چینێــك لە مــێش دەوری گــۆی زەوی دەدات، ئەمە تەنیــا ســەبارەت یەك ڕەگەز لە زینــدەوەرەکان، ئەی داخــۆ چــی ڕوویــدەدا گەر لە نــاو ســەرجەم بوونەوەرانــدا مــردن نەبــووایە؟ ئــا لێــرەوە حیکمەتــی نەخۆشــی دەزانــین، هەروەهــا حیکمەتــی بــوونی هۆکــاری نەخۆشــیەکانیش دەزانــین وەك میکــرۆب و ڤــایرۆس و هتــد.. هەروا ڕەنــگە یەکێکــی تــر بڵێــت گەر ئــادەمیزاد بــێ هۆکــاری نەخۆشــی بمــردایە باشــتر نەبــوو؟ یــان تەنیــا نەخۆشــیەك ببوایە و هەر کاتێــك توشــی بــووایە یەکســەر بمــردایە؟ لای ئەو جۆرەکەســانە حیکمەتــی بــوونی هیــوا لە ئــارادا نــیە، هەروەهــا حیکمەتــی ئاگــادارکردنەوەو حیکمەتــی بینــایی و حیکمەتــی پەنــد وەرگرتن بەم واقیعە.

٢- تەنیــا ئەو پاشــەڕۆکەی لە مــرۆڤەوە دەردەچێــت گەر بــوونی بەکتریــا و چەنــد هۆکــارێکی تــر نەبــووایە کە دەبێــتە هــۆی گــۆڕین و لەنــاوبردنی ئەو پاشــەڕۆکە، ئەوا

دنیـای پـڕ دەکـرد، ئـا لێـرەوە هەسـت بە حیکمەتـی بـوونی هەنـدێك زینـدەوەران دەکەیـن کە مـرۆڤ لای وایە بوونیـان هـیچ سـوودێکی ئەوتۆیـان نـیە، بـۆیە وا هـزر دەکـات بوونیـان بـێ حـیکمەت و بـێ مەبەسـت بێـت، ئەگەر لە هەنـدێك بـوونەوەردا هـیچ حیکمەتێـك نەبێـت تەنیـا جـوانیەکەی نەبێـت ئەوە بەس بـوو، و لەهەنـدێکی تـردا تەنیـا ئەو حـیکمەتەی تیـا بێـت کە ترسـێنەرە ئەوە بەس بـوو. بـوونی تـرس لەگەورەتـرین حیکمەتەکـانە، چـونکە مـرۆڤ خۆپاراسـتن و ئاگـاداری فێـر دەبێـت، بەم جـۆرەش تواناکـانی پەرە پێـدەدات، ئەگەر لە هەنـدێك بـوونەوەردا تەنیـا نیشـاندان بێـت بە جێهێشـتنی شـوێنەکەی لەگەڵ شـوێنی پـێش خـۆی و پـاش خـۆی، ئەوا گونجـان و تەبایـیت نیشـاندەدات، ئەمە بە تەنیـا حـیکمەتە، لەهەنـدێك بەدیهـاتووی تـردا تەنیـا ئەوە هەبێـت کە کشـگێڕ(معجزة)ی بەدیهـاتوانی خـوداو توانـای کردگـارت بۆ دەرکەوێت ئەمە بەسە وەك حیکمەتێك.

٣- هەنـدێك خەڵـك هەن دەڵـێن: تەنـانەت شـەڕیش بـێ حـیکمەت نـیە! هەروەهـا ئـازاریش! ئایـا دادپەروەری لە سـتەم باشـتر نـیە؟ میهرەبـانی لە دڵڕەقی باشـتر نـیە؟ سەرپەرشـتیاری لە هەتیوخسـتن باشـتر نیە؟بـاوەڕ لە بێبـاوەڕی چـاکتر نـیە؟ هەسـتان بە ئەرکـی سـەرشـان لە پشتگوێخسـتنی باشـتر نـیە؟ کەواتە دەبێـت حـیکمەت چـی بێت لە بوونی ئەم ناتەبایی و کەموکورتیانەو بەرانبەرەکەیاندا؟

تەنـانەت دەگـاتە ئەو بـارەی هەنـدێك کەس پرسـن بـۆچی خـوای گەورە شـەڕوخراپەی خولقانـدووە؟ هەتـا دەڵـێن بـوونی شـەڕ بەڵـگەیە لەسـەر نەبـوونی خـودا، چـونکە خـوا دەبێـت خێرەومەنـد بێـت و تەنیـا خێریشـی لێبـڕژێت. ئـێمەش دەڵێـین پێویسـتە حەزمـان لە زانینـی حـیکمەت بێـت لە هەمـوو شـتێکدا، یـان بپرسـین تـا شـارەزا بـین، یـاخود هەوڵـی زانـین بـدەین، شـتێکی ڕوون و ئاشـکرایە لەگەڵ تێبینیکردنـی ئەوەی کەموکـورتی لە زانینـی حیکمەتـدا نەبـوونی حـیکمەت ناگەیەنێـت، بەڵام گەر بگوترێـت خـوایە بـۆ واتکـرد؟ ئەمە شـتێکی پەسـەندو گونجـاو نـیە، تەنیـا کەسـانی بێئاگـاو نەزان بە گەورەیـی خـودا ئەم جـۆرە پرسـیارانە دەکەن، کە بێئاگـان لە زانسـتی خـوداو کەمتوانـایی و سـنووردراوی مـرۆڤ لە بەرانـبەر بێسـنووریی و کەمـال و تەواویەتـی (الله)ی پەروەردگـار. زانـایەکیش گەر لە ڕوانـگەی زانسـتەوە بە کارێـك

هەستێت کەسانی نەزان پێی نالێن بۆ واتکرد؟ هەروەك خوای گەورە سەبارەت مرۆڤ دەفەرمێ * وَمَا أُوتِيتُم مِّنَ الْعِلْمِ إِلَّا قَلِيلًا .الاسراء/٨٥*واتە: هیچتان پێنەبەخشراوە لە عیلم و زانست تەنها شتێکی کەم نەبێت.
کەواتە * لَا يُسْأَلُ عَمَّا يَفْعَلُ وَهُمْ يُسْأَلُونَ. الانبیاء/٢٣*واتە: پرسیار ناکرێت لەوەی کە خوا دەیکات، لە کاتێکدا ئەوان پرسیاریان لێ دەکرێت و موحاسەبە دەکرێن.
بەڵام سەبارەت ئەوەی بگوترێت بوونی شەڕ بەڵگەیە لەسەر نەبوونی هیچ خوایەك! ئەمە ئەوپەڕی نەفامییە، ئەوپەڕی گومڕاییە، ئەوپەری نائاگاییە بە یاساکانی گەردوون، چونکە هەبوونی خودا بەڵگەکانی لەسەر بنیاتنراوە، بەجۆرێك دەبێتە شتێکی ئاشکراو بێ بەڵگە لای هەموو ئەو مرۆڤانەی بەهرەکان و هۆشیان لەکار نەکەوتبێت.

کەواتە لە بازنەی وەڵامدانەوەی حیکمەتدا وەڵامی پرسیارەکانی ڕابردوو دەدەینەوە: زینا کردن خراپەیە، ئەی ئایا بەدیهێنانی ئامێرەکانیشی هەر خراپەیە؟ خوای گەورە بۆ نێرو مێ ئامێری زاوزێی دروستکردووە، هەروەها لای پیاوان و ئافرەتان ئارەزووی خولقاندووە، حیکمەتیش ئاشکرایە بۆچی خودا خولقاندویەتی، بەڵام ئادەمیزاد بۆ خۆی بەکارهێنانی ئەم ئامێرانەی گواستووەتەوە لە بارە گونجاوەکەیەوە کە لە پێناوی مانەوەی ڕەگەزدا خولقاوە بۆ باری شێرزی زایەند، کەواتە شەڕ لە دروستکردنی ئەندامەکاندا نیە، بەڵام شەڕ لەوانەدایە مرۆڤ پێیان هەڵدەستێت وسنوورەکان دەبەزێنیت، کە شتەکانی لە پێناودا بەدیهێنراوە.
هەوەها خواردنەوەی مەی شەڕو خراپەیە، ئەی ئایا ترێ بۆ خراپە بەهێنراوە؟ ترێ خۆی لە خۆیدا شتێکی بەسوودو نایابە، حیکمەتیش لە دروستکردنی ئاشکرایە، جا تەنیا مرۆڤە ترێکەی گۆڕیوە لە حاڵەتە گونجاوە باشەکەیەوە بۆ حاڵەتی پیسی خراپ، هەروەها بەکارهێنانی ئاسن لە کارێکی کوشتندا شتێکی خراپ و ڕێپێنەدراوە،ئەی ئایا ئاسن بۆ خراپە بەدیهێنراوە؟ لە دروستکردنی ئاسندا چەندان حیکمەتی بێشومار هەن، بەڵام بەکارهێنانی هەڵەی مرۆڤ بۆی ئەوە خراپەکەیە.
هەروا حەسودی بردن کە خۆی لەخۆیدا ئاواتخواستنە بە نەمانی نیعمەت و بەخششەکانی کەسی حەسودپێبراو، ئەمەش شەڕوخراپەکاریە، ئەی ئایا بەهرەی

کێبەرکێی نێوان مرۆڤەکان شەرو خراپەیە؟ لە راستیدا حەزو هێزی پێشبرکێ لەلایەن مرۆڤەوە لە گەورەترین هۆکارەکانە دەبێتە هۆی گەشەسەندنی ئاوەدانی و چاکسازی مرۆڤ، بەڵام مرۆڤ خۆی ئەم توانستەی هەڵگێراوەتەوەو بەباری شەردا خستوویەتیەوە، کەواتە شەرەکە لە دەروونی مرۆڤدایە نەك لە بوونی بەهرەکەدا. خۆبەزلزانینیش پێشێلکردن و بچوکردنەوەی خەڵکە و ناهەق نواندنە، ئەمەش بە شەر دادەنرێت، ئەی ئایا هەوڵدان و داواکردنی کەمال و بەرزبوونەوەی رێپێدراو، شەرە؟ خوای گەورە لە مرۆڤدا ئامادەگی خولقاندووە تا پلە بڵندی بخوازێت و کەمال و تەواوێتی داوا بکات، بەڵام مرۆڤ بۆخۆی ئەم ئامادەگیەی هەڵگێراوەتەوەو کردوویەتی بە خۆبەزلزانین، ئێدی بەشەر کەوتۆتەوە.

کەواتە مرۆڤ- بەگۆرین و دەسکاریکردنی هێنانەدی حیکمەتی خوایی لە شتەکاندا- خێر دەگۆرێت بۆ شەرو چاکسازی دەکاتە خراپەکاری.

لێرەدا پرسیارێك دروست دەبێت: ئەی حیکمەت چیە لەوەی ئەم ئامادەگیە زۆرە بۆ مرۆڤ بەدیهاتووە بۆ خێرو شەر؟ وەڵامی ئەمەش بەم جۆرەیە:

أ- تا مرۆڤ سەرجەم هێزو تاقەتەکانی بەکاربخات و هیچیان نەپوکێنێتەوە؛ وزەکانی ژیری و تواناوگیان و هزرو لەش، بەمجۆرە کەمالات و تەواوێتی مرۆڤ بەدیاردەکەوێت، بەمەرجێك بەکارهێنانی سەرجەم وزەکان بە رێگە راستەکەی خۆیان بێت لە دۆزینەوەی هاوتایی نێوان سەرجەم وزەکاندا، بەمجۆرەش فەزڵ و چاکەو بەخشینی پەروەردگار لەسەر مرۆڤ وەدیار دەکەوێت، یاخود لەکارخستنی هەندێك لە وزەکان و بەکارخستنی هەندێکیان لە جێگەی تردا، نەك بەپێی حیکمەتی بەدیهێنانیان، ئەوا گەندەڵی لادان لە سوننەتەکانی پەروەردگارو بەدەرکەوتنی شوێنەوارە خراپەکانی ئاشکرا دەبن و ئالێرەوە مرۆڤ دەگەرێتەوە بۆ راستە رێگا.

ب- بەم پێیە مرۆڤ پەروەردگار بەوپەری تەواوی دەناسێت: چونکە مرۆڤ نازانێت خودا لێی خۆش بووە گەر هەڵە نەکات و داوای لێخۆشبوون نەکات، ناشزانێت کە خودا پەشیمانی(توبة) وەردەگرێت، کاتێك نەبێت مرۆڤ دوای تاوانکردن پەشیمان بێتەوەو دڵنیا بێت لەوەی خودا لێی وەردەگرێت، هەروەها هێزو توانای

ڕەهای پەروەردگار دەرناکەوێت لەسەر بەدیهێنانی هەموو خێرو شەرو ڕێپیشاندان وگومڕاییەك، کاتێك نەبێت کە خێرو شەرو ڕێپیشاندان و گومڕایی بوونیان هەبێت، کەواتە تەواویەتی خودا ناناسرێت گەر مرۆڤ بەوجۆرە نەبێت کە هەیە، بۆیە حیکمەتی دروستکردنی خودا بۆ پەری و مرۆڤ بەمەبەستی ناساندنی خۆیەتی:

* وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ. الذاريات/٥٦*واتە: بێگومان من پەری و ئادەمیزادم دروست نەکردووەتەنها بۆ ئەوەنەبێت کەمن بپەرستن و فەرمانبەردارم بن.

مرۆڤ نازانێت خوای گەورە وەڵامدەری پاڕانەوەکانە تا حاڵەتی پەرێشانی نەبینێت و نەپاڕێتەوەو خواگیانیش وەڵامی بداتەوە، هەروەها نازانرێت پەروەردگار ڕزقورۆزیی بەخشە کاتێك نەبێت ڕزقورۆزیی ببینێت بگاتە هەموو دروستکراوێك، ئالێرەوە نهێنی زۆر باس وهەواڵمان بۆ دەردەکەوێت کە لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) بیستومانە.

ج- ئەوانەی داواکارن ئەم جیهانەمان یەك پارچە خێروچاکە بێت، ئەوا بەهەڵەدا چوون چونکە حیکمەت لە بوونی گەردوون و مرۆڤ وژیانی یەکەمین بریتیە لە تاقیکردنەوە، تاقیکردنەوەش نایەتەدی بە بوونی خێروشەڕ نەبێت، مرۆڤیش کاتێك لەم تاقیکردنەوەیەدا سەرکەوتوو دەبێت کە بەویستی خۆی هەوڵبدات بۆ ڕزگاربوون لە شەرو ڕووکردنە خێروچاکە * وَنَبْلُوكُم بِالشَّرِّ وَالْخَيْرِ فِتْنَةً وَإِلَيْنَا تُرْجَعُونَ. الانبياء/٣٥* واتە: ئێمە ئێوە تاقی دەکەینەوە بەشەڕو ناخۆشی و بەڵاو بەخێرو خۆشی و دارایی و توانایی، سەرەنجام هەر بۆ لای ئێمە دەهێنرێنەوە.

* الَّذِي خَلَقَ الْمَوْتَ وَالْحَيَاةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا. الملك/٢* واتە: هەر ئەو خۆی مردن و ژیانی بەدیهێناوە، تا تاقیتان بکاتەوە، کێتان کردەوەی چاکترو پەسەندترە.

* وَنَفْسٍ وَمَا سَوَّاهَا فَأَلْهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقْوَاهَا قَدْ أَفْلَحَ مَن زَكَّاهَا وَقَدْ خَابَ مَن دَسَّاهَا الشمس/٧-١٠* واتە: سوێند بە دەروون و ئەو زاتەی کە بە ڕێکو پێکی بەدیهێناوە. جا توانای خراپە و چاکە و خوانەناسی و خواناسی تێدا دابین کردووە.

بەڕاستی ئەو کەسە سەرفرازە کە نەفسی پاکو پوختە کردووە و ئیمان و ترسی خوای تیادا ڕواندووە. بێگومان نائومێد بوو ئەو کەسەی نەفسی خۆی ناپوخت کرد و ئالودەی گوناهو تاوان و خراپەی کرد.

* وَأَمَّا مَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِ وَنَهَى النَّفْسَ عَنِ الْهَوَىٰ فَإِنَّ الْجَنَّةَ هِيَ الْمَأْوَىٰ النازعات/٤٠-٤١* واتە: بەڵام ئەوەی لە پایەو شکۆی پەروەردگاری ترسابێت و حیسابی بۆ کردبێت و جڵەوی نەفسی گرتبێتەوە لە هەموو هەواو هەوەس و ئارەزوویەکی نادروست... بێگومان هەر بەهەشت جێگەی مانەوە و حەوانەوە و گوزەرانیەتی.

جا گەر مرۆڤ سەرکەوتوو بوو لە تاقیکردنەوەی ژیانی دنیادا ئەوا شایستەی ئەوەیە لە جیهانی ڕەهای چاکەدا بژی لە ژیانی دواڕۆژدا * لهم دار السلام عند ربهم. الانعام/١٢٧* واتە: ئەوانە بەهەشتی پڕ لە ئاشتی و هێمنیان بۆ ئامادەیە لای پەروەردگاریان.

کەسێکیش لەم تاقیکردنەوەیەدا دەرنەچێت وبکەوێت ئەوە شایستەی چوونە ناو مەنزڵی وێرانی و خراپەی ڕەهایە * جَهَنَّمَ يَصْلَوْنَهَا وَبِئْسَ الْقَرَارُ. ابراهیم/٢٩*واتە: سەرئەنجام دەچنە ناو دۆزەخ، کە جێگەیەکی زۆر ناخۆشە بۆ نیشتەجێ بوون.

*جزاءا وفاقا * النبأ/٢٦. واتا: پاداشت و سزایەکی بەداد بە پێی کردەوەکانیان.

***

٤- جا گەر مرۆڤ ژیری بە شێوەیەکی زانستیانە بخاتەگەڕ، ئەوا لە بچووکترین گەردی بوونەوە تا گەورەترین بەشەکانی گەردوون، هەمووی بۆ ئەو پڕ لە حیکمەت و دانایییە، مرۆڤ لەوکاتەدا هیچ شتێك نابینێتەوە لە دنیادا بێبەش بێت لە جوانترین حیکمەت، ئەو نموونانەش کە لە دیاردەکانی ڕێپیشاندان و ویست و داهێناندا لێیان دواین، هەموویان دەشێن وەك نموونەی حیکمەت بیانهێنینەوە، لەهەموو دوستکراوەکانی خوادا * الَّذِي أَحْسَنَ كُلَّ شَيْءٍ خَلَقَهُ. السجدة/٧*واتە: ئەو خوایە زاتێکە هەموو شتێکی بەچاکی و ڕێکوپێکی بەدیهێناوە.

* صُنْعَ اللَّهِ الَّذِي أَتْقَنَ كُلَّ شَيْءٍ. النمل/٨٨*واتە: دەستکردی ئەوخوایەی کە هەموو شتێکی بەوپەری ڕێکوپێکی دروستکردووە.

ئەمەش چەند نموونەیەکی تری بچوکن دەشێن وەك گەواهیدەری دیاردەی حیکمەت لە چوارچێوە گەورەکەیدا باسی بکەین و بە نموونە بیانهێنینەوە:

أ- گەر هەردوو چاوی مرۆڤ لەبەشی سەرەوەی سەری یان خوارەوەی چەناگەیدا یا لە پاشەوەی بووایە، ئایا ئەوە تۆکمەترو پەسەندتر بوو؟ یان بوونیان لە شوێنی ئێستایاندا؟ ئایا هیچ ئەندامێکی لەشی مرۆڤ جگە لەم شوێنەی ئێستایان لە چ جێیەکی تردا بوونایە پەسەندتر دەبوون؟ هەر مرۆڤێك رێز بۆ ژیری دابنێت ناڵێت بەڵێ دەبوو.

(( وەك بچوکترین نموونە بۆ روونکردنەوەی حیکمەتی شوێن لەبەشەکانی لەشی ئادەمیزادا دەستی مرۆڤە، زۆر ئەستەم وگرانە گەر نەڵێین مەحاڵە کە ئامێرێك بدۆزرێتەوە جێی دەستی مرۆڤ بگرێتەوە لە سادەیی و توانا و خێرایی گونجان، بۆ نموونە کاتێك دەتەوێت پەرتووکێك بخوێنیتەوە بە دەست ئەمدیو و ئەودیوی دەکەیت، پاشان لە شوێنی گونجاودا بۆ خوێندنەوە دایدەنێیت و رایدەگریت، ئەم دەستە خۆی جێی خۆی راستدەکاتەوە، کاتێك پەڕەکانی هەڵدەدەیتەوە ئەوا پەنجەت دەخەیتە ژێر کاغەزەکەوە و پاڵەپەستۆی دەخەیتە سەر بە جۆرێك بتوانیت هەڵیگێڕیتەوە، پاشان پاڵەپەستۆکە نامینێت بە هەڵدانەوەی لاپەڕەکە، و هەروەها دەست پێنووس دەگرێت و پێی دەنووسێت، و ئامێریشی پێ بەکاردەهێنێت، مرۆڤ پێی دەخوات، پەنجەرەی پێدەکاتەوە، شتێکی بوێت پێی هەڵدەگرێت، و دەست لە شت دەداتو هەستیان پێدەکات، هەروەها بەکاریاندێنێت بۆ هەستکردن بە جوانی وگواستنەوەی هەستەکان بۆ دڵ، تەنانەت نینۆکەکان پەنجەکان دەپارێزن، چونکە زیاتر بەرکاریگەریی و لێدان دەکەون، بەهۆی نینۆکیشەوە دەتوانرێت پێست بخورێنرێت وشتی وردی پێبگرین، لە کۆتایدا؛ نینۆکەکان تەرازووی تەندروستی مرۆڤن، هەر کارێك مرۆڤ پێی هەستێت گەورەترین یارمەتیدەر جوڵەی پەنجە گەورەیە، ئەگەر نەجوڵاوبوونایە – بۆنموونە وەك هی مەیمون- ئەوا نەیدەتوانی زۆر لەوکارانەی ئێستا پێیان هەڵدەستێت بیکردنایە))[1]

---

(١)الله والعلم الحديث. لا٧٧. العلم يدعو الى الايمان.

ب- لێوی سەرەوەی وشتر قلیشاو و درزاویە، تا یارمەتی بدات لەسەر خواردنی ڕووەکی دڕکاوی بیابان، پێکانیشی لەگەڵ لمدا گونجاوەو تێیدا ڕۆناچێت، بە پێچەوانەی ئەوەی کە (سم)ی ببوایە یان پێکانی بچوک بوونایە، برژانگە درێژەکانیشی وەك تۆڕ وایەو چاوەکانی لە گەردی لم دەپارێزن، گردۆلکەکانی سەر پشتیشی بۆ ماوەیەکی درێژ خواردنی تیا هەڵدەگرێت و لەکاتی نەبوونی خۆراکدا سوودیان لێدەبینێت[1]

ج- بەهەڵمبوون و ئاو دەردان لە ڕووەکدا بریتیە لە بەهەڵمبوونی ئاو بەهۆی گەڵاکانیەوە،ئەمەش یارمەتی هەڵمژینی شلەمەنیەکان ئەدات کە بەهۆی ڕەگەوە لە خاك وەرپدەگرێت، کرداری بەهەڵم بوون دروست دەبێت بەهۆی ئەو چاڵ و کەلێنانەی سەرگەڵاکان، ئەم کەلێنانەش لە ڕووەکێکەوە بۆ ڕووەکێکی تر جیاوازە، بەپێی جیاوازی ژینگەکەیان. بۆیە کەلێنی ڕووەکە بیابانیەکان کەمترە لە ڕووەکی باخچە، بەجۆرێك هەڵمبوون لەیەکەمدا کەمترە لە چاو دووهەمدا.[2]

د- باڵندە بە پێی قەبارەکەی لە هەموو گیاندارێکی تر سوکترە، لە ئاکامی پشکنینی لاشەییەوە دەرکەوتووە کە ئێسکی باڵندە ناسك و بۆشە، تا یارمەتی بدات لەسەر سوکی لەشی و بەمەش کاری فرینی بۆ ئاسان بێت.[3]

ه- لە کیشوەری بەستەڵەکی باشوور جۆرە باڵندەیەك هەیە ناوی (البانجو)ـە، مێینەی ئەم باڵندەیە هێلکەکانیان لە زستانێکی تاریکدا دادەنێن- لەکاتێکدا بەفر زەمین و ئاسمان دەتەنێت- لە گیرفانێکی سەهۆڵبەندی لەبەشی سەرەوەی قاچەکانی، بێچووەکان تا بەهێز دەبن و توانای خۆژیاندنیان دەبێت هەر لەو جێیەدا دەمێننەوە.[4]

............................................

(١)الله والعلم الحديث. لا٩٢

(٢)الله والعلم الحديث. لا٩٧

(٣)الله والعلم الحديث. لا٨٣

(٤)العلم يدعو الى الايمان.

و- لەهەر لایەکی ماسیدا هێڵێکی درێژکۆلە هەیە و لە پشکنینی ئەو هێڵانەدا بە ئامێری وردبین دەرکەوتووە ئەمانە ئەندامی زۆر وردی هەستەوەرن بەرێژەیەکی مەزن، کاتێك ماسی لە بەربەستێك یان بەردێك نزیکبێتەوە ئەوا ئەم ئەندامانە هەست بە پاڵەپەستۆی ئاو دەکەن لە ئاکامی بەرکەوتنی بە هەر بەربەستێك، هەرچەندە شەپۆلەکانی ئاویش کەم بن، بەمجۆرە خۆی لە لێدان و بەرکەوتن دەپارێزێ و ڕێگای دەگۆڕێت.[1]

ز- شەمشەمەکوێرە لەشەودا ئەفڕێت، بەجۆرێك هیچ ڕووناکی نەبێت بەهۆی لاوازی چاوەکانی، لەگەڵ ئەمەشدا خۆی لە هیچ بەربەستێك نادات هەرچەندە بەربەستەکان زۆر بن. دەربشکەوتووە شەمشەمەکوێرە لەکاتی فڕیندا بروسکەو جۆرە دەنگێکی تایبەت دەردەکات و گەر بەر هەر تەنێك بکەوێت ئەوا دەنگەکەی بۆ دەگەڕێتەوەو ئێدی هەستی پێدەکات، بێ ئەوەی ببینێت! ئالەمەدا وەك ڕادار وایە.[2]

ئەم نموونانە وێنەیەکی ساکارمان پێدەدەن لە بوونی حیکمەت لە هەموو شتێکدا، مرۆڤیش هەرچەندە زانستی پتر بێت ئەوەندە درك بە دیاردەی حیکمەت دەکات، وەك لەمەوپێش گوتمان، بەڵام دڵانی داخراو و کوێر، گوێی کەڕ، ژیریی پەککەوتوو دەسەوسان دەمێنن و هیچ وانەو نیشانیەك لەپەروەردگار وەرناگرن * وَكَأَيِّن مِّنْ آيَةٍ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ يَمُرُّونَ عَلَيْهَا وَهُمْ عَنْهَا مُعْرِضُونَ. یوسف/١٠٥* واتە: چەندەها بەڵگەو نیشانە لە ئاسمانەکان و زەویدا هەن کەچی زۆربەی خەڵکی بەلایدا تێدەپەڕن و تێنافکرن و پشتی تێدەکەن.

* وَقَالُوا لَوْ كُنَّا نَسْمَعُ أَوْ نَعْقِلُ مَا كُنَّا فِي أَصْحَابِ السَّعِيرِ.الملك/١٠* واتە: ئینجا دەڵێن: ئەگەر ئێمە گوێمان بگرتایەو بیرو هۆشمان بەکاربهێنایە نەدەبووینە نیشتەجێی دۆزەخ.

---

(١)الله ولعلم الحديث لا ٩٠

(٢)الله ولعلم الحديث لا ٩٠.

گەر کەسێك دروستکردنی ڕادار بداتە پاڵ کەسێکی شێتی کەڕی کوێری لاڵ، ئایا گومان ناکەیت لە ژیریی ئەو کەسە؟ بێگومان بە شێتی دادەنێیت!. ئەی ئایا ئەو کەسەی کە دەرکردنی دەنگی شەمشەمەکوێرە لەکاتی فڕیندا بۆ کاری مادەی کەڕو لاڵ وکوێر و مردوو دەگێڕێتەوە لەو کەسە بە شێتتری نازانیت؟

* إِنَّ الَّذِينَ يُلْحِدُونَ فِي آيَاتِنَا لَا يَخْفَوْنَ عَلَيْنَا أَفَمَن يُلْقَىٰ فِي النَّارِ خَيْرٌ أَم مَّن يَأْتِي آمِنًا يَوْمَ الْقِيَامَةِ ۚ اعْمَلُوا مَا شِئْتُمْ إِنَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ. فصلت/٤٠* واتە: بەڕاستی ئەوانەی کە سەرسەخت و بێ بڕوان و دژایەتی ئایەت و فەرمانەکانی ئێمە دەکەن و لێی لادەدەن. خۆیان ناشارنەوە لە ئێمە، باشە، ئەوەی فڕێ بدرێتە ناو ئاگری دۆزەخەوە چاکترە یان ئەو کەسەی کە بەدڵنیایی و ئارامی و هێمنییەوە دێت لە ڕۆژی قیامەتدا و بەرەو بەهەشت بەڕێزەوە بەڕێ دەکرێت؟! ئەی بێ باوەڕان هەرچیتان لە دەست دێت بیکەن، چونکە لە دەستی خوا دەرناچن، دڵنیاش بن خوا بینایە بەو کردەوانەی دەیکەن.

***

لەم گەردوونەدا ملیۆنەها شایەت و گەواهیدەر هەن لەسەر دیاردەی حیکمەت، هەر لە گەردو خانەوە تا کۆبوونەوەی گەردەکان و خانەکان، هەروەها لە هەموو جۆرێك لە دروستکراوەکان و لەهەموو بەشێك لە بەشەکانیان، لە کۆبوونەوەی هەموو ئەمانەدا و هەر شایەتێك لەم ملیار حیکمەتانە – گەر مرۆڤ بۆ نەبوون(عدم)ی بیانگێڕێتەوە- ئەوا شێتە، ئەو کەسانە چەند بێ هۆشن؟ ئەوانە ئەو کەسانەن کە بڕوا بە پەروەردگاری کارلەجێ ناکەن، چەند ئەوانە نەزان و کەللەپوچن؟ کاتێك بڕواداران بە خودای بەدیهێنەری حیکمەتەکان بە شێت لەقەڵەم ئەدەن!

* ن ۚ وَالْقَلَمِ وَمَا يَسْطُرُونَ مَا أَنتَ بِنِعْمَةِ رَبِّكَ بِمَجْنُونٍ وَإِنَّ لَكَ لَأَجْرًا غَيْرَ مَمْنُونٍ وَإِنَّكَ لَعَلَىٰ خُلُقٍ عَظِيمٍ فَسَتُبْصِرُ وَيُبْصِرُونَ بِأَييِّكُمُ الْمَفْتُونُ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَن ضَلَّ عَن سَبِيلِهِ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ فَلَا تُطِعِ الْمُكَذِّبِينَ* واتە: ن، سوێند بە پێنووس و ئەوەی کە دەینوسن. تۆ بەهۆی نازو نیعمەتی پەروەردگارتەوە دووریت لە شێتیەوە. بێگومان پاداشتێکی نەبڕاوە بۆ تۆ ئامادەیە. بەڕاستی تۆ لەسەر ڕەوشت و

خوویەکی زۆر جوان و پەسەند و بێ وێنە و مەزنیت. سەرئەنجام تۆ دەبینیت و دەزانیت و ئەوانیش دەبینن و دەزانن... شێتێتی بە کامتانەوەیە. بەڕاستی پەروەردگارت خۆی دەزانێت، کێ لە ڕێبازی ئەولایداوە و گومڕا بووە، کێیش ڕێبازی هیدایەت و ئیمانی گرتۆتەبەرو ڕاستە لەگەڵ خوادا. تۆ هەرگیز بەقسەی ئەوانە مەکە کە باوەڕیان بە تۆ نیەو بەرنامەکەی تۆ بەدرۆ دەزانن.

# دیاردەی هەشتەم

# دیاردەی بایەخپێدان (العنایة)

١- هەمــوو نیعمەتێــك نیعمەتبەخشــی لە پشــتەوەیە، وەســفکردنی دەرمــان بــۆ نەخــۆش نیعمەتــێکەو لە پشــتیەوە پزیشــك هەیە، دابینکردنــی خــۆراك بــۆ برســی نــیعمەتەو لە پشــتیەوە خۆراکــدەر هەیە، سەرپەرشــتیکردنی منــداڵ تــا گەورە دەبێــت بەخششــــەو لە پشــــتیەوە دایــــك و بــــاوك هەن، بــــوونی ماڵێــــك بە هەمــــوو پێداویســـتیەکانی خۆشـــگوزەرانیەوە نـــیعمەتەو لە پشـــتیەوە کەســـانێك هەن کاریـــان تێــدا کــردووە. بەمجــۆرە هەمــوو پێبەخشــراوە دروســتکراوەکان بــۆ مــرۆڤ ڕاســتەوخۆ کەسانی بەخشەرو گرنگیپێدەری لە پشتەوەن.

ئەی ئایــا ئەو هەمــوو بەخشــینانەی کە لە کــاری مــرۆڤ نــین و بە مــرۆڤ خەڵاتکــراون، ئایــا لە پشــتیانەوە دەســتێك نــیە؟ ئەوپەڕی پــوچەڵکردنەوەی کــاری ژیریــی مــرۆڤە گەر بگوترێت نەخێر!

کاتێــك ئەم دیــاردەیە- دیــاردەی بایەخــدان و پێــدانی نــیعمەتە جۆراوجۆرەکــانی مــرۆڤ – لە گەورەتــــرین دیــــاردەیە قورئــــان لێــــیدواوە، دەرخســــتنی فەزڵ و بەخشــــین و میهرەبــانی پەروەردگــار دەگەیەنێــت، بەمجــۆرەش کەســانی هۆشــمەند سوپاســگوزاریی دەنــوێنن بــۆ (الله)ی مەزن و دلۆڤــان، وەك چــۆن ئەمەش دەبێــتە بەڵــگە لەســــەر مــرۆڤ لە بێبــاوەڕیی و ســتەم و نکۆڵیکردنــدا، بــۆیە ئەو کەســانە شایســتەی هەمــوو ســــزایەك دەبــــن، ئــــێمەش هەڵوێســــتەیەك دەکەیــــن لەمەڕ دیــــاردەی بەخششــــی پەروەردگــــار بــــۆ ئــــادەمیزاد لە قورئــــانی پیــــرۆزدا، هەروەهــــا تەماشــــاکردنی ئەم بایەخپێدانە وەك بەڵگەیەك بۆ بەدیهێنەری گەورەو بەدەسەڵات.

٢- پەروەردگـار دەفەرمێـت * وَإِن تَعُـدُّوا نِعْمَـةَ اللَّـهِ لَا تُحْصُـوهَا إِنَّ اللَّـهَ لَغَفُـورٌ رَّحِـيمٌ. النحـل/١٨*واتە: خـۆ ئەگـەر بـێن و بتانـەوێت نـازو نیعمەتـەكانی خـوا بژمـێرن، بۆتـان ناژمێردرێت. بەڕاستی خوای پەروەردگار هەر لێخۆش بوو میهرەبانە.

* وَإِن تَعُـدُّوا نِعْمَـتَ اللَّـهِ لَا تُحْصُـوهَا إِنَّ الْإِنسَـانَ لَظَلُـومٌ كَفَّـارٌ. ابـراهیم/٣٤*واتە: ئەگـەر نـازو نیعمـەت و بەخشـشـەكانی خـوا ئامـاژە بكـەن، نـاتوانن بیـانژمێرن بـەڕاسـتی زۆربەی ئینسانەكان زۆر ستەمكارو خوانەناس و سپڵەن.

گەر تێبینـی ئەم دوو ئـایەتەی ڕابـردوو بكەیـن ئەوا بۆمـان دەردەكەوێـت كە یەكێكیـان بە * ان الله لغفـور رحـیم * دوایـی هـاتووە، و ئەویتریشـیان مـرۆڤ بەجۆرێـك وەسـف دەكـات كە * ان الانسـان لظلـوم كفـار * جـا لەم دوو ئـایەتەو دووماهیانـدا چەنـد مانایەكمان بۆ ئاشكرا دەبێت:

أ- ئەو نـیعمەتە فراوانـانەی ئـایەنە هەژمـاردن هەرگیـز بەكـاری ڕێـكەوت دانانرێـت، بەڵكـو لە بەدیهێنـانی (الله)ی پەروەردگـارن، هەروەهـا لێخۆشـبوون و میهرەبـانی ئەو دوو سـیفەتەن كە بەفریـای مرۆڤـی بـڕوادار دەكەون، گەر بە شـێوەیەكی تەواوو بە تێگەشـتنێكی پێویسـت مرۆڤـی بـڕوادار خـودا نەناسـێت یـان بە تەواوی بەكـاری سوپاسگوزاری هەڵنەستیت.

ب- نەفـامیی مـرۆڤ كە دەبێـتە هـۆی بێبـاوەڕیی و خـۆبەزلزانین كە سـتەمیان لێ بەرپـا دەبێـت، ئەمـانە وا لە هۆشـی مـرۆڤ دەكەن لە ئاسـت بەخششـەكانی پەروەردگـار نابینـا بێـت، بـۆیە ناتوانێـت بە دڵسـۆزیی و یەكلابـووەوە نیعمەتەكـان بـداتە پـاڵ پەروەردگـار، بەڵكـو ئەیانـداتە پـاڵ شـتانی تـر * وَإِذَا ذُكِـرَ اللَّـهُ وَحْـدَهُ اشْـمَأَزَّتْ قُلُـوبُ الَّـذِينَ لَا يُؤْمِنُـونَ بِـالْآخِرَةِ وَإِذَا ذُكِـرَ الَّـذِينَ مِـن دُونِـهِ إِذَا هُـمْ يَسْتَبْشِـرُونَ. الزمـر/٤٥*واتە: كـاتێكیش تـەنها نـاوی خـوا بـرا، ئەوانـەی كـە بـاوەڕیـان بەقیامـەت و ڕۆژی دوایـی نیـە دڵیـان دەگیرێـت و بێـزاری دایـان دەگرێـت، كـاتێكیش باسـی شـتی تـر بكرێت جگە لە خوا، دەستبەجێ دڵخۆش و كەیف خۆش دەبن و حەزی پێدەكەن.

٣- خـوای گەورە مـاهییەتی بایەخـی خـۆی و نیعمەتەكـانی بـۆ مـرۆڤ لە ئایەتەكـانی قورئاندا كۆكردووەتەوە، لەوانە:

* هُوَ الَّذِي خَلَقَ لَكُم مَّا فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا. البقرة/٢٩*واته: هەر ئەوزاتە هەموو شتێکی لە زەویدا بۆ ئێوە دروست کردووە.
* أَلَمْ تَرَوْا أَنَّ اللَّهَ سَخَّرَ لَكُم مَّا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَأَسْبَغَ عَلَيْكُمْ نِعَمَهُ ظَاهِرَةً وَبَاطِنَةً. لقمان/٢٠* واتە: ئایا سەرنجتان نەداوە کە بەڕاستی هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە هەر هەمووی خوا بۆ خزمەتی ئێوەی دروست کردووە و ملکەچی کردووە، هەروەها بەفراوانی نازو نیعمەتی ئاشکراو پەنهانی بەسەردا ڕژاندون.
* وَسَخَّرَ لَكُم مَّا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا مِّنْهُ. الجاثية/١٣* واتە: هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە بۆ ئێوەی ڕام هێناوە.
لەم کۆکاریە خێرایەدا چەند شتێکمان بۆ دەردەکەوێت:
أ- یەکەم شێوەی نیعمەتەکانی پەروەردگار لەسەر مرۆڤ: بەدیهێنانی مرۆڤە بەم جۆرەی هەیە، بەهەموو واتا ئاشکراو ناواخندارەکانەوە.
ب- دووەم ڕوو ئەوەیە کە زەوی و ئاسمانەکان و چی لەناویاندایە ڕام و گەردنکەچی مرۆڤن.
ج- ئەم نیعمەتە بەرفراوانانە بۆ مرۆڤ بە هەردوو بەشەکەوە، لە لایەن خوای گەورەو بێ نیازەوەیە. "وأسبغ" و "جمیعا منه" نایەنەدی تەنیا بەمجۆرە نەبێت، چونکە گونجانی گەردوون بۆ مرۆڤ و ڕێتێچوونی ڕامبوونی تەنیا بەهۆی ڕامکارەوە دەبێت.
٤- دوای ئەم درێژەپێدانە دێینە سەر باسکردنی هەندێك لە دوو ڕووکاری نیعمەتەکانی کردگارکە بە مرۆڤی بەخشیون و لە قورئاندا هاتوون:
أ- *ولقد کرمنا بني آدم و حملناهم في البر والبحر ورزقناهم من الطیبات و فضلناهم علی کثیر ممن خلقنا تفضیلا. الاسراء/٧٠* واتە: سوێند بەخوا بەڕاستی ئێمە ڕێزمان لە نەوەی ئادەم گرتووەو بەسەر وشکانی و دەریادا هەڵمان گرتوون و لە ڕزق و ڕۆزی پوخت و چاکی جۆراو جۆر بەهرەوەرمان کردوون بەڕاستی ئێمە ڕێزی زیادەی ئەوانمان داوە بەسەر زۆربەی ئەو بەدیهێنراوانەدا کە دروستمان کردوون.

* الرَّحْمَنُ عَلَّمَ الْقُرْآنَ خَلَقَ الإِنسَانَ عَلَّمَهُ الْبَيَانَ . الرحمن/١-٤* واته: خوای میهرەبان، کانگای سۆزو ڕەحمەت. قورئانی فێری ئادەمیزاد کردووە. هەر خوا ئادەمیزادی دروست کردووە. هەر ئەویش فێری گوفتارو ئاخاوتنی کردووە.

* لَقَدْ خَلَقْنَا الإِنسَانَ فِي أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ . التين/٤* واته: بەڕاستی ئێمە ئینسانمان لە جوانترین شێوە و ڕێکوپێکترین شێوازدا دروست کردووە لە هەموو ڕوویەکەوە.

پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمویەتی ( ان الله خلق آدم على صورته) مانای: پەروەردگار ئادەمی لەسەر شێوەی خۆی دروستکردووە. واتا لەسەر سیفاتی خۆی ( بەڕای هەندێك لە زانایان)، بۆ نموونە پەروەردگار خاوەن ویستە و مرۆڤیش ویستی هەیە، پەروەردگار زانستی هەیەو مرۆڤیش سیفەتی زانستی هەیە، پەروەردگار زیندووەو مرۆڤیش ئەم سیفەتەی بە شێوەیەکی کاتی تیایە، پەروەردگار بیسەرەو مرۆڤیش سیفەتی بیستنی هەیە، پەروەردگار بینایەو مرۆڤیش سیفەتی بینینی هەیە، پەروەردگار قسەدەکات و مرۆڤیش سیفەتی قسەکردنی هەیە، خوا نیان و ئارامەو مرۆڤیش سیفاتی نیانو ئارامی هەیە، خوا میهرەبانەو مرۆڤیش ئەم سیفەتەی هەیە.... لەگەڵ تێبینیکردنی ئەوەی هیچ بەشێك لەمانە ناگەنە ئەوانەی (الله)و هیچ شتێکیش وەك بوون و سیفەت وناو و کردارەکانی (الله) ی تاکوتەنیا نیە.

ئەو بەخششانەی کردگار لە بەدیهێنان و ئاکار کە بە مرۆڤی بەخشیون (بە ئاشکراو پەنهانەکانەوە) نەیبەخشیوە بە هیچ لە بەدیهاتووەکانی تر.

* وَأَسْبَغَ عَلَيْكُمْ نِعَمَهُ ظَاهِرَةً وَبَاطِنَةً. لقمان/٢٠*واته: بەفراوانی نازو نیعمەتی ئاشکراو پەنهانی بەسەردا ڕژاندون.

تەنیا نیعمەتی ژیریی بۆ مرۆڤ بەسە، بەهۆی بەخشینەوە مرۆڤ توانیویەتی چی لەناو گەردووندا هەیە بیانخاتە ژێر بارەوەو گەردنکەچی خۆیان بکات.

ب- پەروەردگار بەخششە گەردوونیەکانی بۆ مرۆڤ دەژمێرێیت، لەمبارەشەوە ئایەت زۆر هەن ، ئەوەندە بەسە بڵێین یەك سورەتی دوورو درێژ زیاتر لەمبارەوە ئەدوێت، ئەویش سورەتی(الانعام)ـە، هەروەها سورەتی (النحل)یش، با پێکەوە چاوێك بە چەند ئایەتێکی هەڵبژاردەی قورئاندا بگێڕین * هُوَ الَّذِي جَعَلَ الشَّمْسَ

ضِيَاءً وَالْقَمَرَ نُورًا وَقَدَّرَهُ مَنَازِلَ لِتَعْلَمُوا عَدَدَ السِّنِينَ وَالْحِسَابَ. يونس/٥* واته: خوا ئەو زاتەیەکە خۆری کردووەبەسەرچاوەی تیشك و ڕووناکیەکی پرشنگدار، مانگیشی کردووە بەسەرچاوەی ڕووناکی، چەندەها جێگەی هەڵهاتن و ئاوابوونیشی بۆ دیاری کردووە تا بزانن و بیکەنە بنەمای ساڵژمێری و حساب ڕاگرتن.

* وَهُوَ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ النُّجُومَ لِتَهْتَدُوا بِهَا فِي ظُلُمَاتِ الْبَرِّ وَالْبَحْرِ. الانعام/٩٧* واته: هەر ئەو زاتە، ئەستێرەی بۆ فەراهەم هێناون تا ببێتە هۆی ڕێنموویتان لەناو تاریکیەکانی سەر ڕووکاری وشکانی و دەریاکاندا.

تاکە ڕێگەیەك بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت لە تاریکایی وشکانی و دەریاکان ڕێگەی بەهۆیەوە بدۆزێتەوە ئەستێرەکانە، لە پێشیندا ئەم دیاردەیە زۆر دیارو ئاشکراتر بوو وەك لە ئێستادا، بەهۆی زۆریی سوود وەرگرتنی مرۆڤ لە ئەستێرەکان، بەڵام ئێستاو هەتاهەتاشە ڕێنمونی مرۆڤ بەهۆی ئەستێرەکان شتێکی بنەڕەتی و چەسپاوە، ڕێبواری بیابان بەهۆیەوە ڕێ دەدۆزێتەوەو سەربازان لەکاتی هێرشبردن پاشەکشەدا کەڵکی لێوەردەگرن، مرۆڤ لە هەرجێیەکدا بێت دەتوانێت لێی بەهرەمەند ببێت، تەنانەت کەشتی ناو دەریاش کاتێك سوود لە قیبلەنما "البوصلة" وهێڵەکانی پانی و درێژی وەردەگرێت – لەم کاتانەشدا هەر پشت بە ئەستێرە دەبەستێت- چونکە گەر ئەستێرەی "القطب" نەبووایە نەئەتوانرا هێڵەکانی پانی و درێژی بناسرێتەوە، گەر ئەستێرەکانی تریش نەبوونایە ئەوا ئەم ئەستێرەیە نەدەناسرایەوە، کەواتە گەر ئەستێرەکانی ئاسمان نەبوونایە مرۆڤ چەند سەری لێدەشێواو لە جوڵە سست و گۆج دەبوو و سنووری بازنەی کاری تەسکدەبووەوە.

* وَأَلْقَىٰ فِي الْأَرْضِ رَوَاسِيَ أَن تَمِيدَ بِكُمْ وَأَنْهَارًا وَسُبُلًا لَّعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ وَعَلَامَاتٍ ۚ وَبِالنَّجْمِ هُمْ يَهْتَدُونَ. النحل/١٥-١٦* واته: هەر خوا لەسەر ڕووکاری زەوی چیاکانی چەسپاندووە تا لەنگەری بگرێت و ئێوە ئەلەرزێنێت و لارتان ئەکاتەوەو ژێرەو ژوور نەبن، هەروەها چەم و ڕووبارو ڕێگەوبانی تیادا بەدیهێناوە، بۆ ئەوەی ڕێ دەرکەن

وبە مەرامی خۆتان بگەن. هەروەها نیشانەی زۆرو زەبەندی لە زەویدا دابین کردووە و بەهۆی ئەستێرەکانەوە خەڵکی ڕێی خۆیان دەربکەن.

* اللَّهُ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَأَنزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَخْرَجَ بِهِ مِنَ الثَّمَرَاتِ رِزْقًا لَّكُمْ وَسَخَّرَ لَكُمُ الْفُلْكَ لِتَجْرِيَ فِي الْبَحْرِ بِأَمْرِهِ وَسَخَّرَ لَكُمُ الْأَنْهَارَ وَسَخَّرَ لَكُمُ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ دَائِبَيْنِ وَسَخَّرَ لَكُمُ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ وَآتَاكُم مِّن كُلِّ مَا سَأَلْتُمُوهُ وَإِن تَعُدُّوا نِعْمَتَ اللَّهِ لَا تُحْصُوهَا إِنَّ الْإِنسَانَ لَظَلُومٌ كَفَّارٌ. ابراهيم/٣٢-٣٤* واتە: خوا ئەوزاتەیە کە ئاسمانەکان و زەوی بەدیهێناوە، لە ئاسمانەوە بارانی باراندووە بەهۆیەوە بەروبوومی لەناخی زەوی بۆ ئێوە دەرهێناوە، هەروەها کەشتی لە دەریادا بۆ ئێوە بارهێناوە تا بە فەرمانی ئەوزاتە بڕوات هەروەها ڕووبارەکانیشی بۆ ڕام کردوون. خۆرو مانگیشی بۆ ڕام هێناون کە بەردەوام لە چەرخ و خولدان، شەو و ڕۆژیشی بۆ خزمەتگوزاری ئێوە ڕام هێنا. لەهەرچی شتێك داواتان کردبێت و پێوستان بێت، پێی بەخشیوون، خۆ ئەگەر نازو نیعمەت و بەخشەکانی خوا ئاماژە بکەن، ناتوانن بیانژمێرن بەڕاستی زۆربەی ئینسانەکان زۆر ستەمکارو خوانەناس و سپڵەن.

* أَوَلَمْ يَرَ الَّذِينَ كَفَرُوا أَنَّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ كَانَتَا رَتْقًا فَفَتَقْنَاهُمَا وَجَعَلْنَا مِنَ الْمَاءِ كُلَّ شَيْءٍ حَيٍّ أَفَلَا يُؤْمِنُونَ وَجَعَلْنَا فِي الْأَرْضِ رَوَاسِيَ أَن تَمِيدَ بِهِمْ وَجَعَلْنَا فِيهَا فِجَاجًا سُبُلًا لَّعَلَّهُمْ يَهْتَدُونَ وَجَعَلْنَا السَّمَاءَ سَقْفًا مَّحْفُوظًا وَهُمْ عَنْ آيَاتِهَا مُعْرِضُونَ وَهُوَ الَّذِي خَلَقَ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ كُلٌّ فِي فَلَكٍ يَسْبَحُونَ. الانبياء/ ٣٠-٣٣* واتە: ئایا ئەوانەی بێباوەڕبوون نەیانبینیووە و بۆیان ڕوون نەبۆتەوە بەڕاستی ئاسمانەکان و زەوی یەك پارچە بوون لەوەو دوا لێکمان جیا کردنەوە لە ئاویش هەموو شتێکی زیندوومان فەراهەم هێناوە ئایا ئەوانە هەر باوەڕ ناهێنن ؟! لە زەویشدا کەژو کێوەکانمان چەسپاندووە، تا لاسەنگ نەبێت و لار نەبێتەوە و هەڵیان نەگێڕێتەوە، لە لاپاڵی چیاکان و لە دۆڵەکاندا ڕێگاو بانی فراوانمان سازاندووە، بۆ ئەوەی خەڵکی ژیان بۆ خۆیان دابین بکەن و هەروەها ڕێیان لە گەنجینە و ناز و نیعمەتە شاراوەکان بکەوێت. ئێمە ئاسمانمان کردووە بە سەقفێکی پارێزراو، کەچی ئەوانە ڕو وەردەگێڕن لە هەموو نیشانە وبەڵگەکانی ئاسمان.وئەو شەووڕۆژوخۆرومانگی خولقاندوە،هەموو لەفەلەکێکدا مەلەدەکەن.

* خَلَقَ الْإِنسَانَ مِن نُّطْفَةٍ فَإِذَا هُوَ خَصِيمٌ مُّبِينٌ وَالْأَنْعَامَ خَلَقَهَا لَكُمْ فِيهَا دِفْءٌ وَمَنَافِعُ وَمِنْهَا تَأْكُلُونَ وَلَكُمْ فِيهَا جَمَالٌ حِينَ تُرِيحُونَ وَحِينَ تَسْرَحُونَ . وَتَحْمِلُ أَثْقَالَكُمْ إِلَىٰ بَلَدٍ لَّمْ تَكُونُوا بَالِغِيهِ إِلَّا بِشِقِّ الْأَنفُسِ ۚ إِنَّ رَبَّكُمْ لَرَءُوفٌ رَّحِيمٌ وَالْخَيْلَ وَالْبِغَالَ وَالْحَمِيرَ لِتَرْكَبُوهَا وَزِينَةً ۚ وَيَخْلُقُ مَا لَا تَعْلَمُونَ وَعَلَى اللَّهِ قَصْدُ السَّبِيلِ وَمِنْهَا جَائِرٌ ۚ وَلَوْ شَاءَ لَهَدَاكُمْ أَجْمَعِينَ هُوَ الَّذِي أَنزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً لَّكُم مِّنْهُ شَرَابٌ وَمِنْهُ شَجَرٌ فِيهِ تُسِيمُونَ يُنبِتُ لَكُم بِهِ الزَّرْعَ وَالزَّيْتُونَ وَالنَّخِيلَ وَالْأَعْنَابَ وَمِن كُلِّ الثَّمَرَاتِ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَةً لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ وَسَخَّرَ لَكُمُ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ وَالنُّجُومُ مُسَخَّرَاتٌ بِأَمْرِهِ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ وَمَا ذَرَأَ لَكُمْ فِي الْأَرْضِ مُخْتَلِفًا أَلْوَانُهُ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَةً لِّقَوْمٍ يَذَّكَّرُونَ وَهُوَ الَّذِي سَخَّرَ الْبَحْرَ لِتَأْكُلُوا مِنْهُ لَحْمًا طَرِيًّا وَتَسْتَخْرِجُوا مِنْهُ حِلْيَةً تَلْبَسُونَهَا وَتَرَى الْفُلْكَ مَوَاخِرَ فِيهِ وَلِتَبْتَغُوا مِن فَضْلِهِ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ . وَأَلْقَىٰ فِي الْأَرْضِ رَوَاسِيَ أَن تَمِيدَ بِكُمْ وَأَنْهَارًا وَسُبُلًا لَّعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ وَعَلَامَاتٍ ۚ وَبِالنَّجْمِ هُمْ يَهْتَدُونَ أَفَمَن يَخْلُقُ كَمَن لَّا يَخْلُقُ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ وَإِن تَعُدُّوا نِعْمَةَ اللَّهِ لَا تُحْصُوهَا إِنَّ اللَّهَ لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ النحل/٤-١٨* واته: ئادەمیزادیشی لە تاکە نوتفەیەك بەدیهێناوە، کەچی ئەو، دوای ماوەیەك کە خۆی ناسیووە بووەتە دوژمنێکی ئاشکرا.ماڵاتیشی دروستکردووە بۆ خزمەتی ئێوە،کە گەرمیتان پێ دەبەخشێت هەروەها جۆرەها سوودی تری لێ وەردەگرن لە شیرو گۆشتەکەشی دەخۆن....کاتێك ماڵاتەکان دەهێننەوە لە ئێواراندا ، لە بەرەبەیانەکانیشدا کە لە ماڵ دەریان دەکەن، دیمەنێکی جوانتان بۆ دەنوێنن. هەندێك لەو ماڵاتانە بارو کەل و پەلی سەنگینتان هەڵدەگرن بۆ وڵات و شوێنێك کە ئێوە دوای زەحمەت و ماندوو بوونێکی زۆر نەبێت پێی نەدەگەیشتن، بەڕاستی پەروەردگارتان زاتێکی زۆر بە سۆزو میهرەبانە. هەروەها چەندەها جۆری ئەسپ و ماین و هێسترو گوێدرێژی بۆ بەدیهێناون تا بۆ سواری و گواستنەوە بەکاری بهێنن، سەرەڕای دیمەنی قەشەنگیان و شتی تریش دروست دەکات کە ئێستە ئێوە نایزانن. ڕوونکردنەوەی ڕێبازی ڕاست و بەرنامەی دروست لەسەر خوایە،هەندێك ڕێبازی لارو چەوت و ناڕێکیش هەیە، خۆ ئەگەر بیویستایە هیدایەتی هەر هەمووتانی دەدا بەگشتی. ئەو زاتەیە کە لە ئاسمانەوە بارانتان بۆ دەبارێنێت کە لێی دەخۆنەوە، هەروەها تێکەڵ بە جۆرەها شەربەت و شلەمەنیش دەیخۆنەوە و دەبێتە هۆی ڕوان و گەشەکردنی درەخت و گژوگیاو ماڵاتی تیادا دەلەوەڕێنن..هەر بەو بارانە خوای گەورە جۆرەها کشتوکاڵ دەهێنێتە بەرهەم بۆتان،

هاوڕێ لەگەڵ زەیتون و خورماو جۆرەها ترێ، لە هەموو جۆرە بەروبوومێکیش، بەڕاستی ئا لەوەدا بەڵگەو نیشانەی تەواو هەیە بۆ کەسانێك کە بیربکەنەوە. .هەروەها شەوو ڕۆژو خۆرو مانگی بۆ ئێوە ڕام هێناوە، ئەستێرەکانیش بە فەرمانی ئەو زاتە ڕام هێنراون، بە ڕاستی ئا لەو دیاردەو دروست کراوانەدا بەڵگەو نیشانەی زۆر هەن بۆ کەسانێك کە عەقڵ و ژیریان بخەنەکار..هەروەها شتی زۆرو جۆراو جۆرو هەمەڕەنگی لە زەویدا بۆ بەدیهێناون، کە بەڕاستی ئا لەوەشدا بەڵگە هەیە بۆ کەسانێك کە یاداوەری وەردەگرن..هەر ئەو زاتەیە کە دەریای بۆ بارهێناون تا گۆشتی تەڕو تازەی لێ بخۆن، تا لە ئاویدا جۆرەها گەوهەرو مرواری دەربهێنن و لە دەست و ملی بکەن، هەروەها کەشتیەکان دەبینیت دەریا لەت دەکەن، تا فەزڵ و بەخششی تری پەروەردگار بەدەست بهێنن، بۆ ئەوەی سوپاسگوزاریش بکەن..هەر خوا لەسەر ڕووکاری زەوی چیاکانی چەسپاندووە تا لەنگەری بگرێت و ژێرەو ژوور نەبن، هەروەها چەم و ڕووبارو ڕێگەوبانی تیادا بەدیهێناوە، بۆ ئەوەی ڕێ دەرکەن و بە مەرامی خۆتان بگەن. .هەروەها نیشانەی زۆرو زەبەندی لە زەویدا دابین کردووە و بەهۆی ئەستێرەکانەوە خەڵکی ڕێی خۆیان دەربکەن.. ئایا ئەو زاتەی ئەم هەموو دروستکراوە سەر سوڕهێنەرانەی بەدیهێناوە، وەکو ئەو کەسە وایە کە ناتوانێت هیچ بەدی بهێنێت، ئایا ئەوە بۆ لێکی نادەنەوەو یادەوەری وەرناگرن؟.خۆ ئەگەر بێن و بتانەوێت نازو نیعمەتەکانی خوا بژمێرن، بۆتان ناژمێردرێت، بەڕاستی خوای پەروەردگار هەر لێخۆش بوو میهرەبانە.

* أَوَلَمْ يَرَوْا إِلَىٰ مَا خَلَقَ اللَّهُ مِن شَيْءٍ يَتَفَيَّأُ ظِلَالُهُ عَنِ الْيَمِينِ وَالشَّمَائِلِ سُجَّدًا لِّلَّهِ وَهُمْ دَاخِرُونَ . النحل/٤٨* واتە: ئایا ئەوە نەیانڕوانیوەتە ئەو شتە بێ شومارانەی کە خوا دروستی کردووە؟ کە سێبەرەکەی بەلای ڕاست و بەلای چەپیانەوە دەسوڕێتەوە، لە کاتێکدا هەموویان ملکەچ و فەرمانبەردان بۆ پەروەردگار، لە حاڵێکیشدا خاوەن سێبەرەکان ملکەچ و زەلیلی ویستی خواین.

* وَاللَّهُ أَنزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَحْيَا بِهِ الْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا ۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَةً لِّقَوْمٍ يَسْمَعُونَ وَإِنَّ لَكُمْ فِي الْأَنْعَامِ لَعِبْرَةً نُّسْقِيكُم مِّمَّا فِي بُطُونِهِ مِن بَيْنِ فَرْثٍ وَدَمٍ لَّبَنًا خَالِصًا سَائِغًا لِّلشَّارِبِينَ وَمِن ثَمَرَاتِ النَّخِيلِ وَالْأَعْنَابِ تَتَّخِذُونَ مِنْهُ سَكَرًا وَرِزْقًا حَسَنًا إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَةً لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ وَأَوْحَىٰ رَبُّكَ إِلَى النَّحْلِ أَنِ اتَّخِذِي مِنَ الْجِبَالِ بُيُوتًا وَمِنَ الشَّجَرِ وَمِمَّا يَعْرِشُونَ ثُمَّ كُلِي مِن كُلِّ الثَّمَرَاتِ فَاسْلُكِي سُبُلَ رَبِّكِ ذُلُلًا ۚ

يَخْرُجُ مِن بُطُونِهَا شَرَابٌ مُّخْتَلِفٌ أَلْوَانُهُ فِيهِ شِفَاءٌ لِّلنَّاسِ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَةً لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ . النحل/٦٥-٦٩* واتە: هەر خوا بارانی لە ئاسمانەوە باراندووەو زەوی پێ زیندوو کردۆتەوە دوای ئەوەی کە مردبوو، بەڕاستی ئا لەو دیاردەیەدا نیشانە و بەڵگەی تەواو هەیە بۆ کەسانێك کە گوێ بۆ ڕاستی دەگرن. بەڕاستی لە بوونی ماڵات پەندو ئامۆژگاری هەیە بۆتان و جێگەی سەرنج و تێڕامانە، لە نێوان ئەو شتانەی کە لە سکیاندا هەیە، لە گژو گیای هەرس کراوو خوێندا، شیرێکی پاك و بێگەردو خۆش و بەتام و گەوارا بەرهەم دەهێنین بۆ ئەوانەی دەیخۆنەوە. لە بەروبوومەکانی دار خورما و ڕەزی ترێکانیش شتی سەرخۆشکەر دروست دەکەن، بەرهەمی چاك و بەسوودیش، بەڕاستی ئالەوەشدا بەڵگەو نیشانەی ئاشکرا هەیە بۆ کەسانێك عەقڵ و ژیری خۆیان دەخەنەکار، پەروەردگاری تۆ نیگاو ئیلهامی کردووە بۆ هەنگ کە جێگە بۆ خۆی ساز بکات لە کون و کەلێنی چیاکاندا، هەروەها لە کەلەبەری درەختەکان و لەو شوێنانەش کە ئادەمیزاد بۆی ئامادە دەکات. لەوەودوا لە هەموو بەرو بووم و بخوات و پێمان ڕاگەیاندووە: ئەو نەخشانەی کە پەروەردگارت بۆی کێشاویت بە ملکەچیەوە ئەنجامی بدە، جا لەناو سکی ئەو هەنگانەوە شلەیەکی ڕەنگ جیاواز دێتە دەرەوە کە شیفای تیادایە بۆ خەڵکی بەڕاستی ئالەمەشدا بەڵگەو نیشانەی بەهێز هەیە بۆ کەسانێك بیر بکەنەوە.

* وَاللَّهُ جَعَلَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَاجًا وَجَعَلَ لَكُم مِّنْ أَزْوَاجِكُم بَنِينَ وَحَفَدَةً وَرَزَقَكُم مِّنَ الطَّيِّبَاتِ ۚ أَفَبِالْبَاطِلِ يُؤْمِنُونَ وَبِنِعْمَتِ اللَّهِ هُمْ يَكْفُرُونَ .النحل/٧٢* واتە: خوا هەر لە خۆتان هاوسەرانی بۆ فەراهەم هێناون، هەر لە ڕێگەی هاوسەرانتانەوە کورو کورەزای پێبەخشیوون و لە هەموو ڕزق و ڕۆزیەکی چاك و پاك و بەسوود بەهرەوەری کردوون، ئایا ئەوانە هەر بڕوا بەشتی پووچ و ناحەق دەکەن و لە بەرامبەر نازو نیعمەتەکانی خواوە ئەوانە هەر ناشوکرو سوپاس ناپەزێری و بێ باوەڕ دەبن؟

* وَاللَّهُ أَخْرَجَكُم مِّن بُطُونِ أُمَّهَاتِكُمْ لَا تَعْلَمُونَ شَيْئًا وَجَعَلَ لَكُمُ السَّمْعَ وَالْأَبْصَارَ وَالْأَفْئِدَةَ ۙ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ أَلَمْ يَرَوْا إِلَى الطَّيْرِ مُسَخَّرَاتٍ فِي جَوِّ السَّمَاءِ مَا يُمْسِكُهُنَّ

إِلَّا اللَّـهُ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يؤمنون. النحل/٧٨-٧٩* واته: خوا ئێوەی لە سكی دایكتان دەرهێناوە بێ ئەوەی هیچ شتێك بزانن، ئینجا دەزگای بیستن و بینین و تێگەیشتنی بۆ دابین كردوون، بۆ ئەوەی سوپاسگوزاری بكەن. ئایا باڵندەكانیان نەبینیوەو سەرنجیان نەداون چۆن لە هەوای ئاسماندا بارهێنراون بۆ فڕین؟، كێ دەتوانێت ڕایانبگرێت بەئاسمانەوە جگە لە خوای گەورە، بەڕاستی ئا لەوەدا بەڵگەو نیشانەی زۆر هەن بۆ كەسانێك باوەڕ دەهێنن.

* وَاللَّـهُ جَعَلَ لَكُم مِّن بُيُوتِكُمْ سَكَنًا وَجَعَلَ لَكُم مِّن جُلُودِ الْأَنْعَامِ بُيُوتًا تَسْتَخِفُّونَهَا يَوْمَ ظَعْنِكُمْ وَيَوْمَ إِقَامَتِكُمْ ۙ وَمِنْ أَصْوَافِهَا وَأَوْبَارِهَا وَأَشْعَارِهَا أَثَاثًا وَمَتَاعًا إِلَىٰ حِينٍ. النحل/٨٠* واته: هەر خوایە ماڵەكانتانی بۆ كردوون بەهۆی ئارامگرتن و حەوانەوەو لە پێست و مووی ماڵاتیش دەتوانن شوێن و جێگە بۆ خۆتان بسازێنن، پاشان بەئاسانی بیگوێزنەوە لەكاتی كۆچتاندا، بەئاسانی هەڵی بدەن لەكاتی نیشتەجێ بوونتاندا و لە خوری و كوڵك و مووەكەی، دەتوانن كەل و پەل و شتومەك بۆ خۆتان دروست بكەن و تاماوەیەك سوودیان لێ وەربگرن.

* وَاللَّـهُ جَعَلَ لَكُم مِّمَّا خَلَقَ ظِلَالًا وَجَعَلَ لَكُم مِّنَ الْجِبَالِ أَكْنَانًا وَجَعَلَ لَكُمْ سَرَابِيلَ تَقِيكُمُ الْحَرَّ وَسَرَابِيلَ تَقِيكُم بَأْسَكُمْ ۚ كَذَٰلِكَ يُتِمُّ نِعْمَتَهُ عَلَيْكُمْ لَعَلَّكُمْ تُسْلِمُونَ فَإِن تَوَلَّوْا فَإِنَّمَا عَلَيْكَ الْبَلَاغُ الْمُبِينُ يَعْرِفُونَ نِعْمَتَ اللَّـهِ ثُمَّ يُنكِرُونَهَا وَأَكْثَرُهُمُ الْكَافِرُونَ .النحل/٨١-٨٣* واته: خوا لەو شتانەی كە دروستی كردووە سێبەری بۆ ئێوە ڕەخساندووە، لە كێوەكانیشدا كون و كەلێن و ئەشكەوتی سازاندووەو پۆشاكی بۆتان بەدیهێناوە تا لە گەرما بتانپارێزێت، هەروەها جۆرەها پۆشاكی تر بۆ بەدیهێناون بۆ پاراستنی گیانتان لەكاتی جەنگ و شەڕو شۆڕدا ، ئا بەو شێوەیە پەروەردگارتان نازو نیعمەتی خۆیتان بەتەواوی بەسەردا دەڕژێنێت بۆ ئەوەی ملكەچ و فەرمانبەردار بن. ئەگەر ئەوانە هەر پشتیان هەڵبكەن و ڕوو وەربگێڕن چونكە بەڕاستی ئەركی سەرشانی تۆ ئەوەیە كە بە جوانی و تێرو تەواوی بانگەوازەكە بگەیەنیت. نازو نیعمەتەكانی خوا دەناسن و بەهرەی لێ دەبەن، پاشان ئینكاری دەكەن و قەدری نازانن زۆربەیان بێ دین و بێ باوەڕن.

* أَلَمْ نَجْعَلِ الْأَرْضَ مِهَادًا وَالْجِبَالَ أَوْتَادًا وَخَلَقْنَاكُمْ أَزْوَاجًا وَجَعَلْنَا نَوْمَكُمْ سُبَاتًا وَجَعَلْنَا اللَّيْلَ لِبَاسًا وَجَعَلْنَا النَّهَارَ مَعَاشًا وَبَنَيْنَا فَوْقَكُمْ سَبْعًا شِدَادًا وَجَعَلْنَا سِرَاجًا وَهَّاجًا وَأَنزَلْنَا مِنَ الْمُعْصِرَاتِ مَاءً ثَجَّاجًا لِنُخْرِجَ بِهِ حَبًّا وَنَبَاتًا وَجَنَّاتٍ أَلْفَافًا النبأ/٦-١٦* واته: ئایا زەویمان وەك لانكە بۆ فەراهەم نەهێناون؟ كێوەكانمان وەک مێخ بۆ دانەكوتاون؟ نێوەمان بە جووت دروست نەكردووە؟ خەوتنمان بۆ نەكردوون بەهۆی سرەوتن؟ شەوگارمان بۆ نەكردوون بەداپۆشەر وەك پۆشاك، تا تیایدا بشاردرێنەوە؟ ڕۆژیشمان بۆ نەكردوونەتە كاتی بە دەستهێنانی ڕزق و ڕۆزی؟ حەوت چین ئاسمانی بە هێز و پتەومان بە ڕا سەرتانەوە دروست نەكردووە؟ چرایەكی پرشنگدارمان بۆ فەراهەم نەهێناون؟ لە هەورە گوشراوەكان بارانێكی زۆرمان نەباراندووە؟ تا بە هۆی ئەو بارانەوە جۆرەها دانەوێڵە و ڕووەك بڕوێنین. هەروەها چەندەها باخی چڕو پڕو لەیەك ئاڵاو بەدی نەهێناوە.

* فَلْيَنظُرِ الْإِنسَانُ إِلَىٰ طَعَامِهِ أَنَّا صَبَبْنَا الْمَاءَ صَبًّا ثُمَّ شَقَقْنَا الْأَرْضَ شَقًّا فَأَنبَتْنَا فِيهَا حَبًّا وَعِنَبًا وَقَضْبًا وَزَيْتُونًا وَنَخْلًا وَحَدَائِقَ غُلْبًا وَفَاكِهَةً وَأَبًّا مَّتَاعًا لَّكُمْ وَلِأَنْعَامِكُمْ . عبس/٢٤-٣١* واته: دەبا ئادەمیزاد سەیری خواردنەكەی بكات و سەرنجی بدات و بیری لێ بكاتەوە. بێگومان ئێمە ئاومان بۆ داباراندوەتە خوارەوە، چۆن داباریندنێك. لەوەودوا زەویمان بۆ لەت لەتكردووە بە چەكەرەی ناسكی ڕووەك. ئینجا دانەوێڵەمان تێادا ڕوواند. هەروەها ترێ و سەوزە. هەروەها زەیتوون و دارخورمایش. باخچەی دەورەدراو بە دارخورما یان درەختی تر، یاخود باخی چڕو پڕ. جۆرەها میوە، هاوڕێ لەگەڵ هەموو ئەو گژو گیایانەی كە خواكردە و ماڵات دەیخوات لە لەوەڕگاكاندا. تا خۆتان و ماڵاتەكانتان سوودی لێ وەربگرن.

* يَا أَيُّهَا النَّاسُ اذْكُرُوا نِعْمَتَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ ۚ هَلْ مِنْ خَالِقٍ غَيْرُ اللَّهِ يَرْزُقُكُم مِّنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ ۚ لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ۖ فَأَنَّىٰ تُؤْفَكُونَ . فاطر/٣* واته: ئەی خەڵكینە بیربكەنەوە لە چاكەی خوا بەسەرتانەوە، ئایا دروستكارو بە دیهێنەرێكی تر هەیە جگە لە خوا لە ئاسمان و زەویەوە ڕزق و ڕۆزیاتان پێ ببەخشێت؟ جگە لەو زاتە خوایەكی تر نیە، جا ئەوە چۆن لەو بیروباوەڕە دروستە لا دەدرێن؟

* وَاللَّـهُ الَّـذِي أَرْسَلَ الرِّيَـاحَ فَتُثِيـرُ سَحَابًا فَسُـقْنَاهُ إِلَىٰ بَلَـدٍ مَّيِّتٍ فَأَحْيَيْنَـا بِـهِ الْأَرْضَ بَعْـدَ مَوْتِهَـا ۚ كَـذَٰلِكَ النُّشُـورُ . فـاطر/٩* واته: خـوا ئـەو زاتـەیـە کـە بـای ڕەحمـەت دەنێرێـت و هـەڵمـی دەریاکـانی پـێ دەگوێزێتـەوە و دەیکاتـە هـەور، جـا دەینێـرین بـۆ وڵاتێکـی وشـك و مـردوو، دەفـەرموێت: ئینجـا ئـەو زەویـەمان پـێ زینـدوو کـردوە دوای ئەوەی کە مردبوو، زیندو کردنەوەی ئێوەش هەر بەو شێوەیە دەبێت.
* أَلَـمْ تَـرَ أَنَّ اللَّـهَ أَنـزَلَ مِـنَ السَّـمَاءِ مَـاءً فَأَخْرَجْنَـا بِـهِ ثَمَرَاتٍ مُّخْتَلِفًا أَلْوَانُهَا ۚ وَمِـنَ الْجِبَـالِ جُـدَدٌ بِيضٌ وَحُمْـرٌ مُّخْتَلِـفٌ أَلْوَانُهَـا وَغَرَابِيـبُ سُـودٌ وَمِـنَ النَّـاسِ وَالـدَّوَابِّ وَالْأَنْعَـامِ مُخْتَلِـفٌ أَلْوَانُـهُ كَـذَٰلِكَ إِنَّمَـا يَخْشَـى اللَّـهَ مِـنْ عِبَـادِهِ الْعُلَمَـاءُ إِنَّ اللَّـهَ عَزِيـزٌ غَفُـورٌ . فـاطر/٢٧-٢٨* واته: ئایـا سـەرنجت نـەداوە کـە بـەڕاسـتی خـوا لـە ئاسمانەوە بـارانی بارانـدووە، جـا ئێمـە بـەو بارانـە جۆرەهـا بـەروبوومی جیاوازمـان دەرهێنـا کـە جیـاوازە... هـەروەها هەنـدێ لەکـەژو کێوەکانمـان بـەزنجیرە کێشـاوە، هـەیانـە چـین و هێـڵ و نەخشـی سـپی و سـووره و ئـەوانیش ڕەنگیـان جیـاوازە، هەشـیانە ڕەشـێکی تاریـك و تۆخـە... هـەروەها بـەو شـێوەیـە لـە خـەڵکیش، لـە گیانـداران و مـاڵاتیش، جۆرەهـا ڕەنـگ و شـێوە و قـەبارەی جیـاواز هـەیـە. بـەڕاسـتی هـەرزاناکـان پـەی بـەو نهێنییانـە دەبـەن و لـەناو بەنـدەکانی خـوادا زیـاتر ئـەوان لـەخوا دەترسـن، بـەڕاسـتی ئـەو خوایە زۆر باڵادەستە و، زۆریش لێخۆشبووە.
*وَهُـوَ الَّـذِي أَنشَـأَ جَنَّـاتٍ مَّعْرُوشَـاتٍ وَغَيْـرَ مَعْرُوشَـاتٍ وَالنَّخْـلَ وَالـزَّرْعَ مُخْتَلِفًـا أُكُلُـهُ وَالزَّيْتُـونَ وَالرُّمَّـانَ مُتَشَـابِهًا وَغَيْـرَ مُتَشَـابِهٍ كُلُـوا مِـنْ ثَمَـرِهِ إِذَا أَثْمَـرَ وَآتُـوا حَقَّـهُ يَـوْمَ حَصَـادِهِ وَلَا تُسْـرِفُوا إِنَّـهُ لَا يُحِـبُّ الْمُسْـرِفِينَ وَمِـنَ الْأَنْعَـامِ حَمُولَـةً وَفَرْشًـا كُلُـوا مِمَّـا رَزَقَكُـمُ اللَّـهُ وَلَا تَتَّبِعُـوا خُطُـوَاتِ الشَّـيْطَانِ إِنَّـهُ لَكُـمْ عَـدُوٌّ مُبِـينٌ ثَمَانِيَـةَ أَزْوَاجٍ مِـنَ الضَّـأْنِ اثْنَـيْنِ وَمِـنَ الْمَعْـزِ اثْنَـيْنِ قُـلْ آلـذَّكَرَيْنِ حَـرَّمَ أَمِ الْأُنْثَيَـيْنِ أَمَّـا اشْـتَمَلَتْ عَلَيْـهِ أَرْحَامُ الْأُنْثَيَيْنِ نَبِّئُـونِي بِعِلْـمٍ إِنْ كُنْتُمْ صَـادِقِينَ. الانعـام /١٤١-١٤٣* واته: خـوا هـەر ئـەو زاتـەیـە کـە باخـاتی بـەرزی لـق و پۆپـداری بـەرپا کـردوە و باخـاتی نزمـی پـەرش و بڵاویشـی بـەدی هێنـاوە و خورمـاو کشـتوکاڵی جۆراوجـۆریش کـە شـێوەو قـەبارەو ڕەنـگ و تـام و بۆنیـان لـە خواردنـدا جیایـە، لـە زەیتـوون و هـەناری لـەیـەك چـوو، هـەروەها لـەیـەك نـەچوو، بخـۆن لـە بـەرو بوومەکـەی کاتێـك دەیگرێـت و ڕۆژی چنـین و دروێنـە

مـافی لێبـدەن و زیـادەڕەوی مەکـەن، چونکـە خـوا لـە سـنوور دەرچـوان و زیـادەڕەوانـی خـۆش ناوێـت. هەنـدێك لـە مـاڵاتی بـۆ ئێـوە ڕام هێنـاوە کـە بـۆ بـار بـردن بـەکاریان دەهێـنن فـەرش و ڕایـەخ دروسـت دەکـەن و بـۆ سـواریش هەنـدێکی تریـان بـەکار دەهێـنن، دە بخـۆن لـەو ڕزق و ڕۆزییـەی کـە خـوا پێـی بەخشـیوون، نەکـەن شـوێن هـەنگاوی شـەیتـان بکـەون، چونکـە بـەڕاسـتی ئـەو دوژمنێکـی ئاشـکرای ئێـوەیـە. هەشـت جـووت مـاڵات لەمـەڕ جوتێـك و لـەبزنیش جوتێـك بـەو نەفامانـە بـڵێ کـە هـەر ئایـا خـواردنی گۆشـتی نێرەکـانی حـەرام کـردووە یـان مێیـەکان یـان ئـەوەی کـە لـە سـکی مێیەکانـدا هـەیـە؟! ئەگـەر ئێـوە ڕاسـت دەکـەن و بـەڵگـەیـەکی زانستیتان هـەیـە، بۆمـان ڕوون بکەنەوە؟!

* إِنَّ اللهَ فَـالِقُ الحـب والنـوى يُخْـرِجُ الحي مِـنَ الميـت وَمُخْـرِجُ الميت مِـنَ الحي ذلكـم الله فـأنى تُؤْفَكُـونَ فَـالِقُ الإصبـاح وَجَعَـلَ الليـل سَكَناً والشـمس والقمـر حُسْبَاناً ذلـك تَقْـدِيرُ العزيـز العلـيم . الانعـام/٩٥-٩٦* واتە: بـەڕاسـتی خـوا لەتکـەری دەنـك و دانەوێڵـەیـە بـۆ ئـەوەی پیشـکوێنێت و بڕوێـت، زینـدووش لـە مـردوو دەردەهێنێـت، دەرهێنـەری مردووشـە لـە زینـدوو، ئا ئـەوەیـە خـوای پـەروەردگارتان، جـا ئیتـر بـۆ کـوێ لادەدرێـن و بـۆ کـوێ وێـڵ دەکـرێن. بـەیانیـان فەراهـەم دەهێنێـت و ئاسـۆ ڕونـاك دەکاتـەوە و شـەوی کـردووە بـەهۆی ئـارامی و خامۆشـی، ڕۆژو مانگیشـی کـردووە بـەهۆی ڕاگرتنـی حسـاب، ئـەو شـتانە هـەمووی بەنەخشـەی خـوای باڵادەسـت و زانـا کێشراوە.

* وَهُـوَ الَّـذِي أَنشَـأَكُم مِّـن نَّفْـسٍ وَاحِـدَةٍ فَمُسْـتَقَرٌّ وَمُسْـتَوْدَعٌ قَـدْ فَصَّـلْنَا الآيَـاتِ لِقَـوْمٍ يَفْقَهُـونَ. الانعـام/٩٨* واتە: هـەر ئـەو زاتـە ئێـوەی بـەدیهێناوە لـە تاکـە کەسـێك، سـەردەمێك نیشـتەجێ کردبـوو ئـەو شـوێنە ئێـوەی گرتـە خـۆ بـەڕاسـتی ئێمـە نیشـانە و بەڵگەی زۆرمان بۆ کەسانێك کە تێفکرن و وردبین بن.

کۆتایی ئەم ئایەتانەش بە کۆتاییەکانی سورەتی الانعام دێنین:

* وَهُـوَ الَّـذِي جَعَلَكُـمْ خَلاَئِـفَ الأَرْضِ وَرَفَـعَ بَعْضَـكُمْ فَـوْقَ بَعْـضٍ دَرَجَـاتٍ لِّيَبْلُـوَكُمْ فِي مَـا آتَـاكُمْ إِنَّ رَبَّـكَ سَرِيعُ الْعِقَـابِ وَإِنَّـهُ لَغَفُـورٌ رَّحِـيمٌ. الانعـام/١٦٥* واتە: خـوا هـەر ئـەو زاتـەیـە، کـە ئێـوەی کـردووە بەجێنشـینی لـەم زەویـەدا، چەنـدەها پلەوپایـەی

هەنـدێکتانی بەسـەر هەنـدێکی ترتانـدا بـەرز کردۆتـەوە بـۆ ئـەوەی تاقیتـان بکاتـەوە بـەوەی کـە پێـی بەخشـیوون، دڵنیـاش بـە کـە پـەروەردگاری تـۆ لـە تۆڵەسـەندنەوەدا خێرایە بێگومان ئەو زاتە لێخۆش بووە و میهرەبانیشە.

ئەم ئایەتە کۆکراوەی بەخشەکانی پەروەردگار دەخاتە ڕوو:

١- بـوونی مـرۆڤ بە جێنشـین لەسـەر زەویـدا، ئامـاژەیە بـۆ هەردوو جۆرەکـانی بەخشـین: بەخشـینی پەروەردگـار لە پێـدانی تایبەتمەنـدی ئاشکراو پەنهـان بـۆ مـرۆڤ کە بەهـۆیەوە توانیـویەتی بـوون ڕامبێنێـت، و ئەو بەخشـینەی پەروەردگـار بـۆ مـرۆڤ کە زەوی و چی لاناویدایە بۆ وی بەدیهێناوە.

٢- لەوەدا مرۆڤەکـان هیچیـان وەك یەك نـابن؛ بەڵکـو هەنـدێکیان بەسـەر هەندێکیانـدا پـلەدار کـردووە، لەمەدا گەورەتـرین نـیعمەت هەیە،جـا ڕەنـگە هەنـدێك گومـان بکـات لەمەدا چ نیعمەتێکـی تیایە؟ ئەمەش دەگەڕێـتەوە بـۆ کورتهێنـانی تێگەشـتن؛ چـونکە ژیـانی دنیـا بەهـۆی ئەمەوە نەبێـت ڕاناوەسـتێت، جـا گەر هەمـوو مرۆڤەکـان لە جـوانی و زیرەکـی و هـێزو ژیـری و زانسـت و تواناکانـدا وەك یەکبوونـایەو هەموویـان لەپـلە بەرزەکـانی ئەم سـیفاتانەدا بوونـایە، بۆنمـوونە ئەوکـاتە هـیچ کەنناسـێك نەدەبـوو زەوی خـاوێن بکـاتەوەو هـیچ کرێکارێـك نەدەبـوو بە کارێـك هەسـتێت، بەڵام بە هـۆی نـاوێکچوونەوە وای کـردووە هەموویـان لە سـنووری تواناکـانی خۆیانـدا ڕامـبن، بـۆ ئەوەی ببێـتە بەشـێك لەوکـارەی ژیـانی دنیـاو بەرژەوەنـدی بەدیهاتووەکـانی پـێ دێـتەدی، بەم نـاوێکچوونیە کەسـانێك شـیاوی پێشـڕەوایەتی بـوون و هەنـدێکیش بـۆ پـرس و ڕاوێـژ، هەنـدێکی تـریش بـۆ سـوپاو.. ئێـدی بەمجۆرە.

پاشـان ئـایەتەکە حیکمەتـی جیـاوازی نێـوان مرۆڤـانی جێنشـینی پەروەردگـاری دەرخسـتووە کە بـریتیە لە تـاقیکردنەوە لەوەی مـرۆڤ پـێی بەخشـراوە لە پـلەو بەهـرەو توانـا؛ جـا کەسـێك ئەمـانە بە ڕووە ڕاسـتەکانی بەکاربێنێـت ئەوا سـەرفرازو سـەرکەوتوو دەبێـت و گەر نـا ئەوە دەکەوێـت. ڕەنـگە لەمەشـدا کەسـانێك کە پلەیەکـی بەرزیـان هەیە بـکەون و کەسـانێکیش شـوێن و پـایەیەکی نزمیـان هەبێـت

سەرکەون، لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت گەورەترین بەخشین خودا بە مرۆڤی خەڵاتکردووە بریتیە لە ناردنی پێغەمبەران بۆیان.

* وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ. الانبیاء/١٠٧*واتە: ئێمە تۆمان ڕەوانە نەکردووە تەنها بۆ ئەوە نەبێت کە ببیتە ڕەحمەت و بەرەکەت بۆ هەموو جیهانەکان.

* لَقَدْ مَنَّ اللَّهُ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ إِذْ بَعَثَ فِيهِمْ رَسُولًا مِّنْ أَنفُسِهِمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِن كَانُوا مِن قَبْلُ لَفِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ. آل عمران/١٦٤* واتە: سوێند بێت بێگومان خوا منەتی ناوەتە سەر ئیمانداران کاتێك پێغەمبەرێکی بۆ ڕەوانە کردوون لە خۆیان ئایەتەکانی ئەویان بەسەردا دەخوێنێتەوە، دڵ و دەروونیان پاك و پوخت دەکاتەوە، هەروەها فێری قورئان و دانابیان دەکات، بەڕاستی پێشتر لە گومڕاییەکی ئاشکرادا ڕۆچوو بوون.

چونکە پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) ڕێمنونی هەموو مرۆڤیان بۆ ڕێگەی ڕاست بووە کە دەبێت هەموو بەهرەو تواناکانی تیا وەگەڕخات، بەجۆرێك هیچی نەمێنێتەوە بێ کارو جوڵە، بەشێوەیەکیش لەگەڵ هیچ کەساندا بەرەنگارنەبێت کە بەهرەکانیان بە شێوەی ڕاست بەکاردەهێنن، بەمجۆرە نیعمەتەکانی خوا دێنەدی و مرۆڤ دەتوانێت سوود لەهەموو ئەو شتانە وەرگرێت کە پەروەردگار بۆی ژێربار خستووە. گەر ئەمە نەبووایە هەموو هەوڵەکانی مرۆڤ بۆ سوود وەرگرتن لە بەدیهێنراوە ڕامەکانی خوا بەیەکدا دەچوون و دژی یەك دەوەستان، ئەو کاتەش ئەم پلەیەی مرۆڤ کە هەموو شتێکی بۆ ڕامکراوە دەبووە هۆی سەرگەردانی و دروستبوونی کێشمەکێش، وەك لەمرۆدا بەرچاومان دەکەوێت.

**لەمانەی ڕابورد دەگەینە ئەوەی:**

ئەم مرۆڤە بچوکە، تەواوترین بەدیهاتووی پەروەردگارە لە گەردووندا، بە لێکۆڵینەوەی تەواوی ئەم گەردوونە دەگەینە ئەوەی کە ئاسمانەکان و زەمین و ئاژەڵان و ڕووەك ، هەموویان ڕام و گەردنکەچی مرۆڤن و تەنانەت هیچ گەردێکی ئەمانەش لەم یاسایە لا نادەن.

ڕووەکەکان لە کۆن و نوێدا مرۆڤ بە شێوەی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ سوودی لێ وەرگرتوون، بەروبوومەکەی بۆ خواردن بەکارهێناوە، قەدی درەختی کردووە بە ڕەوڕەوەی گواستنەوەو بەکارهێنانی لە خانوبەرەو هەروەها بۆ سوتاندن. گوڵەکەشی بۆ هەنگ دەبێتە خۆراك و ئەویش دەیکاتە هەنگوین بۆ مرۆڤ، یاخود گەڵاو لقەکانی دەبێتە خۆراکی ئاژەڵ و ئێمەش سوود لە گۆشتەکانیان وەردەگرین، و شیرەکەیان دەخۆینەوەو توکەکەشیان لە ڕایەخ و پۆشاك دروستکردندا کەڵکی لێدەبینرێت، هەروا دەرمان و شمەکیشیان لێدروست دەکرێت، با ئەوشمان لەیاد بێت وەك هەندێك لە زاناکان لێکی دەدەنەوە تەنانەت نەوت و پێکهاتەکانیشی هەر لەوانە دروست بوون.

جا ئەم زیندەوەرانە لەوەی پێمان زانیون و پێمان نەزانیون، ئایا هەموو لە پێناوی مرۆڤدا بۆ سوود وەرگرتنی بە ڕێگەی ڕاستەوخۆو نا ڕاستەوخۆ بەدی نەهاتوون؟ چ مرواری بێت بۆ چێژی بینین، یان خۆراك بێت بۆ تام و تێربوون.. لەگەڵ ئەمانەشدا زۆر پۆلی زیندەوەران هەن تا ئێستاش نازانین مرۆڤ چ سوودێکیان لێدەبینێت و چۆن؟ ڕەنگە لە داهاتوودا ئەمانە بزانرێت، ڕەنگە ئەم بەسەرهاتەش لەمبارەیەوە پەندمان پێ ببەخشێت:

((جۆرێك لە پەرژین و تانۆك- الصبير- هەن کە بۆ پەرژینی کێڵگەکان سوودیان لێوەردەگیرێت، بردیان بۆ ئوسترالیاو لەوێ ناشتیان، بەڵام بووە هۆی بەرپابوونی کارەساتێکی گەورە، بەجۆرێك تەشەنەی کرد وایلێهات خەریك بوو زۆربەی ئەو زەویانە داگیربکات بەکەڵکی کشتوکاڵ دەهاتن، زاناکان لەوە سەریان سوڕما، پاشان جۆرێك بەکتریای نەخۆشییان دیتەوە کە تەنیا لەسەر ئەو جۆرە پەرژینە دەژی، هەر بە هۆی هەمان جۆری پەرژینەوە میکرۆبەکەیان گواستەوە، ئیدی میکرۆبەکان بەکاری خۆیان هەستان تا ڕێژەی پەرژینەکان گەشتنەوە دۆخی گونجاوی خۆیان، جائەوەی دەبێت تێبینی بکرێت ئەوەیە: ئەم میکرۆبە درەختەکانی لەناوبرد، بە ڕادەیەك درەختەکە سوودی هەبێت و زیانی نەمێنێت))[١]

(١)العلم يدعو الى الايمان. لا ١٥٧

ڕەنگە لەبەسەرهاتی دۆزینەوەی (پەنسلین)یشدا پەندێکی تری تیا بێت، لەوەی مرۆڤ بەهەر شێوەیەك بێت لە هەموو شتێکی ئەم گەردوونە سوودمەند دەبێت، ئەمرۆ بێت یا سبەی و هەرچۆن بێت، ئەوا وەك چۆن مرۆڤ چێژ لەو پاروەوە وەردەگرێت کە دەیخوات و ئەو پۆشاکەی لەبەریدەکات، ئەوا چێژ لە دیمەنی جوانیش وەردەگرێت، جا گەر ئەمانە لە هەندێك لە بەدیهاتووەکانی پەروەردگاردا نەبێت، ئەوا خۆ بەڵگەن لەسەر حیکمەتی پەروەردگارو میهرەبانی و بەرفراوانی بایەخدان بە بەدیهاتووەکان لە بەدیهێنسان و هێشتنەوەیان، هەروەها لە ژیاندن و مراندن، ڕزق و ڕۆزی پێدان و .... تاد، ئیدی ئەمە بەسە لێرەدا.
پاشان ئایا ڕەگەزەکانی ئەم گەردوونە؛ ئاسن و مس و ئۆکسجین و ئازۆت و هایدرۆجین و زێڕ... هەموو بۆ مرۆڤ ڕام نەبوون؟ ئەی زەمین کە چۆن ڕاخراوە و بۆتە جێی حەوانەی مرۆڤ و شوێنی وەدەستخستنی گوزەران و ڕۆزیی، هەروەها هێزی کێشندەی مانگ و سەرنجراکێشانی مرۆڤ بۆ جوانی و ڕووناکیەکەی و زانینی کاتەکان بەهۆیەوە.. وسەرنجدانی خۆرو گەرمیەکەی و ڕووناکیەکەی و ئەو وزەیەی پەخشیدەکات.. ئەی ئەستێرە ڕێنماکارە جوانەکان..هەروەها ئاو و سورەکانی، پاشان دروستبوونی مرۆڤ بەمجۆرەی کە هەیە لە زانست و ویست و توانا و حیکمەت و ژیریی، بەجۆرێك کە زۆربەی شتەکانی زانیوەو دەزانێت چۆن سوودیان لێوەردەگرێت، ئایا هەموو ئەمانە بەڵگەی تەواو نین لەسەر ئەوەی ئەم گەردوونە بەدیهێنراوە تا لەبەردەستی مرۆڤدا ڕام بێت، مرۆڤیش بۆ ئەم گەردوونە ڕام بووە، ئایا لەمانەدا بەڵگەی تەواو نین لەسەر ئەوەی زاتێك هەیە هەموو ئەمانەی ڕێکخستووە بۆ مرۆڤ و مرۆڤیشی بۆ بەدیهێناوە؟ ئەوە پەروەردگارە، پەروەردگاری هەردوو جیهانیان.
* وَإِذْ تَأَذَّنَ رَبُّكُمْ لَئِن شَكَرْتُمْ لَأَزِيدَنَّكُمْ وَلَئِن كَفَرْتُمْ إِنَّ عَذَابِي لَشَدِيدٌ وَقَالَ مُوسَىٰ إِن تَكْفُرُوا أَنتُمْ وَمَن فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا فَإِنَّ اللَّهَ لَغَنِيٌّ حَمِيدٌ. ابراهيم/٧-٨*واتە: لەیادتان بێت کە: پەروەردگارتان بڕیاری داوە، سوێند بەخوا ئەگەر سوپاسگوزارو شوکرانە بژێر بن، ڕزق و ڕۆزی و نازو نیعمەتتان بەسەردا دەڕێژێنم و زیادی دەکەم، بەڵام: ئەگەر ناشوکرو سوپاس ناپەزێر بن، بەڕاستی ئەوکاتە ئیتر تۆڵە و

سزای من زۆر بە ئازار دەبێت. موسا وتی: خەڵکینە ئەگەر ئێوە و هەموو دانیشتوانی سەرزەوی بەگشتی خوانەناس و بێ باوەڕ بن، ئەوە بێگومان هەر خۆتان زەرەر دەکەن، چونکە خوا هەر خۆی بێ نیازە و شایستەی سوپاسە.

* يَعْمَلُونَ لَهُ مَا يَشَاءُ مِن مَّحَارِيبَ وَتَمَاثِيلَ وَجِفَانٍ كَالْجَوَابِ وَقُدُورٍ رَّاسِيَاتٍ ۚ اعْمَلُوا آلَ دَاوُودَ شُكْرًا ۚ وَقَلِيلٌ مِّنْ عِبَادِيَ الشَّكُورُ .سبأ/١٣* واتە: سولەیمان هەرچی بویستایە، پەریەکان بۆیان دروست دەکرد، لە جێگای خواپەرستی و پەیکەرو حەوزو مەنجەڵی گەورەی بەجۆرێك کە لە جێگەی خۆی دامەزراوەو ناجوڵێت. ئەی نەوەو شوێنکەوتوانی داوود: ئێوە بە کردارو گوفتار سوپاسگوزاربن، هەرچەندە کەمێك لە بەندەکانم سوپاسگوزارن.

***

# دیاردەی نۆیەم
# دیاردەی یەکێتی

کەسێك لەم گەردوونە بکۆڵێتەوە، بە ڕاشکاوی هەست بە دیاردەی یەکێتی دەکات تێیدا، کە بەڵگەیەکی تەواوە لەسەر ئەوەی یەك زات بە یەك زانست و یەك ویست و یەك توانا دۆزیویەتیەوە و هێناویەتە بوون، ڕووەکانی ئەم دیاردەی یەکێتیەش لەگەردووندا زۆرن، لەوانە:

١- تەواوکاری لەبەشەکانی ئەم گەردوونەدا هەیە کە بەوردی دەمانگەیەنێتە ئەوەی یەك پەروەردگار هەموو بەشەکانی ڕێکخستووە، بەمجۆرە پڕ وردەکاری و تەواوە. مامۆستا البنا –ڕەحمەتی خوای لێبێت- دەفەرمێت:

**تێبینی یەکەم:** ئەو هەوایەی هەڵیدەمژین لە چەند ڕەگەزێك پێکهاتووە، لەوانە دوو ڕەگەزی گرنگ: بەشێك بەکەڵکی هەناسەدانی مرۆڤ دێت، بەزاراوەی کیمیاگەران پێیدەگوترێت ئۆکسجین، هەروەها بەشێکی تریش کە زیانمەندە پێیدەگوترێت کاربۆن، جا لەوردەکاریەکانی پێکەوەبەستنی نێوان پارچەکانی ئەم گەردوونە سەرسوڕهێنەرە ئەوەیە؛ ئەوبەشەی زیان بە مرۆڤ دەگەیەنێت ڕووەکەکان هەڵیدەمژن و بۆیان بەسوودە، لەکاتێکدا مرۆڤ ئۆکسجین هەڵدەمژێت و کاربۆن ئەداتەوە، ئەوا ڕووەکەکان بە پێچەوانەی ئەمە دەکەن، کاربۆن هەڵدەمژن و ئۆکسجین دەدەنەوە.

هەر بەمجۆرەش کرداردی دۆزینەوەی هاوتایی نێوان دەرچوو و هاتووەکان لە گازی خەڵوزی دەریاکان ڕوودەدات، بەجۆرێك کە هەموو زیادەیەك لەمانە لەهەوادا هەڵدەمژێت گەر بگاتە سەروو ڕادەی گونجاو و دیاریکراوی خۆی.

جـا تەماشـای پەیوەسـتی هاوکـاری و تەواوکـاری نێـوان مـرۆڤ و ڕووەك و دەریـا بـکە، لە شتێکدا کە گرنگترین ڕەگەزەکانی ژیانە: ئەویش هەناسەدانە.

**تێبینـی دووەم:** تـۆ خـواردن دەخۆیـت و ئەویـش لەچەنـد ڕەگەزێکی ڕووەکی و زینـدەگی پێکهـاتووە، بـۆ نمـوونە زاناکـان دابەشـی دەکەن بـۆ مادەکـانی زولالـی و نیشاسـتەیی و چەوریـی، بـۆیە دەبینـین (خـزو- لیـك) هەنـدێك مـادەی نیشاسـتەیی هەرس دەکـات و هەنـدێك لەو مـادە شـەکریانە دەتـوێنێتەوە کە توانـای توانەوەیـان هەیە، گەدەش گیـراوەکانی مـادەی زولالـی وەك گۆشـت و... ئەوانـی دی هەرس دەکـات، زەرداوی جگەریـش چەوریەکـان هەرس دەکـات و دابەشـیان دەکـات بـۆ چەنـد بەشـێکی ورد کە توانـای مژینیـانی هەبێـت، پاشـان ڕۆڵـی پەنکریـاس دێـت وچـوار جـۆرە گیـراوە دەردەدات، کە هەر یەکەیـان هەڵدەسـتێت بە تەواوکـاری کـرداری هەرس لەیەکێـك لەهەر سێ بەشـی: نیشاسـتەیی و زولالـی و چەوریـی، چـوارەمیش شـیر دەگۆڕێـت بـۆ پەنیـر، جـا سەرنجـی ئەم پەیوەنـدیە سەرسوڕهێنەرە بـدە لە نێـوان بەشـەکانی لەشـی مرۆڤ و ڕەگەزە ڕووەکیەکان و ئاژەڵیەکان و ئەو خواردنانەی مرۆڤ دەیانخوات.

**تێبینـی سـێیەم:** کاتێـك سـەیری گـوڵ دەکەیـت دەبینیـت پەڕی جـوانی سەرنجڕاکێشـی پێـوەیە، بە زۆر ڕەنگـی قەشـەنگ ڕازاوەتەوە، جـا گەر پرسـیاری حیکمەتـی ئەوە لە زانایـانی ڕووەکنـاس بکەیـت، ئەوا لەمەدا پێـت دەڵـێن مەبەسـت لەمە بـۆ خەڵەتانـدنی مێشـهەنگ و ئەو زینـدەوەرانەیە گـوڵ دەمـژن، تـا پێـوەی بنیشـنەوە، کاتێـك بەسـەر دەزووڵە هەڵاڵەییەکانـدا دەنیشـنەوەو تـۆوی کوتـانی ڕووەکەکە بە پێکانیـانەوە دەنووسـێت و بەمجـۆرە لە گـوڵی نێـرەوە دەچێـتە سـەر گـوڵی مـێ و کـرداری کوتـان دێـتەدی. جـا سـەرنج بـدەو بـزانە چـۆن ئەم پەڕە جوانـانەی گـوڵ بـووەتە ئەڵـقەی پەیوەنـدی نێـوان ڕووەك و زینـدەوەران، بەجۆرێـك ڕووەك، زینـدەوەر لە کـرداری کوتان بەکاردەهێنێت کە بۆ بەروبوم و بەرهەم پێویستە.[1]

لەم گەردوونەدا یەکێتیەکـی تەواو هەیە لە نێـوان بەشـەکانیدا کە دەبێـتە بەڵـگەی ئەوەی یەك پەروەردگاری تاکو تەنیای هەیە. بەڵام ئایا چۆن ئەمە ئێمەی گەیانـدە.

.........................................................

(١) العقائد. پێشەوا حەسەن بەننا.

یەکتایی خوای گەورە؟ مامۆستا بەننا بەمجۆرە وەڵامدەداتەوە: " چەندێتی – التعدد- دەبێتە هۆی تێکدان و دووبەرەکی ولوتبەرزیی، لە کاتێکدا پایەی خودایەتی مەزنی و کبریائە، جا لەمکاتەدا ئەگەر یەکێك لەو چەندە بە شێوەی سەربەخۆ کاربکات، ئەوا سیفاتی ئەوانی تر پوچدەبێتەوە، گەر هاویەشیش بێت ئەوا سیفەتی هەندێکیان پوچدەبێتەوە، جا پوچبوونەوەی سیفاتی خوایەتیش پێچەوانەی تەواویەتی وگەورەیی و شکۆیەتی، بۆیە دەبێت هەریەك خوای بێ هاوەڵ هەبێت"(١)

قورئانی پیرۆز بەڵگەی تەواوکاریی – التكامل - ی لەسەر تاکو تەنیایی خوای بەدیهێنەرمان لە چەند جێیەك باسکردووە:

* قُلِ الْحَمْدُ لِلَّهِ وَسَلَامٌ عَلَىٰ عِبَادِهِ الَّذِينَ اصْطَفَىٰ آللَّهُ خَيْرٌ أَمَّا يُشْرِكُونَ أَمَّنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَأَنزَلَ لَكُم مِّنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَنبَتْنَا بِهِ حَدَائِقَ ذَاتَ بَهْجَةٍ مَّا كَانَ لَكُمْ أَن تُنبِتُوا شَجَرَهَا أَإِلَٰهٌ مَّعَ اللَّهِ بَلْ هُمْ قَوْمٌ يَعْدِلُونَ أَمَّن جَعَلَ الْأَرْضَ قَرَارًا وَجَعَلَ خِلَالَهَا أَنْهَارًا وَجَعَلَ لَهَا رَوَاسِيَ وَجَعَلَ بَيْنَ الْبَحْرَيْنِ حَاجِزًا أَإِلَٰهٌ مَّعَ اللَّهِ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ أَمَّن يُجِيبُ الْمُضْطَرَّ إِذَا دَعَاهُ وَيَكْشِفُ السُّوءَ وَيَجْعَلُكُمْ خُلَفَاءَ الْأَرْضِ أَإِلَٰهٌ مَّعَ اللَّهِ قَلِيلًا مَّا تَذَكَّرُونَ أَمَّن يَهْدِيكُمْ فِي ظُلُمَاتِ الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَمَن يُرْسِلُ الرِّيَاحَ بُشْرًا بَيْنَ يَدَيْ رَحْمَتِهِ أَإِلَٰهٌ مَّعَ اللَّهِ تَعَالَى اللَّهُ عَمَّا يُشْرِكُونَ. أَمَّن يَبْدَأُ الْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُ وَمَن يَرْزُقُكُم مِّنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ أَإِلَٰهٌ مَّعَ اللَّهِ قُلْ هَاتُوا بُرْهَانَكُمْ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ .النمل/٥٩-٦٤*واتە: بڵێ: سوپاس و ستایش بۆ خوای میهرەبان، سڵاو لەسەر ئەو بەندانەش کە هەڵی بژاردووە، ئایا ئەو خوا میهرەبانە چاکترە یان ئەوانەی ئەوان دەیکەنە شەریکو هاوەڵ بۆی؟ یان ئەو زاتەی کە ئاسمانەکان و زەوی دروست کردووە و لە ئاسمانەوە بارانی باراندووە، جا باخ و بێستانی جوان و ڕازاوەمان پێ بەرهەم هێناوە، ئێوە نەتاندەتوانی درەختەکانی بروێنن، چ جای بەروبوومەکەی، ئایا ڕەوایە، کە خوایەکی تر لەگەڵ خوای پەروەردگاردا هەبێت؟! نەخێر، لەگەڵ ئەو هەموو بەڵگانەدا زۆربەی ئەو خەڵکە لە ڕێبازی ڕاست لادەدەن و شوێنی چەوتی و ناردوستی دەکەون. کە زەوی دامەزراندووە و لە ناویدا جۆگە و ڕووباری ڕەخساندووە، هەروەها زنجیرە چیای تیادا چەسپاندووە، لە نێوان دوو

.............................................................

(١) العقائد. پێشەوا حەسەن بەننا.

دەریاکەشدا بەربەستی بەرپاکردووە (کە ئاوی شیرین و سوێر تێکەڵ نابن) ئایا ڕەوایە خوایەکی تر لەگەڵ خوا پەروەردگاردا هەبێت؟! نەخێر وا نیە، لەگەڵ ئەو هەموو بەڵگانەدا زۆربەی ئەو خەڵکە (ئەم ڕاستیانە) نازانن و تێناگەن. ئایا کێیە جگە لە زاتی پەروەردگار کە بێت بە هانا و هاواری لێقەوماو و بێ دەرەتان و بێ داڵدەوە، کاتێك نزا دەکات و لێی دەپارێتەوە، ئەوسا بەڵاو ناخۆشیەکان لادەبات و دەتانکاتە نیشتەجێ و جێنشین لە زەویدا، ئایا ڕەوایە لەگەڵ ئەو زاتەدا خوای تر هەبێت؟! کەمێك یادەوەری وەربگرن و تێفکرن و بیربکەنەوە. ئایا کێ لە تاریکستانی سەروشکانی و دەریا ڕێنموویتان دەکات تا ون نەبن؟! کێ بای شەماڵ دەنێرێت وەک مژدەیەك پێش گەیشتنی بارانی ڕەحمەت؟، ئایا ڕەوایە لەگەڵ خوادا خوای تر هەبێت، بەرزی و بڵندی و مەزنی بۆ خوای گەورە لەبەرامبەر ئەو شتانەوە کە نەفامان دەیکەنە هاوەڵ و شەریك بۆ ئەو زاتە. ئایا کێ لە سەرتاوە دروستکراوان بەدی دەهێنێت، پاشان دوای تێکدانی سەرلەنوێ دروستی دەکاتەوە، کێ لەو ئاسمانەوە لە زەوییەوە ڕزق و ڕۆزیتان پێ دەبەخشێت؟، ئایا ڕەوایە لەگەڵ زاتی خوادا خوای تر هەبێت؟، پێیان بڵێ: ئادەی بەڵگەتان چییە بیهێننە مەیدان ئەگەر ئێوە ڕاستگۆن.

* أَمِ اتَّخَذُوا آلِهَةً مِّنَ الْأَرْضِ هُمْ يُنشِرُونَ لَوْ كَانَ فِيهِمَا آلِهَةٌ إِلَّا اللَّهُ لَفَسَدَتَا ۚ فَسُبْحَانَ اللَّهِ رَبِّ الْعَرْشِ عَمَّا يَصِفُونَ لَا يُسْأَلُ عَمَّا يَفْعَلُ وَهُمْ يُسْأَلُونَ أَمِ اتَّخَذُوا مِن دُونِهِ آلِهَةً قُلْ هَاتُوا بُرْهَانَكُمْ هَٰذَا ذِكْرُ مَن مَّعِيَ وَذِكْرُ مَن قَبْلِي بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ الْحَقَّ فَهُم مُّعْرِضُونَ. وَمَا أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِي إِلَيْهِ أَنَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا أَنَا فَاعْبُدُونِ . الانبياء/٢١-٢٥* واتە: ئایا خەڵکی نالەبار پەرستراوی ساختەیان بڕیارداوە لەزەویدا و ئەو پەرستراوانە دەتوانن ژیان ببەخشن؟ ئەگەر لە هەردووکیاندا (لە ئاسمان و زەویدا) چەند خوایەکی تر هەبوایە غەیری (الله)، ئەوە کاول و وێران دەبوون و تێکدەچوون بەسەر یەکدا، پاکی و بێگەردی بۆ خوا کە پەروەردگاری عەرشە، لەو باس و خواسانەدا (کە خوانەناسان) دەیڵێن . پرسیار ناکرێت لەوەی کە خوا دەیکات، لە کاتێکدا ئەوان پرسیاریان لێ دەکرێت و موحاسەبە دەکرێن. ئایا ئەوانە خوایەکی تریان لە جیاتی

پـەروەردگار بـۆ خۆیـان ڕەخسـاندووە؟! ئـەی پێغەمبـەر (ﷺ) پێیـان بڵـێ: بـەڵگـەتان بهێـنن لەسـەر ئـەو بیروبـاوەڕەتـان، مـن دڵنیـام کـە ئـەم قورئانـە یادخـەرەوەیـە، بـۆ ئەوانـەی کـە هـاوەڵـی مـنن و ڕێبـازی منیـان گرتۆتەبـەر، هـەروەها لـە بەسـەرهاتی پێغەمبـەران و قەومـەکانی پـێش منـیش دەدوێـت، بـەڵام زۆربـەی خـەڵکـی حـەق و حەقیقـەت ناناسـن و دژایـەتی دەکـەن و ڕووی لێ وەردەچـەرخێنن. ئێمـە پـێش تـۆ هـیچ پێغەمبـەرێکمان ڕەوانـە نـەکردووە، کـە وەحیمـان بـۆ نـەناردبێت بـەوەی کـە: بێگومـان هیچ خوایەك نیە جگە لە من و دەبێت هەر من بپەرستن.
* قُـل لِّمَنِ الْأَرْضُ وَمَـن فِيهَـا إِن كُنـتُمْ تَعْلَمُـونَ ۝ سَـيَقُولُونَ لِلَّـهِ ۚ قُـلْ أَفَـلَا تَـذَكَّرُونَ ۝ قُـلْ مَـن رَّبُّ السَّـمَاوَاتِ السَّـبْعِ وَرَبُّ الْعَـرْشِ الْعَظِـيمِ ۝ سَـيَقُولُونَ لِلَّـهِ ۚ قُـلْ أَفَـلَا تَتَّقُـونَ ۝ قُـلْ مَـن بِيَـدِهِ مَلَكُـوتُ كُلِّ شَـيْءٍ وَهُـوَ يُجِيـرُ وَلَا يُجَـارُ عَلَيْـهِ إِن كُنـتُمْ تَعْلَمُـونَ ۝ سَـيَقُولُونَ لِلَّـهِ ۚ قُـلْ فَـأَنَّىٰ تُسْحَرُونَ ۝ بَلْ أَتَيْنَـاهُم بِـالْحَقِّ وَإِنَّهُـمْ لَكَـاذِبُونَ ۝ مَـا اتَّخَـذَ اللَّـهُ مِـن وَلَـدٍ وَمَـا كَـانَ مَعَـهُ مِـنْ إِلَـٰهٍ ۚ إِذًا لَّـذَهَبَ كُلُّ إِلَـٰهٍ بِمَـا خَلَـقَ وَلَعَـلَا بَعْضُـهُمْ عَلَـىٰ بَعْـضٍ ۚ سُـبْحَانَ اللَّـهِ عَمَّـا يَصِـفُونَ ۝ عَـالِمِ الْغَيْـبِ وَالشَّـهَادَةِ فَتَعَـالَىٰ عَمَّـا يُشْـرِكُونَ. المؤمنـون/٨٤-٩٢* واتە: تـۆش پێیـان بڵـێ: باشـە زەوی و ئـەوکەسـانەی کـە لەسـەری دەژیـن کـێ خاوەنیانـە، ئەگـەر زیـرەك و هۆشـیارن؟ ئەگـەر شـت دەزانـن؟! سـەرئەنجام هـەر دان بـە ڕاسـتیدا دەنـێن و دەڵـێن: هـەرخوا، خاوەنیانـە، هـەر پـەروەردگار بەدیهێنەریانـە. ئەوسـا پێیـان بڵـێ: جـا ئـەوە بـۆچی یـاداوەری وەرنـاگرن؟ پێیـان بڵـێ: ئـەی کـێ پـەروەردگاری حـەوت ئاسـمانەکەیـەو کـێ پـەروەردگاری عـەرش و تـەختی فـەرمانڕەوایی گـەورەو فراوانـە؟ .
سـەرەنجام دەڵـێن: هـەر خـوا پەروەردگاریانـە، ئەوسـا بڵـێ: باشـە ئـاخر ئێـوە لـێی ناترسـن؟ خۆتـان ناپـارێزن لـە خەشـم و قیـنی؟ بڵـێ: کـێ جڵـەوی هـەموو شـتێکی بەدەسـتە، لـە کاتێکـدا هـەر ئـەو پـەنا بەخشـەو کـەس ناتوانێـت لـە سـزای ئـەو زاتـە، کـەس پـەنا بـدات، ئەگـەر ئێـوە بـزانن و شـارەزابن. دەڵـێن: هـەموو ئەوانـە بـە دەسـت خوایـە، تـۆش بڵـێ: کەواتـە چـۆن جادووتـان لێ دەکرێـت؟ کـە ئەمـە دەزانـن. نـەخێر وانیـە، بـەڵکـو ئێمـە حەقیقـەت و ڕاسـتیمان بـۆ هێنـاون، بـە ڕاسـتی نـەفامان هەمیشـە درۆزنـن. هـەرگیز خـوا کەسـی نـەکردووە بـە ڕۆڵـەی خـۆی و هـیچ خوایـەکی لەگـەڵـدا نیـە، چونکـە ئـەو کاتـە هـەر خوایـەك دەچـوو بـەلای دروسـتکراوانی خۆیـەوەو هەنـدێکی

خۆی بڵند دەکرد بەسەرهەندێکی تردا، پاکی و بێگەردی بۆ زاتی خوایە لە بەرامبەر ئەو شتانەوە کە هەڵی دەبەستن و دەیڵێن. زانای نهێنی و شاراوەکانە، هەروەها زانای دیارو ئاشکراکانە، بەرزی و بڵندی بۆ ئەوە لەبەرامبەر ئەو شتانەوە کە دەیکەنە شەریك و هاوەڵی.

* قُل لَّوْ كَانَ مَعَهُ آلِهَةٌ كَمَا يَقُولُونَ إِذًا لَّابْتَغَوْا إِلَىٰ ذِي الْعَرْشِ سَبِيلًا سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ عَمَّا يَقُولُونَ عُلُوًّا كَبِيرًا.الاسراء/٤٢-٤٣* واتە: بڵێ: ئەگەر خوای تریش هەبوایە لەگەڵ خوای پەروەردگاردا هەروەکو ئەوان دەڵێن.. ئەو کاتە هەموان هەوڵیاندەدا بۆ ئەوەی دەسەڵات لە خاوەنی عەرش و تەختی فەرمانڕەوایەتی بسەنن و لێی زەوت بکەن. ستایش و پاکی و بڵندی بۆ ئەو پەروەردگارەیە و ئەو زاتە زۆر بەرزو بڵندو گەورەترە.

٢-لەدیاردەکانی ئەم یەکیەتیە لە گەردووندا؛ ئەو تەبایی و ڕێکوپێکیەیە کە پەروەردگار باسی کردووە:

* الَّذِي خَلَقَ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ طِبَاقًا مَّا تَرَىٰ فِي خَلْقِ الرَّحْمَٰنِ مِن تَفَاوُتٍ فَارْجِعِ الْبَصَرَ هَلْ تَرَىٰ مِن فُطُورٍ ثُمَّ ارْجِعِ الْبَصَرَ كَرَّتَيْنِ يَنقَلِبْ إِلَيْكَ الْبَصَرُ خَاسِئًا وَهُوَ حَسِيرٌ. الملك/٣-٤* واتە: هەروەها ئەو زاتە ئاسمانەکانی بە حەوت چین دروست کردووە، لە نێو بەدیهێنراوەکانی ئەو خوای میهرەبانەدا هیچ نارێکی و ناتەواویەك بەدی ناکەیت، ئەی ئینسان: هەرچاو بگێڕەو سەرنج بدە بزانە هیچ درزو کەم و کوورییەك بەدی دەکەیت؟! پاشان هەر سەرنج بدەو چاو بگێڕەو ورد بەرەوە جار لە دوای جارو کۆڵ مەدە، سەرسام و ملکەچ دەبیت، چاوت بە نائومێدی دەگەڕێتەوە لەکاتێکدا کە چاوت ماندووەو پەکی کەوتووە.

ئەم نموونانەش لە گەردووندا ئاماژەی ئەو یەکپارچەیی و یەکیەتیە سەراپاگیرو پڕ هاوکاریە دەکەن:

أ- ئەلەکترۆن بە پێچەوانەی میلی کاتژمێرەوە دەسوڕێتەوە، هەروەها زەویش بە پێچەوانەی میلی کاتژمێرەوە دەسوڕێتەوە، خۆر بە پێچەوانەی میلی کاتژمێرەوە دەسوڕێتەوە، ئەستێرە گەڕۆکەکانیش بە پێچەوانەی میلی کاتژمێرەوە دەسوڕێنەوە، هەروەها مانگ و هەموو مانگەکان بە پێچەوانەی میلی کاتژمێرەوە

دەسوڕێنەوە، هەسارەکان هەموو بە پێچەوانەی میلی کاتژمێرەوە دەسوڕێنەوە، هەروەها کۆمەڵەی گەورەی خۆریش کە لە نێوانیاندا کۆمەڵەی خۆری ئێمەیە بە پێچەوانەی میلی کاتژمێرەوە دەسوڕێنەوە،هەروەها ئەلەکترۆن بەسەر خولگەیەکی سپی ئیهلیلجیدا دەسوڕێتەوە، زەویش بەدەوری خۆردا لەسەر خولگەیەکی سپی ئیهلیلجیدا دەسوڕێتەوە، هەروا زوهرەو نیپتۆن و موشتەری و هەموو ئەستێرە گەڕۆکەکانیش... چەقی زەویش لارە، چەقی مانگیش لارە، چەقی مەریخیش لارە، چەقی خۆریش لارە، لەمەش سەیرتر ئەوەیە کە ڕێژەی نێوان ناوك و ئەلەکترۆنەکانی وەك ڕێژەی نێوان خۆرو ئەستێرە گەڕۆکەکانی وایە.

ب- گەردەکانی گەردوون هەموویان لەسەر دووانەیی وەستاون، کارەبا ساردو گەرمە، گەر تەماشای ڕووەکیش بکەین هەر بە دووانەیی پێکهاتوون و هەر بەهەمان جۆر ئاژەڵان و هەروەها مرۆڤیش، تەنانەت لە زیندەوەرە دوو ڕەگەزەییەکانیشدا ئەندامی نێرینەو مێینەیان هەیە. * سُبْحَانَ الَّذِي خَلَقَ الْأَزْوَاجَ كُلَّهَا مِمَّا تُنبِتُ الْأَرْضُ وَمِنْ أَنفُسِهِمْ وَمِمَّا لَا يَعْلَمُونَ. یس/٣٦* واتە: پاکی و بێگەردی بۆ ئەوزاتەی هەرهەموو بەدیهێنراوەکانی بەجووت دروست کردووە لەوەی لە زەویدا دەڕوێت، لە خۆیشیان،ولەو شتانەش کە نایزانن.

لە زەویدا هەمان ڕەگەز هەیە خۆری لێپێکهاتووە، و هەموو ئەستێرەکانی تری لێپێکهاتوون، گەردوونیش بە هەموو ڕەگەزەکانیەوە، لە ڕەگەزە سەرەکیەکانی پرۆتۆن و ئەلەکترۆن پێکهاتوون، نیوترۆنەکانیش وەك بارگەی کارەبای مامناوەندی لە ناوکی زۆربەی ڕەگەزەکاندا هەن.

ج- لەم گەردوونەدا هێز و سەرچاوەی هێز هەیە، کە چەندان یاسا کاری لەسەر دەکەن. گەر سەرنجی ورد بدەیت ئەوا وردترین ماناکانی هاوکاری و یەکێتیت لە نێوان ئەم هێزو یاسایانەدابۆ دەردەکەوێت، بۆ نموونە:

لەسەرچاوەکانی هێزو توانای ئەم گەردوونەدا: ڕووناکی و گەرمی و تیشکی سینی و تیشکی بێ تەل و تیشکی وەنەوشەیی و تیشکی ژێر سوور... هەن، هەموو ئەم هێزانە دەگەڕێنەوە بۆ یەك شت، ئەویش ئەو هێزە کارەبا موگناتیسیەیە کە هەموویان یەك تیژییان هەیە، بەڵام جیاوازییان تەنیا لە شەپۆلەکانیاندایە.

هەروا لە یاساکانی ئەم گەردوونە یاسای کێشندەیە، کە لە بچوکترین گەردی گەردوونەوە تا گەورەترین هەسارەکان کاریگەریی لەسەریان هەیە، دەقەکەشی ئەوەیە: ( هەموو شتێك بارستایی هەیە، شتەکانی تر ڕادەکێشێت کە بارستاییان هەیە، هێزی کێشندەی نێوانیان بە شێوەیەکی ڕاستەوانە زیاد دەبێت بە زیادبوونی یەك لە بارستاییەکان، ئەوا هێز بە شێوەیەکی پێچەوانە دەگونجێت لەگەڵ چوارگۆشەی دووریی نێوانیان).

ئێستا زانیمان کە هێز دوو جۆرە: هێزی موگناتیسی کارەبایی و هێزی کێشندە، هەردووکیشیان بۆ یەك سەرچاوە دەگەڕێنەوە.

ئەنیشتاین دەڵێت" گیانی تیۆریی جیهان ئەوە هەڵناگرێت لە جیهاندا دوو شێوە هێزی بەیەکنەگەشتو هەبن: شێوەیەکیان بۆ کێشندەی پێوانەیی و شێوەکەی تریش بۆ موگناتیسی کارەبایی"(١)

د-ئەم دوو چیرۆکەش یەکەمجار بەڵگەن لەسەر تەبایی،ولە لێکچوونی نێوانیشیان بەڵگەی یەکیەتی لە گەردووندا هەیە:

(( یەکەم: جیاوازی ڕەگەزە بنچینەییەکانی گەردوون شوێنەواری بەرەنجامی جیاوازی ژمارەی ئەلەکترۆن و پرۆتۆنەکان دروست بووە، کێشی گەردیش شوێنەوارێکە لە شوێنەواری ئەم ژمارانە، تایبەتمەندێتی هەر ڕەگەزێکیش شوێنەوارێکی ئەم ژمارانەیە، بۆیە زانای ڕوسی (مەندەلیف) توانی ڕەگەزەکان بەپێی کێشی گەرد پۆلێنیان بکات، لەسەر ئەم بنچینەیەش خشتەیەکی بۆسازدان، ڕێکخستنی ڕەگەزەکانی ئەم خشتەیە پلەدار بوو بە پێی یاسای خول کە ئەو ڕەگەزانە ڕامی بوون، بەجۆرێکی وا پەیژەیەکی پلەپلەی سەرکەوتوو پێکبهێنن. بەڵام مەندەلیف توشی بۆشاییەك هات وەك ئەو بۆشاییەی بامی دەکەین لە نیوان مەریخ و موشتەری.

.........................................

(١)مع الله في السماء و قصة الایمان لا٣٥١

بینی کە پلەی پەیژەی خول و سوڕانەوەی ڕەگەزەکان ڕاستەوانە دەبنەوە بەدوای یەکدا بێ بۆشایی، تەنیا لە سێ ڕەگەزدا نەبێت کە یا دەبێت ئەم یاسای خولە ڕاستەوانە نەبێت و بەمجۆرەش ڕاست دەرنەچێت، یاخود دەبێت ڕاستەوانە بێت و ئەوساش ڕاست دەربچێت، ئەوجا دەبێت ئەم ڕەگەزە وردانە لەهەمان پلەی بۆشاییدا بن. مەندەلیف دڵنیا بوو لە یاسای ڕاستی یاسای خول و سوڕانەوەکەی، بۆیە هەوڵیدا جەخت لەسەر ئەوە بکات ئەم سێ ڕەگەزە ونە هەر دەبێت لەسەر زەویدا هەبن، بەڵکو توانی لەسەر بنەمای کێشی گەردیی کە لە پلە بۆشەکاندا دێت دەستنیشانی هەموو تایبەتمەندە کیمیاویەکانی بکات، کە هەیانە وەك ئەوەی بینیبێتنی، مەندەلیف پێش ئەوەی بمرێت ڕاستی بیردۆزە زانستیەکەی خۆی بینی، ئێدی زاناکان ڕەگەزە ونەکانیان دۆزیەوە بە هەموو تایبەتمەندیەکانیانەوە وەك ئەوەی مەندەلیف دەستنیشانی کردبوون.

دووەم: نزیکترین ئەستێرە لە خۆرەوە عەتاردە ودووریەکەی ٣٦ ملیۆن میلە، ئەنجا زوهرە دێت و ناوەندی دووریەکەی٦٧ملیۆن میلە وئەنجا پاشان زەوی ٩٣ و مەریخ ١٤٢ و موشتەری ٤٨٤ و زوحەل ٨٨٧ و ئۆرانۆس ١٧٨٢ و نیبتۆن ٢٧٩٢ ملیۆن میلن، بەلامانەوە گرنگە ڕێژەی ئەم ژمارانە بزانین، چونکە دووریی ئەم ئەستێرە گەڕۆکانە لەخۆرەوە بە پێی ڕێژەی پێوانە و ڕاستەوانەیە کە بە پێی ٩ پلە دێن: یەکەم سفرە پاشان هەشت ژمارەی بەدوادا دێت کە لە ژمارە ٣ دەستپێدەکات، پاشان بە شیوەی دوو هێندەیی زیاد دەکات بەمجۆرە: (٣-٦-١٢-٢٤-٤٨-٩٦-١٩٢-٣٨٤) جا گەر بۆ هەریەکێکیان ژمارە ٤ زیاد بکرێت و پاشان ئەنجامی کۆکردنەوەکە جارانی ٩ ملیۆن میل بکرێت، ئەوا ڕێژەی دووری هەسارە گەڕۆکەکان لە شوێنگای ژمارەکان دەردەکەوێت بۆ خۆر؛ یاخود بە زیادکردنی٤ بۆ هەر پلەیەك ئەوا ٩ پلەکە بەمجۆرە دەردەچێت: (٤-٧-١٠-١٦-٢٨-٥٢-١٠٠-١٩٦-٣٨٨). جا گەر ژمارەکانی ئەم پلەداریە وەرگرین و هەریەکەیان لەگەڵ ٩ ملیۆن، جاران(ضرب) بکەین ئەوا دووریی گەڕۆکیمان بۆ دەردەکەوێت کە لە پلەی ئەو ژمارەدایە لە خۆرەوە؛ بۆ نموونە عەتارد ناوەندی دووری لە خۆرەە ٣٦ ملیۆن میلە، لە کاتێکدا شوێنگاکەی لە دووریدا یەکەمە، بۆیە ژمارە ٤ وەردەگرێت، جاگەر ٩x٤ بکەین، ئەوا ئەنجامی

لێکـدانەکە دەبێـتە ٣٦ ملیـۆن میـل، ئـابەمجۆرە ڕێـژەکە دەگۆڕدرێـت بە پێـی دووری هەرگەڕۆکێك لە خۆرەوە، لەگەڵ بوونی جیاوازیەکی کەمدا.

بەڵام بینـرا کە شـوێنگای ژمـارە ٢٨ هـیچ هەسـارەیەکی تێـدا نیە، بەڵکـو لەدوای ژمـارە ١٦وە دێـت کە هـاوەڵەکەی مەریـخە، ژمـارە ٥٢ش کە هـاوەڵەکەی موشـتەریە، ئەی دەبێـت نهێنـی ئەم بۆشـاییە چـی بێت؟یـان دەبێـت ئەو ڕێـژەیەی دۆزراوەتەوە ڕاسـتەوانە نەبێـت، یـان دەبێـت ئەسـتێرەیەکی نەبینـراو هەبێـت لە پـلەی ژمـارە ٢٨دا لە دووری ٢٥٢ ملیـۆن میـل لە خـۆرەوە، یـان لە نێـوان مەریـخ و موشـتەریدا، لەم دوایـیەدا ئەم شـتەیان دۆزیەوە کە هەردەبـوو وابێـت، بەڵام ئەسـتێرەیەکی گەورە نەبـوو، بەڵکـو زۆر ئەسـتێرەی گچکەیـان دۆزیەوە کە هەمـوو لەو بۆشـاییەدا دەخـولانەوە باسـکراو لەنێـوان مەریـخ و موشـتەریدا بـوو، یـاخود لەهەمـان پـلەدا کە لەپێشـدا بە شـێوەیەکی بەتـاڵ حسـابیان بـۆ کردبـوو، وەك ئەوەی ئەسـتێرەیەك بووبێت و تێکشکابێت.

ئەم دوو بەسـەرهاتە وێکچـووە لە دووبـابەتی جیـاوازدا، هەریەك ئەویتـر تەواودەکـات تـا ئەو هەسـتەت لا تەواو بـکەن؛ بەوەی هەر یەك دەسـتی دروسـتکاریان هەیە یاساکانی بوونی هێناوەتە گۆڕێ و ڕەگەزو بەشو هەمەکەکانی خولقاندووە))[1]

هـ - ((ئەسـتێرەکانیش بەسـەرهاتی خۆیـان هەیە: مـرۆڤ شـتێکی لەمەڕ شـوێنگای ئەسـتێرەکانەوە زانیـوەو بـۆی دەرکەوتـووە پێـوانەیەکی جێگیریـان هەیە بە پێـی ڕوونـاکی وژمارەیـان، لە پێشـدا تەنیـا ٦ پێوانەیـان ژمـاردو ئێـدی وەسـتان، پاشـان ئێـدی ئێـدی هـی نوێتریـان دۆزیەوە تـا گەیشـتە پێـوانەی بیسـتەم ، پاشـان بـۆ پێـوانەی ٢١، سـەیریش لەم پێوانـانە ئەوەیە کە بەشـێوەیەکی بەرزبـوونەوە یـان نـزم بـوونەوە دەڕۆن، هەنـدێك جـار بە پێـی ژمـارەی ئەسـتێرەکانە، هەنـدێك جـاریش بە پێـی تینـی تیشـکەکەیان، بە شـێوەیەکی زۆر سـەیرە کە لە ژمـارەی ئەسـتێرەکان دەردەکرێـت، ئێـدی لە پێـوانەیەکەوە بـۆ پێـوانەیەکی دی زیـاد دەکـات، ژمـارەی ئەسـتێرەکانی پێـوانەی یەکەم ١٤ ئەسـتێرە دەبـن، ئێـدی زیـاد دەکـات تـا لە پـلەی بیسـتەمدا دەگـاتە ٧٦ ملیۆن ئەستێرە، لە پێوانەی ٢١یشدا دەبێتە ٢ ملیار ئەستێرە، بەڵام لە هێـــزی .

(١)قصة الايمان.

ڕووناکیانـــدا ئەوە بینـــراوە کە ئەو پێوانـــانە بە شـــێوەی ڕاســـتەوانە زیـــاد دەکەن، لە پێـــوانەی یەکەمەوە تـــا پێـــوانەی دەیەم، تـــا هەرچەنـــدێك ژمـــارەی ئەســـتێرەکان زیـــاتر بێـــت لە پێوانەیەکـــدا ئەوا هێـــزی ڕوونـــاکیەکەش زیـــاتر ئەبێـــت. بەڵام لە پێـــوانەی دەیەمدا نیشانەکە پێچەوانە دەبێتەوەو ڕووناکیەکە دەستدەکات بە کزبوون))[1]

و- لە ڕووەکـــانی ئەم یەکێتـــیە لە گەردوونـــدا پەیوەنـــدیکردنی ئاســـۆی ڕووەکە بە ئاســـۆی ئـــاژەڵەوە، و پەیوەنـــدیکردنی ئاســـۆی ئـــاژەڵانە بە هـــی مـــرۆڤەوە، لە جیهـــانی ڕووەکـــدا پـــلەداری دەبینیـــتەوە لە نـــزمەوە بـــۆ بەرز لەگەڵ وێکچوونـــدا، تـــا دەبینیـــت کە بەرزتـــرین ئاســـۆی ڕووەك پەیوەســـتە بە نزمتـــرین ئاســـۆی ئـــاژەڵانەوە، بەرزتـــرین ئاسـۆی ئـاژەڵیش پەیوەنـدارە –جـۆری پەیوەنـدی- بە ئاسـۆی مـرۆڤەوە، هەتـا کەسـانی هەژمـارکەر گەیشـــتنە ئەوەی بڵـێن لە تـــۆوی یەکەمەوە گەشەوپێشـــکەوتن ڕوویـــداوەو تـــا زینـــدەوەران گەیشـــتوون بەم بـــارەی ئێســـتایان. ئـــێمەش ئەم بیردۆزەمـــان تـــاووتوێکردو پوچیمـــان دەرخســـت لە دیـــاردەی ژیانـــدا، بەڵام باســـکردنی لێـــرەدا بەڵـــگەی ئەوە دەگەیەنێـــت کە ڕوونمـــان کـــردووە بەوەی زینـــدەوەرانی ئەم گەردوونەو گەشـــەیان یەك پـــارچەیەو بەڵـــگەیە لەســـەربوونی یەك دروســـتکار، کە بەجۆرەهـــا ڕەگەزو شێوەخولقاندوونی، هەندێکیشیانی لە هەندێکی تریانی بەرزتر کردووەتەوە.

* وَمَـا مِـنْ دَابَّـةٍ فِي الأَرْضِ وَلَا طَـائِرٍ يَطِيـرُ بِجَنَاحَيْـهِ إِلَّا أُمَـمٌ أَمْثَـالُكُمْ . الانعـام/٣٨*

واتە: هـــیچ زینـــدەوەرو گیانلەبـــەرێك نیـــە بەســـەر زەویـــدا بـــڕوات و هـــیچ باڵنـــدەیـــەك بەباڵەکانی بفڕێت و ئەوانیش ئوممەت و گەلێك نەبن وەك ئێوە.

ز- ولە ڕووەکـــانی یەکێتـــی لە گەردوونـــدا ئەوەیە کە مـــاددە هەمـــووی نـــورو ڕوونـــاکین، چـــونکە ڕەگەزەکـــانی مـــادە هەمـــووی خەملێنـــراوە بە گەردو کارەبـــا، ئەم گەردو کارەبایانەش لەت دەبن و دەگێڕدرێنەوە بۆ تیشك.

ح- لە ڕووەکـــانی تـــری ئەم یەکێتـــیە ئەوەیە کە کـــۆرپەی ئـــاژەڵ و مـــرۆڤ لە مانگەکـــانی هەڵگرتنـــی یەکەمیانـــــدا زۆر بەیەکـــــدەچن، هەر لەم وێکچـــــوونەش گیـــــانەوەرە جۆراوجۆرەکان دەردەچن.

***

........................

(١)قصة الایمان- ٣٠٧

ئەم دیاردانە هەموو بەڵگەن لەسەر بوونی هاوکاری و ڕێکخستن، جاگەر دیاردەی تەواوکارێتی بۆ زیاد بکەین ئەوا بێگومان زاتێك دەبینین، بەیەك زانست و یەك ویست و یەك هێزو تواناوە، کە بەدیهێنەری هەموو ئەمانەیە.

بەڵام سەبارەت ئەوەی بۆچی ئەم گەردوونەو یەکێتیەکەی ناویمان بۆ بەدیهێنەر گێڕایەوە؟ و بۆچی بڕیاری پەروەردگارێتی تاکو تەنیامان دا؟ ئەوا وەڵامەکەت لەم سێ بەشەی داهاتوودا بۆ دەردەکەوێت:

### هۆکارێتی، سروشت، یەکتاپەرستی

ئەم سێ بەشەش لە پەرتووکی (الوجود الحق)ی دکتۆر حەسەن هوێدی وەرگیراون.

بۆیە ئەم وەستانانەشمان کردووە لە هەریەك لەم ٣ بەشەدا، چونکە گەورەترین زۆرانبازی ئیسلامی هاوچەرخ لەگەڵ مادیەکاندایە کە نکۆڵی یاسای هۆکارێتی دەکەن لەحەقی گەردووندا، شیکاری ڕووداوەکانی گەردوونیش بە کاری سروشت دەزانن، زۆرانبازیەکی تری ئیسلام لەگەڵ ئەوکەسانەیە باسی چەندێتی دەکەن (لەحەق خوای تاکوتەنیا)، وەك گاوران دەڵێن سێ کوچکەو مەجوس دەڵێن دووانەو هاوەڵپەیداکەرانیش بە گشتی وتەی جۆراوجۆریان هەیە. بۆ جەختکردنەوە سەر هۆکارێتی و پوکانەوەی بیرۆکەی سروشت و ڕۆچوونی یەکتاپەرستی؛ ئەوا باسی بەشی چوارەمیش دەکەین و ناوی دەنێین (گەڕانەوە بۆ دەسپێك) لە نووسینی زانا شێخ سەعیدی نوورسی.

# ١-هۆکارێتی

لەوکاتەوەی مرۆڤ جیاکراوەتەوەو ڕێزدارکراوە بە بەخشینی درککردن وداگیرسانی تیشکی ژیریی بەسەر بووندا، لەوکاتەوە تا ئێستا لەسەرەتاو کۆتایی خۆی ئەپرسێت، دەپرسێت لە کوێوە هاتووەو بۆ کوێ دەچێت؟ یەکسەر واشبیردەکاتەوە کە هاتنی ڕاستەوخۆی بۆ ئەم دنیایە لە ڕەحمی دایکیەوە بووە، یان لە نوتفەی باوکی، یەکسەر بەم چاوپیاخشاندنە رووکەشیە نزیکە باوەڕ ناکات، بێئەوەی تەماشای یەکەم سەرەتا بکات و لەو هۆیە سەرەکیە نەکۆڵێتەوە هەموو هۆیەکانی بۆ دەگەڕێتەوە.

جا لەبەربوونی ئەم پاڵنەرە قوڵە لە دەروونی مرۆڤایەتیدا، کە لەگەڵیدا لەدایک بووەو هێشتاش لەگەڵیەتی، ئەوا وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە کەسانی لێکۆڵەرەوەی پەیوەندیداری بەخۆوە خەریککردووە. ئێدی حوکمی جۆراوجۆر سەریانهەڵداو بیردۆزی ڕوونکردنەوە دەرکەوتن، تیایاندا هەیە هەڵەو تیاشیاندا هەیە ڕاستە، بەڵام گەر ئێمە تەماشای ئەوە بکەین کە لە ئاسمان و زەمیندا لەبەردەستدان، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت: بۆ نموونە باران لە ئاسمانەوە دەبارێت، بەروبومیش لە درەختەوە شین دەبێت، درەختیش بە خاك و ئاو دەڕوێت، ئاویش لە دوو ڕەگەزی سەرەکی پێکدێت(ئۆکسجین و هیدرۆجین)، مرۆڤیش لەوکاتەوەی چاوی کردووەتەوە بە بوون، هیچ ڕووداوی بێ هۆکاری نەبینیوەتەوە، یاخود شتێك دۆزرابێتەوە بێ بوونی دۆزەرەوە، بەجۆرێك ئەم واتایە ڕوونبووەتەوە – بەحوکمی واقیعێکی زاڵ- کە ژیریی پێچەوانەی ئەمە وەرناگرێت و جگە لەمە بە شتی تر دڵنیا نابێت، تەنیا عەقڵێکی نەخۆش لەم ڕاستیە هەڵدیت وەك کەسانی دەبەنگ، یان عەقڵێکی کەموکورت وەك هی منداڵ کە شوشەیەك دەشکێنێت و دەڵێت بۆخۆی شکا، ڕەنگە بەسەرهاتی ئەو بیابان نشینەمان بیستبێت کە بەهۆی فیترەی

پـاكژیەوە ئەم یاسـای هۆكـاریەتەی بـۆ دەركەوتـووە كە دەڵێـت: پشـقل بەڵـگەیە لەسـەر بـوونی حوشـتر، شـوێنپێش بەڵـگەیە لەسـەر ڕۆشـتن، شـەوی تـارو ڕۆژی ڕوونـاك و ئاسـمان و كەلوەكـانی، ئایـا بەڵـگە نـین لەسـەر بەدیهێنەرێكـی شـارەزاو كارامە؟.

لەبەر بـوونی ئەم واقـیعە ڕاشـكاوانەو درككـردنە زاڵەو هەمیشـە تێپەڕبـوونی ڕووداو و كارەسـاتەكان بە پێـی ئەم یاسـایە، ئەوا ئەم پرنسـیپە ئاشـكراو ڕوونە لە پەراوە فەلسـەفیەكاندا بە (پرەنسـیپی هۆكـارێتی) نـاوزەد كـراوە، ئەمەش بنەمـای عەقـڵی گەیشـتنە مەعـریفەی تەواوە، چـونكە ئەوە بنەڕەتـی حـوكمە ژیریەكـان و نەگـۆڕە لۆژیكیەكـانە، گەر سـەرنجی وشـەكانت بـدەیت كە بەیانیـان و ئێـواران لەگەڵ خەڵكیـدا پێیـان دەدوێیـت و ئەو یاسـایانەی كاروبـاری ژیانتـی پـێ ڕێكـدەخەیت، ئەوا دەبینیـت لە هـیچ قۆناغێـك لە قۆناغەكانیـدا لە پشتبەسـتن بە بنەمـای هۆكـارێتی خـاڵی نـیە، كەواتە وتەكەمـان كە دەڵێـت: هەمـوو ڕووداوێـك دەبێـت ڕووداوسـازێكی هەبێـت.. شـتێكی بێگومـان و یەقینـی و تەواوەو ژیـری جـگە لەمە بـڕوا بە شـتی تـر ناكات، ئیـدی مەحـاڵە هـیچ ڕووداوێك لەخـۆڕا ڕووبـدات، یـا شـتێك بێ بەدیهێـنەر بێـتە بوون، قورئانیش ئەم ئاماژەیەی تێدایە:

* أَمْ خُلِقُوا مِنْ غَيْـرِ شَيْءٍ أَمْ هُـمُ الْخَـالِقُونَ. الطـور/٣٥ * واتە: ئایـا ئەوانـە بـەبێ هـیچ شتێك، هیچ هۆیەك، هاتوونەتەكایەوە؟! یان هەر خۆیان دروستكارن؟!

بەپێـی ئەم ڕێسـایە دەڵێـین: ئەم جیهانەمـان لە زەوی و شـاخ و درەختـو ئـاژەڵ و ئەسـتێرەو خـۆرەوە... دەبێـت كارسـازو بەیهێنەریـان هەبێـت، ئەم ڕووداوە پشكیـی و لاوەكـیە زۆرانەش بە هـۆی هۆكـارەوە هـاتوونەتە گـۆڕێ، ئەم هۆیـانەش بە هـۆی هۆكـاری تـرەوە هـاتوونەتە ئـاراوە كە كەمتـرن لە هۆكارەكـانی پـێش خۆیـان، دەبێـت لەئەنجامـدا بگەیـنە ئەوەی هـۆی هەمـوو ئەم هۆكـارانە و بەرپاكـاریی هەمـوو ئەم ڕووداو و بـووانە چـین. چـونكە هەرچەنـدە ئـێمە بگەڕێیـنەوە بـۆ ئەو سـەرچاوانەی هۆكارەكـانی لێوەهـاتوون، ئەوا فـاكتەری پاڵنەرەكـان كەمتـر دەبـنەوە، تـا لە كۆتایـدا دەگەیـنە یەك هۆسـاز، وەك ئەوەی تەماشـای لـقە زۆرو بەیەكاچووەكـانی درەخـت دەكەیـن، هەرچەنـدێك لە هۆكـارەكەی بكـۆڵینەوە ئەوا لە زۆرەوە دەگەیـنە سـەر

کەم، تا دەگەینە سەر قەدەکەی، لەمبارەشەوە نموونەی تر زۆر هەن، کە زۆر ئاشکران و پێویست بە لەسەر وەستانی درێژو نموونە هێنانەوە ناکات.
کەواتە نکۆڵیکردنی بەرپاکەر بۆ بەرپاکراوان، و بەدیهێنەر بۆ بەدیهێنراوان لەگەڵ ژیریدا پێچەوانە دەبێتەوە و لەسەر هەڵە دامەزراوە، بۆ ئەم پابەستبوونە لۆژیکیە کە ناتوانین لێی هەڵبێین ئیبن سینا ناوی ناوە بە ( پێویستی هەبوو- واجب الوجود) وەك ڕێزێك بۆ پاراستنی ڕێزی ژیری، لە تێهەڵکێشبوون و ناکۆکی و دژایەتی، یان نەفامی و گێژێتی، چونکە مەحاڵە لە نەبوونەوە بوون بێتەدی.
هەرچەندیشە ئەمە بووەتە باوەڕو زۆر باسدەکرێت و لەبەرگی بەڵگەنەویستاندا دەخرێتەڕوو، کە پوچەڵنەکرێتەوە، ئەوا ئەم حەقە هەر پوچەڵ نابێتەوە، چونکە عەقڵ دەیخوێنێتەوەو واقیعیش پشتیوانیەتی، پێچەوانەی ئەمە تەنیا لای کەسانێکەوە دروستدەبێت کە نکۆڵی بکەن، وخۆبەگەورە بزانن لەسەر شتەکۆنەکان، یان مافە بێخەوش و ڕەواکانی لۆژیکی ساغ پێشێل بکەن، یا شوێن ئارەزووی چەوت و چەوێڵ بکەون، وەك نموونەی کەللەڕەق و نەخۆش و لەخۆباییبووان.
ڕەنگە یەکێك بڵێت سازدانی ئەم ڕووداو و بووانە سروشتە! ئەوا باسیش لە سروشت دەکەین، یان بڵێن: گەردان بە بوونی بەدیهێنەر بنێین، ئەوا کێ ئەو بەدیهێنەرەی هێناوەتە بوون؟ لەمەش ئەدوێین[1]
ئەوی ئێستا دەمانەوێت بە پوخت و ئاشکرا لێیبدوێین ئەوەیە کە هەموو ڕووداوێك دەبێت ڕووداوسازێکی هەبێت، کەواتە دەبێت ئەم گێتی و جیهانە بەدیهێنەرێکی هەبێت.
لێرەوە هەندێك لە ڕەخنەگران کێشەی کۆنی ڕوودانی بەرپابوونی گەردوون دەهەروژێنن، دەگوترێت: ئەم ڕێسایە کاتێك ڕاستدەبێت بڕوامان بەمە بێت ئەم جیهانە بەرپابووە نەك ئەوەی کۆن بێت.

---

(١)لەبەرئەوەی لە دیاردەی یەکەم لێیدواین، بۆیە وتەی مامۆستامان لەمبارەیەوە نەگواستەوە.

ئێمەش دەڵێین بەڵگە لەسەر ئەوە هەیە جیهان نوێیەو کۆن نیە، پێشەوا غەزالی بە پێی تێبینیکردنی جوڵان و وەستان دەڵێت: سورێك لە گەردوون، یان جوتە یاخود تاك، گەر جوت بێت ئەوا ژمارەیەکی تاك تەواو دەکات، گەر جوتیش بێت ئەوا ژمارەیەکی تاکی تەواو کردووە، کەواتە ژمارەی پێشو لە هەردوو حاڵەتەکەدا دیاریکراون، مادامیش دیاریکراون کەواتە بە شێوەیەکی براوەو کۆتایهاتوو بەدیهێنراوە.. جاگەر ڕەخنەگر هەر بەردەوام بوو و گوتی: سەرچاوەی ژیان(هیۆلا:گوتراوە مادەیە شێوەو وێنەی دیاریکراوی نیە، توانای شێوە وەرگرتنی جۆراوجۆری هەیە) کۆنە، جوڵەش لەناکاو بووە، پێیدەڵێین:لەکوێوە ئەم جوڵەی بەسەرهات؟ ئەمەش دائەنرێت بە دانپیانانێکی ڕاشکاوانە بەوەی کە بەسەرڕادەرێکی تر کاری لە جیهان کردووە بە دۆزینەوەی جوڵە بۆی، بەڵکو ئەمە پەلەکردنێکی ڕوون و ڕاشکاوە بۆ دان نان بە بوونی بەدیهێنەری ئەم جیهانە، کەواتە ڕەخنەگر لە نێوان دوو شتدایە؛ یا دەبێت بگەڕێتەوە بۆ قسەکەمان، بەوەی بەدیهاتووە لە لایەن بەدیهێنەرەوە، یان دەبێت دان بە بوونی بەسەرادەرێك بنێت و ئەمەش دان نانە بە بەدیهێنەردا، کەواتە ڕەخنەی ڕەخنەگران هیچەو نەگەشتووەتە پلەی چەسپاوی و تەواوی و گونجان، ئەو وتەیەش کە دەڵێت جیهان کۆنە، شتێکی پوچەو پشت بە ڕاستی نابەستێت[1]، بەم جۆرەش (مادی جەدەلی) هەرەس دێنێت کە دان بە کۆنی جیهاندا دەنێت، ئەمەش هەڵهاتنە بەوەی دان بە بوونی بەدیهێنەری جیهاندا نەنێن، بە خۆشاردنەوە لە بەڵگەی یەکلاکەرەوەی پەیوەستکەر.

ڕەنگە وتەکەمت لا سەیر بێت کە چۆن وا بە زوویی ئەم ڕایە هەرەسی هێنا، لەوەڵامدا دەڵێم گرێیەك و بەستنێك لە یاسا گەر لە سەد دەنك پێکهاتبێت، ئەوا کەمەرەوی لە هیچیاندا ناکەین بە کردنەوەی یەکەم گرێ، گەر ئەمەش نەگوترابێت،ئەوا لە مادی جەدەلی هەموو ئەوانە لابە کە لەسەربنەمای کۆنی جیهان بنیاتنراون لە حوکمەکانیاندا،ئەوا یەکەم حوکم لە حوکمە سەرەکیەکانی کە تێیدا پوچدەبێتەوە بێباوەڕیانە بە بونی بەدیهێنەر. لەکاتی گوتنی گوتەی .

---

(١) بەڵکو هەموو بەڵگە گشتیەکان پشتیوانی وتەی ڕوودانی جیهان دەکەن، وەك لەیەکەم دیاردە لێیدواین.

بەدیهێنەری بوونیشدا حوکمی تر سەرهەڵئەدەن کە حوکمی لقی و پشکەکانی تر پوچ دەکەنەوە وەك لەمەودوا دەیبینین، بێئەوەی باسەکەش لە لقە تایبەتەکان بدوێ، بەڵکو دەرخستنی ڕاستی لەسەرچاوەوە لەخۆڕا هەموو پوچگەریە لقییەکان وەلا دەنێت.

# ٢-سروشت

دوای ئەوەی بێگومـــان بوویـــت لە بـــوونی بەدیهێـــنەری یەکەم، کە زاتێکـــی تەواوی ڕەهـــایە، وپرســـیارکردن لەبـــارەی بەدیهێنەرێکـــی کـــامڵی ڕەهـــا ڕاســـت نـــیە، و ئەو گومانـــانەت لەبەردەمـــدا ڕەویـــنەوە . ئەوا گومانێـــك دەمینێـــتەوە کە بە گومـــانی ســـەردەم ناودەبرێـــت و بە گـــومڕاییەك لە گومڕاییەکـــان دادەنرێـــت ئەویـــش – وەك بـــۆت دەرکەوت- وەك داتاشـینی بـت دروسـتکراوە، بـاڵی کێشـاوە بەسـەر خەونەکانـدا وەکـو خەیـــاڵ، بەڵام بەداخەوە لەگەڵ ئەم دروســـتکردنەداو پشـــت نەبەســـتنی بە هـــیچ بنەمـــایەك دەبینـــین زاڵ بـــووە بەســـەر بیـــری زۆر لەوانەی خۆیـــان بە ڕۆشـــنبیرو خـــاوەن مەعـــریفە دەزانـــن، زاڵبـــووە بەســـەریانداو بواریـــان بەخۆیـــان نەداوە کە نـــاڕەحەتی لێکـــۆڵینەوەو بەدواداچـــوون بچێـــژن، ئەو گومـــانەش سروشـــتە. کە بە خـــودای دانـــراوی ئەم سەردەمە لێکیئەدەنەوە.

کاتێـــك بە یەکێـــك لەم سروشـــتیانە بڵێـــین: کـــێ ئاســـمانەکان و زەمینـــی بەدیهێنـــاوە؟ پێت دەڵێت: سروشت.

گەر پێی بڵێیت کێ ڕووەك وئاژەڵی بەدیهێناوە؟ دەڵێت:سروشت.

گەر پێشی بڵێیت کێ مرۆڤی بەدیهێناوە؟ هەر دەڵێت: سروشت.

کـــێ ئەم هەمـــوو کاروبـــاری گەردوون و زینـــدەگی و غەریزیـــانە ڕادەپەڕێنێـــت بەوپەڕی ژمێریاری وردو ڕێسای بێسنوورەوە؟ ئەوا هەر پێت دەڵێت: سروشت.

کاتێـــك پەنـــا بـــۆ ئەم وتـــانە دەبەن کە نـــاتوانن پیـــت بڵـــێن بۆخـــۆی بەدیهـــاتووە، یـــا لەخـــۆیەوە بەدیهـــاتووە، نکـــۆڵی یاســـای هۆکـــارێتیش دەکەن، ئەو ڕاســـتدەکات کاتێـــك دان بە یاســـای هۆکارێتیـــدا دەنێـــت، هەڵەش دەکـــات کاتێـــك هۆســـاز لەیـــاد دەکـــات، کـــاری ئـێمەش لەم لێکـــۆڵینەوەیەدا تەنیـــا بەنەفامـــدانان و دزێـــوکردن نـــیە، بەڵکـــو ئـێمە

له هەمــوو ڕووكـانەوە گفتوگـۆ لەســەر باســەكان دەكەيــن، ئەوەی حەق بێــت دانــی پیــادەنێین، ئەوەش پــوچەڵ بێــت پشــتگوێی دەخەیــن، مرۆڤــی ژیــریش ئەوەیە گــوێ لە هــاواری ژیریــی بگرێــت، نەفــامیش ئەوەیە شــوێن ئارەزووەكــانی بكەوێــت، بــۆیە هەر لەسەر پوچەڵی بەردەوام دەبێت گەر حەقیشی بۆ ڕوون بێتەوە.

كەواتە سروشت چییە؟ چەمكەكانی چین؟ حەقیقەتی كاریگەریان چیە؟

لە زمانــدا سروشــت بە مانــای: ڕەوشــت و ئاكــارو ســیفەت و خــولقەت دێــت. بەڵام سروشــت ئێســتا لەبــیری خەڵكــدا بە پــێی جیاوازیــان دوو بۆچــوون و تێگەیشــتن دەگەیەنێت:

**تێگەشــتنی یەكەم:** بــریتیە لە خــودی شــتەكان بە واتــای بــێ گیــان و ڕووەك و ئــاژەڵ، هەریەك لەم بــوونەوەرانە سروشــتن، ئەمەش تێگەشــتنێكی ورد نــیە، حــوكمێكی ڕاستیش نیە وەك لەمەولا بۆمان دەردەكەوێت.

**تێگەشــتنی دوەم:** بــریتیە لە ســیفەت و تایبەتمەنــدی شــتەكان، ئەم ســیفەتانە هەر لەگەرمــی و ســاردی و شــێداری و وشــكەڵاتن، جوتبــوون و لەدایكبوون،هەمــوو ئەم سیفات و ئامادەگیانە بریتین لە سروشت.

جــا گەر یەكەم یــا دووەم وتە؛ تەعبیــر لە سروشــت بكــات بە شــێوەیەكی ڕاســت، ئەوا لەمەدا چیمان لە حەق بۆ دەردەكەوێت؟

ســەبارەت وتەی یەكەم: لە دروســتبوونی بــوونەوەران، سروشــت لەوە دەرناچێــت كە ڕاڤەی ئــاو بە ئــاو بكــات، زەویــش زەوی بەدیهێنابێــت، ئاســمان ئاســمانی دروســتكردبێت، هەمــوو پلەكــان خۆیــان پــۆلێن كردبێــت، شــتەكان خۆیــان دۆزیبێــتەوە، هەر خۆیــان ڕووداو و ڕووداوســاز بــن، لەیەك كاتــدا بەدیهــاتوو و بەدیهێــنەر بــن، جــا لە ڕاســتیدا پــوچەڵكردنەوەی ئەم وتەیە ئاشــكرایە، ئەمەش یــان ئەوەیە شــتەكان بــۆ خۆیــان بــوون، بێ هــیچ هــۆیەك – ئەمەش بە پێــی یاســای هۆكــارێتی پــوچكرایەوە- یــان بەدیهێــنەرو بەدیهــاتوو لەیەك بوونــدا كــۆبكرێتەوە، و هــۆ بــوو بێتە هــۆی دەستنیشــانكردنی هۆكــار: ئەمەش شــتێكی مەحــاڵە، بەڵكــو ئەمە دادەنرێــت بەو سەرگەردانی و ناتەباییەی پێویست بە كات ناكات بۆ شیتەڵكردنیان.

بەڵام سـەبارەت وتەی دووەم: ئەمەش بـریتیە لە پشتبەسـتن بە شـیاوێتی شـتەکان و تایبەتمەنـدییان لە پێکهێنانـدا، سـەبارەت ئەمەش دەڵێـین: لەڕاسـتیدا ئەمـانەی کە بەدیهێنـانی گەردوون دەگێـڕنەوە بـۆ توانـاو تایبەتمەنـدێکانیان، بەهـیچ دانـانرێن تەنیـا ئەوە نەبێـت وەسـفی ئەو دیـاردانە دەکەن، کە سـەرچاوەو بنەڕەتیـان نـازانن، خۆشیان مانـدوو نەکـردووە بـۆ لێکـۆڵینەوە لە سـەرچاوەکانیان، جـاگەر ئەمە بـکەن ئەوا ئەو شـیاوبە کە پشـتی پێدەبەسـتن لە بەدیهێنـانی شـتەکاندا تراویلکەیەکـی خەڵەتێـنەرەو تینـو بە ئـاوی تێـدەگات، کاتێـك دەشـیگاتێ هـیچ نـابینێتەوە، بـۆ روونکردنەوەی ئەمە بە ڕێگەی زانستی ئەم نموونەیە دەهێنینەوە:

گەر تۆوێـك بچێنیـت و بیخەیـتە زەویەوە، ئـاوی بـدەیت تـا هەڵـدەتۆقێت، پاشـان دەرچێـت و چەکەرەو چـزووی لێوەدەربێـت، ڕەگەکـان بەرەو زەوی دەچـن و لقەکـانیش بۆسـەرەوە، ئەنجـا گەڵاو گـوڵ و بەروبـوم دەدات، ئێـدی تـۆوەکە – بۆنمـوونە- سـێو بەرهەمدێنێت.

جـا توانـای تـۆوەکە لە هەڵتـۆقین و دەرچـوون و چەکەرەکردنـدا بـووە، ئەوا گەر ئەم توانـا یەك لەدوا یەکـانە نەبوونـایە، ئەو دیـاردە زینـدووانە بەرپـا نەدەبـوون، ئەوسـاش بەروبـومی لێ بەدی نەدەهـات. جـا ئێسـتا بـا بێـین لەسـەر ئەو توانـاو قابیلیاتـانە بکۆڵینەوەو ڕاستیەکانمان بۆ ئاشکرابێت.

گەر تـۆو هەڵنەتۆقێـت ونەتەقێـتەوە هـیچ شـتێك پێکنـایەت، ئەی دەبێـت کـێ بێـت بەمکـارە هەڵدەسـتێت؟ گەر تۆوەکـان عەقـڵ و ژیریـان بـووایە ئەوسـا دەمـانگوت: عەقڵیـان ئەوەی نیشـاندان و بـۆی ئامـادەکردن، جـا گەر بڵێـین ئـاو هەڵدەسـتێت بە کـاری ڕووان و تروکـان، ئەوا دەبـوو بە هەمـان جـۆریش ئـاو کـار لە ئاسـن بکـات و چـرۆی پێـدەربکات، کەواتە دەبێـت کارتێکەرێـك هەبێـت و قبـوڵی کـارلێکەری ئەو کـارلێکەش بکەیـن، گەر – وەك جەدەل- بڵێـین تـۆوەکە خـۆی هەڵدەسـتێت بەم کـارانە، ئەدی بـۆچی نەیبەسـت و نەپوکـایەوە لەبـری ئەوەی هەڵبتۆقێـت و گەشـەبکات؟ جـا بـۆئەوەی زیـادبوون و مـانەوە ڕووبـدات لە ڕووەکـدا، ئەم کـارە پێویسـتی بە عەقـڵ و درککـردن هەیە، هەروەهـا بەرنـامەیەکی نەخشەکێشـراو لەلایەن ئەو تـۆوەوە، لە ڕاستیشـدا تۆوەکـان خاوەنـدارێتی هـیچ لەمـانە نـاکەن،

کەواتە چـۆن لەخـۆڕا بەروبـوم دێـتە دی؟ بەڵکـو چـۆن ئەو هەمـوو بەروبـوومە جۆراوجـۆرانە بەرهەم دێـن، و چـۆن مەبەسـتێکی دیـاریکراوی تیـا پەنهانـدراوەو سیفەتی مەبەستدار لە ناوەڕۆکی هەموو تۆوێکدا هەبوو؟
لە ڕاسـتیدا ئەوەی سـەرنجی وتەی سروشـتیەکان بـدات کە پشـت بە شـیاوی توانـا دەبەسـتن، بەوەی ڕووەك لەسـەر ئەوە مۆرکـدار بـووە. ئەوا تەقـین وڕووانـی تـۆو و لەدایکبـوونی خـانەو خـانەی زینـدوو کە حەز بەدابەشـبوون دەکـات... دەبـوو هەمـوو ئەمـانە کـرداری نەزانراوبن(أفعـال مبنيـة للمجهـول)، چـونکە گەر بـکەری ڕاسـتەقینە نەزانـراو بێـت - وەك ئەوەی کەسـی سروشـتیی چـاوی لە هۆکـارە ڕاسـتەقینەکە نوقانـدووە- کردارەکەشـی داوەتە پـاڵ نەزانـراو بـۆ ڕزگـارکردنی خـۆی، ئەی کێ بـوو تـۆوی ڕووانـدو چەکەرەی پێکـردن؟ کێ بـووە هـۆی لەدایکبـوون و زۆربـوون؟ کێ بـوو خانەکـانی ڕاهێنـا لەسـەر دابەشـبوون؟ هەمـوو ئەم ڕاستیانە چـاوی کـورتبینی کەسـانی سروشـتیی نایانبینێـت، بەڵکـو کورتیـان هەڵهێنـاوە لە وەسـفکردنی ڕووکەشەکانیشـدا، بـێ گەڕانەوە بـۆ هۆکـان، بەڵکـو زۆر بەهەڵەدا چـوون سـیفەتە کارلێکراوەکـان بـکەنە هـۆی بەدیهێنـان، چـونکە چەکەرەکـردن سـیفەتێکە لە ئاکـامی هۆکـارێکی دەرەکـی ئەو شـتەوە هـاتووە، لەئاکـامی قبـوڵکردنی کـاریگەری ئەو شـتەدا، هەروەهـا هەڵتـۆقین و پەلهاویشتن هەموو سیفەتن...
کەسـی سروشـتیی هـیچ شـتێکی زیـاد نەکـردووە تەنیـا ئەوە نەبێـت لەم کـۆمەڵە سـیفاتانە تێگەشـتنێکی تێکەڵـی پێکهێنـاوەو نـاوی نـاوە بە شـیاوێتی لەدایـك بـوون و گەشـەکردن، بـۆیە شـیاویی کـردووە بە هـۆی بەدیهێنـان لەکاتێکـدا لە ڕاسـتیدا خـۆی نیشـانەیە لە نیشـانەکانی شـتەکان، و سـیفەتی کارلێـك کە هـیچ هەسـت و هۆشـێکی نـیە کردوویەتـی بە هـۆیەکی کـاریگەری هوشـیار لەدروسـتکردنی شـتەکاندا! کەواتە کێ بـوو سروشـتی لەو شـتانە چرکـردەوەو کـێ بـوو جۆراوجـۆریەتی بەو مۆرکـانە بەخشـی؟بۆ نمـوونە گەر تـۆوی هەڵـوژەو قەیسـی بخەیـتە ناوخـاکەوە، هەریەکەو بەروبـومێکی جیـا لەوەی تـر بەرهەمـدێنێت، چ لەڕەنـگ یـا تـام یـاخود بۆنـدا، لەکاتێکـدا هەر بەیەك ئـاویش ئـاو دەدرێـن، لەگەڵ ئەوەی هەموومـان کـۆین لەسـەر ئەوەی: تۆوەکـان عەقڵیـان نـیەو درەختەکـان سوسـە (ادراك)یـان نـیە، ئەی چـۆن

ڕەگەکان ئاو دەمژن؟ و تەنانەت گەردیش دەپاڵێون، پاڵ بە شلەمەنیەکانی ناوەوە دەنێن و دەینێرن بۆ بەروبومەکان، ئێدی گیراوەیەك دەردەچێت و تامی خۆش دەبەخشێت، هەموو ئەمانە وامان لێدەکەن لە هۆکە بپرسین و نەك لەسەر نەزانراو بوەستین، نەك تەنیا بە وەسفکردنی ڕووکەشەوە بوەستین، نەك دیاردەکان بە هەڵە وەسفبکەین گوایە ئەوان هۆی ڕاستەقینەی وەدیهێنان بن، و ئێمەش دەزانین شیاوێتی تەنیا سیفەتێکە لە سیفاتی شتەکان، ئێدی چۆن بەدیدێنێت؟ تۆو سەبارەت ڕووەك بێگیانەو هۆش و فام ناکاتەوە؛ ئەی جۆراوجۆریەتەکەی چۆنە؟ گەر تێبینی ئەوە بکەیت ئێمە ناچار بین بە پێی ئەم تێڕوانینە بۆ مۆرکی شتەکان، بپرسین لە ڕاستی ئەو سروشتە، لەوەش بپرسین کێ ئەو شتانەی نەخشاندووە لەسەری؟ وچۆن کاریگەریی دەنوێنێت؟ و ئایا داهێنەرە یان پۆلێن دەکرێت و ڕێکدەخرێت؟ و ئایا خۆی کارلێکەرە یان کارلێکراوی شتانی ترە؟ ئەوا بۆت دەردەکەوێت کەسانی سروشتیی ئێمەیان لە یەك نەزانراوەوە گواستۆتەوە بۆ زۆر نەزانراو، و لە یەك بنەڕەتی گرنگ و یەکلاکەرەوەوە بۆ چەندان لقی دیاردەیەك کە یەکلانەکرێنەوە، لەکاتێکدا ئێمە لە بەدیهێنەری تۆو و چەکەرەسازی ناوکەکەی دەپرسین، ئەوا بەو تێڕوانینە کورتە- بە بێئاگایی- چووینەسەر سیفەتە کارلێکراوەکان کە هیچ توانا و پشکیان لەبەدیهێنانندا نیە، وگەر ئەو کورتبینیە نەبووایە لەلایەن کەسانی سروشتیەوە بۆ ئەم هۆ نامۆ دۆشدامانکەرانە بە بێ بوونی هیچ بیانوویەك، ئەوکاتە وەڵامی تێرو تەسەل و لۆژیکیمان دەستدەکەوت کە هاوتا دەبوو لەگەڵ ڕاستیە زانستیەکان، وەك لەم ئایەتەدا باسکراوە:

* إِنَّ اللَّهَ فَالِقُ الْحَبِّ وَالنَّوَىٰ يُخْرِجُ الْحَيَّ مِنَ الْمَيِّتِ وَمُخْرِجُ الْمَيِّتِ مِنَ الْحَيِّ ۚ ذَٰلِكُمُ اللَّهُ فَأَنَّىٰ تُؤْفَكُونَ. الانعام/٩٥*واتە: بەڕاستی خوا لەتکەری دەنك و دانەوێڵەیە بۆ ئەوەی بیپشکوێنێت و بڕوێت، زیندووش لە مردوو دەردەهێنێت، دەرهێنەری مردووشە لە زیندوو، ئا ئەوەیە خوای پەروەردگارتان، جا ئیتر بۆ کوێ لادەدرێن و بۆ کوێ وێڵ دەکرێن.

و بەوەی کەهەمـوو هۆکارەکـان دەگەڕێـنەوە بـۆ یەکەم بەدیهێـنەر، ئێـدی نەزانراوەکـان دەزانرێن و باسەکە یەکلادەبێتەوە.
جـا بـۆئەوەی ئەمە زیـاتر ڕوونبکەیـنەوە بـۆ ئەمە نمـوونەیەك دێنیـنەوە: ئەویـش جـوڵێنەری ئۆتـومبێلە. چـونکە جوڵانـدنی بەشـەکانی ئامێـرو سـوتاندنی بەنـزین، وهێـزی پـاڵنەر لە ئەنجـامی تەقیـنەوەدا، ئەوا هەمـوو ئەم تایبەتمەنـدیانە شـیاوێتی و مـۆرکن، ئایـا وایـدەبینی کە شـیاوێتی سـوتان و تایبەتمەنـدیی تەقیـنەوە و یاسـاکانی میکانیـك بەدیهێـنەری بـزوێنەرن و ئۆتومبێلیـان داهێنـا؟ بێگومـان شـیاوێتی جیـاوازە لە خـودی شـتەکان، هەرچەنـدە هـۆیەکە بـۆ پاڵنـانی دیـاردەکە، و دەرکەوتـنی ڕووەکـانی، بەڵام تەنیـا لە سـنووری ڕێکخسـتن و ڕیزکردنـدا دەمێنێـتەوە، نەك لەسـنووری بەدیهێنـان و داهێنانـدا، لەکاتێکـدا ئەو شـتە لە قۆناغەکـانی کۆتـادایە نەك لە قۆناغەکـانی سـەرەتای بەدیهێنـانی بوونـدا، جـا گەر کەسێك بیروبـاوەڕی سروشـتیی هەبێـت بـۆ داهێنـان و بیەوێـت لەو هەڵـدێرە خـۆی قوتاربکـات، ولەگەڵ ئێمەدا دانـی نـا بەوەی کە ئەم مۆرکـانە هەمـوو لاوەکـین لە بـواری زۆر بـوون و جۆراوجۆربوونـدا، بەڵام لە ڕاسـتیدا جۆرێـك نـیە کە پشـتیوانی هۆکـان بکـات، وەك لە پرەنسـیپی هۆکارێتیـدا لێیـدواین. ئەوا پێیـدەڵێین: گەڕایـتەوە سـەر ئەو بـنەڕەتەی لەمەوپـێش لێیـدواین و چەسـپاندمان، و نەشـیتوانیوە لە سروشـتی هـیچ بوونەوەرێکـدا هـۆی ڕاستەقینەی بوونی ئەو شتە لە نەبوونەوە بچەسپێنێت و بسەلمێنێت.
جـاگەر دەتەوێـت ئەم هـۆیە دەروونـیە لە پێکهێنـانی ئەم خـوا دروێنەی(سروشـت)دا لای هەندێك بزانیت، ئەوا لەم زنجیرەیەدا دەیدۆزیتەوە.
مرۆڤێـك سـیفەتی شـتێکی دیـاریکرد، پاشـان سـیفاتەکانی هەمـوو خسـتنە سـەریەك، ئەنجـا لەکـۆی سـیفەتەکان مەفهـومێکی پێکهێنـا، پاشـان ئەم مەفهـومەی دانـا بە شـیاوێتی یـان سروشـت، دەروونـیش بەلای پشـوو و کـورتکردنەوەدا لار دەبێـتەوە، ئێـدی ئەو سروشـتەی لە خەیاڵیـدایە دەیکـا بە زاتێکـی سـەربەخۆی کـارتێکەر. بەمجـۆرە خەیـاڵی مـرۆڤ لەسـەر ئەمە چەقبەسـتوو دەبێـت، خاوەنەکەشـی وایـدێت بە خەیاڵـدا خـوای بـوونەوەری دۆزیـوەتەوە، ئێـدی گـوێڕایەڵی دەکـات و گەردنـکەچ و تەسلیمـی دەبێـت، دوای ئەوەی کە بەدەسـتی خـۆی دروسـتی کـردووە، هەروەك

چـۆن بتپەرسـتان دەیـکەن، بۆخۆیـان دروسـتی دەکەن ، پاشـان وادەزانـن سـوودو زیان دەگەیەنن و پاشتریش دەیانپەرستن.

زۆر لێکچـوون هەیە لە نێـوان ئەوانەی بتیـان دەپەرسـت لە پێشـانداو دەمەقاڵێیـان لەسـەر دەکـردن، لەگەڵ ئەوانەی ئەمـرۆ سروشـت دەپەرسـتن و دەمەقـاڵێ لەسـەر دەکەن، هۆکـاری دەروونـی ئەمـانە هەریەکە، جـۆری هەڵەکەش هەر یەکە، ئەوەش بـریتیە لە دروسـتکردن لەسـەرەتاداو پاشـان خەیـاڵکردن بەوەی کـارتێکەری هەیە لە کۆتاییدا، قورئانی پیرۆزیش ئاماژەی بەم فێڵە کردووە لەئایەتەکاندا،

لەوانە: * مَا تَعْبُدُونَ مِن دُونِهِ إِلَّا أَسْمَاءً سَمَّيْتُمُوهَا أَنتُمْ وَآبَاؤُكُم مَّا أَنزَلَ اللَّهُ بِهَا مِن سُلْطَانٍ ۚ إِنِ الْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ ۚ أَمَرَ أَلَّا تَعْبُدُوا إِلَّا إِيَّاهُ ۚ ذَٰلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ . یوسـف/٤٠* واتە: جـا هەرچـی ئێـوە دەیپەرسـتن جگـە لـە خـوا، تـەنها خۆتـان و بـاو باپیرانتـان ناوتـان لێنـاون، هـەرگیز خـوا بـەوە ڕازی نـی یـە و، هـیچ بـەڵگـەیەکیشـی ڕەوانـە نـەکردووە لەسـەر پەسـەند کردنیـان، بـەڕاسـتی حـوکم و فـەرمانڕەوایی جگـە لـە خـوا شایسـتەی کەسـی تـر نـی یـە، فەرمانیشـی داوە جگـە لـە خـۆی کەسـی تـر نەپەرسـتن، هـەر ئـەوەش ئـایین و بەرنامـەی پەسـەند و ڕاسـت و دروست و بەنرخ، بەڵام زۆربەی خەڵکی ئەم ڕاستیانە نازانن و لێی بێ ئاگان.

* قَالُوا أَجِئْتَنَا لِنَعْبُدَ اللَّهَ وَحْدَهُ وَنَذَرَ مَا كَانَ يَعْبُدُ آبَاؤُنَا فَأْتِنَا بِمَا تَعِدُنَا إِن كُنتَ مِنَ الصَّادِقِينَ قَالَ قَدْ وَقَعَ عَلَيْكُم مِّن رَّبِّكُمْ رِجْسٌ وَغَضَبٌ أَتُجَادِلُونَنِي فِي أَسْمَاءٍ سَمَّيْتُمُوهَا أَنتُمْ وَآبَاؤُكُم مَّا نَزَّلَ اللَّهُ بِهَا مِن سُلْطَانٍ ۚ فَانتَظِرُوا إِنِّي مَعَكُم مِّنَ الْمُنتَظِرِينَ. الاعـراف/٧٠-٧١* واتە: وتیـان: ئایـا تـۆ هاتویتـە لامـان بـۆ ئـەوەی تـەنها خـوا بپەرسـتین و وازلـەو پەرسـتراوانە بهێنـین بـاو و باپیرانمـان دەیانپەرسـتن؟! کـەوابوو ئەگـەر تـۆ لـە ڕاسـتگۆیانیت ئـەو بـەڵێنانـەی کـە پێمـان دەدەیـت بۆمـان پـێش بهێنـە!! (هـود) فـەرمووی: ئیتـر ئـەوە بـەڵاو ناخۆشـی و خەشـمی خـوا کەوتـە سـەرتان، ئایـا ئـەوە ڕاسـتە ئێـوە موجادەلـەو دەمـە دەمـێم لەگـەڵ دەکـەن لەسـەر کۆمـەڵێـك بـت و پـەیکـەر کـە خۆتـان و بـاوو باپیـرانتان ناوتـان نـاون؟ بێگومـان هـیچ پـەیوەندیـەکیان بـە خـواوە نیـە، هـیچ بـەڵگـەیـەك لەلایـەن خـواوە دانەبـەزیوە کـە ئەوانـە بچـوکترین کاریـان بەدەست بێت، ئێوە چاوەڕێی بن، منیش لەگەڵتاندا لە چاوەڕوانانم.

بڕوانە مرۆڤی پێشین لە چ بوارێکەوە گومڕابوون، ئەمڕۆش چۆن گومڕادەبن، لەم باس و کێشانەدا لەسەرەتادا چەند ناوێکەو دایاندەنێن، پاشان لەکۆتاییدا وەك حەقیقەتێکی دروست و بەرپا لێیدەدوێن.

کورتەی قسان لەسەر سروشت ئەوەیە: یان شتەکان بۆخۆیان دروستبوون؛ ئەم وتەیەش لەهەموو ڕەچاوکردنێك وەلانراوە.

یان ئەو وتەیەی دەڵێن سیفات زات دروستدەکات، ئەمەش زیاتر پوچەو وەلادەنرێت وەك لە وتەی یەکەم، چونکە گەر زاتی شتێك دەسەوسان بێت لەدروستکردنیدا، چۆن سیفەتەکانی ئەو شتە دەتوانێت دروستی بکات؟

بەڵام سەبارەت ئەوەی کە شیاوێتی و قابیلیەت هۆی پاشەکیە وەك سەرجەم هۆکانی تر، ئەوا ئاتاجی هۆی یەکەم دەبێت و ئەمەش ئەوەیە کە دەیڵێین و مەبەستمانە.

کەواتە لە هەر سێ حاڵەتەکەدا دەبێت بگەڕێینەوە بۆ بەدیهێنەری سەرەتا، پاشان سروشت زۆر لەدواوەو دێت، لەکاتێکدا بەو کارلێکراو بووەو پێویستی پێبووە.

بەم جۆرە دەبینین سروشت - خوای درۆینەی دانراوی ئەم سەردەمە- لەبەردەم ڕەخنەی لۆژیك و ڕاڤەی زانستیدا خۆی ناگرێت و دەتوێتەوە، سەبارەت بوونەوەرانیش تەنیا سیفات و شیاوێتی و یاساکانە لەسەری دەڕۆن، چونکە سروشت شتەکان بەدی ناهێنێت.

## ٣-یەکتاپەرستی

گەر تـراویلکەی سروشـت لەبەرچاوانتـا ڕەویەوەو وایلێهـات ئاسـۆی زانینـی یەکەمـت لا ڕوونبـوەوە، ئەوا دەتوانیـت مەعـریفەو زانیاریـت تەواو بکەیـت سـەبارەت ناسـینی ئەو سـیفاتانەی – واتلێـدەکەن- لێـیان بکـۆڵیتەوە، بە پشتبەسـتن بەو ڕاسـتیانەی لەمەوپـێش باسـمان کـردن، و ئەو سـیفاتانەی لەمەوە بۆمـان دەردەکەوێـت، ئەوا دەڵێین:

ئەوزاتە **یەکەمیـنە (الاول)** هـیچ شـتێك لە پێشـیەوە نەبـووە، چـونکە گەر شـتێك لەپێشـیەوە بووبێـت ئەوا سـنووری بـۆ دائەنرێـت، سـنووریش لە سـیفاتی ڕووداو و بەدیهاتووانە، پێشتر وەلاخستنی ئەمەمان ڕوونکردەوە.

**ئەوکۆتـایە (الآخـر)** لەدوایەوە هـیچ شـتێك نـیە، ترسـێنەرو ئاگـادارکەرەوە هەرخۆیەتی، کەواتە ئەزەلی و ئەبەدییە.

و **ئەوزینـدووە (الحـي)** ژیـانێکی ڕەهـا چـونکە ئەو بەخشـەری ژیـانە بە زینـدەوەران، بـۆیە ڕێـی تێناچێـت ڕەهـا نەبێـت، چـونکە ڕێژەیـی لە سـیفاتی بەدیهێنـراو و بەرپابووەکانە.

و **ئەوبیسـەری زانـایە (السـميع العلـيم) بینـای بەتوانـایە (البصـير القـدير)**ـە، چـونکە ئەم سـیفەتانە پەیوەسـت و داخـوازی سـیفاتی ژیـانن، جـا کاتێـك ڕەهـایی سـیفەتی ژیـان بـوو، ئەوا ڕەهـایی پەیوەسـتی سـەرجەم سـیفاتەکانی تریەتـی، بەجۆرێـك کە بیستن و بینین و زانست و توانای بە هیچ جۆرێك دەسەوسانی ڕویان تێناکات.

**ئەویەکـی تـاك و تەنیـایە (الواحـد)** هـیچ هـاوەڵێکی نـیە لە موڵکدارێتیـدا، ئەم سـیفەتەش لەبەرئەو گـرنگیە مەزنە ومەترسـیە لە ڕادەبەدەری هەیەتـی، پێویسـتە بە شێوەی درێژتر لێی بدوێین:

ڕەنـگە لەم بەدوایەکـداهاتنی باسـەداو باسـکردنی سـیفەتەکانی پێشـوو، و دڵنیـابوون و سـووربوون لەسـەر تەواوێتـی ڕەهـای پەروردگـار، ئەوا یەکتاپەرسـتی دێـتەدی و

پێویستی به بەڵگەهێنانەوە نییە، چونکە چەندێتی(التعدد) پێویستی به بەڵگەهێنانەوەیە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا باسی یەکتاپەرستی زیاتر درێژە پێدەدەین، بە هۆی پەیوەندی بنەڕەتیەوە بە واقیعی ژیانەوە.
گوتنی گوتەی چەندێتی، ئەوا ئەتوانین کورتی بکەینەوە لە (دوانەیی- التثنیة)دا، جا گەر دووانەیی چەسپاو هاتەدی ئەوا چەندێتی دروست دەبێت بێ چڕکردنەوە، و گەر ئەمە لە بنەڕەتەوە پوچبووەوە ئەوا چەندێتی پوچدەبێتەوە، ئەوسا یەکتاپەرستی پێویست دەبێت.
جا گوتەی دوانەیی وا پێویست دەکات سیفەتێکی جیاکەرەوە هەبێت لە نێوان دوو شتدا؛ چونکە یەکسانی تەواو لەهەموو ڕووەکاندا شتێکی پوچە و بۆچوونەکان لە هیچ کاتێکدا نسایەنە دی، گەر بە تەواوی یەکەم بەسەر دووەمدا نەچەسپێت، ئێدی لە کۆتاییدا یەك (بوو- کائن) دەمێنێتەوە، جا گەر سیفەتی جیاکەرەوە نەبێت ئەوسا جیاکردنەوەش نامێنێت. گەر لە حاڵەتێکدا خۆبەزلزانێك وتی دەتوانرێت جیاکردنەوە لە نێوان دوو حاڵەتی یەکسانی تەواودا بکەین، ئەوا پێی دەڵێین تۆ بەڵگەت لەسەر خۆت هێنایەدی کاتێك لێکت جودا کردنەوە، ئەم جیاکرددنەوەیەشت بە درککردنی سیفەتی جیاکاریەوە بوو، جا بوونی سیفاتی جیاکاری یەکسانیی تەواو پوچەڵ دەکاتەوە، ئەوساش (بەرەندە-تفاضل) کردن لە نێوان دوو شتدا دێتە دی و بەمجۆرەش یەکێك لە بەرەندەکان دەکەوێت و تەنیا یەکێکیان دەمێنێتەوە.
گوتەی (تثنیة)ش لە ڕوانگەی بیرکاریەوە دوو شتی ڕەها دەگەیەنێت، ئەمەش شتێکی مەحاڵە، چونکە بوونی یەکێکیان ڕەهایی ئەوی تر وەلا دەنێت، لەمحاڵەتەشدا یا دەچێتە ناو ڕەهایی یەکەم، ئەوسا بە تەنیا یەکەم دەمێنێتەوە، یاخود لە سنووری یەکەم دەردەچێت و ئەوساش ڕەهایی یەکەمی گریمانەاوی دەکەوێت و دووەم دێتە دی، بەواتایەکی تر ڕەهایی دەوردەدراوە، و دەورەتادرێت و پەی پێنابرێت ولەئاکامیشدا یەك ڕەها دەمێنێتەوە.
ئەمە وێڕای ئەوەی بەڵگەیە لەسەر یەکتاپەرستی، هەروەها بەڵگەشە لەسەر بەرپابوونی گێتی و نەرێکردنی کۆنیی، چونکە وتەی کۆنیەتی دوو ڕەهایی

دەگـرێتەوە، ئەمەش وەك زانیـت شـتێکی مەحـاڵە، لێـرەوە واتـای قـوڵی ئەو ئـایەتە تێـدەگەین کە دەفەرمێـت * ألا له الخلـق و الامـر* الاعـراف/٥٤. واتە: بەدیهێنـان و کاروبار هی ئەوە.

بەمانـای نەك تەنیـا گـۆڕانی گەردوون ڕووداو وبەرپـابوویەکە، بەڵکـو گەردوون هەمـووی بەدیهـاتووەو گۆڕانکـاریش تێیـدا لەژێـر دەسـەڵاتی بەدیهێـنەردایە، کەواتە گەردوون بەرپابووە بە مادەو ماناکەیەوە.

جـاگەر بمانەوێـت مانـای ئەم ڕێگـایە سـەبارەت یەکتاپەرسـتی و چەنـدێتی ڕوونتـر بکەینەوە ئەوا دەڵێـین لە کـاتی دوو هەبـوودا ئەبێت یەکێکیـان توانـاو زانسـتی بەسـەر ئەویتـردا بشـکێت، جـاگەر نەتوانێـت بەمە هەسـتێت ئەوا شایسـتەی خـوایەتی نـیە و تەنیـا یەکێکیـان دەمێنێـتەوە، بەڵام گەرتوانـای لەسـەر ئەمە هەبـوو ئەوا بانگەشـەی خـــوایەتی دووەم نامێنێـت و تەنیـا یەکەم دەمێنیـتەوە و هەنـدێك لەفەیلەسـوفان ئەمە بە (بەڵـگەی بەرهەڵسـتیکردن- برهـان التمـانع ) نـاو دەبەن، بـۆیە دەڵـێن گەر دوو خـوا ببـوایەو یەکێکیـان بیەوێـت زەیـد هەسـتێت و لەهەمـان کاتـدا ئەوی تریـان بیەوێـت دانیشێ، ئەوسـا کـاریگەری ئەم دوو ویسـتە ئەبێـتە شـتێکی مەحـاڵ، چـونکە مەبەسـتەکە نـایەتەدی و دوو شـتی دژبەیەك لە یەك کاتـدا پـێکەوە کۆنـاکرێنەوە، جـا گەرتوانـای یەکێکیـان زاڵبـوو بەسـەر ئەویتریانـدا، ئەوا ئەوی دووەم دەستەوسـان و ژێرکەوتوو دەبێت، کەواتە نابێتە خوداو لەمحاڵەتەشدا تەنیا یەکێك دەمێنێتەوە.

ئیـبن جەریـر الطبـري ئامـاژەی بەم مانـایە داوە کە دەڵێـت: (هـیچ یەکێـك لەم دووانە نـابنە بەهێـز یـان دەسەوسـان، گەر دەسەوسـان بـن ئەوا دەسەوسـان ژێرکەوتـووە و شایسـتەی خـوایەتی نـیە، وگەر بەهێـز بـن ئەوا یەکێکیـان سـەبارەت ئەویـتر کەمتوانـاترە، کەمتوانـاش نـابێتە خـودا، گەر هەریەکەشـیان بەهێزتربێـت لەوی تـر ئەوا لەژێر هێزی ئەویتردا دەسەوسان دەبێت).

کەواتە هەر ئەو تاکوتەنیـایە دەمێنێـتەوە کە هـیچ شـتێك لەئاسـمانەکان و زەمینـدا دەسەوسـانی ناکـات، هـیچ کەسـێکیش گـوتەی چەنـدێتی نادرکێنێـت مەگەر خـاوەنی عەقڵێکـی سـەرەتایی بێـت و ڕوونیشـە بـیرۆکەی سروشتپەرسـتی(الوثنیة) خـاوەنی ئەندێشەی دروستکراون، هاتنەدی زۆر دوورەو لەگەڵ ژیریدا بەرەنگاردەبێتەوە.

بۆیە هیچ کەسێك نیە لە دنیادا پابەندی ژیری و لۆژیك بێت ووتەی چەندێتی بدرکێنێت. بەڵکو لێکۆڵینەوە دەمانگەیەنێتە یەکتاپەرستی، کەدوورە لە سیفەتی بەرپابوونەوە، وەك پێکەوەلکاندن ولقێتی ولەدایك بوون (الالصاق والتفریع والولادة)، جا هەروەك چۆن چەندێتی پوچە، ئەوا لەمەودوا بەسەرداهاتن وناکاو زیاتر جێی پوچەڵکردنەوە دەبێت، بەمجۆرەش چەندێتی هەرەسدێنێت، وەك دووانەیی وسیانەیی و هتد... مەخابن لەگەڵ ئەمەشدا کەسانێکی زۆر ئەمرۆ لەسەر ئەم باوەڕەن، بەڵام گەر کەمێك بۆ ژیری ولۆژیك بگەڕێنەوە ئەوا لەبەردەمیاندا هەموو بتەکانی هاوەڵپەیداکردن وچەندێتی پوچەڵدەبنەوە، بەهۆی بەهێزیی بەڵگەکان وڕاشکاویانەوە، ولەبەردەم شۆڕشی ژیریی وئەقڵ ئەم ناتەباییە بەدە خۆی ناگرێت، جانازانم کەی ئەوکاتە دێت بیرمەندە ئازادەکانی گێتی وئەو هۆشمەندانەی کە داماڵراون لە سروشتپەرستی پەردەو پەتی جاڵجاڵۆکەکان دەپچڕن وجیهان بەرەو یەکتاپەرستی دەبەن؟

قورئانی پیرۆز مەشخەڵی یەکتاپەرستی بۆ مرۆڤایەتی هەڵگرت، لە دووتوێیدا ئاماژە بە مەحاڵێتی چەندێتی دەکات وپوچێتی دەخاتەڕوو، وجەخت لەسەر یەکتاپەرستی وچەسپاندنی دەکات، لە ئایەتانێکی زۆردا چاکترین وبەهێزترین بەڵگەی بۆ خستووینەتە ڕوو:

* لَوْ كَانَ فِيهِمَا آلِهَةٌ إِلَّا اللَّـهُ لَفَسَدَتَا ۚ فَسُبْحَانَ اللَّـهِ رَبِّ الْعَرْشِ عَمَّا يَصِفُونَ. الانبیاء/٢٢*واتە: ئەگەر لە هەردووکیاندا (لە ئاسمان وزەویدا) چەند خوایەکی تر هەبوایە غەیری (الله)، ئەوە کاول وویران دەبوون وتێك دەچوون بەسەر یەکدا، پاکی وبێگەردی بۆ خوا کە پەروەردگاری عەرشە، لەو باس وخواسانەدا (کە خوانەناسان) دەیڵێن (هاوەڵ بۆ ئەو زاتە بڕیار دەدەن).

* مَا اتَّخَذَ اللَّـهُ مِن وَلَدٍ وَمَا كَانَ مَعَهُ مِنْ إِلَـٰهٍ ۚ إِذًا لَّذَهَبَ كُلُّ إِلَـٰهٍ بِمَا خَلَقَ وَلَعَلَا بَعْضُهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ ۚ سُبْحَانَ اللَّـهِ عَمَّا يَصِفُونَ عَالِمِ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ فَتَعَالَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ .المؤمنون/٩١-٩٢* واتە: هەرگیز خوا کەسی نەکردووە بە ڕۆڵەی خۆی و هیچ خوایەکی لەگەڵدا نی یە، چونکە ئەوکاتە هەر خوایەك دەچوو بەلای دروستکراوانی خۆیەوەو هەندێکی خۆی بڵند دەکرد بەسەر هەندێکی تردا (ئەوسا

بوونـەوەر تێکـدەچوو)، پـاکی و بێگـەردی بـۆ زاتـی خوایـە لـە بەرامبـەر ئـەو شـتانەوە کـە (خـوا نەناسـان) هـەڵی دەبەسـتن و دەیڵـێن. زانـای نهێنـی و شـاراوەکانە، هـەروەها زانـای دیـارو ئاشـکراکانە، بـەرزی و بڵنـدی بـۆ ئـەوە لەبەرامبـەر ئـەو شـتانەوە کـە (نـەفامان) دەیکەنە شەریك و هاوەڵی.

* هُـوَ الأَوَّلُ وَالآخِـرُ وَالظَّـاهِرُ وَالْبَـاطِنُ وَهُـوَ بِكُـلِّ شَـيْءٍ عَلِـيمٌ. الحديـد/٣* واتە: ئـەو خوایـە یەکەمینـە و لەسـەرەتاوەهەر هـەبووەو کـەس پـێش ئـەو نـەبووە، دواهەمینـە و کۆتایـە، کـەس دوای ئـەو نامێنێـت، (بـەڵام ئـەو هـەر دەمێنێـت)، هـەروەها ئـەو زاتـە دیـارە و هـەموو شـت بـەڵگـەیـە لەسـەر بـوونی، لەهـەمان کاتـدا زاتـی خـۆی نادیـارە و (بـەچاوی سـەر نابینرێـت، بـەڵام بـەبینایی بیروهـۆش و دڵ و دەروون ئاشـکرایە)، هـەر خۆیشی زانایە بەهەموو شتێك.

* أَلَا إِنَّهُـمْ فِـي مِرْيَـةٍ مِّـن لِّقَـاءِ رَبِّهِـمْ أَلَا إِنَّـهُ بِكُـلِّ شَـيْءٍ مُّحِـيطٌ. فصـلت/٥٤* واتە: ئاگـادارین بـەڕاسـتی ئەوانـە هـەرگومانیـان هـەیـە لـە بـەیەکگـەیشـتن و ئامـادەبوونی بـەردەم پـەروەرردگاریان، ئاگادارب‌ـە و دڵنیابـە کـە ئەوزاتـە بـە هـەموو شـتێك زانایـە و بە هەموو شتێك ئاگادارە ودەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە.

* قُـلْ هُـوَ اللَّـهُ أَحَـدٌ اللَّـهُ الصَّـمَدُ لَـمْ يَلِـدْ وَلَـمْ يُولَـدْ وَلَـمْ يَكُـن لَّـهُ كُفُـوًا أَحَـدٌ. الاخـلاص* واتە: بڵێ: ئـەو خـوای کـە نـاوی _ الله_ خوایـەکی تـاك و تەنهایە. خـوا زاتێکـی پایـەدارو دەسـەڵاتـدارە، نیـازی بـە کـەس نییـە. هـیچ کەسـی لێ نـەبووە و خۆشـی لـە کـەس نـەبووە. هـەرگیز هاوتـاو هاوشـێوە و دەسـەڵاتـدارێکی تـر نییـە کـە لەبەرامبەریـەوە بوەستێت و هاوشانی بێت.

بەمجۆرە ڕاسـتی یەکتاپەرسـتی بەدیهێـنەری دێـرین دەچەسـپێت، بەجـۆرێکی وا هـیچ بواری گومان و دوودڵی نامێنێتەوە.

بـۆیە زانایـانی لێکـۆڵەرەوە زۆر لە پێشـترن کە مەردومـان بـۆلای ئەم ڕاسـتیانە بانگهێشـت بـکەن، گومـان ودەردی چەنـدیێتی لایـان بـڕەوێننەوەو پـوچی و گەنـدەڵییان ئاشـکرابکەن، تـا لەتـاریکیەوە بەرەو ڕوونـاکی هەنگـاو هەڵگیرێـت، هەروا تـا لەدژیەکـیە بەدەکـانەوە بـگەنە تەبـایی و هاوتـایی و ژیربێژیـی ڕوون و ئاشـکرا. بەمجـۆرە دەروونـی مـرۆڤ لە دڵەڕاوکێ و گومـان و سـەرکوتکردن و دوودڵـی ڕزگـاری دەبێـت. بەڵام لەگەڵ

ئەمانەشدا گەر هەر لەسەر ڕێچکە لادراوەکان و بەرنامە سوك و بێنرخ و پێکەنیناوی و گریاناویەکان بمێننەوە ئەوا شیکاری دەروونی سەلماندوویەتی ئەمانە تەنیا وێنەیەکی بەرهەستین کە دەربڕین لە ئیفلاسی مرۆڤ دەکات گەر ڕێگەی ڕاست نەگرێتەبەر.[1]

---

(١) الوجود الحق، دکتۆر حەسەن هوێدی

## ٤- گەڕانەوە بۆ دەسپێك

بـۆ زیـاتر تەواوكـاریی هەمـوو لایەنە بـڕوا پێكەرەكـانی ئەم باسـە- باسـی سروشـت و هۆكـارێتی و یەكتاپەرسـتی- ئەوا ئەم نـامە ڕێكـوپێكەی بەدیعولزەمـان سـەعید نوورسـی- ڕەحمەتـی خـوای لێبێـت- دەخەیـنە ڕووكە لەمبـارەوە ڕوونـی دەكـاتەوەو نووسیویەتی:

*قالـت رسـلهم أفـي الله شـك فـاطر السـموات والارض. ابـراهيم/١٠*واتە: پێغەمبـەرانیان وتیـان: باشـە، ئـاخر گومـان لـە چـی دەكـەن؟ ئایـا لـە خـوای پەروەردگاردا گومان هەیە؟! بەدیهێنەری ئاسمانەكان و زەوی؟

بیـر لەم ئـایەتە بـكەرەوە بـزانە چـۆن نیشـانەی سەرسـوڕمانی نكۆڵیكـاریی تێـدایە، كە بەڵـگەیە لەسـەر ئەوەی دان نـان بە تاكوتەنیـایی (اللە)ی پەروەردگـاردا لە ڕوونتـرین ڕاسـتیەكانە لای كەسـانێك گەر جارێـك بە چاوانیـان ئەم ئاسـمان و زەمیـنە ببیـنن و چـاوی پێدابخشـێنن، بەڵام لەگەڵ ئەمەشـدا ئەوەی ئەمـڕۆ هەنـدێك لە موسـڵمانان بەچەنـد وشـەیەك دەیڵـێن، بەلایەنـی كەمەوە كەمترینـی سەردەكێشـێت بـۆ بێباوەڕبوون بەم ڕاستیە گەورەیە.

جـا لێـرەدا لە سێ وشـە دەكـۆڵمەوە كە تەنیـا كەسـانی بێمێشـك و بێئاگـا لە ڕاسـتی شـتەكان دەیـدركێنن، لەگەڵ بێبـاوەڕێكیش شـانازی بە بێبـاوەڕیەكەیەوە بكـات و دەهـۆڵی بـۆ بژەنێـت، ئەوانـیش یەكەمیـان ئەوەیە كە (هۆكـار بەدیهێنـاوە)، دووەم(لەخۆڕا بەدیهاتووە)، سێیەم (سروشت دروستی كردووە).

لەڕاسـتیدا زۆر مەحـاڵ لە بنەمـای ئەم گـوتنە بێمانـاو پوچـانەوە دروسـت دەبـن، كە ئەگەر بە درێژەپێـدانێكی زانسـتی فـراوان بیژمێـرین؛ ئەوا زیـاد لە ٩٠ مەحـاڵ دەبـن،

که زانستی هیچ زانا وژیریی هیچ هۆشمەندێك دانیان پێدا نانێت بەڵام من تەنیا لە دەیەکی دەدوێم و بەم ڕستەکورتانە باسیان دەکەم:

**یەکەم مەحاڵ** ئەوەیە: لەبەرەنجامی وشەی (هۆکان بەدیهێناون) سەریهەڵداوە، پوچەڵی ئەم گوتەیەش لەم نموونەوە دەردەکەوێت: گەر پێویستمان بە گیراوەیەك بێت کە لەچەند دەرمان و گیایەکی جۆراوجۆر دروستبکرێن بە تێکەڵکردنی ڕێژەیەکی دیاریکراو، کەمی دەرمانسازیش هەستا بە ئامادەکردنی ئەم گیراوەیە بە پێی پێوانەی پەروردەکاریی، بەجۆرێك بەشێك لەم گیراوەیە کەمتر یا زیاتر بێت ئەوا بە پێچەوانەی سوودکەیەوە دەشکێتەوە.

جا بۆ نموونە گەر بومەلەرزەیەك ڕوویداو ئەو مادانەی گیراوەکەی لێدروست دەبێت هەموویانی خست و شوشەکانی شکاندو دەرمانەکانی ناوی ڕژاندو تێکەڵ بەیەکبوون، ئایا دەبێت لە ئاکامی ئەم تێکەڵبوونەدا بڵێین ئەوگیراوەیەی دروستبووە وەك ئەوگیراوەیە وایە کەدەرمانسازەکە بە پێوانەیەکی وردو شارەزایی وزانستی و حسابێکی ڕێکوپێك پێی هەستاوەو دروستی کردووە؟ و ئایا کەس بەمە باوەڕدەکات جگە لە کەسێك نەبێت بەخششی بیرکردنەوەو ژیریی لەدەست دابێت؟

هەموو خاوەن ژیانێك لەسەر ئەم زەویەدا گیراوەیەکی قەشەنگە، لە ملیۆنەها بەشی سەرسوڕهێنەری جیاواز پێکدێت، کە بە پێوانەیەکی ڕێژەیی و حیکمەت و یاسا پێکهێنراون، بێگومان گێڕانەوەی ئەمە بۆ کاری هۆکاری مادی بێ جوڵە ڕەگەزی بێگیانی بێدەنگ، دائەنرێت بە خراپترو بۆگەنتر لەوەی بڵێین دەرمانەکان لەئاکامی بەریەك کەوتن و ڕژانیان گیراوەیان لێپێکهات.

**دووەم مەحاڵ**: گێڕانەوەی بەدیهێنانی شتەکان بۆ هۆکارە مادیەکانی، وا پێویست دەکات کە زۆر ڕەگەزو هۆکاری وردو دژیەك کاریگەری ڕاستەوخۆی لەبەدیهێنانی شتەکاندا هەبێت. وەلێ پێکگەشتنی هۆکارە جیاوازە ئاشکراکان: هەندێکیان بە هەندێکی تریان، بە ڕێکەوتن لەلایەکەوەو بەوپەڕی وردەکاری هاوکێش لە لایەکی ترەوە، بۆ نموونە لەبەدیهێنانی مێشدا گەر لەوپەڕی مەحاڵەکان نەبێت ئەوا لە دژوارترین ڕێتێنەچووەکانە، چونکە لەشی ئەو مێشە لەگەڵ بچوکیدا پەیوەندی لەگەڵ زۆربەی ڕەگەزو هۆکارە مادیەکاندا هەیە کە لە گەردووندا بڵاوبوونەتەوە،

بەڵکو بە ڕاستی پاڵفتەو کرۆکیەتی، جاگەر بڕوا بەوە بکەین ئەم بوونەوەرە بچوکە بۆ ئەو هۆکارانە دەگەڕێنەوە ئەوا پێویست دەبوو کە هەموو ڕەگەزو هۆکارەکان لە زاتێکدا کۆببنەوە لە کاتی بەدیهێنانیدا، بەڵکو دەبوو هەمووی لە لەشیدا هەبێت، بەڵکو لە گۆشەیە لەگۆشەکانی لەشیدا، چونکە هۆکاری مادی دەبێت بوونی هەبێت لەگەڵ هۆسازێنەرەکە لە ناویدا، بە واتایەکی تر دەبێت ئەم ڕەگەزە مادیە دژانە بەردەوام تێیدا کۆبێت. کاری خۆی بکات لە هەموو سوچ و پەنایەکی لەشی مێشەکەدا، بێئەوەی هیچ شتێك پاڵی پێوەبنێت بۆ ئەو تێگەشتن و کاریگەرییە.

ئایا ئەمە خەیاڵێکی پوچ نیە کە تەنانەت نەفامانی سۆفستائیەکانیش باسی ناکەن؟

**سێیەم مەحاڵ:** ڕێسایەکی بەڵگەنەویست دەڵێت: (یەك تەنیا لە یەکەوە دەردەچێت)، واتا هەرشتێك بە یەکێتی یاساو تەبایی و پێکەوەگونجان وەسفکرابوو لە شێوەو ڕووکەشیدا، بێگومان دەبێت کارلێکەرەکەی یەك بێت، پێویستی هاوکۆکی نێوان پێچەوانەکان و کۆکردنەوەی نێوان شتە جیاکان لە یەك جۆرو ڕەگەزدا تەنیا بەوە دەبێت کە زیاد لە توانا و دەستێك تێیدا هاوبەش بن، بێگومان ئەم جیهانە بەرفراوانەش یەکێتیەکی پڕ تەبایی و ڕێکخستن کۆیدەکاتەوە، جا پاش ئەمە گەر گێڕانەوەی هاتنەبوون بۆ هۆ بێگیانە تێکەڵاوەکان بگێڕدرێتەوە کە هیچ هەست و ژیریەکیان نیە، بەگەورەترین ئەفسانەی پێکەنیناوی دادەنرێت. چونکە هۆ مادیەکان تەنیا بە هۆی بەیەکگەیشتن و ڕاستەوخۆیی کار دەکەن، بێگومان هاوڕەگەزبوونیشیان لە ڕووکاری بوونەوەران و شێوەکانیاندا دەبێت، لە کاتێکدا لە ناوەرۆکیان و لە پشت سنوورەکانی هەستەوە ئەوپەڕی ڕێکوپێکی و سەرسامی و تەبایی تیایاندا هەیە کە لە ڕووکەشیاندا نیە، ئەدی کوا هۆکارە مادیەکان کە دۆزیونیەتیەوە؟ بەڵکو ئەو کەسە لە کوێیە کە دەتوانێت پەی بە پەنهانیی ئەو ناوەڕۆکە ببات؟ لە نێوان هۆکارلێکەرو هۆکارلێکراوەکەدا و لێکیان جیابکاتەوە،هەروەها بتوانێت لەکات و ناوەڕۆك و سنووردا لێکیان جیابکاتەوە.

بەڵام سەبارەت وتەی دووەم **(کە لەخۆڕا دروست بووە)**: ئەمیش چەندان مەحاڵ لەخۆدەگرێت کە چاوان لە ئاستیانا کوێر نابێت. بەڵام بیرمەندی موچیڕ ڕەنگە (خۆبەزلزانین) بەرگی کەللەڕەقی و نەفامی بەبەر ببڕێت لەکاتێکدا مرۆڤی ئاسایی ڕەنگە

گەردنکەچـی یەك مەحـاڵ نەبێـت کە بە بیریـدا بێـت، کەچـی نمـوونەی ئەو کەسـە مـوچیڕە: لای گرنـگ نـیە بەرگـری لە چەنـدان مەحـاڵ بکـات، کە لەپـوچگەرێتیەوە هەڵقـوڵاون، سـوێندیخواردووە نابێـت دەسـبەرداری بێـت، ئەی مـرۆڤ تـۆ مـادەیەکی سـاکار نیـت و بە شـێوەیەکی بێگیـان و نەجـوڵاو لەسـەر بوونـدا فـڕێنەدراوی، بەڵکـو تـۆ ئـامێری کـاریگەریی زۆر وردەکـاری گەورەیـت، لە وردەکاریـدا ئەوپەڕی سەرسـامی و تەبایـیـت لەخـۆ گرتـووە، لە لەشـتدا گەردی کـارگەر هەیە کە بەردەوام لەکـاردان. لەشـی تـۆ کـارلێکەریی هەیە – لەوپەڕی ڕێکوپێکیـدا- لەگەڵ هەمـوو دیاردەکـانی بـوون لەدەوروبەرتـدا، کە لە کـارلێکی کـڕین و فرۆشـتن و وەرگـرتن و بەخشـین دەچێـت.. ملیۆنەهـا گەردی کـارگەر لە لەشـتدا بە بەردەوام لە پاراسـتنی ڕەوتـی ئەم کـارلێکەریی و وردەکـاریەی یاسـاکەیدان، لێـرەوە بـۆت دەردەکەوێـت تەنیـا هاوتـایی و تەبـایی لە نێـوان گەردەکـانی لەشـی تـۆدا نـین، بەڵکـو لە نێـوان کـۆی ئەم گەردانەو بـوونی دەرەکـی دەوروبەردان، ئەمە ئەوە دەگەیەنێـــت کە یەکێتیەکــــی ڕێکــــوپێکی بەردەوام هەیە لەوپەڕی وردەکاریـدا لە نێـوان بـوونی ئەندامیی(عضـوي: فیسـیۆلۆجی) تـۆ و بـوونی سەرجەم بوونەوەرانی دەوروبەری تۆدا!!

جـاگەر ویسـتت ڕەفـزی ئەو بـاوەڕە بکەیـت کە ئەو گەردانەی لە لەشـتدا کـار دەکەن بە پێـی یاسـای بەدیهێـنەری ئەزەلـی و مەزن دەجـوڵێن، ئەوا پێویسـت دەبێـت لەسـەرت بڵێیـت ئەو گەردانە (بـۆ نمـوونە کە لە شـانەیەکی چاوتـدا کـار دەکەن) ئەقڵێکـی فەیلەسـوفیی مەزنیـان تێـدایە، کە یاسـای ڕێکەوتـن و هاوتـایی لە نێـوان هەمـوو گەردی لەشـت لە لایەك و گەردێـك لە گەردەکـانی ئەم بـوونەی دەوروبەرت لە لایەکـی تـرەوە سـازاندووە، ئیتـر ئایـا ئەو بـوونەوەرە هەوا بێـت یـا ڕوونـاکی یـا خـواردن و خـواردنەوە بێـت، یـان هەر شـتێکی تـر، وەك چـۆن دەبێـت هەریەك لەو گەردانە خـاوەنی بیـرو هـزری خـۆی بێـت، کەلەدوانـگەی زەمـانەکەت تێبگـات، و ڕەگەزەکـانی بـاوو باپیـرانت حـاڵی ببێـت، و ڕابـردوو و داهـاتووت پێشـبینی بکـات... بەڕاسـتی ئەم پـوچگەرێتیە کەللەڕەقی خۆبەزلزانینە!!

بەڵام گەر وەڵامـدانەوەت بـۆ جیهـانی گەردەکـان و یاسـاکەی هەمـان وەڵامـت بێـت بـۆ جیهـانی هەسـتپێکراوت، بەو واتـایەی کە هەمـان هۆکـاری مـادی و کـارلێکە زاتیەکـانی

هەیە، ئەوا پرسیار لە جیهانی سێیەمەوە رووبەرووت دەبێتەوە کە لە پشتیانەوەیە، و لە هەردووکیان وردترە، بەم جۆرە هۆکارو فاکتەرەکان بە شێوەیەکی دوایی نەهاتوو بەدوای یەکدا دێن، بە جۆرێك درێژ دەبێتەوە تا ئەو شوێنەی لە پشتیەوە موچڕکی کەللەڕەقان و نکۆڵی خۆبەزلزانان هەبێت.

وتەی سێیەم کە دەڵێن (سروشت بەدیهێنەرە) ئەمیش زنجیرەیەك هەڵەشەی پێکەنیناوی بەدوادا دێت، بەم جۆرە کورتیان دەکەینەوە:

١- خاوەنی ئەم وتەیە دەبێت وایدابنێت هەموو گەردێك لە گەردەکانی بوونەوەر کۆمەڵێك فاکتەرو کاریگەری لەخۆگرتووە کە ئەم کۆمەڵە گەردوونیەیان پێکهێناوە، بەجۆرێك هێندە تواناو وزەی تیا بێت ئەو جیهانە تەواوەی دەوروبەرمان دەیبینیت بەدیبێنێت، ئەو توانایە دەبێت بەوکارە هەستێت و جێبەجێی بکات.

جا گەر لە هەر گەردێکی بوونەوەردا سروشتێکی بەدیهێنەر هەبێت، کە کارسازی حەکیمە، جیا لە شتانی تر، پەیوەندی بە پێشەوایەتی گشتی خۆی و هاونموونەکانیەوە نەبێت، ئەوا هیچ دەرفەتێك نیە بۆ پەیوەستی بەم بیردۆزەوە...

وەك ئەو کەسەی تیشکی خۆر دەبینێتەوە لە تنۆکی ئاودا دەردەکەوێت یان لە پارچە شوشەیەك و تەنە ناسکەکاندا، کەچی نکۆڵی دەکات و دەڵێت لەهەر یەکێ لەو تەنانەدا (لەسروشتەکەیاندا) تیشکی سەربەخۆی خۆیان هەیە. بێگومان دەبێت پەیوەست بێت بەوەی دانبنێت بە بوونی خۆرێکی ڕاستەقینەدا، سەربەخۆ بێت لەهەریەك لەو تەنە گەشانە بە جیا.

جا کەسێك بیەوێت بەو ئاکامە ئەفسانەییە پێبکەنێت، ئەوا باشترە لە سەرەتادا بەو ئەفسانەیە پێبکەنێت کە لەسەرەتادا بانگەوازی دەکردو بنیاتی دەنا.

٢- خاوەنی ئەم وتەیە دەبێت پەیوەست بێت بەوەی بستێك لەهەر پارچەیەك زەوی دیاریکراو شتانێك لەخۆ دەگرن کە هیچ دەوڵەتێکی جیهان نایگرێتەخۆ، لە کارگەو چاپەمەنی و مادەی سەرەتایی جیاواز؛ بە جۆرێك پەرداخێك خاك کە ڕووبەرەکەی لە بستێك تێپەڕناکات ڕێی تێدەچێت سەرجەم جۆرە جیاوازەکانی ڕووەك و گوڵزارەکانی جیهانی تیا بڕوێت، بە شێوەی بەدوایەك هاتن.. جاگەر توانستی پەروەردگاری مەزن نەبێت کە لەو زەویەدا توانای کارلێکردنی بەرپا کردووە، لەگەڵ

پێشـــوازیکردن لە جۆرەهـــا ڕووەك و تـــۆو، کە بـــۆ هەریەکەیـــان زات و شـــێوەو تایبەتمەنـــدی جیـــاوازی پێدەبەخشـــێت، کەواتە دەبـــوو لەو خـــاکەدا توانســـتی جیـــاوازو دژیەك هەبـــووایە، بەڵام وەکـــو وتـــم دەبـــوو وزەی پیشەســـازیەکانی ئەوروپـــا هەمـــووی لەو بســـتە زەویەدا بـــووایە، چـــونکە وەك ئاشـــکرایە مادەکـــانی تۆو(نطـــف و بـــذور) هەریەکـــن و جیـــا نـــین، ئەویـــش بـــریتیە لە تـــێکەڵەیەك لە پێکهـــاتەی ئـــاوی، پێکهـــاتەی ترشـــەڵۆکی، کـــاربۆن، ئـــازۆت، مادەکـــانی ئـــاو، وەهەوا گەرمـــایی و تیشـــك، ئەمەش شـــتێکی ســـاکارەو لە بوون و کاریاندا جیاوازی نیە لە نێوان ڕووەکێك و ڕووەکێکی تر.
لەگەڵ ئەمانەشـــدا؛ ئەو هەمـــوو ڕووەکـــانە لەســـەر یەك جـــۆر زەوی دەڕوێـــن، هەریەکەیـــان ســـیفەت و تایبەتمەنـــدی و ڕەنـــگ وبـــۆنی خـــۆی هەیە، کەواتە دەبێـــت لەو خـــاکەدا شـــتێکی تـــر هەبێـــت، جـــگە لە مـــادە ناســـراوەکانی تـــۆو خـــاك و هەوا، وا لەم تـــۆوانە بکـــات خاســـیەتی دروســـتبوون و جیاکاریـــان پێبەخشـــێت، جـــا بیـــربکەرەوەو تەماشای دووریی ئەم قسەیە بکە لە ژیریی و هزرەوە!!
٣- لێـــرەدا نمـــوونەیەك دێـــنمەوە وەك لە هەنـــدێك لە نامەکـــانی ترمـــدا باســـم کـــردووە، حـــاڵی ئەو کەســـانە دیاردەخـــات خۆیـــان ســـەر بە سروشـــت لەقەڵەم دەدەن.. بـــا وای دابنێـــین لەنـــاوجەرگەی بیابانێکـــدا کۆشـــکێکی قەشـــەنگی تیـــایە، بەباشـــترین شـــێوەو لەســـەر وردتـــرین ئەنـــدازە بنیاتنـــراوە.. وایـــدابنێ بیابـــان نشـــینێکی گێـــل و نەزان دەچێـــتە نـــاو ئەو کۆشـــکەوە، کەلەمـــاوەی ژیانیـــدا لە خێـــوەت زیـــاتر هیچـــی نەبینیـــوە، جـــابیری لە ڕازاوەیـــی و نەخـــش و ڕووکەشـــی وردەکاریەکـــانی کـــردەوە، پاشـــان بە دەروونـــی خـــۆی گـــوت لەم بیابـــانەدا کەســـێکی وای تیـــا نـــیە بتوانێـــت شـــتێکی وا ســـاز بکـــات، ئێـــدی وای دێـــت بە بیـــردا بینـــاکەرەکە لە خـــودی بینـــاکەدا بەرجەســـتە دەبێـــت.. پاشـــان ئەمـــدیوو ئەودیـــو دەکـــات و لە ژوورەکانـــدا بەدوایـــدا دەگەڕێـــت، کەچـــی هـــیچ کەس نـــابینێتەوە، بەڵام چەنـــد کاغەزێـــك دەبینێـــت تیایانـــدا نەخشـــەی بیناســـازی و کەرەســـەکان و درێـــژەی باســـی ئەنـــدازەیی تێـــدایە، پاشـــان بیـــر دەکـــاتەوە ئەم کـــاغەزانە دەســـتوچاویان نـــیە، بـــۆیە نـــاتوانن کـــاری بیناســـازی ئەنجـــام بـــدەن. بەڵام پـــاش کەمێـــك بەردەوام دەبێـــت و دەڵێـــت: بەڵام ئەوەتـــا کاغەزەکـــان لەدوای یاســـای دامەزرانـــدن و چـــۆنیەتی پێکهێنـــانی دەکۆڵێتەوە، کەواتە جگە لەوە هیچ بیناسازو دروستکەرێکی نیە.

هەروەهـا بیابـان نشـینێکی نەفـام کە هـزری تەنیـا جێـی نـاوی سروشـتی تیـا دەبێـتەوە دەچێـــتە نـــاو ئەم گەردوونە مەزنەوە، زۆر سەرسـام دەبێــت بەو داهێنـــانەی کە داهێـنەرەکەی لەدەوروپشـتیدا هەسـت پێناکـات – بەهـۆی کورتبینـی ژیـریەوە- بیـر دەکـاتەوە لە دوتـوێی لاکانیـدا، ئێـدی ئەو پـارچە لەوحە دەدۆزێـتەوە کە یاسـاکانی فیتـرەی خـوایی ورێسـای دەسـکردی داهێـنەرانەی لەسـەر نووسـراوە، کە – بەهەڵە بە سروشـت نـاوزەد کـراوە- پێـی سەرسـام دەبێـت و لەگەڵ خۆیـدا دەدوێـت – لەکاتێکـدا لە بێئاگـایی ئەقڵیـی تەواودایە- بێگومـان دەبێـت ئەو پـارچە لەوحە بە یاسـاکانیەوە کە لەسـەری نووسـراوە داهێـنەر بێـت و ئەم داهێنـانەی بەخشـیوە، و ئەم دروستکراوانەی دروستکردووە.

ئـێمەش دەڵێـین: ئەی بێهۆشـی کەلـلەپوچ سـەرت لەسـەر بیر(بئـر)ی سروشـت هەڵبـڕەو لەپشـت خـۆتەوە تەماشـای بەدیهێـنەری گەردوون بـکە، ئەوەی ئەم بینـایەی بەدیهێنـاوە، لە توێکانیـدا لەبەرچاوتـا یاسـاکانی بنیاتنـانی و دەسـتووری بەدیهێنـانی ئاشـکرا کـردووە، ئەو پەروەردگـارە بەدیهێـنەرە ئەزەلیـیەی کە خـودای هەردوو جیهانیانە (ﷻ)، نەك ئەو سروشتەی تۆ لەو ئینكارترو نەفامتری.

**سروشـت دروسـتکراوە نەك دروسـتکەر، نەخشێنـراوە نەك نەخشـێنەر، حـوکمە نەك حـاکم، شـەریعەتە نەك شەریعەتسـاز، بەدیهێنـراوە نەك بەدیهێـنەر، کارتێکراوە نەك کارتێکەر، سەرچاوەی گرتووە و بەخشراوە نەك سەرچاوەبەخش.**

وتەی زانا شێخ سەعید نوورسی - ڕەحمەتی خوای لیبێت - تەواو بوو.

# بەڵگەی دیارد گەردوونیەکان لەسەر خوداو ناوە پیرۆزەکانی

هەر دیاردەیەك لە دیاردە گەردوونیەکان ئاماژەی ناوێکی خوای پاك و تەنیاو بێهامتا دەکات، ئەو ناوانەش کە دیاردەکان ئاماژەیان پێدەکات دەمانگەیەننە سیفەتەکانی خودای بەشکۆو مەزن، سیفەتەکانی خوداش زۆرن، هەندێك لەوانە ئەوانەن کە تەنیا دەقەکان ئاماژەمان بۆ پێدەکات، ئەوانەش سیفەتە بیستراوەکانن، هەندێك لەوانەش دیاردە گەردوونیەکان و دەقەکان ئاماژەمان بۆ پێدەکەن، ئەوانەش سیفاتی کردارەکانن، سیفاتەکانی کرداریش دەمانگەیەننە سیازدە سیفەت: یەکێك لەوانە زاناکان ناویان ناوە (نفسی- خودیی/ دەروونیی) ئەویش هەبوونە، پێنج لەوانەش زاناکان ناویان ناون بە (سلبي) ئەوانەش کۆنی و مانەوەو تەنیایی و وەستان بەخودو جیاوازی لەبەرپابووەکان، حەوت لەوانەش زاناکان ناویان ناون بە سیفاتی ماناکان یان سیفاتی بوون(وجود)، کە ئەوانیش زانست و ویست و توانا و ژیان و بیستن و بینین و قسەیە.

***

خودا خاوەنی وەسفەکانی سیفاتی تەواوێتی و شکۆو جوانیە، تەنیا بەو ناوانەش ناو دەبرێت کە خۆی پێ ناوناوە، لەهەموو ئەمانەشەوە دەگەینە ناوە جوانەکانی خودا، کە هەندێکیان سیفاتی کردارە، هەندێکی تریان سیفاتی مانایە، هەندێکی تر سیفەتی سلبە، هەندێکیشیان سیفاتی شکۆو جوانی و تەواویە، هەموو ئەمانەش لە دیاردەکاندا ئاماژەیان پێکراوە، چ بەشێوەی ڕاستەوخۆ بێت یان ناواخندار، ئەم باسەش بەهەموو ئەمانەدا دەتبسات، لەگەڵ ئەو دەرهاویشتنانەی لە جێگاکاندا پێویستی باسکردنیان دەبین، کەواتە با لەسەرەتاوە باسەکە بخەینە روو:

ڕێسایەك هەیە دەڵێت: شوێنەوار بەڵگەیە لەسەر ناوەکان، ناوەکانیش بەڵگەن لەسەر سیفاتەکان، سیفاتەکانیش بەڵگەن لەسەر زات، با نموونەیەك لەمبارەوە بۆ ڕوونکردنەوە بهێنینەوە: گەر لە پەڕتووکێك بکۆڵینەوە ئەوا بەهۆیەوە دەتوانین زۆر لە سیفاتەکانی خاوەنەکەی شارەزا ببین، ئێدی بە تەواوی دەتوانین بیناسین، گەر پەڕتووکەکە لەمەڕ ئەدەب بوو ئەوا دەتوانین حوکم بەسەر نووسەرەکەیدا بدەین کە ئەدیبە، گەر دەربارەی داهێنان بوو ئەوا دەتوانین بڵێین خاوەنەکەی داهێنەرە، یان گەر لە سنووری یاساکانی (نەحو)دا دوا، ئەوا دەتوانین بڵێین کەسێکی نەحویە، یان گەر ڕەوانبێژیی بوو ئەوا دەتوانین بڵێین خاوەنەکەی ڕەوانبێژە، و گەر پەی بە باسەکان بردبوو ئەوا دەتوانین بڵێین کەسێکی پەی بەرە، و گەر وردەکاری تیا بوو لە خستنەڕووی جوانی و قەشەنگیدا، دەشێ بڵێین خاوەنەکەی خاوەنی وردەکاری و سەلیقەیە، یان گەر هاتوو پەڕتووکەکە ڕێکوپێك و ڕێکخراو بوو بەشێوەیەکی تەباو گونجاو و زنجیرەداریی لە بیرۆکەدا، ئەوا دەتوانین حوکم بەسەر نووسەرەکەیدا بدەین بەوەی کەسێکی پێگەشتووە، یان گەر لە پەڕتووکەکەدا زانستێکی زۆری تیا بوو دەشێ بە نووسەرەکەی بڵێین خاوەنی زانینە، ئابەمجۆرە هەر دیاردەیەك لە پەڕتووکەکە سیفەتێك لە سیفاتەکانی خاوەنەکەیمان بۆ دەستنیشاندەکات، هەر بەو بۆنەیەوە ناوێکی پێکهاتوو لێوەی بۆ خاوەنەکەی دەدۆزینەوە، کە پەیوەندی پێوەی هەبێت، بۆیە دەتوانین جۆری مەعریفەی خاوەن پەڕتووکەکە بزانین.

جا با ئەم ڕێسایەی ڕابردوو بەسەر باسەکەماندا بچەسپێنین.

لە لاپەڕەکانی ڕابردوودا نۆ دیاردەی گەردوونیمان باسکرد، هەر دیاردەیەك لەو دیاردانە بەڵگەن لەسەر ناوێك یان چەند ناوێکی پەروەردگار، گەردوون شوێندەستی پەروەردگارە *فـآنظر الـى آثـار رحمـة الله* الـروم/٥٠ . واتە : بنواڕە شوێنەوارانی ڕەحمەتی خودا.

شوێنەوارەکانی پەروەردگاریش بەڵگەن لەسەر ناوەکانی، ناوەکانیش دەمانگەیەننە سیفاتەکان و سیفاتەکانیش دەمانگەیەننە زاتی کردگار.

جا دیاردەی کۆنی و بەرپابوونی گێتی بەڵگەیە لەسەر ناوی (الأول و الخالق)ی پەروەردگار، دیاردەی ژیان بەڵگەیە لەسەر ناوی(المحي والبارىء و المميت)، دیاردەی ڕێپیشاندان بەڵگەی دوو ناوی(هادي و مضل)ن، دیاردەی داهێنانیش بەڵگەیە لەسەر ناوی(البديع)ی پەروەردگار، دیاردەی وڵامدانەوە گەواهیدەری ناوی (المجيب)ـە، دیاردەی بەخشین گەواهی ناوی( المنعم و المعطي)یە، ودیاردەی یەکێتی گەواهی ناوی(الواحد)ی (الله)یە، دیادەی حیکمەتیش بەڵگەیە لەسەر ناوی (الحكيم)ی خوا گیان.

بەم پێیە هەر دیاردەیەك لەگەردووندا کە باسمان کردوون یاخود باسمان نەکردوون، بەڵگەن لەسەر ناوێك لە ناوەکانی پەروەردگار. دیاردەی ڕۆزیی پێدانی هەموو بوونەوەران بەڵگەن لەسەر ناوی (الرزاق)، دیاردەی سەرفرازیی و زەلیلکردنیش بەڵگەن لەسەر دوو ناوی (المعز و المذل)، دیاردەی چەسپاویی یاساکانی گەردوون گەواهیدەری ناوی (المهيمن)ی الله یە، دیاردەی بوونی بوونەوەران بەڵگەیە لەسەر ناوەکانی (القادر والمقتدر)ی پەروەردگار، و دیاردەی ڕێکخستنی شتەکان هەندێکیان دوای هەندێکیان بەڵگەن لەسەر دوو ناوی(المقدم و المؤخر)، دیاردەی پەشیمانی بەڵگەیە لەسەر ناوەکانی (التواب والغفار والعفو)ی الله ی بەدیهێنەر، دیساردەی تۆڵەسەندنەوە بەڵگەیە لەسەر ناوی (المنتقم) و دیاردەی سوودو زیانگەیاندن بەڵگەیە لەسەر ناوی (النافع والضار)، دیاردەی بواردان بە سەرپێچیکەرانی فرمانی خوا بەڵگەیە لەسەر ناوی (الصبور)ی کردگار، ئابەم جۆرە هەر دیاردەیەك بەڵگەی سیفەت و ناوێکی (الله)ی پەروەردگارە.

بەڵام دەلالەتی دیاردەکان لەسەر ناو و سیفاتەکان بە پێی جیاوازی پەیوەستدارەکەو جیاوازی پەیوەندیەکە دەگۆڕدرێت.

هەیانە بەڵگەو گەواهیدەرە لەسەر سیفەتی فرمان (فعل)

و هەیانە بەڵگەیە لەسەر سیفەتی زاتی وجودی و بوون.

هەشیانە بەڵگەیە لەسەر زاتی سلبی، هەمووشیان بەڵگەن لەسەر (هەبوو- موجود).

جـا بـۆ ڕوونکـردنەوەی جیـاوازی نێـوان ئەم سـیفاتانە دەڵێـین: گەر سـەبارەت مرۆڤێـك بڵێـین بکـوژە، ئەوا ئەمە سـیفاتێکی کـارە لە کارەکـان، و گەر بڵێـین بیسـەرە، ئەمە سـیفەتێکی بـوونە بـۆی، وگەر بڵێـین کەسـێکە مەی نـاخواتەوە ئەوە سـیفەتێکی سـلبە بۆی، و هەر یەکێ لەم سێ بەشە بەڵگەیە لەسەر بوونێکی مرۆیی دیاریکراو.

لە ڕاسـتیدا ئـێمە سـیفەتی بـوون بە هـۆی سـیفەتی کـردارەوە دەدۆزیـنەوە، سـیفاتە سـلبەکانیش بە سـیفاتەکانی کـردار دەدۆزیـنەوە و زاتـیش بە هەمـوو سـیفەتەکان دەناسینەوە.

جـا پێشـئەوەی ئەمەی کە ڕابـورد بەسـەر ناسـینی خـودا بچەسـپێنین، پێمـان خۆشـە باسـی ئەوە بکەیـن مەبەسـتمان لە: (سـیفەتە وجودیەکـان، یـان سـیفەتی فیعـل، یـا سیفاتی سلبی) چییە؟

مەبەسـت لە سـیفەتە سـلبەکان سـەبارەت زاتـی خـودا، ئەو سـیفاتانەن بەڵـگەن لەسـەر دوورخسـتنەوەی هەمـوو ئەوانەی شایسـتەی پەروەردگـار نـین و پێـی نـاگونجێن، وەك بـوونی سـیفاتی تاکوتەنیـایی خـودا، بەمەش نەفـی چەنـدێتی دەکـاتەوە، چـونکە جـگە لە تەنیـایی خـودا نەفـی هەمـوو ئەوانـی دی کـردووەتەوە. مەبەسـت لە سـیفەتە وجودیەکـان سـەبارەت زاتـی خـودا ئەو سـیفاتانەن کە بەڵـگەن لەسـەر مانـایەکی زیـاتر لەسـەر زات، وەك زانسـت و بیسـتن. و مەبەسـت لە سـیفەتی فیعـل پابەنـدبوونی توانـایە بە ڕێتێچووەکـانەوە، جـا هەر پەیوەسـتییەکی توانـای زاتـی خـودابە ڕێتێچوویەکەوە بەڵگەیە لەسەر ناو و سیفات و کردار.

هەمـوو ئەمـانەش بەڵـگەن لەسـەر بـوونی زات، سـیفەتی بـوونی زاتـی خـوداش ناودەبرێـت بە سـیفەتە خودیەکـان یـان دەروونیەکـان (الصـفات النفسـیة)، چـونکە بەڵـگەو ئامـاژەی خـودی زاتە، بـێ هـیچ مانـایەکی زیـاد، کەواتە ئەوەی بەڵـگە بێـت لەسـەر زات بـێ هـیچ مانـایەکی تـر نـاوی دەبەیـن بە سـیفاتە نەفسـیەکان، ئەوەش بەڵگەبێـت لەسـەر سیفەتێك مەدلولەکەی وجودی بێـت ، بێ هـیچ مانـایەکی زیـادی تـر بە سـیفەتی وجـودی ناویـدەبەین، ئەوەی بەڵگەبێـت لەسـەر سـیفەتێك مەدلـولەکەی عەدەمـی بێـت نـاوی دەبەیـن بە سـیفەتی سـلبی، ئەم وتەیەشـمان نەفیکردنـی سـیفاتی بیسـتن ناگەیەنێـت، چـونکە قسـەکردنمان لە سـیفەتە نەفسـیەکان شـوێنی خۆیـان

هەیە بۆ لێدوان، بەڵام مەبەستمان لێرەدا سیفاتە بەرزەکانە کە تەنیا بە ژیریەکی ساغ دەیانگەینێ، بە لیکۆڵینەوەیەکی دروستی گەردوون، دەقی قورئان و سوننەتیش بۆ ئەم مەبەستە ڕێپیشاندەرمانە، یەکانگیری ژیریش لەگەڵیدا بەڵگەیە لەسەر ساغی و دروستی ژیری.

هەموو دیاردەکان لەم گەردوونەدا دەیانبینین بەڵگەن لەسەر چوار سیفاتی وجودی: (زانست، ویست، توانا، ژیان)، چونکە گەر توانا نەبووایە ئەم گەردوونە بوونی نەدەبوو، گەر تایبەتمەندکردنی ویست لەسەر شتەکان نەبووایە کە بەم جۆرەی ئێستا هەیە، ئەوا ئەم گەردوونە نەدەبوو، و گەر زاتیش نەبوایە ئەوا هیچ شتێك نەدەبوو، هەر بەشێك لە بەشەکانی جیهان بەڵگەن لەسەر زانستێکی پێشین، ویستیش تایبەتمەندی دەکات و تواناش دەریاندەخات، لە پێداویستیەکانی ئەوەی زاتێك بە زانست و ویست و توانا وەسف بکەین ئەوەیە دەبێت ژیانی هەبێت.

هەموو بەڵگەکان ئاماژەی ئەوە دەکەن کە ئەو زاتەی وەسفکراوە بە زانست و توانا و ژیان، وگەردوونی بەدیهێناوەو سیفاتی کۆنی و بێسەرەتایی هەیە و دەمێنێتەوە بێ کۆتایی هاتن، تاکوتەنیاو بێهاوەڵە، و جیاوازی لە بەدیهاتووەکانی هیچ شتێکی لەبەدیهاتووەکانی ناچێت، و وەستانی بە خودی خۆی، بۆیە پێویستی بە بەدیهێنەرو تایبەتمەند نیە.

و هەموو دیاردەکانیش ئاماژەی ئەوە دەکەن ئەم زاتە تەواوەو پاکە لە هەموو کەموکورییەك، بۆ نموونە لەکەموکوڕیەکان: کەرِیە، ئەو زاتە بیسەرە، لەکەموکوڕییەکان: لاڵیە، ئەو زاتە قسەکارەو ئاخاوتنی هەیە.

هەموو دیاردەکان ئاماژەو بەڵگەی بوونی زاتێك دەکەن هەموو ئەم سیفاتانەی تێدایە.

هەربووەو سەرەتای نیە کەواتە یەکەمینە، و کۆتایی نیە کەواتە دواهەمینە، هیچ هاوەڵ و هاوشێوەیەکیشی نیە کەواتە تاکوتەنیایە، هیچ هاونموونەیەکیشی نیە کەواتە پیرۆزە، هیچ پێداویستیەکیشی بەکەس نیە کەواتە بۆخۆی وەستاوە، بوویەکە سیفەتی توانای هەیە کەواتە قادرە، سیفەتی ژیانی هەیە کەواتە زیندووە، سیفەتی بیستنی هەیە کەواتە بیسەرە، سیفەتی بینینی هەیە کەواتە

بینایه،قسەدەکات کەواتە قسەکەرە، سیفەتی زانینی هەیە کەواتە زانایە، ویستی هەیە کەواتە (مرید)ە.

پێداویستی زۆری کاروفرمانەکانی پەروەردگاریش کە شوێنەواری (زانست و ویست و توانا)ن، وا دەخوازێت (الله)ی پەروەردگار ناوی زۆربن، بەڵام ئەدەب لەگەڵ پەروەردگاردا بەوە دەبێت هەر بەو ناوانە ناوی ببەین خۆی پێناوبردوون، بە بەڵگەی یەکلاکەرەوە لەژێر ڕۆشنایی سروشی چەسپاو و جێگیرەوە؛ چونکە پەروەردگار(ﷻ) تەنیا خۆی شکۆی خۆی دەزانێت، وتا ئەوانە نەخەینە پاڵ پەروەردگار کە پێی دەشێت و شایستەیەتی،"خودایا.چاکە هەمووی لەدەست خۆتدایەو شەڕیش ناگێڕدرێتەوە بۆ تۆ: الخیر کله بیدك والشر لا ینسب الیك"[1] کەواتە هەر بەوانە ناوی دەبەین کە خۆی پێ ناوناوە، کۆی ئەو ناوانەش لە زاتی خۆی ناوە بە (الاسماء الحسنی) ناوزەد دەکرێن.

* اللَّـهُ لَا إِلَـٰهَ إِلَّا هُـوَ لَـهُ الْأَسْـمَاءُ الْحُسْـنَىٰ. طـه/٨*واتە: الله زاتێکە کە جگە لەو خوایەکی تر نیە، هەرچی ناوە پیرۆزو سیفاتە جوانەکان هەیە هەر شایستەی ئەوە.

* قُلِ ادْعُوا اللَّـهَ أَوِ ادْعُوا الرَّحْمَـٰنَ أَيًّا مَّا تَدْعُوا فَلَهُ الْأَسْمَاءُ الْحُسْنَىٰ .الاسراء/١١٠*

واتە: پێیان بڵێ: ئێوە لە نزاو دوعاتاندا هاوار لە (الله) بکەن، یان بەسیفەتی پیرۆزی (الرحمن) هانای بۆ بەرن، بەهەر ناوو سیفەتێکی جوان و بەرز هاواری لێبکەن و نزا بکەن دروستە.

* وَلِلَّـهِ الْأَسْمَاءُ الْحُسْنَىٰ فَادْعُوهُ بِهَا وَذَرُوا الَّذِينَ يُلْحِدُونَ فِي أَسْمَائِهِ. الاعراف/١٨٠*

واتە: هەر بۆ خوایە هەموو ناوە جوان و پیرۆزەکان، جا (ئەی ئیماندارانە) بەو ناوانە دوعا و نزا بکەن و هاناو هاوار بۆ ئەو زاتە بەرن، واز بهێنن لەوانەی کە لە ناوە پیرۆزەکانی خوادا لادان دەکەن.

هەموو ناوێکیش لەو ناوە پیرۆزانەی لە قورئان و سوننەتدا هەن لە گەردووندا دیاردە هەن ئاماژەیان بۆ دەکات و ژیری مرۆڤ دەیانگاتێ.

---

(١) من حديث أخرجه مسلم و الترمذي.

ئەم نـاوانەش وەك لە قورئـان و سـوننەتدا هـاتوون هەنـدێك جـار ئامـاژەی سـیفاتە سـەلبیەكانمان بـۆ دەكەن، هەنـدێك جـاری تـریش سـیفاتە وجودیەكـان، جـارانێكی تـریش ئامـاژەی سـیفەتە كەمـاڵ و تەواوەكانمـان بـۆ دەكەن، جـارانێكیش سـیفەتە كرداریەكانمـان بـۆ دەستنیشـاندەكەن، سـەرجەم كـۆی دونـدو ڕەسـەنایەتی ئەم سیفاتانەیان لەخۆ گرتووە.

ئەو نـاوانەی (الله)ی پەروەردگـاریش لە قورئـان و سـوننەتدا هـاتوون زۆرن، بەڵام لەگەڵ ئەمەشـدا هەمـوو ناوەكـان نـین، چـونكە لە فەرمـوودەدا هـاتووە (اللهـم انـي عبـدك و ابـن عبـدك... أسـألك بكـل اسـم هـو لـك، سـميت بە نفسـك، أو أنـزلتە في كتابك، أو علمتە أحدا من خلقك، أو استأثرت بە في علم الغيب عندك)[1]

مانـای: پەروەردگـارا مـن بەنـدەی تـۆم و كـوڕی بەنـدەی تۆم...پەنـا ئەگـرم پێـت و داواكـارم لێـت بە هەمـوو ناوەكانـت خۆتـت پـێ نـاو نـاون، یـان لە پەڕتووكەكەتـدا داتبەزانـدووە، یـا یەكێكـت فێركـردووە لە بەدیهاتووەكانـت، یـان لەزانسـتی پەنهـان لای خۆت هێشتووتەوە.

لێـرەوە بۆمـان ئاشـكرا دەبێـت ئەوەی باسـكراوە هەمـوو ناوەپیرۆزەكـان نـین، چـونكە شـكۆو مەزنـی و پیرۆزیـی پەروەردگـار بە پایـان ناگـات، بەڵام ئەوانەی باسـكران دیاردەكـانی گەردوون بە شـێوەی ئاشـكرا یـان ناواخنـدار ئاماژەیـان پێـداون، جـا گەر بەڵـگەی ژیریـی لەگەڵ بەڵـگەی دەقـدا یەكـانگیر بـوو، ئەوە بەڵـگەی دروسـتی ژیریـی و دەقە، بەڵام دەبێـت لە دووتـوێی باسـی نـاو و سـیفاتەكاندا تێبینـی دوو خـاڵی گرنـگ بكەین كە مامۆستا بەننا ئاماژەی پێداون:

مامۆسـتا بەننـا لە ژێـر ناونیشـانی ( لە نێـوان سـیفاتی خـوداو سـیفاتی بەدیهاتووەكان)دا دەڵێت:

(( ئەوەی بـڕوادار دەبێـت پەی پێبەرێـت، ئەوەیە بزانێـت مەبەسـت لە زاراوەی سـیفاتەكانی خـوای گەورە چیـیە؟ بە شـێوەیەكی هەمەكـی: جیـاوازە لەو مانایـانەی كە مەبەستە لەهەمان ئەو زاراوانەدا لە سیفاتی بەدیهاتووەكان،بۆ نموونە تۆ دەڵێیت:

---

(١) اسناده صحیح .الوابل الصیب. لا ١٤٩

(الله) زانـايەو زانينـيش سـيفەتێكيەتى، دەڵێيـت فـلان كەس زانـايەو زانسـتيش يەكـێكە لە سـيفەتەكانى مـرۆڤ، جـا ئايـا ئەوەى مەبەسـتە لە هەردوو زاراوەكەدا يەكە؟ حاشـا وانـيە، چـونكە زانسـتى پەروەردگـار زانسـتێكە تەواويـى بە پايـان ناگـات، زانسـتى هـيچ بەدیهـاتوويەكيش ناتوانرێـت لە تەنيشـتيەوە دابنـرێت و بەراورد بكرێـت. هەروەهـا ژيـان، و بيسـتن و بينـين و قسـەو دووان، هەروەهـا توانـاو ويستەكانيشـى، ئەمـانە هەمـوو مانـاى زاراوەيەكـن كە جيـاوازن لە مانايـان سـەبارەت مـافى بەدیهاتووەكـان، لە ڕووى تەواويتـى و چـۆنيەتيەوە جيـاوازيەكى بنەڕەتييـان هەيە، چـونكە خـوداى مەزن و بە شـكۆ لە هـيچ دروسـتكراوێكى ناچێـت، جـا پەى بەم مانـايە بەرە چـونكە زۆر وردە، تـۆش داواكراونيـت بەوەى حەقـيقەت و كـونهى بزانيـت، بەڵام هێنـدە بەسـە شـوێنەوارەكانى لەم گەردوونەدا ببينيـت و تێبگەيـت، و بزانيـت داخـوازى پێداويسـتيەكانى لەسـەر تـۆ چـيە؟ خوازيـارين لە پەروەردگـار لە هەتڵەبـوون بمانپارێزيت و باشترين تەوفيقمان بدات))[1]

هەروەها مامۆستا بەننا لە ژێر سەردێڕى(بيركردنەوە لە زاتى خودا) دەفەرمێت:

((لە ئيـبن عەباسـەوە – خوايـان لێڕازيبێـت- گێـڕدراوەتەوە كۆمەڵێـك هەبـوون بيريـان لە خـودا دەكـردەوە، پێغەمـبەريش (ﷺ) پێـى فەرمـوون: تفكـروا فـي خلـق الله و لا تتفكـروا في الله فـانكم لـن تقـدروا قـدره)) قـال العراقي: رواه أبـو نعـيم في الحليـة بأسـناد ضـعيف. ورواه الاصبهاني في الترغيـب والترهيـب بأسـناد أصـح منـه. و رواه أبـو الشيخ، هەرچۆن بێت ماناكەى دروستە.

مانـاى ئەوە دەدات: بيـر لە دروسـتكراوەكانى خـودا بـكەنەوە نەك لەزاتـى خـودا چونكە ئێوە پەى پێنابەن.

ئەمەش نـايێتە ئاسـتەنگ لە ڕووى سەربەسـتى بيركـردنەوەدا، وەسـتان و چەقبەسـتنيش نـيە لە لێكـۆڵينەوە، تەنگەبەركردنـى ژيـريش نـيە، بەڵام پاراسـتنيەتى لە لارێ بـوون و كەوتـنە نـاو گـومڕاييەوە، و دووركەوتـنەوەيە لە باسـێك كە هـۆى لێكۆڵينەوەمان لەبەردەسـتدا نيە، تەحەمولى هێزەكەى ناكەين چەنـدێك -

..............................................................

(١)العقائد. پێشەوا حەسەن بەننا.

چارەسەرەکەی گەورە بێت، ئەمەش ڕێی پیاوچاکان بووە لە بەندە خواناسەکان کە گەورەیی زات و شکۆو توانای پەروەردگاریان هەست پێکردووە.
جا تۆش هیممەتت جەم بکە لە درککردنی گەورەیی پەروەردگارتدا، بەوەی بیر لە دروستکراوەکانی بکەیتەوە، پابەندی پێداویستی و خواستی سیفەتەکانی بێت))[1]

***

پێمان خۆشە لەم بڕگەیەدا تێڕوانینی قورئان و سوننەت لەم بارەیەوە بخەینە ڕوو، بەو پێیەی دوو تاکە سەرچاوەی مەعریفەن بۆمەن، لە ڕێی سروشێکی ڕاستەقینەوە کە بەڵگەی تەواوی لەسەر دادەمەزرێت، بە پشتیوانی خودا لە پەرتووکی (الرسول)دا سەرجەم سیفاتەکانی خوای گەورە باس دەکەین کە لە قورئاندا هاتوون، و هەندێك لە ناوە پیرۆزەکانیشی دەخەینە ڕوو کە لە قورئان و سوننەتدا باسیان کراوە، تا بۆمان دەرکەوێت ئەوەی کە بە عەقڵ دیاردەکان بەڵگەی خۆیان بۆمان سەلماند، ئەوا قورئان و سوننەتیش بە سروشی ڕاستەقینە بە ڕێی گواستراوە دەیگەیەنێت.
مامۆستا بەننا لە ژێر ناونیشانی (مجمل صفات الله في القرآن) دەڵێت:
قورئانی پیرۆز ئاماژەی بە هەندێك لە سیفاتە واجبەکانی خوای گەورە داوە، کە تەواوێتی خودایی پێویستیان دەکات، ئەمانەش هەندێکن لەو ئایەتانە:
**١- بوونی خوای گەورە:**
خوای گەورە دەفەرموێت: * اللَّـهُ الَّـذِي رَفَـعَ السَّـمَاوَاتِ بِغَيْـرِ عَمَـدٍ تَرَوْنَهَـا ثُـمَّ اسْـتَوَىٰ عَلَى الْعَـرْشِ وَسَخَّرَ الشَّـمْسَ وَالْقَمَـرَ كُلٌّ يَجْـرِي لِأَجَـلٍ مُّسَـمًّى ۚ يُـدَبِّرُ الْأَمْـرَ يُفَصِّـلُ الْآيَـاتِ لَعَلَّكُـم بِلِقَـاءِ رَبِّكُـمْ تُوقِنُـونَ وَهُـوَ الَّـذِي مَـدَّ الْأَرْضَ وَجَعَـلَ فِيهَـا رَوَاسِـيَ وَأَنْهَـارًا وَمِـن كُلِّ الثَّمَـرَاتِ جَعَـلَ فِيهَـا زَوْجَـيْنِ اثْنَـيْنِ يُغْشِـي اللَّيْـلَ النَّهَـارَ ۚ إِنَّ فِي ذَٰلِـكَ لَآيَـاتٍ لِّقَـوْمٍ يَتَفَكَّـرُونَ وَفِي الْأَرْضِ قِطَـعٌ مُّتَجَـاوِرَاتٌ وَجَنَّـاتٌ مِّـنْ أَعْنَـابٍ وَزَرْعٌ وَنَخِيـلٌ صِـنْوَانٌ وَغَيْـرُ صِـنْوَانٍ يُسْـقَىٰ بِمَـاءٍ وَاحِـدٍ وَنُفَضِّـلُ بَعْضَـهَا عَلَـىٰ بَعْـضٍ فِي الْأُكُـلِ ۚ إِنَّ فِي ذَٰلِـكَ لَآيَـاتٍ لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ . الرعد/٢-٤*واتە: خـوا ئەو زاتەیە کە بەچاوی خۆتان دەبینن

(١)العقائد. پێشەوا حەسەن بەننا.

چۆن ئاسمانەکانی بەبێ کۆڵەکە و ستوون بەرز کردۆتەوە و ڕایگرتووە، لەوەودوا لەسەر تەختی فەرمانڕەوایی وەستاوە (ئەڵبەتە چونیەتی وەستان و تەختی فەرمانڕەوایی و گەلێ شتی لەو بابەتانە لە ڕادەی بۆچوونی ئێمە بەدەرە، تەفسیری ئەم ئایەتەیان لە پێشەوا مالیك پرسیووە، لە وەڵامدا وتوویەتی: وەستانەکە حەقیقەتی هەیە، چونیەتیەکەی شاراوەیە، پرسیارکردن دەربارەی بیدعەیە، باوەڕ بوون پێی واجبە)، خۆرو مانگیشی ڕام هێناوە، هەریەکەیان لە چەرخ و خولی خۆیدا بێ وچان تا ماوەیەکی دیاریکراو دەسوڕێنەوە، هەر ئەو زاتە کاروباری جیهان هەر هەمووی بەڕێ دەکات و ڕێکی دەخات، هەروەها ئایەتەکانی قورئان بەوردی و دوورو درێژی دەخاتە بەرچاو بۆ ئەوەی دڵنیابن لە بە خزمەت گەیشتن و ئامادە بوونی بەردەم دادگای پەروەردگارتان هەر ئەو زاتەشە کە زەوی پان و بەرین کردوە ، کەژو چیاو ڕووباری زۆری تێدا دابین کردووە، لە هەموو بەرو بوومێك جووتی فەراهەم هێناوە لە هەردوو جۆرە، شەوی والێکردووە کە ڕۆژ داپۆشێت، بەڕاستی ئا لەو شتانەدا بەڵگە و نیشانەی زۆر هەن بۆ کەسانێك بیربکەنەوە. لەسەر ڕووکاری زەوی پارچەی جۆراوجۆر هەیە لە پاڵ یەکدا هەروەها باخی ڕەزی ترێ، کشتوکاڵی هەمە جۆر لە دانەوێڵە و بێستانەکاندا، دارخورمای یەك قەدو دوو قەد، هەموو ئەمانە بەیەك ئاو ئاودێر دەکرێن و لە یەك جۆر ئاو دەخۆنەوە و هەندێکیانمان لە هەندێکی تر بۆ خۆراکی ئادەمیزاد نازدارتر و پەسەندتر کردووە، بەڕاستی ئا لەو شتانەشدا بەڵگە و نیشانەی زۆر هەن بۆ کەسانێك عەقڵ و ژیری خۆیان بخەنەکار.

*وَهُوَ الَّذِي أَنشَأَ لَكُمُ السَّمْعَ وَالْأَبْصَارَ وَالْأَفْئِدَةَ ۚ قَلِيلًا مَّا تَشْكُرُونَ وَهُوَ الَّذِي ذَرَأَكُمْ فِي الْأَرْضِ وَإِلَيْهِ تُحْشَرُونَ وَهُوَ الَّذِي يُحْيِي وَيُمِيتُ وَلَهُ اخْتِلَافُ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ ۚ أَفَلَا تَعْقِلُونَ. المؤمنون/٧٨-٨٠* واتە: هەر ئەو زاتەیە کە بیستن و بینین و لێکدانەوەی پێ بەخشیوون، کەچی زۆر کەمتان سوپاسگوزارن. ئەو زاتەیە لە زەویدا بەرپای کردوون و بڵاوی کردوونەتەوە، سەرەنجام (لە ڕۆژی قیامەتدا) هەر بۆ لای ئەویش کۆ دەکرێنەوە. ئەو زاتەشە کە ژیان دەبەخشێت و مردن پێش دەهێنێت، گۆڕینی شەوو ڕۆژیش هەر بەدەست ئەوە جا ئایا ئێوە عەقڵ بەکار ناهێنن؟ ژیریتان ناخەنەکار؟.

کەواتە هەمـــوو ئەم ئایەتـــانە ســـەبارەت بـــوونی خـــوای گەورە وریـــات دەكـــاتەوە، بەڵـــگەی ئەمەش مـــامەڵەو هەڵســـوكەوتی خـــودایە لە كاروبـــاری ئەم گەردوونە پـــڕ سەراسیمەیەدا.

**٣-٢ دێرینی و مانەوەی پەروەردگار:**

خـوای گەورە دەفەرموێـت: *هُـوَ الْأَوَّلُ وَالْآخِـرُ وَالظَّـاهِرُ وَالْبَـاطِنُ وَهُـوَ بِكُلِّ شَـيْءٍ عَلِـيمٌ . الحديـد/٣* واتە: ئـەو خوایـە یەكەمینـە و لەسـەرەتاوە هـەر هـەبووەو كـەس پـێش ئـەو نـەبووە، دواهەمینـە و كۆتایـە، كـەس دوای ئـەو نامێنێـت، هـەروەها ئـەو زاتـەدیارە و هـەموو شـت بـەڵگـەیـە لەسـەر بـوونی، لەهـەمان كاتـدا زاتـی خـۆی نادیـارە و هـەر خۆیشی زانایە بەهەموو شتێك.

*وَلَا تَـدْعُ مَـعَ اللَّـهِ إِلَـٰهًا آخَـرَ لَا إِلَـٰهَ إِلَّا هُـوَ كُلُّ شَـيْءٍ هَالِـكٌ إِلَّا وَجْهَـهُ لَـهُ الْحُكْـمُ وَإِلَيْـهِ تُرْجَعُـونَ. القصـص/٨٨* واتە: لەگـەڵ خـوادا هانـا و هـاوار لـە خوایـەكی تـر مەكـە، چونكـە جگـە لـەو زاتـە خوایـەكی تـر نیـە، هـەرچی شـت هـەیە تیـاچووە لـەناوچووە جگـە لــەو زاتــە، فــەرمانڕەوایی هــەر شایســتەی ئــەوە، هــەمووانیش هــەر بــۆ لای ئــەو دەبرێنەوە.

*كُـلُّ مَـنْ عَلَيْهَـا فَـانٍ وَيَبْقَـىٰ وَجْـهُ رَبِّـكَ ذُو الْجَـلَالِ وَالْإِكْـرَامِ. الـرحمن ٢٧/٢٦* واتە: هـەموو ئـەو كەسـانەی لەسـەر ڕووی زەویـن، هـەر هـەمووی فـەوتاوو تیـاچوون، دەبێـت بمرن. تەنها زاتی پەروەردگاری خاوەن بڵندی و ڕێـزداری تۆیە كەدەمێنێتەوە.

لەم ئایەتە پیرۆزانەوە ئاماژەی هەردوو سیفەتی دێرینی و مانەوەی پەروەردگار هەیە.

**٤- جیاوازی خوای گەورە لە ڕووداو و بەرپابووەكان:**

خـوای گەورە دەفەرموێـت: * قُـلْ هُـوَ اللَّـهُ أَحَـدٌ اللَّـهُ الصَّـمَدُ لَـمْ يَلِـدْ وَلَـمْ يُولَـدْ وَلَـمْ يَكُـن لَّـهُ كُفُـوًا أَحَـدٌ . الاخـلاص* واتە: بڵـێ: ئـەو خـوای كـە نـاوی _ الله_ خوایـەكی تـاك و تەنهایـە . خـوا زاتێكی پایـەدارو دەسـەڵاتـدارە، نیـازی بـە كـەس نییـە. هـیچ كەسـی لـێ نـەبووە و خۆشـی لـە كـەس نـەبووە. هـەرگیز هاوتـاو هاوشـێوە و دەسـەڵاتـدارێكی تـر نییـە كە لەبەرامبەریەوە بوەستێت و هاوشانی بێت.

و دەفەرمێـت *فَـاطِرُ السَّـمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ جَعَـلَ لَكُـم مِّـنْ أَنفُسِـكُمْ أَزْوَاجًـا وَمِـنَ الْأَنْعَـامِ أَزْوَاجًـا يَـذْرَؤُكُمْ فِيـهِ لَـيْسَ كَمِثْلِـهِ شَـيْءٌ وَهُـوَ السَّـمِيعُ الْبَصِـيرُ. الشـورى/١١* واتە:

بێگومان هەر ئەو زاتە بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەویە، هەر لە خۆتان هاوسەرانی بۆ سازاندوون، لە ئاژەڵ و مەڕو ماڵاتیش جووت، نێرو مێ ی بۆ فەراهەم هێناون، لەو ڕێگەیەوە زاووزێ دەکەن و زۆر دەبن بۆتان، هیچ شتێك نیە لە وێنەی ئەوزاتە، هیچ شتێك لەو ناچێت هەر ئەویش بیسەرو بینایە..

لەمانەشدا ئاماژەی ناوێکچوونی خوای گەورە دەردەخەن بۆ بەرپابووەکان لە دروستکراوەکانی و پاکڕاگرتنی لە منداڵ و باوك و وێکچوو و هاوشێوە.

**٥- قیام و هەستانی خوای گەورە بۆ خۆی:**

خوای گەورە دەفەرموێت: * يَا أَيُّهَا النَّاسُ أَنتُمُ الْفُقَرَاءُ إِلَى اللَّهِ وَاللَّهُ هُوَ الْغَنِيُّ الْحَمِيدُ .فاطر/١٥* واتە: ئەی خەڵکینە ئێوە هەژارو نەدارن و هەمیشە ئاتاجی خوان، هەر تەنها خوایە کە بێ نیازە و شایانی سوپاسە.

و دەفەرمێت: * مَّا أَشْهَدتُّهُمْ خَلْقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَلَا خَلْقَ أَنفُسِهِمْ وَمَا كُنتُ مُتَّخِذَ الْمُضِلِّينَ عَضُدًا الكهف/٥١* واتە: وەنەبێت من لەکاتی دروستکردنی ئاسمانەکان و زەویدا ئەوانم ئامادە کردبێت، بگرە هەتا لە دروست بوونی خۆشیان ئاگادارنین، بەڕاستی من هەرگیز ئەوانەی خەڵك گومڕا دەکەن نەمکردووە بەیارمەتیدەری خۆم و پشتم پێ نەبەستوون.

هەروەها دەفەرمێت: * إِنَّ اللَّهَ يُمْسِكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ أَن تَزُولَا ۚ وَلَئِن زَالَتَا إِنْ أَمْسَكَهُمَا مِنْ أَحَدٍ مِّن بَعْدِهِ ۚ إِنَّهُ كَانَ حَلِيمًا غَفُورًا . فاطر/٤١* واتە: بەڕاستی هەر خوایە کە ئاسمانەکان و زەوی ڕادەگرێت و نایەڵێت لەناو بچێت و لەیەك بترازێت، سوێند بە خوا ئەگەر تێك بچن و لەیەك بترازێن، ئەوە هیچ کەسێك نی یە بتوانێت دوای ئەو زاتە فریایان بکەوێت، بەڕاستی هەر ئەو هەمیشەو بەردەوام خۆگرو ئارامگرو لێخۆشبووە.

*اللَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ ۚ لَا تَأْخُذُهُ سِنَةٌ وَلَا نَوْمٌ ۚ لَّهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ مَن ذَا الَّذِي يَشْفَعُ عِندَهُ إِلَّا بِإِذْنِهِ ۚ يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَلَا يُحِيطُونَ بِشَيْءٍ مِّنْ عِلْمِهِ إِلَّا بِمَا شَاءَ ۚ وَسِعَ كُرْسِيُّهُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَلَا يَئُودُهُ حِفْظُهُمَا ۚ وَهُوَ الْعَلِيُّ الْعَظِيمُ . البقرة/٢٥٥* واتە: خوا زاتێکە جگە ئەو هیچ خوایەکی ترنیە کە شایەنی پەرستن بێت و ئەو هەمیشە زیندووە و ڕاگرو

سەرپەرشتیاری ، نە وەنەوز دەیگرێت و نە خەو ،هەرچی لە ئاسمانەکان و هەرچی لە زەویدا هەیە هەر ئەوزاتە خاوەنیانە، کێ یە ئەوەی (دەتوانێت) تکا بکات لە لای ئەو، بەبێ مۆڵەتی خۆی، دەشزانێت چی لە ئێستاو داهاتوو و ڕابووردودا ڕوویداوەو ڕوودەدات، هیچ کام لە دروستکراوانی زانست و زانیاری تەواویان نیە دەربارەی زانیاری و زانستەکانی ئەو، مەگەر بەوەی کە خۆی بیەوێت فێریان بکات، فەرمانڕەوایی و دەسەڵات و زانینی ئەوزاتە هەموو ئاسمانەکان و زەوی گرتۆتەوە و پارێزگاریان بەلای خواوە هیچ گران نیە و ماندووی ناکات و هەر ئەو خوایەکی بەرزو بڵند و گەورەیە.

لەمەشدا ئاماژەی هەستانی پەروەردگار دەگەیەنێت بۆ خۆی و نەبوونی پێداویستی بە دروستکراوەکانی، بەڵکو بەدیهێنراوان هەموو ئاتاجی خودان.

**٦- تاکوتەنیایی خودا:**

خوای گەورە دەفەرموێت:* وَقَالَ اللَّهُ لَا تَتَّخِذُوا إِلَٰهَيْنِ اثْنَيْنِ إِنَّمَا هُوَ إِلَٰهٌ وَاحِدٌ فَإِيَّايَ فَارْهَبُونِ وَلَهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَلَهُ الدِّينُ وَاصِبًا ۚ أَفَغَيْرَ اللَّهِ تَتَّقُونَ وَمَا بِكُم مِّن نِّعْمَةٍ فَمِنَ اللَّهِ ثُمَّ إِذَا مَسَّكُمُ الضُّرُّ فَإِلَيْهِ تَجْأَرُونَ . النحل/٥١-٥٣*

واتە: خوا فەرموویەتی: هەرگیز نەکەن دوو دانە خوا بۆ خۆتان بڕیار بدەن، چونکە ئەو خوایەی کە پێویستە ئێوە بیپەرستن بێگومان خوایەکی تاك و تەنهایە، کەوابوو بیم و ترستان با هەر لە من بێت. هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە هەر ئەو زاتە خاوەنیانە، هەمیشەو بەردەوام هەر ئەوزاتەیە کە شایستەی ئەوە بێت ئاین و بەرنامەو فەرمانڕەوایی لەووەربگیرێت و ملکەچی هەر بۆ ئەو بکرێت، ئایا ڕەوایە بێجگە لە خوا لە کەسی تر بپەرستن و حسابی بۆ بکەن؟هەرچی نازو نیعمەتێکتان هەیە هەمووی بەهرەو بەخششی خوایە، پاشان کاتێك ناخۆشی و بەڵایەکتان بۆ پێشهات، ئەوە هاناو هاوارو پەنا هەر بۆ لای ئەو دەبەن و هەر لەو زاتە دەپاڕێنەوە.

ودەفەرمێت:* لَّقَدْ كَفَرَ الَّذِينَ قَالُوا إِنَّ اللَّهَ ثَالِثُ ثَلَاثَةٍ ۘ وَمَا مِنْ إِلَٰهٍ إِلَّا إِلَٰهٌ وَاحِدٌ ۚ وَإِن لَّمْ يَنتَهُوا عَمَّا يَقُولُونَ لَيَمَسَّنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ أَفَلَا يَتُوبُونَ إِلَى اللَّهِ وَيَسْتَغْفِرُونَهُ ۚ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ . المائدة/٧٣-٧٤* واتە: سوێند بێت بەخوا بێگومان ئەوانەش بێ باوەڕ بوون کە وتیان: خوا یەکێکە لە سێ دانە خوا : هیچ

خوایەك، هیچ پەروەردگارێك نیە جگە لە خوایەکی تاکو تەنها، خۆ ئەگەر لەو گوفتارە نابەجێ و ناقۆڵایەیان کۆڵ نەدەن، سوێند بەخوا ئەوانەیان کە بێ باوەڕ بوون سزایەکی بەئێشیان تووش دەبێت. ئایاحەق نیە تەوبە بکەن و بگەڕێنەوە بۆ لای خواو داوای لێخۆشبوونی لێ بکەن؟ لەکاتێکدا: خوا لێخۆشبووە و میهرەبانیشە!!

و دەفەرمێت:* أَمِ اتَّخَذُوا آلِهَةً مِّنَ الْأَرْضِ هُمْ يُنشِرُونَ لَوْ كَانَ فِيهِمَا آلِهَةٌ إِلَّا اللَّهُ لَفَسَدَتَا ۚ فَسُبْحَانَ اللَّهِ رَبِّ الْعَرْشِ عَمَّا يَصِفُونَ لَا يُسْأَلُ عَمَّا يَفْعَلُ وَهُمْ يُسْأَلُونَ أَمِ اتَّخَذُوا مِن دُونِهِ آلِهَةً قُلْ هَاتُوا بُرْهَانَكُمْ هَٰذَا ذِكْرُ مَن مَّعِيَ وَذِكْرُ مَن قَبْلِي بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ الْحَقَّ فَهُم مُّعْرِضُونَ. وَمَا أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِي إِلَيْهِ أَنَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا أَنَا فَاعْبُدُونِ . الانبياء/٢١-٢٥* واتە: ئایا خەڵکی نالەبار پەرستراوی ساختەیان بڕیارداوە لەزەویدا و ئەو پەرستراوانە دەتوانن ژیان ببەخشن؟ئەگەر لە هەردووکیاندا چەند خوایەکی تر هەبوایە غەیری (الله)، ئەوە کاول و وێران دەبوون و تێك دەچوون بەسەر یەکدا، پاکی و بێگەردی بۆ خوا کە پەروەردگاری عەرشە، لەو باس و خواسانەدا دەیڵێن پرسیار ناکرێت لەوەی کە خوا دەیکات، لە کاتێکدا ئەوان پرسیاریان لێ دەکرێت و موحاسەبە دەکرێن. ئایا ئەوانە خوایەکی تریان لە جیاتی پەروەردگار بۆ خۆیان ڕەخساندووە؟! ئەی پێغەمبەر پێیان بڵێ: بەڵگەتان بهێنن لەسەر ئەو بیروباوەڕەتان، من دڵنیام کە ئەم قورئانە یادخەرەوەیە، بۆ ئەوانەی کە هاوەڵی منن و ڕێبازی منیان گرتۆتەبەر، هەروەها لە بەسەرهاتی پێغەمبەران و قەومەکانی پێش منیش دەدوێت. بەڵام زۆربەی خەڵکی حەق و حەقیقەت ناناسن و دژایەتی دەکەن و ڕووی لێ وەردەچەرخێنن. ئێمە پێش تۆ هیچ پێغەمبەرێکمان ڕەوانە نەکردووە، کە وەحیمان بۆ نەناردبێت بەوەی کە: بێگومان هیچ خوایەك نیە جگە لە من و دەبێت هەر من بپەرستن.

وخوای گەورە دەفەرموێت: *قُل لِّمَنِ الْأَرْضُ وَمَن فِيهَا إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ سَيَقُولُونَ لِلَّهِ ۚ قُلْ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ قُلْ مَن رَّبُّ السَّمَاوَاتِ السَّبْعِ وَرَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ سَيَقُولُونَ لِلَّهِ ۚ قُلْ أَفَلَا تَتَّقُونَ قُلْ مَن بِيَدِهِ مَلَكُوتُ كُلِّ شَيْءٍ وَهُوَ يُجِيرُ وَلَا يُجَارُ عَلَيْهِ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ سَيَقُولُونَ لِلَّهِ ۚ قُلْ فَأَنَّىٰ تُسْحَرُونَ. بَلْ أَتَيْنَاهُم بِالْحَقِّ وَإِنَّهُمْ

لَكَاذِبُونَ مَا اتَّخَذَ اللَّهُ مِن وَلَدٍ وَمَا كَانَ مَعَهُ مِنْ إِلَٰهٍ ۚ إِذًا لَّذَهَبَ كُلُّ إِلَٰهٍ بِمَا خَلَقَ وَلَعَلَا بَعْضُهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ ۚ سُبْحَانَ اللَّهِ عَمَّا يَصِفُونَ عَالِمِ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ فَتَعَالَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ . المؤمنون/٨٤-٩٢* واته: تۆش پێیان بڵێ: باشە زەوی و ئەوکەسانەی کە لەسەری دەژین کێ خاوەنیانە، ئەگەر زیرەك و هۆشیارن؟ ئەگەر شت دەزانن؟!سەرئەنجام هەر دان بە ڕاستیدا دەنێن و دەڵێن: هەرخوا خاوەنیانە، هەر پەروەردگار بەدیهێنەریانە. ئەوسا پێیان بڵێ: جا ئەوە بۆچی یاداوەری وەرناگرن؟پێیان بڵێ: ئەی کێ پەروەردگاری حەوت ئاسمانەکەیەو کێ پەروەردگاری عەرش و تەختی فەرمانڕەوایی گەورەو فراوانە؟سەرەنجام دەڵێن: هەر خوا پەروەردگاریانە، ئەوسا بڵێ: باشە ئاخر ئێوە لێی ناترسن؟ خۆتان ناپارێزن لە خەشم و قینی؟بڵێ: کێ جڵەوی هەموو شتێکی بەدەستە، لە کاتێکدا هەر ئەو پەنا بەخشەو کەس ناتوانێت لە سزای ئەو زاتە، کەس پەنا بدات، ئەگەر ئێوە بزانن و شارەزابن. دەڵێن: هەموو ئەوانە بە دەست خوایە، تۆش بڵێ: کەواتە چۆن جادووتان لێ دەکرێت؟ کە ئەمە دەزانن. نەخێر وانیە، بەڵکو ئێمە حەقیقەت و ڕاستیمان بۆ هێناون، بە ڕاستی نەفامان هەمیشە درۆزنن. هەرگیز خوا کەسی نەکردووە بە ڕۆڵەی خۆی و هیچ خوایەکی لەگەڵدا نی یە، چونکە ئەوکاتە هەر خوایەك دەچوو بەلای دروستکراوانی خۆیەوەو هەندێکی خۆی بڵند دەکرد بەسەر هەندێکی تردا (ئەوسا بوونەوەر تێکدەچوو)، پاکی و بێگەردی بۆ زاتی خوایە لە بەرامبەر ئەو شتانەوە کە (خوا نەناسان) هەڵی دەبەستن و دەیڵێن. زانای نهێنی و شاراوەکانە، هەروەها زانای دیارو ئاشکراکانە، بەرزی و بڵندی بۆ ئەوە لەبەرامبەر ئەو شتانەوە کە (نەفامان) دەیکەنە شەریك و هاوەڵی.

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: *قُلِ الْحَمْدُ لِلَّهِ وَسَلَامٌ عَلَىٰ عِبَادِهِ الَّذِينَ اصْطَفَىٰ آللَّهُ خَيْرٌ أَمَّا يُشْرِكُونَ أَمَّنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَأَنزَلَ لَكُم مِّنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَنبَتْنَا بِهِ حَدَائِقَ ذَاتَ بَهْجَةٍ مَّا كَانَ لَكُمْ أَن تُنبِتُوا شَجَرَهَا أَإِلَٰهٌ مَّعَ اللَّهِ ۚ بَلْ هُمْ قَوْمٌ يَعْدِلُونَ أَمَّن جَعَلَ الْأَرْضَ قَرَارًا وَجَعَلَ خِلَالَهَا أَنْهَارًا وَجَعَلَ لَهَا رَوَاسِيَ وَجَعَلَ بَيْنَ الْبَحْرَيْنِ حَاجِزًا أَإِلَٰهٌ مَّعَ اللَّهِ ۚ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ أَمَّن يُجِيبُ الْمُضْطَرَّ إِذَا دَعَاهُ وَيَكْشِفُ السُّوءَ وَيَجْعَلُكُمْ خُلَفَاءَ الْأَرْضِ أَإِلَٰهٌ مَّعَ اللَّهِ ۚ قَلِيلًا مَّا تَذَكَّرُونَ

أَمَّن يَهْدِيكُمْ فِي ظُلُمَاتِ الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَمَن يُرْسِلُ الرِّيَاحَ بُشْرًا بَيْنَ يَدَيْ رَحْمَتِهِ أَإِلَٰهٌ مَّعَ اللَّهِ ۚ تَعَالَى اللَّهُ عَمَّا يُشْرِكُونَ. أَمَّن يَبْدَأُ الْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُ وَمَن يَرْزُقُكُم مِّنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ أَإِلَٰهٌ مَّعَ اللَّهِ ۚ قُلْ هَاتُوا بُرْهَانَكُمْ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ. النمل/٥٩-٦٤* واته: بڵێ: سوپاس و ستایش بۆ خوای میهرەبان، سڵاو لەسەر ئەو بەندانەش کە هەڵی بژاردووە، ئایا ئەو خوا میهرەبانە چاکترە یان ئەوانەی ئەوان دەیکەنە شەریك و هاوەڵ بۆی؟ یان ئەو زاتەی کە ئاسمانەکان و زەوی دروست کردووە و لە ئاسمانەوە بارانی باراندووە، جا باخ و بێستانی جوان و ڕازاوەمان پێ بەرهەم هێناوە، ئێوە نەتاندەتوانی درەختەکانی بڕوێنن، چ جای بەرو بوومەکەی، ئایا ڕەوایە کە خوایەکی تر لەگەڵ خوای پەروەردگاردا هەبێت؟! نەخێر، لەگەڵ ئەو هەموو بەڵگانەدا زۆربەی ئەو خەڵکە لە ڕێبازی ڕاست لادەدەن و شوێنی چەوتی و ناردوستی دەکەون. کە زەوی دامەزراندووە و لە ناویدا جۆگە و ڕووبساری ڕەخساندووە، هەروەها زنجیرە چیای تیادا چەسپاندووە، لە نێوان دوو دەریاکەشدا بەربەستی بەرپاکردووە ئایا ڕەوایە خوایەکی تر لەگەڵ خوای پەروەردگاردا هەبێت؟! نەخێر وا نییە، لەگەڵ ئەو هەموو بەڵگانەدا زۆربەی ئەو خەڵکە نازانن و تێناگەن. ئایا کێیە جگە لە زاتی پەروەردگار کە بێت بە هانا و هاواری لێقەوماو و بێ دەرەتان و بێ داڵدەوە، کاتێك نزا دەکات و لێی دەپاڕێتەوە، ئەوسا بەڵاو ناخۆشیەکان لادەبات و دەتانکاتە نیشتەجێ و جێنشین لە زەویدا، ئایا ڕەوایە لەگەڵ ئەو زاتەدا خوای تر هەبێت؟! کەمێك یادەوەری وەربگرن و تێفکرن و بیربکەنەوە. ئایا کێ لە تاریکستانی سەروشکانی و دەریا ڕێنموویتان دەکات تا ون نەبن؟! کێ بای شەماڵ دەنێرێت وەك مژدەیەك پێش گەیشتنی بارانی ڕەحمەت؟، ئایا ڕەوایە لەگەڵ خوادا خوای تر هەبێت، بەرزی و بڵندی و مەزنی بۆ خوای گەورە لەبەرامبەر ئەو شتانەوە کە نەفامان دەیکەنە هاوەڵ و شەریك بۆ ئەو زاتە. ئایا کێ لە سەرەتاوە دروستکراوان بەدی دەهێنێت، پاشان دوای تێکدانی سەرلەنوێ دروستی دەکاتەوە، کێ لەو ئاسمانەوە لە زەوییەوە ڕزق و ڕۆزیتان پێ دەبەخشێت؟، ئایا ڕەوایە لەگەڵ زاتی خوادا خوای تر هەبێت؟، پێیان بڵێ: ئادەی بەڵگەتان چییە بهێننە مەیدان ئەگەر ئێوە ڕاستگۆن.

وچەندان ئایەتی تر جگە لەمانە ئەوە دەردەخەن کە پەروەردگار تاکوتەنیایە لە زاتیدا ، تاکە لە سیفاتیدا، تاکە لە کردارو ڕەفتارو هەڵسوکەوتیدا، هیچ پەروەردگارێکی تر نیە جگە لەو، وهیچ خودایەکی تر نیە جگە لەو.

**٧- توانای (الله)ی بەشکۆ:**

خوای گەورە دەفەرموێت:* يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِن كُنتُمْ فِي رَيْبٍ مِّنَ الْبَعْثِ فَإِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن تُرَابٍ ثُمَّ مِن نُّطْفَةٍ ثُمَّ مِنْ عَلَقَةٍ ثُمَّ مِن مُّضْغَةٍ مُّخَلَّقَةٍ وَغَيْرِ مُخَلَّقَةٍ لِّنُبَيِّنَ لَكُمْ ۚ وَنُقِرُّ فِي الْأَرْحَامِ مَا نَشَاءُ إِلَىٰ أَجَلٍ مُّسَمًّى ثُمَّ نُخْرِجُكُمْ طِفْلًا ثُمَّ لِتَبْلُغُوا أَشُدَّكُمْ وَمِنكُم مَّن يُتَوَفَّىٰ وَمِنكُم مَّن يُرَدُّ إِلَىٰ أَرْذَلِ الْعُمُرِ لِكَيْلَا يَعْلَمَ مِن بَعْدِ عِلْمٍ شَيْئًا ۚ وَتَرَى الْأَرْضَ هَامِدَةً فَإِذَا أَنزَلْنَا عَلَيْهَا الْمَاءَ اهْتَزَّتْ وَرَبَتْ وَأَنبَتَتْ مِن كُلِّ زَوْجٍ بَهِيجٍ . ذَٰلِكَ بِأَنَّ اللَّهَ هُوَ الْحَقُّ وَأَنَّهُ يُحْيِي الْمَوْتَىٰ وَأَنَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ وَأَنَّ السَّاعَةَ آتِيَةٌ لَّا رَيْبَ فِيهَا وَأَنَّ اللَّهَ يَبْعَثُ مَن فِي الْقُبُورِ الحج/٥-٧* واتە: ئەی خەڵکینە ئەگەر ئێوە گومانتان لە زیندوو بوونەوە هەیە، ئەوە چاك بزانن کە ئێمە سەرەتا ئێوەمان لە خاك و خۆڵ دروستکردووە، لەوەودوا (نەوەکان) لە نوتفەیەك (پەیدا بوون)، پاشان نوتفەش دەبێتە خۆهەڵواسەرێك لەناو منداڵداندا، لەوەودوا دەبێتە گۆشتپارەیەکی تەواوو سەرو سیمادار، یان ناتەواو،تا بۆتان ڕوون بکەینەوە کە ئێمە ئاوا ئێوەمان دروستکردووە و دووبارە دروستکردنەوەشتان لامان ئاسانە، ئەوەش بمانەوێت لە منداڵدانەکاندا جێگیری دەکەین، تا کاتێکی دیاریکراو، لەوەودوا بەساوایی و بەبچووکی دەرتاندەهێنین (لە سکی دایکتان) دوایی بۆ ئەوەی گەورە ببن و بگەنە ئەوپەڕی هێزو تواناتان، هەتانە دەمرێنرێت بەگەنجی، هەشتانە دەگەڕێنرێتەوە بۆ پەڕپووتترینی تەمەنەکان، بۆ ئەوەی هیچ شتێك نەزانێت دوای ئەوەی جاران دەیزانی، تۆ زەویش دەبینیت وشك و برنگە، جا کاتێك ئاوی بارانمان بەسەردا باراند، دادەچڵەکێت و دەلەرزێت و تۆوەکان چەکەرە دەکەن و ڕەگ و چڵ دەردەکەن و دەڕوێن، ئەوسا لە هەموو جۆرە گژوگیاو گوڵ و گوڵزارێکی جوان جووت دەڕوێنێت. بۆ ئەوەیە کە دڵنیابن هەر خوا زاتێکی حەق و ڕاستە، بێگومان هەر ئەویش بەئاسانی مردووان زیندوو دەکاتەوە و بەڕاستی ئەو پەروەردگارە دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە. بێگومان قیامەتیش هەر بەرپا دەبێت و

پێش دێت و هیچ گومانی تێدا نیە و بەڕاستی ئەوخوایە هەر هەموو ئەوانەی کە لەناو گۆڕدان زیندوویان دەکاتەوە و دەیانهێنێتە دەرەوە.
ودەفەرمێت: * مَّا أَشْهَدتُّهُمْ خَلْقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَلَا خَلْقَ أَنفُسِهِمْ وَمَا كُنتُ مُتَّخِذَ الْمُضِلِّينَ عَضُدًا الكهف/٥١* واتە: وەنەبێت مـن لـەکاتی دروستکردنی ئاسمانەکان و زەویدا ئـەوانم ئامادە کردبێت، بگرە هەتا لە دروست بوونی خۆشیان ئاگادارنین، بەڕاستی مـن هەرگیز ئەوانـەی خەڵك گومڕا دەکەن نەمکردووە بەیارمەتیدەری خۆم و پشتم پێ نەبەستوون.
ودەفەرمێت *وَلَقَدْ خَلَقْنَا السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ وَمَا مَسَّنَا مِن لُّغُوبٍ. ق/٣٨ * واتە: بەڕاستی ئێمە ئاسمانەکان و زەوی و هەرچی لەنێوانیاندا هەیە بەشەش ڕۆژ دروستمان کردوون، هیچ ماندوبەتیەکیش ڕوی تێ نەکردین.
ودەفەرمێت* وَهُوَ الَّذِي مَرَجَ الْبَحْرَيْنِ هَٰذَا عَذْبٌ فُرَاتٌ وَهَٰذَا مِلْحٌ أُجَاجٌ وَجَعَلَ بَيْنَهُمَا بَرْزَخًا وَحِجْرًا مَّحْجُورًا وَهُوَ الَّذِي خَلَقَ مِنَ الْمَاءِ بَشَرًا فَجَعَلَهُ نَسَبًا وَصِهْرًا وَكَانَ رَبُّكَ قَدِيرًا. الفرقان/٥٣-٥٤* واتە: هەر ئەوزاتەیە کە ئاوی دوو دەریا لە پاڵ یەکدا، ئەمەیان شیرین و خۆش و سازگار، ئەوی تریان تفت و تاڵە، لە نێوانیاندا بەربەست و کۆسپی فەراهەم هێناوە ناهێڵێت تیکەڵ ببن. هەر ئەوزاتەیە کە ئاوی بەشەر دروست دەکات و کردوویەتی بە هۆی خزمایەتی، بێگومان پەروەردگاری تۆ تواناداری بێ سنوورە .

ودەفەرمێت *أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ يُزْجِي سَحَابًا ثُمَّ يُؤَلِّفُ بَيْنَهُ ثُمَّ يَجْعَلُهُ رُكَامًا فَتَرَى الْوَدْقَ يَخْرُجُ مِنْ خِلَالِهِ وَيُنَزِّلُ مِنَ السَّمَاءِ مِن جِبَالٍ فِيهَا مِن بَرَدٍ فَيُصِيبُ بِهِ مَن يَشَاءُ وَيَصْرِفُهُ عَن مَّن يَشَاءُ يَكَادُ سَنَا بَرْقِهِ يَذْهَبُ بِالْأَبْصَارِ. يُقَلِّبُ اللَّهُ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ ۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَعِبْرَةً لِّأُولِي الْأَبْصَارِ وَاللَّهُ خَلَقَ كُلَّ دَابَّةٍ مِّن مَّاءٍ فَمِنْهُم مَّن يَمْشِي عَلَىٰ بَطْنِهِ وَمِنْهُم مَّن يَمْشِي عَلَىٰ رِجْلَيْنِ وَمِنْهُم مَّن يَمْشِي عَلَىٰ أَرْبَعٍ ۚ يَخْلُقُ اللَّهُ مَا يَشَاءُ ۚ إِنَّ اللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ. النور/٤٣-٤٥* واتە: ئایا نابینیت کە بێگومان خوا بە ئارامی و شێنەیی هەورەکان بە ئاسماندا دەبات دوایی پەیوەستیان دەکات بەیەکەوە، ئەوسا کەڵەکەیان دەکات لەسەر یەك، ئینجا دەبینیت لە توێی ئەو هەورانەوە کە وەکو کێو وان باران و تەرزە دەبارێنێت ، جا لە سوودی ئەوبارانە

بـه هـەر کـەس خـوا بیـەوێت، خێـرو بەرەکـەت دەبەخشـێت، هـەر کەسـیش کـە بیـەوێت لێـی دوور دەخاتـەوە، خەریکـە بریسـکەکەیـان بینـایی چـاوان بـەرێت. خـوای گـەورە ئـاڵو گـۆڕ بەشـەوو ڕۆژ دەکـات، بـە ڕاسـتی ئـا لـەو شـتانەدا پەنـدو ئامۆژگـاری هـەیـە بـۆ خـاوەن دیـدو ڕۆشـنبیرەکان. هـەروەها خـوا هـەموو زینـدەوەرێکی لـە ئـاوێکی تایبـەت دروسـت کـردووە، جـا هـەیانـە لەسـەر سکی دەڕوات، هـەیشـە لەسـەردوو قـاچ دەڕوات، هـەیشـە لەسـەر چـوار پـێ دەڕوات، خـوا هـەرچی بوێـت دروسـتی دەکـات، بـە ڕاستی خوا دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە.

وچەنـدان ئـایەتی تـر بەڵـگەن لەسـەر گەورەیـی توانـای پەروەردگـاری بەرزو پـیرۆز، و سەراسیمەی مەزنێتی.

٨- ویستی خودا:

خـوای گەورە دەفەرموێـت:* إِنَّمَـا أَمْـرُهُ إِذَا أَرَادَ شَـيْئًا أَن يَقُـولَ لَـهُ كُـن فَيَكُـونُ. یـس/٨٢* واتە: بێگومـان هـەر کاتێـك فـەرمانی خـوا دەرچـوو، ویسـتی شـتێك جێبـەجێ بکـات و بیهێنێتـە دی، پێـی دەڵێـت ببـە، ئـەویش دەسـتبەجێ و بێ دواکـەوتن پـێش دێـت و ئەنجام دەدرێت و دروست دەبێت.

و دەفەرمێت: *وَإِذَا أَرَدْنَـا أَن نُّهْلِـكَ قَرْيَـةً أَمَرْنَـا مُتْرَفِيهَـا فَفَسَـقُوا فِيهَـا فَحَـقَّ عَلَيْهَـا الْقَـوْلُ فَـدَمَّرْنَاهَا تَـدْمِيرًا .الاسـراء/١٦* واتە: کاتێـك بمانـەوێت دانیشـتوانی شـارو شـارۆچکەیـەك لـەناو ببـەیـن، ئـەوە سـەرەتا فـەرمانی گوێڕایـەڵـی دەدەیـن بـە دەوڵەمەنـدەکان کـەچی ئـەوان یـاخی دەبـن و خراپـەکاری دەکـەن لـە شـارەکەدا، ئەوسـا ئیتـر شایسـتەی ئـەوە دەبـن کـە بڕیـاری ئێمـە بەسـەریاندا بسـەپێنرێت، ئینجـا ئێمـەش کاولی دەکەین بەسەر یەکداو داروبەردی بەسەر یەکەوە ناهێڵین.

وخـوای گەورە لە بەسـەرهاتی خضـر لەگەڵ موسـا پێغەمـبەردا (علیهمـا السـلام)دەفەرموێت:* وَأَمَّـا الْجِـدَارُ فَكَـانَ لِغُلَامَـيْنِ يَتِيمَـيْنِ فِي الْمَدِينَـةِ وَكَـانَ تَحْتَـهُ كَنـزٌ لَّهُمَـا وَكَـانَ أَبُوهُمَـا صَـالِحًا فَـأَرَادَ رَبُّـكَ أَن يَبْلُغَـا أَشُـدَّهُمَا وَيَسْـتَخْرِجَا كَنزَهُمَـا رَحْمَـةً مِّـن رَّبِّـكَ وَمَـا فَعَلْتُـهُ عَـنْ أَمْـرِي ذَٰلِـكَ تَأْوِيـلُ مَـا لَـمْ تَسْـطِع عَّلَيْـهِ صَـبْرًا . الکهـف/٨٢* واتە: دیوارەکـەش کـە چـاکم کـردەوە، خاوەنەکـەی دوو منـداڵی هـەتیووی شـارۆچکەکە بـوون، لەژێریـدا گەنجینـەیەکی هـەبوو بـاوکی ئـە دوو منداڵـەش خوانـاس و چـاك بـوو،

جا پـەروەردگارت ویـسـتی کاتێك گەنجینەکـەیـان دەسـت بکـەوێت کـە گـەورە و بەهێـزبن، ئەوسـا دەری بهێـنن، ئەمـەش وەکـو ڕەحمـەتێکی تایبـەتی لەلایـەن پەروەردگارتـەوە ، دڵنیاشبە کـە هـەموو ئـەو کارانـەم لـە خۆوە نـەکردووە، ئیتـر ئـەوە بوو ڕازو نهێنی ئەو شتانەی کە خۆت بۆ نەدەگیرا کاتێك ئەنجامم دەدان.

ودەفەرمێت:* يُرِيدُ اللَّهُ لِيُبَيِّنَ لَكُمْ وَيَهْدِيَكُمْ سُنَنَ الَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ وَيَتُوبَ عَلَيْكُمْ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ. وَاللَّهُ يُرِيدُ أَن يَتُوبَ عَلَيْكُمْ وَيُرِيدُ الَّذِينَ يَتَّبِعُونَ الشَّهَوَاتِ أَن تَمِيلُوا مَيْلًا عَظِيـمًا يُرِيدُ اللَّهُ أَن يُخَفِّفَ عَنكُمْ ۚ وَخُلِقَ الْإِنسَانُ ضَعِيفًا .النساء/٢٦-٢٨* واتە:

بێگومـان خـوا دەیـەوێت هـەموو شـتێکتان بـۆ ڕوون بکاتـەوە و ڕێنموویتـان بکـات بـۆ ئـەو یاسـاو بەرنامانـەی پـێش خۆتـان و تەوبـە و پەشیمانیشـتان لێ وەربگرێـت، خـوا زانـاو دانایـە. بێگومـان خـوا دەیـەوێت تەوبـە و پەشـیمانیتان لـێ وەربگرێـت و لـە هـەڵـەکانتان خـۆش بێـت، ئەوانـەی شـوێن ئـارەزەووات و هەوەسـبازی کـەوتوون دەیانـەوێت ئێـوە لابـدەن بـە لادانێکی گـەورە. خـوا دەیـەوێت بارتـان سـووك بکـات و کـار ئاسانیتان بۆ بکات ئادەمیزاد بە لاوازی دروست کراوە.

جگەلەمـانەش چەنـدان ئـایەتی پیـرۆزی ترئامـاژەی چەسـپانی ویسـتی خـوای گەورە دەکەن، و ویسـتی ئەو لەسـەروو هەمـوو ویسـت و توانـاو خواسـتێکەوەیە *وَمَـا تَشَـاءُونَ إِلَّا أَن يَشَـاءَ اللَّـهُ رَبُّ الْعَـالَمِينَ. التكـوير/٢٩* واتە: ویسـتی ئێـوەش نایەتـە دێتە دی مەگەر کاتێك خوای پەروەردگاری جهانیان بیەوێت.

## ٩- زانستی خوای گەورە:

خـوای گەورە دەفەرموێـت:* الْحَمْـدُ لِلَّـهِ الَّـذِي لَـهُ مَـا فِي السَّـمَاوَاتِ وَمَـا فِي الْأَرْضِ وَلَـهُ الْحَمْـدُ فِي الْآخِرَةِ ۚ وَهُـوَ الْحَكِيمُ الْخَبِيـرُ يَعْلَـمُ مَـا يَلِجُ فِي الْأَرْضِ وَمَـا يَخْرُجُ مِنْهَـا وَمَـا يَنـزِلُ مِـنَ السَّـمَاءِ وَمَـا يَعْـرُجُ فِيهَـا ۚ وَهُـوَ الـرَّحِيمُ الْغَفُـورُ . سـبأ/١-٢* واتە: سـوپاس و سـتایش بـۆ ئـەو خوایـەی کـە هـەرچی لـە ئاسمانەکان و زەویـدا هـەیـە، هـەر هـەمووی، ئـەو خـاوەنێتی، سـتایش و سـوپاس لـە قیامەتـدا (لـە بەهەشـتدا) هـەر پێشـکەش بـەو دەکرێـت، ئـەو زۆر دانـاو ئاگایـە. دەزانێـت چـی دەچـێ بـەناخی زەویـداو چیشـی لێ دێتـە دەرەوە، چـی لـە ئاسـمان دێتـە خـوارەوەو چـیش پیایـدا بەرزدەبێتـەوە، ئـەو زاتـە زۆر میهرەبان و لێخۆشبووە.

ودەفەرموێـت *يَعْلَـمُ مَـا فِي السَّـمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَيَعْلَـمُ مَـا تُسِـرُّونَ وَمَـا تُعْلِنُـونَ ۚ وَاللَّـهُ عَلِـيمٌ بِـذَاتِ الصُّـدُورِ. التغـابن/٤* واتە: هـەرچی لـە ئاسـمانەکان و زەویـدا هـەیـە و دەگوزەرێـت، خـوا ئاگـاو زانایـە پێـی، هـەروەها دەزانێـت چـی پـەنهان دەکـەن و چـی ئاشـکرا دەکـەن، هەمیشـە ئـەو خوایـە زانایـە بـە هـەرچی لـە پـێچ و پـەنای سـینەکاندا حەشاردراوە.

و خـوای گەورە لەبەسـەرهاتی لوقمـان و ئامۆژگـاری کوڕەکەیـدا دەفەرموێـت: *يَـا بُنَـيَّ إِنَّهَـا إِن تَـكُ مِثْقَـالَ حَبَّـةٍ مِّنْ خَـرْدَلٍ فَـتَكُن فِي صَخْرَةٍ أَوْ فِي السَّـمَاوَاتِ أَوْ فِي الْأَرْضِ يَـأْتِ بِهَـا اللَّـهُ ۚ إِنَّ اللَّـهَ لَطِيـفٌ خَبِيـرٌ. لقمـان/١٦* واتە: پاشـان لەسـەر زاری لوقمـان دەفـەرموێت: ئـەی کـوڕی ئـازیزم: بـەڕاسـتی ئەگـەر گوناهێـك بـە قـەدەر تـۆوی خەرتەلـەیـەك هـەبێت و لـەناو بەردێکـدا لـە ئاسـمانەکان یـان لـەو زەویـدا حەشـاردرا بێـت، و دەیهێنێتـە مـەیـدان، چونکـە بـەڕاسـتی خـوا هـیچ شـتێکی لێ شـاراوە نیـە و زۆریش ئاگایە.

وخـوای گەورە لە بەسـەرهاتی نێـوان شـوعەیب و خێڵەکەیـدا دەفەرمێـت * قَـالَ الْمَلَأُ الَّـذِينَ اسْـتَكْبَرُوا مِـن قَوْمِـهِ لَنُخْرِجَنَّـكَ يَـا شُـعَيْبُ وَالَّـذِينَ آمَنُـوا مَعَـكَ مِـن قَرْيَتِنَـا أَوْ لَتَعُـودُنَّ فِي مِلَّتِنَـا ۚ قَـالَ أَوَلَـوْ كُنَّـا كَارِهِينَ قَـدِ افْتَرَيْنَـا عَلَـى اللَّـهِ كَـذِبًا إِنْ عُـدْنَا فِي مِلَّـتِكُم بَعْـدَ إِذْ نَجَّـانَا اللَّـهُ مِنْهَـا ۚ وَمَـا يَكُـونُ لَنَـا أَن نَّعُـودَ فِيهَـا إِلَّا أَن يَشَـاءَ اللَّـهُ رَبُّنَـا ۚ وَسِـعَ رَبُّنَـا كُـلَّ شَـيْءٍ عِلْمًـا ۚ عَلَـى اللَّـهِ تَوَكَّلْنَـا ۚ رَبَّنَـا افْـتَحْ بَيْنَنَـا وَبَـيْنَ قَوْمِنَـا بِـالْحَقِّ وَأَنـتَ خَيْـرُ الْفَـاتِحِينَ. الاعـراف/٨٨-٨٩* واتە: دەسـتەی دەسـەڵاتـداران، ئەوانـەی لـووت بـەرزیان کـرد لـە قەومەکـەی وتیـان: ئـەی شـوعەیب سـوێند بـە خـوا خـۆت و ئەوانـەی بـاوەڕیـان هێنـاوە لـە گـەڵتـدا لـە شـارەکەماندا دەرتـان دەکـەیـن، یـان بـە ئـارەزووی خۆتـان بگـەڕێنـەوە نێـو ئاینەکـەمان، ئیمانـداران وتیـان: ئایـا ئەگـەر حەزیشـی لێ نەکـەیـن بەدڵیشـمان نـەبێت؟! بـەڕاسـتی ئێمـە درۆمـان بـەناوی خـواوە هـەڵبەسـتووە، ئەگـەر پەشـیمان ببینـەوە و بگـەڕێینـەوە نـاو ئاینەکـەی ئێـوە، دوای ئـەوەی کـە خـوا لـە دەسـت ڕزگـاری کـردین، ئێمـە بۆمـان نیـە بگـەڕێینـەوە بـۆ نـاو ئاینـی ئێـوە مەگـەر ویسـتی خـوای پـەروەردگارمانی لەسـەر بێـت، زانسـت و زانیـاری پـەروەردگارمان فراوانـەو هـەموو شـتێکی گرتۆتـەوە، هـەر بـەخوا پشـت و پـەنامان بەسـتووە، پـەروەردگارا خـۆت داوەری

بکـه لەسـەر بنچینـەی حـەق وڕاسـتی لـەنێوان ئێمـە و قـەوم وگەلمانـدا، چونکـه تـۆ چاکترینی دادوەرانی.

و دەفەرمێـت:* أَلَـمْ تَـرَ أَنَّ اللَّـهَ يَعْلَـمُ مَـا فِي السَّـمَاوَاتِ وَمَـا فِي الْأَرْضِ مَـا يَكُـونُ مِـن نَّجْوَىٰ ثَلَاثَـةٍ إِلَّا هُـوَ رَابِعُهُـمْ وَلَا خَمْسَـةٍ إِلَّا هُـوَ سَادِسُـهُمْ وَلَا أَدْنَىٰ مِـن ذَٰلِـكَ وَلَا أَكْثَـرَ إِلَّا هُـوَ مَعَهُـمْ أَيْـنَ مَـا كَانُوا ثُـمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَـا عَمِلُـوا يَـوْمَ الْقِيَامَـةِ ۚ إِنَّ اللَّـهَ بِكُلِّ شَـيْءٍ عَلِيـمٌ. المجادلـة/٧* واتە: ئایـە سـەرنجت نـەداوە کـە بـەڕاسـتی خـوا بـە هـەرچی لـە ئاسـمانەکان وزەویـدا هـەیـە زانـا و ئاگایـە، سـێ کـەس نیـە چپـە بکـەن بـەیەکـەوە خـوا چوارهـەمیان نـەبێت، پێـنج کـەس نیـە ئـەوزاتـە شەشـەمیان نـەبێت، لـەو ژمارانـە کـەمتر یـان زیـاتریش نیـە کـە ئـەو لایـان نـەبێت و ئاگـادار نـەبێت بـە سـرتە و چپـەیـان، لەهـەر شـوێنێك و لەهـەر کوێـدا بـن، پاشـان لـە ڕۆژی قیامەتـدا ئاگاداریـان دەکاتـەوە بـە هـەموو ئـەو کـارو کردەوانـەی کـە ئەنجامیانـداوە، چونکـە بـەڕاسـتی خـوا بـە هـەموو شتێک زانایە.

و دەفەرمێـت *وَمَـا تَكُونُ فِي شَـأْنٍ وَمَـا تَتْلُـو مِنْـهُ مِـن قُـرْآنٍ وَلَا تَعْمَلُـونَ مِـنْ عَمَـلٍ إِلَّا كُنَّـا عَلَـيْكُمْ شُـهُودًا إِذْ تُفِيضُـونَ فِيـهِ ۚ وَمَـا يَعْـزُبُ عَـن رَّبِّـكَ مِـن مِّثْقَـالِ ذَرَّةٍ فِي الْأَرْضِ وَلَا فِي السَّـمَاءِ وَلَا أَصْـغَرَ مِـن ذَٰلِـكَ وَلَا أَكْبَـرَ إِلَّا فِي كِتَـابٍ مُّبِـينٍ. يـونس/٦١ * واتە: تـۆ بـەهیچ کارێـك هـەڵنـاسـی، هـیچ بەشـێك لـە قورئـان ناخوێنیتـەوە بـە هـیچ هـەڵسـوکەوتێك هـەڵناسـن کـە ئێمـە شـایەت نـەبین بەسـەریەوە لەکاتێکـدا ئـەنجامی دەدەن و تیایـدا ڕۆدەچـن، هـیچ شـتێکیش لـە پـەروەردگاری تـۆ، ون نابێـت لـە پارچـە ئەتۆمێکـەوە بگـرە لـە زەوی یـان لـە ئاسـماندا، بچـوکتر بێـت یـان گـەورە تـر، کـە لـە دۆسیەیـەکی تایبـەتی ئاشکرادا لای ئێمە تۆمار نەکرا بێت.

وچەنـدان ئـایەتی تـر بەڵـگەن لەسـەر فراوانـی زانسـتی خـوای گەورەو پەی بردنـی بە هەموو شتێك، هەرچەندە کەم بێت یا زۆر، ورد بێت یان گەورە.

**١٠- ژیانی خوای گەورە:**

خـوای گەورە دەفەرموێـت: *اللَّـهُ لَا إِلَـٰهَ إِلَّا هُـوَ الْحَيُّ الْقَيُّـومُ ۚ لَا تَأْخُـذُهُ سِـنَةٌ وَلَا نَـوْمٌ ۚ لَّـهُ مَـا فِي السَّـمَاوَاتِ وَمَـا فِي الْأَرْضِ مَـن ذَا الَّـذِي يَشْـفَعُ عِنـدَهُ إِلَّا بِإِذْنِـهِ ۚ يَعْلَـمُ مَـا بَـيْنَ أَيْـدِيهِمْ وَمَـا خَلْفَهُـمْ وَلَا يُحِيطُـونَ بِشَـيْءٍ مِّـنْ عِلْمِـهِ إِلَّا بِمَـا شَـاءَ ۚ وَسِـعَ كُرْسِـيُّهُ

السَّـمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَلَا يَئُـودُهُ حِفْظُهُمَـا ۚ وَهُـوَ الْعَلِيُّ الْعَظِـيمُ. البقـرة/٢٥٥* واته: خـوا زاتێکـە جگـە ئـەو هـیچ خوایـەکی ترنیـە کـە شـایەنی پەرسـتن بێـت و ئـەو هەمیشـە زینـدووە و ڕاگـرو سەرپەرشـتیاری ، نـە وەنـەوز دەیگرێـت و نـە خـەو، هـەرچی لـە ئاسـمانەکان و هـەرچی لـە زەویـدا هـەیـە هـەر ئەوزاتـە خاوەنیانـە. کێیـە ئـەوەی (دەتوانێـت) تکـا بکـات لـە لای ئـەو، بـەبێ مۆڵـەتی خـۆی، دەشـزانێت چـی لـە ئێسـتاو داهـاتوو و ڕابـووردودا ڕوویـداوەو ڕوودەدات، هـیچ کـام لـە دروسـتکراوانی زانسـت و زانیـاری تـەواویان نیـە دەربـارەی زانیـاری و زانسـتەکانی ئـەو، مەگـەر بـەوەی کـە خـۆی بیـەوێت فێریـان بکـات، فـەرمانڕەوایی و دەسـەڵات و زانینـی ئەوزاتـە هـەموو ئاسـمانەکان و زەوی گرتۆتـەوە و پارێزگاریـان بـەلای خـواوە هـیچ گـران نیـە و مانـدووی ناکات و هەر ئەو خوایەکی بەرزو بڵند و گەورەیە.

ودەفەرمێـت*الم اللَّـهُ لَا إِلَـٰهَ إِلَّا هُـوَ الْحَيُّ الْقَيُّـومُ نَـزَّلَ عَلَيْـكَ الْكِتَـابَ بِـالْحَقِّ مُصَـدِّقًا لِّمَـا بَيْنَ يَدَيْـهِ وَأَنـزَلَ التَّـوْرَاةَ وَالْإِنجِيـلَ مِـن قَبْـلُ هُـدًى لِّلنَّـاسِ وَأَنـزَلَ الْفُرْقَـانَ إِنَّ الَّـذِينَ كَفَـرُوا بِآيَـاتِ اللَّـهِ لَهُـمْ عَـذَابٌ شَـدِيدٌ وَاللَّـهُ عَزِيـزٌ ذُو انتِقَـامٍ. آل عمـران/١-٤* واته: ئەلیـف لام مـیم. خـوا زاتێکـە جگـە ئـەو هـیچ خوایـەکی تـر نیـە شـایەنی پەرسـتن بێـت و ئـەو هەمیشـە زینـدووە و ڕاگـرو سەرپەرشـتیاری هـەموو دروسـتکراوەکانیەتی. ئـەی پێغەمبـەر خـوا قورئـانی بـۆ تـۆ بـەڕاسـت و دروسـت دابەزانـدووە، بـەڕاسـت دانـەری سـەرجەم کتێبـە پێشـووەکانی پـیش خۆیـەتی ، هـەروەها تـەوراتی بـۆ (موسـا) و ئینجیلـی بـۆ (عیسـا) ڕەوانـە کـردووە لـە پـێش قورئانـدا... لەکاتێکـدا هیدایـەت و ڕێنمـوویی بەخشـی خـەڵکـی بـوون، هـەروەها جیاکـەرەوەی حـەق و بـەتاڵی نـاردە خـوارەوە (کـە قورئانـە)، بێگومـان ئەوانـەی بڕوایـان نـەهێنا بـە ئایاتـەکانی خـوا، بـۆ ئـەوان سـزایەکی سـەخت (لـە دواڕۆژدا) هـەیـە، بێگومـان خـوای گـەورە باڵادەسـتەو خاوەنی تۆڵەو سزایە.

ودەفەرمێـت * اللَّـهُ الَّـذِي جَعَـلَ لَكُـمُ الْأَرْضَ قَـرَارًا وَالسَّمَاءَ بِنَـاءً وَصَـوَّرَكُمْ فَأَحْسَـنَ صُـوَرَكُمْ وَرَزَقَكُم مِّنَ الطَّيِّبَـاتِ ۚ ذَٰلِكُمُ اللَّـهُ رَبُّكُـمْ فَتَبَـارَكَ اللَّـهُ رَبُّ الْعَـالَمِينَ هُـوَ الْحَيُّ لَا إِلَـٰهَ إِلَّا هُـوَ فَـادْعُوهُ مُخْلِصِينَ لَـهُ الـدِّينَ الْحَمْـدُ لِلَّـهِ رَبِّ الْعَـالَمِينَ. غـافر/٦٤-٦٥* واته: خـوا ئـەو زاتـەیـە کـە زەوی بـۆ کـردوون بـە شـوێنی سـرەوتن و ژیـان و حەوانـەوە،

ئاسمانیشی بەسەرتانەوە ڕاگرتووە، ڕووخسارو شێوازتانی نەخشاندووە، بەجوانترین شێوەش نەخشاندویەتی، لە ڕزق و ڕۆزی چاك و پاك و بەسوود بەهرەوەری كردوون، جا ئا ئەوەیە خوای پەروەردگارتان، پاك و بێ گەرد و بڵندە ئەو خوایەی كە پەروەردگاری هەموو جیهانیانە. ئەو زاتە هەمیشە و بەردەوام هەر زیندووە، جگە لەو خوایەكی تر نیە، كەوابوو هانا و هاوار و نزاتان ڕوو بەو بێت، ملكەچ و فەرمانبەرداری بەرنامە و ئاینەكەی ئەو بن، سوپاس و ستایش بۆ خوا، كە پەروەردگاری هەموو جیهانیانە.

وچەندان ئایەتی تر هەن بەڵگەن لەسەر ئەوەی خاوەنی سیفاتی ژیانێكی تەواوە، كە هیچ تەواویەكی تری لەسەرەوە نیە.

**١١-١٢ بیستن و بینینی كردگار:**

خوای گەورە دەفەرموێت:* قَدْ سَمِعَ اللَّهُ قَوْلَ الَّتِي تُجَادِلُكَ فِي زَوْجِهَا وَتَشْتَكِي إِلَى اللَّهِ وَاللَّهُ يَسْمَعُ تَحَاوُرَكُمَا ۚ إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ بَصِيرٌ. المجادلة/١* واتە: بێگومان خوا بیستی و وەریگرت وتووێژی ئەو ئافرەتەی كە گفتوگۆت لەگەڵدا دەكات دەربارەی هاوسەرەكەی، سكاڵای خۆیشی بۆلای خوا دەبات، خوایش گوێی لە گفتوگۆكەتان بوو.

و دەفەرمێت* أَرَأَيْتَ الَّذِي يَنْهَىٰ عَبْدًا إِذَا صَلَّىٰ أَرَأَيْتَ إِن كَانَ عَلَى الْهُدَىٰ أَوْ أَمَرَ بِالتَّقْوَىٰ أَرَأَيْتَ إِن كَذَّبَ وَتَوَلَّىٰ أَلَمْ يَعْلَم بِأَنَّ اللَّهَ يَرَىٰ. العلق/٩-١٤* واتە: باشە، پێم بڵێ ئایا ئەو كەسەی كە فەرمان دەدات و ڕێگری دەكات؟!...لە بەندەیەكی خوا كاتێك نوێژ دەكات!!... ئەی ئەگەر ئەو كەسەی قەدەغەی لێدەكرێت لەسەر ڕێبازی هیدایەت و چاكە بێت!! یان فەرمان بە خواناسی بكات!!... ئەی ئەگەر (كابرای خوانەناس) بەرنامەی خوا بەدرۆ بزانێت و پشتی تێ بكات. ئایا نەیزانیوە كە خوا دەیبینێت و ئاگای (لە گوفتارو كرداریەتی)؟!

وخوای گەورە بە موساو هارون دەفەرمێت كاتێك ناردنی بۆ لای فیرعەون: *اذْهَبَا إِلَىٰ فِرْعَوْنَ إِنَّهُ طَغَىٰ فَقُولَا لَهُ قَوْلًا لَّيِّنًا لَّعَلَّهُ يَتَذَكَّرُ أَوْ يَخْشَىٰ قَالَا رَبَّنَا إِنَّنَا نَخَافُ أَن يَفْرُطَ عَلَيْنَا أَوْ أَن يَطْغَىٰ قَالَ لَا تَخَافَا إِنَّنِي مَعَكُمَا أَسْمَعُ وَأَرَىٰ. طه/٤٣-٤٦* واتە: هەردووكتان بچن بۆ لای فیرعەون، چونكە بەڕاستی ئەو لە سنوور دەرچووە

و لـه مـەرزی بەندایـەتی تـرازاوە. هـەردووکتان بەنـەرمی و جـوانی گفتوگـۆی لەگـەڵـدا بکـەن، بـۆ ئـەوەی یـاداوەری وەربگرێـت، یـان ترسـی (سـزای ئێمـە) لـە دەروونیـدا جێ بگرێـت. موسـاو هـاروون وتیـان: پـەروەردگارا؛ ئێمـە بـەڕاسـتی دەترسـین پـەلامارمان بـدات و لـەناومان بـەرێت، یـان زیـاتر سەرکەشـی بکـات. خـوای گـەورە فـەرمووی: مەترسن من بەڕاستی لەگەڵتاندام، دەبیسم و دەبینم.

ودەفەرموێـت *يَعْلَـمُ خَائِنَـةَ الْأَعْـيُنِ وَمَـا تُخْفِـي الصُّـدُورُ وَاللَّـهُ يَقْضِـي بِـالْحَقِّ وَالَّـذِينَ يَـدْعُونَ مِـن دُونِـهِ لَا يَقْضُـونَ بِشَـيْءٍ إِنَّ اللَّـهَ هُـوَ السَّـمِيعُ الْبَصِـيرُ. غـافر/١٩-٢٠*

واتە: ئـەو خوایـە هەمیشـە چـاوە خیانـەتکار و ناپاکـەکان دەناسـێت و دەزانێـت چی لـە دڵ و دەروون و سـینەکاندا حەشـاردراوە. هەمیشـە خـوا دادوەریـی لەسـەر بنچینـەی حـەق و ڕاسـتی ئـەنجام دەدات، ئەوانـەی جگـە لـەو زاتـە هاواریـان لێ دەکـەن، هـیچ دەسەڵات و داوەریەکیان لە دەست نایەت، بەڕاستی هەر خوا خۆی بیسەر و زانایە.

وچەنـدان ئـایەتی تـر هەن بەڵـگەن بـۆ وەسـفکردنی خـوای گەورەبە سـیفەتەکانی بیستن و بینین.

## ١٣- قسەی کردگار:

خوای گەورە دەفەرموێت: * وكلم موسى تكليما * النساء/١٦٤

واتا: و خوا بە هەقیقەت لەگەڵ موسادا قسەی کرد.

ودەفەرموێـت:* أَفَتَطْمَعُـونَ أَن يُؤْمِنُـوا لَكُـمْ وَقَـدْ كَـانَ فَرِيـقٌ مِّنْهُمْ يَسْـمَعُونَ كَـلَامَ اللَّـهِ ثُـمَّ يُحَرِّفُونَـهُ مِـن بَعْـدِ مَـا عَقَلُـوهُ وَهُـمْ يَعْلَمُـونَ. البقـرة/٧٥* واتە: ئایـا ئێـوە بـە تـەمان و ئومێـدەوارن کـە جولەکـە ئیمـان و بـاوەڕ بهێـنن بـە ئاینەکـەی ئێـوە، لـە کاتێکـدا بێگومـان دەسـتەیـەك لـە شـارەزاکانیان گوفتـاری خوایـان دەبیسـت لـە (تـەورات)دا، لـەوەودوا دەسـتکاریان دەکـرد دوای ئـەوەی کـە تێـیگەیشـتبوون و دەیـانزانی ڕاستیەکەی کامەیە.

و دەفەرمێـت:* وَإِنْ أَحَـدٌ مِّـنَ الْمُشْـرِكِينَ اسْـتَجَارَكَ فَـأَجِرْهُ حَتَّـىٰ يَسْـمَعَ كَـلَامَ اللَّـهِ ثُـمَّ أَبْلِغْـهُ مَأْمَنَـهُ. التوبـة/٦* واتە: خـۆ ئەگـەر کەسـێك لـە هـاوەڵگـەران داوای پـەنای لێ کردیـت ، ئـەوە تـۆیش پـەنای بـدە هـەتا گـوێی لـە فەرموودەکـەی خـوا دەبێـت، پاشـان بیگەیەنە بەو شوێنەی دەیەوێت و تیایدا پارێزراوە.

وچەنـــدان ئـايەتی تــر هەن بەڵـــگەی وەســـفداریتی پەروەردگــاری تــاك و تەنیـــان بە سیفەتی قسەکردن و ئاخافتن.

***

خـــوای گەورە لە قورئـــانی پیـــرۆزدا خـــۆی بەزۆر نـــاوبردووە، جـــگە لەوانەی باســمانکردن، لەو ئایەتـانەی باســی ناوەکـانی خـوای گەورە دەکـات *هُـوَ اللَّـهُ الَّـذِي لَا إِلَـٰهَ إِلَّا هُـوَ عَـالِمُ الْغَيْـبِ وَالشَّـهَادَةِ هُـوَ الرَّحْمَـٰنُ الـرَّحِيمُ هُـوَ اللَّـهُ الَّـذِي لَا إِلَـٰهَ إِلَّا هُـوَ الْمَلِكُ الْقُـدُّوسُ السَّـلَامُ الْمُـؤْمِنُ الْمُهَـيْمِنُ الْعَزِيـزُ الْجَبَّـارُ الْمُتَكَبِّـرُ سُـبْحَانَ اللَّـهِ عَمَّـا يُشْـرِكُونَ هُـوَ اللَّـهُ الْخَـالِقُ الْبَـارِئُ الْمُصَـوِّرُ لَـهُ الْأَسْـمَاءُ الْحُسْـنَىٰ يُسَـبِّحُ لَـهُ مَـا فِي السَّـمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَهُـوَ الْعَزِيـزُ الْحَكِيمُ. الحشـر/٢٢-٢٤* واتە: خـوا ئـەو زاتـەیـە کـە جگـە لـەو خوایـەکی تـر نیـە زانایـە بـە هـەموو نهێنـی و ئاشـکراکان، ئـەو خوایـە بەخشـندە و میهرەبـان و دلۆڤانـە کانگـای ڕەحـم و بـەزەییـە. خـوا ئـەو زاتـەیـە کـە جگـە لـەو خوایـەکی تـر نیـە پاشـای هـەموو بوونـەوەرە، پـاك و بێگـەردو پوختـە، ئاشـتیخواز و ئاشـتی پـەروەرە، ئاسـایش بـەخش و پـەناگای ئیمانـدارانـە، دەسـەڵاتـدارە و چـاودێری دروسـتکراوەکانیەتی، باڵادەسـتە، خـاوەنی خێـری بێسـنوورە، گـەورەیـە و خـۆی بەگـەورە دەزانێـت، پـاکی و بێگـەردی بـۆ ئـەو خوایـە لـەوەی تێنەگـەیشـتوان شـەریك و هـاوەڵـی بـۆ بڕیـار دەدەن. هـەر ئـەو خوایـە بەدیهێنـەرو دروسـتکەرە، نەخشـە و وێنەکێشـەرە، نـاوە پیـرۆزو جوانـەکان، هـەمووی شایسـتەی ئـەون، هـەرچی لـە ئاسـمانەکان و زەویـدا هـەیـە ستایشـی ئـەو دەکـەن، بـەڕاسـتی ئـەو زاتـە خوایـەکی باڵادەست و دانایە.

ودەفەرمێـت: *سـبح اسـم ربـك الاعلـى*. الاعلـى/١. واتـا: نـاوی پەروەردگـاری بەرزو گەورەی خۆت بە پاکی بێنە.

ودەفەرمێـت *فسبح باسـم ربـك العظـيم* الواقعـة/٧٤، واتـا: نـاوی پەروەردگـاری گەورەت بە بێ خەوشی بڵێ.

لەمبـارەیەوە ئـایەت زۆر هەن، وەك چـۆن لەسـەر زاری پێغەمـبەرەوە(ﷺ) زۆر نـاوی تـر هـاتوون، وەکـو فەرمـوودە ڕاسـتەکان ئامـاژەی پێـدەکەن، چـونکە پێغەمـبەر (ﷺ) لە هەمـوو کەسـێکی تـر زیـاتر زاتـی پەروەردگـاری ناسـیوە، لەوانە: ( لله تسـعة و تسـعون

اسـما، مائـة الا واحـدا، لا يحفظهـا أحـد الا دخـل الجنـة، وهـو وتـر يحـب الـوتر) بوخـاری و موسـليم ڕیوایەتیـان کـردووە، و لە ڕیـوایەتێکی تـردا (مـن أحصـاها) هـاتووە، تورمـذیش بەم جـۆرە ڕیـوایەتی دەکـات و ئەمەشـی بـۆ زیـاد دەکـات: * هُـوَ اللهُ الـذِي لا إلَـهَ إلا هُـوَ الرَّحْمَـنُ الرَّحِيـمُ المَلِـكُ القُـدُّوسُ السَّـلامُ المُؤمِـنُ المُهَيْمِـنُ العَزِيـزُ الجَبَّـارُ المُتَكَبِّـرُ الخَالِـقُ البَـارِيءُ المُصَـوِّرُ الغَفَّـارُ القَهَّـارُ الوَهَّـابُ الـرَزَّاقُ الفَتَّـاحُ العَلِيـمُ القَابِـضُ البَاسِـطُ، الخَافِـضُ الرَّافِـعُ المُعِـزُّ المُـذِلُ السَّمِيـعُ البَصِيـرُ الحَكَـمُ العَـدْلُ اللَّطِيـفُ الخَبِيـرُ الحَلِيـمُ العَظِيـمُ الغَفُـورُ الشَّكُـورُ العَلِـيُّ الكَبِيـرُ الحَفِيـظُ، المُقِيـتُ الحَسِيـبُ الجَلِيـلُ الكَرِيـمُ الرَّقِيـبُ المُجِيـبُ الوَاسِـعُ الحَكِيـمُ الـوَدُودُ المَجِيـدُ البَاعِـثُ الشَّهِيـدُ الحَـقُّ الوَكِيـلُ القَـوِيُّ المَتِيـنُ الوَلِـيُّ الحَمِيـدُ المحْصِـي المُبْـدِيءُ المُعِيـدُ المُحْيِـي المُمِيـتُ الحَـيُّ القَيُّـومُ الوَاجِـدُ المَاجِـدُ الوَاحِـدُ الصَّمَـدُ القَـادِرُ المُقْتَـدِرُ المُقَـدِّمُ المُؤَخِّـرُ الأَوَّلُ الآخِـرُ الظَّاهِـرُ البَاطِـنُ الوَالِـي المُتَعَـالِي البِـرُّ التَّـوابُ المُنْتَقِـمُ العَفُـوُّ الـرَؤوفُ مَالِـكُ المُلْـكِ ذُو الجَـلالِ والإكْـرَامِ، المُقْسِـطُ، الجَامِـعُ الغَنِـيُّ المُغْنِـي المَانِـعُ الضَّـارُّ النَافِـعُ النُّـورُ الهَـادِي البَدِيْعُ البَاقِي الوَارِثُ الرَّشِيـدُ الصبُورُ. *

**مانای ناوە پیرۆزەکان:**

الله: ناوی تاك و پیرۆزی خوایە، ئەو خودایەی تاکو تەنیاو بێ هاوەڵە وخاوەنی ئەم ناو و سیفەتە بەرزو جوان و پاك و پیرۆزو گەورەو پڕ ماناو مەبەستانەیە ، بەو جۆرەی هەیە و دەبێت وابێ کە لە قورئان و سوننەتدا هاتوون.

الـرَّحْمَنُ: بەخشـندەو میهرەبـان و بەسـۆزو بەزەیـیە لەدونیـا بەرانـبەر بەهەمـوو شـتێك لە بوونەوەردا.*الرَّحِيمُ: بەخشندەو میهرەبان و بەسۆزو بەزەییە لەدوا ڕۆژدا بەرانبەر بە ئیمانداران و هەر شتێك خوا حەز بکا ڕەحمی پێ بکات.*المَلِكُ: هەمیشە پاشاو دەسەڵاتدارو سەرۆك و خاوەنی هەموو شتێکە لەبوونەوەرو دونیاو دوارۆژدا.*القُدوسُ: زۆر پیرۆزوپاك و بێگەرد و بێ نەنگ و بێکەم و کوڕی و هەڵەو ناتەواویە.*السَّلامُ : ئاشـتیخوازو ئاشـتیدەرو و ئاشـتیپەروەرەو دڵنیـاکەر و بـێ گەردو بـێ عەیـبە.*المُؤمِنُ: ئەمینـدارو ئەمینـدەرو دڵنیـا کەری بـروادارو دروسـتکراوەکانیەتی.*المُهَيْمِنُ: زۆر دەسەڵاتدارو چاودێرە بەسەر هەموو دروستکراو و بوونەوەردا.*العَزِيزُ: هەمیشە زاڵ و دەسەڵاتدارو بەهێـزو بە توانـایە بەسـەر بـوونەوەردا.*الجَبَّـارُ: زۆر دەسـەڵاتدارو زەبـر بەدەسـت و بەتوانـاو ناچارکەر.*المُتَكَبِّرُ: زۆر خۆ بەگەورەزان و زل و بەتواناو خۆ گەورەگرە کە لەخۆی دەوەشێتەوە.*الخَالِقُ: دروسـتکەرو بەدیهێـنەرە لە نەبـوونەوە بـۆ بوون.*البَارِيءُ: بەدیهێـنەرو پـارێزەری بەدیهێنـراوان و بێ

خەوشە.*المُصَوِّرُ: وێنە کێش وسازێنەری قەشەنگ و نەخشە کێشە بەجوانترین شێوە.*الغَفَّارُ: لێخۆشبەری گوناهو تاوانەکان و داپۆشەریان.*القَهَّارُ: زۆر بەزەبرو بە دەسەڵات و بەتواناو بەحوکم.*الوهَّابُ: بەخشەرو بدەری بێ ئەندازە بەهەموو دروستکراوەکان.*الرَّزَّاقُ: رزق و ڕۆزی و بژێویدەری بێ سنوورو کۆتا بەهەموو دروستکراوەکانی.*الفَتَّاحُ: دەرووکەرەوەو واڵاکەری هەموو گەنجینەو دەروویەك.*العَلِیمُ: زاناو ئاگادارو بێ سنوور بەهەموو شتە ئاشکراو پەنهانەکانی ژیان و بوونەوەر.*القَابِضُ: بگرو وێکهێنەرو گوشەری هەموو شتێکی بوونەوەر.*البَاسِطُ: واڵاکەرو فراوانکەرو لەدووەدەری رزق و ڕۆزی و پێویستیەکانی دروستکراوەکان.*الخَافِضُ: دابەزێنەرو دانەوێنەرو نەویکەرو لێخەری پاشاو دەسەڵاتدارو زەبربەدەستان.*الرَافِعُ: بڵندکەرو بەرزکەرەوەو سەرخەرو دەستگرو بارگری هەموو شتەکان.*المُعِزُّ: بەهێزکەرو زاڵکەر، عیزەت و دەسەڵاتبەخش بەهەر شتێك کەبیەوێت.*المُذِلُّ: زەلیل و زەبوونکەرو سەرشۆڕکەرو ڕسواکەروملکەچپێکەرو سەر پێدانەوێن.*السَّمِیعُ: بیسەرو گوێگری بێسنووری بوونەوەر.*البَصِیرُ: بینەرو دیدەی بێ سنووری هەموو شتەکانی بوونەوەر.*الحَکَمُ: فەرمانڕەواو داوەرو ناوبژیوانی بەهەق و ڕاست.*العَدْلُ: دادپەروەری بە هەق و ڕاست و بێ ستەم و لاگر.*اللَّطِیفُ: زۆر بەسۆزو لوتف وبەخشندەو میهرەبان.*الخَبِیرُ: زۆر زاناو ئاگادارو شارەزا لەهەموو شتەکانی ژیانو بوونەوەر.*الحَلِیمُ: زۆر نەرم و نیسان و هێدی و بەئارام و لەسەرخۆو بێ پەلە لەتۆڵەسەندن و لێبوردەشە.*العظِیمُ: زۆر گەورەو مەزن و بەتواناو بەهێزو بەدەسەڵات و شکۆدار.*الغَفُورُ: لێبوردەو لێخۆشبەری گوناهو نهێنی داپۆش.*الشَّکُورُ: زۆر سوپاسگوزارو زیادکەری بەخشندەی خێرو چاکەبۆ سوپاسگوزارانو لێخۆشبوونیان.*العَلِیُّ: زۆر بەرزو بڵندو پایەدارو بەدەسەڵات.*الکَبِیرُ: گەورەو دەسەڵاتداری بێ سنوور لەگەورەیی و دەسەڵاتدا.*الحَفِیظُ: پارێزەری دروستکراوەکانی لە تیاچوون و زیانپێکەوتنیان.*المُقِیتُ: خۆراکو پاروودەری بەدەنی وگیانی دروستکراوە جۆراوجۆرەکانی.*الحَسِیبُ: ژمێریارو لێپرسەرەوەو نیگاداری هەموو شتەکانی بوونەوەر. *الجَلِیلُ: بەرزو بەڕێزو شکۆدار ومەزن و بە عیزەت.*الکَرِیمُ: زۆر سەخی و بەخشندەو بەڕێزو دەستکراوەو دەستواڵا بێ بەرانبەرو داواکردن.*الرَّقِیبُ: ئاگادارو چاودێرو پەیبەر بەسەر هەموو بوونەوەردا.*المُجِیبُ: وەڵامدەرەوەی هەموو پرس و داواو خواستی دروستکراوەکانی.*الواسِعُ: زۆر فراوان و گوشادو بەسەلیقەو بەتوانا.*الحکیم: زۆر داناو کارزان و کاربەجێی وردو لێزان.*الوَدُودُ: زۆر بەسۆزو خۆشەویست و دۆستدار.*المَجِیدُ: زۆر پایە بەرزو سەر بەرزو سەر بڵندو شکۆدارو بەڕێز.*البَاعِثُ: زیندووکەرەوەو ژێنەرو نێرەرو گۆڕەری سەرجەم دروستکراوەکانیەتی.*الشَّهِیدُ: ئاگادارو زانا * الحَقُّ : ڕاست و دروست هەق و هەقگۆ.*الوکِیلُ: پشت و پەناو، دابینکەرەو فەراهەمهێنەرە.*القَوِیُّ: زۆر بەتواناو بەهێزو بەدەسەڵات و زاڵە بەسەر بوونەوەرانیدا.*المَتِینُ: زۆر بەهێزو پتەو و بەتواناو قایم و نەگۆڕ.*الوَلِیُّ: پاڵپشت و پشتیوان و هاوکارو سەرپەرشتکار.*الحَمِیدُ: سوپاسکراو ،بەندەکان سوپاسی خوا دەکەن لەسەر بەخشەکانی.*المُحْصِی: ژمێرەرو ئامارکەری هەموو شتەکانی بوونەوەرە.*المُبْدِئُ: دەستپێکەری سەرەتای دروستکردن و بوونەوەران.*المُعِیدُ: گێڕەوەو دووپاتکەرەوەی خەلق و بوونەوەرە

بۆ حاڵەتی پێشوو و سەرەتا. *المُحْيِ: زیندووکەرەوە *المُمِیتُ: مرێنەرو لەناو بەری گیانلەبەرانی هەموو بوونەوەرە.*الحَیُّ: هەمیشە زیندوو.*القَیُّومُ: هەمیشە ڕاگرو بەرپاو ڕاوەستاوو ئامادەباش. *الواجِدُ: دروستکەرو بەدیهێنەرو فەراهەمهێنەری سەرجەم بوونەوەر، هەر هەبوو.*المَاجِدُ: خاوەن پلەو پایەو شکۆو ڕێزی بێ شومار.*الواحِدُ: دەوڵەمەندی و فراوانی وخاوەنی هەموو کەمالەوبێ ئیحتیاج لە جگەلەخۆی، هەربوو وخاوەنی سەرجەم ناو و کردارو سیفەتە بەرزو بەڕێزەکان.*الصَّمَدُ: بێ نیازو مەبەست لە هەموو دروستکراوەکانی و جێی نیازو مەبەست لای دروستکراوەکانی، هەموو شتێك لە بوونەوەردا پێویستی بەوە.*القَادِرُ: زۆر بەتواناو بەدەسەڵات.*المُقْتدِرُ: سەرچاوەی هەموو هێزو دەسەڵات و توانایەك لە بوونەوەردا بۆ دروستکراوەکانی.*المُقَدِّمُ: پێشخەرو پێشهێنەر،هەموو شتێك دەزانێت پێش هاتن و ڕودانی، دەتوانێت هەموو شتێك وەپێشبخات.*المُؤَخِّرُ: دواخەری ڕوداو و پێشهاتەکانە، دەتوانێ هەموو شتێك لەکاتی خۆی ڕاگرێ و دوا بخاو ڕوونەدات.*الاوَّلُ : سەرەتاو یەکەمی هەموو شتێکە لە بووندا، هیچ شتێك لە بوونەوەر نەبووە، ئەو هەر هەبووەو بێ سەرەتایە.*الاخِرُ: کۆتاو دوماهی هەموو شتێکە لەبووونداو، هیچ لە بوونەوەران نامێنێ و کۆتاییان پێدێت، کەچی خوای گەورە هەر دەمێنێ و بێ کۆتایە و قەت لەناو ناچێ.*الظاهِرُ: دیارو ئاشکرا (لە جێدەست و بەدیهاتووەکانیدا، ئاشکرای نیعمەت و توانا و ڕەحمەتی) و ئاشکراکەری شارراوە. *البَاطِنُ: نهێنی و نادیارو بزرو پەردە پۆش و شاراوەو نادیدەیە لەبەرچاوی دروستکراوەکانی.*الوالِیُ : سەرپەرشتیارو پاشا و خاوەنی هەموو بوون و بوونەوەر.*المُتَعَالِ: زۆر بەرزو بەڕێزو پلەدارو بەدەسەڵات وخۆ بەرزگر.*البَرُّ: چاکەکارو بەخشندەی بێ سنوورو بەسۆزو مەزن.*التَّوَّابُ: زۆر لێخۆشبوو و تۆبە وەرگرو لێبوردەیە.*المُنْتَقِم: تۆڵەسێنەرەوە لە ستەمکاران و تاوانباران.*العَفُوُّ: لێبوردەو داپۆشەری گوناهو تاوان.*الرَّؤُوفُ: زۆر بەسۆزو بەزەیی و بەڕەحمەت لەگەڵ دروستکراوەکانیدا.*مَالِكُ المُلْكِ: خاوەن و پاشاو فەرمانڕەوای هەموو دەسەڵات و ماڵوموڵك وسەروەت و سامان و بوونێك لە گەردوون.*ذو الْجَلالِ والاکْرَامِ: خاوەنی ئەو پەڕی ڕێزو پایەو شکۆ.*المُقْسِط: دادگەرو دادپەروەرو دادڕەو لە حوکم و دەسەڵات و بڕیارو دابەشکردندا.*الجَامِعُ: کۆکەرەوەو گردکەرەوەو گشتگیری هەموو شتەکانی بوونەوەر.* الغَنیُّ: زۆر دەوڵەمەندو بێ نیازو بێ ئاتاج و پێویستە لە هەموو شتێك.*المُغْنِی: دەوڵەمەندکەری خەڵك و بەدیهاتووان، هەموو بوونەوەر پێویستی بە دەوڵەمەندی ئەوە.*المَانِعُ: بەرگریکار، پارێزکار. مەنعکاری ئەوەی ویستیەتی.*الضارُّ: زیانبەخش و زیان گەیەنەرە بە هەر شتێك دەیەوێت.*النَّافِعُ: سودبەخش و زۆر بەکەڵك و بەسوود بۆ هەموو بوونەوەر.*النُّورُ: نوورو ڕوناکی و چراو درەخشان و ڕووناککەرەوەی بوونەوەرە.*الهَادِي: هیدایەتدەرو ڕێنمایکارو ڕاستکارو ڕێپیشاندەری دروستکراوەکانە.*البَدِیعُ: ئافراندکار و جوانکارو داهێنەری بوون وبوونەوەرە.*البَاقِي: هەمیشە بەردەوام و هەرماوەیەو قەت لەنێو ناچێت.*الوارِثُ: میراتگری هەموو بوون و بوونەوەر، هەموو شتێك لەنێو دەچێت و هەر ئەو دەمێنێت.*الرَّشِیدُ: خاوەن ڕوشدی تەواو و ڕێناس و شارەزاو ڕێنمونیکارو ڕاستەڕێکارە.*الصَّبُورُ: زۆر بە ئارام و لەسەر خۆو خۆگرە.

(وەرگێڕ)

ئەم نەوەدو نۆ سیفەتەش هەموو ئەوانە نین لەمەڕ ناوەکانی خوداوە هاتوون، بەڵکو فەرمودەی تر هەیە سیفەتی زیاتری تیایە، بۆ نموونە لە گێڕانەوەیەکی تری فەرمووده‌کەی ڕابردوودا هاتووه (الحنان، المنان، البدیع) هەروەها ئەم ناوانەش لە ناوەکانی خوادا باسکراون (المغیث، الکفیل، ذو الطول، ذو المعارج، ذو الفضل، الخلاق).

ئەبوبەکر بن ئەلعەرەبی لە ڕاڤەی تورمذیداو لەهەندێك لە زاناکانەوە دەگێڕیتەوە: لە قورئان و سوننەتەوە هەزار ناوی خوای گەورەی کۆکردووەتەوە، هەروەها خاوەنی (القصد المجرد) هەمان مەبەستی گوتووە، (شەوکانی)ش لە (تحفة الذاکرین) ئاماژەی بەمەداوە، پاشان دەڵێت: تێرو تەسەلترین فەرمووده کە ناوەکانی ژماردبێت، ئەمەی ڕابردوو بوو، هێندەی پێویستی تێدایە). جا بەو پێیەی هەر ناوێك لە ناوە پیرۆزەکان سیفەتێك لە سیفەتەکانی خودا دەردەخەن و تەعبیریان دەکەن، هەر ناوێك لەم ناوانە یا بەڵگەیە لەسەر سیفاتی کەمال و تەواویی، یا لەسەر سیفەتی بوون(الوجودي)، یاخود سیفەتی سەلب، یان لەسەر سیفاتی کار، سەرچاوەی هەموو ئەو سیفەت و ناوانەش بۆ سیازدە سیفەت دەگەڕێنەوە، و لەبڕگەکانی پێشوودا باسمان لێوەیان کرد؛ هەموو سیفاتی کردارەکان و سلب و کەمال و وجود و ماناکان.

***

جارێکی تریش پێمانخۆشە دووپاتی بکەینەوە بەدیهێنەر بەدیهاتوو نیە، خوای گەورە لە هیچ شتێکدا بە دروستکراوەکانی ناچێت.

*فَاطِرُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ ۚ جَعَلَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَاجًا وَمِنَ الْأَنْعَامِ أَزْوَاجًا يَذْرَؤُكُمْ فِيهِ ۚ لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ ۖ وَهُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ. الشوری/١١*واتە: بێگومان هەر ئەو زاتە بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەویە، هەر لە خۆتان هاوسەرانی بۆ سازاندوون، لە ئاژەڵ و مەڕو ماڵاتیش جووت، نێرو مێی بۆ فەراهەم هێناون، لەو ڕێگەیەوە زاووزێ دەکەن و زۆر دەبن بۆتان، هیچ شتێك نیە لە وێنەی ئەو زاتە، هیچ شتێك لەو ناچێت هەر ئەویش بیسەرو بینایە.

ولەبنەماکانی گومڕایی ئادەمیزاد دەربارەی ئیعتیقادو بڕوابوون ئەوەیە بڕوایان بە لێکچوونی خودا بێت لەگەڵ بەدیهاتووەکان، خوای گەورەش لە قورئانی پیرۆزدا وەڵامی هەموو ئەم بیروبۆچوونانەی داوەتەوە، بۆ نموونە جولەکەکان وایانزانا خوای گەورە بوونەوەرانی بەدیهێناوە، و لە ڕۆژی حەوتەمدا و دوای شەش ڕۆژ بەدیهێنان پشویداوە - ئەمە جۆرێکە لە لێکچواندن- خوای گەورەش وەڵامیان دەداتەوەو دەفەرمێت:

*وَلَقَدْ خَلَقْنَا السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ وَمَا مَسَّنَا مِن لُّغُوبٍ .

ق/٣٨*واتە: بەڕاستی ئێمە ئاسمانەکان و زەوی و هەرچی لەنێوانیاندا هەیە بەشەش ڕۆژ دروستمان کردوون، هیچ ماندویەتیەکیش ڕوی تێ نەکردین.

لغوب بەمانای ماندووبوون (تعب) دێت. هەروەها خوای گەورە وەڵامی گاورەکانیش دەداتەوە کە دەڵێن پەروەردگار لە چەند بەشێك پێکهاتووەو هەندێك لە بەندەکان بەشێکن لەو، لەوەڵامیاندا دەفەرمێت:

*وَجَعَلُوا لَهُ مِنْ عِبَادِهِ جُزْءًا ۚ إِنَّ الْإِنسَانَ لَكَفُورٌ مُّبِينٌ. الزخرف/١٥* واتە: باوەڕ چەوتەکان، هەندێ لە بەندەکانی خوا- بەخوا دەزانن بەڕاستی زۆربەی خەڵکی قەدری خوا نازانن و بێ باوەڕێکی زۆر ئاشکران.

مرۆڤی موسڵمان تەنیا ئەوە بۆ خوا بڕیار دەدات کە خوا بۆ خۆی بڕیارداوە سەبارەت ناووسیفاتەکانی، خوای گەورەش بە جۆرێك پاك ڕادەگیردرێت وەك چۆن خۆی ناساندووە، لەسەر زوبانی پێغەمبەرەکەیەوە (ﷺ) *سُبْحَانَ اللَّهِ عَمَّا يَصِفُونَ . إِلَّا عِبَادَ اللَّهِ الْمُخْلَصِينَ . الصافات/١٥٩-١٦٠*واتە: پاکی و بێگەردی بۆ خوای گەورە، دەربارەی ئەو شتانەی کە ئەوان باسی ئەکەن و ئەو قسە بێ جێیانەی دەیکەن بەرامبەر بە خوا. بەڵام بەندە دڵسۆزو هەڵبژاردەکانی خوا (لەو گوفتارو بۆچونە خوارو خێچانە دوورن).

خوای گەورە هەبوو وئامادەیەو هیچ شتێکیش بە بوونی ئەو ناکات، بینایەو هیچ بینناییەکیش بە هی ئەو ناچێت، بیسەرەو هیچ بیستنێك پێی ناکات، هەموو سیفەتەکانی تریشی هەر بەمجۆرەن، ئێمەش بە ژێربیمان هەرئەوەندە سەبارەت خوای گەورە دەزانین بەپێی ئەوانەی لە قورئانەکەیدا یان لەسەرزاری

پێغەمبەرەکەیەوە دەربارەی زات و سیفات و ناوەکانی خودا هاتوون، خوای گەورە خۆی پێناساندووین. ولەنێوان ئایەتەکانی قورئانیشدا هیچ ناتەبایی و دژیەکییەك نیە، هەروەها سوننەتە ڕاستەکانی پێغەمبەریش (ﷺ) هەربەهەمان جۆر پێچەوانەی قورئان نین، بەڵکو هەریەکەیان ڕاڤەی ئەویتر دەکات، هەریەکەشیان هەندێك وەسف دەکات، بەڵام بەجۆرێك پەروەردگار دەناسین کە سەرجەم زانیاریەکانی هەردووکیان کۆبکەینەوە، بۆ ئەوەی وا تێبگەین قورئان و سوننەت لەگەڵ یەکدا ناتەباو ناکۆکن.

هەروەك چۆن حەز ناکەین زۆرلەخۆ (تەکەلوف) بکەین لەتێگەشتنی دەقەکان و توندڕەوی نەکەین، تەنانەت حەز ناکەین لەباسێکدا ڕۆبچین پەیوەندی بە زاتی خوداوە هەبێت، تەنیا ئەوەندە نەبێت سوود بە بڕواکەمان بگەیەنێت و گەردنکەچی و پاکبوونەوەمان پێببەخشێت، لەمبارەشەوە بیروباوەڕەکەمان سادەو سانایە، کۆین لەسەری و کەسمان نکۆڵی تیا ناکات، خوای گەورە بوونی هەیە و هیچ شتێکیش بە بوونی ئەو ناکات، بیسەرەو هیچ شتێکیش بە بیستنی ناکات، دەبینێت و هیچ شتێك بە بینینی ئەو ناچێت، بەرزبووەتەوە لەسەرعەرش (مستو) بەو واتایەی بەرزبوونەوەو ڕاگیربوون (الاستواء) دەیگەیەنێت، هیچ شتێکیش وەك ڕاگیربوونی ئەو نیە، دێت و هیچ شتێك بە هاتنی ئەو ناکات، ونزیکەو هیچ شتێکیش وەك نزیکیەکەی نیە، هەربەم جۆرەش هەموو ناو و سیفەتێکی پەروەردگار کە زاتی خۆی پێ وەسفکردووە..

*(ولا یحیطون به علما) طه/١١٠* واتە: توانایان بەسەرزانستی ئەودا نیە.

ئەدەبی هاوەڵان لەم ڕووەدا بەمجۆرە بووە، و سنوورشکێنی ناکەین بۆ شتێکی تر.

الـدارمي لە سلێمانی کوڕی یەسارەوە وەریگرتووە: پیاوێك هات بۆ مەدینە، لە(متشابە: ئەو دەقانەی چەند مانایەك هەڵدەگرن)ی قورئانی دەپرسی، پێشەوا عومەر بانگی کردو پەلێکی خواری دارخورمای بۆ ئامادەکردو پێی گوت: تۆ کێیت؟ وتی: من (عوبەیدوڵلا صبیغ)م، عومەر پەلکی دارخورماکەی گرت بەدەستەوەو پێی گوت: منیش عەبدوڵلا عومەرم، ئیدی ئەوەندەی لێدا تا سەری خوێناوی بوو، تا ئەو کاتەی پێی گوت: بەسە ئەی ئەمیری بڕواداران ئەوەی لەسەرمدا بوو ڕەویەوە.

پێشەوا عومەر دەیزانی لە پرسیاری ئەو کابرایە چی دەکەوێتەوە، بۆیە بەوجۆرە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا کرد، گەواهی واقیعی نەتەوەی ئێمەش بەڵگەیە لەسەر ئەم قسەیە، لەوکاتانەوەی ئەم باسانە تاووتوێ دەکرێن پەرتوبڵاوی و دوژنایەتی تەشەنەی کردووە، بۆیە ئیمامی مالیك لە وەڵامی کەسێکدا کە مانای (الاستواء)ی لێپرسی بەمە وەڵامی دایەوە: والسؤال عنه بدعة. مانای: وپرسیارکردن لەم بارەوە بیدعەو دەستەبەڵبەستە. خوازیارین لە خوای گەورە دڵمان لە بیدعە خاوێن و پاکژ بکاتەوە.

پێمان خۆشە کۆتایی ئەم بەشە بە دوو تێبینی بێنین، یەکەمیان ئەوەیە: هەندێك کەس سەبارەت بە هەندێك لە تایبەتمەندیەکانی ناوەکانی خوای گەورە قسە دەکەن و دووەمیش سەبارەت ناوە گەورەکەی (الله)یە.

**١- باسی تایبەتیەکانی ناوە پیرۆزەکانی(الله):.**

مامۆستا بەننا دەفەرموێت(( هەندێك دەڵێن هەر ناوێك لەناوەکانی خوای گەورە نهێنی و تایبەتی خۆی هەیە، کە پێوەی پەیوەستە بە شێوەیەکی زیاد یان کورت، بەڵام هەندێك کەس تیایاندا زیاد لە سنووری خۆیان ڕۆدەچن، تا ئەگەنە ئەوەی بڵێن هەر ناوەی خزمەتکاری ڕۆحانی هەیە، خزمەتی ئەوانە دەکات کە بەردەوامن لەسەر خزمەتی ئەو ناوەو بەم جۆرە... ئەوەی لەمبارەوە دەیزانم – وفوق كل ذي علم عليم: لەسەر هەموو زانایەکەوە زاناتر هەیە- ئەوەیە کە هەر ناوێك لەناوەکانی خوای گەورە زاراوەی ڕێزدارن، فەزڵیان بەسەر هەموو وتەیەکدا هەیە، فەڕو بەرەکەتیان تێدایە، لە یادکردنەوەیاندا پاداشتی گەورە هەیە، وگەر مرۆڤ بەردەوام بێت لە یادکردنی خوای گەورە دەروونی پاکژ دەبێتەوەو گیانیشی خاوێن دەبێت، بەتایبەتی کاتێك یادکردنی بە ئامادەگی دڵ و تێگەشتنی ماناکەی بێت، بەڵام ئەوەی لەمە بترازێت، لە قورئان و سوننەتدا نەهاتوون. فرمانیشمان پێکراوە زیاد لە پێویست لە ئاینی خوادا ڕۆنەچین و هیچ شتێکی زیادەی نەخەینە سەر، ئەم کورتەیەی باسمان کرد لەمبارەوە بەسە))[1]

---

(١) العقائد. پێشەوا حەسەن بەننا.

**٢- باسی ناوه گەورەکەی (الله):**

مامۆستا بەننا دەڵێ ((لە زۆر فەرمووده ناوه گەورەکەی پەروەردگار باسکراوە،لەوانە:

١- لە (بریدە)ەوە (ﷺ) گێڕاویانەتەوە کە پێغەمبەر(ﷺ) گوێی لە پیاوێك بووە لە پاڕانەوەکانیدا گوتی: ( اللهم اني أسألك بأني أشهد أنك أنت الله لا اله الا أنت، الاحد الصمد، الذي لم يلد ولم يولد، ولم يكن له كفوا أحد) پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە بەناوە گەورەکەی خودا پاڕایەوە، کە ئەگەر پێی بپاڕێردرێتەوە وەڵام دەداتەوە، و گەر پێی داوا بکرێت دەبەخشێت)). ئەم فەرموودەیە ئەبوداودو تورمذي و نەسائی و ئیبن ماجە ڕیوایەتیان کردووە. ( وقال المنذري : قال شيخنا أبو حسن المقدسي: هو اسناد لا مطعن فيه، و لا أعلم انه روي في هذا الباب حديث أجود اسنادا منه، وقال الحافظ ابن حجر: هذا الحديث أرجح ما ورد في هذا الباب من حديث السند).

٢- لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە (ﷺ) گێڕاویانەتەوە فەرموویەتی: پێغەمبەر (ﷺ) هاتە مزگەوت و پیاوێك نوێژی دەکرد و دەپاڕایەوەو تێیدا دەیگوت : اللهم أنت المنان ، بديع السموات و الارض، ذا الجلال و الاكرام. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئایا دەزانن بە چی پاڕایەوە؟ داوای لە خوا کرد بە ناوە گەورەکەی، کە گەر پێی بپاڕدرێتەوە وەڵام دەداتەوە و گەر پێی داوا بکرێت دەبەخشێت.

٣- لە ئەسمائی کچی یەزیدەوە (خوا لێیان ڕازیبێت) پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: اسم الله الاعظم في هاتين الايتين-ناوە گەورەکەی خوا لەم دوو ئایەتەدایە:

*وَإِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَاحِدٌ لَّا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ الرَّحْمَٰنُ الرَّحِيمُ . البقرة/١٦٣*واتە: خوای ئێوە خوایەکی تاك و تەنهایە، جگە لەوزاتە خوایەکی تر نیە، هەر ئەو خوایەش بەخشندەو میهرەبان و بەبەزەییە.

و سەرەتای سورەتی آل عمران *الم . اللَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ *١-٢واتە: ئەلیف،لام، میم، الله زاتێکی وایە جگە لەومەعبودێکی تر نیە، هەرئەویشە زیندوی پایەدار.... رواه أحمد و أبوداود والترمذي و ابن ماجة، وقال الترمذي حديث حسن صحيح.

٤- لەسەعدی کوڕی مالیکەوە (ﷺ) گێڕاویانەتەوە فەرموویەتی کە گوێی لە پێغەمبەر (ﷺ) بووە فەرموویەتی: (هل أدلكم على اسم الله الأعظم، الذي اذا دعي به أجاب، واذا سأل به

أعطى، الدعوة التي دعا بها يونس، حيث نادى في الظلمات الثلاث: لااله الا أنت سبحانك اني كنت من الظالمين) پیاوێك وتی ئایا ئەو دوعایە بە تایبەتی بۆ یونس بوو یان بۆ سەرجەم بڕواداران؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ألا تسمع قول الله عزوجل *فنجيناه من الغم و كذلك ننجي المؤمنين* الانبياء/٨٨. واتا: ئایا گوێت لەو وتەیەی خوای گەورە نەبووە کە دەفەرمێت: لەخەم و ناڕەحەتی ڕزگارمان کرد، بەم جۆرەش بڕواداران ڕزگار دەکەین.

جا خوێنەری بەڕێز لەم فەرموودەو لە هی تریشەوە ئەوە دەبینیت کە ناوە گەورەکەی خوای گەورە بە شێوەیەکی دیاریکراو دەستنیشان نەکراوە، بەڵکو زانایان لە دەستنیشانکردنیدا جیاوازن بەهۆی بەرەندەکردنی فەرموودەکان هەندێکیان بەسەر هەندێکی تریاندا، بە ڕادەیەك کە جیاوازیەکان دەگاتە چل وتە، ئەوەی ئێمە لەم فەرموودانەو وتەی کەسانی باوەڕپێکراوانی پیاوانی ئەم نەتەوەیەوە وەریگرین ئەوەیە کە ناوە گەورەکەی پەروەردگار پاڕانەوەیەکی تێکەڵە لە چەند ناوێکی پیرۆزی کردگاری مەزن، گەر مرۆڤ پێیان بپاڕێتەوەو مەرجەکانی داخوازی پاڕانەوەی تیا هاتبێتە دی لە ڕووی شەرعەوە، ئەوا خوای گەورە وەڵامی پاڕانەوەکەی دەداتەوە، وەك چۆن لە زۆر فەرموودەدا باسی لێوە کراوە.

جا گەر وا بێت ئەوا ئەو کەسانەی وایدادەنێن ئەوە نهێنیەکە لە نهێنیەکان، کە بە هەندێك کەس دەبەخشرێت و بە هۆیەوە دەتوانن شتە داخراوەکانی پێبکەنەوەو بەهۆیەوە لە عادەت و بارە ئاسایيەکان تێبپەڕن، و چەند تایبەتمەندییەکیان پێبدرێت کە بە کەسانی تر نابەخشرێت، ئەمانە شتانێکی زیادەن کە خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی باسیان لێوە نەکردوون، و گەر ئەو جۆرە کەسانە بەڵگەی ئەم ئایەتە بهێننەوە کە دەفەرمێت: *قَالَ الَّذِي عِندَهُ عِلْمٌ مِّنَ الْكِتَابِ أَنَا آتِيكَ بِهِ قَبْلَ أَن يَرْتَدَّ إِلَيْكَ طَرْفُكَ ۚ فَلَمَّا رَآهُ مُسْتَقِرًّا عِندَهُ قَالَ هَٰذَا مِن فَضْلِ رَبِّي لِيَبْلُوَنِي أَأَشْكُرُ أَمْ أَكْفُرُ وَمَن شَكَرَ فَإِنَّمَا يَشْكُرُ لِنَفْسِهِ وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ رَبِّي غَنِيٌّ كَرِيمٌ. النمل/٤٠* واتە: بەڵام ئەوەی زانست و زانیاری لە (نهێنیەکانی) کتێبی تەورات هەبوو وتی: من بۆت دەهێنم بە چاو تروکاندنێك، ئەوسا کتو پڕ سولەیمان بینی تەختی پاشایەتی لەلایدا دانراوە وتی: ئەمە فەزڵ و بەخششەکانی پەروەردگارمە بۆ ئەوەی تاقیم بکاتەوە.. کە: ئایا سوپاسگوزار دەبم یان ناشکورو بەدنمەك، جا ئەوەی سوپاسگوزار بێت ئەوە بەڕاستی سوپاسگوزارە بۆ خۆی، ئەوەش کە سپڵەیە، ئەوە بێگومان پەروەردگارم دەوڵەمەند و بێ نیازە و خاوەنی بەخششە بە هەمووان.

ئەو واتایەی کە وتەی (عندە علم من الکتاب) ناوە گەورەکەی خوا دەگرێتەوە، ئەوا بەو جۆرە کەسانە دەڵێین: زانایانی تەفسیر باسیان لەوە کردووە کە ئەو ناوانەی بانگی خودای پێکردبوو (الحي و القیوم) یان (الله لا الە الا هو الحي القیوم) بوون، هەندێکی تریشیان گووتویانە زاراوەکە سریانیەو (ئاهیا شراهیا)یە، ئەمەش گوتنێکی بێ بەڵگەیە، وباسەکە لەوە دەرنەچووە کە لە فەرموودە ڕاستەکاندا هاتووە.

کورتەی باسەکەمان ئەوەیە: هەندێك کەس هەن گرنگی دەدەن بە شتە شاردراوەکان و بانگەشەی تایبەتمەندێتی دەکەن، زیادەیی لە (المأثورات: گواستراودو پێگەشتوەکان)دا دەکەن و ئەوەی لە قورئان و سوننەتدا نیە دەیڵێن.
بابزانین کە زۆر بە توندی نەهی ئەمانەمان لێکراوە، کەواتە با لە سنووری (المأثور) دەرنەچین))[1]

ئێستا دوای ئەوەی نۆ دیاردەکەی گەردوونمان باسکرد، هەر دیاردەیەك لە ڕوویەکەوە بەڵگەمان لەسەر خوای گەورە بۆ دێنێتەوە، پاشان بەڵگەکانی دیاردەکانیشمان باس کردن. جا هەر دیاردەیەك باسمان کردبێت یاخود باسمان نەکردبێت، بەڵگەیە لەسەر ناوێك لە ناوەکانی کردگار، هەندێکیشمان لەوانە باسکرد کە پەیوەندییان بە ناو و سیفات و زاتی کردگارەوە هەبوو، وەك لە قورئان و سوننەتدا هاتبوون، ئەوە ماوە بەراوردی نێوان ئەم تێگەشتنە دروستە بکەین لە لایەن موسڵمانەوە بۆ زاتی خودا لەگەڵ تێگەشتنە هەڵەکانی تردا لە لایەن ناموسڵمانەکانەوە، تا بۆمان ڕوون بێتەوە بە تەنیا موسڵمان توانیویەتی خودا بە تەواوی بناسێت، ناسینێك لەسەر زانست و ژیری و بەڵگە نەویستەکان بنیات نرابێت، ئەوا هیچ ڕوویەك لە ڕووەکانی نابینیتەوە ئاڵۆزو گرێیاوی بێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئاینی ئیسلام لە لایەن الله ی پەروەردگارەوە نێردراوە، و محەمەدیش (ﷺ) ڕەوانەکراوی خودایە، خوای گەورە بۆ ئەوە ناردوویەتی تا خەڵکی لە گومڕایی و پوچی و گەندەڵیەوە ڕزگار بکات بۆ حەق و ڕاستی، لە هەموو شتەکاندا.

---

(١) العقائد. پێشەوا حەسەن بەننا.

***

پـێش ئەوەی بەم بەراوردكـاریە هەسـتین، پێمـان خۆشـە بەم چەنـد خـاڵە ئەوەی ڕابـورد لەباسەكەمان بخەینە ڕوو:

١- دیاردەكانی ئەم گەردوونە بەڵـگەن لەسـەر نـاوە پیرۆزەكانی خـودا ، ناوەكانیش بەڵـگەن لەسەر سیفاتەكان، سیفەتەكانیش بەڵگەن لەسەر زاتی خودا.

٢- ئەوەی دیاردەكـانی گەردوون ئاماژەمــان بــۆ دەكـات ئەوەیە كە پەروەردگــار خــاوەنی سیفاتەكانی: زانست و ویست و هێز و تواناو ژیان و بیستن و بینین و قسەكردن و تاكوتەنیایی و مانەوەو سەرەتایی و ڕاوەستاویی و جیاوازی لە بەرپابووەكانە. لە ناوەكانیشی: المعز، المذل، الرزاق، المعطي، المنعم...

٣- تێڕوانینمان بۆ ئەوەی خـوای گەورە وەسـفی زاتی خـۆی پێكـردووە، یـان پێغەمبەرەكەی (ﷺ) نــاوی هێنــاوە، ئەوەمــان نیشــاندەدات كە هاوتــاییەكی تەواویــان هەیە لەگەڵ ئەو بەڵگـانەدا كە لە دیاردەكـانەوە بە بەڵـگەی ژیریـی گەیشتوینێتـێ، ئەوەی كە لە دەقەكانـدا هـاتوون لەگەڵ بەدواداگەڕان و تێفكرینـی زانسـت، ئەوا ژیریمــان دەگەیەنێـتە ئەوپەڕی تەواوی (الكمال) و ئەدەب، ئاینێكیش دەستی ژیریی بگرێت و لەم باسەدا بیگەیەنێتە لوتكە ئەوا بێگومان هیچ گومانێك لای مرۆڤ نامێنێتەوە كە ئەو ئاینە وەحی ڕاستەقینەیە.

٤- لە هەمـوو ئەمـانەی ڕابـووردن، نیشـانەو بەڵـگە هەن بـۆ موسـڵمان لەم بـابەتەو شـتەكانی تریشـدا، كە موسڵمان ژیریی دروستی لا فەراهەم دێت، و دەگاتە پاكی و سـەفای تێگەشـتن، ڕێنمایی سروش(وحي)، كە دەستی ژیریی وتێگەشتن دەگرێت بۆ ڕاستە ڕێگا.

***

# بەراوردكاریەكان

لەژێر ناونیشانی (العقیدة الالهیة) دا عباس محمود عقاد لە پەڕتووكی (حقائق الاسلام و أباطیل خصومە) لێكۆڵینەوەیەك دەخاتە ڕوو، تێیدابەراوردی نێوان بیروباوەڕی ئیسلامی سەبارەت خودا (الله) -ﷻ- لەگەڵ بیروباوەڕی ناموسڵمانانندا دەكات، بەراوردكاریەكە لەسەر هەندێك باوەڕی فەلسەفی دەڕوات، بەجۆرێكیش لەمەڕ بیروباوەڕی ئاینی دەكۆڵێتەوە بەو دۆخەی كە گەیشتوێتێ وەك تێگەشتنی كەسانی خۆی لە زەمەنی پەیامی ئیسلامدا، نەك بەو ڕیشەو ڕەسەنەی هەبوو لای پێغەمبەرانی خودا (صلوات الله و سلامە علیهم) كە خاوەنی پەیامەكە بوون- گەر لە بنەڕەتدا سەبارەت پێغەمبەران بێت- چونكە ئێمە باوەڕمان وایە كە موساو عیسا و هەموو ئەو پێغەمبەرانەی لای خواوە نێردراون بیروباوەڕیان سەبارەت زاتی خودا هەمان بیروباوەڕی سەروەرو بەڕێزمان موحەمەدە (ﷺ) ، چونكە هەموویان پێغەمبەرو نێردراوی یەك خودان، بەڵام بیروباوەڕەكان پاش ئەوان دەستی تێوەردراو هەڵگێڕدرایەوە، بۆیە پێویستیان بە ڕاستكردنەوە هەیە، جا پەیامی پێغەمبەرمان (ﷺ) ئەو ڕاستكردنەوە تەواوە بووە، چونكە لادانی تەواو لە بیروبۆچوون دەربارەی زاتی خودا لە جهیاندا لەلایەك و ڕاستكردنەوەی ئەم لادانە لە لایەكی ترەوە بەڵگەی ئەوەیە نامەی پێغەمبەر (ﷺ) لە لایەن خوداوە ڕەوانەكراوە، جا ئێمە لێرەدا هەموو باسەكەی عەقاد ناگوێزینەوە، بەڵكو لێی هەڵدەبژێرین، لەگەڵ تێبینیكردنی ئەوەدا ئەوەی دەینووسین وتەی خۆیەتی، هەر لێدوانێكیش لەدامێنی لاپەڕەكەدا هاتبێت ئەوە وتەی ئێمەیە. العقاد دەڵێت:

# بیروباوەڕی خودایی

بیروبـاوەر بە خـودا بـریتیە لە ترۆپکـی بیروبـاوەڕی ئـاینی بە شـێوەیەکی گشـتگیری کـۆی تێروتەسەل (مجمل ومفصل) ، کەسێك بیروباوەڕی هەرکۆمەڵێك لەبارەی خوداوە بزانێت ئەوا ڕێژەی بەشیانی لە ئاین بۆ ڕووندەبێتەوە، کە تا چ ڕادەیەك خاوەنی تێگەشتن و ویژدانی بەرزن، ڕاستی ئەو پێوانانەش دەردەکەون کە خێرو شەڕی پێدەپێون، و چاکە و خراپەی پێ دەپێورێت، کەواتە هیچ ئاینێك نەوی نابێت گەر بیروباوەڕی بە خودا بەرز بێت، و ئاین بەرز نـابێتەوە گەر بیروبـاوەڕی بە خـودا تیـا نەوی بێـت. کە لەگەڵ سـیفاتی بـووی یەکەمـدا ناگونجێت کە هەموو بەدیهاتووەکان شوێنی دەکەون.

جـا تێـڕوانین بـۆ سـیفەتەکانی خـودا، گەورەترین بـواری پێشـبڕکێ بـوو لە نێـوان گەورەترین عەقڵمەنـدەکانی خـاوەن فەلسـەفە هزریەکـان و حـیکەتە دینیەکـان، بـۆیە ئەرك و ڕۆڵـی فەیلەسوف یا پیتۆڵ زۆر ساناتربوو لە ئەرکی حەکیم و خاوەن ئاینەکان، چونکە فەیلەسوفی تیـۆریی مەلی بیرکـردنەوەی بـۆ پێـوانەکردن بە هـیچ فەرزێکی بەنـدایەتیکردن و سـنووری مامەڵەکردنەکـان نابەسـتێتەوە کە حەکیمـی ئاینـی پێـوەی پەیوەسـتە، هەروەهـا ئەو کەسانەش پێوەی پابەندن کە شوێنیان دەکەون، لە ژیانی گشتی و گوزەرانی تایبەتدا، بۆیە لە فەیلەسوفە تیۆریەکاندا هەیە کە خاوێنی و پاکی باوەڕی خودایی بە جۆرێك بەرەولوتکە بەرزکردووەتەوە ئەندێشەو خەیاڵ نایگاتێ، جا چ جای بیرکردنەوەو هەستکردن؟

ئیسـلامیش لەنـاوجەرگەی بیابـانی عەرەبیەوە هـات و بەرزتـرین و سـەروەرترین بیروبـاوەڕی سـەبارەت خـوای تاکوتەنیـا لەگەڵ خۆیـدا هێنـا، کە بیروبۆچـوونی فەلسـەفەی تیـۆریی و لەهەمـان کاتیشـدا بیروبۆچـوونی بـاوەڕی ئاینـانی لادراویشـی ڕاسـتکردەوە، ڕاسـتکردنەوەی

چەمكی هەریەك لەم دووانەش –لە ڕووی كەموكوڕیەكانەوە- بە گەورەترین موعجیزەو سەراسیمە دادەنرێت، كە پێوانەی خاوەن ژیری ڕاست و بەدیهی و ڕاستگۆ ئەوە دەردەخەن كە ئیسلام وەحییە لە لایەن خوداوە.

كۆڕایی هەیە لەسەر ئەوەی گوتراوە: سیفەتەكانی خودا گەیشتوونەتە لوتكەی بەرزی لە ڕووی خاوێنی و داماڵین(التجريد)[1]ەوە بە پێی ڕێبازەكەی ئەرستۆی گەورە فەیلەسوفی یۆنانی.

ئەوانەی خاوەنی ئەم ڕایەن ڕێچكەكەی (ئەفلۆتین)یش لەیاد ناكەن، كە پێشەوای ڕێبازی ئەفلاتۆنی نوێ و گەورە شێخی فەلسەفەی سۆفیگەرێتیە لە نێو ڕۆژئاواییەكان تا ئەم سەدانەی دوایش، بەڵام ئەوان لەبارەی وتەكانی پاكڕاگرتنی وەسفی خوای گەورە هیچ باسی ناكەن ، چونكە ڕێبازەكەی نزیكترە لە بێئاگایی سۆفێتی وەك لە بیركردنەوەیەكی ئاشكراو لۆژیكی گونجاو و ڕێتێچوو، ڕێبازەكەشی لە خاوێنی و پاكڕاگرتندا(التنزيه) ئەوەیە كە زیادە دەخاتە هەر سیفەتێك لەو سیفەتانەی خوای پێ وەسف دەكرێت، ئێدی بە جۆرێك زیادەی دەخاتە سەر، چەندێك لە توانای زاراوەكاندا بێت، بە ڕادەیەك كە پەیوەندی دەپچڕێت لەگەڵ هەموو مانا دیارو گوماناویەكان، زۆربەشیان وایدەبینن كە ئەفلۆتین خۆشی ئەو تێڕوانینەی نەبووە لەو سیفەتانەی نەخشاندونی، بەڵكو مەبەستی سەرەكی ئەوە بووە بۆچوون و تێڕوانینەكان بگەیەنێتە ئەوپەڕی دەسەوسانی و بێتوانایی مرۆڤ.

لەوانە ئەو نكۆڵی سیفەتی تەنیایی (الوحدانية)ی دەكرد ، تا سیفەتی (الاحدية) بدركێنێت، و دەڵێت: یەك(واحد)، تاك (أحد)[2]نیە، چونكە یەك دەچێتە ڕیزی ژمارەكانی دوو و سێ و دە و.....بەڵام تاك(الاحد) وانیە ، هەر تاكەو دووبارە نابێتەوە.

لەگەڵ ئەمانەشدا ئەو نكۆڵی لە سیفەتی هەبوون (الوجود) دەكات، تا دەڵێت: خودا بە بوون وەسف ناكرێت، تا خوا لەوە پاكتر ڕابگرین كە سیفەتی نەبوون(العدم) لەبەرانبەریا دەوەستێت و ئەم سیفەتەش بوونەوەران و بەدیهاتووان تێیدا بەشدارن.

.......................................................

(١)ئەمە وەك ئەوەی باسی لێوەدەكرێت و لافوگەزافی بۆلێدراوە، نەك بەو جۆرەی لە ڕاستیدا وابێت، وەك العقاد لەمەودوا ڕوونی دەكاتەوە.

(٢)موسڵمانان (الاحدية و الواحدية) دەڵێن؛ چونكە خودا (واحد و أحد)ە *والهكم اله واحد*. *قل هو الله أحد*

بۆیە نموونەی ئەرستۆ دێننەوە لە پاکڕاگرتنی خوادا، بەڵام نموونەی ئەفلۆتین ناهێننەوە، چونکە ڕێچکەکەی لە پەرستگای بێئاگایی شێواودا دەپچڕێ و دەوەستێت، تێکەڵی ژیانی هزری و پراکتیکی نابێت.

ڕێبازی ئەرستۆش لەمەڕ خودا ئەوەیە : بوویەکی ئەزەلی و ئەبەدیە، تەواوی ڕەهایەو یەکەمین و دوواهەمینی بۆ نیە، وکارو ویستیشی نیە، لەوکاتەوەی کە کارکردن بریتیە لە داواکردنی شت، خواش بێ ئاتاجە لە هەموو داوایەك، وئیرادەش: هەڵبژاردنە لە نێوان دوو شتدا، خوای گەورە هەموو گونجاوترین(الاصلح) و باشترینێك (الافضل)ی لە هەموو تەواویەك (الكمال) لا کۆبووەتەوە، ئیدی پێویستی بە هەڵبژاردنی نێوان باش وخراپ نیە، و هەروەها لە نێوان فەزڵ و فەزڵدا. بە لای ئەرستۆ وایە ناگونجێت بۆ خودا لە زەماندا بە کار هەستێت، چونکە ئەبەدی و هەمیشەییەو هیچ گۆڕانکاریەکی بەسەردا نایەت داخوازی کاری لێبکات، هیچ نوێبوونەوەیەکیشی بەسەردا نایەت سەبارەت هەبوونی ڕەهای، کە یەکەمین و دواهەمینی بۆ نیە، هەرواش کۆن و نوێیی، هەموو ئەوەی لەگەڵ تەواوی خوادا دەگونجێت ئەوەیە خۆشنودی بە بەخششی مانەوەی هەیە، بەوەی هیچ داوایەك لە پشتیەوە نیەو هیچ نیعمەتێکیش لەسەروو و خواریەوە نیەو هیچ بایەخێکی گرنگ لێوەی دەرناچێت.

وای بۆدەچێت خودای تەواوی ڕەهای تەواوێتی لای گرنگ نیە کە جیهان و گێتی بخولقینێت، یان یەکەم مادەی دروست بکات کە (هیولی)یە.. بەڵکو ئەمە خۆی توانای بوونی تێدایە، لە هێزەوە دەریدەکات بۆ کار، کە تاسەی دەرچوونە بۆ بوون لە لایەن خوداوە بەسەریدا دەڕژێت، ئیدی ئەو تاسەیە دەیهێنێتە بوون، پاشان لە ناتەواویی کەموکورییەوە دەیگوێزێتەوە بۆ تەواوی تواناداری لە سنووری خۆیدا، ئیدی دەجوڵێت و بەپێی ئەو تاسە وشایستەدارێتیەی هەیەتی دەکەوێتە کار، وپێی ناگوترێت: ئەوە لەدروستکردنی خودایە، تەنیا ئەوە نەبێت کە بەم پێوەرە بەدیهاتووە.

تەواوی(کمال)ی ڕەها کارناکات و ناشیەوێت کار بکات.

یان تەواوێتی ڕەها بەلای ئەوەدا دەچێت کە ئەو و نەبوونی ڕەها وەك یەك واین...

دەبا باسی ئەرستۆ بکەین کە پێش هەموو شتێك ئەو خاوەنی ئەو بۆچوونە بوو.[1]

---

(١)ئەرستۆ و ئەوانی تریش سەبارەت حەقیقەتەکانی بوون وەك منداڵ وان، گەر لەگەڵ پێغەمبەراندا (علیهم الصلاة والسلام) بەراورد بکەین.

با وای دابنێین ئەو عەقڵە مەزنەی هەیەتی وای لێدەکات شکۆی بۆ دانرێت لە لایەن ئەوانەی هەست بە تواناکەی دەکەن، کەس ناوێرێت ڕەخنەی لێبگرێت و سوکایەتی پێبکات پێش ئەوەی هەوڵی خۆی لەداوای لێبووردنەکە بچوێنێت بە هۆی نەفامی ئەو زەمەنەی ئەو تیایدا ئەژیا کە کەمتەرخەمی بیرو هزریی دەوروبەرەکەی تەنی بوو، نەك بەهۆی نەفامی و کەمتەرخەمی بیرکردنەوەی ئەوەوە؛ ئەویش هەرگیز لە بیرکردنەوەکانیدا ئەگەرێکی پێش نەهانیووین ئەگەر نەیگەیاندبێتە ئەوپەڕی مەوداکانی، بەتەواوی و وەك پێویست بەوەی لە توانای مرۆڤدا بێت لە مافپێدان ماق نەداوە بە پێداویستی و بەربەستەکان سەبارەت خودا.

بابڵێین ئەوە ئەرستۆیە؛ بۆ ئەوەی باسی ئەو عەقڵە دەگمەنە بکەین کە لە تێڕوانینیدا کەمیی لە سیفەتە بەرزو بڵندەکاندا نەبووە؛ بەڵام لەبەر ئەوەی لە زەمەنێکدا ژیاوە کە مەعریفە نەیتوانیبوو تایبەتمەندیەکانی بوونەوەری زەوی نەوی (السفلی) ئاشکرا بکات، کە هەستی پێدەکەین و لە دووتوێیدا دەژین، جا گەر ئەو بیزانیایە ئەو سیفات و نیشانانە چین کە پێوەی لکێنراوە ئەوا ئەو کاتە لەوپەڕی کەمالی بەرزیی ڕای خۆی دەگوت، نەك ئەو ڕایانەی لە سەرچاوەی گومانەوە هەڵقوڵاون و پێوانەکەیان لەسەر هیچ پێوانەکراوێك دانەمەزراوە.[1]

ئەو وا لە کەمالی بوونەوەرە بڵندەکانەوە (ئاسمانیەکانەوە) تێدەگەیشت کە بوونەوەری هەمیشەیین و دەمێننەوەو لەناو ناچن؛ چونکە لە ڕووناکی دروستبوون و ڕووناکیش سانایەو توشی لەناوچوون نایەت؛ وەك چۆن بەسەر مادە پێکهاتەییەکاندا دێت.

جا گەر ئەرستۆ تا ئەو کاتە بژیایە کە زانرا مادەی زەوی –نەوی- هەمووی لە ڕووناکیە، و ڕەگەزەکانی مادەش هەموو دەگێڕدرێنەوە بۆ گەردەکان و کارەبا، وئەم گەردو کارەبایانەش پەرت دەبن و دەبن بە تیشك، ئەو کاتەش گومانی پێوەرەکانی توشی ئەو هەڵەیەی نەدەکرد، لە جیاوازیکردنی نێوان پێداویستی مانەوەو پێداویستی لەناوچوون، یان لە نێوان تایبەتمەندێکانی ساکاری و تایبەتمەندێکانی پێکهاتەیی.

.................................

(١)گەر ئەرستۆ لەگەڵ ئەم نەفامیەیدا یەکەم مامۆستا بێت وەك دەڵێن؛ ئێدی چۆن دێت بە بیری مرۆڤدا کە شوێنکەوتەی پێغەمبەران گوێ بۆ وڕێنەو هەڵەکانی خەڵکانی تر بگرن.

ڕەنگە درککردن بە هەڵەکانی تێگەشتن لە پێداویستیەکانی سادەیی و کەماڵ، و پێداویستیەکانی مانەوەو لەناوچوون، وای لێبکردایە بۆچوونە هەڵەکانی سەبارەت تێڕوانینەکانی لەمەڕ پێداویستیەکانی کەماڵی خودایی ڕاست بکردبایەوە، ئەوجا لە عەقڵیدا هیچ ڕێگرێك پەیدا نەدەبوو لەبارەی کۆکردنەوەی چەند سیفەتێك لە یەك کەماڵدا وەك سیفەتی پیرۆز لە تێڕوانینی ئاینی ئیسلامدا خوای پێ وەسف دەکرێت، لەوانە: میهرەبانی و بەخشین و توانا و کارو ویست، و هیچ ڕێگرێکیش لە هۆشیدا نەدەبوو بەرانبەر ئەم سیفەتانەو پێداویستی و داخوازیەکانیان، چونکە هیچ هێزێك نیە بێ بوونی هێزسەپێنێك بەسەریدا، بەخشش نایەتەدی بێ بەخشین، ویستیش بێ هەڵبژاردنی نێوان دوو شت نایەتە دی، جا گەر خوای گەورە شتێك هەڵبژێرێت ئەوا لەبەرزاتی خۆی هەڵینابژێرێت، بەڵکو بۆ بەندەو بەدیهاتووەکانیەتی، کە زۆر حاڵەتیان بۆ دەگونجێت، سەبارەت حەقی خودا ناگونجێت. و گەر خودا شتێکی دروستکرد لە زەمانێکدا ئەوا نابێت لە تێڕوانینی هەتاهەتایی خوداوە تەماشای ئەو شتە بکەین، بەڵکو دەبێت تەماشای ئەو شتە بەدیهاتوە بکەین لە زەمانەکەی خۆیدا، پاشان هیچ ڕێگرێك نیە لەبەردەم ژیریدا کە ویستی ئەبەدیەتی خوا بیەوێت شتێك ببێت لە زەمەنێك لە زەمەنەکاندا.

تێگەشتنی ساکاری هەتاهەتایی و مانەوە لای ئەرستۆ ئەوەنیە کە ئەمڕۆ لە بوونەوەرە زەمینیە نەویەکان هەستی پێدەکەین،جا چ جای بۆچوونی کەماڵی ڕەها لای ئێمە، وەك ئەو بۆچوونەی ئەرستۆ نیە کە بە نەبوونێکی ڕەهای چوواندووە، نە کارکەرو نە ویستخوازو نە زانا بێت جگە لە خۆشبەختی نیعمەت و بەخششەکانی... ڕازی بێت بەوەی کە ئەو نیعمەت بەخشی گوشادە.

بەم پێیە بۆمان هەیە بپرسین: ئایا ئەرستۆ بە داماڵاندنە فەلسەفیەکەی توانیویەتی پلەی کەماڵی بەرزو بڵندیی بگەیەنێتە ئەوڕادەیەی کە موسڵمان لە عەقیدەی ئاینەکەیدا پەی پێ بردووە؟

بە یەقین و دڵنیاییەوە دەڵێین: نەخێر، خودا لە ئیسلامدا بێ نیازە لە هەموو شتێك و جێی نیازی هەموانەو یەکەمینەو کۆتایی بۆ نیە، نموونەی بەرزێتیش هەرشایستەی ئەوە، هیچ شتێك وەك ئەو نیەو پەی بە هەموو شتێك دەبات.

پاش ئەمە ئەوە ماوە بپرسین: ئایا عەقیدەی ئاینیی چاوپۆشیکردووەو کەمتر پەی بردووە بە بۆچوونی پاکێتی خودا وەك لە بیرۆکە فەلسەفیەکان؟

لەوەڵامدا دەگوترێت: نەخێر، بەڵکو ئاین لێرەدا فەلسەفەیەکە، ڕاستره لە بۆچوونی فەلسەفی، گەر بە پێوانەی فەلسەفی ڕاست و دروست بیپێوین، چونکە سیفەتەکانی خودا کە لە عەقیدەی ئیسلامدا بە چەندان هاتووە لەوە دەرناچێت نەرێی هەموو ئەو کەموکوڕیانە بکات کە لە حەقی خوادا ناگونجێن، هەروەها هەژمارکردنی کەموکوڕیەکانیش نابێتە هۆی پێداویستی هەژمارکردنی کەمالی ڕەها کە تاکێتیی تێدایە و چەندێتی تیا نیە. چونکە کەمالی ڕەها یەکە، بەڵام کەموکوڕیەکان زۆرن، بە تەنیا ئەو یەك کەمال و تەواویە هەمووی نەرێ دەکات، باوەڕی موسڵمانیش بە الله ی زاناو بەتواناو کارلەجێ و بەخشەرو میهرەبان، ئەوە دەگەیەنێت پەروەردگار لە هەموو نەزانی و دەسەوسانی و نکۆڵی و بێئاگاییەك دوورە، چونکە ئەو پاك و تەواوە لە هەموو کەموکوڕییەك، داخوازیەکانی توانای ئەوە دەخوازێت کە کارکەرو بەدیهێنەر بێت، و ئەوەی ویستی لێیە دەیەوێت بۆ بەدیهاتووەکانی، داخوازی کارو بەدیهێنانیشی ئەوەیە کە دوور بێت لەو گۆشەگیریە شادە کە ئەرستۆ لە بابەت داماڵین و پاکڕاگرتنەوە بە هەڵە لێکی داوەتەوە. ئەو شادە[1] بە نیعمەتی کەمال، شادمانە بە نیعمەتی بەخشینەکانی، کیفایەتی بۆ زاتی بڵندی خۆی ڕێ لەوەی ناگرێت ببەخشێت بە بەدیهاتووەکان کیفایەتیان لە بوون لە زەماندا، واتە لەو بوونە دیاریکراوە کاتیەی کە بەرەنگاری بوونی خودا ناکات لە بابەت ئەبەدی و بێسەرەتایی و بێکۆتایی و بێ هاوەڵ و هاوشێوەیی خودا.

و لەسیفەتەکانی خودا لە ئیسلامدا، زۆر هەن لەوەی کە دەبێتە وەڵام بۆ فیکرەو بۆچوونی الله لە فەلسەفەی ئەرستۆدا هەروەك چۆن دادەنرێت بە وەڵامی خاوەن لێکدانەوەی ئاینە خاوەن پەڕتووك و بێ پەڕتووکەکانیش، لەوانە:

.................................

(١)گوتەی (بەختەوەری) بۆ خودا وشەیەکی فەلسەفیە، لە زاراوەی ئیسلامیدا بەکارنەهێنراوەو بەکارنایەت.

خودا لای ئەرستۆ خۆی ئاقڵ دەکات، بەڵام ناتوانێت جگەلەخۆی ئاقڵ بکات، پاك دەبێتەوە لە ویست چونکە ویست بە ڕای ئەو داواکاریە، خوداش تەواوەو هیچ شتێك جگە لە خۆی داوا ناکات، مەزنترە لە هەموو زانستە هەمەکی و هەندەکیەکان ، چونکە وای دادەنێت ئەمە لە زانستی عەقڵی ئادەمیزادە، بەزەیی و دڵڕەقی سەبارەت بەدیهاتووان نیە... چونکە بەدیهاتووەکان دەبێت داوای کەمال بکەن بە هەوڵدانیان بۆی، بەڵام لە ئیسلامدا خودا زانای پەنهان و ئاشکراکانە.

* وَمَا يَعْزُبُ عَن رَّبِّكَ مِن مِّثْقَالِ ذَرَّةٍ .یونس/٦١* واتە: لە پەروەردگاری تۆ، ون نابێت لە پارچە ئەتۆمێکەوە.

* وَهُوَ بِكُلِّ خَلْقٍ عَلِيمٌ . یس/٧٩* واتە: ئەو بەهەموو دروستکراوێك زاناو ئاگایە.

* وَمَا كُنَّا عَنِ الْخَلْقِ غَافِلِينَ. المؤمنون/١٧* واتە: و ئێمە هەرگیز لە دروستکراوان غافڵ و بێ ئاگا نین.

* وَسِعَ رَبُّنَا كُلَّ شَيْءٍ عِلْمًا . الاعراف/٨٩* واتە: زانست و زانیاری پەروەردگارمان فراوانەو هەموو شتێکی گرتۆتەوە.

* أَلَا لَهُ الْخَلْقُ وَالْأَمْرُ. الاعراف/٥٤* واتە: هەرچی دروستکردن و بڕیاردانە هەر بۆ ئەوە.

* عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ . فاطر/٣٨* واتە: زانایە بەوەی کە لە سینەو دڵ و دەروونەکاندا حەشاردراوە..

هەروەها ئەو خاوەن ویست و کارایە بەوەی دەیەوێت.

* وَقَالَتِ الْيَهُودُ يَدُ اللَّهِ مَغْلُولَةٌ ۚ غُلَّتْ أَيْدِيهِمْ وَلُعِنُوا بِمَا قَالُوا ۘ بَلْ يَدَاهُ مَبْسُوطَتَانِ. المائدة/٦٤* واتە: جولەکەکان دەیانوت: خوا دەستی بەستراوە و خێری لەدەست نابێتەوە!! دەك دەستیان بەستراو و بێ خێر بێت، دەك نەفرینیان لێ بێت، بۆ خۆیان و قسەیان، بەڵکو دوو دەستەی هەمیشە و بەردەوام کراوەیە.

جا لەم ئایەتەدا وەڵامی ئەو جولەکە عەرەبانە دراوەتەوە تایبەت بە بۆنەیەکی دیاریکراو، ئەویش زەکات و بەخشینەکان (صدقات)، وەك چۆن لە وتەی هەندێك لە ڕاڤەکاراندا هاتووە، بەڵام وەڵامیشە بۆ هەموو ئەوانەی ویستی خوا پابەند دەکەن لە هەر بارێك لە بارەکانەوە بێت، دووریش نیە لە نێو جولەکەکانی دوورگەی عەرەبی کەسانێك هەبووبن ئاماژەیان بە یەکێك لە گێڕانەوە فەلسەفیەکانی ئەرستۆ دابێت لەو بارەوە.

قورئان ئاماژەی نێوان ئاینە جۆراوجۆرەکانی داوە، لەوانە ئەوەی لە سورەتی الحج/١٧ دا هاتووە: * إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَالَّذِينَ هَادُوا وَالصَّابِئِينَ وَالنَّصَارَىٰ وَالْمَجُوسَ وَالَّذِينَ أَشْرَكُوا إِنَّ اللَّهَ يَفْصِلُ بَيْنَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ ۚ إِنَّ اللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ * واتە: بەڕاستی ئەوانەی ئیمان و باوەڕیان هێناوە و ئەوانەش کە بوونەتە جوو، لەگەڵ صابئەکاندا کە فریشتە پەرست؛ یان ئەستێرە پەرستن و گاورەکان و ئاگرپەرستەکان و ئەوانەی کە هەوەڵیان (بۆ خوا) بڕیارداوە، بێگومان خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا جیایان دەکاتەوە لەیەکترو بڕیاری خۆی دەدات لەسەریان، بەڕاستی خوا شایەتە بەسەر هەموو شتێکەوە.

لە سورەتی الانعام/٢٩ شدا ئاماژە بە دەهریەکان کراوە: * وَقَالُوا إِنْ هِيَ إِلَّا حَيَاتُنَا الدُّنْيَا وَمَا نَحْنُ بِمَبْعُوثِينَ * واتە: ئەوانە وتیان: ژیان هەر ئەم ژیانەی دنیایەو هیچی تر نیە، ئێمە زیندوو ناکرێینەوە.

و لەسورەت الجاثية/٢٤دا هاتووە: * وَقَالُوا مَا هِيَ إِلَّا حَيَاتُنَا الدُّنْيَا نَمُوتُ وَنَحْيَا وَمَا يُهْلِكُنَا إِلَّا الدَّهْرُ ۚ وَمَا لَهُم بِذَٰلِكَ مِنْ عِلْمٍ إِنْ هُمْ إِلَّا يَظُنُّونَ * واتە: خواتەناسان دەیانوت: ژیان تەنها ئەم ژیانی دنیایەیە، دەمرین و دەژین بە نۆرە، هەر ڕۆژگارو زەمانە کایگەرن تیاماندا و دەمان مرێتن و هیچی تر! جا ئەوانە وەنەبێت لەسەر بنچینەی هیچ جۆرە زانست و زانیاریەك ئەوە بڵێن بەڵکو تەنها پشت بەگومان و دوودڵی دەبەستن.

کەواتە بیری ئیسلام سەبارەت الله، بیری تەواوکاری هەموو ئەو بیرۆکەو بۆچوونە زۆرو پەرتو بڵاوانایە کە لەو بیروباوەڕە ئاینیانەدا هەیە، هەروەها لەو ڕێچکە فەلسەفیانەی لە دەوری دەخولێتەوە؛ لەبەر ئەمە نموونەی بەرزیی لە سیفەتەکانی زاتی خودا گەیشتووەتە نموونەی بەرزیی؛ لە ناواخندا ڕاستکردنەوەی ویژدانەکان و ئەقڵەکانی لەخۆ گرتووە، بەو جۆرەی شایستەی کەماڵی خودا بێت، بە پێوانەی ئیمانی و تێڕامان و پێوانەکردن.

ئێدی بیری مرۆڤ دادەنرێت بە یەکێك لە هۆکارەکانی گەیشتن بە ناسینی الله لە ئیسلامدا، هەرچەندە ڕێپیشاندان هەمووی لای خواوەیە.

وسەرجەم ئەوەی دەگوترێت سەبارەت بیروباوەڕی زاتی خودا، کە ئیسلام هێناویتی ئەوەیە: زاتی خودا لەوپەڕی تەواوی و ڕێزدارترین سیفەتەکاندایە لەوەی عەقڵی مرۆڤ تەسەوری دەکات، ئیسلامیش وتەی یەکلاکەرەوەی هەیە سەبارەت کێشەی مانەوەو لەناوچوون. عەقڵ سەبارەت بوونی هەمیشەیی و بوونی لەناوچوو وێنەیەکی نزیکتر وێنا ناکات لە

بۆچوونی باوەڕی ئیسلام، چونکە عەقڵ ناتوانێت دوو بووی هەتەهەتایی بخەملێنێت، هەردووکیان بەدینەهاتبن، بە جۆرێك یەکێکیان داماڵراو(مجرد)و ئەوی تریان مادە بێت، وئەو دووانەش هیچیان سەرەتاو کۆتایان نەبێت.

بەڵام عەقڵ تەسەوری بوونێکی ئەبەدی دەکات کە بوونێکی زەمەنی بەدیبێنێت.

لەکۆنەوە ئەفلاتون گوتوویەتی- لەمەدا ڕاستی گوتووە- زەمان هاوتاو هاوشێوەی هەتاهەتایی نیە، چونکە ئەو بەدهێنراوەو هەتاهەتایی دروست نەکراوە.

کەواتە مانەوەی بەدیهاتووەکان مانەوەیە لە زەمەندا، ومانەوەی بەدیهێنەر مانەوەی هەمیشەیی و هەتاهەتاییە، کە نە ڕابردوو و ئێستاو داهاتوو ناتوانێت سنووری بۆ بکێشێت.

چونکە ئەمانە لە سنووری جوڵەو گواستنەوەدان، لەبۆچوونی نەوەی لەناوچووەکان، جوڵەو گواستنەوە سەبارەت بەدیهێنیەری هەتاهەتایی ڕێی تێناچێت.

الله بە جۆرێکە: * الْحَيِّ الَّذِي لَا يَمُوتُ. الفرقان/٥٨* واتە: هەمیشە زیندووە و هەرگیز نامرێت.

* وَهُوَ الَّذِي يُحْيِي وَيُمِيتُ . المؤمنون/٨٠* واتە: ئەو زاتەشە کە ژیان دەبەخشێت و مردن پێش دەهێنێت.

* كُلُّ شَيْءٍ هَالِكٌ إِلَّا وَجْهَهُ . القصص/٨٨* واتە: هەرچی شت هەیە تیاچووە لەناوچووە جگە لەو زاتە.

جا هەرچەندێك پلەی خاوێنێتی بیرو هزر سەبارەت خودا لە ڕێبازەکەی ئەرستۆدا بەرز بێتەوە، وەك چۆن هەندێك لێی دواین، یاخود ڕێچکەی مامۆستاکەی ئەفلاتۆن کە هەندێك ئاماژەمان پێدا، ئەوا ئەم پاکردنەوە فەلسەفیە نزیکتر بوو لە خەیاڵی سەرکەش، سەبارەت بیروباوەڕی خودا کە لە نێوان کاهین و پەرستکارەکانی نەوەی یۆنانیەکاندا تەشەنەی کردبوو[1].

بێگومان وێنەی (جۆبیتێر) کە لای ئەوان خوای خواکان بوو، نزیکتر بوو لە وێنەی شەیتانەوە وەك لە خوایەکی پاك و بێ لەکە، هەرچەندە پلەی وەسفکردن لای ئەوان نەگەشتبووە ڕادەی کەمالی تێبینیکراو.

.................................................

(١)لەگەڵ ئەمەشدا شتێك بوو لە لاڕێ و هەتڵە بوون.

(جۆبیتێر) ڕقاوی و بوغزن و توندوتیژ بوو، سەرقاڵی ئارەزووەکانی خواردن و دڵداری بوو، هیچ گوێی بە کاروباری خواکان و بەدیهاتووەکانی تر نەئەدا، تەنیا پاراستنی دەسەڵات و ڕۆچوونی لە زوڵم و ستەمدا نەبێت، تورە دەبوو لە (ئەسقولاب) کە بە خوای پزیشکی دایان نابوو، چونکە نەخۆشی تیمار دەکردو ئەوی بێبەش دەکرد لەوەرگرتنی ئەو باجانەی لەسەرگیانی مردووەکان دادەنران، کە لەسەرزەمینەوە دەگوێزرانەوە بۆ ناخی دۆزەخ. و لە (برۆمثیۆس) تووڕە دەبوو کە بە خوای مەعریفە و پیشەسازی دانرابوو، چونکە خەڵکی فێری بەکارهێنانی ئاگر دەکرد، و مەعریفەی بە جۆرێك بەکار دەبرد کە هێزێکی لێپێکبێنێت و بەرەنگاری هێزی خواکانی تری پێبکات، بۆیە بە سزایەکی هەمیشەیی حوکمیدا، تەنانەت بە کوشتن و دوورخستنەوەشی لە ڕیزی خواکان ڕازی نەبوو، بەڵکو هونەری بۆ بەکار دەهێنا لە دۆزینەوەی جۆرەها سزا بۆی، بە کێوێکی سەختەوە بەستیەوەو باڵندە گۆشتخۆرەکانی بۆ ئەنارد تا بە درێژایی ڕۆژگار جەرگی هەڵدڕن و بیخۆن، کە شەویش دادەهات چاك دەبووەوە، ئیدی دوای خۆرهەڵاتن بە هەمان دەرد دەچووەوە... بەمجۆرە بە بەردەوامی لە سزادا بوو، بێ هیچ تکاکارێك و پاڕانەوەشی وەرنەدەگیرا، لەو گێڕانەوەشدا کە شاعیرو فەیلەسوف(هزیۆد) لە بارەی هۆی تووڕەبوونی خوداکە لە (برۆمیثۆس) ڕوونی دەکاتەوە: ئەو بەشەگۆشتەی لە خواردنی داوەتی خواکاندا بەجۆرێك بۆی دانابوو ئێسکی زۆر تێکردبوو و کەمتر گۆشت وچەوری بۆ دانابوو، جۆبیتێریش وایزانی کە بەهۆی مەعریفە و زیرەکیەوە خۆی بەسەردا دەچەسپێنێت، چونکە لە نێوان خواکاندا بە مەعریفەی فراوان و زیرەکیەکی باش ناوبانگی دەرکردبوو، کە خودا گەورەکەشیان وا ناوبانگی دەرنەکردبوو. نابێت ئەوەش لەیاد بکەین کاتێك باس لە خوا گەورەکەیان دەکەین ئەوا لە (هزیۆد)ی شاعیرو فەیلەسوفەوە وەرمانگرتووە، زۆریش هەوڵیداوە جۆبیتێر بە پاك و بێ لەکەیی ڕابگرێت و لە بەرگێکی گەورەو پیرۆزدا بە خەڵکی نیشان بدات، کە لەگەڵ خوایەکی پەرستراو بگونجێت دوای پێشکەوتن لە پەرستندا لە ئاینی یۆنانیە کۆنەکاندا.

و لە گێڕانەوە جیاوازەکان لە جۆبیتێرەوە گێڕاویانەتەوە کە فێڵی لە (هیرة)ی خێزانی دەکردو هەوری ڕەوانەدەکرد بۆ شاردنەوەی خۆر لە کاتی هەڵهاتنیدا، لە ترسی دروستنەبوونی غیرە (غیرة) لای خێزانەکەیەوە لە کاتی هەڵهاتنی خۆردا، و موفاجەئەکانی لە نێوان دڵدارەکانیدا لەسەرعەرشی ئۆلمپ.. جارێکیان خێزانەکەی لە ناکاوێکدا دەیبینێت(جانیمید)ی

مەیگێڕەکەی کە شوانێکی قەشەنگی مەڕوماڵات بوو لە چۆڵەوانیدا ماچ دەکرد، ئێدی بردی بەرزی کردەوە بۆ ئاسمان... پاشتر جۆبیتێر نەیتوانی لە تاوانی سەرقاڵبوونی بە مەیگێڕەکەیەوە خۆی قوتاربکات، بۆیە بیانوی دەهێنایەوەو کارەکەی خۆی دەڕازاندەوە بۆ خێزانەکەی بە بێئاگایی ئەو لە نێوان کۆکردنەوەی لەززەتی جامێك و ماچی لێودا.
نموونەی نەتەوە پێشینەکان وەك یۆنانیەکانە: لە دووریی جیاوازی نێوان وێنەی خوا لە حیکمەتی فەلسەفەو ڕێوڕەسمی کاهین و پەرستشکاران.
هندیە کۆنەکان پەرستگاو جێگاکانیان جۆرەها خواوەندی لێ بوو: لەوانە ئەوانەی پەیوەندی هەبوو بە ئاژەڵ و ڕەگەزەکانی سروشت، ئەوانەش هی سروشپەرست و بتەکان بوون، و زۆر جار داوا دەکرا لە خزمەتکار بۆ نزیکبوونەوەیان دەبێت هەستن بە ئەنجامدانی بێ ڕەوشتی پیرۆز (البغاء المقدس) و ڕشتنی خوێن.
ئەم خواوەندە جۆراوجۆرانە بە سێینە(الثالوث) ێکی هەمیشەیی دوایی هات کە سێ وێنەی خوایی دەگرێتەوە: ئەوانیش (براهما)ی خودایان لە وێنەی بەدیهێنەردا، (فشنو)ی خودایان لە وێنەی پارێزەردا، (سیفا)ی خودایان لە وێنەی ڕووخێنەردا بوون.... ئێدی کاری تێکدان و کاولکاری و خراپەیان تایبەت کردبوو بە خوای هەرە مەزنیان کە ئەم کارەی لە ئەستۆیە کاتێك لەو بەرگەدا خۆی بۆ بەندەکان دەنوێنێت.. لەگەڵ ئەمانەشدا شتێکی تریان زیاد کردبوو، ئەویش ئەوە بوو کە بۆ هەر خوایەك پەیوەستێك (قرینة)یان دانابوو ناویان نابوو (الشاكتي) واتە خێزان و هاوڕێ، شەڕو خراپەیان ئەدانە پاڵ و هاوەڵەکەیان بە پاك دادەنا.
لە ڕاستیدا ئەم خواوەندانە هێندە نێوانیان زۆر نیە لەگەڵ وێنەی شەیتان و دێوەکان و ڕۆحە پیسەکان کە لە کۆنترین ئاینەکاندا هاتوون، جا گەر بە پلەکانی پاك بوونەوەو داماڵین (التنزيه و التجريد)[1] سەربکەوین، ئەوا لە لوتکەیدا دەگەینە دوو وێنەی جیاواز: یەکێکیان وێنەی (الكارما)یە و ئەوی تریان وێنەی (النرفانا)یە، هەردووکیشیان لەمەڕ مانا

---

(١)کاتێك عەقاد لەبارەی پاکڕاگرتن و داماڵین لای نەتەوە جیاوازەکان دەدوێت، مەبەستی لەو پاکڕاگرتن و داماڵینە ڕێژەییەیە عەقڵی ئەو نەتەوانە لە بارێك لە بارەکاندا گەشتبوون، نەك ئەو پاکراگرتن و داماڵینە پێویستەی ببێت، چونکە ئەمە تەنیا لای موسڵمانانە، وەك لە وتەکەیدا دەردەکەوێت.

هزریەکانەوە حسابیان بۆ دەکرێت، کەم و دەگمەن بۆ وەسفکردنی زاتی خودا بەکاردێت، لای ئەوان کارما ئەو قەدەرە زاڵەیە لەسەر هەموو شتە هەبووەکان، لەوانە خوداو تەنە ئاسمانیەکان. ئەم قەدەرەش لە واقیعدا حاڵەتێکە لە حاڵەتە گشتیەکان، دەتوانین مانای لێبکەین بەوەی؛ ئەوەیە کە پێویستە یان ئەو دۆخە بەرپابووەیە بە باشترین نموونەو شێوەوە، ئەو قەدەرەی بە کارما ناودەبرێت ئەو خودایە نیە لای ئەوان بە سیفەتە زانراوەکان وەسف کرابێت، بەڵکو هاو واتای وشەی (الانبغاء: پێویستێتی) دێت یان وشەی واجب، وەك چۆن لە ڕووداو و بەرپابووەکاندا واجب کراوە.

نرفانا ش حالەتێکی گشتیە وەك کارما، بەڵام ئەمیان لە نەبوونەوە نزیکترە وەك لە هەبوون، چونکە ئەمە بەو حاڵەتە دەگوترێت کە هەموو گیانێك کۆتایی تیا دێت کاتێك لە نارەحەتی بوون تەواو دەبێت، ئەوسا ڕاماڵ دەبێت لە خەریکبوونە لاشەیی و گیانیەکان وەك یەك، لەم حاڵەتی نرفانایەدا گیانی خوداوەندو ئادەمیزاد وەك یەکیان لێدێت، چەندێك شادمان بێت بە نیعمەتی نەمری هەست پێنەکراو و نەبینراو.

ئێمە لەم چەند لاپەڕە کەمەدا نامانەوێت وێنەی خوایەتی و پەروەردگارێتی لای سەرجەم نەتەوەکانی شارستانیە یەکەمەکان بخەینە ڕوو، بەڵکو تەنیا بە چەند نمونەیەکی بەڵگەدارەوە دەوەستین تا بزانین پلەی بەرز ڕاگرتن لای ئەوان چۆن بووە، وئەو نزمبوونەوانەی توشیان هاتووە سەبارەت تێڕوانینیان بۆ زاتی خودا لە بە لاشە کردن و لێکچوواندن و تێکدان، تا زیاتر عادات وخوو نەرێتی پێشینەکان لەم بارەدا ڕوونتر بکەینەوە ئەوا پێویستە لە پاڵ ئەوەی یۆنانی و هندیەکاندا ئەم نموونەیەش باس بکەین، ئەویش ئاینی میسریە کۆنەکانە، لە کۆنترین سەردەمی فیرعەونەکانەوە تا سەردەمی ئاینە پەڕاویەکان، ئەویش واتە – ئاینی میسری کۆن- پێشکەوتووترین ئاین بوو کە لە یەکتاپەرستن و پاکڕاگرتندا گەشتبێتێ، هەرچەندە لە پەرستشە بەناوبانگ و بڵاوەکانیدا هەندێك جار دەگەشتە نزمی ڕادەی ئاینە پێشینەکان لە پەرستنی (سنجاق: ئەو گیانانەن دەچنە شێوەی شتی ترەوە) و بت، و پەرستنی گیانە پیسەکان و شەیتانەکان.

ئاینی میسریە کۆنەکان گەشتە ڕادەیەکی بڵند لە یەکتاپەرستی و پاکڕاگرتن، بە تایبەتی لە ئاینی (ئاتون)دا کە فیرعەون موژدەی پێدەداو دەگێڕدرێتەوە بۆ (ئەخناتون).

لە نوێژە پارێزراوەکانی ئەخناتۆن کە لە بەردەستدان، نوێژی بۆ یەك بەدیهێنەر دەکرد، لە سیفەتدا نزیك بوو بگاتە ئەو خوا بەدیهێنەرەی کە خواناسەکانی شوێنکەوتەی ئاینە پەڕاویەکان نوێژیان بۆ دەکرد، گەر ئەو نامۆبوون و لادانەی تیا نەبووایە لەپەرستنی بێباوەڕی کە پەیوەست بوو بە پەرستنی خۆرەوە، ئەم جۆرەی خۆری دنیاش ڕەمزو هاومانای ناوی بوو لە زۆربەی نوێژەکانیاندا.

***

ئەم گەواهیدانە لە مێژووی کۆن، گەواهیدانی نموونە هێنانەوەیە، نەك گەواهی ژماردن و درێژەپێدان، لە دەلالەت و ئاماژەپێکردنیشدا بەسە بۆ ئەوەی نموونە بۆ بە پاکڕاگرتنی بیری خودا لە نێو نەتەوەکانی مێژووی کۆندا بهێنرێتەوە، چونکە بەڵگەن لەسەر پلەی گەشتنی بیری خودایی پاك لە پێشکەوتووترین شارستانیە یەکەمەکاندا، ئەوانیش شارستانێتی میسریی و هندی و یۆنانی بوون.

کۆی تێبینی سەبارەت ڕاگرتنی بیری خودا لای پێشینەکان ئەوەیە کە: پاکڕاگرتنێکی تایبەت بوو، کورتی هەڵهێنا بوو لەسەر کۆمەڵێکی کەمی بیرمەندو هۆشمەندەکان کە لە نهێنی ئاینەکانیان دەزانی.

پاش ئەمە تێبینی ئەوە دەکرێت، ئەو بە پاکڕاگرتنە هەموو کاتێك لە لاوازی و کەموکورتی بەدەر نەبووە کە ژیری توانجی لێبگرێت، ئەمەش وایان لێدەکات لەبار و شیاو نەبن بە تایبەتی کە کۆمەڵێك بیکەن بە ئاینی خۆیان.

بۆ نموونە لە ئاینی میسریەکاندا بیری یەکتاپەرستی لە ژەنگوژاری سروشتپەرستی بەدەر نەبوو، پەرستنی خۆر دیاردەیەکی کاریگەر بوو لە پەرستنی ئاتون دا.

ئاینی هندیەکانیش خەڵکی فێری بڕواهێنان بە زاتی خودا نەدەکرد کە سیفەتەکانی ئاشکرا بن، هیچ پەرستراوێکیشیان لە کارماو نرفانا ڕێزدارتر نەبوون، ئەو دووانەش بە مانا هزریەکان نزیکترن لە بوونەوەرە زیندووەکان، نرفاناش یەکێکیانە، لە فەناو لەناوچوونەوە نزیکترە وەك لە مان.

و پاکڕاگرتنی فەلسەفی کە حیکمەتی یۆنانی لە ڕێبازەکەی ئەرستۆدا پێیگەیشت، نزیك بوو لەوەی بگاتە ئەو ڕادەی تەواوێتیە و کەمالی ڕەها بداتە پاڵ نەبوون و عەدەمی ڕەهاوە، وێنەی

خوایەکمان نیشان دەدات کە شایستەی بڕوا پێ هێنان و قەناعەت و متمانە نیە لەسەر ڕۆشنایی تێگەشتنێکی دروستەوە.

هیچ کام لەمانە لە بە پاکڕاگرتنی خوادا نەگەشتوونەتە ئەو ئاستەی ئاینی ئیسلام هێناویتی، کە گونجاو بێت لە بڕوا پێهێناندا لە عەقیدەیەکی ئاینی وەهەروەها گونجاو بێت لەوەرگرتنی لە ڕێبازەکانی هزردا.

هەروەك زانراوە ئاینی ئیسلام سێیەم ئاینی بەناوبانگە، لە نێوان ئاینە خاوەن پەڕتووکەکان، پلەو شوێنی لە نێوان زانستی بەراوردکاری ئاینەکاندا پەیوەستە بە شوێنی دوو ئاینەکەی دیکەوە کە ئەوانیش ئاینی موسایی و مەسیحیە، و بەراوردکاری نێوان ئیسلام و دوو ئاینەکەی تر بە شێوەیەکی پراکتیزەیی، ڕۆژئاواییەکان لە نووسینەکانیان ئاماژەیان پێداوە کە زۆربەیان نەگەشتوونەتە تێگەشتنێکی پێویست بۆ ئیسلام، بۆیە بە تیراژێکی تێکدراو و هەڵگەڕاوەی ئاینی مەسیحی و موسایی تێدەگەن.

لە ڕاستیدا ئەم بابەتە بابەتی دەقی پارێزراو و پەرستشی تێبینیکراوە کە دەمەقاڵێی دوورو درێژ لە پێوانەی ڕەخنەو بەراوردکاری هەڵناگرێت، هەرچەندە لە بواری بانگەوازیان و ڕکابەریی دەمارگیریان هەڵیگرتووە، تەنیا بەراوردکاری ئەوە بەسە لە نێوان ئەم ئاینانەدا کە چۆن باسی بیروباوەڕی خودایی دەکەن لە هەر یەکێکیاندا، تا پلەو پایەی ڕاستی بە پاکڕاگرتن لە حوکمی ئاین و مەعریفی تیۆریەوە دەربخەن.

ئەو سەرچاوانەی بیروباوەڕە عیبریەکانمان لێوەرگرتوون ئەوانەن کە ئەمڕۆ شوێنکەوتووانی ئاینی موسایی پەیڕەوی دەکەن، لە بەردەستی هەموو کەسێکدا هەیە و هەموو کەسێك دەتوانێت لە زمانە ڕاستەقینەکەیەوە یان زمانە پەرچڤەکراوەکانەوە بیانخوێنێتەوە تا ئەم ڕاستیانەی بۆ دەرکەوێت، بەناوبانگترینیشیان تەورات[1] و تەلمودە، جا وێنەی خودا لەم سەرچاوانەدا هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی وێنەی (یەهوا)یە کە بە خوای گەلی ئیسرائیل دانراوە.

---

(١) دەقەکانی تەورات یەهودو گاورەکان وەك یەك پێوە پابەند دەکات، کەچی ئەوان شەرم ناکەن بیروباوەڕی ئێمە بەوەی خۆیان بەراورد بکەن. لەگەڵ ئەو هەموو خواروخێچیانەی تیایاندایە وەك دەیانبینین، لەمەش زیاتر بەڵکو وای دەبینن بیروباوەڕەکەی ئێمە لەوەی وان نەوی تر و دابەزیوترە.

له پەڕاوە پیرۆزەکانیشیاندا یەهوا وا وەسفکراوە کە حەزی لە هەواو بۆنی برژاندنە، هەندێك جاریش دەربارەی گوتویانە: بەژێر سێبەری باخچەکاندا دەڕوات، تا بە هەواکەی فێنکی بێتەوە، جگە لەمانەش بە زۆر شتی تر وەسفیان کردووە، بەوەی زۆرانبازی لەگەڵ بەندەکانیدا دەگرێت و ئەوانیش زۆرانی لەگەڵدا دەکەن و لە سوارەکانی چیا دەترسێت وەك چۆن سەربازەکانی لێی دەترسن، سەردەمانێکی زۆریش لەگەڵ (عەزازیل)ی شەیتانی ئافەریدەکان هیچ جیاوازیەکیان نەدەکرد، ئێدی بە قوربانیکردن لێی نزیك دەبوونەوە، لە شەیتانیش بە قوربانیکردن وەك ئەو نزیکدەبوونەوە.

عیبرانیەکان لەسەر ئەم بیروباوەڕەیان مەیی بوون، بۆیە یەهوا وەك خوای عیبریەکان مایەوە، نەوەکانی ئیسحاقی کوڕی یەعقوب پێی تایبەت بوون، هیچ کەسێکیش نەیدەتوانی تکای کۆمەکی ڕزگاربوونیان لێبکات تەنیا ئەوانە نەبن پشتیوانی عەرشی داود و نەوەکانی بن دوای خۆی، ئەم بۆچوونە هیچ گۆڕانکاریەکی بەسەردا نەهاتووە پێش سەردەمی لەدایکبوونی مەسیح، هەروەها لە لایەن نەوە پارێزگارەکانی ئیسرائیلیشەوە هیچ گۆڕانکاریەك بەسەر باوەڕە یەکەمینەکەیاندا نەهاتووە، بەڵکو ئەم گۆڕانکاریە لە لایەن کەسانی چاکسازی نوێگەری ناو ئاینی جولەکەوە هات، بەڵکو کەسێك لە نێوانیاندا بەم کارە هەستا لە شەریعەتەکەی ئەواندا بە پێغەمبەرێکی لێ تووڕە ناوزەد کرابوو، تاوانبارکرابوو بەوەی لەدەستەی ئەوان لایداوەو یاخی بووە، ئەویش عیسای کوڕی مەریەمە (صلوات الله و سلامه علیه).

عیسای کوڕی مەریەم یەکەم بانگەوازی تایبەت کرد بە بەنی ئیسرائیلەوە، نەك هیچ کەس و کۆمەڵێکی تر، لە ئینجیلەکانیشدا درێژەی گفتوگۆی نێوان سەیدی مەسیح و ژنە کەنعانیەکەمان بۆ دەگێڕنەوە کاتێك پەنای بۆ برد تا شەیتان لە کچەکەی دوور بخاتەوە، لە ئینجیلی مورقس- الاصحاح ٧ –دا هاتووە:

(( ژنێك کچەکەی توشی گیانی پیس هاتبوو، ناوبانگی ئەویشی بیستبوو، چوو بۆ لای و خۆیدا بەسەر قاچەکانیدا، ژنەکە –ئومەمی- بوو، واتە لە نەتەوەکانی جگە لە ئیسرائیلیەکان بوو، دەڵێن ڕەگەزی فینقی سووریی بووە، داوای لێکرد شەیتان لە کچەکەی دوور بخاتەوە، بەڵام یەسوع پێیگوت: تۆ بهێڵە سەرەتا کوڕەکان تێر ببن، چونکە باش نیە نانی کوڕان بسێندرێ و بدرێت بە سەگەکان، لەوەڵامدا پێیگوت: بەڵێ گەورەم، هەروەها

سەگەکانیش لەژێر سفرەکانەوە لە پاشماوەی کوڕەکانیان دەخوارد، ئیدی پێیگوت: لەبەر ئەم قسەیە، بڕۆ ئەوا شەیتان لە لەشی کچەکەت دەرچوو))

گێڕانەوەی مەتی بۆ ئەم بەسەرهاتە وەك گێڕانەوەی مورقس وایە، لە –ئیصحاحی١٥- ی ئەو ئنجیلەدا هاتووە:

(( سەیدی مەسیح لەوێوە دەرچوو بەرەو دەوروبەری صور و صیدا کەوتە ڕێ، لە ڕێ تووشی ژنێکی کەنعانی بوو کە لەو ناوەوە دەهات، پێیگوت: بەزەیت پێمدا بێتەوە ئەی گەورەم نەوەی داود، کچەکەم زۆر شێت بووە. ئەویش وەڵامی نەدایەوە. پاشان قوتابیەکانی داوایان لێکرد وەڵامی بداتەوە چونکە بە دوایاندا هاواری دەکرد، لە وەڵامدا گوتی: من تەنیا بۆ لارو چەوێڵیەکانی نەتەوەی ئیسرائیل نێردراوم کە گومڕابوون، ئیدی ژنەکە هات و کڕنوشی بۆ بردو گوتی: ئەی گەورەم یارمەتیم بدە. لە وەڵامدا گوتی: باش نیە نانی کوڕان ببردرێت و بۆ سەگەکان فڕێ بدرێت، ژنەکە گوتی: بەڵی گەورەم بەڵام سەگەکان لەو پاشماوەیە دەخۆن کە لە سفرەی خاوەنەکانیانەوە دەکەوێتە خوار، لەم کاتەدا یەسوع وەڵامی دایەوەو پێیگوت: ئەی ژن! ئیمان و بڕوات بەرزە، کەواتە ئەوەی دەتەوێت با بێتەدی. ئیدی لەو کاتەدا کچەکەی چاکبووەوە)) .

لەم بەسەرهاتە و لە سەراپای هەواڵی قوتابیەکانی لە ناو ئینجیلدا دەزانین کە مەسیحی بەڕێز هەوڵیداوە بانگەوازەکەی تایبەت بکات بە نەوەی ئیسرائیلیەکان، ڕووشی لەوان وەرنەچەرخاندووە بۆ کەسانی تر تەنیا کاتێك نەبێت کە سووربوون لەسەر نکۆڵێکردن و موچڕپی لە وەرنەگرتنی پەیامەکەی، ئیتر دوای بێ هیوابوون لێیان، بانگەوازەکەی لە نێو نەتەوە پەرشوبڵاوەکانی نێوانیاندا پەخشکردەوە، نموونەی ئەمە وەك ئەو ماڵە وایە خواردنی شایی ئامادەکردبێت و بانگی کەسوکارو دراوسێکانی کردبێت بۆ ئەم مەبەستە، بەڵام ئەوان بیانوی سەرقاڵی و بوارنەبوونیان هێناوەتەوە، بۆیە ئەو ماڵە: خزمەتکار دەنێرن بە دوای ئەو کەسانەی لەسەر ڕێ توشیان دەبێت، وەك کەسانی نامۆ و ڕێبوار، کە هیچ ناسیاویەك لە نێوانیاندا نیە، بە ڕادەیەك ماڵەکەیان پڕ دەبێت و جێی کەسی تر نایێتەوە لەسەر سفرەکەیان، لە شوێنی ئەو کەسانەی بانگکرابوون و نەچوون.

لەبەسەرهاتی ژنە کەنعانیەکەوە تێبینی ئەوە دەکرێت کە سەیدی مەسیح بە( سەیدی نەوەی داود) بانگ کرا، ولە پشتی یەعقوبی کوڕی ئیسحاقی کوڕی ئیبراهیم، لە کاتێکدا

باوەڕی یەهودیەکان وابوو، بە هیوای ڕزگاربوون بوون لەسەر دەستی ئەو پێغەمبەرەی لە نەوەی داودو لە پشتی یەعقوبی کوڕی ئیسحاقی کوڕی ئیبراهیم دێت.

سەردەمی مەسیح تێپەڕی و دوای ئەو، سەردەمی پۆڵسی پەیامبەر هاتە پێشەوە، باوەڕی ڕزگاری کە لەسەر نەوەو ڕچەی پشتی ئیبراهیمی خەلیل وەستاوە هەر لە نێو عیبریەکاندا شتێکی دانپیانراو و بەڵگە نەویست بوو، ئەو عیبریانەی لەسەر بەندو باوەکانی خۆیان مابوونەوە و لە نێوان ئەو مەسیحیانەی لەو بەندو باوانە ڕزگاریان بوو بوو، بەڵام من لێرەدا ڕاڤەیەکی نوێ بۆ ئەم بنەچەیە زیاد دەکەم، ئەویش ئەوەیە ئەو بنەچە ڕۆحیە تەنیا لەسەر بنەچەی لاشەیی نەوەستاوە، هیچ جیاوازیەکیش نیە لە نێوان ئەوانەی سوننەتی ئیبراهیمی خەلیل زیندوو دەکەنەوە لە عیبریەکان، و لای ئەو ئومەمیانەش کە عیبریەکان بە (الجوییم)ناویان دەبردن.. واتە نەتەوە نامۆکان.

کەواتە عەقیدەی خودایی وەك عیبرانیەکان باوەڕیان وایە و تا چەرخی لەدایك بوون دەقیان لەسەر گرتبوو، ئەوە عەقیدەی گەلێکە لە نێو گەلەکاندا هەڵبژێردراوە سەبارەت خوایەك کە لەناو هەموو خواکاندا هەڵبژێردراوە[1]، لەم عەقیدەیەشدا بڕوای یەکتاپەرستی نابینرێتەوە، و ئەوەش نیە شایستەی ئایینی ئادەمیزاد بێت، یان بە جۆرێکی دروستی وا بێت لێکۆڵەرەوەی بە ویژدان بەسەرەتای بڕواهێنانێکی خودایی دابنێت کە ئیسلام بانگەوازی بۆ کردووە.

پاش سەرهەڵدانی مەسیحیەت بیروباوەڕی خودایی گەشەی سەند، ئێدی بڕواهێنان لەوەوە گواسترایەوە کە بڕوا بە خوا بهێنرێت بۆ کوڕەکانی ئیبراهیم لە لاشەدا،بۆ بڕوا هێنان بە خوا لە نەوەکانی ئیبراهیم لە گیانیشدا، بەم جۆرە سەردەمی بەڕێز مەسیح و سەردەمی پۆڵسی پەیامبەر تێپەڕین، و مەسیحیەت پەیوەندی کرد بە نەتەوە بیانیەکانەوە، لەسەروو

---

(١)لێرەدا عەقاد زۆر دەق تەوراتی هێناوەتەوە کە ئاماژەی ئەوە دەکەن الله خوای جیهانیان نیە، بەڵکو تەنیا پەروەردگاری ئەوانە، ئەوانی دیش خوای تریان هەیە، لە ڕاستیدا ئەمە ئەو بیروباوەڕە پاڵفتەو ڕوونە نیە کە موسا (علیه السلام) بانگەوازی بۆ کردو تەورات پێش دەسکاری و هەڵگێڕانەوەی باسی کردبوو.

هەمووشیانەوە نەتەوەی میسری، ئێدی لەم ئاکامەدا بیروباوەڕێکی خوایی نوێ سەریهەڵدا لە بۆچوونی عیبریەکاندا، ئەویش عەقیدەی (سێ کوچکە- الثالوث) بوو، کە کۆی (باوك و کوڕ و گیانی پیرۆز)لەخۆ دەگرێت، ناوەڕۆکەکەشی وایاندانابوو کە مەسیحی ڕزگارکەر کوڕی خوایە (پەنا بەخوا دەگرین لە کوفرو شیرك)، خواش وەك فیداو قوربانیەك بۆ نەتەوەکانی ئادەم و حەوای ڕەوانە کردووە، بۆ کەفارەت و سڕینەوەی ئەو هەڵەو تاوانەی تێی کەوتن کاتێك لەبەری ئەو درەختەیان خوارد لە بەهەشتدا، دوای ئەوەی فرمانیان پێدرابوو لێی نزیك نەبنەوە.

ئیسلام هاتە گۆڕێ و ئەو عەقیدە خواییە لە گۆڕێ بوو کە ئاینی مەسیحی پەرەی پێدابوو، بەوەی کە الله ی خوای تاك و تەنیا یەکێکە لەو سێ کوچکەیە(أقانیم)[1] ئەوانیش: باوك و

........................................

(١)١+١+١=١ ئەم وتەیە دروست نیەو ناماقوڵە، ڕۆژهەڵاتناسەکان بە مامۆستای دادەنێن، بۆ نموونە ئەم دەقە بخوێنەوە: * وَقَالُوا اتَّخَذَ الرَّحْمَـٰنُ وَلَدًا ﴿٨٨﴾ لَّقَدْ جِئْتُمْ شَيْئًا إِدًّا ﴿٨٩﴾ تَكَادُ السَّمَاوَاتُ يَتَفَطَّرْنَ مِنْهُ وَتَنشَقُّ الْأَرْضُ وَتَخِرُّ الْجِبَالُ هَدًّا أَن دَعَوْا لِلرَّحْمَـٰنِ وَلَدًا وَمَا يَنبَغِي لِلرَّحْمَـٰنِ أَن يَتَّخِذَ وَلَدًا إِن كُلُّ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ إِلَّا آتِي الرَّحْمَـٰنِ عَبْدًا لَّقَدْ أَحْصَاهُمْ وَعَدَّهُمْ عَدًّا وَكُلُّهُمْ آتِيهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فَرْدًا. مریم/٨٨-٩٥* واتە: دەیانوت: خوای میهرەبان ڕۆڵە و نەوەی بۆ خۆی داناوە. سوێند بەخوا بەڕاستی بوختانێکی ناقۆڵاو دەکەن و گوفتارێکی ناشایسە و سەرسوڕهێنەر دەڵێن. خەریکە ئاسمانەکان لە ناقۆڵایی ئەو گوفتارە نابەجێیە، لەت و پەت ببێت، زەوی خەریکە شەق بەرێت و ڕۆبچێت، کێوەکانیش خەریکە بکەون و ورد و خاش بن. کاتێك کە نەفامان بوونی ڕۆڵە و نەوەیان دایە پاڵ خوای میهرەبان. لەکاتێکدا بۆ خوای میهرەبان نەهاتووە و ڕەوا نیە کە نەوە بۆ خۆی بڕیار بدات. هیچ کەسێك نی یە لە ئاسمانەکان و زەویدا، کە بەندەی ملکەچی خوای میهرەبان نەبێت. سوێند بەخوا بێگومان هەر هەموویانی سەرژمێر کردووە و یەك یەك ژمارەی کردوون ، هەر هەموویان ڕۆژی قیامەت دێنە پێشەوە، بۆ لای خودا بە تاك و تەنیایی.

کورو گیانی پیرۆزە، مەسیحیش ئەو کورەیە لەم سێ کوچکەیەدا هەیە، بەپێی بڕواو ڕێچکەی کۆمەڵێك گاور خاوەنی یەك سروشت و تەبیعەتی خواییە،و لە ڕێبازی هەندێك لە گاوران خاوەنی سروشتێکی خوایی و مرۆییە. - نستغفر الله و نعوذ بالله من الکفر و الشرك -

شتێکی ڕوونیشە کاتێك ئەو لێکۆڵەرەوەیەی دەیەوێت زانستی بەراوردکاری لە نێوان ئاینەکاندا بەسەر مەسیحی و ئیسلامدا بچەسپێنێت، ئەوا لەسەری پێویستە لێکۆڵینەوەکەی بۆ ئاینی مەسیحی لەو ماوەیەدا بێت کە بانگەوازی ئیسلام لە دوورگەی عەرەبدا سەریهەڵدا، چونکە ڕێپێدراو نیە لێکۆڵەرەوە وای دابنێت ئیسلام تیراژێکی هەڵگێڕدراوی ئاینی مەسیحی بێت، تەنیا ئەو حاڵەتە نەبێت وا بزانێت پێغەمبەری ئیسلام لە مەسیحی شارەزا بووە، وەك چۆن لە ژینگە عەرەبیەکەیدا ناسیویەتی، یان لەژینگە جیاوازەکانی دەوروبەری دورگەی عەرەبیدا ناسرابوو. جا هەرچەندێك ئاینی مەسیحی لە سەرجەم ژینگەکان و سەردەمە جۆراوجۆرەکانیان پەرەی سەندبێت، ئەوا بە تەنیا ئەو بیروباوەڕە مەسیحیەی ڕێدراوە بەو کەسەی بە کاری بەراوردکاری نێوان ئاینەکان هەستێت و بیکاتە سەرمەشقی ئیسلام، ئەو عەقیدە مەسیحیەیە کە لە دورگەی عەرەبی و دەوروبەریدا هەبوون. جۆرج سیل پەرچڤەکاری قورئانی پیرۆز بۆ سەر زمانی ئنگلیزی وەسفی حاڵی مەسیحیەکانی کردووە لە حیجازو سەرجەم شوێنە نزیکەکانیەوە، لەمبارەوە لە پێشەکیەکەیدا دەڵێت:

(( شتێکی جەختکراوە دێری ڕۆژهەڵات بە هۆی ئەو نارەحەتی و چەرمەسەریانەی لە سەرەتای ساڵانی ٣٠٠ی زاینیدا ڕووبەڕووی بووەوە وای لە زۆربەی شوێنکەوتووانی کرد پەنا بۆ وڵاتانی عەرەب بەرن بۆ وەدەستهێنانی ئازادی، زۆربەشیان بە (یەعاقوبە) ناودەبرێن، بۆیە زۆربەی عەرەبە گاورەکان لەم کۆمەڵەن. و بە ناوبانگترین ئەو خێڵانەی بوونە گاور: حمیر، غسان، ربیعة، تغلب، بهراء، تنوخ، هەندێك لە طيء، قضاعة، خەڵکی نەجران، و حیرە... ولەبەر ئەوەی ئاینی مەسیحی بەم جۆرە تەشەنەی کرد لە وڵاتەکانی عەرەبدا ئەوا دەبێت کە دەشبو وابێت، گاورەکان لە زۆر جێدا قەشەیان هەبوو، تا سیاسەتی دێرەکانیان پێ ڕێکبخەن، پێشتر باسی قەشەکانی (ظفار)مانکرد، دەشڵێن نەجران شوێنی قەشەکان بوو، یەعاقوبیەکان دوو قەشەیان هەبوو؛ بە یەکێکیان دەگوت قەشەی عەرەب بە گوتنی

زاراوەکە (أسقف العرب)، و شوێنی جێگیربوونیشی (باکولة) بوو کە لای ئیبنولعیبری بە کوفە دەستنیشانکراوە، یان جێیەکی تری نزیك بەغداد بە پێی بۆچوونی (ئەبی فیداء)، دووەمیشیان بە قەشەی عەرەبی (التغلبیین) ناودەبرا، کە جێگەیان لە حیرە بوو، بەڵام نەستووریەکان لەم دوو جێیەدا هیچ قەشەیان نەبوو، جگە لە یەك قەشە نەبێت کە لەژێر سەرپەرشتی بەطریکەکەیاندا بوو)).

هەتا دەگاتە ئەوەی دەڵێت:(( بەڵام کەنیسەی ڕۆژهەڵات دوای هەڵوەشاندنەوەو تێکچوونی کۆمەڵگەی نیقاوی بە چەند گفتوگۆیەکی ئاڵۆسکاو خەریك بوو کە دواییان نەدەهات، بە گێڕانەوە جیاوازەکانی الأریوسیین و نەستووریەکان و یەعقوبیەکان کە هەر یەکە بانگەشەی دەربڕینی جیاوازی لە عەقیدە دەکرد، لە پێشتر بوو بەوەی بانگەشەی جیاوازی خودی باوەڕەکە بکەن، و بەوەی بەڵگەی هەر یەك لە گفتوگۆکاران زاڵ بێت بەسەر ئەویتردا، لە پێشتر بوو وەك لەوەی بانگەوازی هۆیەکی پێویست دەربڕن بێتە هۆی لەخۆگرتنی چەندان کۆمەڵ و پێکەوەلکانیان، کە کۆمەڵێك لە ئوسقوفەکان دەیانگوتەوەو دەیانگێڕایەوە و چەندو چوونیان دەکرد، تا هەریەکەیان قسەی خۆی سەرخات، و کێشەکان بە ئارەزووی خۆیان لاربکەنەوە، پاشان وتە لەجێکان و پایەدارەکان لە کۆشکی پاشایەتی هەریەکەیان کەسێکی لە پێشەوای سوپا یان خاوەن دوانگە و وتاردەرەکان تایبەت دەکردبوو بە خۆیەوە، تا ببنە پاڵپشتیان و بە هێزیان بکەن، ئێدی پلەو پایە بەهۆی بەرتیلەوە چنگ دەکەوت، ویژدانیش بە ئاشکرا دەکڕدراو دەفرۆشرا، هەرچی دێری ڕۆژئاواش بوو پڕ بوو لە بەهیلاکچوونی دەماسوس و ئەرسکینوسەکان، لە گێرمەو کێشەو پێشبڕکێکردندا لەسەر پایەی ئوسقوفیەت – مەبەست ئوسقوفیەتی ڕۆما- کە دەبووە هۆی هەڵگیرسانی ئاگری ئاژاوەو خوێنڕژان لە نێوان ئەو دوو گروپەیاندا.. زۆرتر وتوێژەکان لە لایەن قەیسەرەکان خۆیانەوە دروست دەبوو، بە تایبەتی قسطنطینۆسی قەیسەر، لەگەڵ ئەوەی نەیدەتوانی ڕاستیەکانی ئاینی مەسیحی لە ئەفسانەی دەسەوسانکارەکان جیا بکاتەوە، ئاینەکەی ئاڵۆزکاندبوو بە چەندان باسی پڕ جیاوازی... ئەمە حاڵی گاورێتی بوو لە وڵاتە نا عەرەبیەکان، بەڵام سەبارەت ناو ئەو وڵاتانەی جێی باسەکەمانە، ئەوا لەوان باشتر نەبوون.. بۆ نموونە هەندێك لە گاورەکانی عەرەب بڕوایان وابوو دەیانگوت: گیان لەگەڵ لاشەدا دەمرێت و پاشان هەردووکیان زیندوو دەبنەوە، گوتراویشە ئۆریجانۆس ئەم ڕێبازەی تێدا دروست

کردن، چەندان و چەندان بیدعە لە دوورگەی عەرەبدا بڵاوبووەوە تا نەڵێین ئەو بیدعانە لە دوورگەدا دروست بووە!!.

هەندێك لەو بیدعانە ئەوە بوو خاوەنەكانیان دەیانگوت مەریەمی[1] عەزرا خوا بووە، و دەیانپەرست وەك خوا بپەرستن، كە پارچە نانی خڕی پێكەوەبەستراویان بۆ دەكردە قوربانی پێی دەگوترا (كلیرس)، بۆیە بە خاوەنانی ئەم بیدعەیە دەگوترا كلیریەكان... لەگەڵ ئەمەشدا لە دوورگەی عەرەبیدا ژمارەیەكی زۆر لە كۆمەڵی جیاواز بە ناوی جیاجیاوە كۆبوونەوە، لە ترسی قەیسەرەكان پەنایان بۆ بردبوو..))

بیروباوەڕی كۆمەڵە مەسیحیەكان لە دوورگەی عەرەب و جیهانی دەوروبەریدا، بە جۆرێك بوو ، بە پێی وەسفی ئەو كەسەی بەرانبەر ئیسلام دەمارگیر بوو و خۆشی نەدەویست، واشی گومان پێنەبراوە لایدابێت لە مەسیحیەت و لە كاتێكدا لەتواناشیدا هەبوو نەرمونیانی بنوێنێت بۆیان، لە ڕاستیدا بیروباوەڕی كۆمەڵە مەسیحیەكان بەم جۆرە بوو، كە جێی سەرسوڕمان نیەو شایستەی شوێن پێ هەڵگرتنیش نین، شتێكی ڕوون و ئاشكراشە هەڵوێستی ئیسلام، هەڵوێستی ڕاستكەرەوەی تەواوكار بوو، نەك هەڵویستی گواستنەوەی وەرگر، بێ هیچ تێگەشتن و زانینێك.

ئیسلام هات و بانگەوازی یەك خوای پاكی كرد، دوور لە بۆگەنیی هاوەڵدانان، دوور لە نەفامێتی دەمارگیری پشتاوپشت، پاك لە هەموو وێكچواندنێك كە لە پاشماوەی سروشتپەرستەكانەوە دزەی كردبوو بۆ ناو ئاینی خاوەن پەڕاوەكان.

ئەو خودایەی موسڵمان بڕوای پێیەتی، یەك خوایەو هیچ هاوەڵێكی نیە (سبحانە عما یشركون).

---

(١) قورئانی پیرۆز ئاماژەی بەوانە داوە لەو ئایەتەی دەفەرموێت * وَإِذْ قَالَ اللَّهُ يَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ أَأَنتَ قُلْتَ لِلنَّاسِ اتَّخِذُونِي وَأُمِّيَ إِلَـٰهَيْنِ مِن دُونِ اللَّـهِ قَالَ سُبْحَانَكَ مَا يَكُونُ لِي أَنْ أَقُولَ مَا لَيْسَ لِي بِحَقٍّ. المائدة/١١٦* واتە: كاتێكیش خوا فەرمووی: ئەی عیسای كوڕی مەریەم، ئایا ئەوەتۆ بەخەڵكیت وتوە: منیش و دایكیشم بە دوو خوا دابنێن لە خوار خوای پەروەردگارەوە؟ عیسا لە وەڵامدا وتی: پاكی و بێگەردی و بێ هاوەڵی شایستەی تۆیە، بۆم نیە من شتێك بڵێم بۆ خۆم كە مافی من نەبێت؟

و ئەم خودا تاکو تەنیایە خوای یەك پشت نیە کە بیاندات بەسەر ئەوانی تردا بێ هیچ باشکاریەك، بەڵکو ئەو (خودای هەموو جیهانیانە)، سەرجەم مرۆڤایەتی دروستکردووە تا یەکتر بناسن و بەهۆی تەقواوە ڕێزدارین، و پلە پایەی هیچ عەرەبێك نەدراوە بەسەر هیچ عەجەمێکدا هیچ قەرەشیەك (قرشي) نادرێت بەسەر حەبەشیەکدا مەگەر بە تەقوا ( پارێزگاری سنوورەکانی خودا) نەبێت.

* يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا ۚ إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ. الحجرات/١٣* واتە: ئەی خەڵکینە بێگومان ئێمە هەمووتانمان لەنێرو مێیەك دروستکردووە و کردوومانن بەچەندەها گەل و تیرە و هۆزی جۆربەجۆر، تا یەکتر بناسن و پەیوەندیتان خۆش بێت بەیەکەوە... بەڕاستی بەڕێزترینتان لای خوا ئەو کەسانەتان کەزۆرتر لەخواترسەو فەرمانبەرداری خوایە.

و ئەو پەروەردگارە تاك و تەنیایە: * لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ  وَلَمْ يَكُن لَّهُ كُفُوًا أَحَدٌ. الاخلاص/٣-٤* واتە: هیچ کەسی لێ نەبووە و خۆشی لە کەس نەبووە. هەرگیز هاوتاو هاوشێوە و دەسەڵاتدارێکی تر نییە کە لەبەرامبەریەوە بوەستێت و هاوشانی بێت.

هیچ مرۆڤێك بە تاوانی مرۆڤێك ناگرێت، هیچ نەتەوەیەکیش بە تاوانی نەتەوەکانی پێشتر ناپرسرێتەوە، گێتی و مرۆڤایەتی تاوانبار ناکرێن بێ ناردنی پێغەمبەران.

* وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ . الفاطر/١٨*(1) واتە: هیچ گوناهبارێکیش گوناهی کەسانی تر هەڵناگرێت.

* تِلْكَ أُمَّةٌ قَدْ خَلَتْ لَهَا مَا كَسَبَتْ وَلَكُم مَّا كَسَبْتُمْ وَلَا تُسْأَلُونَ عَمَّا كَانُوا يَعْمَلُونَ. البقرة/١٣٤* واتە: ئەوانە ئوممەتێك بوون ڕۆشتن بەخۆیان و کردەوەی چاکیانەوە، ئێوەش هەرچی دەیکەن لە چاکە بۆ خۆتانە و بەرپرس نابن لە کارو کردەوەی ئەوان.

* وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّىٰ نَبْعَثَ رَسُولًا. الاسراء/١٥* واتە: ئێمەش سزای کەسمان نەداوە تا پێغەمبەرێکی بۆ دەنێرین.

---

(١)ئەم تێگەشتنە لە کوێ لەگەڵ بیروباوەڕی ئەوانەی دەڵێن مرۆڤایەتی هەمووی تاوانبارە بەو هەڵەیەی ئادەم (علیه السلام) کردی، تەنانەت بە پێی درۆکانیان خوا ناچاردەبێت کوڕەکەی لە سێدارە بدات، خوا پاکو بێ لەکەیە لەم وەسفانە (تعالى الله عما يصفون).

ئاینەکەش ئاینی بەزەیی و دادپەروەریە، بەڵگەش سورەتەکانی قورئان بە میهرەبانی و بەزەیی دەست پێدەکەن (بسم الله الرحمن الرحيم)

*وَمَا رَبُّكَ بِظَلَّامٍ لِّلْعَبِيدِ. فصلت/٤٦* واتە: پەروەردگاری تۆ ستەم لە بەندەکانی ناکات.

* هُوَ الْأَوَّلُ وَالْآخِرُ وَالظَّاهِرُ وَالْبَاطِنُ. الحديد/٣* واتە: ئەو خوایە یەکەمینە و لەسەرەتاوە هەر هەبووەو کەس پێش ئەو نەبووە، دواهەمینە و کۆتایە، کەس دوای ئەو نامێنێت، هەروا ئەو زاتەدیارە و هەموو شت بەڵگەیە لەسەر بوونی، لەهەمان کاتدا زاتی خۆی نادیارە.

* وَسِعَ رَبِّي كُلَّ شَيْءٍ عِلْمًا. الانعام/٨٠* واتە: پەروەردگارم بەزانست و زانیاری هەموو شتێکی گرتۆتەوە.

* وَهُوَ بِكُلِّ خَلْقٍ عَلِيمٌ . يس/٧٩* واتە: ئەو بەهەموو دروستکراوێك زاناو ئاگایە.

لێکۆڵەرەوەی بەراوردکاری نێوان ئاینەکان دەتوانێت ئەوەی دەیەویت بیڵێت سەبارەت ئەم خودا تاکوتەنیایە و پەروەردگاری جیهانیان و پەروەردگاری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواکان، تەنیا ئەوە نەیێت بڵێت: ئەم خوایە تیراژێکی وەرگیراوە لە بیروباوەڕی عەرەبە نەفامەکانەوە، یان لە عەقیدەی خاوەن پەڕاوەکان کە بە بیروباوەڕی جاهیلی تێکەڵ بووبێت [1] بەو جۆرەی جۆرج سیل وەسفی دەکات وەك لە سەرەتای پەرچڤەی قورئاندا کە کردوویەتی، چونکە عەقیدەیەکی خودایی گەر لە کەلەپووری نەفامەکانەوە وەرگیرابێت، ئەوا ئەو کات دەبوو لە مۆرکی دەمارگیری زیاتر هیچ شتێکی تری پێوە دیار نەبووایە، و پڕ دەبوو لە شانازیکردن بە پلەو پایەو دەسەڵات. و لە خڵتەو خەوش و بۆگەنیی هاوەڵدانان بەدەر نەدەبوو، لە نەهامەتیەکانی پەرستنەکان بەدەر نەدەبوو کە پڕن لە چەوت و چەوێڵی، نوشتەو پەناگرتنەکان (رقی وتعاویذ) کە شوێنی بەندایەتی و نوێژەکان دەگرنەوە.

موعجیزەی موعجیزەکان بەو جۆرەیە کە ئیسلام بەو شێوە نەبووە، بەڵکو بەوپەڕی ڕاشکاوی و یەکلاکردنەوەی دڵنیاوە دژی هەموو ئەمانە بووە، ڕێی بە پسانەوەو ڕێکەوتن و ملکەچی نەداوە لەمبارەوەو هیچ سیفەتێکیشی لە دەمارگیری جاهیلی و شانازیکردنی جاهیلی پێ قێزەونتر نیە،و دوژمنایەتی جاهیلی لەسەر جیاوازی تیرەو ڕەچەڵەك وکۆمەڵ پێناشرینتر نیە.

---

(١)ئەم درۆ هەڵبەستراوانە بەسەر مرۆڤی گەمژەشدا تێپەڕناکات، مەگەر کینە کوێری کردبن و عەقڵی لێ سەندبنەوە.

لە ناوجەرگەی وڵاتی دەمارگیریەوە ئەو ئاینە دەرچوو نکۆڵی دەمارگیریی دەکرد.
لە قووڵایی وڵاتی هۆزو تیرەکانەوە ئەو ئاینە بڵاو بووەوە کە بانگەوازی بۆ لای یەك خوای تاکوتەنیا و پەروەردگاری هەموو جیهانیان و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواکان دەکرد، پەروەردگاری هەموو نەتەوەکان و مرۆڤایەتی، بێ هیچ جیاوازیەك لە نێوانیاندا جگە لە جیاوازی چاکەخوازی و بڕواهێنان نەبێت.
لە کاتێکدا ئەو لێکۆڵەرەوانەی سیفەتی زانست ئەبەخشنە زانایانی بەراوردکاری نێوان ئاینەکان لە ڕۆژئاوادا، وەسف کردنیان بۆ ئیسلام وەك ئاشکرایە تەنیا بە پێی بیستنیانە، لە پێڕەوو پابەندەکانیان یان لە دووبارەکراوە تەقلیدیەکان، وا دەردەکەوێت ئەوان بە شێوەیەکی تەواو و ژیرانە خۆیان زۆر ماندوو نەکردووە لەم ڕووەوە، کە بە تەواوی گرنگی بدەن بەم ئاینە بە شێوەیەکی گشتی و دوورو درێژ.
جا لە پەڕتووکێکدا کە یەکێکە لە پەڕتووکە تازەکان باس لە ئاینەکانی گرۆی ئادەمیزاد دەکات کە مامۆستای فەلسەفە لە زانکۆیەکی گەورە نووسیویەتی، نووسەری تایبەت بەم لێکۆڵینەوانە دوای ئاماژەکردن بە شمشێرو توندو تیژی و وەرگرتن لە ئاینی گاورو سابیئی و مەجوسیەکانەوە دەڵێت:
(موحەمەد پۆشیویەتی بۆ خوای پەوەردگاری پۆشاکێك لە ئاکاری عەرەبی و کەسایەتی عەرەبی..)[١]

........................................

(١)زۆر سەیرتر دەبوو ئەوەی گوتویەتی ئامارەو گەواهی پێ بدایە بەو ئایەتەی دەفەرموێ * قُل لَّوْ كَانَ الْبَحْرُ مِدَادًا لِّكَلِمَاتِ رَبِّي لَنَفِدَ الْبَحْرُ قَبْلَ أَن تَنفَدَ كَلِمَاتُ رَبِّي وَلَوْ جِئْنَا بِمِثْلِهِ مَدَدًا . الكهف/١٠٩* واتە: پێیان بڵێ: ئەگەر دەریا هەمووی مرەکەب بێت و زانست و زانیاری پەروەردگارمی پێ بنووسرایە، دەریا تەواو دەبوو پێش ئەوەی زانست و زانیاری پەروەردگارم تەواو ببێت، ئەگەر چەندەها ئەوەندەی تر دەریاش بهێنن و بیکەنە مرەکەب، چونکە زانست و زانیاری پەروەردگار کۆتایی نایە و بێ سنوورە.

حســـــــدا حملته من أجـــلها        قديما كان في الناس الحســـــد

واتە:

حەسـودی هەڵیگرتووە لەم پێنـــاوەدا        لەمێژەوە حەسودی لە مرۆڤ هەیە

هەروەها دانەر دەڵێت: (ئەو ڕاستیەی لێرەدا ئاماژەی پێ دەدەم و دەیخەمە ڕوو، بۆ هەموو لێکۆڵەرەوەیەکی ئەم ئاینە عەرەبیە دەردەکەوێت، هەروەها ئەو کەسایەتیە خواییە عەرەبیەش..)

بەم وەسفە کۆن و تەقلیدیانە نووسەر وەسفی خوای ئیسلام دەکات، دوای ئەوەی لێکۆڵینەوەی کردووە دەگاتە ئەوەی ئەمە بڵێت؟.. ئەی دەبوو چ بڵێت گەر هەر لە دوورەوە بە پڕوپاگەندە ئیسلامی بیبیستایە؟!

ڕەنگە پێویستی بە جەهێشتنی (بسم الله الرحمن الرحيم) لەسەرەتای سورەتی الفاتحة نەبووایە، تا بزانێت موسڵمان گەردنکەچی خودای جیهانیانە، کە دوو جار وەسفی کردگار دەکات بە بەزەیی، لە کاتی دەستپێکردنی سورەتەکانی قورئانی پیرۆزدا.

ڕەنگە بیتوانیایە زۆر باشترو دروستر بەراوردکاریەکانی بکردایە گەر ڕازی بووایە بەو سیفەتە لە سیفەتەکانی خوای ئیسلام، ئەوسا بە کاری بەراوردکاری هەستایە لە نێوانیاندا، لەگەڵ ئەو سیفاتانەی لە ئاینەکانی تردا ناموسڵمانان هەڵیانبژاردووە بۆ خوا، دەبینین لەسەرەتای داواو پاڕانەوەکانیاندا ناوی پەروەردگار بە سیفەتەکانی هێزو دەسەڵات و جەبەروت دێنن.

الله خودای هەردوو جیهانە، پادشای ڕۆژی سزایە، تیراژێکی هەڵگەڕاوە نیە لە وێنەی الله لە بیروباوەڕی خاوەن پەڕاوەکاندا -وەك بانگەوازی بۆ دەکەن- بەڵکو ئەو سەرچاوەو ڕەسەنایەتیەیە کە هەر کاتێك ئەوەی لە عەقیدەی خودایی لا بدات هەر دەبێت بگەڕێتەوە لای ئەو، ئەو خودا گەورەیە بە تەواوترین شێوەیە کە لەسەریەتی، و بەتەواوترین شێوەیە کە پێویستە ببێت.

بۆیە ئەم عەقیدە خواییە لە ئیسلامدا ڕاستکەرەوەو تەواوکاری هەموو عەقیدەیەکی پێش خۆیەتی لە ڕێبازی ئاینەکاندا، یان لە ڕێچکە فەلسەفی و لێکۆڵینەوەکانی پەروەردگارێتیدا.

ئەم عەقیدە عەقیدەیەکی تەواوە، عەقیدەی هندیەکانی لە کارما ونرفانا ڕاستکردووەتەوە و تەواویشی کردووە، چونکە هی ئەوان عەقیدەیەکی پوچ و بەتاڵە، یان فەنایەکی لێزەوتکراوی زاتە، کە هیچ وەڵامدانەوەیەك لە نێوان ئەو و زیندوواندا نیە.

عەقیدەی ئیسلام عەقیدەیەکی تەواوە، ڕاستکەرەوەو تەواوکاری عەقیدەی مامۆستای یەکەمی مامۆستایانی فەیلەسوفە ڕۆژئاواییە کۆنەکان بوو، چونکە ئەو لە دامالین و

پـاکڕاگرتن تێگەشتنـی هەڵەی هەبـوو، ئەم هەڵەیە وایلێکـرد گـوتەی تەواوێتـی ڕەهـا وەك عەدەمی ڕەها لە داماڵین لە کاروکردار لێکبداتەوە، هەروەها داماڵین لە ویستیش.
ئاینی ئیسلام ئاینێکە بیروباوەڕە هەڵەکانی خواکان ڕاست دەکاتەوەو بە کاری تەواوکاریشیان هەڵدەسـتێت، کە لە ئاینـی نەتەوەکـانی پـێش خـۆی و شارسـتانیەکانیان و ڕێچـکەی فەیلەسـوفەکانیاندا دەربانبـڕیبوو؛ دەزانـین لە کوێـوە هـاتووە و چ پێغەمبەرێـك سـەرچاوەو بانگخوازی بووە؟
لە بیابانی عەرەب.
لە پێغەمبەرێکی نەخوێندەوار لە نێوان هەموو پێغەمبەرە ڕەوانەکراوەکان کە خاوەنی پەڕاو و پەرستش بوون.
جا گەر ئەمە وەحی نەبێت لە لایەن خوداوە، دەبێت چی بە وەحی دابنرێت؟
هەرچۆنێك بووە لە بەنەمردانـانی موسڵمانان بۆ وەحی خودایی کە بۆی نێردراوە با ببێت، گەر نا چۆن کەسێکی نەخوێندەوار لە ناو جەرگەی بیاباندا بڕوا بە الله دێنێت؟ بە بڕوایەك لە هەمـوو ئەوانـی پـێش خـۆی تەواوتـر، گەر ئەمە وەحی نەبێـت لە لایەن خـوداوە؟ ئەوە بەردێکە چۆتە بەر چاو و دڵەکان، گەر نکۆڵی وەحی لەسـەروو ئەم موعجیزە گەورەیەشـەوە بکەن! هەر لەبەر ئەوە ئەمە نابێتە جێی بڕوا چونکە پەسـەندی ناکات وێنەیەك لە وێنەکانی بەرهەست و ئەندێشە....وتەی عەقاد لێرەدا تەواو بوو.

***

پاشـان زۆر سـەیرەو جێـی پێکەنـین و گریـانە، بەراوردکـاری عەقیـدەی ئیسـلام لە بەشـی پەروەردگارێتیدا لەگەڵ وڕێنەو پوچایەتی مرۆڤەکان لەم ڕووەوە بکەین.
ئایا سەیر نیە ئاینێك کە ئەم دەقەی تیا بێت:
* وَلَوْ أَنَّمَا فِي الْأَرْضِ مِن شَجَرَةٍ أَقْلَامٌ وَالْبَحْرُ يَمُدُّهُ مِن بَعْدِهِ سَبْعَةُ أَبْحُرٍ مَّا نَفِدَتْ كَلِمَاتُ اللَّهِ. لقمان/٢٧* واتە: خۆ ئەگەر بەڕاستی هەرچی درەخت هەیە لە زەویدا ببنە پێنووس، دەریاش چەندەیە ببێتە حەوت ئەوەندە و (ببێتە مرەکەب و زانستی ونهێنی دروستکاوەکانی خوا بنووسنەوە)، ئەوە هێشتا زانست و زانیاری و فەرمانەکانی خوا هەر تەواو نابێت.
ئەمە بەراورد بکەین بە ئاینێك سەبارەت خودا بڵێت: جیماع دەکات، یان زۆرانبازی لەگەڵ دروسـتکراوەکانیدا دەگرێـت، تـا وای لێـدێت نزیـك دەبـن زاڵ بـن بەسـەریدا، یـان کـوڕی

هەبێت، واتا ژنی هەیە، نموونەی ئەم گوتە پوچ و سوکانە شایستەی ئەوە نین لەگەڵ ئەو وتە مەزنانەدا بەراورد بکرێن.!

لە هەر دەقێك بکۆڵینەوە دەربارەی زاتی خودا لە ئیسلامدا، هەموو ئەوە دەسەلمێنن کە ئەم دەقە -چ بە وتە یان بە وەحی- ئەوا لە لایەن هیچ شتێکەوە نە نێردراوە جگە لە(الله) -ﷻ- خودای تاکو تەنیا نەبێت.

بەڵام چی بکەین لە کەسانێك بە کوێری ڕاهاتوون، بە جۆرێکن حەز بە بینایی ناکەن!!

***

لە دیاردەکانی گەردوونمان کۆڵیەوە، ئەوانیش ڕێنموونیان کردین بۆ سیفاتەکانی خودا، کاتێکیش گەڕاینەوە بۆ (قورئان) پەڕاوی خودا، ئەوا زیاتر تێگەشتنمان یەقینی پەیدا کرد، زیاتر لە پانتاییەکانی باسەکەوە شتمان بۆ ڕوون بووەوە، بێگومان گەر ئێمە موسڵمان نەبووینایەو بە هۆی وەحیەوە ئاینی خودا لە مێشکماندا نەچەسپایە، ئەوا نەماندەتوانی بەم جۆرە خۆ لە قەرەی ئەم باسە بدەین.

ئەم ئاینە ئاینێکە؛ دەستی ژیریی دەگرێت لەسەر ڕێی زانست، تا بۆی بسەلمێنێت لقەکان بە بنەماکانەوە دەبەستێتەوە، بنەماکانیش دەگێڕێتەوە بۆ سەرچاوە ئاینیەکەی کە جگە لە هەق هیچی تر نیە.

***

کەسانێك هەن نابیستن و ئاقڵ نابن و بیر ناکەنەوە، بیروباوەڕیان زۆر پوچە، کاتێکیش بانگ بکرێن بۆ ئەم پاکێتی و لۆژیکە کاربەجێیە، ڕەفزی دەکەن چونکە لەسەر بیروباوەڕێکی چەوت و چەوێڵ ڕاهاتوون، بە جۆرێکیش وەریانگرتووە بێئەوەی خۆیان ماندوو بکەن بە لێکۆڵینەوەوە، ئەو کەسانە وەك خودا سەبارەتیان دەفەرموێت:

* إِنَّا وَجَدْنَا آبَاءَنَا عَلَىٰ أُمَّةٍ وَإِنَّا عَلَىٰ آثَارِهِم مُّهْتَدُونَ. الزخرف/٢٢* واتە: ئێمە باوو باپیرانی خۆمان لەسەر ئاین و بەرنامەیەکی ئاوا دیووە، بێگومان ئێمەش بەشوێن ڕێبازی ئەواندا هەنگاو هەڵدەگرین و ڕێنموویمان وەرگرتووە.

هەموو خاوەن بیروباوەڕە پوچەکان ئەم قسەیە دەکەن. ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە ئەم جۆرە کەسانە چاوێك بە خۆیاندا بخشێننەوە؟! چونکە کێشەکە کێشەی هەڵبژاردن نیە؛ بەڵکو

کێشـەی چارەنوسـی ئـادەمیزادە: یـان بـۆ بەهەشـت یـاخود بـۆ نـاو ئـاگر، ئەیانسـوتێنێت بە شێوەیەکی هەمیشـەیی(خوا پەنامان بدات) گەر ڕێی ڕێنموونی خوایی نەگرنە بەر.

سروشتپەرسـتەکان، شـوبهێنەرەکان، یـان ئەوانەی سـیفاتی خـوا دەبەخشـن بە دروستکراوەکانی، ئەوانەی کە بە تەواوی سیفەتە بەرزەکانی خوداو ناوە پیرۆزەکانی ناناسن، بوونی تەواوی درك پێناکەن و دەسەڵاتی هەمیشـەیی هەست پێناکەن و کۆمەکی بەرفراوانی ناناسن، و چۆن کاروباری دروستکراوەکانی بەڕێوە دەبات لەسەرەتاوە تا کۆتایی. ئەوانەی ئـایەت و نیشـانەکانی خـودا نـابیننەوە لە هەمـوو دروسـتکراوەکانیدا، ئەوانە هیچیـان خـوا ناناسن.

تەنیا ئێمەی موسڵمان بە تەواوی خوا دەناسین، بەوپەڕی تەواویەوە بە پاکی ڕادەگرین، بە تەواویـش دەیپەرسـتین، کەسـێکیش بەشـی دووەم و سـێیەم لەم زنجیـرەیە بخـوێنێتەوە (الرسول، الاسلام) ئەوا ڕاستیەکی سەراسیمە بەخش دەبینێت، چونکە دەبینێت هەر خوای گەورە وەحی بەخش و کارسازەو ویستی بەم پێغەمبەرو ئاینە بووەو ڕەوانەی کردووە.

***

## له سەرچاوەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە:


١-الله يتجلى في عصر العلم (جۆن کلیفر) و کۆمەڵێك لێکۆڵەر

٢-العلم يدعو الى الايمان کریسی مۆریسۆن

٣-الله و العلم الحديث عبدالرزاق نوفل

٤-قصة الايمان نديم الجسر

٥-الله عباس محمودالعقاد

٦- العقائد پێشەوا حەسەن بەننا

٧-الوجود الحق د.حسن هويدي

٨-مصير البشرية ليكۆنت دينوي

٩-حقائق الاسلام و أباطيل خصومه عباس محمودالعقاد

١٠-مع الله في السماء د. أحمد زكي

١١-مفتاح السعادة الشيخ محمد الهاشمي

١٢-كراسة جامعية (كلية الطب) د. الشطي

١٣-رسالة من الشيخ سعيد النورسي ترجمة: د.سعيد رمضان البوطي

# ناوەڕۆك

دەستپێك..................................................٤
پێشەكی زنجیرەی سێ بنەڕەتەكە...............................٦
پێشەكی...................................................١١
دەروازەی ناسینی زاتی خودا.................................١٧
دیاردەی یەكەم: دیاردەی بەرپابوونی گەردوون...................٣٤
دیاردەی دووەم: دیاردەی ویست..............................٤٥
دیاردەی سێیەم: دیاردەی ژیان...............................٥٨
دیاردەی چوارەم: دیاردەی وەڵامدانەوە.........................٨٦
دیاردەی پێنجەم: دیاردەی ڕێپیشاندان.........................٩٢
دیاردەی شەشەم: دیاردەی داهێنان............................١٠٦
دیاردەی حەوتەم: دیاردەی كارلەجێی..........................١١١
دیاردەی هەشتەم: دیاردەی بایەخپیدان.........................١٢٥
دیاردەی نۆیەم: دیاردەی یەكێتی.............................١٤٣
هۆكارێتی.................................................١٥٥
سروشت...................................................١٦٠
یەكتاپەرستی...............................................١٦٨
گەڕانەوە بۆ دەسپێك.........................................١٧٤
بەڵگەی دیاردەكان لەسەر الله و ناوە پیرۆزەكان..................١٨١
بەراوردكاریەكان............................................٢١٨
سەرچاوەكان...............................................٢٤٧
ناوەڕۆك .................................................٢٤٨

گەر ئەم لێکۆڵینەوەت خوێندەوە ، دەبینیـــت
گەورەترین ڕاســـــتی کە زانســـــت و ژیریـــی
چەســـپاندوویانەو هیچ دەمەقاڵێ هەڵنـــاگرێ
بریتیە لە بوونی خودای پاك و بە شـــــکۆ ،
و بریتیە لەو ڕاســــــتیەی هیچ کەسێك لەم
گەردوونەدا جگە لە موسڵمان خودا بـەتـەواوی
ناناسێت..